SAYA

پڕفرۆشترین کتێب لە لیستی ئەمازۆن و نیویۆرک تایمز

# بیربکەرەوەو دەوڵەمەند ببە


## ناپلیۆن هیڵ



ئەم کتێبە ئەشێت بۆ تۆ نرخی
یەک ملیۆن دۆلاری هەبێت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
سەنگەر عەبدولکەریم

THINK AND GROW RICH
NAPOLEON HILL


7:22
Wednesday, March 25
بیربکەرەوەو
دەوڵەمەند بە
ناپلیۆن هیڵ
ئەم کتێبە ئەبێت بۆ تۆ نرخی
یەك ملیۆن دۆلاری هەبێت
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
سەنگەر عەبدولکەریم
AND GROW RICH
HILL




ئامادەکردن لۆ

PDF

Srûd Majid

لۆ دەستکەوتنی نوێترین
کتێبەکان بە PDF
سەردانمان بکەن بەم ناونیشانە

PDF LO KÛRD


# بیربکەرەوە و
# دەوڵەمەند ببە

## THINK AND GROW RICH

**BY: NAPOLEON HILL**

ناپلیۆن هیلّ


ئەم کتێبە ئەشێت بۆ تۆ نرخی یەك ملیۆن دۆلاری هەبێت




وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

سەنگەر عەبدولکەریم

سایە




بیربکەرەوە و دەوڵەمەند ببە

# THINK AND GROW RICH

ناوی کتێب: بیربکەرەوەو دەوڵەمەند ببە

نوسینی: ناپلیۆن هیلْ

بابەت: گەشەی ئابوری خود

وەرگێڕانی: سەنگەر عەبدولکەریم

دیزاین: فازیل کەوڵۆسی

چاپخانەی: تاران

نۆرەی چاپ: دووەم ۲۰۱۹

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

نرخ: ۷۵۰۰ دینار

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ۱۱۹۹ ) ساڵی ۲۰۱۹پێدراوە.

سایە

ناوەندی سایە

07512460583

Email: saya.book@yahoo.com

ناونیشان: کوردستانی عێراق- سلێمانی- شەقامی پیرەمێرد

# پێڕست


پێشەکی نووسەر ........................ ٥

بەشی ١

دەسپێك ........................ ١٥

بەشی ٢

ئارەزوو: خاڵی دەستپێکی هەموو سەرکەوتنەکان ........ ٣٨

بەشی ٣

وێناکردنی باوەڕ و بڕوابوون بە بەدەستهێنانی ئارەزوو ........ ٧١

بەشی٤

خوود – پێشنیاری : نێوەندێك بۆ کاریگەری خستنەیر هۆشی نائاگا ........................ ١٠٢

بەشی ٥

زانیاری تایبەتمەند، ئەزموون یان ووردبوونەوەی کەسی ...... ١١٢

بەشی ٦

ئەندێشە: شوێنکاری هۆش ........................ ١٣٨

بەشی ٧

پلاندانانی ڕێکخراو : بە بلووربوونی ئارەزوو بۆ کردار .......... ١٦١

بەشی ٨

بڕیاردان: لێهاتووی لە دواخستندا ........................ ٢٢٩

بەشی٩

مکووڕی : هەوڵدانی بەردەوام پێویست بۆ قایلکردنی باوەڕ . ٢٤٨

بەشی ١٠

دەسەڵاتی هۆشی باڵا : هێزی بەگەڕخەر ........................ ٢٧٦

بەشی ١١

ڕازی سێکس: شێوە گۆڕین ........................ ٢٨٧

بەشی ١٢
هۆشی نائاگا : بەستەری پێکەوەگرێدان.................................. ٢٢٣
بەشی ١٣
مێشك : وێستگەی ناردن و وەرگرتنی بیر.................................. ٢٣٥
بەشی ١٤
شەش هەستەکە: دەروازەی پەرستگای دانایی .................................. ٢٤٠

# پێشەکی نووسەر

لە هەموو بەشەکانی ئەم کتێبەدا، باس لە نهێنی پارە پەیداکردن کراوە کە سامانێکی زۆری بۆ زیاتر لە پێنج سەت کەسی زۆر دەوڵەمەند بەدەستخستووە کە بە وریاییەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لێم کۆڵیوەتەوە.

نهێنییەکە بە هۆی ئەندریو کارنیجەوە هاتە ئاگاییمەوە، زیاتر لە چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر. پیرە سکۆتلەندی زیرەك و شیرین تائاگایانە ئاخنیە هۆشمەوە، کاتێك تەنها کوڕێکی بچووك بووم. دواتر پاڵی بە کورسییەکەیەوە دایەوە و بە درەوشانەوەیەکی شیرینی چاوەکانییەوە، بە وریاییەوە لێمی دەڕوانی هەتا ببینێت ئاخۆ هێندە فامم هەیە بۆ تێگەیشتن لە گرنگی تەواوەتی ئەوەی کە پێی گووتم.

کاتێك بینی کە بیرۆکەکەم درك کردووە، لێی پرسیم کە ئایا ئامادەم کە بیست ساڵ یان زیاتر بەسەر ببەم لە ئامادەکردنی خۆمدا بۆ گەیاندنی بە دونیا، بۆ ئەو ژن و پیاوانەی کە بەبێ نهێنیەکە، ڕەنگە تووشی شکست بن. گوتم ئامادەم، وە بە هاوکاری بەڕێز کارنیج بەڵێنەکەم بردە سەر.

ئەم کتێبە نهێنیەکەی تێدایە، دوای ئەوەی خراوەتە تاقیکردنەوەیەکی کردارییەوە کە لەلایەن هەزاران کەسەوە ئەنجامدراوە، لە هەموو کایەیەکی ژیاندا. ئەوە بیرۆکەی بەڕێز کارنیج بوو کە هاوکێشە جادوویەکە، کە سامانێکی بەرچاوی بەدەستهێنابوو، دەبێت بۆ ئەو

خەڵکانە بەردەست بخرێت کە کاتیان نییە بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی کە خەڵکی چۆن پارە پەیدا دەکەن، وە هیوای ئەو بوو کە من هاوکێشەکە تاقی بکەمەوە و کاراییەکەی بسەلمێنم لە رێی ئەزموونی ژنان و پیاوانەوە لە هەموو لایەنێکەوە.

بڕوای وابوو کە دەبێت هاوکێشەکە لە هەموو خوێندنگا و زانکۆکاندا بگوترێتەوە، وە بۆچوونێکی هەبوو کە ئەگەر بە تەواوەتی بگوترێتەوە شۆڕشێك بەسەر تەواوی سیستەمی پەروەردەدا دەکات بە جۆرێك کە ئەو کاتەی لە خوێندنگا بەسەر دەبرێت دەکرێ بۆ کەمتر لە نیوە کەم بکرێتەوە. ئەزموونی لەگەڵ چارلس م. شواب و گەنجە هاوچەشنەکانی بەڕێز شواب، ئەو بڕوایەی لا دروست کردبوو کە زۆربەی ئەوەی لە خوێندنگاکاندا دەگوترێتەوە هیچ نرخێکی نییە پەیوەست بە بابەتی بەدەستهێنانی بژێوی و پێکەوەنانی سامانەوە. گەیشتبووە ئەو بڕیارە، چونکە یەك لە دوای یەك کەسانی لاوی دەهێنایە بازرگانییەکەیەوە کە زۆربەیان خوێندەوارییەکی ئەوتۆیان نەبوو، وە بە ڕاهێنانیان بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە، سەرکردایەتیەکی دەگمەنی تێدا گەشەپێدان. سەرەڕایی ئەوەش، ڕاهێنانەکەی سامانی بۆ هەموو ئەوانە بەدەست خست کە شوێن ڕێنماییەکانی کەوتبوون. لە بەشی تایبەت بە باوەڕدا، چیرۆکی سەرسوڕهێنەری کۆمپانیای زەبەلاحی ئیستیلی ئەمریکا دەخوێنیتەوە، کە وێناکرا و دامەزرا لە لایەن یەکێك لەو لاوانەوە کە لە ڕێگەیەوە بەڕێز شواب سەلماندی کە هاوکێشەکەی کار دەکات بۆ هەموو ئەوانەی ئامادەن بۆی. ئەم تاکە جێبەجێکردنەی نهێنیەکە، لە لایەن ئەو پیاوە گەنجەوە چارلس م. شواب سامانێکی مەزنی بۆ پێکەوەنا هەم لە

ڕووی پارەوە هەم لە ڕووی دەرفەتەوە. بە ڕوونی قسە بکەین، ئەم جێبەجێکردنە دیاریکراوەی هاوکێشەکە نرخی شەش سەت ملیۆن دۆلار بوو. ئەم ڕاستیانە – وە ڕاستی ناسراون بۆ هەموو ئەوانەی کە بەڕێز گارنیج دەناسن – بیرۆکەیەکی شیاوت پێدەدەن دەربارەی ئەوەی کە دەشێت خوێندنەوەی ئەم کتێبە چیت پێبدات، ئەوە بزانە کە دەتەوێت بۆ دابین دەکات. تەنانەت بەرلەوەی بە ژێر بیست ساڵ تاقیکاری کرداریدا تێپەڕێت، نهێنیەکە بە زیاتر لە سەت هەزار پیاو و ژن گەیەنراوە کە بۆ قازانجی کەسی خۆیان بەکاریان هێناوە، هەر وەک چۆن بەڕێز کارنیج پلانی بۆ دانابوو. هەندێکیان بەهۆیەوە سامانیان پێکەوەنا. ئەوانی تر سەرکەوتووانە بەکاریانهێنا لە بەرپاکردنی هاوسەنگیدا لە ماڵەکانیاندا. پیاوێکی ئاینی هێندە سەرکەوتووانە بەکاری هێنا کە ساڵانە داهاتێکی سەروو ٧٥ هەزار دۆلاری بۆ دەستەبەر دەکرد.

ئارسەر ناش، بەرگدرووییەکی سیسیناتی، بازرگانیە نزیک بە مایەپووچبوونەکەی وەك "مشکی تاقیکردنەوە" بەکارهێنا بۆ تاقیکردنەوەی هاوکێشەکە. بازرگانییەکە ژیانی تێگەڕا و سامانی بۆ خاوەنەکانیان دەستەبەر کرد. هێشتاش لە گەشەکردندایە، هەرچەندە بەڕێز ناش لە ژیانیشدا نەماوە. تاقیکاریەکە هێندە بێ هاوتا بوو کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە ملیۆنێك دۆلاریان زیاتر دەدا بۆ بڵاوکردنەوەیەکی ستایشکارانە.

نهێنیەکە گوازرایەوە بۆ ستیوارت ئۆستن وێر، لە دالاس، تەکساس، ئامادە بوو بۆی هێندە ئامادەبوو کە وازی لە کارەکەی هێنا و دەستیکرد بە خوێندنی یاسا. ئایا سەرکەوتوو بوو؟ ئەو چیرۆکەش دەگێڕدرێتەوە.

منیش نهێنیەکەم بە جێنین ڕاندۆڵف بەخشی، ئەو ڕۆژەی لە زانکۆ دەرچوو، وە هێندە سەرکەوتووانە بەکاری هێنا کە ئێستا لە خولی سێیەمیدا خزمەت دەکات وەك ئەندامی کۆنگرێس، چاوەڕێی دەرفەتێکی نایابە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت هەتا بیباتە کۆشکی سپی.

لە کاتێکدا وەك بەڕێوەبەری ڕیکلام لە زانکۆی لا-سێل کارم دەکرد، کاتێك کەمێك زیاتر بوو لە ناوێك، شەرەفی بینینی ج.گ. چاپلین، سەرۆکی زانکۆم پێبڕا، هێندە کاریگەرانە هاوکێشەکەی بەکارهێنا کە لەو کاتەوە لا-سێلی کردە یەکێك لە مەزنترین ناوەندی خوێندنی وڵات.

ئەو نهێنیەی کە ئاماژەی پێدەدەم، زیاتر لە سەت جار بە درێژایی ئەم کتێبە باسکراوە. ڕاستەوخۆ ناوی نەبراوە، چونکە پێدەچێت سەرکەوتووتر کار بکات کاتێك بە ئاستەم ئاشکرا دەکرێت و بەرچاو ناخرێت، لەو شوێنەی کە ئەوانەی ئامادەن و بۆی دەگەڕێن ڕەنگە هەڵی بگرنەوە. هەر لەبەرئەوە بوو کە بەڕێز کارنیج هێندە بە هێوری ئاخنیە مێشکمەوە، بە بێ ئەوەی ناوێکی دیاریکراوم پێ بڵێت.

ئەگەر ئامادە بیت بەکاری بهێنیت، بە لایەنی کەمەوە لە هەر بەشێکدا جارێك ئەم نهێنیە دەناسیتەوە. خۆزگە شەرەفی ئەوەم پێدەبڕا کە پێتان بڵێم کە چۆن دەزانیت ئەگەر ئامادە بیت، بەڵام ئەوە بەشێکی زۆری ئەو قازانجەتان لێ زەوت دەکات کە لە ئەنجامی دۆزینەوەی خودی خۆتانەوە بەدەستی دەهێنن.

لە کاتێکدا ئەم کتێبە دەنووسرا، کوڕەکەی خۆم کە ئەو کات لە کۆتا ساڵی زانکۆدا بوو، دەستنووسی بەشی دووی هەڵگرت و خوێندیەوە و بۆ خۆی نهێنیەکەی دۆزیەوە. زانیاریەکانی هێندە کاریگەرانە بەکارهێنا کە

ڕاستەوخۆ چووە پێگەیەکی بەرپرسیارانە بە مووچەیەکەوە زۆرتر لە هەر مووچەیەك کە کەسێکی ئاسایی وەریدەگرێت. چیرۆکەکەی بە کورتی لە بەشی دوودا باسکراوە. کاتێك دەیخوێنیتەوە، ڕەنگە باشتر بێت هەموو ئەو هەستانە وەلا بنێیت کە هەتە، لە سەرەتای کتێبەکەدا، کە بەڵێنی زۆر دەدات. بە هەمانشێوە، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت سارد کراویتەوە، ئەگەر گرفتت هەیە لە زاڵبوون بەسەر ئەو شتەدا کە هەموو ڕۆحتی تەنیوە، ئەگەر هەوڵتداوە و شکستت هێناوە، ئەگەر بۆ جارێکیش بە هۆی نەخۆشی و لاوازی جەستەییەوە لە پێ کەوتبیت، ئەم چیرۆکەی دۆزینەوەی کورەکەم و بەکارهێنانی هاوکێشەکەی کارنیج ڕەنگە ببێتە مێرگێك لە بیابانی بێ هیوایدا، کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت.

ئەم نهێنیە لە لایەن سەرۆك ( ودرۆو ویڵسن )ەوە زۆر بەکاردەهێنرا، لە ماوەی جەنگی جیهانیدا. بە هەموو ئەو سەربازانە گەیەنرا کە لەو جەنگەدا دەجەنگان، بە ئاگاییەوە لەو مەشقکردنەوە پێچرابوو کە بەر لەوەی بچنە هێڵەکان پێشەوەی جەنگ ئەنجامیان دەدا. سەرۆك ویڵسۆن پێی گوتم کە ئەوە هۆکاری بەهێز بووە بۆ زیادبوونی ئەو پارەیەی کە پێویست بووە بۆ جەنگەکە.

زیاتر لە بیست ساڵ لەمەوبەر، هۆن مانوێل ل. کویزۆن ( دواتر نوێنەری دوورگەکانی فلیپین) لە نهێنیەکە سروشی وەرگرت هەتا ئازادی بۆ گەلەکەی بەدەست بهێنێت. ئازادی بۆ فلیپین بەدەست هێنا و بووە یەکەم سەرۆکی وڵاتە سەربەخۆکە. شتێکی سەیری ئەم نهێنیە ئەوەیە کە ئەوانەی بۆ جارێك دۆزیێتیانەوە و بەکاریان هێنابێت، بە مانایی وشەیی بەرەو سەرکەوتن کێش کراون، بە تەنها کەمێك هەوڵدانەوە، وە هەرگیز

جارێکی تریان ملیان بە شکست نەداوە! ئەگەر گومانت لەمە هەیە، لە ناوی ئەوانە بکۆڵەرەوە کە بەکاریان هێناوە، لە هەر شوێنێك ناویان هاتبوو، بۆ خۆت لە تۆمارەکانیان بڕوانە و باوەڕ بێنە.

هیچ شتێکی لەو چەشنە بوونی نییە بە ناوی شتێك بۆ هیچ شتێك!

ئەو نهێنییەی ئاماژەی پێدەدەم ناکرێت بە بێ قوربانیدان دەست بکەوێت. هەرچەندە قوربانیدانەکە زۆر لە بەهاکەی کەمترە. بە هیچ نرخێك بەدەست نایەت لە لایەن ئەوانەوە کە بە مەبەستەوە بەدوایدا ناگەڕێن. ناتوانرێت ببەخشرێت، ناتواترێت بە پارە بکڕدرێت. لەبەر ئەو هۆکارەی کە دەبێتە دوو بەشەوە. بەشێکیان پێشتر موڵکی ئەوانەیە کە ئامادەن بۆی. نهێنییەکە بە یەکسانی خزمەتی هەموو ئەوانە دەکات کە ئامادەن بۆی.

هیچ پەیوەندیەکی بە پەروەردە و خوێندنەوە نییە. زۆر بەر لەوەی لەدایك ببم، نهێنییەکە بۆتە موڵکی تۆماس ئەدیسۆن ، ئەویش هێندە زیرەکانە بەکاری هێنا کە ببوە داهێنەری پێشەنگ لە دونیادا، لەگەڵ ئەوەی تەنها سێ مانگیش خوێندبووی، نهێنییەکە بۆ یاریدەدەرە بازرگانییەکەی بەڕێز ئەدیسۆن گوازرایەوە. هێندە کاریگەرانە بەکاریهێنا کە هەرچەندە دواتر ساڵانە ١٢ هەزار دۆلاری بەدەست دەهێنا، بەڵام سامانێکی مەزنی پێکەوەنا و لە کارەکەیدا خانەنشین بوو لە کاتێکدا کە پیاوێکی گەنج بوو. چیرۆکەکەی دەدۆزیتەوە لە سەرەتای بەشی یەکەم. دەبێت باوەڕت پێ بهێنێت کە سەروەت و سامان شتێك نییە کە دەست نەیگاتێ، وە هێشتا دەتوانیت ببیت بەو کەسەی کە ئاواتی بۆ دەخوازیت، کە پارە، ناوبانگ و بەختەوەری دەکرێت بەدەست بهێنرێت

لە لایەن ئەو کەسانەوە کە ئامادەن و ویستیانە کە ئەو بەخششانەیان هەبێت. چۆن ئەم شتانە دەزانم؟ دەشێت بەر لە تەواوکردنی کتێبەکە وەڵامەکەت دەست بکەوێت. ڕەنگە ڕێك لە بەشی یەکەمدا یان لە لاپەڕەی کۆتاییدا بیدۆزیتەوە.

لە کاتێکدا خەریکی کاری گەڕان و لێکۆڵینەوە بیست ساڵییەکەم بووم، کە لەسەر داوای بەڕێز کارنیج ئەنجاممدا، شیکاری کەسایەتیم بۆ سەت مرۆڤی ناودار کرد، کە زۆربەیان ددانیان بەوەداناوە کە سامانە زۆر و مەزنەکەیان بە هاوکاری نهێنیەکەی کارنیج بەدەست هێناوە; لە نێوانیاندا ئەمانە هەبوون:

| | |
|---|---|
| هێنری فۆرد | جۆن د. ڕۆکفیلەر |
| ولیام وریگلی | تۆماس ئەدیسۆن |
| جۆن وانامەیکەر | فرانك ئەی. ڤاندەرلیپ |
| جەیمس ج. هیڵ | ف. و. ولۆرس |
| جۆرج س. پارکەر | کۆل. ڕۆبێرت ئەی. دۆلار |
| ئی. م. ستاتلەر | ئێدوارد ئەی. فیلێن |
| هێنری ل. دۆهێرتی | ئدوین س. بارنێس |
| کایرەس هـ. ك. کورتیس | ئارسەر بریسبەین |
| جۆرج ئێستمان | ودرۆ ویلسن |
| تیۆدۆر ڕۆزفێلد | وم. هاوارد تافت |
| جۆن و. داڤیس | لوسەر بیوربانك |
| ئێلبێرت هیوبارد | ئێدوارد و. بۆك |
| ویلبەر رایت | فرانك ئەی. مونسێی |

ویلیام جینین بریان
در. دمتید ستار جۆردەن
ج. ئۆدگین ئارمۆر
چارلس م. شواب
هاریس ف. ولیامس
در. فرانك گونساولوس
دانیەل ویلارد
کینگ گیلیتێ
رالف ئەی. ویکس
جەج دانیەل ت. رایت
کلارێنس دارۆو
ئیلبێرت هـ. گاری
در. ئەلکساندەر گراهامبێل
جۆن هـ. پاتیرسۆن
جولیوس ڕۆزینوالد
ستیوارت ئۆستن ویر
در. فرانك کرەین
جۆرج م. ئەلکساندەر
ج. گ. چاپلین
هۆن. جێنینگس ڕاندۆلف
ئارسەر ناش

ئەم ناوانە نوێنەرایەتی بەشێکی کەم لەو سەتان کەسە بەناوبانگەی ئەمریکا دەکەن کە سەرکەوتنەکانیان دارایی بێت یان شتی تر ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو کەسانەی لە نهێنیەکەی کارنیج تێدەگەن و جێبەجێی دەکەن، دەگەنە پێگەی بەرز لە ژیانیاندا. کەسێك ناناسم کە دنە درابێت بۆ بەکارهێنانی نهێنیەکە و سەرکەوتنێکی ناشایستەی بەدەست هێنابێت لەو شتەدا کە هەڵی بژاردووە. هەرگیز کەسێکم نەناسیوە کە خۆی جیابکاتەوە، یان سامانی پێکەوەنابێت لە هەر دۆخێکدا، بە بێ نهێنیەکە.

بە هۆی ئەم دوو ڕاستییەوە دەمەوێت بگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە نهێنیەکە وەك بەشێك لە زانیاری بنچینەی بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی خوود

گرنگترە لە هەر شتێك کە کەسێك فێری دەبێت لەو شتەوەی کە پێی دەگوترێت پەروەردە و خوێندن.

بەهەرحاڵ پەروەردە چییە؟ ئەمە بە تێر و تەسەلی وەڵام دراوەتەوە. لە بابەتی پەیوەست بە خوێندنەوە، زۆرێك لەم کەسانە شتێکی ئەوتۆیان نەخوێندووە. چۆن وانەمەیکەر جارێکیان پێی گووتم کە ئەو کەمە خوێندنەی هەیبووە. هاوشێوەی کاری ئەو بزوێنەرە مۆدێرنە وابووە کە دەخرێتە نێو ئاو، بە " قومدان لە ئاوەکە لە کاتی ڕۆیشتنیدا." هێنری فۆرد هەرگیز نەگەیشتە ئامادەیی، ئەوە باسی زانکۆ هەر مەکە. بە نیازنیم لە نرخی خوێندن کەم بکەمەوە، بەڵکو هەوڵدەدەم باوەڕی ڕستگۆیانەی خۆم دەربڕم کە زۆربەی ئەوانەی نهێنییەکەیان جێبەجێ کردووە و شارەزای بوون بە پێگەی بەرز گەیشتوون، سامانیان کۆکردۆتەوە و بە شێوازی خۆیان مامەڵە و سەودایان لەگەڵ ژیاندا کردووە، تەنانەت ئەگەر خوێندنەکەشیان شتێکی ئەوتۆ نەبووبێت.

کاتێك دەخوێنیتەوە، لە جێگەیەك، ئەو نهێنییەی ئاماژەی پێدەدەم لە لاپەڕەکە باز دەدات و جەسوورانە لەبەردەمت دەوەستێت، **ئەگەر ئامادە بیت بۆی!** کاتێك دەردەکەوێت، دەیناسیتەوە. ئەگەر لەبەشی یەك یان بەشی کۆتایدا نیشانەیەکت بینی، بۆ ساتێك بوەستە کاتێك خۆی دەردەخات و چاویلکەکەت داگرە، چونکە ئەوە گرنگترین خاڵی وەرچەرخانی ژیانت دیاری دەکات.

ئێستا دەچینە سەر بەشی یەك، بۆ چیرۆکی دۆستێکی زۆر ئەزیزم، کە بەخشندەییەوە ڕایگەیاندوە نیشانە ڕازدارەکەی بینیوە، وە دەسکەوتە بازرگانییەکانی بەڵگەی تەواون لەسەر ئەوەی کە چاویلکەکەی داگرتووە.

کاتێک چیرۆکە ئەو و ئەوانی تر دەخوێنیتەوە، ئەوەت بیرت بێت کە لەگەڵ کێشەگەلی گرنگی ژیاندا مامەڵ دەکەن، وەك هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ ئەزموونی دەکات. کێشەکان سەر هەڵدەدەن لە ئەنجامی هەوڵی کەسێك بۆ بەدەستهێنانی بژێوی، دۆزینەوەی هیوا، بوێری، شادمانی و ئارامی هۆشەکی؛ بۆ پێکەوەنانی سامان و چێژ وەرگرتن لە ئازادی جەستە و ڕۆح.

کاتێك بە نێو کتێبەکەدا گوزەر دەکەیت، ئەوەشت بیربێت کە لەگەڵ ڕاستییەکاندا مامەڵە دەکات نەك خەیاڵ، مەبەستەکەی گەیاندنی ڕستیەکە مەزنی گەردوونیە کە هەموو ئەوانەی ئامادەن دەشێت فێری بن، نەك تەنها ئەوەی دەبێت چی بکەن گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی کە چۆنیش ئەنجامی بدەن! هەروەها وەرگرتنی ھاندەری پێویستیش بۆ دەستپێکردن گرنگن.

وەك کۆتا قسەی ئامادەسازی، بەر لەوەی دەست بکەیت بە خوێندنەوەی بەشی یەك، دەکرێت پێشنیارێکی کورتتان بۆ بکەم کە ڕەنگە بیرۆکەیەکتان پێ بدات دەربارەی ئەوەی دەکرێت بە چی شتێك نهێنیەکەی کارنیج بناسرێتەوە؟ ئەمەیە – هەموو دەستاکەوتەکان، هەموو سامانە بەدەستهێنراوەکان، سەرەتاکەیان بیرۆکەیەك بووە!

ئەگەر ئامادە بیت بۆ نهێنیەکە، ئەوە پێشوەختە بوویتە خاوەنی نیوەی، کەواتە، بە ئاسانی نیوەکەی تری دەناسیتەوە هەر هێندەی گەیشتە هزرت.

**نووسەر**

بەشی ١

# دەسپێك

---

## ئەو پیاوەی " بیر "ی لە ڕێگایەك كردەوە بۆ هاوبەشێتی لەگەڵ تۆماس ئەدیسۆندا.

لەڕاستیدا " بیرەكان شتن" وە شتگەلێكی زۆر بەتوانان، كاتێك لەگەڵ ئامانجێكی ڕوون، پتەو و ئارەزوویەكی سووتێنەر تێكەڵ دەكرێن بۆ ئەوەی ببنە سامان، یان هەر تەنێكی ماددی تر.

نزیكەی سی ساڵێك لەمەوبەر، ئدوین.سی. بارنێس ئەو ڕاستییەی دۆزیەوە كە مرۆڤ بیردەكاتەوە و دەوڵەمەند دەبێت. دۆزینەوەكەی بە یەك جار خۆی دەرنەخست. وردە وردە هات، بە ئارەزوویەكی سووتێنەر بۆ بوون بە هاوبەشی بازرگانی ئەدیسۆن دەستپێكرد.

یەكێك لە سەرەكیترین تایبەتمەندییەكانی ئارەزووەكەی بارنێس ئەوە بوو كە ڕوون و دیاریكراو بوو. دەیویست لەگەڵ ئەدیسۆندا كار بكات، نەك ئەوەی كاری بۆ بكات. بە وریاییەوە سەرنجی ئەوە بدەن كە چۆن ئارەزووەكەی بۆ ڕاستی گۆڕی، ئەوسا تێگەیشتنێكی باشتر دەبێت دەربارەی ئەو شانزە بنەمایەی كە بەرەو سامانداریت دەبەن. كاتێك سەرەتا ئارەزووەكەی یان بیرۆكەكەی بۆ هات، لە پێگەیەكدا نەبوو هەتا

بتوانێـت جێبـەجێی بکـات. دوو ئاسـتەنگ لـە بـەردەمی بـوون، بـەڕێز ئەدیسۆنی نەدەناسی، هەروەها پارەی بلیتی شەمەندەفەری بۆ ئۆرەنج، نیوجێرسی پێنەبوو. ئەم ئاستەنگانە بەسن بۆ ئەوەی زۆربەی خەڵکی لە هەر هەوڵدانێك بۆ بەدیهێنانی ئارەزوویەك سارد بکاتەوە.

بـەڵام ئارەزووەکـەی ئـەو ئاسـایی نـەبوو! هێنـدە سـوور بـوو لەسـەر دۆزینەوەی ڕێگایەك بـۆ بـەدیهێنانی ئارەزووەکـەی کـە دواجـار بڕیاریدابە قاچاخ گەشت بکات باشترە لەوەی پاشەکشە بکات. (بۆ ئەوانـەزانیاریان لـەو بارەیـەوە نییـە، ئەمـە واتـا بـۆ ئـۆرەنجی خۆرهـەڵات ڕۆیشـت بـە شـەمەندەفەری شمـەك گواسـتنەوە.) لـە تاقیگەکـەی بـەڕێز ئەدیسـۆن دەرکەوت، وە ڕایگەیاند کە هاتووە بـۆ ئـەوەی کـار لەگـەڵ داهێنەرەکـەدا بکات. ساڵانێك دواتر، بەڕێز ئەدیسۆن دەربارەی یەکـەم بینینـی بـارنێس گـوتی، "لـەوێ لەبـەردەمم وەسـتابوو، لـە بـێ مـاڵ و حـاڵێکی ئاسـایی دەچوو، بەڵام شتێك لە گوزارشتی ڕووخساریدا هـەبوو کـە ئـەو هەستەی پێدەدایت کە سوورە لەسەر بەدەستهێنانی ئەو شتەی بۆی هاتووە. دوای چەندین ساڵ ئەزموون لەگەڵ خەڵکی، فێری ئەوە بووم کاتێك کە کەسێك هێندە بە قووڵی ئارەزووی شتێك دەکات کـە ئامادەیـە تـەواوی داهـاتووی خـۆی لەسـەر تاکـە سـووڕانەوەیەکی پێچـکەی چـارەنووس دابنێـت بـۆ بەدەستهێنانی، ئـەوا بەدڵنیاییـەوە بەدەستی دەهێنێـت. ئـەو دەرفەتـەم پێدا کە داوای کرد، چونکە دەمبینی بڕیاری خۆی داوە لـەوەی بـەردەوام بێت هەتا سەردەکەوێت. ڕووداوەکانی دواتر سـەلماندی کـە هـیچ هەڵـەیەك نەکراوە."

ئەوەی بارنێس لەو بینینەدا بە بەڕێز ئەدیسۆنی گوت زۆر لەوە گرنگی کەمترە کە بیری لێدەکردەوە. ئەدیسۆن خۆشی وادەڵێت! ناکرێت دەرکەوتە و ڕووخساری بارنێس بوبێتە هۆکاری ئەوەی لە نووسینگەکەی ئەدیسۆن کاربکات، چونکە بەدڵنیاییەوە ئەوە لە دژی بووە. ئەوی بیری لێکردۆتەوە هەژمارە و گرنگ بووە. ئەگەر دەکرا گرنگی ئەم دەربڕینە بگەینرایە بەهەموو ئەو کەسانەی دەیخوێننەوە، هیچ پێویستی بەبەشەکانی تری ئەم کتێبە نەدەکرد.

بارنێس لە یەکەم چاوپێکەوتنیدا نەبووە هاوبەشی کاری ئەدیسۆن. هەلێکی پێدرا هەتا لە نووسینگەکانی ئەدیسۆن کار بکات، بە مووچەیەکی زۆر ئاسایی، ئەنجامدانی هەندێك کار کە هیچ گرنگ نەبوون بۆ ئەدیسۆن، بەڵام گرنگترین بوون بۆ بارنێس، چونکە هەلیان پێدەدا کە بۆ پیشاندانی " بیرۆکەکانی" لە شوێنێك کە ئەو کەسەی مەبەستی بوو ببێتە "هاوبەش"ی دەیتوانی ببینێت. مانگەکان تێپەڕین، لەڕاستیدا هیچ ڕووینەدا هەتا ئەو ئامانجە بهێنێت کە بارنێس لە مزریدا وەك ئامانجێکی سەرەکی ڕوون دایناوو. بەڵام شتێکی گرنگ لە مزری بارنێسدا ڕوویدا. بەردەوام ئارەزووەکەی بۆ بوون بە هاوبەشی کاری ئەدیسۆن بەهێزتر دەکرد.

دەروونناسەکان ڕاستیان گوتووە، " کاتێك کەسێك بە ڕاستی ئامادەیە بۆ شتێك، ئەو شتە لەبەردەمی دەردەکەوێت." بارنێس ئامادە بوو بۆ هاوبەشێتی بازرگانی لەگەڵ ئەدیسۆندا، سەرباری ئەوەش، بڕیاریدابوو کە ئامادە بمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی ئەوە بەدەستدەهێنێت کە بە دوایدا دەگەڕێت.

بە خۆی نەگوت، " ئۆه، سوودی چییە؟ پێموابێت بڕیارەکەم دەگۆڕم و هەوڵی کاری فرۆشیاری دەدەم." بەڵکو گوتی، " هاتووم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەدیسۆندا کار بکەم، وە ئەو کارە دەگەیەنمە ئەنجام ئەگەر پێویست بکات تەواوی ژیانم خەریکی بم." ئەو بەڕاستی بوو! چی چیرۆکێکی جیاواز دەبوو بۆ گێڕانەوە ئەگەر مرۆڤەکان ئامانجێکی ڕوونیان دابنایە، وە لە پشت ئامانجەکەیان بوەستانایە هەتا دەبووە سەوداسەریەکی پڕ ووزە و چالاکی!

ڕەنگە بارنێسی لاو لەو کاتەدا نەیزانیبێت، بەڵام مکووڕبوونە بەمێزەکەی، سووربوونەکە لە وەستان لە پشت تاکە ئارەزوویەک، بووە هۆی ئەوەی هەموو بەرهەڵستکارییەکان خامۆش بکات و ئەو دەرفەتەی بۆ بهێنێت کە بە دوایدا دەگەڕا.

کاتێک کە دەرفەتەکە هات، لە شێوەیەکی تردا دەرکەوت، وە لە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئەوەوە کە بانێس چاوەڕوانی دەکرد. ئەوە یەکێکە لە فرت و فێڵەکانی دەرفەت. خوویەکی تەفرەدەرانەی هەیە بە هاتنە ژوورەوە لە دەرگای دواوەوە، وە زۆر جار بە شێواوی و لە شێوەی بەدبەختیدا یان شکستێکی کاتیدا دەردەکەوێت. ڕەنگە لەبەرئەوە بێت زۆرێک شکست دەهێنن لە ناسینەوەی دەرفەتەکاندا. بەڕێز ئەدیسۆن تازە ئامێرێکی تەواو کردبوو، کە لەو کاتەدا پێی دەگوترا ئامێری تۆمارکەری ئەدیسۆن ( ئێستا پێی دەگوترێت هێدیفۆن). فرۆشیارەکانی بەپەرۆش نەبوون دەربارەی ئامێرەکە. بڕوایان وابوو کە هەوڵێکی زۆری دەوێت هەتا بتوانرێت بفرۆشرێن. بارنێس دەرفەتی خۆی بینی، کە بە

مێوری دەخشا لە نێو ئامێرێکی شێوە سەیردا کە جگە لە بارنێس و داهێنەرەکە بەلای کەسی ترەوە سەرنجڕاکێش نەبوو.

بارنێس دەیزانی کە دەتوانێت ئامێری تۆمارکردنەکەی ئەدیسۆن بفرۆشێت. ئەمەی بۆ ئەدیسۆن پێشنیار کرد و هەلی خۆی دەستاکەوت. ئامێرەکەی فرۆشت. لە ڕاستیدا، هێندە بە سەرکەوتوویی فرۆشتی کە ئەدیسۆن گرێبەستێکی لەگەڵ کرد بۆ بلاْوکردنەوە و فرۆشتنی لە تەواوی ولاْتدا. لەو هاوبەشییە بازرگانییەوە دروشمێك پەیدا بوو، " دروستکراوە لە لایەن ئەدیسۆنە و بەستراوە لەلایەن بارنێسەوە."

هاوپیمانییە بازرگانییەکە بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ لە کاردا بوو. بەهۆیەوە بارنێس خۆی دەوڵەمەند کرد، بەلاْم ئەو شتێکی بێ ئەندازە مەزنتری کرد، ئەوەی سەلماند کە بەڕاستی دەکرێت کەسێك " بیر بکاتەوە و دەوڵەمەند ببێت".

ئارەزووە بنەڕەتییەکەی بارنێس چەندێك پارەی ڕاستەقینەی بۆ بارنێس بەدەستهێناوە، هیچ بیرۆکەیەکم نییە لەو بارەیەوە. ڕەنگە دوو یان سێ ملیۆن دۆلاری بۆ دەستەبەر کردبێت، بەلاْم بڕەکە هەرچەندێك بێت، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە کاتێك بەراورد دەکرێت بەو سەرمایە مەزنترەی کە لەشێوەی زانیارییەکی ڕووندا بەدەستیهێنا کەدەکرێت ترپە بیرێکی نابەرجەستە بگۆڕدرێت بۆ هاوتا بەرجەستەکەی بە جێبەجێکردنی بنەما زانراوەکان.

بارنێس بە مانای وشەیی بیری لە خۆی کردۆتەوە وەك هاوبەشی ئەدیسۆنی مەزن! بیری لە دەوڵەمەندبوونی کردۆتەوە. هیچ شتێکی نەبوو لێیەوە دەست پێبکات، جگە لە توانای زانینی ئەوەی کە چی

دەوێت، هەروەها بڕیاری وەستان لە پشت ئارەزووەکەی هەتا ئەو کاتەی کردییە ڕاستی. هیچ پارەیەکی نەبوو هەتا بەهۆیەوە دەست بە کار بکات. خوێندەوارییەکی ئەوتۆشی نەبوو. هیچ پاڵپشتێکی نەبوو. بەلام پێشەنگی، باوەڕ و ویستی سەرکەوتنی هەبوو. بە هۆی ئەو هێزە نابەرجەستانەوە خۆی کردە کەسی یەکەم لای مەزنترین داهێنەرێك هەتا ئێستا ژیابێت.

ئێستا با لە بارودۆخێکی جیاواز بڕوانین، وە باسی پیاوێك بکەین کە چەندین بەڵگەی بەرجەستەی دەوڵەمەندی هەبووە، بەلام لەدەستیداوە، چونکە سێ پێ کورتر وەستا لە نزیك ئەو ئامانجەی بەدوایدا دەگەڕا.

## سێ پێ دوور لە زێڕ

یەکێك لە باوترین هۆکارەکانی شکست خووی وازهێنانە کاتێك دووچاری نشوستییەکی کاتی دەبێتەوە. هەموو کەسێك تاوانبارە بەم هەڵەیە لە ساتێك لە ساتەکانی ژیانیدا. مامێکی ر. و. داربی دووچاری " تای زێڕ" بوو لە سالانی گەڕان بە دوای زێڕدا. وە بەرەو خۆرئاوا ڕۆیشت هەتا هەڵبکەنێت و دەوڵەمەند ببێت. هەرگیز ئەوەی نەبیستبوو کە زێڕێکی زۆر زیاتر دەرهێنراوە لە مێشکی مرۆڤ بەراورد بە ئەو زێڕەی لە زەوی دەرهێنراوە. پارچە زەوییەکی داگیر کرد و بە پاچ و خاکەناز دەستی بەکار کرد. کارەکە سەخت بوو، بەلام ئالۆشی بۆ زێڕ ڕوون و ڕەوان بوو. دوای چەندین هەفتە کار کردن، پاداشتکرا بە دۆزینەوەی ماددەی خاوی پرشنگدار. پێویستی بە ئامێر بوو بۆ هێنانە دەرەوەی ماددە خاوەکە. بە هێوری سەری کانەکەی دادایەوە و داپۆشی، گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی لە ولیامسبێرگ، ماریلاند، بارە لەناکاوەکەی بۆ خزم و هەندێك لە

دراوسێکانی باس کرد. پارەیان بۆ کۆکردەوە بۆ کڕینی ئامێرە پێویستەکان. داربی و مامی گەڕانەوە بۆ کارکردن لە کانەکە.
یەکەم باری زێڕی خاو دەرهێنرا و بۆ پالاوگە نێردرا. قازانجەکەی سەلماندی کە خاوەنی یەکێك لە دەوڵەمەندترین کانەکانی کۆلۆرادۆن!
چەند بارێکی تری ئەو زێڕە خاوە قەرزەکان دەداتەوە. دواتر نووشستە گەورەکە هات.
هەتا درێلەکە زیاتر بەرەو خوار دەڕۆیشت، هیوای داربی و مامی هیوایان زیاتر دەبوو! دواتر شتێك ڕویدا! دەماری زێڕەکە دیارنەما! گەیشتنە کۆتایی پەلکە زێڕینەکە، وە چیتر مەنجەڵی زێڕەکە لەوێ نەما! لە هەڵکۆڵین بەردەوام بوون، هیوابڕاوانە هەوڵیاندا دووبارە دەمارەکە بدۆزنەوە بە بێ هیچ سەرکەوتنێك.
لە کۆتایدا بڕیاریاندا واز بهێنن. ئامێرەکانیان بە سکراپچییەك فرۆشت بە چەند سەت دۆلارێك و ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە. هەندێك "سکراپچی" گەمژەن، بەڵام ئەم دانەیان نا! بانگی ئەندازیارێکی کانی کرد هەتا سەیری کانەکە بکات و هەندێك لێی بکۆڵێتەوە. ئەندازیارەکە ڕێگەیاند کە پڕۆژەکە شکستی هێناوە، چونکە خاوەنکارەکان ئاشنای "هێڵە دەمارە درۆزنەکان" نەبوون. ژمێریاریەکەی ئەوەی پیشاندا کە دەمارەکە دەکرێت ڕێك سێ پێ خوارتر لەو شوێنەوە کە داربیەکان وازیان لە هەڵکۆڵین هێنا بدۆزرێتەوە! ئەوە ڕێك ئەو شوێنە بوو کە دووبارە لێی دۆزرایەوە!
سکراپچیەکە ملیۆنان دۆلاری قازانج کرد لە کانەکە، چونکە هێندەی دەزانی کە ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا بکات بەرلەوەی وازی لێ بهێنێت.

زۆربەی ئەو پارەیەی کە بە ئامێرەکان درا لە ڕێی هەوڵەکانی ر.و.
داربیەوە بەدەستهات، کە ئەوسا کوڕێکی زۆر لاو بوو. پارەکە لە خزم و
دراوسێکانیەوە هاتبوو، چونکە باوەڕیان پێی بوو. دۆلار بە دۆلاری
پێدانەوە، هەرچەندە ساڵانێکی زۆری پێچوو.

زۆر دواتر، بەڕێز داربی چەندین جار زیانەکەی قەرەبوو کردەوە، کاتێک
ئەوەی دۆزیەوە کەدەکرێت ئارەزوو بۆ زێڕ بگۆڕدرێت. دۆزینەوەکە دوای
ئەوە هات کە دەستی کرد بە فرۆشتنی دڵنیایی ژیان.

بە بیرهێنانەوەی ئەوەی کە سامانێکی زۆری لەدەستچووە، چونکە سێ
پێ دوور لە زێڕەکە وازی هێنا، داربی سوودی لەو ئەزموونە وەرگرت بۆ
کارە هەڵبژێردراوەکەی، بەمیتۆدێکی سادە بە خۆ گوتنی ئەمە، " من
سێ پێ دوور لە زێڕەکە وەستام، بەڵام هەرگیز ناوەستم بەهۆی ئەوەی
کە خەڵکی دەڵێن " نەخێر" کاتێك داوایان لێ دەکەم دڵنیایی بکڕن."

داربی یەکێکە لەو گروپە بچووکە کەمتر لەپەنجا کەسییە کە ساڵانە زیاتر
لە ملیۆنێك دۆلار دڵنیایی ژیان دەفرۆشن. ئەو قەرزاری
"پەیوەستبوونەکەیەتی" بە ئەو وانەیەوە کە لە " وازهێنانەکەیەوە" لە
کاری کانە زێڕەکە فێری ببوو.

بەرلەوەی سەرکەوتن بێتە ژیانی هەر مرۆڤێکەوە، مرۆڤ دڵنیایە کە توشی
کەوتنی کاتی دەبێتەوە، یان ڕەنگە شکستیش. کاتێك شکست بەسەر
مرۆڤدا زاڵ دەبێت، ئاسانترین و ژیرانەترین شت کە بکرێت وازهێنانە. ڕێك
هەر ئەوەیە زۆربەی خەڵکی ئەنجامی دەدەن.

زیاتر لە پێنج سەت سەرکەوتووترین ئەو مرۆڤانەی ئەم وڵاتە
دەیانناسێت، بە نووسەریان گوتووە کە مەزنترین سەرکەوتنیان کاتێك

هاتووە کە تەنها یەك هەنگاو لەودیو ئەو خاڵەوە بوون کە کەوتن بەسەریاندا زاڵ بووە. شکست فێڵبازێکە کە ڕوویەکی بەمێزی گاڵتە و تەڵەکەی هەیە. خستنی کەسێك شاگەشکەی دەکات لە کاتێکدا سەر کەوتن هێندەی داوە دەزوویەك دوورە.

## وانەی پەنجا سەنتییەکە دەربارەی مکووڕی

ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی بەڕێز داربی بڕوانامەکەی لە زانکۆی " هارد نۆوکس" وەرگرت و بڕیاریدا سوود لە ئەزموونی کانە زێڕەکەی وەرگرێت، بەختی هەبوو کە لە شوێنێك ئامادە بوو کە بۆی سەلماند کە " نەخێر" مەرج نییە مانای نەخێر بێت.

نیوەڕۆیەك لە ئاشێکی مۆدێل کۆندا یارمەتی مامی دەدا لە باراشکردنی گەنمدا. مامی کێڵگەیەکی گەورەی بەڕێوە دەبرد کە ژمارەیەك جوتیاری ڕەشپێستی پشکدار تێیدا دەژیان. بە هێواشی دەرگاکە کرایەوە، کچێکی بچووکی ڕەشپێست، کچی سەپانەکە، هاتە ژوورەوە و لە نزیك دەرگاکە وەستا.

مامی سەری بەرز کردەوە و کچەکەی بینی، بە توندی بەسەریدا گوڕاندی، " چیت دەوێت؟" منداڵەکە بە نەرمی وەڵامی دایەوە، " دایکم گوتی کە پەنجا سەنتی بۆ بنێریت." مامی تووڕە بوو، " ئەوە ناکەم، دەی ئێستا ڕاکەرەوە بۆ ماڵ." منداڵەکە وەڵامی دایەوە،" بەڵێ." بەلام نەجولا. مامی دەستی کردەوە بە کارەکەی، هێندە سەرقاڵی کارەکەی بوو کە ئاگای لە منداڵەکە نەبوو کە هەر لە شوێنی خۆی ماوە. کاتێك سەری هەڵبڕی و بینی هێشتا هەر لەوێ وەستاوە، هاواری کرد بەسەریدا،" پێمگوتی کە بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، ئێستا بڕۆ، دەنا پارچە دارێکت بۆ

هەڵدەگرم." کچە بچوکەکە گوتی،" بەڵێ،" بەلام یەك ئینج نەجولا. مامی ئەو کیسە گەنمەی فرێدا کە خەیك بوو دەیخستە هارەرەکەوە، پارچە تەختەیەکی هەلگرت و بەرەو منداڵەکە رۆیشت بە رووخسارێکەوە کە ئاماژە بوو بۆ کێشە.

داریی هەناسەی ڕاگرت. دڵنیا بوو کە دەبێتە گەواهیدەری کوشتنێك. دەیزانی کە مامی نائارامییەکی توندی هەیە. دەیزانی کە نابێت منداڵە ڕەشپێستەکان ڕووبەڕووی سپیپێستەکان ببنەوە لەم بەشەی وڵاتدا.

کاتێك مامی گەیشتە ئەو شوێنە کە منداڵەکە لێی وەستابوو، بە خێرایی هەنگاوێك هاتە پێشەوە، ڕێك سەیری چاوەکانی مامی کرد و بە بەرزترین ئاستی دەنگە تیژەکەی قیژاندی،" دایکم دەبێت ئەو پەنجا سەنتە بەدەستبهێنێت!"

مامی وەستا، بۆ خولەکێك لە کچەکە ڕاما، دواتر بە هێواشی پارچە تەختەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا، دەستی خستە گیرفانیەوە، نیو دۆلاری دەرهێنا و پێیدا. منداڵەکە پارەکەی وەرگرت و بە پشتدا گەڕیەوە بۆ دەرگاکە، بە بێ ئەوەی چاوی لەو پیاوە بتروکێنێت کە کەمێك لەمەوبەر بەسەریدا زاڵ بوو.

دوای ئەوەی منداڵەکە ڕۆیشت، مامی لەسەر سندوقێك دانیشت و لە پەنجەرەکەوە بۆ ماوەی زیاتر لە دە خولەك سەیری دەرەوەی کرد. بە ترسەوە بیری لەو قامچی لێدانە کردەوە کە ئێستا خواردی. بەڕێز داریش کەمێك بیری کردەوە. ئەوە یەکەمجاری بوو لە ژیانیدا ئەزموونی ئەوە بکات کە منداڵێکی ڕەشپێست ببینێت بە وریایەوە زاڵ بێت بەسەر پیاوێکی سپیپێستی پێگەیشتوو. چۆن ئەوەی کرد؟ چی بەسەر مامیدا

هـات کـە بـووە هـۆی ئـەوەی تووڕەییەکـەی نـەمێنێت و وەك مـەڕێك دەسـتەمۆ بێـت؟ ئـەم منداڵـە چـی هێزێکـی نـامۆی بـەکارهێناوە کـە کردویەتییە گەورەی گەورەکەی؟ ئەمانـە و پرسـیارە هاوشـێوە بـە هـزری داربیـدا هـات، بـەڵام وەڵامـی نەدۆزیـەوە هـەتا چـەندین سـاڵ دواتـر، ئـەو کاتەی کە چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە.

لەوەش سەیرتر، چیرۆکی ئـەم ئەزموونـە نائاسـاییە لـە هـەمان ئـەو ئاشـە کۆنەدا بۆ نووسەر گێڕدرایەوە. ڕێك لـەو شـوێنەدا کـە مـامی قامچیەکەی بەرکەوت. سەیرتر لەوەش، نزیکەی چارەکە سەدەیەکی ژیانم تـەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوە لـەو هێـزەی کـە وایکـرد منـداڵێکی نەخوێنـدەوار و نـەزانی ڕەشپێست زاڵبێت بەسەر پیاوێکی زیرەکدا.

کە لە نێو ئەو ئاشە کۆنە پواوەدا وەستابووین، بەڕێز داربی چیرۆکی ئـەو داگیرکاریە نائاساییەی گێڕایەوە، وە کۆتایی پێهێنـا بـە گـوتنی،" چـی لێ تێدەگـەیت؟ ئـەو منداڵـە کامـە هێـزی نـامۆی بـەکارهێنا، کـە بـەو جـۆرە ئەژنۆی مامی شکاند؟"

وەڵامـی پرسـیارەکەی لـەو بنەمایانـەدا دەدۆزرێتـەوە کـە لـەم کتێبـەدا باسکراون. وەڵامەکە تـەواو و پـڕە. وردەکـاری و ڕێنمـایی تـەواوی تێدایـە هەتا بە هۆیەوە هەموو کەس تێبگات و هەمان ئەو هێزە بـەکاربهێنێت کـە کچە بچووکەکە بە ڕێکەوت بەکاری هێنا.

هزرت لەسەر هەست ڕاگرە، ئەوسا کتومـت سـەرنجی ئـەو هێـزە سـەیرە دەدەیت کە بە هانای منداڵەکەوە هـات، لـە بەشـی داهـاتوودا چـاوت بـەو هێزە دەکەوێت. لـە شـوێنێکی ئـەم کتێبـەدا بیرۆکەیـەك دەدۆزیتـەوە کـە تواناکـانی وەرگرتنـت خێـرا دەکـات، وە دەیخاتـە ژێـر فەرمانتـەوە، بـۆ

سوودی خۆت، هەمان ئەو هێزە مەزنە. هۆشیاری بەم هێزە ڕەنگە لە بەشی یەکەمدا پێی بگەیت، یان ڕەنگە لە چەند بەشی دواتردا لە هزرتدا لێبدات. ڕەنگە لە شێوەی بیرۆکەیەکی تەنهادا بێت. یان ڕەنگە لە شێوەی پلان یان ئامانجێکدا بێت. دووبارە، ڕەنگە وات لێ بکات کە بگەڕێیتەوە بۆ ئەزموونەکانی شکست و کەوتنەکانی ڕابردووت، وە هەندێك پەند و وانە زیندووکاتەوە کە بەهۆیەوە بتوانیت هەموو ئەو شتانە بە دەستبهێنیتەوە کە لە کاتی شکستەکەدا لەدەستتداوە.

دوای ئەوەی باسی ئەو هێزەم بۆ بەڕێز داربی کرد کە منداڵە ڕەشپێستە بچووکەکە خۆنەویستانە بەکاری هێنابوو، بەخێرایی کەوتی سۆراخی ئەو سی ساڵ ئەزموونەی وەك فرۆشیاری دڵنیایی ژیان، وە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە سەرکەوتنی لەو بوارەدا، بە ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وانەیەی لەو منداڵەوە فێربووە.

بەڕێز داربی گوتی: " هەر جارێك کە کڕیارێك دەیویست دەست بە ڕوومەوە بنێت، بەبێ ئەوەی هیچ بکڕێت، ئەو منداڵەم دەبینی کە لە ئاشە کۆنەکەدا وەستا بوو، چاوە گەورەکانی لە بەرەنگاریدا دەدرەوشایەوە، ئەوسا بە خۆم دەگوت، " دەبێت ئەم فرۆشە ئەنجام بدەم." باشترین ئەو فرۆشانەی کردوومن، ئەوانە بوون کە دوای ئەوەی خەڵکی گوتویانە " نەخێر" ئەنجاممداون.

هەروەها باسی ئەو هەڵەیەشی کرد کە لە کانە زێڕەکەدا کردبووی، گوتی،" بەڵام ئەو ئەزموونە بەخششێك بوو لە بەرگی بێبەختیدا. فێری کردم کە بەردەوامبم لە بەردەوامبوون، گرنگ نییە ڕێگە چەند دژوار بێت،

وانەیەك كە پێویست بوو فێریم بەرلەوەی بتوانم لە هەر شتێکدا سەرکەوتووبم."

ئەم چیرۆکەی بەڕێز داربی و مامی، منداڵە ڕەشپێستەکە و کانە زێڕەکە، گومانی تێدا نییە کە لەلایەن سەدان کەس لەوانەوە دەخوێندرێتەوە کە بژێویان لەسەر فرۆشتنی دڵنیایی ژیانە، وە بۆ هەموو ئەوانە نووسەر ئارەزوو دەکات کە پێشنیارێك بکات ئەویش ئەوەیە کە توانای فرۆشتنی زیاتر لە ملیۆنێك دۆلار دڵنیایی ساڵانەی داربی قەرزاری ئەو دوو ئەزموونەیە.

ژیان سەیرە، وە زۆر جار خەملاندنی ئەستەمە! هەم سەرکەوتن و هەم شکست ڕەگیان لە ئەزموونگەلی سادەدایە.ئەزموونەکانی بەڕێز داربی تەواو سادە و ساکارن، بەلام لەگەلّ ئەوەشدا وەلامی چارەنووسی ژیانی ئەویان هەلگرتووە؟، هەربۆیە هێندەی خودی ژیان گرنگە بۆی. بە هۆی ئەم دوو ئەزموونە دراماتیکییەوە قازانجی کرد، چونکە لێیانی کۆلّیەوە و ئەو وانەیەی وەرگرت کە دەیانگوتەوە. بەلام ئەی چی دەربارەی کەسێك کە نەکاتی تەواوی هەیە و نەمەیلی لێکۆلّینەوەی هەیە لە شکستەکان بۆ گەڕان بەدوای ئەو مەعریفەیەدا کە ڕەنگە بەرەو سەرکەوتنی ببات؟

لە کوێ و چۆن فێری هونەری گۆڕینی کەوتن ببێت بۆ بەردی بناغەی دەرفەت؟

بۆ وەلامی ئەو پرسیارانە، ئەم کتێبە نووسراوە. وەلامە بۆ باسکردنی سیانزە بنەماکە هێنراوە، بەلام کاتێك دەیخوێننەوە، لەبیرتان بێت، دەشێت ئەو وەلامانەی بۆی دەگەڕێن، بۆ ئەو پرسیارانەی کە وایکردووە بیر لە سەیری ژیان بکەیتەوە، ڕەنگە لە هزری خۆتدا

بیدۆزیتەوە، بە هۆی هەندێك بیرۆکە، پلان و ئامانجەوە کە ڕەنگە لە کاتی خوێندنەوەدا بازدەنە نێو مزرتەوە.

یەك بیرۆکەی باش هەموو ئەوەیە کە کیسێك بۆ سەرکەوتن پێویستیەتی.

ئەو بنەمایانەی لەم کتێبەدا باسکراون، پێکهاتوون لە باشترین و کرداریترینی ئەوانەی تا ئێستا زانراون، پەیوەست بە شێوازەکان و هۆکارەکانی دروسکردنی بیرۆکەی بەسوود.

بەرلەوەی زیاتر بچینە پێش لە باسکردنی بنەماکان، بڕوامان وایە کە تۆ شایستەی وەرگرتنی ئەم پێشنیارە گرنگەی . کاتێك سامان هات هێندە بە خێرایی دێت، هێندە بێشومار و فرە دەبێت، کە ڕادەمێنیت لە ماوەی ئەو هەموو ساڵە سەختانەدا لە کوێ خۆیان شاردۆتەوە.

ئەمە ڕستەیەکی سەرسامکەرە، کاتێك باوەڕە باوەکە ڕەچاو دەکەین، ئەوا ئەو سامانە تەنها بۆ ئەوانە دێت کە بە سەختی بۆ ماوەیەکی درێژ کاردەکەن.

کاتێك دەست دەکەیت بەوەی بیر بکەیتەوە و دەوڵەمەند بیت، سەرنجی ئەوە دەدەیت کە سامان بە دۆخێکی هزری دەستپێدەکات، بە ئامانجێکی ڕوون دەستپێدەکات، بەبێ هیچ کارکردنێکی سەخت. دەبێت تۆ و هەموو کەسێکی تر، شەیدای ئەوەبن کەچۆن ئەو دۆخە هزرییە بەدەستدەهێنن کە سامان ڕادەکێشێت. بیست و پێنج ساڵم لە توێژینەوەدا بەسەر برد، شیکاریم بۆ زیاتر لە ٢٥٠٠٠ کەس کردووە، چونکە منیش دەمویست بزانم کە چۆن سامانداراەکان ئاوا دەوڵەمەند بوون.

بەبێ ئەو توێژینەوەیە، نەدەتوانرا ئەم کتێبە بنووسرێت. لێرە سەرنجی ڕاستییەکی زۆر گرنگ بدەن:

قاتوقڕیە بازرگانییەکە لە ١٩٢٩ دەستی پێکرد، وە بەردەوام بوو هەتا شکاندنی ڕیکۆردی وێرانکاری بە درێژایی مێژوو، هەتا کەمێك دوای ئەوەی سەرۆك ڕۆزفێلت بووە سەرۆك. دواتر قاتوقڕیەکە دەستی بە پوکانەوە کرد. هەر وەك ئەو کارەباچییەی کە ڕووناکییەکانی شانۆیەك هێندە بە هێواشی و وردی بەرزدەکاتەوە کە تاریکی بۆ ڕووناکی دەگۆڕێت بەرلەوەی درکی پێبکەیت، هەر بەو جۆرەش تەلیسمی ترس لەسەر هزری خەڵکی نامێنێت و وردە وردە نامێنێت دەبێتە باوەڕ.

زۆر بە وردی سەرنج بدەن، هەر هێندەی شارەزایی بنەماکانی ئەم فەلسەفەیە بوویت، وە شوێن ڕێنماییەکان کەوتیت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانە، پێگەی دارایت دەست بە باشبوون دەکات، وە دەست لە هەر شتێك دەدەیت دەبێتە سەرمایەیەك بە قازانجی خۆت. مەحاڵە؟ بە هیچ جۆرێك مەحاڵ نییە! یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی مرۆڤایەتی ئاشنایی کەسێکی ئاساییە لەگەڵ وشەی "مەحاڵ." هەموو ئەو یاسانە دەزانێت کە کار ناکەن. هەموو ئەو شتانە دەزانێت کە ناتوانرێت ئەنجام بدرێن. ئەم کتێبە بۆ ئەوانە نووسراوە کە بەدوای ئەو یاسایانەدا دەگەڕێن کە ئەوانی تری سەرکەوتوو کردووە، وە ئامادەن هەموو شتێك بخەنە خزمەت ئەو یاسایانەوە. ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر فەرهەنگێکی باشم کڕی. یەکەم شت کە کردم دۆزینەوەی وشەی "مەحاڵ" و لێکرنەوەی بوو لە کتێبەکە. شتێکی ژیرانەیە کە ئێوەش وابکەن. سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانە دێت کە دەبنە هۆشیار بە سەرکەوتن.

شکست بۆ ئەو کەسانە دێت کە بێباکانە ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە ببنە هۆشیار بە شکست. ئامانجی ئەم کتێبە یارمەتیدانی هەموو ئەو کەسانەیە

کە بەدوایدا دەگەڕێن، بۆ فێربوونی هونەری گۆڕینی هزریان لە هۆشیار بە شکستەوە بۆ هۆشیار بە سەرکەوتن.

خاڵێکی لاوازتر کە لە خەڵکانێکی زۆردا دەبینرێت، خووی پێوانە کردنی هەموو شتێك و هەموو کەسێکیان هەیە، بە پێی باوەڕ و هەستەکانی خۆیان. هەندێك لەوانەی ئەمە دەخوێننەوە، بڕوایان وایە کە هیچ کەسێك ناتوانێت بیربکاتەوە و دەوڵەمەند بێت. ناتوانن بیر لە سامان بکەنەوە، چونکە خووەکانی بیرکردنەوەیان لە هەژاری، ویستن، ناسۆر، شکست و کەوتندا نقوم بووە. ئەو خەڵکە بێبەختانە کەسێکی چینی بەناوبانگی بیرخستمەوە، کە هاتبوو بۆ ئەمریکا هەتا بە شێوازی ئەمریکی پەروەردە بکرێت. ڕۆیشتە زانکۆی شیکاگۆ. ڕۆژێکیان سەرۆك هارپەر ئەم لاوە ڕۆژهەڵاتییە لە نێو کەمپی زانکۆدا دەبینێت، بۆ چەند خولەکێك دەوەستێت و قسەی لەگەڵدا دەکات، وە لێی دەپرسێت کامە تایبەتمەندی دیاری خەڵکی ئەمریکا سەرنجی ڕاکێشاوە.

لاوە چینیەکە گوتی، " ئەو خێلیە سەیرەی چاوەکانتان. چاوەکانتان خێلن! " ئێمە چی دەڵێین دەربارەی چینیەکە؟ بڕواکردن بەوە ڕەتدەکەینەوە کە لێی تێناگەین. گەمژانە باوەڕ بەوە دەکەین کە سنووردارییەتیەکەی خۆمان پێوانەی تەواوەتی سنووردارێتیە. بێگومان، چاوی کەسانی تر خێلە، چونکە بە هەمان شێوەی چاوەکانی ئێمە نییە.

ملیۆنان خەڵك سەیری دەستاکەوتەکانی هێنری فۆرد دەکەن و ئیرەیی پێدەبەن، بە هۆی سامانە زۆرەکەی، یان بەختەکەی، یان بلیمەتیەکەی یان هەرشتێکی تر کە پێیانوایە هۆکاری سەروەت و سامانەکەی فۆردە. ڕەنگە لە هەر سەت هەزار کەسێکدا یەك کەس نهێنی سەرکەوتنی فۆرد

بزانێت، وە ئەوانەی دەیزانن زۆر لەوە خاکیتر، یان پاراترن هەتا باسی بکەن، بەهۆی سادە و ساکاریێتییەکەیەوە. تاکە سەودایەک دەتوانێت بە تەواوەتی نهێنییەکە پیشان بدات.

چەند ساڵێك لەمەوبەر، فۆرد بڕیاریدا ماتۆرە ڤی ٨ ە بەناوبانگەکەی دروست بکات. بڕیاریدا کە بزوێنەرێك دروست بکات بە هەشت پستۆنی تەواو لولەکییەوە لە یەك بلۆکدا، وە ڕێنماییدا بە ئەندازیارەکانی کە دیزاینێك بۆ بزوێنەرەکە دروست بکەن. دیزاینەکە کرایە سەر کاغەز، بەلاّم ئەندازیارەکان هاوڕابوون کە مەحاڵە بلۆکی بزوێنەرێکی گازی هەشت پستۆنی لە یەك پارچەدا دروست بکرێت.

فۆرد گوتی، " هەرچۆنێك بێت دروستی بکەن." وەلاّمیاندایەوە، " بەلاّم، ئەوە مەحاڵە!" فۆرد فەرمانی کرد، " دەست بەکاربن، وە لە کارەکەتان بەردەوامبن هەتا ئەو کاتەی سەرکەوتوو دەبن گرنگ نییە چەندێك کاتی دەوێت." ئەندازیارەکان دەست بەکار بوون. هیچ کارێکی تر نەبوو بیکەن، ئەگەر بیانەوێت لە ستافەکەی فۆردا بمێننەوە. شەش مانگ تێپەری، هیچ ڕوونەدا. شەش مانگی تریش تێپەڕی، هێشتا هیچ ڕوونەدا. ئەندازیارەکان هەموو پلانێکیان تاقیکردەوە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان،بەلاّم بابەتەکە هیچ گومانێك هەڵناگرێت، " مەحاڵە!"

لە کۆتایی ساڵدا فۆرد ئەندازارەکانی بەسەر کردەوە، ئەمجارەش پێی گوترا کە هیچ ڕێگایەکیان نەدۆزیوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی . فۆرد گوتی، " دەستپێبکەنەوە، ئەوەم دەوێت و دەبێت بەدەستیشی بهێنم. دەستیان بە کار کردەوە، دواتر وەك ئەوەی تەلیسمێکی جادووی لێدرابێت، نهێنییەکە دۆزرایەوە.

ئامانجداری فۆرد جارێکی تریش سەرکەوت!

ئەم چیرۆکە ڕەنگە زۆر بە وردیەوە باس نەکرابێت، بەڵام کۆکراوە و پوختەکەی دروستە. لێیەوە دەگەیتە ئەوەی، تۆ ئەو کەسە دەبیت کە خۆزگە دەخوازێت بیربکاتەوە و دەوڵەمەند ببێت ، ئەگەر بتوانیت، نهێنی ملیۆنەکانی فۆرد. پێویست ناکات زۆر دوور بڕوانیت. هێنری فۆرد سەرکەوت، چونکە لە بنەماکانی سەرکەوتن تێدەگەیشت و جێبەجێی دەکردن. یەکێك لەوانە ئارەزووە: زانینی ئەوەی کە کەسەکە چی دەوێت. ئەم چیرۆکەی فۆردت لەبیربێت لە کاتی خوێندنەوەدا و دۆزینەوەی ئەو دێڕانەدا کە ڕازی دەستاکەوتە مەزنەکانی باسکراوە. ئەگەر بتوانیت ئەمە بکەیت، ئەگەر بتوانیت پەنجەت بخەیتە سەر گروپێکی دیاریکراو لەو بنەمایانەی کە هێنری فۆردیان دەوڵەمەند کرد، دەتوانی هاوشانی بیت لە دەسکەوتدا لە هەر بوارێکدا کە گونجاوی بۆی.

**تۆ " سەرداری چارەنووسی خۆتیت، کاپتنی ڕۆحی خۆتیت،" چونکە...**

کاتێک هێنلی ئەم دێڕە پێغەمبەرانەیەی نووسی، " من سەرداری چارەنووسی خۆمم. من کاپتنی ڕۆحی خۆمم،" دەشێت پێڕاگەیاندبێن کە ئێمە سەرداری چارەنووسی خۆمانین، کاپتنی ڕۆحی خۆمانین، چونکە توانای کۆنترۆڵکردنی بیرەکانمان هەیە.

دەشێت پێمان بڵێت کە ئەو ئەسیرەی کە زەوی تێیدا مەلە دەکات،کە ئێمە لەسەری دەجوولێین و بوونمان هەیە، شێوەیەکی ووزەیە کە بە لەرەلەرێکی ڕێژە بەرز دەجولێت، وە ئەو ئەسیرە پڕە لە جۆرێك هێزی گەردوونی کە خوی دەگونجێنێت و دەگەڕێتە سروشتی ئەو بیرانەی لە

نێو هزرماندا هەڵمانگرتوون، وە کارمان تێدەکات بە شێوازگەلی سروشتی، بۆ گەڕینی بیرەکانمان بۆ هاوتا بەرجەستەکانیان.

ئەگەر هۆزانڤانەکەدەربارەی ئەم ڕاستییە مەزنە بدوایە، دەمانزانی کە بۆچی سەرداری چارەنووسی خۆمان و کاپتنی ڕۆحی خۆمانین. دەبووایە بە جەختکردنەوەیەکی زۆرەوە پێمانی بگوتایە، کە ئەم هێزە هیچ جیاکاریەك ناکات لە نێوان بیرە دروستاکەرەکان و بیرە ڕوخێنەرەکاندا، ئەوەی کە هانماندەدا کە بیرگەلی وەك هەژاریش بگۆڕین بۆ هاوتا بەرجەستەکەی، بە هەمان ئەو خێراییە کەکارمان تێدەکات بۆ گۆڕینی بیرەکانی دەوڵەمەندی.

دەبووایە ئەوەشی پێ بگوتینایە، کە مێشکمان موگناتیساوی دەبێت بەو بیرە سەرەکییانەی لە نێو هزرماندا هەڵیاندەگرین. وە بەهۆی هۆکارگەلێکەوە کە هیچ مرۆڤێك پێی ئاشنا نییە، ئەو "موگناتیسانە" هێزەکان، خەڵکی و ئەو بارودۆخانە ڕادەکێشێت کە لەگەڵ سروشتی بیرە سەرەکیەکانی هزرماندا تەبایە.

دەبووایە پێی بگوتینایە، کە بەرلەوەی بتوانین بە ڕێژەیەکی بێشومار سامان کۆبکەینەوە، دەبێت هزرمان بارگاوی بکەین بە ئارەزوویەکی بەهێز بۆ سامانداری، بە جۆرێك کە ببینە " سەوداسەری پارە هەتا ئارەزووی پارە دەمانگەیەنێتە دانانی پلانێکی ڕوون بۆ بەدەستهێنانی.

بەڵام چونکە هێنلی هۆزانڤان بووە و فەیلەسوف نەبووە، گوزارشتی لە هەستی خۆی کردووە بە دەربڕینی ڕاستییەکی مەزن لە شێوەیەکی شیعریدا، مانا فەلسەفیەکانی بۆ ئەوانەی دوای خۆی جێهێشتووە هەتا لێکدانەوەی بۆ بکەن و شیبکەنەوە.

ورده ورده، ڕاستییەکە خۆی لێککردەوە، هەتا ئێستا کە بەدڵنیاییەوە دەرکەوتووە ئەو بنەمایانەی لەم کتێبەدا باسکراون، نهێنی سەرداریتی بەسەر چارەنووسی ئابووریماندای لە خۆگرتووە.

ئێستا ئامادەین بۆ تاقیکردنەوەی یەکەم بنەما. کە ڕۆحیەتی هزر کراوەیی دەستەبەر دەکات، وە لە کاتی خوێندنەوەدا لەبیرت بێت، ئەمانە داهێنانی یەك مرۆڤ نین.بنەماکان لە ئەزموونی ژیانی زیاتر لە ٥٠٠ کەسەوە وەرگیراوە کە بەڕاستی بە ڕێژەیەکی زۆر سامانت کۆکردۆتەوە، کەسانێك کە بە هەژاری دەستیانپێکرد، بە خوێندەوارییەکە کەمەوە، بە بێ هیچ پاڵپشتییەك. بنەماکان کاری بۆ ئەو کەسانە کرد. تۆش دەتوانی بیانخەیتە کار بۆ سوودی درێژخایەنی خۆت.کردنی ئەوە بەلاتەوە ئاسان دەبێت و قورس نابێت.

بەرلەوەی بەشی دواتر بخوێنیتەوە، دەمەوێت ئەوە بزانیت کە زانیاری ڕاستەقینەت پێدەدات کە ڕەنگە بەئاسانی تەواوی چارەنووسی دارایت بگۆڕێت، هەروەك چۆن بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاری مەزنی بەسەر بەشی ئەو دوو کەسەدا هێنا کە باسکراون.

هەروەها دەمەوێت بزانیت، کە پەیوەندی نێوان ئەو دوو کەسە و من، بە جۆرێکە کە نەمدەتوانی فێڵ لە ڕاستییەکاندا بکەم، تەنانەت ئەگەر خۆزگەی ئەوەشم خواستبێت . یەکێکیان نزیکترین هاوڕێمە، بۆ نزیکەی بیست و پێنج ساڵ، ئەوەی تریان کوڕەکەی خۆمە. سەرکەوتنی نائاسایی ئەم دوو کەسە، سەرکەوتنێك کە بە بەخشندەییەوە داویانەتە پاڵ ئەو بنەمایەی لە بەشی دواتردا باسکراوە.

نزیکەی پانزە ساڵ لەمەوبەر، وتارێکم لە ئاهەنگێکی دەرچووندا خوێندەوە لە زانکۆی سالیم، سالیم، ڤێرجینیای خۆرهەلات.هێندە بە توندی جەختم کردەوە لەسەر ئەو بنەمایەی لە بەشی دواتردا باسکراوە، کە یەکێك لە خوێندکارەکانی پۆلە دەرچووەکە بە دڵنیاییەوە بەکاریهێنا، وەکردییە بەشێك لە فەلسەفەی خۆی. ئەو کورە گەنجە ئێستا ئەندامی کۆنگرێسە، وە هۆکارێکی گرنگە لەم حکومەتەی ئێستادا. رێك بەرلەوەی ئەم کتێبە بچێتە چاپخانە، نامەیەکی بۆ نووسیم کە زۆر بە ڕوونی بیروڕای خۆی دەربڕیوە دەربارەی ئەو بنەمایەی لە بەشی دواتردا باسکراوە، کە بڕیارمدا نامەکەی بڵاوبکەمەوە وەك پێشەکیەك بۆ ئەو بەشە. بیرۆکەیەکت پێدەدات دەربارەی ئەو پاداشتانەی دێن.

*" ناپلیۆنی ئازیز:*

*خزمەتەکەم وەك ئەندامی کۆنگرێس بەرچاوڕوونی پێداوم دەربارەی گرفتەکانی پیاوان و ژنان. ئەمە دەنووسم بۆ ئەوەی پێشنیارێك بکەم کە رەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ هەزاران کەسی شایستە.*

*بەداوای لێبوردنەوە، دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەو پێشنیارە، ئەگەر کاری لەسەر بکرێت، مانای چەندین ساڵ کار و بەرپرسیارێتی دەبێت بۆ تۆ، بەڵام هانیدام کە ئەو پێشنیارە بکەم، چونکە ئەویندارییە مەزنەکەت دەناسم بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری بەسوود.*

*" لە ساڵی ۱۹۲۲ تۆ گوتارێکت پێشکەش کرد لە زانکۆی سالیم، کاتێك کە من خوێندکارێك بووم لە پۆلە دەرچووەکەدا. لەو گوتارەدا تۆ بیرۆکەیەکت لە مێشکمدا چاند کە بەرپرسیار بوو لەو دەرفەتەی ئێستا هەمە بۆ خزمەتکردنی خەڵکانی وڵاتەکەم، وە بە پێوانەیەکی گەورە،*

بەرپرس دەبێت لە هەر سەرکەوتنێك کە ڕەنگە لە داهاتوودا بەدەستی بهێنم.

" ئەو پێشنیارەی لە هزرمدایە ئەوەیە کە کۆکراوە و پوختەی ئەو وتارەی لە زانکۆی سالیم پێشکەشتکرد لە بخەیتە کتێبەکەتەوە، لەو شێوازە هەلێك بدە بە خەلکی ئەمریکا هەتا سوودمەند بن لە ئەزموون و ئاشنایی چەند ساڵەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە مەزنیەکەیان، ئەمریکایان کردۆتە دەوڵەمەندترین وڵاتی سەر زەوی.

" وەك ئەوەی دوێنێ بێت لەبیرمە، ئەو باسکردنە دانسقەیەی کردت دەربارەی ئەو میتۆدەی بەهۆیەوە هێنری فۆرد، بە خوێندەوارییەکی کەمەوە، بەبێ یەك دۆلار، بە بێ هیچ هاوڕێیەکی دەسەلاتدار، بەرەو لوتکە هەلکشا. ئەوسا بڕیاری خۆمدا، تەنانەت بەرلەوەی وتارەکەشت تەواو بکەیت، کە من پێگەیەك بۆ خۆم بەدەستدەهێنم، بەلامەوە گرنگ نییە کەدەبێت بەسەر چەند بەربەستدا سەرکەوم.

" هەزاران کەسی لاو ئەمساڵ خوێندن تەواو دەکەن، وە لە ماوەی چەند ساڵی دواتریشدا هەزارانی تر. هەریەکەیان وێلی دوای پەیامێکی هاندانی کردارین هاوشێوەی ئەوەی من لە تۆم وەرگرت. دەیانەوێت بزانن بەرەو کوێ بسوڕێن، چی بکەن بۆ ئەوەی دەست بە ژیان بکەن. تۆ دەتوانی پێیان بلێیت، چونکە تۆ کێشەی خەلکانێکی زۆر زۆرت چارەسەر کردووە.

" ئەگەر هەر شێوازێکی گونجاو هەبێت کە بتوانیت ئەو خزمەتە مەزنە بە خوێنەر بکەیت، دەکرێت پێشنیاری ئەوە بکەم کە لە هەموو کتێبەکانتدا، یەکێك لە هێلکاریەکانی شیکاری کەسیەکانت دابنێیت، بۆ ئەوەی کڕیاری

کتێبەکە هەتا سوود وەرگرێت لە خەزێنەیەکی خوودی، بۆ ئەوەی ئەوە پیشان بدات کە چەندین ساڵ لەمەوبەر پیشانی منتدا، کە کتومت چی بەربەستە لەسەر ڕێگای سەرکەوتن.

" خزمەتێکی وەک ئەمە، دابینکردنی وێنەیەکی تەواو و بێلایەنی بۆ خوێنەرانی کتێبەکەت دەربارەی هەڵە و باشیەکانیان، بۆ ئەوان مانای جیاوازی نێوان سەرکەوتن و شکستە. ئەو خزمەتە نرخی ناپێورێت.

"ئێستا ملیۆنان کەس ڕووبەڕووی کێشەی گەڕانەوە بۆ نرخی پێشوویان بوون، بەهۆی گرانییەکەوە، وە من لە ئەزموونی خۆمەوە قسە دەکەم کاتێك دەڵێم، دەزانم کە ئەم خەڵکە ڕاستگۆیە خواخوای دەرفەتێکیانە بۆ ئەوەی کێشەکانیانت بۆ باس بکەن، وە پێشنیاریان بۆ بکەیت بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

" تۆ کێشەکانی ئەوانە دەزانیت کە دەیانەوێت سەرلەنوێ دەستپێبکەنەوە. ئەمڕۆ هەزاران کەس هەیە لە ئەمریکادا کە حەز دەکەن بزانن کە چۆن بیرۆکەکانیان بۆ پارە بگۆڕن، کەسانێك کە پێویستە لە سەرەتاوە دەستپێبکەن، بە بێ هیچ پارەیەك و زیانەکانیشیان قەرەبوو بکەنەوە. ئەگەر کەسێك بتوانێت یارمەتیان بدات، ئەو کەسە تۆیت.

" ئەگەر کتێبەکەت بڵاوکردەوە، حەز دەکەم ببمە خاوەنی یەکەم کۆپی کە لە چاپخانەوە دێت، کە خۆت واژۆت کردبێت.

به هیوای بەختێکی باش، دۆستی خۆت

"جێنینگس ڕاندۆلف"

بەشی ٢

# ئارەزوو: خاڵی دەستپێکی هەموو سەرکەوتنەکان

---

**یەکەم هەنگاو بەرەو سامان**

کاتێک دوین سی. بارنێس زیاتر لە سی ساڵ لەمەوبەر لە شەمەندەفەری شمەکی ئۆرەنج ن.ج دابەزی، ڕەنگە شێوەی لە سواڵکەرێک چووبێت، بەڵام بیرەکانی هی پادشایەک بوون!

لە کاتێکدا کە لە هێڵی شەمەندەفەرەوە دەڕۆشت بۆ نووسینگەکەی تۆماس ئەدیسۆن، هۆشی لە کاردا بوو. خۆی بینی کە ڕووبەڕووی ئەدیسۆن وەستاوە. گوێی لە خۆی بوو کە داوای لە بەڕێز ئەدیسۆن دەکرد کە دەرفەتی بەدیهێنانی یەکێك لە گرنگترین کارەکانی ژیانی پێبدات، ئارەزوویەکی سووتێنەر بۆ بوو بە هاوبەشی بازرگانی داهێنەرە مەزنەکە.

ئارەزووەکەی بارنێس هیوایەك نەبوو! خۆزگەیەك نەبوو! بەڵکو ئارەزوویەکی بەهێز و ڕوون بوو، کە هەموو شتێکی تری وەلا نابوو، ڕوون و ڕەوان بوو.

ئارەزووەکە تازە نەبوو کاتێك لە ئەدیسۆن نزیکدەبۆوە. بەڵکو ئارەزووی سەرەك بارنێس بوو بۆ چەندین ساڵ. لە سەرەتادا، کاتێك ئارەزووەکە بۆ یەکەم جار لە هزریدا دەرکەوت، ڕەنگە تەنها خۆزگەیەك بووبێت، بەلام چیتر تەنها خۆزگەیەکی سادە نەبوو کاتێك هاتە بەردەم ئەدیسۆن.

چەند ساڵێك دواتر، ئدوین سی. بارنێس جارێکی تر لەبەردەم ئەدیسۆن وەستایەوە، لە هەمان ئەو نووسینگەیەی یەکەمجار داهێنەرەکەی تێدا بینی. ئەمجارە ئارەزووەکەی ببووە ڕاستی. لەگەڵ ئەدیسۆندا بازرگانی دەکرد. خەونی سەرەکی ژیانی ببووە ڕاستی.

ئەمڕۆ، ئەوانەی بارنێس دەناسن ئیرەیی پێدەبەن، بەهۆی ئەو "دەرفەت" وە ە ژیان پێی بەخشیووە. ئەوان لە ڕۆژی سەرکەوتنیدا دەیبینن، بە بێ ئەوەی زەحمەتی ئەوە بکێشن کە لە هۆکاری سەرکەوتنەکەی بکۆڵنەوە.

بارنێس سەرکەوتوو بووچونکە ئامانجێکی ڕوونی هەڵبژارد، ووزە توانا و هەوڵدان و هەموو شتێکی بەگەڕخست بۆ پاڵپشتی ئامانجەکەی. ئەو ڕۆژەی گەیشتە ئەویٚ یەکسەر نەبووە هاوبەشی ئەدیسۆن. شادمان بوو بە کردنی بچووکترین کار بەو مەرجەی دەرفەتی پێبدات کە تەنانەت ئەگەر هەنگاوێکیش بێت لە ئامانجە خۆشەوستەکەی نزیکی بکاتەوە.

پێنج ساڵ تێپەڕی پەر لەوەی ئەو دەرفەتە بڕەخسێت کە وێڵ بوو بە دوایدا. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا یەك تیشکی هیوا، یەك بەڵێنی بەدەستهێنان ئارەزووەکەی دەرنەکەوت. بە لای هەموانەوە، جگە لە خۆی، تەنها تەنها زنجیرێکی تر بوو لە ڕەوڕەوە بازرگانییەکەی

ئەدیسۆن، بەڵام لە مزری خۆیدا، هەموو ساتێکی ئەو کاتەنە هاوبەشی ئەدیسۆن بوو، هەر لەو ڕۆژەوە کە یەکەمجار بۆ کارکردن ڕۆیشتە ئەوێ. ئەوە نەخشێنەرێکی ئاشکرای هێزی ئارەزوویەکی ڕوون و ڕەوانە. بارنێش ئامانجەکەی بەدەستهێنا، چونکە دەیویست ببێتە هاوبەشی بازرگانی بەڕێز ئەدیسۆن، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە. پلانێکی دانا بۆ چۆنێتی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە. بەڵام هەموو پردەکانی پشت خۆی سووتاند. دەستی بە ئارەزووەکەیەوە گرت هەتا بووە سەرەکیترین ئەرکی ژیانی و لە کۆتایدا بووە ڕاستییەک.

کاتێک ڕۆیشتە ئۆرەنج، بە خۆی نەگووت، " هەوڵدەدەم بەڕێز ئەدیسۆن ڕازی بکەم کە وردە کارێکم پێبدات." بەڵکو گووتی، " ئەدیسۆن دەبینم، وا دەکەم تێبینی ئەوە بکات کە هاتووم هەتا کاری لەگەڵدا بکەم."

نەیگوت،" بۆ چەند مانگێك لەوێ کار دەکەم، وە ئەگەر هیچ پاڵپشتیەکم پێنەدرا واز دەهێنم و لە شوێنێکی تر کارێك دەدۆزمەوە." بەڵکو گوتی، " لە هەر شوێنێکەوە بێت دەست پێدەکەم، هەموو شتێك دەکەم کە ئەدیسۆن داوام لێ بکات بیکەم، بەڵام بەر لەوەی دەست بەکار بکەم، دەبمە هاوبەشی بازرگانی ئەدیسۆن."

نەیگوت، " چاوەکانم بە وریاییەوە بەکار دەخەم بۆ دەرفەتێکی دیکە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر شکستم هێنا لە بەدەستهێنانی ئەوەی کە خوازیارم بۆی لە دەزگاکەی ئەدیسۆندا." بەڵکو گووتی،" تەنها یەك شت هەیە لەم دونیایەدا کە خوازیاری بەدەستهێنانیم، ئەویش هاوبەشێتی بازرگانییە لەگەڵ تۆماس ئەدیسۆندا. هەموو پرەکانی پشت خۆم دەسووتێنم و

تەواوی داهاتووم لەسەر توانام بۆ بەدەستهێنان ئەوەی دەمەوێت بونیاد دەنێم."

هیچ ڕێگایەکی پاشەکشەی بۆ خۆی نەهێشتەوە، یان دەبێت سەرکەوتوو بێت یان دەبێت لەناوبچێت!

ئەوە هەموو چیرۆکی سەرکەوتنی بارنێس بوو! ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر، جەنگاوەرێکی مەزن ڕووبەڕووی باروودۆخێك بۆوە کە وای کرد پێویست بکات بڕیارێك بدات کە دڵنیایی بە سەرکەوتنی بدات لە گۆڕەپانی جەنگدا. نیازی هەبوو سوپاکەی بنێرێتە بەرامبەر دوژمنێکی بەهێز، کە ژمارەی سەربازەکانی چەند هێندەی ئەوانەی خۆی بوون. سەربازەکانی سوار بەلەم کرد و بەرەو وڵاتی دوژمن بەڕێکەوتن. سەرباز و چەك و ئازوقەی داگرت، دواتر فەرمانی کرد ئەو بەلەمانە بسوتێنن کە پێی هاتبوون. پێش یەکەم جەنگ ڕووی کردە سەربازەکانی و گوتی،" ئەو بەلەمانە دەبینن کە دووکەڵیان لێ بەرز دەبێتەوە، ئەوە مانای ئەوەیە ناتوانین بە زیندووی ئەم کەناراوانە جێبهێڵین مەگەر ئەوەی جەنگەکە ببەینەوە! ئێستا هیچ بژاردەیەکی ترمان نییە یان دەیبەینەوە یان لەناودەچین!" بردیانەوە.

هەر کەسێك ئەگەر بیەوێت لە هەر ئەرکێکدا سەرکەوتوو بێت دەبێت ئامادەی ئەوەی تێدا بێت بەلەمەکانی بسوتێنێت و هەموو سەرچاوەیەکی پاشەکشە لەناوبەرێت، تەنها بە ئەنجامدانی ئەم کارە هەر کەسێك دەتوانێت دڵنیابێتەوە لە بەدەستهێنانی ئەو حاڵەتە هۆشەکیەی کە پێی دەگوترێت ئارەزووی سووتێنەری سەرکەوتن، کە مەرجی بنچینەییە بۆ سەرکەوتن.

بەیانی دوایی ئاگرە گەورەکەی شیکاگۆ، گروپێك بازرگان لەسەر شەقامی ستەت وەستابوون. لە دووکەڵی پاشماوەی ئەو بینایەیان دەڕوانی کە پێشتر فرۆشگاکانی ئەوانی تێدا بوو. کۆنفرانسێکیان بەست بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئایا هەوڵبدەن بنیاتی بنێنەوە، یان شیکاگۆ جێبهێڵن و لە بەشێکی باشتری وڵاتدا دەستپێبکەنەوە. هەموویان جگە لە یەکێکیان گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە شیکاگۆ جێبهێڵن.

ئەو بازرگانەی کە بڕیاریدا بمێنێتەوە و فرۆشگاکەی بنیات بنێتەوە بە پەنجەی ئاماژەی بۆ داروپەرووی فرۆشگاکەی کرد و گوتی،" بەڕێزان، ڕێك لەو جێگەیە مەزنترین فرۆشگای دونیا بنیات دەنێم، بەلامەوە گرنگ نییە ئگەر چەند جار بسووتێت."

ئەوە زیاتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر بوو. فرۆشگاکە بنیاتنرا. ئەمڕۆش هێشتا لەوێیە. مۆنۆمێنتێکی بەرجەستە بۆ ئەو دۆخە هۆشەکەیەی پێی دەگووترێت ئارەزووی سووتێنەر. شتە ئاسانەکە بۆ مارشاڵ فیڵد ئەوە بوو کە ڕێك وەك هاوەڵە بازرگانەکانی بکات. کاتێك ڕۆیشتن سەخت بوو، داهاتووش ناڕوون و تاریك بوو، خۆیان کۆکردەوە و ڕۆیشتن بۆ ئەو شوێنەی کە ڕۆیشتن ئاسانتر دیاربوو.

بە باشی ئەو جیاوازیەی نێوان مارشاڵ فیڵد و بازرگانەکەی تر نیشانە بکە، چونکە هەمان جیاوازیە کە ئدوین سی بارنێس لەو هەزاران گەنجەی تر جیادەکاتەوە کە لە کۆمپانیاکەی ئەدیسۆندا کاریان دەکرد. هەمان جیاوازیە کە بە شێوەیەکی کرداری هەموو کەسە سەرکەوتووەکان لە کەسانی شکستخواردوو جیادەکاتەوە.

هەر مرۆڤێك کە دەگاتە تەمەنی تێگەیشتن لە ئامانجی پارە، خۆزگەی بۆ دەخوازێت. ئارەزوو خواستن سامانت بۆ ناهێنێت. بەڵام ئارەزوو کردنی سامان بە دۆخێکێکی هۆشەکیەوە کە ببێتە ئالودەبوون، دواتریش دانانی پلان و ڕێگای ڕوون و ڕەوان بۆ بەدەستهێنانی سامان و پاڵپشتیکردنی ئەو پلانانە بە مکوڕ بوونێکەوە کە شکست ناناسێت، سامان دەهێنێت.

ئەو میتۆدەی کە بەهۆیەوە دەکرێت ئارەزوو کردنی سامان بگۆڕدرێت بۆ بەڕاستگەڕانی دارایی، پێکدێت لە شەش هەنگاوی ڕوون و کرداری.

سەرەتا لە هزری خۆتدا بڕی ئەو پارەیە دیاریبکە کە ئارەزووی دەکەیت. ئەوە بەس نییە کە بە سادەیی بڵێیت کە " بڕێکی زۆر پارەم دەوێت".

یەکەم: ڕوون و ڕەوان بە لەگەڵ ڕێژەکەدا.( هۆکارێکی دەروونی هەیە بۆ ڕوونی و ڕەوانی کە لە بەشەکانی دواتردا باس دەکرێت(.

دووەم: کتومت ئەو شتە دیاری بکە کە دەتەوێت لە بەرامبەر ئارەزووت بۆ پارە بیگۆڕیتەوە.

سێیەم: بەروارێکی دیاریکراو و ڕوون دابنێ کاتێك نیازی بەدەستهێنانی ئەو پارەیەت هەبوو کە دەتەوێت.

چوارەم: پلانێکی ڕوون دابنێ بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکەت و یەکسەر دەستپێبکە، جا ئەگەر ئامادە بیت یان نا، بۆ بەگەرخستنی پلانەکە.

پێنجەم: ڕاپۆرتێکی ڕوون و ورد بنووسە دەربارەی ئەو بڕە پارەیەی دەتەوێت بەدەستی بهێنیت، کاتی بۆ دابنێ، ئەو شتە دیاری بکە کە لە بەرامبەردا دەیبەخشیت، بە ڕوونیش باسی ئەو پلانە بکە کە بەهۆیەوە دەتەوێت پارەکە کۆ بکەیتەوە.

شەشەم: ڕاپۆرتەکەت بە دەنگی بەرز بخوێنەوە، ڕۆژانە دوو جار، جارێک بەر لە خەوتن، جارێکیش دوای لە خەو هەڵسان. کە خوێندتەوە - ببینە هەستی پێبکە و باوەڕ بە خۆت بهێنە کە هەر لە ئێستاوە خاوەنی ئەو بڕە پارەیەیی.

گرنگە شوێن ئەو ڕێنماییانەی ناو ئەو شەش هەنگاوە بکەویت. بە تایبەتی زۆر گرنگە کە تێڕابمێنیت و شوێن هەنگاوەکانی پەرەگرافی شەشەم بکەویت. ڕەنگە سکاڵای ئەوە بکەیت کە ئەستەمە بۆت " خۆت لە خاوەندارێتی پارەکەدا ببینیت " بەر لەوەی بەڕاستی ببیتە خاوەنی. ئا لێرەدایە کە ئارەزووی سووتێنەر دێ بە هاناتەوە. ئەگەر بە ڕاستی هێندە ئارەزووی پارە بکەیت کە وەک ئالوودەبوونی لێبێت، هیچ گرفتێکت نابێت لە باوەڕهێنان بە خۆت کە دەتوانیت بەدەستی بهێنیت. بابەتەکە ویستنی پارەیە، وە هێندە سوور بیت لەسەر هەبوونی کە باوەڕ بە خۆت بهێنیت کە دەبیتە خاوەنی.

تەنها ئەوانەی ك دەبنە " هۆشیار بە پارە" دەتوانن سامانێکی مەزن پێکەوەبنێن. " هۆشیاری پارە" واتە مزر هێندە بە چڕ و پڕی ئاودراوە بە ئارەزوو بۆ پارە، کە پێشوەختە دەتوانرێت خۆی لە خاوەندارێتی پارەکەدا ببینێت.

بۆ نەشارەزاکان، ئەوانەی کە هیچ زانیاریەکیان نییە دەربەری هزری مرۆڤ، ئەم ڕێنماییانە ڕەنگە ناکرداری دەربکەون. ڕەنگە یارمەتیدەر بێت، بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕەنگە شکست بهێنن لە درککردن بە گونجاوی ئەو شەش هەنگاوە، زانینی ئەوەی کە ئەو زانیاریەی دەیگەیەنن لە ئەندریۆ کارنیجەوە وەرگیراوە، کە وەک کرێکارێکی ئاسایی لە ئاشەکانی ستیلدا

دەستی بە کارکردن کرد، بەڵام سەرەڕایی دەسپێکە سادە و ساکارەکەی توانی وا لەم بنەمایانە بکات کە سامانێکی زیاتر سەت ملیۆن دۆلاری پێ ببەخشن.

ڕەنگە زیاتر بارمەتیان بدات زنینی ئەوەی ئەم شەش هەنگاوەی لێرە پێشنیار کراوە بە وریاییەوە لە لایەن تۆماس ئەدیسۆنی کۆچکردووەوە تاقیکراونەتەوە، کە مۆری پەسەندکرنی لەم شەش هەنگاوە داوە نەك تەنها وەك هەنگاوگەلی بنچینەیی بۆ کۆکردنەوەی سامان، بەڵکو پێویست بۆ بەدەستهێنانی هەر ئامانجێکی دیاریکراو.

هەنگاوەکان بانگەواز ناکەن بۆ هیچ " کاری سەخت. " بانگەواز بۆ هیچ قوربانداننێك ناکەن. هەرگیز لە کەس ناخوازن بێ مانا یان خۆشباوەڕ بێت. بۆ جێبەجێکردنیان پێویست بە خوێندن و بڕوانامەی بەرز ناکات. بەڵام جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئەم هەنگاوانە ئەندیشەیەکی پڕ دەخوازێت هەتا وا لە کەسەکە بکات کە ببینێت و تێبگات، کە کۆکردنەوەی پارە نابێت بۆ هەل و بەخت جێبهێڵرێت. دەبێت ئەوەی بۆ دەرکەوێت کە هەموو ئەوانەی کە سامانێکی مەزنیان پێکەوەناوە. سەرەتا بە ڕێژەیەك خەون، هیوا، خۆزگە، ئارەزوو و پلانیان هەبووە بەرلەوەی پارەکەیان بەدەستبهێنن.

باشترە هەر لێرەوە بزانن، کە ناتوانیت بە ڕێژەیەکی زۆر سامان بەدەستبهێنێت، مەگەر ئەوەی بتوانیت بچیتە بەر گەرمێتی سپی ئارەزوو بۆ پارەوە. وە لە ڕاستیدا باوەڕت بەوە هەبێت کە دەتوانی ببیتە خاوەنی.

هەروەها دەشێت بزانیت کە هەموو سەرکردەیەکی مەزن، لە بەرەبەیانی شارستانیەتەوە بۆ بەرەبەیانی ئەم سەردەمەی ئێستا، خەونبین بوون.

مەسیحیەت مەزنترین هێزی سەرەکی دونیایە ئەمڕۆ، چونکە دامەزرێنەرەکەی خەونبینێکی هێندە مەزن بوو کە ڕوانین و ئەندێشەیەکی هەبوو بۆ بینینی ڕاستی لە شێوە ڕۆحی و مزرییەکەیدا بەرلەوەی بگۆڕێنە سەر شێوەی بەرجەستەیان.

ئەگەر لە ئەندێشەتدا سامانی مەزن نەبینیت، هەرگیز لە ڕاپۆرتی بانکەکەتدا نایبینیت. هەرگیز لە مێژووی ئەمریکادا وەك ئەم سەردەمەی ئێستا دەرفەتگەلی مەزن بوونی نەبووە بۆ خەونبینە کرداریەکان. نسکۆ ئابووریە شەش ساڵیەکە، هەمووانی بردۆتە یەك ئاست. پێشبڕکێیەکی نوێ خەریکە ساز دەبێت. ئەگەرەکان نوێنەرایەتی سامانێکی مەزن دەکەن کە لە دە ساڵی داهاتوودا کۆدەکرێتەوە. یاساکانی پێشبڕکێکە گۆڕاون، چونکە ئێستا لە دونیایەکی گۆڕاودا دەژین کە بەبێ گومان لە خزمەت خەڵکانی ئاسایی دایە، ئەوانەی کە لە ژێر هەلومەرجی گرانیە گەورەکەدا دەرفەتی کەمی سەرکەوتنیان هەبووە یان هەر نەیان بووە، کاتێك ترس گەشە و پێشکەوتنی لە پەل وپۆ خستبوو.

ئەوانەمان کە لەو پێشڕکێیەداین بۆ سامان کۆکردنەوە، دەبێت پاڵپشتی بکرێن بۆ زانینی ئەوەی کە ئەم دونیا گۆڕاوە کە تێیدا بیرۆکەگەلی نوێ، شێوازگەلی نوێ بۆ ئەنجامدانی شتەکان، سەرکردەی نوێ، داهێنانی نوێ، شێوازگەلی نوێی وانەگوتنەوە، شێوازگەلی نوێی بازاڕگەری، کتێبگەلی نوێ، ئەدەبیاتی نوێ، بەرنامەگەلی تازە بۆ ڕادیۆ و بیرۆکەگەلی نوێ بۆ سینەما دەخوازێت.

تەریب بە خواستی هەموو ئەو شتە باشتر و تازانە، جۆرایەتیەك هەیە کە دەبێت هەرکەسێك هەیبێت هەتا سەرکەوتوو بێت، ئەویش ڕوون و ڕەوانی ئارەزووە، زانینی ئەوەی کە چیت دەوێت، وە ئارەزوویەکی سووتێنەر بۆ هەبوونی.

خەمۆکی بازرگانی مەرگی سەردەمێك دیاری دەکات و لەدایکبوونی سەردەمێکی تر دەردخات. ئەم دونیا گۆڕاوە پێویستی بە خەونبینە کرداریەکان هەیە کە بتوانن خەونەکەنیان بە کردار بکەن. خەونبینە کرداریان هەمیشە نەخشە داڕێژەری شارستانیەتەکان بوون و دەبن.

ئەوانەمان کە ئارەزووی کۆکردنەوەی سامان دەکەین، دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە سەرکردە ڕاستەقینەکانی دونیا هەمیشە ئەو کەسانە بوون کە هەمیشە لەسەرپێ بوون و هێزە نەبینراو و نابەرجەستەکانی دەرفەتێکی لەدایکنەبوویان بە کرداری کردووە، هەروەها ئەو هێزانەیان گۆڕیوە ( یان ترپەی بیرەکان.) بۆ هەورپرەکان، شارەکان، کارگەکان، فڕۆکەکان، ئۆتۆمۆبێلەکان و هەموو شێوەکانی پێشکەوتن کە ژیان زۆر خۆشتر دەکەن.

فرە بۆچوونی و مێشك کراوەیی پێویستی کرداری هەر خەونبینێکی ئەمڕۆیە. ئەوانەی لە بیرۆکەگەلی نوێ دەترسن، بەرلەوەی دەستپێبکەن مەحکومن بە مەرگ. هەرگیز لە هیچ سەردەمێکدا وەك ئێستا کات لەبار نەبووە بۆ پێشەنگەکان. ڕاستە خۆرئاوای کێوی و ڕازدار نییە هەتا داگیر بکرێت، وەك سەردەمی واگۆنە داپۆشراوەکان" بەڵام دونیایەکی گەورەی

بازرگـانی، دارایـی و پیشەسـازی هەیـە هـەتا سـازبکرێتەوە و ئاڕاستە بکرێتەوە لەگەڵ هێڵە تازە و باشترەکان.

لە کاتی پلاندانان بۆ بەدەستهێنانی بەشە سامانی خۆت، ڕێگە بـە کـەس مەدە کـارت تێبکات لـە بێنرخکردنـی خەونبینەکـەدا. بۆ بردنـەوەی بـڕە پارەیەکی زۆر لەم دونیا گۆڕاوەدا، دەبێت ڕۆحیەتی کەسە پێشـەنگەکانی ڕابردوو وەرگریت، کـە هـەموو ئـەو خەونانـەیان پێشکەشـی شارستانیەت کردووە کە بە نرخ بوون. ڕۆحیەتێك کە بۆتە خوێنی ژیـانی وڵاتەکـەمان ـ دەرفەتی من و تۆ بۆ گەشەپێدان و بازاڕگەری بەهرەکانمان.

با بیرمان نەچێت کە کۆلۆمبۆس خەونی بە دونیایەکی نەناسراوەوە بـینی، گرەوی بە ژیانیەوە کرد لەسەر هەبوونی دونیایەك ئاوا، وە دۆزیەوە!

کۆپەرنیکۆس، گەردووناسی مەزن، خەونی بە فرەیی دونیاکانەوە بینی و ئاشکرایی کرد! هیچ کەسێك بـە " ئـاکرداری" نـاوی نـەهێنا دوای ئـەوەی سـەرکەوتوو بـوو. لـەبری ئـەوە دونیـا لـە مەزارەکەیـدا خوداپەرسـتیان دەکرد، کە ئەوەش جارێکی تر سەلماندی کە، " سەرکەوتن پێویسـتی بـە هیچ پۆزشێك نییە، شکت پێویستی بە هیچ بەڵگەیەك نییە".

ئەگەر ئەو شتەی خۆزگەی بـۆ دەخوازیـت شیاو بێـت، وە بـاوەڕت پێـی بێت، فەرموو ئـەنجامی بدە! خەونـەکانت بهێنـەدی و تێپـەڕیان بکـە، وە هـەرگیز گـوێ بـەوە مـەدە کـە دەیڵـێن ئەگـەر تووشـی شکسـتێکی کـاتی بوویت، چـونکە ڕەنگـە نـەزانن کـە هـەر شکسـتێك لەگـەڵ خۆیـدا تـۆوی سەرکەوتنێکی شایستە دەهێنێت.

هێنری فۆرد، هەژار و نەخوێندەوار، خەونی بە گالیسکەیەکی بێ ئەسپەوە بینی، بەو ئامرازانە دەستی بەکار کرد کە لەبەر دەستی بوون، بە بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ دەرفەتێك بکات. ئێستاش دەرکەوتەی خەونەکەی لە هەموو دونیادا هەیە. لە هەموو کەسێك زیاتر پێچکەی خستە کار، چونکە لە پاڵپشتیکردنی خەونەکەی نەدەترسا.

تۆماس ئەدیسۆن خەون بە چرایەکەوە دەبینی کە بە کارەبا کار بکات، ڕێك لە شوێنی خۆیەوە دەستی بەکار کرد، سەرەڕایی زیاتر لە دە هەزار جار شکست، دەستی بە خەونەکەیەوە گرت هەتا کردیە ڕاستی.

خەونبینە کرداریەکان هەرگیز واز ناهێنن. هویلان خەونی بە زنجیرەیەك فرۆشگای سیگارەوە بینی، خەونەکەی خستە کار، ئێستا فرۆشگا یەکگرتووەکانی سیگار شوێنیان لە باشترین شوێنەکانی ئەمریکا گرتووە.

لینکن خەونی بە ئازادی کۆیلە ڕەشپێستەکانەوە بینی، خەونەکەی خستە کار، ل کاتی سەرەمەرگیدا بینی کە باشوور و باکوور خەریکە خەونەکەی دەکەنە ڕاستی.

برایانی رایت خەونیان بە ئامێرێکەوە بینی لە هەودا بفرێت، خەونەکەیان خستە کار، ئێستا دەتوانرێت بەڵگەی کارەکەیان لە هەموو دونیا ببینرێت.

مارکۆنی خەونی بە سیسستەمێکەوە بینی کە هێزە نابەرجەستەکانی ناو هەوا جڵەو بکات. بەڵگە سەلماندی کە خەونەکەی پوچ نەبوو، دەکرێت لە هەموو سیستەمێکی وایەرلێس و ڕادیۆدا ببینرێت. لەوەش زیاتر، خەونەکەی مارکۆنی کابینەیەکی سادە و کۆشکێکی ڕازاوەی تەریبی یەکتر کرد. هەموو خەڵکی سەر زەوی کردە دراوسێ. ڕایەڵەیەکی بە

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەخشی هەتا بتوانێت لە یەک کاتدا قسە بۆ هەموو خەڵکی ئەمریکا بکات. ڕەنگە مایەی سەرنجت بێت کە هاوڕێکانی مارکۆنی خستیانە زیندانەوە و لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی پشکنینیان بۆ کرد، کاتێك ڕایگەیاند کە بنەمایەك دۆزیوەتەوە کە بەهۆیەوە دەتوانێت لە ڕێگەی هەواوە پەیام بنێرێت، بەبێ بەکارهێنانی وایەر، یان جۆرە بەرجەستەکانی تری پەیوەندیکردن. خەونبینەکانی ئەمڕۆ زۆر دوورتر ڕۆیشتوون.

دونیا ڕاهاتووە بە دۆزینەوەی نوێ، نا، بەڵکو ئامادەیی پیشانداوە کە خەڵاتی ئەوانە بکات کە بیرۆکەی نوێ بە دونیا دەدەن.

"مەزنترین دەسکەوت، لە سەرەتادا و بۆ ماوەیەك ئەوەیە کە خەونێکە".

"بەڕوو لە کلاوەکەیدا دەخەوێت، باڵندە لە هێلکەدا چاوەڕێ دەکات. وە لە بەرزترین بینینی ڕۆحدا، فریشتەیەکی بەئاگا دەجوڵێتەوە. خەونەکانیش تۆوی ڕاستین".

بەئاگاوەوە، ئەشونما بکە و خۆت پێبگەیەنە، ئەی خەونبینانی دونیا. ئێستا ئەستێرەکەت لە خولگەی کارگەری خۆیدایە. خەمۆکی دونیا ئەو دەرفەتی بۆ هێناوی کە چاوەڕێی بوویت. خەڵکی فێری ئەشکەنجە، یەکتر پەسەند کردن و مێشك کراوەی کردووە.

دونیا پڕ بووە لە دەرفەتی بێ شومار کە خەونبینانی ڕابردوو هەرگیز نەیان ناسیون.

ئارەزووی سووتێنەری بوون و ئەنجامدان خاڵی دەستپێکە کە دەبێت خەونبینان لێیەوە دەستپێبکەن. خەونەکان بە کەمتەرخەمی، تەمبەڵی و نەبوونی ئارەزوو لەدایکنەبوون.

دونیا چیتر سوکایەتی بە خەونبینان ناکات، پێشی ناڵێت ناکرداری. ئەگەر پێتوایە وادەکات، گەشتێك بکە بۆ تینێس، شایەتحاڵی ئەوە بە کە چۆن سەرۆکێکی خەونبین چۆن کۆنترۆڵی هێزی ئاوی ئەمریکای کردووە و ئەنجامیداوە. چەند ساڵێك لەمەوبەر، خەونێکی لەو شێوەیە وەك شێتی دەبینرا.

بێهیوا بوویت، لە ماوەی گرانییە مەزنەکەدا بە شکستدا تێپەڕیویت، وا هەستت کردووە کە دڵە مەزنەکەی تاخت شکاوە هەتا ڕادەی خوێن لێ ڕۆیشتن. بوێربە، چونکە ئەو ئەزموونانە ئەو کانزایەی جۆشداوە کە لێی دروست بوویت ـ ئەوانە سەرمایەگەلێکن کە نرخیان بۆ دانانرێت و بەراورد ناکرێن.

لەبیریشت بێت، هەموو ئەوانەی لە ژیاندا سەرکەوتوو بوون بە سەرەتایەکی خراپ دەستیان پێکردووە، وە بە چەندین هەوڵی دڵشکێندا تێپەڕیون هەتا گەیشتوون. خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی ئەوانەدا کە سەرکەوتوو بوون، بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی چەند قەیرانێکەوە هاتووە، کە بەهۆیەوە بە " خودەکەی تریان" ئاشنا بوون.

جۆن بونیان گەشتی حاجیانی نووسیوە، کە یەکێکە لە باشترین کارە ئەدەبیەکانی زمانی ئینگلیزی، دوای ئەوەی خرایە زیندانەوە و بە توندی سزادرا، بە هۆی بۆچوونیەوە دەربارەی ئایین.

ئۆ. هێنری بلیمەتی خەوتووی ناو مێشکی دۆزیەوە، کاتێک دووچاری بەدبەختیەکی مەزن بوو و لە زیندانی تاکەکەسی زیندانی کرا لە کۆلۆمبۆس، ئۆهیۆ، ناچارکرا بە هۆی بەدبەختیەوە، هەتا لەگەڵ "خودەکەی تریدا" ئاشنا بێت و ئەندێشەی بەکار بهێنێت. بۆی دەرکەوت کە نووسەرێکی مەزنە لەبری تاوانبارێکی بێ بەخت و خەمبار. شێوازەکانی ژیان سەیر و جۆراوجۆرن، وە هێشتا شێوازەکانی زیرەکی ناکۆتا سەیرترن، کە بەهۆیەوە خەڵکی ناچار دەکرێن بە نێو هەموو جۆرەکانی سزاداندا بڕۆن بەرلەوەی مێشکی خۆیان و توانایان بۆ دروستکردنی بیرۆکەی بەسوود بە هۆی ئەندێشەیانەوە بدۆزنەوە.

ئەدیسۆن، مەزنترین زانا و داهێنەری دونیا، بێ لانەیەک بوو کە لەسەر تەلەگراف کاری دەکرد، بێ شومار شکستی هێنا بەرلەوەی ئەو بلیمەتیە بدۆزێتەوە کە لە مێشکیدا خەوتبوو.

چارلس دیکنز بە لێدانی ناونیشان لەسەر قوری دەستی پێکرد، تراژیدیای یەکەم خۆشەویستی قوڵایی ڕۆحی سمی و گۆڕی بە یەکێک لە مەزنترین نووسەرە ڕاستەقینەکانی دونیا. ئەو تراژیدیایە، سەرەتا دەیفد کۆپەرفیلدی بەرهەمهێنا، دواتر سەرکەوتنی کارەکانی تری کە دونیایەکی باشتر و دەوڵەمەندتری بۆ ئەو کەسانە دروستکرد کە کتێبەکانیان خوێندەوە. نائومێدبوون لە پەیوەندی خۆشەویستی، بە گشتی کاریگەری دەکاتە سەر پیاوان و ڕاپێچیان دەکات بۆ خواردنەوە و ژنانییش بەرەو ڕووخان" ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی هەرگیز هونەری گۆڕینی بەهێزترین سۆزیان بۆ خەونگەلێکی سروشت دامەزراو فێرنابن.

هێلین کێلەر کەڕ و لاڵ و کوێر بوو ماوەیەك دوای لەدایکبوونی. سەرەڕایی بەدبەختیە گەورەکەی، نەمرانە ناوی خۆی لە لاپەرەکانی مێژووی مەزنەکاندا نووسیەوە. تەواوی ژیانی بووە بەلگەیەك کە هەرگیز هیچ کەسێك شکست ناهێنێت مەگەر ئەوەی شکست وەك ڕاستییەك پەسەند بکات.

ڕۆبێرت بورنس کوڕیژگەیەکی لادێی نەخوێندەوار بوو، بە هەژاری نەفرەتی لێکراوبوو، بە مەستی و سەرخۆشی گەورە بوو. بە هۆی ژیانی ئەوەوە دونیا باشتر بوو، چونکە بیرۆکەی قەشەنگی لە شیعردا نەخشاند، بەو جۆرە دڕکێکی هەڵکەند و گوڵێکی لە جێگەدا ڕواند.

بوکەر ت. واشنتۆن بە کۆیلەی لەدایکبوو، بەهۆی ڕەگەز و ڕەنگەوە لە پەلوپۆ خرا. لەبەرئەوەی دڵفراون و مێشك کراوە بوو لە هەموو کات و لەسەر هەموو بابەتێك، وە خەونبینێکش بوو. بە باشی کاریگەری خۆی لەسەر تەواوی ڕەگەزەکە بەجێهێشت.

بتهۆڤن کەڕ بوو، میلتۆن نابینا بوو، بەلام ناوەکانیان هەتا کۆتایی کات دەمێنێتەوە، چونکە خەونیان بینی و خەونەکانیان گۆڕی بۆ بیرۆکەگەلی ڕێکخراو.

بەرلەوەی بچینە سەر بەشی دواتر، لە هزرتدا ئاگری هیوا، باوەڕ، بوێری و دڵفراوانی داگیرسێنەرەوە. ئەگەر ئەم دۆخە هزریانەت هەبێت، لەگەڵ زانیاری کرداری ئەو بنەمایانەی باسکران، هەموو ئەوەی پێویستە بۆت دێت، کاتێك کە ئامادە بوویت بۆی. با ئیمێرسۆن بەم قسەیە بیرۆکەکەی خۆی بڵێت، " هەموو پەندێك، هەموو کتێبێك، هەموو وشەیەکی لاوەکی کە هی تۆیە بۆ یارمەتی و دڵخۆشی بە دڵنیایەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە

لەڕێی ڕاڕەوە کراوە و پێچاوپێچەکانەوە. هەموو هاوڕێیەک کە سەرسامی ویست و ئیرادەت نییە، بەڵکو بێزوو بە ڕۆحە ناسک و مەزنەکەت دەکات. کە لە ئامێزیدا دەتهێڵێتەوە".

جیاوازییەک هەیە لە نێوان خۆزگە خواستن بۆ شتێک و ئامادە بوون بۆ وەرگرتنی شتێک. هیچ کەسێک ئامادە نابێت بۆ شتێک، هەتا باوەڕ بەوە نەهێنێت کە دەتوانێت بەدەستی بهێنێت. دۆخی مزری دەبێت باوەڕ بێت، نەک هیوا یان خۆزگەیەکی سادە. مێشک کراوەیی هۆکارێکی گرنگە بۆ باوەڕ. مێشکی داخراو سروشتی ئیمان و بوێری و باوەڕی پێناگات.

لەبیرت بێت، ئامانجی بەرز لە ژیاندا هەوڵێکی زیاتری ناوێت، بۆ داواکردنی فرەیی و خۆشگوزەرانی، بەراورد بە پەسەند کردنی هەژاری و ناسۆر. شاعیرێکی مەزن ئەم ڕاستییە گەردوونییەی بە چاکی لەم دێڕانەدا گەیاندووە.

"بۆ فلسێک لەگەڵ ژیاندا سەودام کرد،
ژیانیش هیچ زیاتری نەدامێ،
هەرچەندە ئێواران دەپاڕامەوە
کاتێک خەزێنە کەمەکەم دەژمارد"
چونکە ژیان خاوەنکارێکی دادپەروەرە،
ئەوەت پێدەبەخشێت کە داوات کردووە،
بەڵام هەر کە کرێکەت بۆ جێگیرکرا،
دەبێت بەرگەی ئەرکەکە بگریت.
کارم بۆ خاوەنکارێکی سادە کرد،
تەنها بۆ ئەوەی فێربم، ئازار بچێژم،

وە هەر کرێیەکم لە ژیان داوا کردبێت.
ژیان خۆنەویستانە پێی بەخشیوم".

ئارەزوو گرەو لە دایکە سروشت دەباتەوە

وەك خاڵی چەقی گونجاو بۆ ئەم بەشە، دەمەوێت یەکێك لە نائاسایترین ئەو کەسانە بناسێنم کە هەتا ئێستا ناسیومن. بۆ یەکەمجار بەر لە بیست و چوار ساڵ لەمەوبەر بینیم، چەند خولەکێك دوای ئەوەی لەدایکبوو. هاتە دونیاوە بە بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی هەبوونی گوێچکەی پێوە بێت، وە دکتۆرەکە دوای ئەوەی ناچارکرا ددانی پێدانا کە ڕەنگە منداڵەکە بۆ تەواوی ژیانی کەڕ و لاڵ بێت.

من بەرامبەر بۆچوونی دکتۆرەکە وەستامەوە. مافم هەبوو کە ئەوە بکەم، من باوکی منداڵەکە بووم. منیش گەیشتمە بڕیارێك و بۆچوونی خۆمم هەبوو، بەلام بە بێدەنگی گوزارشتم لێکرد، لە قولایی نهێنی دڵمدا. بڕیارمدا کە کوڕەکەم دەبیستێت و قسە دەکات. سروشت دەتوانێت منداڵێکم بە بێ گوێچکە بۆ بنێرێت، بەلام سروشت ناتوانێت قایلم بکات بە پەسەندنکردنی ڕاستەقینەیی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە.

لە هزری خۆمدا دەمزانی کە کوڕەکەم دەبیستێت و قسەش دەکات. چۆن؟ دڵنیابووم کە دەبێت ڕێگایەك هەبێت، دەشمزانی کە دەیدۆزمەوە. بیرم لە وشەکانی نیمرسۆنی نەمر دەکردەوە،" ڕەوتی هەموو شتەکان بە جۆرێکە کە فێری باوەڕمان بکات. تەنها پێویستە گوێڕایەڵ بین. ڕێنوێنی هەیە بۆ هەریەکەمان، وە ئەگەر بە هێوری گوێبگرین، دەکرێت گوێمان لە وشە ڕاستەکە بێت".

وشە ڕاستەکە؟ ئارەزووە! زیاتر لە هەر شتێکی تر، ئارەزووم کرد کە کوڕەکەم کەڕ و لاڵ نەبێت، لەو ئارەزوو هەرگیز پەشیمان نەبووم، تەنانەت بۆ چرکەیەکیش.

چەندین ساڵ لەمەوبەر، ئەمەم نووسیوە، " تاکە سنووردانان ئەوانەن کە لە مێزی خۆماندا دامانناون." بۆ یەکەمجار تێڕامام کە داخۆ ئەو قسەیە ڕاستە. لە جێخەوەکەی بەردەمم منداڵێکی تازە لەدایکبوو ڕاکشابوو، بە بێ ئەندامی سروشتی بیستن. هەرچەندە ڕەنگە ببیستێت و قسە بکات، بەڵام ڕوونە کە بۆ تەواوی ژیانی شێوەی شێواو دەبێت. گومانی تێدا نییە ئەمە سنووردانانێك نییە کە ئەم منداڵە لە مێزیدا جێگیری کردبێت.

دەمتوانی دەربارەی ئەوە چی بکەم؟ بە جۆرێك ڕێگەیەك دەدۆزمەوە بۆ گوێزانەوەی ئارەزووی سوتێنەری خۆم دەربارەی شێوازەکانی گەیاندنی دەنگ بە مێشك بە بێ یارمەتی گوێیەکان بۆ مێزی منداڵەکە. هەر هێندەی منداڵەکە ئەوەندە گەورە بوو کە هاوکارم بێت، هێندە بە تەواوی مێزی پڕ دەکەم لە ئارەزووی سوتێنەر بۆ بیستن، کە سروشت بە میتۆدەکانی خۆی بیگۆڕێت بۆ ڕاستییەکی بەرجەستە.

هەموو ئەو بیرکردنەوەیە لە نێو مێزی خۆمدا ڕوویدا، بەڵام بۆ هیچ کەسێکم باس نەکرد. هەموو ڕۆژێك ئەو بەڵێنەم نوێدەکردەوە کە بەخۆمدابوو. کە کوڕێکی کەڕ و لاڵ پەسەند ناکەم.

کە گەورەتر بوو و درکی بە شتەکانی دەوروبەری کرد، سەرنجماندا بە ڕێژەیەکی کەم توانای بیستنی هەیە. کاتێك گەیشتە ئەو تەمەنەی کە بە گشتی منداڵان دەست دەکەن بە قسەکردن، هیچ هەوڵێکی قسەکردنی نەدا، بەڵام بەهۆی کردارەکانیەوە دەیتوانی بڵێت کە بەحاڵ دەتوانێت

گوێی لە هەندێک دەنگی دیاریکراو بێت. ئەوە هەموو شتێک بوو کە دەمویست بیزانم! باوەڕم هێنا مادام دەتوانێت ببیستێت، تەنانەت بە ئاستەمیش، ڕەنگە بتوانێت توانای بیستنی گەشە پێبدات. دواتر شتێک ڕوویدا کە هیوای پێبەخشیم. لە سەرچاوەیەکی تەواو چاوەڕواننەکراوە هات.

ڤیکترۆلایەکمان کڕی، کاتێک منداڵەکە بۆ یەکەمجار گوێی لە میوزیک بوو، تووشی حاڵەتی مەستی بوو، هەر زوو لەگەڵ ئامێرەکەدا ڕاهات. هەر زوو ئارەزووی بۆ هەندێک قاوانی دیاریکراو دەرخست، لە نێوانیادا، " ئەوە ڕێگەیەکی درێژە بەرەو تیپەری." جارێکیان، ئەو بەشەی لەسەریەک لێدایەوە، بۆ نزیکەی دوو کاتژێر، لەبەردەمی ڤیکترۆلاکە وەستابوو و ددانەکانی لە لێواری سندوقەکە گیر کردبوو. گرنگی ئەم خوو خووە داڕێژراوەیمان بۆ ڕوون نەبۆوە هەتا چەندین ساڵ دواتر، چونکە هەرگیز دەربارەی شێوازی " گوێزانەوەی ئێسکی" هیچمان نەبیستبوو.

کەمێک دوای ئەوەی خوی بە ڤیکترۆلاکەوە گرت، بۆم دەرکەوت کە دەتوانێت بە ڕوونی گوێی لێم بێت کاتێک قسە دەکەم و لێوەکانم بە ئێسکی پشت گوێچکەیەوە، یان بنکی مێشکیەوە دەنوسێنم. ئەم دۆزینەوانە پێویستی دۆزینەوەی نێوەندێکی تێمدا دروست کرد کە بەهۆیەوە دەستمکرد بە ڕاستیکردنی ئارەزووی سوتێنەرم بۆ یارمەتیدانی کوڕەکەم هەتا گەشە بە بیستن و قسەکردن بدات. هەتا ئەو کاتە چەند وشەیەکی دیاریکراوی دەردەبڕی. ڕووکاری بابەتە لە هیوا بەدەر بوو، بەڵام ئارەزوویەکی پاڵپشت بە باوەڕ هیچ وشەگەلێکی وەک مەحاڵ نازانێت.

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دەتوانێ گوێی لێم بێت، یەکسەر دەستمکرد بە گواستنەوەی ئارەزووی بیستن و قسەکردن بۆ مزری. هەر زوو بۆم دەرکەوت کە منداڵەکە چێژ لە چیرۆکەکانی کاتی خەوتن وەردەگرێت، بۆیە دەست بەکار بووم، چیرۆککەلێکم بۆ دروست کرد کە پشت بەخۆبەستن، ئەندێشە و ئارەزوویەکی بەهێز بۆ بیستن و بوون بە کەسێکی ئاسایی تێدا گەشە پێبدات

چیرۆکێك هەبوو بە دیاریکراوی کە هەر جارێك دەمگێڕایەوە، جەختمدەکردەوە لە پێدانی چەند ڕەنگپێدانێکی نوێی درامی. بۆ ئەوە دروستم کردبوو کە لە مزردا ئەوە جێگیر بکەم کە ناڕەحەتیەکەی قەرز و زیان نییە، بەڵکو سەرمایەیەکی بە نرخە. سەرباری ئەو ڕاستییەی کە لێکۆڵینەوەم لە هەر ڕێبازێکی فەلسەفی کردبێت بە ڕوونی ئەوەی نیشانداوە کە هەر ناڕاحەتی و بەدبەختیەك تۆوی سوود و خۆشبەختی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام دەبێت ددان بەوەدا بنێم کە بچوکترین بیرۆکەم نەبوو دەربارەی ئەوەی کە چۆن ناڕەحەتیەکی ئاوا دەکرێت ببێتە سەرمایە. هەرچەندە، بەردەوامیش بووم لە تێوەپێچانی ئەو فەلسەفەیە لە چیرۆکەکانی کاتی خەو، بەهیوای ئەوەی کاتێك بێت کە هەندێك پلان دابنێت کە بە هۆیەوە کەمئەندامیەکەی بتوانێت بچێتە خزمەتی ئامانجێکی بەسوود.

ژیری بە ڕوونی پێیگووتم کە هیچ قەرەبووکەرەوەیەکی قایلکەر بوونی نییە بۆ جێگرتنەوەی نەبوونی گوێچکەکان و ئەندامی سروشتی بیستن.
ئارەزوویەکی پاڵپشت بە بڕوا، ژیری خستە لاوە و ئیلهامی پێدام کە بەردەوامبم.

پرسیاری لە هیچ لەو شتانە نەکرد کە بۆم باسدەکرد، ئەو بیرۆکەیەم پێ فرۆشت کە قازانجێك جیاوازی هەیە بەسەر برا گەورەکەیدا، وە ئەو قازانجە بە چەندین شێوە خۆی دەردەخات، بۆ وێنە، مامۆستاکانی خوێندنگا سەرنج دەدەن کە هیچ گوێچکەیەکی نییە، وە بەهۆی ئەمەوە، بایاخێکی تایبەتی پێدەدەن و بە ئەوپەری سۆز و میهرەبانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. هەمیشە وایان دەکرد، دایکی ئەوەی ڕێکدەخست، بە سەردانیکردنی مامۆستاکان و ڕێککەوتن لەگەڵیاندا کە بایاخێکی زیاتری پێبدەن. هەروەها ئەو بیرۆکەیەشم پێفرۆشت، کە کاتێك هێندە گەورە بوو کە بتوانێت ڕۆژنامە بفرۆشێت، (برا گەورەکەی پێشتر ببووە بازرگانی ڕۆژنامە)، پێمگووت کە لە چاو برا گەورەکەیدا قازانجێکی باشتر دەکات، بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی پارەی زیاتر دەدەن بە شمەکەکانی، چونکە دەتوانن ئەوە ببینن کە کوڕێکی زیرەك و تێکۆشەرە، سەرباری ئەو ڕاستییەی کە هیچ گوێچکەیەکی نییە.

تێبینی ئەوەمان دەکرد کە وردە وردە بیستنی منداڵەکە باشتر دەبوو. لەوەش زیاتر، بچوکترین نیازی خۆخواەدنەوەی نەبوو بە هۆی کەمئەندامیەکەیەوە. کاتێك نزیکەی حەوت ساڵان بوو، یەکەم بەڵگەی پیشاندا کە میتۆدی هزر بەرنامەڕێژکرنەکەی بەرهەمی هەیە. بۆ چەندین مانگ پاڕایەوە کە مافی ڕۆشتنی ڕۆژنامەی پێبدەین، بەلام دایکی مۆڵەتی پێنەدا. لەوە دەترسا کە کەڕیەکەی زیانی لێ بدات گەر بە تەنها بچێتە سەر شەقام.

لە کۆتایدا، خۆی باباەتەکەی لە ئەستۆ گرت، دوانیوەڕۆیەك، کاتێك لەگەڵ خزمەتکارەکاندا بە تەنها لە ماڵەوە بوو، بەسەر پەنجەرەی ئووری

نانخوارندا سەرکەوت و خۆی هەڵدایە سەر زەویەکەی دەرەوە. شەش سەنتی وەك سەرمایە لە پێڵاودروستاکەری گەڕەکەکە وەرگرتبوو. لە ڕۆژنامەدا وەبەرهێنانی پێکردبوو، ڕۆژنامەکانی فرۆشتبوو، دووبارە وەبەرهێنانی تێدا کردبۆوە، بەردەوام ئەمەی دووبارە کردبۆوە هەتا درەنگانێکی ئێوارە. دوای هاوسەنگکردنی پارەکانی و دانەوەی ئەو شەش سەنتەی لە بانکەوەنەکەی وەریگرتبوو، چل و دوو سەنتی قازانج کردبوو. کاتێك ئەو شەوە گەڕاینەوە ماڵ، بە خەوتووی لە جێخەوەکەیدا بینیمانەوە، پارەکەیە بە توندی لە دەستیدا گوشیبوو.

دایکی دەستەکانی کردەوە، پارە وردەکانی دەرهێنا و گریا. لە چاو هەر شتێکی تردا گریان بەسەر یەکەم سەرکەوتنی کوڕەکەیدا ناپەیوەندیدارتر بوو! کاردانەوەی من پێچەوانەکەی بوو. لە دڵەوە قاقا پێکەنینیم، چونکە دەمزانی هەوڵەکانم بۆ چاندنی خووی باوەڕبەخۆبوون سەرکەوتوبووە.

دایکی یەکەم سەرکێشی کوڕە کەڕ و لاڵە بچوکەکەی بینی کە چۆتە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکان و ژیانی خۆی خستۆتە مەترسیەوە بۆ بەدەستهێنانی پارە. من پیاوێکی بچووکی ئازا، بەرزخواز و پشت بەخۆبەستوم بینی کە سەت پلە گۆڕابوو، چونکە سەربەخۆ و بێ پاڵپشت بازرگانی کردبوو و سەرکەوتوو ببوو. ئەو سەودایە منی خۆشحاڵکرد، چونکە دەمزانی ئەوە بەڵگەیەك کە خاوەنی سیفەتی بەرهەمداریە و بۆ تەواوی ژیانی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە.

ڕووداوەکانی دواتر ڕاستی ئەوەی سەلماند. کاتێك برا گەورەکەی شتێکی دەویست، لەسەر ئەرزەکە ڕادەکشا، قاچەکانی لە هەوادا ڕادەوەشاند و دەگریا هەتا بەدەستی دەهێنا. کاتێك کە " کوڕە بچوکەکە کەڕەکە"

شتێکی دەویست، پلانی بۆ دۆزینەوەی شێوازێك دادەنا هەتا پارەی پێ پەیدا بکات، دواتر بەو پارەیە خۆی بیکڕێت. هێشتا بەو پلانە کار دەکات!

لە ڕاستیدا، کوڕەکەی خۆم فێری کردم کە کەمئەندامەکان دەکرێت ببنە یەکەم پلیکانە بۆ کەسێك کە بیەوێت بەرەو ئامانجێکی بەنرخ سەرکەوێت، مەگەر ئەوەی وەك بەربەست یان پەسەندی بکەن یان وەك بانگەشەیەك بەکاریبهێنن.

کوڕە بچووکە کەڕەکە پۆلەکانی سەرەتایی، ئامادەیی و زانکۆی تەواو کرد بە بێ ئەوەی بتوانێت گوێی لە مامۆستاکانی بێت، جگە لەو کاتانەی بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد لە مەودایەکی نزیکەوە. نەچووە خوێندنگایەکی تایبەت بە کەڕەکان. مۆڵەتی فێربوونی زمانی ئاماژەمان پێنەدا. بیرمان لەوە دەکردەوە کە ژیانێکی ئاسایی بژی و لەگەڵ منداڵانی ئاسایدا تێکەڵاو بێت، وە سوور بووین لەسەر ئەو بڕیارە، هەرچەندە بووە هۆی چەندین جار مشتومڕ لەگەڵ فەرمانبەرانی خوێندنگاکە.

لە کاتێکدا لە ئامادەیی بوو، یاریدەدەری بیستنی کارەبایی تاقیکردەوە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو" بە بڕوای ئێمە بەهۆی ئەو حاڵەتەوە بوو کە لە لایەن د. ج. گۆردۆن ویلسۆنی شیکاگۆوە دۆزرایەوە کاتێك منداڵەکە شەش ساڵان بوو، کاتێك نەشتەرگەری بۆ لایەکی سەری منداڵەکە کرد و بۆی دەرکەوت کە هیچ نیشانەیەکی هەبوونی ئەندامی سروشتی بیستن نییە. لە هەفتەی کۆتایی زانکۆیدا، ( هەژدە ساڵ دوای نەشتەرگەریەکە.) شتێك ڕوویدا کە بووە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانیدا.

هەرچەندە ڕەنگە وەك هەڵێکی سادە دەرکەوێت، بووە خاوەنی ئامێرێکی
تیکەی بیستنی کارەبایی، کە وەك تاقیکردنەوە بۆی نێردرا بوو. خاوە
خاوی کرد لە تاقیکردنەوەیدا، بە هۆی بێهیوابوونی لە ئامێرێکی
هاوشێوە. لە کۆتایدا ئامێرەکەی هەڵگرت و سارد و سڕ و بێباکانە
خستیە سەری و پاتریەکەی بەگەڕخست و ئۆه! وەك ئەوەی تەلیسمی
جادووی بەرکەوتبێت، ئارەزووەکەی ژیانی بۆ بیستنی ئاسایی بووە
ڕاستی! بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا بە شێوەیەکی کرداری وەك هەر
مرۆڤێکی ئاسایی دەیتوانی ببیستێت. " خودا بە شێوازگەلی ڕازدار کار
دەکات، سەیر و سەمەرەکانی دەکەونە کار".

شادمان بە بە ئەو دونیا گۆڕاوەی لە ڕێی ئەو ئامێرەوە دروست بوو،
ڕایکرد بۆ تەلەفونەکە، پەیوەندی بە دایکیەوە کرد و بە باشی توانی
گوێی لێ بێت. ڕۆژی دواتر بە ڕوونی گوێی لە دەنگی پرۆفیسۆرەکانی
زانکۆی بوو، بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا!، پێشتر تەنها کاتێك دەیتوانی
گوێی لە دەنگیان بێت کە هاواریان دەکرد، لە مەودایەکی نزیکەوە.
دەنگی ڕادیۆکەی دەبیست، دەنگی فیلمەکانی دەبیست.بۆ یەکەمجار لە
ژیانیدا، دەیتوانی بە دڵی خۆی لەگەڵ خەڵکانی تر گفتوگۆ بکات، بە بێ
ئەوەی پێویست بکات بە دەنگی بەرز قسە بکەن. لە ڕاستیدا بیووە
خاوەنی دونیایەکی گۆڕاو. هەڵەی سروشتمان ڕەتکردبۆوە، وە بە
ئارەزوویەکی بەرهەڵستکارانەوە، سروشتمان ڕازی کرد هەڵەکەی ڕاست
بکاتەوە، لە ڕێی تاکە ئامرازی کرداری بەردەستەوە.

ئارەزوو دەستیکرد بە پێدانی پارەی پشکەکانی، بەڵام سەرکەوتنەکە هێشتا تەواو نەبووە. هێشتا کوڕەکە دەبێت شێوازێکی ڕوون و کرداری بدۆزێتەوە بۆ گۆڕینی کەمئەندامیەکەی بە سەرمایەیەکی شایستە.

بە بێ درککردنێکی ڕاستەقینە بە گرنگی ئەوەی کە چی بەدەستهێناوە، سەرمەست بەو دونیا نوێیە دەنگیەی دۆزیبویەوە، نامەیەکی بۆ دروستکاری ئامرازی بیستنەکە نووسی، بە پەرۆشەوە و شێلگیرانە باسی ئەزموونی خۆی کردبوو. شتێك لە نامەکەدا" شتێك کە ڕەنگە لە نێو دێڕەکاندا نەنووسرابێت، بەڵام لە پشتیانەوە بووبێت" بووە هۆی ئەوەی کۆمپانیاکە بانگهێشتی بکەن بۆ نیۆرك. کاتێك گەیشتە ئەوێ، بە نێو کارگەکەدا گەڕا، وە لە کاتێکدا لەگەڵ ئەندازیاری سەرەکی قسەی دەکرد و باسی دونیا گۆڕاوەکەی بۆ دەکرد، دڵەخورپەیەك، بیرۆکەیەك یان ئیلهامێك هاتە هزرییەوە کە خۆزگەت دەخواست بۆی بێت. ئەو ترپەی بیرکردنەوەیە بوو کە کەمئەندامیەکەی بۆ سەرمایە گۆڕی، لە چارەی نووسرابوو کە هەم لە پارە و هەمیش لە بەختەوەری بەشی هەزاران کەس بدات.

پوختە و کرۆکی ئەو ترپە بیرەی بۆی هات ئەمە بوو: بە هزریدا هات کە ڕەنگە هاوکاری ملیۆنان کەسی کەڕ بکات کە ژیانیان تێپەر دەکەن بە بێ ئەوەی سوود لە ئامێری بیستن وەربگرن، ئەگەر بتوانێت ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی دونیا گۆڕاوەکەی.

لەو ساوە بڕیاریدا کە ئەوەندەی ماویەتی لە ژیاندا تەرخانی بکات بۆ بەخشینی خزمەتی بەسوود بە نابیستان.

یەک مانگی تەواو، لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕی کرد، لەو ماوەیەدا ل تەواوی سیستەمی بازاڕگەری دروستکاری ئامێری بیستنەکەی کۆڵیەوە، وە شێواز و ئامرازی دۆزیەوە بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ تەواوی نابیستانی دونیا بە مەبستی ئەوەی هاوبەشی بە چیرۆکی دونیا گۆڕاوەکەی خۆی بکات لەگەڵیاندا کە تازە دۆزیبویەوە. کاتێک ئەمە تەواو بوو، دەستیکرد بە نووسینی پلانێکی دوو ساڵی، لەسەر بنەمای دۆزینەوە تازەکەی. کاتێک پلانەکەی پێشکەشی کۆمپانیاکە کرد، ڕاستەوخۆ پۆستێکی پێبەخشرا، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

خەونەکەی بچووک بوو، کاتێک چووە سەر کار، ل چارەی نووسرا کە هیوا و خۆشی کرداری بۆ هەزاران نابیست بهێنێت، کە بەبێ یارمەتی ئەو، هەتا مردن نابیستیان بەسەردا دەسەپێنرا.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی بووە هاوکاری دروستکاری یاریدەدەری بیستنەکەی، منی بۆ کلاسێك بانگهێشت کرد کە لە لایەن کۆمپانیاکەوە ڕێکخرابوو، بە مەبەستی فێرکردنی بیستن و قسەکردن بە کەڕ و لاڵەکان. هەرگیز ئەو جۆرە خوێندن و پەروەردەیەم نەبینیبوو، هەر بۆیە سەردانی کلاسەکەم کرد. گوماندار بەڵام هیوادار بووم کە کاتەکەم بە فیڕۆ نەڕۆیشتبێت. لێرە بەرجەستەبوونێکم بینی کە ڕوانینێکی مەزنی پێدام لە هەمبەر ئەوەی کە چیم کردووە بۆ دەرخستن و بە چالاك هێشتنەوەی ئارەزوو بۆ بیستنی ئاسایی لە مزری کوڕەکەمدا. کەڕ و لاڵەکانم دەبینی کە بەڕاستی فێری بیستن و قسە کردن دەکران، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی هەمان ئەو بنەمایەوە کە من بەکارمهێنا، زیاتر لە بیست ساڵ لەمەوبەر، بۆ ڕزگارکردنی کوڕەکەم لە نابیستیەکی بێدەنگ!

بەو جۆرە، لە ڕێگەی هەندێ خولانەوەی سەیری خلۆکەی چارەنووسەوە، من و بلەیری کوڕم، لە چارەمان نووسرا هاوکار بین لە ڕاستکردنەوەی نابیستی بۆ ئەوانەی هێشتا لەدایکنەبوون، چونکە هێندەی بزانم ئێمە تەنها کەسانێکی زیندوو بوین، کە بە دڵنیایەوە ئەو ڕاستییەمان سەلماند کە دەکرێت نابیستی ڕاستبکرێتەوە هەتا ئاستی گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ئەو کەسانەی پێوەی دەناڵێنن. بۆ کەسێك ئەنجامدراوە، بۆ ئەوانی تریش ئەنجام دەدرێت.

هیچ گومانێکم نییە کە بلەیر بۆ تەواوی ژیانی کەڕ و لاڵ دەبوو، ئەگەر من و دایکی هزریمان بەو شێوەیە ڕانەهێنایە کە کردمان. ئەو دکتۆرەی لە کاتی لەدایکبوونیدا ئامادە بوو بە متمانەبەخۆبوونەوە پێی گووتین، کە ڕەنگە منداڵەکە هەرگیز نەبیستێت و قسە نەکات. چەند هەفتەیەك لەمەوبەر، د. ئیرڤینگ ورهێس، تایبەتمەندێکی بەناوبانگ لەو بوارەدا، زۆر بە وردی پشکنینی بۆ بلەیر کرد. سەرسام بوو کاتێك بۆی دەرەوت کە چۆن ئێستا بلەیری کوڕم بە باشی دەتوانێت ببیستێت و قسە بکات، هەروەها گوتی کە پشکنینەکەی ئەوەی دەرخستووە کە " لە ڕووی تیۆرییەوە، کوڕەکە هەر نەدەبوو بتوانێت قسە بکات و ببیستێت." بەڵام کوڕەکە دەتوانێت ببیستێت، سەرباری ئەو ڕاستییەی کە تیشکی ئێکس ئەوەی پیشانداوە کە هیچ دەرچەیەك لە کەللەیدا بوونی نییە، لە شوێنەی کە دەبوو گوێچکەکانی لێ بێت.

کاتێك ئارەزووی بیستن و قسەکردن، ژیان وەك کەسێکی ئاساییم لە هزریدا چاند، لەگەڵیدا هەندێك کاریگەری سەیر پەیدابوو کە وای لە سروشت کرد ببێتە پرد و کەنداوی بێدەنگی نێوان مێشکی و جیهانی

دەرەوە کورت بکاتەوە. بە چەند ئامرزگەلێکە کە زیرەکترین تایبەتمەندی پزیشکی ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە. دەبێتە کوفر بۆ من تەنانەت ئەگەر بۆچوونی خۆشم دەربڕم دەربارەی ئەوەی کە چۆن سروشت ئەو پەرچوەی خولقاند. مایەی لێخۆشبوون نییە ئەگەر ئەوەی دەیزانم دەربارەی ئەو بەشە خۆنەویستانەیەی کە لەو ئەزموونە سەیرە بەدەستمهێنا بۆ ونیای نەگێڕمەوە. ئەوە ئەرکی منە و مایەیی شانازییە باسی ئەوە بکەم کە بڕوام پێیەتی، بە بێ هیچ هۆکارێك، هیچ شتێك مەحاڵ نییە بۆ ئەو کەسەی کە ئارزووەکەی بە باوەڕێك پاڵپشت کردووە.

بە دڵنیایەوە ئارەزووی سوتێنەر شێوزگەلی تاکتیکی خۆی هەیە بۆ خۆگۆڕین و وەرگرتنی شێوەیەکی بەرجەستەی شایستە. بلەیر ئارەزووی بیستنی ئاسایی کرد" ئێستاش بە دەستی هێناوە! بە کەمئەندامییەکەوە لە دایکبوو کە ڕەنگە زۆر بە ئاسانی کەسێك بنێرێتە سەر شەقامەکان کە ئارەزوویەکی ناڕوونتری هەبێت بە دەستەیەك پێنوس و کوپێکی تەنەکەوە. ئێستا ئەو کەمئەندامیە بەڵێنیداوە کە وەك نێوەندێك خزمەت بکات کە بە هۆیەوە کوڕەکەم خزمەتگوزاری بەسوود پێشکەشی ملیۆنان نابیست بکات، هەروەها هەلی کاری شایستە و لە ڕووی دارایەوە باشی بۆ تەواوی ژیانی بۆ دابین بکات.

ئەو " درۆ سپییە" بچووکانەی لە مزیدا ناشتم کاتێك کە منداڵ بوو، بە ئاڕاستەکردنی بەوەی باوەڕ بەوە بهێنێت کە کەمئەندامیەکەی دەبێتە سەرمایەیەك مەزن، کە دەتوانێت سەرمایەی پێ بەگەڕ بخات، کاری خۆی کرد. لە ڕاستیدا، هیچ شتێك بوونی نییە، لە ڕاست و چەوت، باوەڕ هاوڕێ لەگەڵ ئارەزوویەکی سوتێنەردا نەتوانێت بە ڕاستی. ئەم تایبەتمەندیانە

خۆڕاییە بۆ هەموو کەس. لە هەموو ئەزموونەکانمدا لەگەڵ ئەو ژن و پیاوانەی کە کێشەی کەسیان هەبووە. هەرگیز تاکە کەسێکم نەگرتۆتە دەست کە بە ڕوونیەکی زیاتر هێزی ئارەزووی پیشان دابێت. زۆر جار نووسەران هەڵە دەکەن لە نووسین لەسەر بابەتگەلێك کە تەنها زانیاریەکی سەرەتایی یان ڕووکەشانەیان لەسەری هەیە. ئەوە ە بەختی باشی منە کە شانازی تاقیکردنەوەی ڕەوایەتی هێزی ئارەزووم هەبووە، بەهۆی کەمئەندامیەتی کوڕەکەی خۆمەوە. ڕەنگە لە کاتی گونجاوی خۆیدا بووبێت کە ئەزموونەکە بەو جۆرە بوو کە ڕوویدا، چونکە بە دڵنیایەوە هیچ کەسێك لەو باشتر ئامادە نەبوو، بۆ خزمەت کردن وەك نموونەیەك بۆ ئەوەی کە چی ڕوودەدا ئەگەر ئارەزوو بخرێتە ژێر تاقیکاریەوە. ئەگەر دایکە سروشت بۆ ئارەزووی ویست بچەمێنەوە، ئایا لۆژیکیە کە مرۆگەلی سادە و ساکار ئارەزوویەکی سووتێنەر خەفە بکەن؟

هێزی مزری مرۆۆ سەیر و نەخەمڵێنراوە! ئێمە لەو میتۆدە تێناگەین کە بەهۆیەوە هەموو بارودۆخێك، هەموو تاکێکێك، هەموو شتێکی بەرجەستە کە دەستی پێیبگات، وەك ئامرازێك بەکاردەهێنێت بۆ گۆڕینی ئارەزوو بۆ هاوتا بەرجەستەکەی. ڕەنگە زانست ئەو ڕازە ئاشکرا بکات. ئارەزووی بیستن و قسەکردنی ئاساییم وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی لە مزری کوڕەکەمدا ناشت. ئێستا ئەو ئارەزووە بۆتە ڕاستی. لە مزریدا ئەوەم چاند کە مەزنترین کەمئەندامی خۆی بۆ مەزنترین سەرمایە بگۆڕێت. ئەو ئارەزووە خۆی دەرخست و بووە ڕاستی. ئەو شێوازەی بە هۆیەوە ئەم دەرئەنجامە سەرسوڕهێنەرە بەدەست هات باسکردنی هێندە سەخت نییە. پێکدێت لە سێ ڕاستی زۆر ڕوون و ڕەوان" یەکەم، باوەڕم لەگەڵ

ئارەزووی بیستنی ئاسایی تێکەڵکرد و بە کوڕەکەم گەیاند. دووەم، ئارەزووەکەم بە هەر ڕێگەیەکی قایلکەر کە بگونجێت لەگەڵ کوڕەکەمدا هاوبەشی پێکرد، هەرچەندە هەوڵێکی بەردەوام و بەرهەڵستکارانە بوو بە درێژایی چەندین ساڵ. سێیەم، کوڕەکەم بڕوای پێمبوو!

کاتێك ئەم بەشەم تەواو دەکرد، هەواڵی مەرگی خاتوو شومان هینك گەیشت. پەرەگرافێکی کورتی هەواڵەکە سەرداوێکی دابوو لەسەر سەرکەوتنە نایاب و نائاساییەکەی ئەم خانمە وەك گۆرانیبێژێك. پەرەگرافەکەم نووسیەوە، چوونکە سەرە داوەکە جگە لە ئارەزوو هیچی تر نییە.

لە سەرەتایی پیشەکەیدا، خاتوو شومان هینك سەردانی بەڕێوەبەری ئۆپێرایی ڤیەننای کرد، بۆ ئەوەی دەنگی تاقیبکاتەوە. بەڵام دەنگی بۆ تاقینەکردەوە. دوای ئەوەی سەیرێکی کچە داماو جل و بەرگ شڕەکەی کرد، ڕایگەیاند، زۆر دڵڕەقانە،" بە ڕووخسارێکی ئاوارە و بێ هیچ کەسایەتیەك ، چۆن دەتوانی پێشبینی سەرکەوتن بکەیت لە ئۆپێرادا؟ کچە باشەکەم، واز لەو بیرۆکەیە بهێنە، ئامێرێکی درومان بکڕە و دەست بکە بە کار. تۆ هەرگیز ناتوانیت ببیت بە گۆرانیبێژ".

هەرگیز کاتێکی زۆر درێژە! بەڕێوەبەری ئۆپێرایی ڤیەننا زۆری دەربارەی تەکنیکەکانی گۆرانی چڕین دەزانی. بەڵام کەمی دەربارەی هێزی ئارەزوو دەزانی، کاتێك وەك بەشێك لە سەوداسەرییەکی لێدێت. ئەگەر زیاتری لەسەر ئەو هێزە بزانیایە، هەرگیز ئەو هەڵەیەی نەدەکرد و ئەو ڕێگری لەو بلیمەتە نەدەکرد بە بێ ئەوەی دەرفەتێکی پێبدات. چەند ساڵێك لەمەوبەر، یەکێك لە هاوکارە بازرگانیەکانم نەخۆش کەوت. لەگەڵ

تێپەڕینی کات نەخۆشیەکەی خراپتر بوو و دواجار برایە نەخۆشخانە بۆ نەشتەرگەری. ڕێك بەرلەوەی ببرێتە ژووری نەشتەرگەری، سەیرێکیم کرد، لەوە رامام چۆن کەسێکی وەك ئەو لاواز دەکرێت بە سەرکەوتووی لە نەشتەرگەریەکی گەورە دەربچێت. دکتۆرەکە هۆشداری پێدام کە ئەگەرێکی زۆر کەم هەیە جارێکی تر بە زیندوویی بیبینمەوە. بەلأم ئەوە بۆچوونی دکتۆرەکە بوو. ئەوە بۆچوونی نەخۆشەکە نەبوو. ڕێك بەرلەوەی بیبەن، بە لاواز چرپاندی، " دلگران مەبە سەرۆك، چەند ڕۆژێکی تر لێرە دەردەچم." ئەو پەرستارەی لەوێ بوو بە بەزەییەوە سەیری کردم. بەلأم نەخۆشەکە بە سەلامەتی ڕزگاری بوو. دوای ئەوەی هەموو شتێك تەواو بوو، دکتۆرەکەی گوتی، " جگە لە ئارەزووی بۆ ژیان هیچی تر ئەوی ڕزگار نەکرد. هەرگیز دەربازی نەدەبوو ئەگەر پەسەندکردنی مەرگی وەك ئەگەرێك ڕەتنەکردایەتەوە".

باوەڕم بە هێزی ئارەزووە پالپشت بە باوەڕ، چونکە بینیومە ئەو هێزە مرۆگەلیکی لە سەرەتایەکی بچووکەوە بەرەو شوێنگەلی پڕ هێز و سامان بەرز کردۆتەوە" بینیومە کە گۆڕی قوربانیەکانی تالأن کردووە" بینیوومە وەك نێوەندێك بۆ ئەو مرۆڤانە خزمەتی کردووە کە بەهۆیەوە دوای سەتان جارشکستهێنان بە چەندین شێوە گەڕاونەتەوە" بینیومە کە ژیانێکی سەرکەوتوو، بەختەوەر و ئاسایی بۆ کوڕەکەم دابین کردووە، سەرەڕایی ئەوەی سروشت بە بێ گوێچکە ڕەوانەی دونیای کردووە.

چۆن کەسێك دەتوانێت هێزی ئارەزوو کۆنترۆل بکات و بەکاری بهێنێت؟ ئەوە لە ڕێگەی ئەمە و بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا وەلأمدراوەتەوە. ئەم پەیامە بە هەموو دونیادا بلأوبۆوە دوای کۆتاهاتنی درێژترین و ڕەنگە

کاولکارترین گرانی کە هەتا ئێستا ئەمریکا بینیبێتی. ڕێی تێدەچێت کی پەیامەکە ببێتە مایەی سەرنجی زۆرێك لەوانەی کە بە هۆی گرانیەکەوە ئازاریان کێشاوە، ئەوانەی کە سامانەکانیان لەدەستداوە، ئەوانەی کی پێگە و پۆستەکانیان لەدەستداوە، وە کەسانێکی زۆریش کە پێویستە پلانەکانیان ڕێکبخەنەوە و بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. بۆ هەموو ئەوانە خوازیارم کە ئەو بیرۆکەیە بگەیەنم کە هەموو سەرکەوتنەکان، گرنگ نیی کە سروشتی چۆنە، یان ئامانجی چییە، دەبێت بە ئارەزوویەکی بەهێزی سووتێنەر دەست پێ بکات بۆ شتێکی ڕوون و ڕەوان.

لە ڕێگەی هەندێك بنەمای سەیر و بەهێزی " کیمیای هزری" یەوە کە هەرگیز ئاشکرای نەکردووە، سروشت خۆی لە ترپەکانی ئارەزوویەکی بەهێز دەپێچێت " ئەو شتێك"ە کە هیچ وشەیەك بە ناوی مەحاڵ نازانێت، وە هەرگیز کەتوارێکی ئاوا وەك شکست پەسەند ناکات.

بەشی ٣

# ویناکردنی باوەڕ و بڕوابوون بە بەدەستهێنانی ئارەزوو

----------

## هەنگاوی دووەم بەرەو سامان

باوەڕ کیمیاگەری سەرەکی زهنە. کاتێك باوەڕ لەگەڵ لەرەلەری بیر تێکەڵ دەکرێن، هۆشی نائاگا ڕاستەوخۆ لەرەلەرەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیگۆڕێت بۆ هاوشێوەیەکی ڕۆحی. دواتر دەیگوازێتەوە بۆ زیرەکی بێسنوور، وەك لە بابەتی نزا و پاڕانەوەدا دەردەکەوێت.

غەریزەکانی باوەڕ، ئەوین و سێکس بەهێزترینی نێو هەموو غەریزە سەرەکیە ئەرێنیەکانن. کاتێك ئەو سیانە تێکەڵ دەکرێن، کاریگەری "ڕەنگکردن" ی لەرەلەری بیرەکەیان هەیە بە چەشنێك کە ڕاستەوخۆ بگاتە هۆشی نائاگا، لەو شوێنەی کە دەگۆڕێت بۆ هاوتایەکی ڕۆحی، تاکە شێوەیەك کە زیرەکی بێسنوور ڕازی دەکات وەڵام بداتەوە.

ئەوین و باوەڕ نابەرجەستەن، پەیوەندیدارن بە لایەنی ڕۆحی مرۆڤەوە. سێکس بە تەواوەتی زیندەییە، وە تەنها پەیوەندیدارە بە جەستەوە. تێکەڵاوکردنی ئەو سێ غەریزەیە کاریگەری کردنەوەی هێڵێکی ڕاستەوخۆی پەیوەندیکردنی هەیە لە نێوان زهنی بیرکەرەوەی سنووردراری مرۆڤ و زیرەکی بێسنوور.

## چۆن باوەڕ گەشەپێبدرێت

ئێستا ئەو دەربڕینانە دێن کە تێگەیشتنێکی باشتر دەدات دەربارەی گرنگی بنەمای خوود ـ پێشنیاری لە بابەتی گۆڕینی ئارەزوو بۆ هاوتا بەرجەستە یان دارایییەکەی" ئەوا دەبێت بڵێین: باوەڕ حاڵەتێکی زهنیە ی دەشێت قایل بکرێت، یان دروست بکرێت بە پەسەندکردن یان فەرمانکردنی بەردەوام بە هۆشی نائاگا، لە ڕێگەی بنەمایی خوود ـ پێشنیاریەوە.

وەك وێنکاریەك، بیر لەو ئامانجە بکەرەوە کە وا لە تۆ دەکات ئەم کتێبە بخوێنیتەوە. بابەتەکە ئەمەیە، بە سروشتی، بۆ بەدەستهێنانی توانای گۆڕینی ترپە بیرێکی نابەرجەستەی ئارەزووە بۆ هاوتا بەرجەستەکەی کە پارەیە.

بە شێوێنکەوتنی ئەو ڕێنماییانەی لە بەشەکانی خوود ـ پێشنیاری و هۆشی نائاگادا جێکراونەتەوە، کە لە بەشی خوود ـ پێشنیاریدا کورت و پوخت کراوەتەوە، دەشێت بتوانیت کە هۆشی نائاگات قایل بکەیت کە بڕوات وایە ئەوە بەدەستدەهێنیت کە داوای دەکەیت و دەتەوێت، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو باوەڕ کار دەکات، کە هۆشی نائاگات لە شێوەی " باوەڕ" دا بۆتی دەگوێزێتەوە، بە شوێنیدا پلانی ورد و ڕوون بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە ئارەزووی دەکەیت.

ئەو میتۆدەی کە باوەڕی پێ گەشەپێدەدرێت، لە کاتیکدا کە پێشتر بوونی نەبووە، زۆر سەختە باسکردنی، لە ڕاستیدا هێندەی ئەوە سەختە کە باسی ڕەنگی سوور بۆ مرۆڤێکی نابینا بکەیت کە هەرگیز ئەو ڕەنگەی نەبینیوە و هیچ شتێکی نییە هەتا ئەوەی پێ بەراورد بکات کە بۆی باس

دەکەیت. باوەڕ حاڵەتێکی زهنیە کە دەتوانێت گەشەی پێبدەیت دوای ئەوەی شارەزایی سیانزە بنەماکە بوویت، چونکە ئەوە حاڵەتێکی زهنیە کە خۆڕسکانە گەشە دەکات، لە ڕێی جێبەجێکردن و بەکارهێنانی ئەو بنەمایانەوە.

دووبارەکردنەوەی فەرمانی قایلبوون و پێدانی بە هۆشی نائاگا تاکە میتۆدی ناسراوە بۆ گەشەکردنی خۆڕسکانەی غەریزەی باوەڕ. ڕەنگە مانای ئەمە لە ڕێگەی ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە ڕوونتربێتەوە دەربارەی ئەو شێوازەی کە مرۆڤی پێدەبێتە تاوانکار. ئەمە قسەی تاوانناسێکی بەناوبانگە کە دەڵێت، " کاتێک مرۆڤ سەرەتا بەر تاوان دەکەوێت، قێزی لێدەکەنەوە. ئەگەر بۆ ماوەیەک بەرکەوتنیان هەبێت لەگەڵ تاواندا، ئەوسا ڕادێن لەگەڵیدا و بەرگەی دەگرن. ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر بەرکەوتنیان هەبێت لەگەڵیدا، دواجار لە ئامێزی دەگرن و پێی کاریگەر دەبن".

ئەمە هاوتای ئەوەیە کە هەر ترپە بیرێك کە بەردەوام بۆ هۆشی نائاگا گوازرایەوە، لە کۆتایدا پەسەندی دەکات و هۆشی نائاگا لەسەر بنەمای ئەو بیرە کار دەکات، کە دەبێتە پرۆسەی گۆڕینی ئەو ترپە بیرە بۆ هاوتا بەرجەستەکەی، لە ڕێی کرداریترین ڕێکاری بەردەستەوە.

هەر پەیوەندیدار بەم بابەتەوە، دووبارە بیر لە دەربڕینەکە بکەرەوە، هەموو ئەو بیرانەی کە بە سۆز بارگاوی کراون، ( هەستیان پێدراوە) وە لەگەڵ باوەڕ تێکەڵکراون، یەکسەر دەست دەکەن بە گۆڕینی خۆیان بۆ هاوتا یان بەرامبەرەکەیان.

غەریزەکان، یان پشکی "هەستەکان" ی بیرەکان، هۆکاری پێدانی چالکی و ژیان و جوولەن بە بیرەکان. غەریزەکانی باوەڕ، ئەوین و سێکس، کاتێک لەگەڵ هەر ترپە بیرێکدا تێکەڵ دەکرێن، جوولە وچالکیەکی زیاتریان دەبێت بەراورد بە هەریەکە لەو غەریزانە بە تەنها.

نەک تەنها ئەو ترپە بیرانەی کە لەگەڵ باوەڕدا تێکەلاو کراون ، بەڵکو هەر ترپە بیرێك کە لەگەڵ غەریزەیەکی نەرێنی یان هەر غەریزەیەکی نەرێنی تێکەڵ بکرێن، دەشێت بگاتە هۆشی نائاگا و کاریگەری هەبێت لەسەری.

لەم دەربڕینەوە، تێدەگەیت کە هۆشی نائاگا دەگۆڕێت بۆ هاوتا بەرجەستەکەی، ترپەیەکی بیری نەرێنی یان لەناوبەر، بە هەمان شێوەی ترپە بیرێکی ئەرێنی یان دروستاکەر کار دەکات. ئەمە ئەو دیاردە نامۆیانەش دەگرێتەوە کە ملیۆنان کەس ئەزموونی دەکەن، کە بە "بەختی خراپ" ئاماژەی پێدەکرێت.ئەوانە کەسانێکن کە باوەڕیان بە خۆیان هێناوە کە هەژاری و شکست لە چارەیان نووسراوە، بە هۆی هێزێکی نەناسراوەوە کە باوەڕیان وایە ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن. ئەوانە دروستاکەری "بەدبەختی" خۆیانن، بەهۆی ئەم باوەڕە نەرێنیەوە، کە لەلایەن هۆشی نائاگاوە هەلگیراوەتەوە و گۆڕدراوە بۆ هاوتا بەرجەستەکەی.

ئێرە شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەوەی دووبارە پێشنیارێك بکەم کە ڕەنگە بە سوود بێت بۆت، بە گواستنەوەی بۆ هۆشی نائاگات، هەر ئارەزوویەك کە خۆزگە دەخوازیت بیگۆڕیت بۆ هاوتا بەرجەستە یان داراییەکەی، لە حاڵەتێکی زهنی یان باوەڕی وادا کە گۆڕانکاریەکە بە ڕاستی ڕوودات. باوەڕەکەت، ئەو پێکهاتەیە کە کاری هۆشی نائاگات دیاری دەکات. هیچ

بارگرانیەك و ڕێگرێك نییە لەوەی کە هۆشی نائاگات " هەڵبخەڵەتێنیت" کاتێك لە ڕێگەی خوود - پێشنیاریەوە فەرمانی پێدەدەیت، هەروەك چۆن من هۆشی نائاگای کوڕەکەمم هەڵخەڵەتاند.

بۆ ئەوەی ئەم " هەڵخەڵەتاندنە" ڕاستەقینەتر بێت، بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکە وەك ئەوەی هەر لە ئێستاوە بوویتە خاوەنی ئەو شتە مادیانەی کە خەونی پێوە دەبینیت، کاتێك بانگی هۆشی نائاگات دەکەیت.

هۆشی نائاگا دەگۆڕێت بۆ هاوتا بەرجەستەکەی ، لە ڕێگەی ڕاستەخۆترین و کرداریترین ئێوەندی بەردەستەوە، هەر فەرمانێك کە پێی دەدرێت لە دۆخی باوەڕدا، ئەوا فەرمانەکە جێبەجێ دەکرێت.

بەدڵنیاییەوە، زۆر گوترا لەسەر پێدانی خاڵێکی دەسپێك ، کە بە هۆیەوە کەسێك دەشێت لە ڕێی تاقیکاری و ڕاهێنانەوە، توانای تێکەڵکردنی باوەڕ لەگەڵ هەر فەرمانێك کە بە هۆشی نائاگا دەدرێت بەدەستبهێنێت.

کاملی لە ڕێی ڕاهێنانەوە بەدیدێت. نکرێت بە تەنها خوێندنەوەیەکی سادەی ڕێنماییەکان بەدیبێت.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە کەسێك بە هۆگری لەگەڵ تاواندا دەشێت ببێتە تاوانکار، ( وە ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە)، بە هەمان شێوەش ڕاستە کە دەکرێت کەسێك گەشە بە باوەڕ بدات بە خۆڕسکانە پێشنیار کردن بۆ هۆشی نائاگا کە ئەو کەسە باوەڕی هەیە. لە کۆتایدا، هۆش دەچێتە سەر سروشتی ئەو کاریگەرییەی داگیری کردووە. لەم ڕاستییە تێبگە، ئەوسا دەزانی کە بنچینەیە بۆت کە هانی غەریزە ئەرێنییەکانت

بدەیت و بیانکەیتە هێزە سەرەکیەکانی زهنت، وە هەستە ئەرێنیەکان لە

کۆڵ خۆت بکەرەوە.

زهنێك کە پڕ بێت لە هەستە ئەرێنیەکان، دەبێتە مەکۆیەك بۆ حاڵەتێکی زهنی کە پێی دەگوترێت باوەڕ. زهنێکی ئاوا دەشێت ڕێنماییگەلێك بە هۆشی نائاگا بدات، کە یەکسەر پەسەندیان دەکات و لەسەر بنەمای ئەو ڕێنمایانە کار دەکات.

باوەڕ حاڵەتێکی زهنیە کە دەشێت لە ڕێی خوود ـ پێشنیارەوە قایل بکرێت.

بە درێژایی هەموو سەردەمەکان، ئاینداراکان مرۆڤایەتی ئاگادار دەکەنەوە هەتا " باوەڕیان هەبێت" بەم ئاین و بەو دۆگمایە، بەڵام شکستیان هێناوە لەوەی بە خەڵکی بڵێن چۆن باوەڕیان هەبێت. ئەوەیان دەرنەبڕیوە کە " باوەڕ حاڵەتێکی زهنیە، وە دەکرێت لە ڕێی خوود ـ پێشنیارەوە قایل بکرێت".

بە زمانێك کە هەموو مرۆڤێکی ئاسایی لێی تێدەگات، باسی هەموو ئەو شتانە دەکەین کە دەزانرێت دەربارەی ئەو بنەمایەی کە دەکرێت لە ڕێیەوە باوەڕ گەشە پێبدرێت، لە کاتێکدا کە پێشتر نەبووە، باوەڕت بە خۆت هەبێت: باوەڕت بە بێسنوور دەبێت.

بەرلەوەی دەستپێبکەین، دەبێت دووبارە ئەوەتان بیربخەمەوە: باوەڕ " ئاوی ژیان"ە کە ژیان، هێز و جووڵە دەدات بە ترپە بیرەکە!

ڕستەی داهاتوو شایەنی ئەوەیە بۆ دووەم و سێهەم و چوارەم و بە دەنگی بەرز بخوێندرێتەوە!

باوەڕ خاڵی دەستپێکی کۆکردنەوەی سامانە!

باوەڕ بنەچەی هەموو "پەرجووەکانە،" وە هەموو ئەو ڕازانەی کە ناتوانرێت بە یاساکانی زانست لێکبدرێنەوە!

باوەڕ تاکە دژە ژەهری ناسراوە بۆ شکست!

باوەڕ پێکهاتەیەکە کاتێك لەگەڵ نزا تێکەڵ دەکرێت، کەسەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆ دەگرێت لەگەڵ زیرەکی بێسنوور.

باوەڕ ئەو پێکهاتەیەیە کە لەرەلەری ئاسایی بیر، دروستکراو لە لایەن زهنی سنوورداری مرۆڤەوە، بۆ هاوتا ڕۆحیەکەی دەگۆڕێت.

باوەڕ تاکە کایەیە کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت هێزی گەردوونی زیرەکی بێسنوور کۆنترۆڵ بکات و بەکاری بهێنێت.

هەریەکە لەم گوزارشتانەی خوارەوە توانای سەلماندنی هەیە!

بەڵگەکەبە بە ئاسانی و سادەیی پیشاندەدرێت. لە بنەمای خوود ـ پێشنیاریەوە پێچراوە. کەواتە باچەقی سەرنجمان لەسەر بابەتی خوود ـ پێشنیاری بێت، وە بزانین کە چییە، وە توانای بەدەستهێنانی چی هەیە.

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە دواجار باوەر بەو گوزارشتە دەکەیت کە بەردەوام بۆ خۆتی دووبارە بکەیتەوە. جا ئەگەر قسەکە ڕاست بێت یان چەوت. ئەگەر مرۆڤ بەردەوام و لەسەر یەك درۆیەك دووبارە بکاتەوە، لە کۆتایدا درۆکە وەك ڕاستییەك پەسەند دەکات. سەرباری ئەوەش، باوەڕ بەوە دەکات کە ببێتە ڕاستی. هەموو مرۆڤێك ئەوەیە کە هەیە، بە هۆی ئەو بیرە سەرەکیانەوە کە ڕێگەیان پێدەدات زهنی داگیر بکەن. بیرگەلێك کە مرۆڤ بە مەبەستەوە دەیانخاتە زهنی خۆیەوە، وە بە هاوسۆزیەوە دنەیان دەدا، یەکێك یان هەندێك لە سۆزەکانی تێکەڵ

دەکات لەگەڵیاندا، دەبێتە بەشێک لە هێزە هاندەرەکان، کە هەموو جووڵە، کردە و ڕەفتارێکی کەسەکە کۆنترۆڵ و ئاڕاستە دەکات!

ئێستا یەکێک لە گرنگترین گوزاشتە ڕاستەکان دەگوترێت:

بیرگەلێک کە لەگەڵ هەر یەکە لە هەست و سۆزەکان تێکەڵ بکرێت، هێزێکی "موگناتیسی" دروست دەکات کە سەرنجی لەرەلەرە هاوشێوەکانی ئەسیر، یان بیرە پەیوەندیدارەکان ڕادەکێشێت.

بیرێک کە بە سۆزێک بارگاوی کرابێت دەکرێت بەراورد بکرێت بەو تۆوەی کە کاتێک لە خکێکی بەپیتدا دەچێنرێت، چەکەرە دەکات، گەشەدەکات و بەردەوام خۆی چەند هێندە دەکات، هەتا ئەو کاتەی ئەو تاکە تۆوە بچووکە دەبێتە ملیۆنان تۆو لە هەمان جۆر!

ئەسیر بارستەیەکی مەزنی گەردوونیە لە هێزی نەمری لەرەلەر. دروست بووە لە دەرئەنجامی لەرەلەری دروستاکەر و لەرەلەری وێرانکەر. هەموو کاتێک، لەرەلەرەکانی ترس، هەژاری، نەخۆشی، شکست و ناڕەحەتی هەلگرتووە" هەروەها لەرەلەری بەختەوەری، لەشساغی، سەرکەوتن، خۆشگوزەرانییشی هەلگرتووە، هەروەک چۆن بە دڵنیایەوە دەنگی سەتان ئۆرکێستڕای میوزیک و دەنگی سەتان مرۆڤ هەڵدەگرێت، کە هەریەکەیان خاوەنی تکێتی و شوناسی خۆیان، لە ڕێگەی نێوەندگیری ڕادیۆوە.

لە خەزێنەی مەزنی ئەسیرەوە، زەینی مرۆڤ بەردەوام لەرەلرگەلێک ڕادەکێشێت کە هاوڕیتمە لەگەڵ ئەو لەرەلەرەی زەینی مرۆڤی داگیر کردووە. هەر بیرێک، بیرۆکەیەک، پلانێک یان ئامانجێک کە کەسێک لە زەینی خۆیدا هەڵی دەگرێت، لە لەرەلەری ئەسیرەوە ڕادەکێشرێت، خانەخوێی

خزمەکانی، ئەم خزمانە زیاد دەکات بۆ هێزەکەی خۆی و گەشە دەکات هەتا دەبێتە هێزی سەرەکی و هاندەری ئەو زەنەی تێیدا نیشتەجێیە.

ئێستا، با بگەڕێینەوە بۆ خاڵی دەستپێک، وە زانیاری دەربارەی ئەوە وەرگرین کە چۆن تۆوی ڕەسەنی بیرۆکەیەک، پلانێک یان ئامانجێک لە زەندا دەچێنرێت. زانیاریەکە زۆر بە ئاسانی دەگەیەنرێت: هەر بیرۆکەیەک، پلانێک یان ئامانجێک دەکرێت بە هۆی دووبارەکردنەوەی بیرەکە لە زەندا جێگیر بکرێت. هەر لەبەرئەوە بوو داوات لێکرا کە گوزارەی ئامانجە سەرەکیەکەت، یان مەبەستە دیاریکراوە سەرەکیەکەت بنووسیت، لە یادەوەریتدا هەڵی بگریت و دووبارەی بکەیتەوە بە وشەگەلی بیستراو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، هەتا ئەو کاتەی ئەو لەرەلەری دەنگانە دەگەنە هۆشی نائاگات.

ئێمە ئەوەین کە هەین، بە هۆی ئەو لەرەلەری بیرەوە کە هەڵمان گرتۆتەوە و تۆمارمان کردووە، لە ڕێی کارتێکەرەکانی ژینگەی ژیانی ڕۆژانەمانەوە.

چارەیەک بدۆزەرەوە بۆ نەهێشتنی کاریگەری هەر ژینگەیەکی نەخوازراو و بنیاتنانی ژیای خۆت بە پێی دیسپلینێک. بە بردنی قەرز و سەرمایە زەنیەکان، ئەوسا بۆت دەردەکەوێت کە گەورەترین لاوازیت نەبوونی متمانەبەخۆبوونە. دەکرێت بەسەر ئەو کەمنەندامییە زاڵبیت، وە بگۆڕدرێت بۆ بوێری، بە هارکاری بنەمای خوود — پێشنیاری. جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە دەکرێت لە ڕێی ڕێکخستنی تربە بیرە ئەرێنیەکانەوە بێت کاتێک بە نووسین دەردەبڕدرێن، ئەزبەر دەکرێن و

دووباره دەکرێنەوە. هەتا ئەو کاتەی دەبنە بەشێك لە ئامرازی کارکردنی توانای ئائاگای زهنت.

**هاوکێشەی متمانە بەخۆبوون**

**یەکەم:** دەزانم کە توانای بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکەمم هەیە لە ژیاندا، هەربۆیە، خەون بە خۆمەوە دەبینم کە مکووڕانە و بەردەوام لە جووڵەدام بەرەو بەدەستهێنانی، وە لێرە و لەوێ بەڵێن دەدەم کە ئەو جووڵەیە بەمە کار.

**دووەم:** درکم بەوە کرد کە بیرە سەرەکیەکانی نێو زهنم دواجار لە دەرەوەدا خۆیان بەرهەم دەهێنەوە، جووڵەیەکی بەرجەستە دەکەن، دواتر وردە وردە دەبن بە ڕاستەقینەیەکی بەرجەستە، هەربۆیە، ڕۆژانە بۆ ماوەی نیو کاژێر لە بیرەکانم ڕادەمێنم، بیرکردنەوە دەبارەی بوونە ئەو کەسەی کە مەبەستمە. بەوجۆرە وێنەیەکی زهنی ڕوونی ئەو کەسەی دەمەوێت ببم لە زهنمدا دروست دەکەم.

**سێیەم:** لە ڕێی بنەمای خورد - پێشنیاریەوە دەزانم کە هەر ئارەزوویەك لە زهنمدا هەڵگرم لە سەرەنجام بە پاڵپشتی ڕێکارێکی کرداری بە شوێن گوزارشتکردن لە خۆیدا دەگەڕێت. هەربۆیە، ڕۆژانە دە خولەك تەرخان دەکەم بۆ فەرمانکردن بەسەر خۆمدا بۆ گەشەپێدانی متمانەبەخۆبوون.

**چوارەم:** بە ڕوونی باسی ئامانجی دیاریکراوی سەرەکیم لە ژیاندا نووسیوەتەوە، وە هەرگیز واز لە هەوڵدان ناهێنم، هەتا ئەو کاتەی متمانەبەخۆبوونی پێویست بەدەست دەهێنم بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەم.

پێنجەم: بە تەواوەتی درک بەوە دەکەم کە هیچ سامان و پێگەیەك ماوەیکی زۆر درێژە نکێشێت، ئەگەر بناغەکەی لەسەر ڕاستی و دادپەروەری نەبێت، هەربۆیە، خۆم لە هیچ مامەڵەیەکەوە ناگلێنم کە سوودی بۆ هەموو ئەوانە نەبێت کە کاریان تێدەکات. سەرکەوتوو دەبم بە ڕکێشانی ئەو ئەو هێزانەی دەمەوێت بەکاریان بهێنم بۆ لای خۆم و کارکردن لەگەڵخەڵکانی تردا. ئەوانی تر ڕازی دەکەم خزمەتی من بکەن، بە هۆی ئامادەییمەوە بۆ خزمەتکردنی ئەوانی تر. کینە، ئیرەیی، ڕژدی، خۆپەرستی و خورد سەنتەری ناهێڵم، بە پەرەپێدانی خۆشەویستی بۆ هەموو مرۆڤایەتی، چونکە دەزانم هەڵسوکەوتی نەرێنی بەرامبەر ئەوانی تر هەرگیز ناتوانێت سەرکەوتنم بۆ بهێنێت. وادەکەم ئەوانی تر باوەڕم پێ بکەن. چونکە منیش باوەڕ بە ئەوان و بە خۆشم دەکەم.

من ناوی خۆم بۆ ئەم هاوکێشەیە واژۆ دەکەم، لە یادەوەریمدا هەڵیدەگرم، وە ڕۆژی جارێك بە دەنگی بەرز دووبارەی دەکەمەوە، بە باوەڕێکی قفتەواوەوە بەوەی کە وردە وردە کاریگەری دەکاتە سەر بیر و کردارەکان بۆ ئەوەی ببمە کەسێکی پشت بە خۆ بەستوو سەرکەتوو.

لە پشتی ئەم هاوکێشەیەوە یاسایەکی سروشت هەیە کە هەتا ئێستا هیچ مرۆڤێك نەیتوانیوە ڕوونی بکاتەوە. زانایانی هەموو سەردەمەکانی سەراسیمە کردووە. دەروونناسەکان ناویان لەم یاسایە ناوە " خوود - پێشنیاری،" ئێمەش هەر بەو جۆرە ناوی دەهێنین.

ئەو ناوەی کە هەر کەسێك لەم یاسایەی دەنێت گرنگیەکی ئەوتۆی نییە. ڕاستییە گرنگەکە ئەوەیە کە چییە ـ ئەوەیە کە کار بۆ شکۆ و سەرکەوتنی مرۆڤایەتی دەکات، ئەگەر بنیاتەرانە بەکاربێت. لە لایەکی

ترەوە، ئەگەر وێرانکەرانە بەکاربێت، بە هەمان شێوە ئامادەی لەناوبردنە. لە دەربڕینەدا دەشێت ڕاستییەکی زۆر گرنگ بدۆزرێتەوە، ب دیاریکراوی: ئەوانەی بە هۆی شکستەوە دەکەون، وە ژیانیان لە هەژاری، ناسۆر و دڕدۆنگیدا بەسەر دەبەن، ئەمانە دەکەن بە هۆی خراپ بەکارهێنانی خورد - پێشنیاریەوە.

هۆکارەکەی ڕەنگە لەو ڕاستییەدا بدۆزرێتەوە کە هەموو ترپە بیرەکان مەیلی ئەهیان تێدایە کە خۆیان لە هاوتا بەرجەستەکەیاندا حەشار بدەن. هۆشی نائاگا، (ئەو تاقیگە کیمیایەی کە هەموو ترپە بیرەکانی تێدا لێکدەدرێت و ئامادە دەکرێن بەرجەستە بوون)، هی جیکاریەك نکات لە نێوان ترپە بیری دروستاکەر و ترپە بیری لەناوبەردا. کار لەگەڵ ئەو ماددانە دەکات کە وەك خۆرك پێی دەدەین، لە ڕێی ترپە بیرەکانمانەوە. هۆشی نائاگا وەك چۆن هەر بیرێکی پاڵپشت بە باوەڕ و بوێری دەگۆڕێت بۆ ڕاستی بە هەمان شێوە ئەو بیرانەش دەکاتە ڕاستی کە بە هۆی ترسەوە دنە دەدرێن.

لاپەڕەکای مێژووی پزیشکی پڕە لە نموونەی کەیسەکانی " خۆکوشتنی پێشنیارکراو." مرۆڤ دەکرێت بە هۆی پێشنیارێکی نەرێنییەوە خۆی بکوژێت، بە هەمان شێوەی هەر هۆکارێکی تر. لە شاری میدوێستڕن، پیاوێك بە ناوی جۆزێف گرانت، فەرمانبەرێکی بانك، بڕێکی زۆر پارەی بانکەکەی قەرز کرد، بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرەکان. بە هۆی قومارەوە پارەکەی لەدەستدا. دواینیوەڕۆیەك، پشکنەری بانك هات و دەستی کرد بە پشکنینی هەژمارەکان. گرانت بانکەکەی بەجێهێشت، لە هۆتێلێکی ناوخۆیی ژوورێکی بەکرێ گرت، وە کاتێك دوای سێ ڕۆژ دۆزیانەوە، لە

جێگەکەیدا ڕکشابوو هاواری دەکرد و دەینالاند، لێکدا لێکدا ئەم وشانەی دووبارە دەکردەوە، " خودایە، ئەمە دەمکوژێت! ناتوانم بەرگەی ئابڕووچوون بگرم." لە ماوەیەکی کورتدا مرد. دکتۆرەکە ڕایگەیاند هۆکارەکەی " خۆکوژی زهنی " بووە.

هەروەك چۆن کارەبا پێچکەی پیشەسازی دەسوڕێنێت و خزمەتگوزاری بەسوود پێشکەش بکات ئەگەر بنیاتنەرانە بەکار بێت" دەنا ئەگەر خراپ بەکاربێت ژیان ناهێڵێت، یاسای خوود ـ پێشنیاریش بەرەو ئاشتی و خۆشگوزەرانیت دەبات. یان دەتخاتە ناو دۆڵی ناسۆر، شکست و مەرگ، بەپێی پلەی تێگەیشن و جێبەجێکردنی یاسکە.

ئەگەر زهنت پڕ بکەیت لە ترس، گومان و باوەڕنەبوون بە توانات بۆ پەیوەندی و بەکارهێنانی هێزەکانی زیرەکی بێسنوور، یاسای خوود ـ پێشنیاری ئەم ڕۆحیەتی بێباوەڕیە دەبات و وەك نەخشەڕێگایەك بەکاریدەهێنێت کە بەهۆیەوە هۆشی نائاگا دەیگۆڕێت بۆ هاوتا بەرجەستەکەی.

**ئەم دەربڕینەوە هێندەی دوو کۆ دوو دەکات چوار ڕاستە**

وەك با کە کەشتیەك بەرەو خۆرئاوا دەبات و دانەیەکیش بەرەو خۆرهەلات، یاسای خوود ـ پێشنیاریش یان بەرزت دەکاتەوە یان نەغرۆت دەکات، بە گوێرەی شێوازی دانانی ڕەوتی سەوڵەکانی بیرت.

یاسای خـورد ـ پێشـنیاری، کـە بەهۆیـەوە هەرکـەس دەتوانێـت هـەن لوتاکەی سەرکەوتنێك بڕوات کـە سنووری خـەیاڵ ببڕێـت. لـەم شیعرەی خوارەوەدا بە چکی پەسن کراوە.

"ئەگەر پێتوایە لێندراوە، ئەوا لێندراوە،
ئەگەر پێتوایە بوێریت نییە، کەواتە نیتە
ئەگەر حەز دەکەی سەرکەویت، بەڵام پێتوایە ناتوانیت،
زۆر دڵنیابە کە ناتوانیت.

"ئەگەر پێتوابێت کە دەدۆڕێت، ئەوا دۆڕاویت
چونکە لەم دونیایەدا بۆمان دەرکەوتووە،
سەرکەوتن بە ویستی کەسەکە دەست پێدەکات ـ
هەمووی لە دۆخی زهندایە.

"ئەگەر پێتوایە لە دەرەوەی کۆمەڵی، کەواتە وایت،
دەبێت بە بەرزی بیر بکەیتەوە هەتا بەرز ببیتەوە،
دەبێت لە خۆت دڵنیابیت بەرلەوەی
تەنانەت خەڵاتێکیش ببەیتەوە
"مەیدانی ژیان هەمیشە لە خزمەت
مرۆڤە بەهێز و خێرکاندا نییە
بەڵام زوو بێت یان درەنگ ئەو کەسەی دەیباتەوە
ئەو کەسەیە کە وا بیر دەکاتەوە دەتوانێت"!

سەرنجی ئەو وشانە بدەن ك جەختی لێکراوەتەوە، ئەوسا لە ئەو مانا قووڵە تێدەگەیت کە لە زەینی هۆزانڤانەکەدا بووە.

لە شێنێکی بونیادتدا ( ڕەنگە لە خانەکانی مێشکدا، تۆوی سەرکەوتن خەوتبێت، کە ئەگەر هەڵبستێت و دەست بە کار بێت، بەرەو لوتکەگەلێکت دەبات، بەجۆرێك کە هەرگیز هیوی بەدەسهێنانیت نەبووە.

هەروەك چۆن میوزیسیانێکی بەتوانا دەکرێت جوانترین پارچە میوزیك بژەنێت بە تاڵەکانی کەمانچەیەك، ئاواش دەکرێت ئەو بلیمەتیەی لە مێشکتدا خەوتووە هەڵسێت و ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی بتگەیەنێتە بەرزترین ئامانج کە خۆزگەی بۆ دەخوازیت.

ئەبراهام لینکۆڵن شکتی هێنا لە هەر شتێکدا کە تاقی کردەوە، هەتا دوای تەمەنی چل ساڵیش. بەڕێز هیچکەس بوو لە هیچشوێنێکەوە. هەتا ئەو کاتەی ئەزموونێکی مەزن هاتە ژیانیەوە، بلیمەتیە نووستوەکەی دڵ و مێشکی بەئاگا هێنا و یەکێك لە مەزنترین مرۆڤەکانی پێشکەش بە دونیا کرد. ئەو " ئەزموونە" لەگەڵ هەستەکانی ئەوین و خەفەت تێکەڵاو بوو. بە هۆی ئان ڕوتلێج، تاکە ژنێك کە لە هەموو ژیانیدا خۆشیویستبێت.

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەستی ئەوین زۆر نزیکە لە دۆخێکی زەنی کە بە باوەڕ ناسراوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەوین زۆر نزیکترە لەوەی کە ترپە بیرێك بۆ هاوتا ڕۆحیەکەی بگوێزێت. لە کاتی ئەم توێژینەوەیەدا، نووسەر لە ڕێی شیکردنەوەی ژیان و کار و دەستاکەوتی سەت کەسی بلیمەتەوە بۆی دەرکەوتووە کە ، بە نزیکەی کاریگەری ئەوینی ژن لە پشت هەموویانەوە بووە. هەستی ئەوین، لە دڵ و مێشکی

مرۆڤدا، ناوچەیەکی خوازیاری ڕکێشەری موگناتیسی دروست دەکات، ڕێژەیەکی زۆرتر لەرەلەری بەرزتر و باشتر ناو ئەسیر ڕادەکێشێت.

ئەگەر خۆزگە بۆ بەڵگەی هێزی باوەڕ دەخوازیت، سەرکەوتنەکانی ئەو ژن و پیاوانە بخوێنەوە کە بەکاریان هێناوە. لە سەرەوەی لیستەکە نازارێن دێت. مەسیحیەت تاکە هێزێکە کە کاریگەری لەسەر زهنی مرڤەکان هەیە. بناغەی مەسیحیەت باوەڕە، گرنگ نییە چەند کەس دەستدرێژیان کراوەتە سەر، یان مانای ئەم باوەڕەیان بە هەڵە لێکداوەتەوە، وە گرنگ نییە چەند دۆگما و نەریتێك بە ناویەوە درووستکراوە، کە ڕەنگدانەوەی باوەڕە ڕاستەقینەکە نییە.

کرۆك و پوختەی فێرکاری و دەستاکەوتەکانی مەسیح، کە ڕەنگە وەك " پەرجو" لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. کە جگە لە باوەڕ هیچیتر نییە. ئەگەر دیاردەگەلی وەك " پەرچو" بوونی هەبێت ئەوا تەنها لە ڕێی دۆخێکی زهنیەوە بەرهەم دێن کە بە باوەڕ ناسراوە! هەندێك لە مامۆستا ئاینیەکان، وە زۆرێك لەوانەی بە خۆیان دەڵێن مەسیحی. نە لە باوەڕ تێدەگەن و نە کاری پێدەکەن.

با بیر لە هێزی باوەڕ بکەینەوە، کە ئێستا لە لایەن کەسێکەوە پیشاندراوە کە لای هەموو شارستانیەتەکن ناسراوە، ماهاتما غاندیی هیندستان. لەم پیاوەدا دونیا یەکێکە لە سەرسامکەرترین نموونەکانی دەربارەی ئەگەرەکانی باوەڕ دەخاتە ڕوو. غاندی زۆرترین هێزی سروشتی تێدا بوو بەراورد بە هەر کەسێکی سەردەمی خۆی، ئەمەش، سەرەڕایی ئەو ڕاستییەی کە هیچ ئامرازێکی سوونەتی هێزی وەك پارە ، کەشتی جەنگی، سەرباز و کەلوپەلی جەنگی نەبوو. غاندی پارەی هیچ

نەبوو،ماڵی نەبوو، خاوەنی قاتێك جل نەبوو. بەڵام هێزی هەبوو. ئەی چۆن ئەو هێزەی بەدەستهێنا؟

لە ڕێی تێگەیشتنیەوە لە بنەمای باوەڕەوە دروستی کردوە، وە لە ڕێگەی توانایەوە بۆ چاندنی ئەو باوەڕە لە ناو زهنی دوو سەت ملیۆن خەڵك.

غاندی لە ڕێی باوەڕەوە ئەوەی جێبەجێ کرد، کە بەهێزترین هێزی سەربازی سەر زەوی نەیتوانی، وە هەرگیز نەیتوانی لە ڕێی سەرباز و کەلوپەلی سەربازیەوە ئەنجامیبدا. کردەی کارتێکردنی لە زهنی دوو سەت ملیۆن بۆ کۆبوونەوە و یەکگرتن ئەنجامدا، وەك یەك زهن.

چی هێزێکی تری سەر زەوی جگە لە باوەڕ دەتوانێت ئەو هەمووە بکات؟ ڕۆژێك دێت کە فەرمانبەر و خاوەنکار ئەگەرەکانی باوەڕ دەدۆزنەوە. ئەو ڕۆژە وا دێت. تەواوی دونیا هەلێکی بێشوماریان هەبووە، لە ماوەی ئەو بارگرانیە بازرگانیەی ئەم دوایەدا، شایەتحاڵی نەبوونی باوەڕ بووین لە بازرگانیدا.

بێگومان، شارستانیەت ژمارەیەکی بەرچاو مرۆڤی زیرەك بەرهەمهێناوە بۆ بەکارهێنانی ئەو وانە گرنگە کە گرانی فێری دونیای کردووە.

دونیا بەڵگەگەلی بێشوماری هەیە کە بڵاوبوونەوەی ترس ڕەوڕەوەی بازرگانی و پیشەسازی لە کار دەخات. بەهۆی ئەم ئەزموونەوە سەرکردەگەلێکی بازرگانی پەیدا دەبن کە بەهۆی ئەو نموونەی غاندی پێشکەشی کرد قازانج دەکەن، وە هەمان ئەو تاکتیکانە جێبەجێ دەکەن کە غاندی بەکاریهێنا لە بنیاتنانی مەزنترین مەعریفەی لە مێژووی دونیادا. ئەم سەرکردانە لە پێگە و لیستی ئەو مرۆڤە نەناسراوەکانەوە هاتوون، کە

ئێستا لە کانەکانی ستیل، کانەکانی خەڵوز، کارگەکانی ئۆتۆمۆبێل و شار و شارۆچکە بچووکەکانی ئەمریکا ڕەنج دەکێشن.

بازرگانی بە هۆی چکسازیەکەوە، هیچ هەڵەیەکی دەربارەی ئەمە نەکردووە! میتۆدەکانی ڕابردوو، لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئابوریانەی هێز و ترس، لە ڕێی بنەما باشترەکانی باوەڕ و پێکەوە کارکردنەوە جێگۆڕکێیی پێدەکرێت.

مرۆڤانێك کە ڕەنج دەکێشن زیاتر لە مووچەی ڕۆژانەیان دەستدەکەوێت" لە بازرگانەیەکەوە پشکیان پێدەگات، ڕێك وەك ئەوانەی کە سەرمایەکەیان بەگەڕخستووە" بەڵام سەرەتا دەبێت پارەی زیاتر بدەنە فەرمانبەرەکانیان، وە ئەو سەودا و مامەڵەیە بە هێز دەوەستێنن، لەسەر حسابی گشتی. دەبێت ماف پشکەکان بەدەستبهێنن!

سەرباری ئەوەش، ئەمە گرنگترین شتە لە هەموو بابەتەکەدا ـ لە لایەن سەرکردەگەلێکەوە سەرکردایەتی دەکرێن کە لەو پرەنسیپە تێدەگەن و جێبەجێی دەکەن کە ماهاتما غاندی دایناوە. تەنها بەم شێوازە دەکرێت سەرکردەکان ڕۆحیەتی گیانی هاوکاری بەدەستبهێنن کە هێز و توانا لە بەرزترین ئاستدا بەگەڕ دەخات.

لەم سەردەمە سەرسامکەرەی ئامێرەکان کە تێیدا دەژین، هەروەها ئەم سەردەمەی کە تازە دەچینە ناوی، ڕۆحی مرۆڤەکانی بردووە. سەرکردەکانی بە جۆرێك مرۆڤەکان ئاراستە دەکەن وەك ئەوەی پارچەیەك ئامێری سارد و سڕ بن" ناچار کراون هەتا ئەوە بکەن لە لایەن ئەو خاوەنکارەوە کە لەگەڵی ڕێککەوتون.

ئامانجی داهاتوو بەختەوەری مرۆڤ و خۆشگوزەرانیەتی، وە کاتێک ئەم دۆخە زهنیە بەدەستدەهێنرێت، ئەوسا بەرهەمهێنان زۆر کاریگەرانەتر بە کاری خۆ هەڵدەستێت بەراورد بە هەر شتێکی تر کە هەتا ئێستا جێبەجێ کرابێت لەو شوێنەدا کە مرۆڤەکان ئایەیان کردووە، وە ئاتوانن باوەڕ و حەزی تاکەکەسی تێکەڵی ڕەنجکێشانەکەیان بکەن.

بەهۆی پێویستی باوەڕ و گیانی پێکەوەیی بۆ بازرگانی و پیشەسازی، هەم سەرنجڕاکێش و هەم بەسوود دەبێت کە شیکاری بۆ ڕووداوێک بکەین کە تێگەیشتنێکی نایاب دابین دەکات بۆ ئەو میتۆدەی کە بەهۆوە پیشەوەران و بازرگانان سامانی مەزن پێکەوە دەنێن، بە بەخشین بەرلەوی هەوڵی وەرگرتن بدەن.

ئەو ڕووداوەی بۆ ئەم وێنکردنە هەڵبژێردراوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۹۰۰، کاتێک کە کۆمپانیای ستیلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروست بوو. هەرکە چیرۆکەکەیتان خوێندەوە، ئەم ڕاستییە بنچینەیانە لە زهنتاندا هەڵگرن ئەوسا تێدەگەن کە چۆن بیرۆکەکان بۆ سامانی مەزن دەگۆڕێن.

یەکەم: کۆمپانیای زەبەلاحی ستیلی ئەمریکا لە زهنی چارلس م. شوابدا لەدایکبوو، لە شێوەی بیرۆکەیەکدا کە بەهۆی ئەندێشەیەوە دروستی کردبوو!

دووەم: باوەڕی لەگەڵ بیرۆکەکەدا تێکەڵ کرد.

سێیەم: پلانێکی داڕشت بۆ گۆڕینی بیرۆکەکەی بە ڕاستییەکی دارایی و بەرجەستە.

چوارەم: پلانەکانی خستە کار بە گوتارە بەناوبانگەکەی لە یانەی زانکۆ.

پێنجەم: بە مکوورییەوە پلانەکانی جێبەجێ کرد و شوێنیان کەوت، و بە بڕیارێکی تۆکمە پاڵپشتی کرد هەتا ئەوکاتەی بە تەواوەتی جێبەجێی کرد.

شەشەم: شێوازێکی بۆ سەرکەوتن ئامادە کرد بە هۆی ئارەزووی سوتێنەرییەوە بۆ سەرکەوتن.

ئەگەر تۆ یەکێکی لەوانەی کە زۆر جار ڕادەمێنیت کە چۆن سامانێکی مەزن کۆدەکرێتەوە، ئەم چیرۆکی دامەزراندنەی کۆمپانیی ستیلی ئەمریکایە دەبێت ڕێگا ڕۆشنکەرێك. ئەگەر هەر گومانێکت هەیە دەربارەی ئەوەی کە مرۆڤەکان بیردەکەنەوە و دەوڵەمەند دەبن، ئەم چیرۆکە دەبێت ئەو گومانە بڕەوێنێتەوە. چونە دەتوانیت بە ڕوونی لە چیرۆکی ستیلی ئەمریکادا، جێبەجێکردنی بەشێکی گەورەی ئەو سیانزە بنەمایە ببینیت کە لەم کتێبەدا باسکراوە.

پەسنی سەرسامکەری توانای بیرۆکەیەك بە شێوەیەکی دراماتیکی لە لایەن جۆن لۆوێڵەوە گێڕدراوەتەوە. لە دونیای تێلیگرامی نیۆرك، کە لێرەدا دووبارە چاپ دەکرێتەوە.

گوتارێکی نایابی دوای خوانی ئێوارە بۆ ملیارێك دۆلار

کاتێك لە ئێوارەی ١٢ی دیسەمبەری ١٩٠٠ دا، هەشتا خانەدانی دارایی وڵات کۆبوونەوە لە خوانی ستایشی یانەی زانکۆ لە شەقامی پێنجەم، بۆ ڕێزگرتن لە گەنجێکی خۆرئاوا، کەمتر لە شەش کەس لە میوانەکان دەیانزانی کە دەبنە گەواهیدەری گرنگترین بەشی مێژووی پیشەسازی ئەمریکا.

"ج. ئیدوارد سیمسۆن و چارلس ستیوارت سمس، دڵیان پڕبوو لە سوپاسگوزاری بۆ ئەو میوانداریەی بۆیان ڕێکخرابوو لە لایەن چارلس م. شواب لەم گەشتەی ئەم دوایەیاندا بۆ پیتسبێرگ، کە ڕێکخرابوو بۆ ناساندنی پیاوی ستیلی سی و هەشت ساڵەی کۆمەڵەی بانکی خۆرهەڵاتی. بەڵام چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد بەو جۆرە ڕەوتی کۆن بشکێنێت. لە ڕاستیدا، ئاگاداریان کردووە کە سەنگەرەکانی نێو کراسە پڕەکانی نیۆرك وەڵامدەرەوەی قسەکەرە نین. وە ئەگەر نایەوێت ستیلنانس، هاریمانس و ڤاندەرپیلتس بێزار نەکەیت، باشترە خۆی سنووردار بکات بە پانزە بۆ بیست خولەك و لێیگەڕێت بەو جۆرە.

"تەنانەت جۆن پیرپۆنت مۆرگانیش، لە دەستە ڕاستی شوابەوە دانیشتبوو وەك شکۆی ئیمپراتۆری، مەبەستی بوو بە کورتی مێزەکە شەرەفمەند بکات بە ئامادەبوونی. وە هەتا ئەو کاتەی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی پەیوەندیدار بێت، هەموو مەسەلەکە هێندە ساتێکی کورت بوو کە بە هیچ جۆرێك خۆی بە چاپکراوی لە ڕۆژنامەکانی سبەیدا نەبینیەوە.

"هەردوو خانەخوێکە و میوانە تایبەتەکانیان بە حەوت یان هەشت کۆرس نانیان خوارد. گفتوگۆیەکی کەم و سنووردار کرا. زۆر کەم لە بانکەوان و فرۆشیارەکان شوابیان بینیبوو. کە کارەکەی هاوشانی بانکەکانی مۆنۆنگاهێلا گەشابۆوە، کەچی کەسیان بە باشی نەیاندەناسی. بەڵام بەرلەوەی ئەو ئێوارەیە کۆتایی بێت، ئەوان و مۆرگانە پارەدارەکەیان ـ دەبێت تۆزی سەر قاچەکانیان بماڵن، وە ساوایەکی ملیار دۆلاری، کۆمپانیای ستیلی ئەمریکی دەبێت دووگیان بێت.

"ڕەنگە لە بەدبەختی بێت بۆ مێژوو کە هیچ تۆمارێکی ئەو گوتارەی چارلس شواب بوونی نییە. دواتر هەندێك بەشی دووبارە کردۆتەوە لە بۆنەگەلی هاوشێوەدا لە نێو بانکەوانەکانی شیکاگۆدا. وە دواتریش کاتێك حکومەت بڕیاریدا کە کێشەی ستیل چارە بکات، وەشانی خۆی پێشکەش کرد، لە شوێنی گەواهیدەرەوە، بەو سەرنجانەی کە مۆرگانی دنەدا بۆ چالکیەکی دارایی کۆنتڕۆڵنەکراو.

"هەرچەندە ڕەنگە گوتارێکی خۆماڵی بوبێت، بە جۆرێك نارێزمانی بوبێت ( چونکە جوانی زمان هەرگیز نەبۆتە مەسەلەیەك بۆ شواب)، پڕ لە قسەی نەستەقی چنراو بە زیرەکی. بەڵام سەرباری ئەوەش ئەوە هێزێکی کارەبایی بوو و کاریگەری کردە سەر پێنج ملیار سەرمایەی خەمڵێنراوی کە لە لایەن ئامادەبووانی خوانەکەوە نوێنەرایەتی دەکرا. دوای ئەوەی کۆتایی پێهات و ئامادەبووان هێشتا لە ژێر تەلیسمەکەیدا بوون، هەرچەندە شواب نەوەد خولەك قسەی کرد، مۆرگانت گوتاربێژەکەی بردە لای پەنجەرەیەکی بچووك کە قاچەکانی لێوە بەرداتە خوارەوە، جێدانیشتنێکی نارەحەت، بۆ زیاتر لە کاژێرێك قسەیان کرد.

"جادووی کەسایەتی شواب لە کاردابوو بە تەواوی هێزیەوە، بەڵام ئەوەی گرنگتر بوو و زۆرتر مایەوە ئەو پرۆگرامە ڕوون و تەواو دامەزراوە بوو کە داینا بۆ بەهێزکردنی پێگە و شوێنی ستیل. خەڵکانێکی زۆر هەوڵیاندابوو کە سەرنجی مۆرگان ڕابکێشن کە پێکەوە مامەڵەی ستیل بکەن لەسەر نەخشەڕێگای پسکیت، وایەر و هەڵقە، شەکر، لاستیك، ویسکی، نەوت و بنێشت. جۆن و. گەیتس، قومارچیەکە، هەوڵیدا ڕازی بکات، بەڵام مۆرگان متمانەی پێی نەبوو. کوڕانی موور، بیل و جیم،

خاوەنی ستۆکەکانی شیکاگۆ، کە پێکەوە کۆمپانیای شقارتە و یاری ئاگرینیان دامەزراندبوو. هەوڵی رازیکردنیاندا بەڵام شکستیان هێنا. ئێلبێرت هـ. گرەی، پارێزەرە خانەدانەکەی وڵات، ویستی گەشەی پێبدات، بەڵام هێندە گەورە نەبوو هەتا سەرسامکەر بێت. هەتا ئەو کاتەی زمان پاراوی شواب ج. پ. مۆرگانی بردە بەرزیەک کە دەیتوانی وێنای دەرئەنجامە پتەوەکانی بوێرانەترین پرۆسەی دارایی بکات. پرۆژەکە وەك خەونێکی نەخۆشانەی گەمژەیەکی پارە زۆر سەیر دەکرا.

"ئەو ڕکێشانە موگناتیسیە دارایی دەستی پێکرد، نەوەیەك لەمەوبەر، بۆ ڕکێشانی کۆمپانیا بچووك و هەندێك جار کار سستەکان بۆ گروپی زەبەلاح و پێشبڕکێکار، لە دونیای ستیلدا کەوتە کار لە ڕێی ئامێرەکانی چەتەی بازرگانی خۆش مەشرەب، جۆن و. گەیتسەوە. گەیتس پێشتر کۆمپانیای وایەر و ستیلی دروستکردبوو بە یەککگرتنی زنجیرەك کۆمپانیای بچووکەوە. وە پێکەوە لەگەڵ مۆرگاندا کۆمپانیای ستیلی فیدراڵیان دروستکردبوو.

کۆمپانیای نیشتمانیەکانی بۆری و پردەکانی ئەمریکا دوو کۆمپانیای تری مۆرگان بوون. برایانی موور وازیان لە بازرگانی شقارتە و شیرینی هێنا بۆ دامەزراندنی گروپی " ئەمریکی" بۆ قاپی تەنەکە، ئەڵقەی ستیل، چینکۆ و کۆمپانیای نیشتیمانی ستیل.

بەڵام هاوشان لەگەڵ کۆمپانیا زەبەلاحەکەی ئەندرێو کارنیج، کۆمپانیایەك کە لە لایەن پەنجا و سێ هاوبەشەوە خاوەندارێتی دەکرا، کۆمپانیکانی تر بێنرخ بوون. ڕەنگە بە ئارەزووی دڵیان یەکیانگرتبێت، بەڵام بە هەموویان

نەیانـدەتوانی لـە کۆمپانیکـەی کارنێجـدا کـونێکیش دروسـت بکـەن، وە مۆرگانیش ئەوەی دەزانی.

"ئەو سکۆتلەندیە پیرە سەیرەش دەیزانی. لە لوتاکە بە شکۆکانی قەلای سکیبۆوە بینیبووی، سـەرەتا بە چێژەوە، دواتـریش بە داخ و ژانـەوە، هــەوڵی کۆمپانیــا بچــووکەکانی تــری مۆرگــان بــۆ چــوونە نێــو بازرگانییەکەیـەوە. کاتێـك کـە هەوڵدانـەکان زۆر تـۆخ بوونـەوە، نائـارامی کارنێج گۆڕا بۆ توورەیی و هێرشکردن. بڕیاریدا هەموو ئـەو ئاشـانە کۆپی بکات کە مولکی نـەیارەکانێ. هـەتا ئـەو کاتـە، هـیچ مـەیلێکی لـە وایـەر، بۆری، ئەڵقە یان چینکۆ نەبوو. لەبری ئـەوە، بـەڵکو پێیخۆشـبوو کـە ئـەو جۆرە کۆمپانیایانەی ستیلی خاو بفرۆشێت و لێگەڕێت بەو جۆرەی خۆیـان پێیانخۆشە کاریکەن. ئێسـتا کاتێـك شـواب بۆتـە سـەرۆك، پلانـی ئـەوەی داناوە دوژمنەکانی بەرەو دیوارەکە بەرێت.

"کەواتە لە وتارەکەی چارلس م. شوابەوە، مۆرگـان وەلامـی بـۆ کێشـەی کۆمپانیکەی دۆزیەوە. کۆمپانیایەك بە بێ کۆمپانیـا زەبەلاحەکـەی کـارنیج هەر کۆمپانیا نییە. وەك یەکێك لە نووسەرەکان دەڵێت، کێکی هەڵوژەیـە، بەبێ هەڵوژە.

"وتارەکەی شـواب لـە شـەوی ١٢ دێسـەمبەری ١٩٢٢دا، بـە بـێ هـیچ گومانێك چارەسـەری لـەخۆگرتووە، هەرچـەندە بـەڵێنی ئـەوە نـادات کـە دەکرێت پڕۆژە زەبەلاحەکەی کارنیج بهێنرێتە ژێر خێمەکەی مۆرگان.

باسـی داهـاتووی دونیـای کـرد بـۆ سـتیل، ڕێکخسـتنەوە بـۆ کـارکردنێکی چـکتر، بـۆ تایبەتمەنـدکردنی پارچـەکانی ئاشـە سـەرنەکەوتووەکان و بیرچـڕکردنەوە لەسـەر هەوڵـدان بـۆ بەرهـەمهێنان لـە ئـابووری مـاددەی

خاوەدا، لە ئابووری بەشەکانی سەرەوە و بەڕێوەبردندا، لە گرتنی بازاڕەکانی دەرەوەدا. لەوەش زیاتر، بە چەتەکانی نێو خۆیانی گوت کە هەڵەکانی ئەریتە چەتەگەریەکەیان لە کوێدایە. ئاشکرای کرد کە ئامانجیان دروستکردنی پاوانکاری، بەرزکردنەوەی نرخەکان، وە پشکێکی زۆر بە خۆیان دەدەن بە بێ ئەوەی مافی ئەوەیان هەبێت. شواب سیستەمەکەی بە خۆشحاڵیەوە ڕەتکردەوە. بە گوێگرەکانی گوت، کورتبینی ئەو جۆرە سیاسەتە، لەوە ڕستیەدا خۆی دەبینێتەوە کە بازاڕ سنووردار دەکات لە سەردەمێکدا کە هەموو شتێك هاواری فراوانبوون دەکات. گوتی کە هەرزانکردنی تێچووی ستیل، بازاڕێکی هەیشە فراوانبو دروست دەبێت" بەکارهێنانی ستیل زیاتر دەبێت، وە دەکرێت بەشێکی زۆر باشی بازرگانی جیهان بگرێت. لەڕاستیدا، هەرچەندە نەیدەزانی، شواب مژدەدەری بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵی مۆدێرنە.

"ئاوا خوانی ئێوارەکەی یانەی زانکۆ کۆتایی هات. مۆرگان ڕۆیشتەوە ماڵەوە، بۆ بیرکردنەوە دەربارەی پێشبینیە پەمەیەکانی شواب. شواب گەڕایەوە بۆ پیتسبێرگ بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانی ستیل بۆ " وی ئەندرا کارنیج،" لە کاتێکدا گاری و ئەوانی تر گەڕانەوە بۆ سەر ستۆکەکانیان، بۆ ئەوەی خۆیان سەرقاڵ بکەن لە چاوەڕوانی جوڵەی دواتردا.

"هێندەی پێنەچوو. نزیکەی یەك هەفتەی ویست بۆ ئەوەی مۆرگان ئەو خوانی عەقڵە هەرس بکات کە شواب لەبەردەمیدا دایینابوو. هەر کە خۆی دڵنیکردەوە کە هیچ بەدەرسیەکی دارایی ڕوونادات، بە دوای شوابیدا نارد و ئەو کوڕە لاوە شەرمنەی دۆزیەوە. شواب ئاماژەییدا، کە ڕەنگە بەڕێز کارنیج پێیخۆش نەبێت کە بۆی دەرکەوێت کە سەرۆکە

متمانەپێکراوەکەی کۆمپانیکـەی دەسـتی لەگـەڵ ئیمپراتـۆری واڵ ستریت تێکەڵ کردووە. ئەو شەقامەی کە کارنیج سـوێندی خواردبـوو کـە هـەرگیز هەنگاوی تێدا نەنێت.

دواتر لە لایەن جۆن و. گەیتس پێشنیاری هاوپەیمانێتیەکە کرا. کە ئەگەر ڕوویدا شـواب لـە هـۆتێلی بێلۆڤیـوی فیلادلفیـا بێـت، ڕەنگـە بـە ڕێکـەوت ج.پ. مۆرگانیش لەوێ بێت. هەرچەندە، کاتێـك شـواب گەیشـت، مۆرگان لـە ماڵەکـەی نیـۆرکی بـە خراپـی نـەخۆش کـەوت، هەربۆیـەوە لەسـەر بانگهێشتی زۆری پیرە پیاو، شواب ڕۆیشت بۆ نیۆرك و لەبەردەم دەرگای کتێبخانەی کابرا دەرکەوت.

"ئێستا هەندێك مێژوونوسی ئـابوری دیـاریکراو بانگەشـەی ئـەو بـاوەڕە دەکەن کە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی درامکـە، شـانۆکە لـە لایـەن ئەنـدرو کارنیجەوە دانراوە ـ کـە ئێوارەخوانەکـە بـۆ شـواب، وتـارە بەناوبانگەکـە، کۆنفرانسـەکەی شـەوی یەکشـەممە لـە نێـوان شـواب و پاشـای پـارەدا، کۆمەڵـە ڕووداوێـك بـوون لـە لایـەن سـکۆتلەندیە زیرەکەکـەوە ڕێکخـراون. ڕاستییەکە ڕێك بـە پێچـەوانەوەیە. کاتێـك شـواب بـانگکرا بـۆ ئەنجامـدانی مامەڵەکە، تەنانەت نەیدەزانی کە " سەرۆکێکی بچووك" کە کارنیج ئـاوای پێدەگوت، بـەو چەشـنە گـوێ بـۆ ئۆفـەری فرۆشـتن بگرێـت، بـە تایبـەتی لەگەڵ گروپێکدا کە ئەندریۆ وا هـەژماری دەکـردن کـە شـتێکی کـەمتر لـە پیرۆزیان پێدراوە. بەڵام شواب کۆنفرانسی کرد لەگەڵیدا، بە دەسـتوخەتی خـۆی، شـەش پـەڕە ژمـارە، نرخـی بەرجەسـتە و گرنگـی توانـای بەدەستهێنانی هـەموو ئـەو کۆمپانیـا ستیلانەی لـە هزریـدا نەخشـاند کـە پێیوابوو ئەستێرەیەکی بنچینەیین لە ئاسمانی نوێی کانزادا.

"چوار كەس تەواوى شەوەكە بيريان لەو شێوانە دەكردەوە. بێگومان، سەرۆكەكە مۆرگان بوو. مكووڕ و پتەو لە باوەڕيدا لە هەبوونى مافى ئيلاهى پارەدا. هاوبەشە ئەرستۆكراتەكەى لەگەڵ بوو، ڕۆبێرت بكۆن، توێژەر و خانەدان. سێيەم كەس جۆن و. گەيتس بوو كە مۆرگان ئابڕووى وەك قومارچيەك و وەك ئامرازێك بەكارىهێنا. چوارەم كەس شواب بوو، كە لە هەر كەسێكى زيندووى ئەوسا زياترى دەزانى دەربارەى پرۆسەكانى دروستكردن و فرۆشتنى ستيل. بە درێژايى ئەو كۆبوونەوەيە، ئامارەكانى پيتسبێرگيەكە هيچ پرسيارێكى دەربارە نەكرا. ئەگەر بيگوتايە كە كۆمپانيايەك نرخى ئەوەندەيە، ئەوسا هەر نرخى ئەوەندە دەبوو نە زۆر نە كەم، هەروەها مكووڕيش بوو دەربارەى ئەو كۆمپانيايانەى كە بەلاى خۆيەوە گرنگ بوون. كۆمپانيايەكى دامەزراند كە هيچ دووبارەبوونەوەيەكى تێدا نەبێت، تەنانەت ڕژدى هاوڕێكانيشى تێرنەكرد كە دەيانويست كۆمپانياكانيان لەسەر شانە تێكسمڕاوەكانى مۆرگان داگرن. بەو جۆرە ديزاينى ژمارەيەك دامەزراوەى گەورەترى كرد كە دارتاش و چەقەڵەكانى واڵ ستريت چاوى برسيانى تێبڕن.

"كاتێك كازيوە داهات، مۆرگان هەڵسا و پشتى ڕاستكردەوە، تەنها يەك پرسيار مابۆوە، پرسى، " پێتوايە بتوانيت ئەندريو كارنيج بە فرۆشتن ڕازى بكەيت؟" شواب گوتى، " دەتوانم هەوڵبدەم".

مۆرگان گوتى، " ئەگەر بتوانيت ڕازى بكەيت بە فرۆشتن، من مەسەلەكە جێبەجێ دەكەم "

"هەتا ئێستا زۆر باشە. بەلام ئايا كارنيج دەيفرۆشێت؟ داواى چەندێك دەكات؟ ( شواب بيرى لە ٢٣٠ مليۆن دۆلار دەكردەوە). پارەكە چۆن

وەردەگرێت؟ جۆری باو یان ستۆك، بۆند یان كاش. كەس ناتوانێت چارەكە ملیارێك دۆلار بە كاش بەرزبكاتەوە.

" لە جەنیوەریدا یاریەكی گۆلف هەبوو لە زەویە بەستووەكانی ستن ئەندریوس، وێستچێستەر، ئەندریۆ بلوسكەل لە خۆی پێچابوو دژی سەرماكە، چارلیش بە گەرموگوڕی قسەی كرد، وەك پیشەی خۆی بۆ ئەوەی ورەی بەرزبكاتەوە. بەڵام هیچ وشەیەك دەربارەی بازرگانی نەگوترا هەتا هەردووكیان لە كوخە گەرموگوڕەكەی كارنیجدا دانەنیشتن. دوات، بە هەمان ئەو قایلكەریەی كە هەشتا ملیۆنەری لە یانەی زانكۆ پێ خەواند، شواب بەڵێنە بریقەدارەكانی خانەنشینیەكی خۆشی چەندەها ملیۆنی هەڵڕشت بۆ ڕازیكردنی مگێڕی كۆمەڵایەتی پیرە پیاو. كارنیج شل بوو، لەسەر پارچە كاغەزێك ژمارەیەكی نووسی، دایە دەست شواب و گوتی ، " زۆرباشە، بە ئەوەندە دەیفرۆشین."

" ژمارەكە بە نزیكەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بوو. ئەمەش بە وەرگرتنی ئەو ٣٢٠ ملیۆن دۆلارەی شواب باسی كرد، وە خستنەسەری ٨٠ ملیۆن دۆلاری تر بۆ نوێنەرایەتی كردنی نرخی زیادبووی سەرمایە لە دوو ساڵی ڕابردوودا.

" دواتر، لەسەر كەشتی ترانس – ئەتلانتیك، سكۆتلەندیەكە بە پەشیمانیەوە بە مۆرگانی گوت، " خۆزگە داوای ١٠٠ ملیۆن دۆلار زیاتر بكردایە."

مۆرگان بە كەیفەوە گوتی، " ئەگەر داوات بكردایە، ئەوە بەدەستت دەهێنا."

**********************

" بە دڵنیاییەوە بووە هەرا. پەیامنێرێکی بەریتانی بروسکەی نارد کە دونیای ستیلی دەرەوە دڕدۆنگ بوو بەهۆی کۆمپانیایەکی زەبەلاحەوە. سەرۆک هادلی لە یال، ڕایگەیاند کە مەگەر ئەوەی کۆمپانیاکان بەپێی یاسا ڕێکبخرێن دەنا دەکرێت لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی داهاتوودا ئیمپراتۆرێك لە واشنتۆندا دروست ببێت." بەڵام ئەو ستۆك پاوانکارە بەتوانایە، کێین، هێندە پڕ ووزە لە بازاڕی گشتیدا دەستی بە بەرزکردنەوەی کاڵایەکی نوێ کرد کە هەموو ڕێژەی پارەکان خەمڵێنران بە نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن دۆلار لە چاوتروکانێکدا. بەو جۆرە کارنیج ملیۆنەکانی خۆی دەستاکەوت، مۆرگانیش ٦٢ ملیۆن دۆلاری تەرخان کرد بۆ هەموو " کێشەکان"ی و هەموو کوڕەکان لە گەیتسەوە بۆ گاری ملیۆنانیان پێبڕا.

********************

" شوابی سی و هەشت ساڵە پاداشتی خۆی وەرگرت. بووە سەرۆکی کۆمپانیا نوێیەکە و هەتا ساڵی ١٩٣٠ لە پۆستەکەیدا مایەوە."
چیرۆکی دراماتیکی ئەو " بازرگانیە مەزنەی" کە هەر ئێستا لە خوێندنەوەی بویتەوە، لەبەرئەوە خرایە ئەم کتێبەوە چونکە نموونەیەکی تەواو و گونجاوە بۆ ئەو میتۆدەی کە بەهۆیەوە دەکرێت ئارەزوو بۆ

## بگۆردرێت بۆ هاوتا بەرجەستەکەی!

وێنای ئەوە دەکەم کە هەندێك لە خوێنەران گومانیان لەو گوزارشتە هەیە کە چۆن ئارەزوویەکە نابەرجەستەی پوخت دەگۆڕدرێت بۆ هاوتا بەرجەستەکەی. گومانی تێدا نییە کە هەندێك دەڵێن، " ناکرێت هیچ شتێك بگۆڕیت بۆ شتێك!" وەڵامەکە چیرۆکی کۆمپانیای ستیلی ویلایەتە

یەکگرتووەکانە. ئەو کۆمپانیا زەبەلاحە لە هزری یەک کەسدا دروستکرا، ئەو پلانەش کە بەهۆیەوە کۆمپانیاکە ئاشە ستیلەکانی بۆ دابینکرا کە هاوسەنگیەکی دارایی پێوەرگرت لە هزری هەمان کەسدا دەڕێژرا. باوەڕەکەی، ئارەزووەکەی، ئەندێشەکەی، مکووڕیەکەی ئەو پێکهاتە ڕاستەقینانە بوون کە چوونە کۆمپانیای ستیلی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. ئاشە ستیلەکان و ئامێرە میکانیکیەکان لە لایەن کۆمپانیاوە بەدەستهێنرا، دوای ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە بوونی سەلمێنرا، ڕووداوێك بوو، بەڵام شیکاری بە ئاگاییەوە ئەو ڕستیە ئاشکرا دەکات کە نرخی هەڵسەنگێندراوی ئەو کەل و پەل و موڵکانەی لە لایەن کۆمپانیاکەوە بەدەستهاتووە نرخەکەی بەرزبۆتەوە بە بڕی خەمڵێنراوی شەش سەت ملیۆن دۆلار، بەو مامەڵە سادەیەی کە لە ژێر یەك بەڕێوەبردندا بەهێزی کردن.

بە دەربڕینێکی تر، بیرۆکەکەی چارلس م.شواب، لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە گەیاندبوویە هزری ج. پ. مۆرگان و ئەوانی تر، بۆ نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن دۆلار قازانج بازاڕی پێکرا. ڕێژەیەکی خراپ نییە بۆ تاکە بیرۆکەیەك!

چی بەسەر هەندێك لەو کەسانەدا هات کە پشکی خۆیان لە قازانجی ئەو ملیۆن دۆلارەی مامەڵەکە وەرگرت، بابەتێکە کە لە ئێستادا گرنگی پێنادەین. گرنگترین تایبەتمەندی ئەم دەسکەوتە مەزنە ئەوەیە کە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە دەربارەی کرداریبوونی ئەو فەلسەفەیەی لەم کتێبەدا باسکراوە، چونکە ئەم فەلسەفەیە تان و پۆی تەواوی مامەڵەکە بوو. سەرباری ئەوەش، کرداریبوونی فەلسەفەکە بەو ڕاستییە جێگیرکرا کە کۆمپانیای ستیلی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوژایەوە، وە بووە یەکێك

لە دەوڵەمەندترین و بەهێزترین کۆمپانیاکانی ئەمریکا، هەزاران کەسی خستە سەر کار، بەکارهێنانی نوێی ستیلی گەشەپێدا و بازاڕگەلی تازەی کردەوە، بەو جۆرە سەلماندی ئەو ٦٠٠ ملیۆن دۆلارەی قازانجەی بیرۆکەکەی شواب بەرهەمی هێنا جێی خۆی گرت.

سامان لە شێوەی بیردا دەست پێدەکات! ڕێژەکە تەنها بەو کەسە سنووردار دەکرێت کە لە مزریدا بیرەکە دەخاتە کار. باوەڕ سنووردانان لادەبات!

ئەمەت بیربێت کاتێك ئامادە بوویت مامەڵە لەگەڵ ژیاندا بکەیت بۆ هەر شتێك بێت کە داوای دەکەیت وەك نرخێك بۆ ئەوەی بەم ڕێگایەدا بڕۆیت.

هەروەها بیرتبێت، کە ئەو پیاوەی کۆمپانیای ستیلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی دروستکرد لە ڕووی کرداریەوە لەو سەردەمەدا نەناسراو بوو. ئەو تەنها " پیاوی هەینی " ئەندریۆ کارنیج بوو هەتا ئەو کاتەی بیرۆکە بەناوبانگەکەی لەدایکبوو. دوای ئەوە بەخێرایی بۆ پێگەی بەرزی دەسەڵات، ناوبانگ و سامان هەڵکشا.

**هیچ سنووردارێك لە مزردا نییە جگە لەوانەی کە خۆمان دادان بە بوونیاندا دەنێین**

**هەژاری و سامانداری هەردووکیان نەوەی مزرن**

بەشی ٤

# خوود - پێشنیاری : نێوەندێك بۆ كاریگەری خستنەیر هۆشی نائاگا

---

## هەنگاوی سێیەم بەرەو سامان

خـوود – پێشـنیاری زاراوەیەكـە كـە هـەموو ئـەو پێشـنیار و ئەدانە خوودیانـە دەگرێتـەوە كـە لـە رێـی پێـنج هەسـتەكەوە دەگەنـە هـزری كەسەكە. بە جۆرێكی تر دەریببڕین، خوود پێشنیاری پێشنیار كردنە بۆ خـۆت. ناوەندێكـە بـۆ پەیوەنـدیگرتن لـە نێـوان ئـەو بەشـەی هـزر كـە بیركردنەوەی ئاگامەندانەی تێدا ڕوو دەدات لەگەڵ ئەو بەشەی كە وەك شوێنی كردەكانی هۆشی نائاگا ڕۆڵدەگێڕێت.

لـە ڕێـی ئـەو بـیرە سـەرەكیانەوە كـە كەسـەكە ڕێگـەدەدات لـە هۆشـی نائاگایدا بمێننەوە، ( جا ئەگەر ئەو بیرانە ئەرێنی بن یان نـەرێنی، گـرنگ نییە)، بنەمای خوود پێشنیاری خۆڕسكانە دەگاتـە هۆشـی نائاگا و بـەم بیرانە كاری تێدەكات.

هیچ بیرێك، جا ئەگەر ئەرێنی بێت یان نـەرێنی، ناتوانێت بچێتە هۆشی نائاگاوە بەبێ یارمەتی بنەمای خوود پێشنیاری، بێجگە لـەو بیرانـەی لە

ئەسیرەوە وەردەگیرێن. بە جۆرێکی تر باسی بکەین، هەموو ئەو هەستانەی لە ڕێی پێنج هەستەکەوە وەردەگیرێن، لە لایەن هۆشی بیرکەرەوەی ئاگامەندەوە دەوەستێنرێن، وە ڕەنگە ڕێگەیان پێبدرێت کە بچنە هۆشی نائاگاوە، یاخوود ڕەتبکرێنەوە، کەواتە، توانای ئاگامەندانە وەك پارێزەری دەرەکی ڕۆڵ دەبینێت لە بەرامبەر ئەو هەستانەی نزیکی هۆشی نائاگا دەبنەوە.

سروشت بەجۆرێك مرۆڤی خولقاندوە کە کۆنترۆڵی تەواوەتی هەیە بەسەر ئەو هەستانەدا، کە لە ڕێی پێنج هەستەکەوە دەگەنە هۆشی نائاگای، هەرچەندە مەبەست لەمە دەربڕینی ئەوە نییە کە مرۆڤ هەمیشە مەشقی بەم کۆنترۆڵکردنە کردووە. لە زۆرینەی جارەکاندا، مەشقی پێنەکردووە، کە ئەوەش ڕوونی دەکاتەوە بۆچی ئەو هەموو خەڵکە بە هەژاری ژیان بەڕێدەکەن.

ئەو بیر خۆت بهێنەرەوە کە دەربارەی هۆشی نائاگا گوترا وەك پنتێکی باخچەیەکی بە پیت وایە، کە تیایدا گیا کێویلەکان بە ڕێژەیەکی زۆر تیایدا گەشە دەکەن، ئەگەر تۆوی چەند بەرووبومێکی ئارەزووکراوی تێدا نەچێنرابێت. خوود پێشنیاری ناوەندێکە بۆ کۆنترۆڵکردن کە لەڕێیەوە دەکرێت تاك خۆڕسکانە بیرگەلی سروشت داهێنەرانە بداتە هۆشی نائاگای، یان بە فەرامۆشکردنی، ڕێگە بە بیرە سروشت وێرانکەرەکان دەدات کە ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە بەرەوە باخچە بە پیتەکەی هزری. ڕێنمایکرایت لە کۆتا شەش هەنگاوی بەشی تایبەت بە ئارەزوودا، کە ڕۆژانە دوو جار بە دەنگی بەرز گوزارشتە نووسراوەکەت دەربارەی ئارەزووت بۆ پارە بخوێنیتەوە، وە وا هەست بکەیت و ببینیت کە هەر لە

ئێستاوە خاوەنی پارەکەیت! بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە، ئامانجی ئارەزووەکـەت ڕاستەوخۆ دەگەیـەنیت بـە هۆشـی نائاگـات لـە ڕۆحی باوەڕێکی تەواوەتیدا.

لـە ڕێـی دووبارەکردنـەوەی ئـەم ڕێکـارەوە، خۆڕسـکانە خوویـەکی بیرکردنـەوە دروسـت دەکـەیت کـە لـە خزمـەت هەوڵەکانتـدا دەبێـت بۆ گۆڕینی ئارەزووەکەت بە هاوتا مادیەکەی.

بگەڕێرەوە بۆ ئەو شـەش هـەنگاوەی لـە بەشـی دوودا باسـکران زۆر بە وریایەوە دووبارە بیانخوێنـەوە، بەرلـەوەی زیـاتر بڕۆیـت. دواتـر ( کاتێك بـۆی دێـت)، زۆر بـە وریایـەوە ئـەو چـوار ڕێنمایـە بخوێنـەوە لەسـەر ڕێکخستنی " هـزری باڵا"ت کـە لـە بەشـی تایبـەت بـە پلانـی ڕێکخـراودا باسـکراون. بـە بـەراوردکردنی ئـەم دوو کۆمەڵـە ڕێنماییـە لەگـەڵ ئـەوەی دەربارەی خوود پێشنیاری گوتراوە، بە دڵنیاییـەوە دەبینیـت ڕێنمایـەکان پەیوەستن بە جێبەجێکردنی بنەمای خوود پێشنیاریەوە.

کەواتـە لـەبیرت بێـت، کاتێك گوزارشـتی ئارەزووەکـەت بـە دەنگـی بـەرز دەخوێنیتـەوە ( کـە لەڕێیـەوە هەوڵـدەدەیت " ئاگامەنـدی پـارە" گەشـە پێبدەیت)، کە خوێندنەوەی سادەی وشەکان هیچ دەرئەنجامێکی نابێـت- ئەگەر سۆز یان هەستی تێکەڵ نەکـەیت. ئەگـەر ملیۆنێك جار هاوکێشـە بەناوبانگەکەی ئیمێل کۆویی دووبارە بکەیتەوە، " ڕۆژ بە ڕۆژ، لـە هـەموو ڕوویەکەوە، باشتر و باشتر دەبم،" بە بێ تێکەڵکردنی سۆز و باوەڕ لەگـەڵ وشـەکانت، ئـەوا ئـەزموونی هـیچ دەرئـەنجامێکی ئـارەزووکراو ناکـەیت.

هۆشی نائاگات تەنها ئەو بیرانە دەناسێتەوە و کاریان پێدەکات کە بە باشی لەگەڵ هەستێك یان سۆزێك تێکەڵ کرابێت.

ئەمە ڕاستییەکی هێندە گرنگە کە هۆشداریتان پێدەدەم لە هەموو بەشەکاندا بە کرداری دووبارەی بکەنەوە، چونکە تێنەگەیشتن لەمە هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە هەوڵی جێبەجێکردنی بنەمای خوود پێشنیاری دەدەن هیچ دەرئەنجامێکی ئارەزووکراو بەدەستناهێنن.

وشەگلی سادە و بێ سۆز کاریگەریان لەسەر هۆشی نائاگا نییە. هیچ ئەنجامێکی ئارەزووکراو بەدەستناهێنیت هەتا ئەو کاتەی فێردەبیت کە بە وشەگەلێك و بیرگەلێك بگەیتە هۆشی نائاگات کە بەباشی بارگاوی کراین بە باوەڕ.

سارد مەبەرەوە، ئەگەر لە یەکەم هەوڵدانتدا نەتتوانی سۆزەکانت کۆنتڕۆڵ و ئاڕاستە بکەیت. لەبیرت بێت، ئەگەری بوونی شتێك نییە بێ بەرامبەر. توانای گەیشتن و کاریگەری دانان لەسەر هۆشی نائاگات نرخی خۆی هەیە، وە پێویستە ئەو باجە بدەیت. ناتوانیت فێڵ بکەیت، تەنانەت ئەگەر ئارەزووش بکەیت.

نرخی توانای کارتێکردنە سەر هۆشی نائاگات بەرهەڵستکارێکی هەمیشەیە لە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەدا کە لەم کتێبەدا باسکراون. ناتوانیت گەشە بە توانای دڵخوازی خۆت بدەیت بە نرخێکی کەمتر. تۆ و تەنها خۆت بە تەنها، پێویستە بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ئایا ئەو پاداشتەی هەوڵی بۆ دەدەیت ( ئاگەمەندی پارە)، ئایا شایەنی ئەو بتجەیە کە دەبێت بیدەیت لە پێناویدا یان نا.

ژیری و زیرەکی بە تەنها، پارە ڕاناکێشن تەنها لە هەندێك حاڵەتی دەگمەندا نەبێت، کاتێك یاسای تێکڕایی لە قازانجی ڕکێشانی پارەدایە

لەو سەرچاوانەوە. ئەو میتۆدی ڕکێشانی پارەیەی لێرەدا باسکراوە، بەند نییە لەسەر یاسای تێکڕایی، سەرباری ئەوەش، میتۆدەکە هیچ کەمەیەکی دڵخوازبوون لەگەڵ کەسدا ناکات. بۆ هەموو کەسێك بە هەمان کاریگەری کار دەکات. کاتێك کە شکست ئەزموون دەکرێت، هۆکار کەسەکەیە، نەك میتۆدەکە. ئەگەر هەوڵ بدەیت و شکستت هێنا ، جارێکی تر هەوڵبدەرەوە، وە جارێکی تریش، هەتا سەرکەوتوو دەبیت.

توانات بۆ بەکارهێنانی بنەمای خوود پێشنیاری، بە شێوەیەکی فراوان دەکەوێتە سەر توانات بۆ هەش چڕکردنەوە لەسەر ئارەزوویەك هەتا ئەو کاتەی ئارەزووەکە دەبێتە سەوداسەرییەکی سوتێنەر.

کاتێك دەست بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانە دەکەیت کە پەیوەستن بە ئەو شەش هەنگاوەوە کە لە بەشی دوودا باسکران، ئەوسا بەکارهێنانی پرەنسیپی هۆش چڕکردنەوە دەبێتە پێویستی.

با پێشنیارێك بکەین بۆ بەکارهێنانی کاریگەرانەتری هۆش چڕکردنەوە. کاتێك دەست دەکەیت بە جێبەجێکردنی یەکەم شەش هەنگاوی سەرەتا، کە ڕێنمایت دەکەن " بۆ دانانی بڕی دیاریکراوی ئەو پارەیەی ئارەزووی دەکەی،" بیرەکانت لەسەر ئەو بڕە پارەیە ڕابگرە بە هۆش چڕکردنەوە، یان جێگیرکردنی سەرنجت، بە چاوی داخراوەوە، هەتا ئەو کاتەی دەتوانی بە ڕاستی ڕواڵەتی بەرجەستەی پارەکە ببینیت. بە لایەنی کەمەوە ڕۆژانە جارێك ئەمە بکە. لە کاتێکدا کە خەریکی جێبەجێکردنی ئەم ڕاهێنانانەدایت، شوێن ئەو ڕێنماییانە بکەوە کە لە بەڕی باوەڕدا پێتدراون، وە بەڕاستی خۆت لە خاوەندارێتی پارەکەدا ببینە !

لێرەدا ڕاستییەکی زۆر گرنگ هەیە – هۆشی نائاگا هەر فەرمانێك وەردەگرێت کە بە باوەڕێکی پەتیەوە پێیدرابێت، وە کار بە پێی ئەو فەرمانانە بکات، هەرچەندە دەبێت فەرمانەکان بەردەوام دووبارە بکرێنەوە، بەرلەوەی لە لایەن هۆشی نائاگاوە لێکبدرێنەوە. بە دوای ئەو گوزارشتەی پێشوودا، بیر لە ئەگەری ئەنجامدانی فێڵێکی تەواو یاسایی لە هۆشی نائاگات بکەرەوە، بەوەی وای لێ بکەیت باوەڕ بکات، چونکە تۆ باوەڕ دەکەیت، کە پێویستە ئەو بڕ پارەیەت هەبێت کە وێنای دەکەیت، کە ئەو بڕ پارەیە چاوەڕێی تۆیە کە بانگەشەی خاوەندارێتی بکەیت، کە پێویستە هۆشی نائاگا پلانەیلێکی کرداریت بخاتە بەردەست بۆ دەستخستنی ئەو بڕە پارەیەی کە هی خۆتە.

ئەو بیرۆکەیەی لە پەرەگرافی پێشوودا پێشنیارکرا بدە بە ئەندیشەت، وە ببینە کە ئەندێشەت دەتوانیت چی بکات و چی دەکات، بۆ دارشتنی پلانەیلێکی کرداری بۆ کۆکردنەوەی پارە لە ڕێی گۆڕینی ئارەزووەکەتەوە.

چاوەڕێی پلانێکی ڕوون مەکە، کە لەڕێیەوە بتوانیت خزمەت و شمەکەکانت بگۆڕیتەوە لە بەرامبەر ئەو بڕ پارەیەی کە وێنان کردووە، بەڵاو یەکسەر خۆتت ببینە لە خاوەندارێتی پارەکەدا، لە هەمان کاتدا داوای بکە و چاوەڕێی ئەوە بکە کە هۆشی نائاگات پلانێك، یان ئەو پلانانەی پێویستن پێتبدات. لەسەر هەست بە بۆ ئەو پلانانە، وە کاتێك دەردەکەون، یەکسەر بیانخەرە کار. کاتێك پلانەکان دەردەکەون، ئەگەری هەیە لە ڕێگەی شەش هەستەکەوە "بریسکەیەك" بە هزردا بکەن، لە شێوەی " ئیلهامێك"دا. ئەو ئیلهامە دەکرێت وەك "

تەلەگرامێك" ی ڕاستەوخۆ، یان پەیامێکی زیرەکی ناکۆتا دابنرێت. ب ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکە، وە هەر هێندەی وەرتگرت کاری پێبکە. شکستهێنان لە ئەنجامدانی ئەمەدا موشندە دەبێت بۆ سەرکەوتنت.

لە هەنگاوی چوارەمی شەش هەنگاوەکەدا، ڕێنمایی کرایت بۆ " داڕشتنی پلانێکی ڕوون بۆ هێنانەدی ئارەزووەکەت، وە ڕاستەوخۆ خستنەکاری ئەو پلانانە." پێویستە شوێن ئەو ڕێنماییە بکەویت بەو جۆرەی ل پەرەگرافی پێشوودا باسکراوە. متمانە بە عەقڵت مەکە کاتێك پلان دادەنێیت بۆ کۆکردنەوەی پارە لە ڕێگەی گۆڕینی ئارەزووەوە. عەقڵ خەوشدارە. سەرباری ئەوەش، ڕەنگە توانای عەقڵیت تەمبەڵ بێت، وە ئەگەر بە تەواوەتی پشت بە خزمەتکردنی ببەستیت، ڕەنگە بێهیوات بکات.

کاتێك وێنای ئەو پارەیە دەکەیت کە مەبەستە بەدەستی بهێنیت، (بە چاوی داخراوەوە،) خۆت لە پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریەدا ببینە، یان ئەو شمەکانە بگەیەنە کە مەبەستە لە بەرامبەر پارەکەدا بیبەخشیت. ئەمە زۆر گرنگە!

## پوختەی ڕێنماییەکان

ئەو ڕستیەی کە تۆ ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە دەرخەری ئەوەیە کە تۆ ڕاستگۆیانە وێڵی دوای زانیاریت. هەروەها دەرخەری ئەوەیە کە تۆ خوێندکاری ئەم بابەتەیت. ئەگەر تەنها خوێندکارێك بیت، ئەگەر هەیە کە زۆر شت فێربیت کە نایانزانیت، بەلام تەنها بەهۆی پەسەندکردنی ڕەوشتی ملکەچیەوە دەتوانیت فێربیت. ئەگەر شوێن هەندێك لە

ڕێنماییەکان بکەویت، بەڵام ئەوانی تر فەرامۆش یان ڕەتبکەیتەوە - ئەوا شکست دەهێنیت! بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامێکی دڵخواز، پێویستە هەموو ڕێنماییەکان بە ڕۆحیەتی باوەڕەوە جێبەجێ بکەیت.

ئەو ڕێنماییانەی پەیوەندیدار بە شەش هەنگاوەکەوە لە بەشی دوودا باسکران، ئێستا پوخت دەکرێنەوە، وە لەگەڵ ئەو بنەمایانە تێکەڵ دەکرێن کە لەم بەشەدا باسکران، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: بچۆرە شوێنێکی بێدەنگ ( لە هەمووی باشتر لە ناو جێخەو لە شەودا) کە کەس بێزارت نەکات و لێت تێکنەدات، چاوەکانت دابخە و بە دەنگی بەرز بڕی ئەو پارە نووسراوەی کە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت بخوێنەوە، وە ماوەی کاتی دیاریکراویش بۆ بەدەستهێنانی. هەروەها چیەتی ئەو خزمەتگوزاری و شتەی کە بە نیازی لە بەرامبەر پارەکەدا بیبەخشیت. لە کاتێکدا خەریکی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانەدایت، پێشوەختە خۆت لە خاوەندارێتی ئەو بڕە پارەیەدا ببینە.

بۆ وێنە: وایدابنێ نیازتە بۆ یەکی کانوونی دووەم پەنجا هەزار دۆلار پەیدا بکەیت، بۆ پێنج ساڵی تر، کە نیازی ئەوەت هەیە خزمەتی کەسی لە بەرامبەردا پێشکەش بکەیت ، لە شێوە فرۆشیارێکدا. گوزارشتی نووسراوی ئامانجەکەت دەشێت هاوشێوەی ئەمەی خوارەوە بێت:

" هەتا یەکەم ڕۆژی کانوونی دووەمی ....، دەبمە خاوەنی پەنجا هەزار دۆلار، کە بە ڕێژەی هەمەجۆر بۆو دێت جار دوای جار لە ماوەی دیاریکراودا. لە بەرامبەر ئەم پارەیەدا من باشترین خزمەتێك پێشکەش دەکەم کە لە توانامدایە، چەندێتی تەواوەتی گونجاو پێشکەش دەکەم، وە باشترین چۆنێتی خزمەتگوزاریەکی شیاو لە توانای فرۆشیارێکدا

پێشکەش دەکەم ( باسی ئەو خزمەتگوزاریە یان شمەکە بکە کە دەتەوێت بیفرۆشیت). بڕوام وایە کە دەبمە خاوەنی ئەو پارەیە. باوەڕم هێندە بەهێزە کە ئێستا دەتوانم ئەم بڕە پارەیە بە چاوەکانم ببینم. دەتوانم بە دەستەکانم دەستی لێبدەم. چاوەڕێیە لە کاتی خۆیدا بێتە لای من، وە لە بەرامبەردا منیش ئەو خزمەتگوزاریە پێشکەش بکەم کە نیازمە لە پێناویدا ئەنجامی بدەم. چاوەڕێی پلانێکم کە بە هۆیەوە ئەو بڕە پارەیە کۆبکەمەوە، وە منی شوێن ئەو پلانی دەکەوم، هەر کە پێمگەیشت."

دووەم: شەو و ڕۆژ ئەم بەرنامەیە دووبارە بکەرەوە هەتا ئەو کاتەی دەتوانیت ببینیت، ( لە ئەندێشەتدا) ئەو بڕە پارەیەی کە بە نیازی بەدەستی بهێنیت.

سێیەم: کۆپیەکی گوزارشتە نووسراوەکەی ئارەزووت لە شوێنێکدا دابنێ کە بتوای شەو و ڕۆژ بیبینیت، وە بەر لە خەوتن بیخوێنەرەوە، وە لە کاتی لەخەو هەڵسانیش هەتا ئەزبەری دەکەیت.

لەبیرت بێت، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنمایانەدا، کە تۆ بنەمای خوود پێشنیاری جێبەجێ دەکەیت، چونکە ئامانج فەرماندانە بە هۆشی نائاگات. هەروەها لەبیرت بێت، کە هۆشی نائاگات تەنها کار لەسەر ئەو ڕێنمایانە دەکات کە بە سۆز بارگاوی کراون، وە بە هۆی هەستێکەوە پێی دراوە. باوەڕ بەهێزترینیانە، وە بە بەرهەمترینی هەست و سۆزەکانە.

شوێن ئەو ڕێنماییانە بکەوە کە لە بەشی تایبەت بە باوەڕدا باسکراون.

ڕەنگە لە سەرەتادا ئەو ڕێنماییانە نابەرجەستە و پەتی دەربکەون. ڕێگە مەدە ئەمە بێزارت بکات. شوێن ڕێنمایەکان بکەوە، گرنگ نییە کە لە

سەرەتادا چەند نابەرجەستە و ناکرداری دەربکەون. ئەو کاتە زوو دێت، ئەگەر ئەوە بکەیت کە ڕێنمایی کراویت، هەم بە ڕۆحیەت و هەم بە کردار، کاتێك گەردوونێکی نوێی هێز و توانا لە بەردەمتدا دەکرێتەوە.

گومانگەرایی، پەیوەست بە هەموو بیرۆکەیەکی تازەکانەوە، تایبەتمەندی هەموو ئادەمیزادێکە. بەڵام ئەگەر شوێن ئەو ڕێنمایانە بکەویت کە دیاریکراون، هەر زوو گومانگەریەکەت بە باوەڕ جێگەی دەگیرێتەوە، ئەمە لە بەرامبەردا هەر زوو دەبێتە بلووری باوەڕێکی پەتی. دواتر دەگەیتە شوێنێك کە ڕەنگە بەڕاستی بڵێیت، " من سەروەری چارەنوسی خۆمم، من کاپتنی ڕۆحی خۆمم! "

زۆرێك لە فەیلەسوفان گوتویانە، کە مرۆڤ سەروەری چارەنووسی زەمینی خۆیەتی، بەڵام زۆربەیان شکستیان هێناوە لە گوتنی ئەوەی بۆچی سەروەرە.هۆکاری ئەوەی کە دەکرێت مرۆڤ سەروەری چارەنووسی زەمینی خۆی بێت، بە تایبەتی پێگەی دارایی، بە چڕوپڕی لەم بەشەدا باسکراوە. مرۆڤ دەشێت ببێتە سەروەری خۆی، وە ببێتە سەروەری ژینگەکەی، چونکە هێزی ئەوەی هەیە کە کار لە هۆشی نائاگای بکات، وە لە ڕێگەیەوە، کارسازی لەگەڵ زیرەکی ناکۆتا بەدەست بهێنێت.

تۆ ئێستا ئەو بەشە دەخوێنیتەوە کە پایەی سەرەکی ئەم فەلسەفەیە. ئەو ڕێنمایانەی لەم بەشەدان پێویستە بە مکووڕیەوە لێیان تێبگەیت و جێبەجێیان بکەیت، ئەگەر لە گۆڕینی ئارەزوو بۆ پارەدا سەرکەوتوو بوویت.

کردەی ڕاستەقینەی گۆڕینی ئارەزوو بۆ پارە، لە بەکارهێنانی خوود پێشنیاریەوە دەگلێت وەك نێوەندێك کە لە ڕێیەوە کەسەکە دەتوانێت

بگاتە هۆشی نائاگای و کاری تێبکات. بنەماکانی تر زۆر بە سادەیی ئامرازگەلێکن بۆ جێبەجێکردنی خوود پێشنیاری. هەمیشە ئەم بیرە لە مزری خۆتدا رگرە، هۆشیاربە بەرامبەر ئەو بەشە گرنگەی بنەمای خوود پێشنیاری کە بەکاری دەهێنیت بۆ کۆکردنەوەی پارە لە ڕێگەی ئەو میتۆدانەوە کە لەم کتێبەدا باسکراون. بە جۆرێك ئەم ڕێنمایانە جێبەجێ بکە وەك ئەوەی منداڵێکی بچووك بێت.

شتێك لە باوەڕی منداڵ بخەرە هەوڵەکانتەوە. نووسەر فرە هۆشیار بووە، لە زانینی ئەوەدا کە هیچ ڕێنماییەکی ناکرداری تێدا نەبێت، بەهۆی ئارەزووە ڕاستگۆیانەکەیەوە بۆ یارمەتیدان.

دوای ئەوەی تەواوی کتێبەکەت خوێندەوە، وەرەوە بۆ ئەم بەشە، بە ڕۆح و بە کردار شوێن ئەم ڕێنماییە بکەوە:

هەموو شەوێك جارێك تەواوی بەشەکە بە دەنگی بەرز بخوێنەوە، هەتا ئەو کاتەی بە تەواوەتی ڕەوایەتی و شیاوی بنەمای خوود پێشنیاری پەسەند دەکەیت، ئەوە هەموو ئەو شتانەت بۆ بەدەست دەهێنێت کە داوات کردووە.

لە کاتی خوێندنەوەدا، بە پێنووسێك هێڵ بە ژێر ئەو ڕستانەدا بهێنە کە بەلاتەوە سەرنجڕاکێش و گرنگن.

بە وردی شوێن ئەو ڕێنمایانە بکەوە کە باسکران، ڕێگەت بۆ دەکاتەوە بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی و شارەزایی تەواوەتی لە بنەماکانی سەرکەوتندا.

بەشی ٥

# زانیاری تایبەتمەند، ئەزموون یان ووردبوونەوەی کەسی

------------

## هەنگاوی چوارەم بەرەوە سامان

دوو جۆر زانیاری هەیە. جۆرێکیان گشتیە، ئەوی تریان تایبەتیە. زانیاری گشتی، گرنگ نییە چەندێك مەزنە لە چەندێتی و جۆرایەتیدا، هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە لە بەدەستخستنی پارەدا. بەشەکانی زانکۆ مەزنەکان لە رووی کردارییەوە خاوەنی هەموو چەشنە زانیارییەکی گشتین کە شارستانیەت زانیبێتی. زۆربەی پرۆفیسۆرەکان پارەیەکی ئەوتۆیان نییە. ئەوان تایبەتمەندن لە فێرکردن و گوتنەوەی زانیاریدا، بەلام تایبەتمەندنین لە رێکخستن، یان بەکارهێنانی زانیاریدا.

زانیاری پارە راناکێشێت، هەتا رێکنەخرێت و زیرەکانە ئاراستە نەکرێت، لە رێی پلانگەلی کردارییەوە، بۆ کۆتایی روونی کۆکردنەوەی پارە. تێنەگەیشتن لەم راستییە سەرچاوەی سەرلێشێوانی ملیۆنان کەسە کە بە هەلە باوەڕیان وایە " زانیاری توانایە." هیچ بەو شێوەیە نییە! زانیاری تەنها توانایەکی سروشتیە. تەنها کاتێك دەبێتە هێز کە رێکبخرێت بۆ پلانگەلی کرداری، وە ئاڕستە بکرێت بۆ کۆتاییەکی روون.

ئەمە " ئەڵقەی ون"ی نێو هەموو ئەو سیستەمە پەروەردەیانەیەکی شارستانیەت دەیزانێت. ڕەنگە لە شکستی دامەزراوەی پەروەردەیی بدۆزرێتەوە لە چۆنێتی فێرکردنی خوێندکاران بۆ ڕێکخستن و بەکارهێنانی زانیاری دوای فێربوونی.

زۆربەی خەڵکی هەڵە دەکەن لە هەڵسەنگاندنی ئەوەدا، کە لەبەرئەوەی هێنری فۆرد کەمی خوێندووە، کەواتە خوێندەوار نییە. ئەوانەی ئەم هەڵەیە دەکەن نە هێنری فۆرد دەناسن، نە لە مانای ڕاستەقینەی وشەی " پەروەردەکردن " تێدەگەن.

وشەکە لە وشەی لاتینی " ئیدوکو"[1] ەوە وەرگیراوە کە بە واتای گەشەپێدان و هێنانە دەرەوە و گەشەپێدان لە ناوەوە دێت. مرۆڤێکی خوێندەوار پێویست ناکات کەسێك بێت کە ڕێژەیەکی بێشومار زانیاری گشتی و تایبەتمەندی هەبێت. مرۆڤی خوێندەوار کەسێکە کە هێندە تواناکانی هزری گەشەپێداوە کە ڕەنگە هەر شتێکی بوێت یان خۆی یان هاوتاکەی بەدەست بهێنێت. بە بێ ئەوەی مافی ئەوانی تر پێشێل بکات. هێنری فۆرد زۆر باش دێتەوە لەگەڵ واتای ئەم پێناسەیەدا.

لە کاتی جەنگی جیهانیدا، ڕۆژنامەیەکی شیکاگۆ وتارێکی تایبەتی بڵاوکردەوە کە تێیدا، لە نێو کەلێك گوزارەی تردا، بە هێنری فۆرد گوترابوو، " ئاشتیخوازێکی نەزان. " بەڕێز فۆرد بەرپەرچی گوزارەکانی دایەوە، هەروەها سکاڵای یاسایی دژی ڕۆژنامەکە تۆمار کرد لەبەرئەوەی زیانی لە کەسایەتی داوە.کاتێك کە سکاڵاکە برایە دادگا، پارێزەرانی

---

[1] educo

ڕۆژنامەکە داوای دادپەروەریان کرد، وە بەڕێز فۆرد، خۆیان بردە شوێنی گەواهیدەر، بۆ ئەوەی بۆ دەستەی سوێندخۆرانی بسەلمێنن کە نەزان و گەمژەیە. پارێزەرەکان ژمارەیەکی زۆر پرسیاری جۆراوجۆریان لێ کرد، هەموویان بە مەبەستی سەلماندن، بە بەلگەی خودی خۆی، کە لە کاتێکدا ڕەنگە خاوەنی هەندێك زانیاری تایبەتمەند بێت پەیوەندیدار بە کارسازی ئۆتۆمۆبێلەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نەزانە.

بەڕێز فۆرد ئەم پرسیارانەی خوارەوەی ئاراستەکرا:

" بێنەدیك ئارنۆد کێ بوو؟ بەریتانیا چەند سەربازی نارد بۆ ئەمریکا بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی ١٧٧٦؟" لە وەڵامی کۆتا پرسیاردا، بەڕێز فۆرد گوتی، " ژمارەی تەواوەتی ئەو سەربازانە نازانم کە بەریتانا ناردویەتی، بەڵام بیستومە کە زۆر لەوانە زیاتر بوون کە گەڕاونەتەوە."

لە کۆتاییدا بەڕێز فۆرد ماندوو بوو بە بەدەست ئەو زنجیرە پرسیارەوە، وە لە وەڵامدا بۆ پرسیارێکی ئازاردەردا، دانەوی و بە پەنجەی ئاماژەی بۆ ئەو پارێزەرە کرد کە پرسیارەکەی لێ کرد و گوتی، " ئەگەر بە ڕاستی بمەوێت وەلامی ئەم پرسیارە گەمژانەیی پرسیت، یان هەر یەك لە پرسیارانەی لێمی دەکەیت، ڕێگە بدە بەبیرت بهێنمەوە کە ڕیزێك دوگمەی کارەبایی لەسەر مێزەکەی بەردەممە، وە پەنجەنان بە ئەوەی لای ڕستدا، دەتوانم بانگی کەسانێك بکەم کە هاوکارم بن لە وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکدا کە ئارەزووی بکەم دەربارەی ئەو بازرگانیەی کە زۆرینەی هەوڵەکانی خۆمم بۆ تەرخان کردووە. ئێستا، بەئەرك نەبێت پێم بڵێیت، بۆچی دەبێت مێشکم جەنجاڵ بکەم بە زانیاری گشتی، بە مەبەستی

نواناى وەلآمدانەوەى پرسيار، لە كاتێكدا كەسانێكم لە دەورە كە دەتوانن هەر زانيارِيەك دەستخەن كە داواى بكەم؟

بە دڵنيايەوە وەلامەكە لۆژيكى بوو. ئەو وەلامە پارێزەرەكەى تەختە كرد. هەموو ئامادەبووان دركيان بەوەكرد كە ئەو وەلامە هى كەسێكى نەزان نييە، بەلكو هى كەسێكى خوێندەوارە. هەر كەسێك رۆشنبيرە كە بزانێت لە كوێ زانيارى بەدەستبهێنێت كاتێك پێويستى پێى بێت، و دەزانێت كە چۆن ئەو زانياريە رێكبخات بۆ پلانگەلى رِوونى كردارى. لەرێى يارمەتى گروپى " هۆشى بالا"ەكەى، هێنرى فۆرد هەموو زانيارييەكى تايبەتمەندى لەژێر فەرماندا بوو كە بەهۆيەوە ببێتە يەكێك لە دەوڵەمەندترين كەسەكانى ئەمريكا. ئەوە بنچينەى نەبوو كە ئەو زانياريە لە هزر خۆيدا بێت. بەدڵنياييەوە هيچ كەسێك كە خاوەنى زيرەكى و هەستێكى تەواوەتى بێت بۆ خوێندنەوەى كتێبێكى لەم چەشنە ناكرێت گرنگى ئەم نموونەيەى لەدەست دەرچێت.

بەرلەوەى دڵنيابيتەوە لە توانات بۆ گۆرِينى ئارەزوو بۆ هاوتا داراييەكەى، پێويستت بە زانيارى تايبەتمەندى ئەو خزمەتگوزاريە، كالآيە يان پيشەيە دەبێت كە بەنيازيت لە بەرامبەر سامانەكەدا پێشكەشى بكەيت. رەنگە زانياريەكە تايبەتمەندى زياترت پێويست بێت بەراورد بەوەى توانات هەيە يان مەيلى بەدەستهێنانيت هەيە، ئەگەر ئەمە راست بێت، دەكرێت بە يارمەتى گروپى " هۆشى بالا"ەكەت ئەو لاوازيەت بنەبرِ بكەيت.

ئەندريو كارنيج دەيگوت خۆى هيچى نەزانيوە دەربارەى بازرگانى ستيل، سەربارى ئەوەش، بە تايبەتى گرنگى بەوە نەداوە كە هيچ دەربارەى بزانێت. ئەو زانياريە تايبەتمەندەى كە پێويستى بووە بۆ دروستكردن د

بازاڕگەری ستیل، لە ڕێی ئەندامانی گروپی " هۆشی باڵا"ەکەیەوە بۆی بەردەستخراوە.

کۆکردنەوەی سامانێکی زۆر پێویستی بە هێز هەیە، وە هێزیش بەردەست دەخرێت لەڕێی زانیارییەکی تایبەتمەندی بە باشی ڕێکخراوی زیرەکانە ئاراستەکراو، بەڵام ئەو زانیاریە مەرج نییە لای ئەو کەسە بێت کە سامانەکە بەدەستدەهێنێت.

ئەو پەرەگرافەی پێشوو دەشێت هیوا و هاندەرێك بێت بۆ ئەو کەسەی کە خواستی کۆکردنەوەی سامانی هەیە و خۆی ئەو " بڕوانامە" پێویستەی نییە بۆ ئەوەی ئەو زانیاریە تایبەتمەندەی بۆ دابین بکات کە پێویستی پێی دەبێت. مرۆڤەکان هەندێك جار لە ژیانیاندا دەناڵێنن بەدەست "هەستی خۆ بەکەمزانین"ەوە، لەبەرئەوەی کەسانی خاوەن بڕوانامە نین. ئەو کەسەی کە بتوانێت گروپی " هۆشی باڵا" کە لە کەسانێك پێکهاتوون هەڵگری زانیاری بەسوودن بۆ کۆکردنەوەی پارە، ڕێکبخات و ئاراستە بکات، هێندەی هەر ئەندامێکی گروپەکە خوێندەوارە. ئەمەت لەبیربێت، ئەگەر بە دەست هەستی خۆبەکەمزانیەوە دەناڵێنیت، لەبەرئەوەی خوێندنەکەت سنووردارە.

تۆماس ئەدیسۆن تەنها سێ مانگ خوێندویەتی لە تەواوی ژیانیدا. نە نەخوێندەوار بوو، نە بەهەژاریش مرد. هێنری فۆرد بڕوانامەی کەمتر لە شەشی سەرەتایی هەبوو، بەڵام توانی لە ڕووی داراییەوە زۆر باش بیهێنێت.

زانیـاری تایبەتمەنـد لـە نێـوانی بێشـومارترین و هـەرزانترینی ئـەو خزمەتگوزاریانەدایـە کـە هـەن! ئەگـەر گومانـت لـەوە هەیـە، لیستەی دامەزراندن و مووچەی هەر زانکۆیەك بپشکنە.

## پارەدان بۆ زانینی چۆنێتی کڕینی زانیاری

بەر لە هەموو شتێك، بڕیار لەسـەر جۆری ئـەو زانیاریە تایبەتمەندە بدە پێویستتە، وە ئـەو مەبەسـتەی کـە بـۆی بـەکاردەهێنیت. لـە مەودایەکی فراوانـدا مەبەسـتی سـەرەکیت لـە ژیانـدا، ئـەو ئامانجـەی کـە کـار بۆ بەدەستهێنانی دەکەیت، یارمەتیت دەدات بۆ زانینی ئەوەی پێویستت بە چی زانیاریەکە.

لەگەڵ جێگیرکردنی ئەم پرسیارەدا، جووڵەی دواترت پێویستی بەوەیەی کـە زانیـاری وردت هـەبێت دەربـارەی سەرچـاوەی پشتپێبەسـراوی پەیوەندیدار. گرنگترینیان ئەمانەن:

(ب) ئەزموون و بڕوانامەی کەسەکە

(ج) ئـەو ئـەزموون و بڕوانامانـەی بەردەسـت دبێـت لـە ڕێـی هەماهـەنگی لەگەڵ ئەوانی تر ( هاوپەیمانی هۆشی باڵا)

(د) کۆلێژ و زانکۆکان

(ح) کتێبخـان گشـتیەکان ( لـە ڕێـی کتێـب و گۆڤارەکانـەوە کـە دەکرێـت هەموو ئەو زانیاریانەی لە لایەن شارستانیەتەوە ڕێکخراوە بدۆزرێتەوە)

(خ) کۆرسـی تایبـەتی ڕاهێنـان ( لـە ڕێـی خوێنـدنی ئێـواران و خوێنـدنی ماڵەوەوە بە تایبەتی)

هەر کە زانیاریەکە دەستخرا پێویستە ڕێکبخرێت و بەکاربهێنرێت، بۆ ئامانجێکی ڕوون، لە ڕێی پلانگەلی کرداریەوە. زانیاری هیچ نرخێکی نییە جگە لەوەی کە بتوانرێت بەدەسبهێنرێت لەڕێی جێبەجێکردنیەوە بەرەو ئەنجامێکی شایستە. ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی بۆچی بڕوانامەکانی زانکۆ هێندە بەنرخ نین. نوێنەرایەتی هیچ شتێك ناکەن جگە لە زانیارییەکی سادە.

ئەگەر بیر لە خوێندنی زیاتر دەکەیتەوە، سەرەتا ئەو ئامانجە دیاریبکە کە دەتەوێت زانیاریەکەی بۆ دەستبخەیت، دواتر بزانە لە کوێ ئەم جۆرە دیاریکراوەی زانیاری دەکرێت بەدەستبهێنرێت، لە سەرچاوەگەلی پشتپێبەستراوەوە.

کەسە سەرکەوتووەکان، لە هەموو بوارەکاندا، هەرگیز ناوەستن لە بەدەستهێنانی زانیاری تایبەتمەندی پەیوەندیدار بە ئامانجە سەرەکیەکەیان یان بازرگانی و پیشەکەیان. بە گشتی ئەوانەی کە سەرکەوتوو نابن ئەوانەن کە ئەو هەڵەیە دەکەن بە باوەڕهێنان بەوەی کە ماوەی بەدەستهێنانی زانیاری لە دوای تەواوکردنی خوێندنەوە کۆتایی دێت. ڕاستیەکە ئەوەیە کە خوێندن تەنها ڕێکا خۆشکەرێکە بۆ فێربوونی چۆنێتی بەدەستهێنانی زانیاری کرداری.

لەگوڵ ئەم دنیا گۆڕوەی کە لەدوای داڕمانی ئابووریەوە دروست بووە، پێویستی گۆڕانکاریش لە بابەتە پەروەردەیەکاندا دروست بووە. یاسای ئەمڕۆ تایبەتمەندبوونە! ئەم ڕستیە جەختی لەسەر کراوەتەوە لە لایەن ڕۆبێرت پ. موورەوە، سەرۆکی بەشی دامەزراندنی زانکۆی کۆڵۆمبیا.

*"تایبەتمەندەکان زۆرترین داواکاریان لەسەرە"*

کۆمپانیاکان بە تایبەتی بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێن کە تایبەتمەندن لە هەندێك بواردا - بازرگانی - ئەو دەرچووانەی کەڕامێنانیان پێکراوە لە ژمێریاری و ئاماردا، هەموو جۆرە ئەندازیاریەك، ڕۆژنامەنووس، تەلارساز، کیمیاگەر، هەروەها سەرکردە ناوازە و کەسە چالاکەکانی کۆتا ساڵی زانکۆش.

" کەسێك کە لە زانکۆدا چالاك بووە، کە کەسایەتی بەجۆرێکە کە لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێکدا دەگونجێت، وە کارێکی هێندە مایەی پەسەندی لەگەڵ خوێندنەکەیدا کردووە کە کردوویەتی بە خوێندکارێکی تەواو ئەکادیمی. هەندێك لەمانە، بەهۆی ئەو هەموو تایبەتمەندی و بڕوانامە زۆرانەوەیە، کە پێشنیاری چەندین پۆستیان بۆ کراوە، کەمترینیان شەش پۆستە.

" بۆ جێهێشتنی ئەو باوەڕەی کە خوێندکارە یەکەمەکان هەمیشە ئەوانەن کە بژاردەی کاری باشتر بەدەستدەهێنن، بەڕێز موور دەڵێت کە زۆربەی کۆمپانیاکان تەنها بەدوای تۆماری ئەکادیمی خوێندکارەکانەوە نین بەڵکو بەدوای تۆماری چالاکی و کەسایەتی خوێندکارەکانیشەوەن.

" یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیا پیشەسازیەکان، پێشەنگ لە بوارەکەی خۆیدا، لە نووسینێکدا بۆ بەڕێز موور دەربارەی خوێندکارانی کۆتا سالی زانکۆ، دەڵێت:

" بە شێوەیەکی سەرەکی ئێمە خوازیاری دۆزینەوەی کەسانێکین کە بتوانن بەرەوپێشچوونی دانسقە ئەنجام بدەن لە کاروباری کارگێڕیدا. لەبەر ئەم هۆیە جەخت دەکەینەوە لەسەر تایبەتمەندی کەسایەتی و زیرەکی کەسەکە زۆر زۆر زیاتر لە پاشخانێکی پەروەردەیی تایبەتمەند.

## " شاگردی " پێشنیار دەکرێت

" بە پێشنیارکردنی سیستەمێکی " شاگردیتی" خوێندکاران لە نووسینگە، فرۆشگا و کارە پیشەییەکاندا لە ماوەی پشووی هاویندا، بەڕێز موور ئەو ڕاستییەی چەسپاند کە کە دوای دوو یان سێ ساڵی زانکۆ، دەبێت داوا لە هەموو خوێندکارێك بکرێت کە کۆرسێکی ڕوون بۆ داهاتووی هەڵبژێرێت و بوەستێنرێت ئەگەر بە سادەیی و بەبێ ئامانج بە نێو مەنهەجێکی تایبەتمەندنەکراوی ئەکادیمیدا بڕوات.

دەڵێت، " کۆلێژ و زانکۆکان پێویستە ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرن کە هەموو کار و پیشەکانی ئێستا داوای تایبەتمەندەکان دەکات."

ناوەندەکانی خوێندن هان دەدات کە بەرپرسیاریەتیەکی ڕاستەخۆتر پەسەند بکەن دەربارەی ڕێبەری دامەزراندن. یەکێك لە کرداریترین و باشترینی ئەو سەرچاوانەی زانیاری کە بەردەستن بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان بە خوێندنی تایبەتمەندە، خوێندنگاکانی شەوانن کە لە زۆربەی شارە گەورەکاندا کراونەتەوە. خوێندنگا نامەییەکان ڕاهێنانی تایبەتمەند دەدەن لە هەموو شوێنێکی ئەمریکا، نامەکان دەڕۆن، لەمەڕ هەر بابەتێك کە دەکرێت لە ڕێی میتۆدی درێژکردنەوەوە بگوترێتەوە. یەکێك لە قازانجەکانی ڕاهێنانی خوێندن لەماڵەوە گونجاوی پرۆگرامی خوێندنەکەیە کە رێگە بە کەسەکە دەدات لە کاتە بەتاڵەکانیدا بخوێنێت. قازانجێکی مەزنی دیکەی خوێندن لە ماڵەوە ( ئەگەر خوێندنگاکە بە وریایەوە هەڵبژێردرێت)، ئەو ڕاستییەیە کە زۆربەی ئەو کۆرسانەی لە لایەن خوێندنگاکانی ناو ماڵەوە پێشکەش دەکرێن هەڵگری مافی گفتوگۆ کردنی بەخشندانەن کە دەکرێت زۆر بەنرخ بن بۆ ئەو کەسانەی کە

پێویستیان بە زانیاری تایبەتمەندە. گرنگ نییە لە کوێ دەژیت، دەتوانی هاوبەشی سوودەکانی بیت.

هەر شتێك بەبێ هەوڵدان و بێ قوربانی بەدەستبهێنرێت بە شێوەیەکی گشتی قەدری ناگیرێت: زۆرجار لەبەرچاو ناگیرێت. ڕەنگە هەر لەبەرئەوە بێت کە هیچی وامان دەست ناکەوێت لە دەرفەتە نایابەکانی خوێندنگا حکومیەکانەوە. ئەو دیسپلینە خوودیەی کەسێك لە پرۆگرامێکی دیاریکراوەوغ ڕوونەوە وەریدەگرێت هەندێك مەودا دەدات بە کەسەکە، بۆ ئەو دەرفەتە لەدەستچووانەی کلتێك زانیاری بەبێ هیچ تێچوویەك بەردەست بوو. خوێندنگا نامەیەکان دامەزراوەگەلێکی بازرگانی تەواو ڕێکخراون. کرێی فێرکاریەکانیان هێندە نزمە کە ناچارن سوور بن لەسەر کاتی دیاریکراوی پارەدان. داوای پارەدان، جا ئەگەر خوێندکارەکە نمرەی باش بهێنێت یان خراپ، وا لە کەسەکە دەکات لە کۆرسەکە بەردەوام بێت لە کاتێکدا ئەگەر بە پێچەوانەوە بووایە وازی دەهێنا. خوێندنگا نامەییەکان زۆر جەختیان نەکردۆتە سەر ئەم خاڵە، لەبەر ئەو ڕاستییەی کە بەشەکانیان باشترین جۆری ڕاهێنان فەراهەم دەکەن دەربارەی بڕیاردان، گەیشتن لە کاتی خۆیدا، کردار و خوولی تەواوکردنی ئەو کارەی کەسێك دەستی پێدەکات.

زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر، ئەمە لە ڕێی ئەزموونەوە فێربووم. ناوم لە کۆرسێکی خوێندنی ماڵەوە دەربارەی ڕیکلامکردن نووسی. دوای تەواوکردنی هەشت یان دە وانە وازم لە خوێندن هێنا، بەڵام خوێندنگاکە لە ناردنی پسووڵە نەوەستا. سەرباری ئەوەش، سووربوون لەسەر وەرگرتنی پارەکە، جا ئەگەر لە خوێندن بەردەوامبم یان نا. بڕیارمدا کە

ئەگەر هەر دەبێت پارەی کۆرسەکە بدەم ( کە لە ڕووی یاساییەوە ناچار بووم بیدەم)، دەبێت وانەکان تەواو بکەم و پارەکەم بەفیڕۆ نەڕوات. لەو کاتەدا، هەستم کرد کە سیستەمی کۆلێکشنی خوێندنگاکە بە جۆرێك زۆر بە باشی ڕێکخراوە، بەڵام دواتر لە ژیانمدا تێگەیشتم کە ئەوە بەشێکی بەنرخی ڕاهێنانم بوو. بەهۆی ناچارکران بۆ پێدانی پارەکە، بەردەوام بووم و کۆرسەکەم تەواو کرد. دواتر لە ژیانمدا بۆم دەرکەوت کە سیستەمی کۆلێکشنی نایابی خوێندنگاکە زۆر نرخێکی زیاتری هەبوو بەراورد بەو پارەیەی بەدەستهێنرا، بەهۆی ئەو ڕاهێنانەوە دەربارەی ڕیکلام کە زۆر نابەدڵانە وەرمگرت.

لەم وڵاتەدا ئەوەمان هەیە کە پێی دەگوترێت مەزنترین سیستەمی خوێندنگای حکومیە لە تەواوی دونیادا. پارەیەکی زۆر بۆ دروسکردنی بیناگەلی باش وەبەردەهێنین، هۆکاری گواستنەوەی گونجاومان بۆ ئەو منداڵانە دابین کردووە کە لە لادێکانەوە دێن، بۆ ئەوەی لە باشترین خوێندنگادا وانە بخوێنن، بەڵام ئەم سیستەمە ناوازەیە یەك خاڵی لاوازی سەرسامکەری هەیە – بە خۆڕاییە! یەکێك لە خەسڵەتە سەیرەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە تەنها نرخ بۆ ئەو شتە دادەنێن کە بە پارەیە. خوێندنگا خۆڕاییەکانی ئەمریکا، وە کتێبخانە حکومیەکانی ئەمریکا، سەرنجی خەڵکی ڕاناکێشن چونکە بەخۆڕاین.ئەوە هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر بە پێویستی دەزانن کە ڕاهێنان و مەشقی زیادە وەربگرن دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکەن و دەچنە سەر کار. هەروەها هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ ئەوەی کە بۆچی خاوەنکارەکان زۆرتر ڕەچاوی ئەو فەرمانبەرانە دەکەن کە کۆرس خوێندنیان لەماڵەوە وەرگرتووە. لە

ئەزموونــەوە فێربــوون کــە هەرکەســێك دەســتبەرداری هەنــدێك لــە کاتی زیدەی خۆی ببێت بۆ خوێندن لە ماڵەوە هەڵگری ئەو خاسیەتانەیە کە لە سەرکردەدا هەن. ئەم پێزانینە لەبەر خێرومەندی نییە، بەڵکو داوەریەکی دروستی بازرگانیە لە لایەن خاوەنکارەکانەوە.

لاوازیەك هەیە لە خەڵکیدا کە هیچ دەرمانێکی نییە. لاوازی گەردوونی نەبوونی حەز و ئارەزووە! خەڵکی، بە تایبەت مووچەخۆران، کە کاتی بەتاڵەکانیان داناوە بۆ خوێندن لە ماڵەوە، زۆر بەدەگمەن بۆ ماوەیەکی درێژ لە خوارەوە دەمێننەوە. کردارەکەیان ڕێگە بۆ سەرکەوتن بۆ سەرەوە دەکاتەوە، گەلێك بەربەستی سەر ڕێگەیان لادەبات، وە سورنجی دۆستانەی ئەو کەسانە ڕادەکێشن کە دەسەڵاتیان هەیە بیانخەنە سەر ڕێگای دەرفەت.

میتۆدی ڕاهێنان بە خوێندنی ماڵەوە بە تایبەتی بۆ پێویستیەکانی ئەو کەسانە دامەزراوانە گونجاوە، کە دوای تەواوکردنی خوێندن بۆیان دەردەکەوێت، کە پێویستە زانیارییەکی تایبەتمەندی زیادە بەدەستبهێنن، بەڵام کاتی زیادەیان نییە هەتا بچنەوە خوێندن.

گۆڕانکاری لە دۆخە ئابوورییەکاندا لە گرانیە مەزنەکەوە بووەتە هۆی پێویست بکات  کە هەزاران کەس سەرچاوەی زیادە یان تازەی داهات بدۆزنەوە. بۆ زۆرینەی ئەو کەسانە، چارەسەری کێشەکانیان دەکرێت تەنها لە بەدەستهێنانی زانیاری تایبەتمەندا بدۆزرێتەوە. هەندێکیان ناچار دەبن پیشەکەیان بە تەواوەتی بگۆڕن.

کاتێك بازرگانێك بۆی دەردەکەوێت جۆرێکی دیاریکراوی کالا نافرۆشرێت، بە شێوەیەکی گشتی بە کاڵیەکی تر جێگەی دەگرێتەوە کە خواستی زۆر

لەسەرە. ئەو کەسەش کە کارەکەی فرۆشتنی خزمەتگوزاریە کەسیەکانە پێویستە بازرگانێکی لێهاتوو بێت. ئەگەر خزمەتگوزاریەکانی قازانجێکی باشی نەکرد لە پیشەکەیدا، پێویستە بیگۆڕێت بۆ دانەیەکی تر، کە دەرفەتگەلی فراوانی تێدا بەردەست بێت.

ستیوارت ئۆستین وێر خۆی ئامادە کرد وەك ئەندازیاری تەلارسازی و شوێن هێڵێکی کارکردن کەوت هەتا ئەو کاتەی قەیرانە بازرگانییەکە بازاڕی بۆ ئاستێك سنووردار کرد کە ئەو داهاتەی پێنەدەدا کە دەیویست. توێشوی خۆی خست و بڕیاریدا پیشەکەی بۆ یاسا بگۆڕێت، گەڕیەوە بۆ خوێندن و چەند کۆرسێکی تایبەتی خوێند کە بەهۆیەوە خۆی ئامادەکرد وەك پارێزەرێکی کۆمپانیا. سەرەڕایی ئەو ڕاستییەی کە قەیرانەکە کۆتایی نەهاتبوو، ڕاهێنانەکەی تەواو کرد، لە تاقیکردنەوە دەرچوو و بە خێرایی نووسینگەیەکی بە قازانجی پارێزەری لە دالأسی تەکساس کردەوە، لە ڕاستیدا موشتەریەکانی ئیزن دەدا.

تەنها بۆ ئەوەی تۆمارەکە ڕاستبێتەوە و بیانووی ئەو کەسانە ببڕدرێت کە دەڵێن، " ناتوانم بچمەوە خوێندن چونکە خێزانێکم هەیە دەبێت پاڵپشتیان بکەم،" یان" من زۆر بەتەمەنم بۆ خوێندن،" ئەو زانیاریە زیاد دەکەم کە بەڕێز وێر تەمەنی لە چل ساڵی تێپەڕیبوو و هاوسەری هەبوو کاتێك گەڕایەوە بۆ خوێندن. سەرباری ئەوەش، بە هۆی بە وریایەوە هەڵبژاردنی کۆرسی تایبەتمەندی باڵاوە، لە زانکۆیەکی باش ئامادەکراو بۆ فێرکردنی بابەتی هەڵبژێردراوەکان، بەڕێز وێر لە ماوەی دوو ساڵدا ئەو کارەی تەواو کرد کە زۆرینەی خوێندکارانی یاسا لە ماوەی چوار ساڵدا تەواوی دەکەن. گرنگە بزانیا چۆن زانیاری دەکڕێت!

ئەو کەسەی کە واز لە خوێندن دەهێنێت تەنها لەبەرئەوەی خوێندنی تەواو کردووە بۆ هەمیشە و بێهیوایانە ئاساییبوونی لە چارە نووسراوە، گرنگ نییە پیشەکەی هەرچییەك بێت. ڕێگای سەرکەوتن ڕێگای شوێنکەوتنی بەردەوامی زانیارییە.

با بیر لە نموونەیەك تایبەت بکەینەوە. لە ماوەی گرانیە مەزنەکەدا فرۆشیارێك لە فرۆشگایەکی وشکەدا خۆی بێکار بینیەوە. هەندێك ئەزموونی ژمێرکاری و نووسیاری هەبوو، کۆرسێکی تایبەتی لە ژمێریاریدا خوێند، خۆی شارەزا کرد لە نوێترین پێویستی و کارەکانی نووسیاری و ئۆفیس و دەستی بە کاری خۆی کرد. بە کارکردن لەگەڵ ئەو خاوەن فرۆشگایە دەستی پێکرد کە پێشتر کاری لێ دەکرد، گرێبەستی لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠ بازرگاندا کرد کە کاری ژمێریاریان بۆ بکات، بە کرێیەکی مانگانەی زۆر کەم. بیرۆکەکەی هێندە کرداری بوو کە زوو بۆی دەرکەوت کە پوێستە نووسینگەیەکی بەقازانج بکاتەوە لە ئۆتۆمۆبێلێکی گەیاندنی بچووکدا، کە پڕی کردبوو لە نوێترین ئامێرەکانی نووسیاری. ئێستا کۆمەڵێك لەو نووسینگە ژمێریاریانەی هەیە "لە ئۆتۆمۆبێلدا" و ژمارەیەکی زۆر یاریدەدەری دامەزراندووە، کە خزمەتگوزاری ژمێریاری بۆ بازرگانە بچووکەکان دابین دەکات لەگەڵ باشترینی ئەو شتانەی کە دەتوانێت پارە بیانکڕێت، بە تێچوویەکی زۆر کەم.

زانیاری تایبەتمەند لەگەڵ ئەندێشە، ئەو پێکهاتانە بوون کە بە مانای ئەم بازرگانیە بێ هاوتا و سەرکەوتووەوە هاتن. ساڵی ڕابردوو خاوەنی ئەم بازرگانیە باجی داهاتێکی داوە کە دە هێندە زیاتر بووە لەو بڕەی ئەو بازرگانە داویەتی کە کاری بۆ کردوون کاتێك قەیرانە بازرگانییەکە

دووچاری نەهامەتیەکی کاتی کرد کە دواتر دەرکەوت بەخششێك بووە لە بەرگی نەهامەتیدا.

دەستپێکی ئەم بازرگانیە سەرکەوتووە بیرۆکەیەك بوو! هەروەك چۆن شانازی ئەوەم پێبڕا ئەو بیرۆکەیە بدەم بە فرۆشیارە بێکارەکە، ئێستاش شانازی ئەوەم هەیە کە بیرۆکەیەکی تر پێشنیار بکەم کە ئەگەری داهاتێکی مەزنتر لەخۆ دەگرێت. هەروەها ئەگەری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی بەسوود بە هەزاران کەس کە زۆر پێویستین بەو خزمەتگوزاریەیە.

بیرۆکەکە پێشنیارکراوە لە لایەن ئەو فرۆشیارەوە کە وازی لە فرۆشتن هێنا و دەستی کرد بە کاری نووسیاری لەسەر بنەمای کۆکراوە. کاتێك پلانەکە پێشنیارکرا وەك چارەسەرێك بۆ بێکاریەکەی، بەخێرایی سەرسامی خۆی دەربڕی، " ئەو بیرۆکەیەم بەدڵە، بەڵام نازانم چۆن بیکەم بە پارە." بە دەربڕینێکی تر، سکاڵای ئەوەی کرد کە نازانێت چۆن زانیاریەکانی دەربارەی نووسیاری بفرۆشێت دوای ئەوەی بەدەستی هێنان.

هەر بۆیە ئەو گرفتێکی تری هێنایە پێ کە دەبوو چارە بکرێت، بە یامەتی خانمێکی گەنجی نووسیار، بەتوانا لە نووسیندا، کە دەیتوانی چیرۆکێك بهۆنێتەوە، کتێبێکی زۆر سەرنجڕاکێش ئامادەکرا، کە باسی سوودەکانی سیستەمی نوێی نووسیاری دەکرد.

لاپەڕەکان زۆر بە جوانی نووسران و خرانە سەر پەڕاوێکی ئاسایی، کە وەك فرۆشیارێکی بێدەنگ بەکارهێنرا کە بەهۆیەوە چیرۆکی ئەم

بازرگانیە نوێیە بە سەرکەوتووانە گێڕدرایەوە هەر زوو خاوەنەکەی هەژمارێکی زۆر لەوە زیاتری هەبوو کە بتوانێت پێیان ڕابگات.

لە سەرانسەری ولأتدا، هەزاران کەس هەیە کە پێویستی بە خزمەتگوزاری تایبەتمەندێکی کالأ هەیە کە بتوانێت پوختەیەکی سەرنجڕاکێش ئامادە بکات بۆ بەکارهێنانی لە بازاڕگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکاندا. تەواوی ئەو داهاتە سالأنەیەی کە خزمەتگوزاریەکی لەو چەشنە بەدەستی دەهێنێت، بە ئاسانی دەتوانێت زیاتر بێت لەو بڕەی کە گەورەترین دەزگای دۆزینەوەی کار بەدەستی دەهێنێت، وە قازانجی خزمەتگوزاریەکە ڕەنگە زۆر زیاتر بێت بۆ کڕیارەکە بەراورد بەوەی بەدەستدەهێنرێت لە لە دەزگایەکی دۆزینەوەی کارەوە.

ئەو بیرۆکەیەی باسکرا بەهۆی پێویستیەوە لەدایکبوو، بۆ دەربازبوون لە بارێکی لەناکاو کە دەبووایە تێپەڕێنرێت، بەلأم تەنها بە خزمەتکردنی یەک کەسەوە نەوەستا. ئەو خانمەی کە بیرۆکەکەی دروستکرد ئەندێشەیەکی فراوان و وردی هەبوو. لە مندالأە تازە لەدایکبووەکەی مێشکیدا دروسکردنی پیشەیەکی نوێی بینی، ئەو پیشەیەی کە لە چارەی نووسرابوو خزمەتگوزاریەکی بەنرخ پێشکەشی هەزاران کەس بکات کە پێویستیان بە ڕێبەرێکی کرداری بوو لە بازاڕگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکاندا.

دەستی بەکارکرد بە سەرکەوتنی ڕاستەوخۆی یەکەم " پلانی ئامادەکراو بۆ بازاڕگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکان." ئەم خانمە پڕ وزەیە دواتر دەستی کرد بە چارەسەرکردنی کێشەیەکی هاوشێوە بۆ کوڕەکەی کە تازە زانکۆی تەواو کردبوو، بەلأم بە تەواوەتی هیوابڕاو بوو لەوەی کە

بازاڕێك بۆ خزمەتگوزاریەکانی بدۆزێتەوە. ئەو پلانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دایڕشت باشترین جۆری بازارگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکانە کە هەتا ئێستا بینیومە.

کاتێك کە کتێبی پلانەکە تەواو بوو، پێکهاتبوو لە نزیکەی پەنجا لاپەڕەی بە جوانی نووسراو و بە تەواوەتی ڕێکخراوی زانیاری، کە چیرۆکی بەهرەی سروشتی منداڵەکەی، خوێندن وئەزموونە کەسیەکان و کۆمەڵێك زانیاری جۆراوجۆری باسدەکرد. هەروەها کتێبی پلانەکە باسی تەواوەتی ئەو پێگەیەشی تێدا بوو کە کوڕەکەی ئارەزووی دەکرد، لەگەڵ باسێکی نایابی کتومتی ئەو پلانەی کە بەکاریدەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو پێگەیە.

ئامادەکردنی کتێبی پلانەکە پێویستی بە چەند هەفتە کارکردن هەبوو، کە لەو ماوەیەدا دروستاکەری کتێبەکە ڕۆژانە کوڕەکەی دەنارد بۆ کتێبخانەی گشتی، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکانی بە باشترین قازانج. هەروەها ناردی بۆ هەموو دامەزراوە بازرگانیەکانی خاوەنکاری داهاتووی، بۆ ئەوەی زانیاری ورد و گرنگیان لێ وەرگرێت پەیوەست بە میتۆدە بازرگانیەکانیان کە زۆر بەنرخ بوون لە داڕشتنی ئەو پلانەدا کە کە مەبەستێتی بەکاریبهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو پۆستەی دەیەوێت. کاتێك پلانەکە تەواوکرا، زیاتر لە نیو دەرزەن پێشنیاری باشی تێدا بوو بۆ ئەوەی خاوەنکارەکە بەکاریانبهێنێت و سوودیان لێ وەرگرێت. ( پێشنیارەکان بەکارهێنران لە لایەن کۆمپانیاکەوە).

ڕەنگە کەسێك بپرسێت، " بۆ خۆت تووشی ئەو هەموو گرفتە بکەیت بۆ مسۆگەرکردنی کارێك؟" وەڵامەکە یەکسەرییە، هەروەها دراماتیکیە، لەبەرئەوەی مامەڵە لەگەڵ بابەتێکدا دەکات کە بەشێکی بەرپرسیارێتی ئەو تراژیدیایەی لە ئەستۆیە کە ملیۆنان ژن و پیاو کە تاکە سەرچاوەی داهاتیان خزمەتگوزاریە کەسیەکانە تێیکەوتوون.

وەڵامەکە ئەمەیە، " کردنی شتێکی چاك هەرگیز گرفت نییە! ئەو پلانەی کە ئامادە کرابوو لە لایەن ئەم ژنەوە بۆ قازانجی کوڕەکەی، یارمەتیدا ئەو کارە بەدەستبهێنێت کە داواکاری بۆ پێشکەش کردبوو، لە یەکەم چاوپێکەوتندا، بە مووچەیەك کە خۆی دیاری کردبوو."

سەرباری ئەوەش – ئەمەش زۆر گرنگە – ئەو پۆستە پێویستی بەوە نەدەکرد کوڕە گەنجەکە لە ئاستی خواری خوارەوەوە دەست پێبکات. وەك بڕیاردەرێکی باڵا دەستی بە کار کرد، بە مووچەی بڕیاردەرێکەوە.

بۆچی خۆی تووشی ئەو هەموو کێشانە دەکات؟ ئەوە دەپرسی؟

دەی، بۆ یەك شت، پێشکەشکردنی داواکاری کاری پلان بۆ دانراوی ئەم گەنجە زیاتر لە دە ساڵی کەم کردەوە لەو کاتەی کە پێویستی بوو بۆ ئەوەی لەو شوێنەوە دەستپێبکات. دەبووایە" دەبووایە لە خواری خوارەوە دەستی بە کار بکردایە و بە کارکردن بەرەو سەرەوە هەڵبکشایە."

ئەم بیرۆکەی لە خوارەوە دەستپێکردن و هەڵکشان بۆ سەرەوە ڕەنگە زۆر باش دەربکەوێت، بەڵام سەرەکیترین دژە بۆچوون بۆی ئەمەیە – زۆرینەی ئەوانەی کە لە خوارەوە دەستیان بە کار کردووە هەرگیز نەیانتوانیوە سەریان هێندە بەرز بکەنەوە کە لە لایەن دەرفەتەکانەوە

ببینرێن، هەر بۆیە لە خوارەوە دەمێننەوە. هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەبیربێت کە، دیمەن و گۆشەنیگا لە خوارەوە زۆر ڕۆشن یان هاندەرانە نییە. مەیلی کوشتنی ئارەزووی هەیە. بەوە دەڵێین " چەقبەستن" کە واتای ئەوەیە کە ئێمە چارەنووسمان پەسەند کردووە چونکە خووی ڕۆتینی ڕۆژانەمان پەرەپێداوە. خوویەك کە دواجار هێندە بەهێز دەبێت کە واز لە هەوڵی فڕێدانی دەهێنین. وە ئەوەش هۆکارێکی ترە کە بۆچی گرنگە کە هەنگاوێك یان دووان لە سەرووی خواری خوارەوە دەست بە کار بکەیت. بە ئەنجامدانی ئەوە کەسەکە خووی ڕوانین لە دەوروبەر گەشە پێدەدات، بۆ سەرنجدانی ئەوەی چۆن ئەوانی تر پێشدەکەون، بۆ بینینی دەرفەتەکان و بە بێ دوودڵی قۆستنەوەیان.

دان هالپین نموونەیەکی پرشنگدارە بۆ ئەوەی مەبەستمە. لە کاتێکدا کە خوێندکاری زانکۆ بوو، بەڕێوەبەری تیپی تۆپی پێی بەناوبانگی تۆتردام بوو کە پاڵەوانی ۱۹۳۰ بوون، کاتێك لەژێر ڕێبەرایەتی نیوت ڕۆکی کۆچکردوودا بوو.

ڕەنگە لە لایەن ئەو ڕاهێنەرە مەزنەوە ئیلهامی پێدرابێت کە بەرز ئامانج بگرێت، وە کەوتنی کاتی لێ تێکنەچێت لەگەڵ شکستدا، هەروەك چۆن ئەندریو کارنیج، سەرکردەی مەزنی پیشەسازی، ئیلهامی بە یاریدەدەرە لاوەکانیدا کە ئامانجی گەورە بۆ خۆیان دابنێن. بە هەر جۆرێك بێت، هالپینی لاو لە کاتێکی فرە نەخوازراودا زانکۆی تەواو کرد، کاتێك قات و قڕیەکە کاری وای نەهێشتبۆوە، هەر بۆیە دوای هەوڵێك لە وەبەرهێنانی بانك و سینەمادا، دەستپێکرد بە یەکەم کار بە داهاتوویەکی گەشەوە کە توانی بیدۆزێتەوە - فرۆشتنی یاریدەدەری بیستنی ئەلکترۆنی بە

مووچەیەکی مانگانەی دیاریکراوەوە. هەر کەسێك دەتوانێت بەو جۆرە کارانە دەستپێبکات، هاڵپینیش ئەوەی دەزانی، بەڵام ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی دەرگای دەرفەتی بۆ بکرێتەوە.

بۆ نزیکەی دوو ساڵ، لەو کارە بەردەوامبوو کە حەزی لێی نەبوو، و هەرگیز لەو کارە باشتری دەستنەدەکەوت ئەگەر شتێکی نەکردایە دەربارەی ناقایلیەکەی. سەرەتا، یاریدەدەری بەڕێوەبەری فرۆشتنی کۆمپانیاکەی کردە ئامانج و بەدەستی هێنا. ئەو تاکە هەنگاوە بەرەو سەرەوە بە ڕێژەی پێویست بەرزی کردووە بەراورد بە زۆرینەی خەڵکی بۆ ئەوەی دەرفەتگەلی مەزنتر ببینێت، هەروەها خستیە ئەو شوێنەی کە دەرفەت دەتوانێت بیبینێت.

هێندە ڕیکۆردێکی باشی لە فرۆشتنی یاریدەدەری بیستنەکاندا بەدەستهێنابوو، کە ئەی.م ئەندریوس سەرۆکی دەستەی کۆمپانیای بەرهەمە دەنگیەکان، ڕکابەرێکی بازرگانی ئەو کۆمپانیایەی کە هاڵپین کاری بۆ دەکرد، دەیویست شتێك بزانێت دەربارەی ئەو کەسە دان هاڵپین کە فرۆشێکی زۆر زیاتر لە کۆمپانیایەکی لەمێژینە دامەزراوی ئەنجامداوە. بەدوای هاڵپینیدا نارد. کاتێك چاوپێکەوتنەکە تەواو بوو، هاڵپین بووە بەڕێوەبەری نوێی فرۆشتن، بەرپرس لە بەشی دەنگی.

دواتر، بۆ تاقیکردنەوەی توخمی هاڵپینی لاو، بەڕێز ئەندریۆ ڕۆیشت بۆ فلۆریدا بۆ ماوەی سێ مانگ، بەجێیهێشت بۆ ئەوەی لە کارە نوێکەیدا نقوم بێت یان مەلە بکات. نقوم نەبوو! ڕۆحیەتی نوت ڕۆکنی "هەموو دونیا براوەی خۆشدەوێت، وە کاتی نییە بۆ ئەو دۆڕاوەی کە ئیلهامی پێدا هێندە هەوڵ بدات لە کارەکەیدا هەتا بەمدوایانە بە جێگری سەرۆکی

کۆمپانیاکـە و بەڕێوەبـەری گشـتی دەنـگ و بەشـی ڕادیـۆی بێـدەنگ هەڵبژێردرا، کارێك کە زۆربەی خەڵکی شانازی پێوە دەکەن ئەگەر بە ماوەی دە ساڵ کارکردنی دڵسۆزانەش بەدەستی بهێنن. هاڵپین لە ماوەی شەش مانگدا ئەوەی کرد.

قورسە بگوترێت کە ئایا بەڕێز ئەندریۆ یان بەڕێز هاڵپین زیاتر شایستەی ستایشن، لەبەر ئەو هۆیەی کە هەردووکیان بەڵگەیان پیشانداوە لەسەر هەبوونی بیشـوماری خاسیەتێکی زۆر دەگمەنی ناسراو بە ئەندێشە. بەڕێز ئەنـدریو شایەنی ستایشـە لەبەرئـەوەی لـە هاڵپینـدا " بـڕۆ ـ بەدەستەێنەر" ێکی لە بەرزترین ئاستدا بینی. هاڵپین شایەنی ستایشـە لەبەرئـەوەی ڕەتیکردەوە لەگەڵ ژیانـدا ڕێکبکـەوێت بـە پەسـەندکردن و بـەردەوامبوونی لەسـەر کارێـك کـە نەیدەویسـت، ئـەوەش یەکێکـە لـە سەرەکیترین ئەو خاڵانەی کە هەوڵدەدەم جەختی لەسەر بکەمەوە لە ڕێـی تەواوی ئەم فەلسەفەیەوە ـ کە ئێمە بۆ پێگەی بەرز سەردەکەوین یان لـە خوارەوە دەمێنینەوە بەهۆی ئەو بارودۆخانەوە کە دەتـوانین کۆنترۆڵیـان بکەین ئەگەر ئارەزووی ئەوەمان هەبێت کۆنترۆڵیان بکەین.

هـەروەها هەوڵـدەدەم جـەخت بکەمـەوە لەسـەر خـاڵێکی تـریش، کـە سـەرکەوتن و شکسـت بەڕێژەیـەکی زۆر دەرئـەنجامی خـووە ! کـەترین گومانم نییە کە دۆستایەتی دان هاڵپین لەگەڵ مـەزنترین ڕاهێنـەری تـۆپی پێ کە هەتا ئێستا ئەمریکا هەیبووبێت، هەمان جۆری ئارەزووی لێهـاتووی لـە هزریـدا چـاندووە کـە تیپـی تـۆپی پێـی نـۆتردامی کـردە تیپێکـی بەناوبانگی جیهـانی. بەڕاستی، شتێك هەیـە لـەوەی بیرۆکـەی پاڵـەوان ـ پەرستی پارمەتیـدەرە، براوەیـەك بـۆ کەسـەکە دابـین دەکـات. هـاڵپین

پێیگوتم کە ڕۆکن یەکێکە لە مەزنترین سەرکردەکانی تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیە.

باوەڕم بەو تیۆریەی کە هاوکاری کار هۆکاری بنچینەیە، لە شکست و سەرکەوتندا، لەم دوایانەدا جێگیربوو، کاتێک بلەیری کوڕم لەگەڵ دان هالپیندا لەسەر پۆستێک گفتوگۆی دەکرد.

بەڕێز هالپین پێشنیاری مووچەیەکی دەستپێکی کرد کە نزیکەی نیوەی ئەوە بوو کە کۆمپانیایەکی ڕکابەر پێشکەشی کردبوو. بەهۆی فشاری باوکایەتیەوە، بلەیرم ڕازیمکرد کە پۆستەکەی بەڕێز هالپین پەسەند بکات، لەبەرئەوەی باوەڕم وابوو دۆستایەتی لەگەڵ کەسێک کە ڕەتیدەکاتەوە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەو بارودۆخانە بکات کە حەزیان پێ ناکات، سەرمایەیەکە کە هەرگیز بە پارە پێوانە ناکرێت.

خوارەوە پێگەیەکی بێزارکەر، نەگۆڕ و بێ قازانجە بۆ هەر کەسێک. هەر لەبەرئەوەیە کاتم تەرخان کردووە بۆ باسکردنی ئەوەی کە چۆن دەکرێت دەسپێکێکی نزم ڕێگری لێ بکرێت بە پلاندانانی گونجاو. هەروەها لەبەرئەوەیە کە ئەو هەموو کایەیە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەم پیشە نوێیە، کە لە لایەن ژنێکەوە دروستکراوە کە ئیلهامی پێدرا کە کارێکی باشی پلاندانان بکات، لەبەرئەوەی دەیویست کوڕەکەی "دەرووبەکی خێر"ی خوازراوی لێ بکرێتەوە.

بەهۆی ئەو بارودۆخە گۆڕاوەی بەهۆی داڕووخانی ئابووری جیهانەوە دەرکەوت، پێویستی بۆ شێوازی تازەتر و باشتری بازاڕگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکانیشی لەگەڵ خۆی هێنا. قورسە ئەوە دیاریبکەین کە بۆچی پێشتر کەسێک ئەو پێویستیە گرنگانەی نەدۆزیوەتەوە، بە

زانینی ئەو ڕاستییەی کە پارەیەکی زیاتر دەستاودەست دەکات لە قازانجی خزمەتگوزاریە کەسیەکاندا بەراورد بە هەر مەبەستێکی تر. ئەو بڕە پارەیەی کە مانگانە دەدرا، بە ئەو کەسانەی کە بە کرێ و بۆ مووچە کاریان دەکرد، هێندە زۆر بوو کە دەگەیشتە سەتان ملیۆن، وە دابەشکردنی ساڵانە دەگەیشتە ملیاران دۆلار. ڕەنگە هەندێك لەم بیرۆکەیەی بە کورتی لێرەدا باسکراوە ناوکی ئەو سامانە بدۆزنەوە کە ئارەزووی دەکەن! بیرۆکەگەلێك کە ئەو ئەمامانە بوون کە سامانێکی زۆری لێوە گەشە دەکات. بۆ وێنە، بیرۆکەی فرۆشگای پێنج سەنتی و دە سەنتیەکەی ویلۆرس، بیرۆکەیەکی زۆر بچووك بوو، بەڵام سامانێکی بۆ دروستاکەرەکەی پێکەوەنا. ئەوانەی دەرفەت دەبینن کە خۆی لەم پێشنیازەدا حەشارداوە، پارمەتیەکی بەنرخ دەبیننەوە لە بەشی تایبەت بە پلانی ڕێکخراو.

بەو بۆنەیەوە، مامەڵەکارێکی سەرکەوتووی خزمەتگوزاریە کەسیەکان داواکاریەکی زیاتر دەدۆزێتەوە لەسەر خزمەتگوزاریە کەسیەکانی لە هەر شوێنێك کە ژنان و پیاوان بەدوای بازاڕێکی باشتردا دەگەڕێن بۆ خزمەتگوزاریەکانیان. بەجێبەجێکردنی بنەمای هۆشی باڵا، کەساتێکی کەم بە بەهرەیەکی گونجاوە، دەتوانن هاوپەیمانیەك ببەستن و بە خێرایی بازرگانیەکی بە قازانج دروستبکەن. یەکێکیان پێویستە نووسەرێکی دادپەروەر بێت، بە بەهرەیەکی سروشتیەوە بۆ ڕیکلامکردن و فرۆشتنەوە. یەکێکیان بەتوانایە لە تایپ و خۆشنوویدا، وە یەکێکیان دەبێت بەدەستهێنەرێکی بازرگانی پلە یەك بێت کە وابکات هەموو دونیا دەربارەی خزمەتگوزاریەکە بزانێت. ئەگەر کەسێك خاوەنی هەموو ئەو

توانایانە بێت، دەشێت بە تەنها کارەکە جێبەجێ بکات، هەتا ئەو کاتەی لە توانای خۆی گەورەتر دەبێت.

ئەو ژنەی کە " پلانی فرۆشتنی خزمەتگوزاری کەسی" ئامادە کرد بۆ کوڕەکەی ئێستا لە هەموو بەشەکانی وڵاتەوە داواکاری بۆ دێت بۆ هاوکاریکردن لە ئامادەکردنی پلانگەلی هاوشێوەدا بۆ خەڵکانی تر کە ئارەزوو دەکەن بازاڕگەری بە خزمەتگوزاریە کەسیەکانیانەوە بکەن بۆ پارەی زیاتر. ستافێکی تایپیستی شارەزا، وێنەکێش و نووسەری وەها کە لە توانایاندا بێت کە دۆخە مێژوویەکان هێندە کاریگەرانە دراماتیکی بکەن کە خزمەتگوزاریە کەسیەکانی کەسەکە بتوانرێت بە پارەیەکی زۆر زیاتر بفرۆشرێت بەراورد بەو مووچانەی بە خزمەتگوزاری هاوشێوە دەدرێن. هێندە متمانەی بە توانای خۆی بوو کە پەسەندە کرد، وەك بەشێکی سەرەکی لە کرێکەی، ڕێژەیەکی سەتی ئەو پارەیەی کە مشتەریەکانی بەهۆی یارمەتی ئەمەوە بەدەستیان هێنابوو.

نابێت وا دابنرێت کە پلانەکەی بەتەنها پێکهاتبوو لە فرۆشیاریەتیەکی زیرەکانە کە بەهۆیەوە یارمەتی ژنان و پیاوانیدا بۆ داواکردن و وەرگرتنی پارەیەکی زیاتر بۆ هەمان ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشتر بە بڕێکی کەمتری پارە فرۆشتوویانە. بەڵکو ڕەچاوی حەز و بەرژەوەندی کڕیارەکانیشی دەکرد بە هەمان شێوەی فرۆشیارانی خزمەتگوزاریە کەسیەکان، هەر بۆیە بەجۆرێك پلانەکانی ڕێکدەخست کە خاوەنکارەکە نرخێکی تەواوەتی دەستبکەوتایە لە بەرامبەر ئەو بڕ پارە زیادەی دەیدات. ئەو میتۆدەی کە بەهۆیەوە ئەم دەرئەنجامە ناوازەیەی دەستاکەوت نهێنیەکی پیشەگەرانەیە کە بۆ هیچ کەسێکی باس نەدەکرد

جگە لە موشتەریەکانی. ئەگەر ئەندێشەت هەبێت، وە بەدوای دەرئەنجامێکی بە قازانجتردا بگەڕێیت بۆ خزمەتگوزاریە کەسیەکانت، ڕەنگە ئەم پێشنیازە وزۆڕێنەر بێت بۆ ئەو گەڕانە. بیرۆکەکە لە توانایدایە داهاتێکی زۆر مەزنتر ببەخشێت بەراورد بە پزیشک، پارێزەر و ئەندازیارێکی ئاسایی کە خوێندنەکەیان پێویستی بە چەندین ساڵی زانکۆ هەیە. بیرۆکەکە پارە دەکات بۆ ئەوانەی بەدوای پێگەی نوێدا دەگەڕێن، بە شێوەیەکی کرداری لە هەموو ئەو پێگانەدا کە پێویستی بە توانای کارگێڕی و بڕیاردەری هەیە، وە ئەوانەی ئارەزووی ڕێکخستنەوە مووچەکانیان دەکەن لە پێگەکانی ئێستایاندا.

هیچ نرخێکی دیاریکراو نییە بۆ بیرۆکەگەلی باش! لە پشت هەموو بیرۆکەیەکەوە زانیاری تایبەتمەند هەیە. بەداخەوە، بۆ ئەوانەی کە ناتوانن سامانی بێشومار بەدەستبهێنن، زانیاری تایبەتمەند زۆر زیاترە و زۆر ئاسانتر بەدەستدەهێنرێت بەراورد بە بیرۆکەکان. بەهۆی ئەم ڕاستییەوە، داواکاریەکی گەردوونی و دەرفەتی بەردەوام زیادبوو هەیە بۆ ئەو کەسەی کە دەتوانێت یارمەتی ژنان و پیاوان بدات کە خزمەتگوزاریە کەسیەکانیان بە قازانجێکی زیاتر بفرۆشن. لەتوانادابوون واتە ئەندێشە. ئەو خاسیەتەی کە پێویستە بۆ پێکەوەگرێدانی زانیاری تایبەتمەند لەگەڵ بیرۆکەکان، لە شێوەی پلانێکی ڕێکخراودا بۆ بەدەستهێنانی سامان.

ئەگەر ئەندێشەت هەبێت دەکرێت ئەم بەشە بیرۆکەیەکت پێشکەش بکات کە بەس بێت بۆ ئەوەی وەک دەسپێکی ئەو سامانە ڕۆڵ بگێرێت کە ئارەزووی دەکەیت. لەبیرتبێت، بیرۆکەکە شتە سەرەکیەکەیە. زانیاری تایبەتمەند دەکرێت لە قوژبنێکدا بدۆزرێتەوە – هەر قوژنێک بێت!

بەشی ٦

# ئەندێشە: شوێنکاری هۆش

## هەنگاوی پێنجەم بەرەو سامان

ئەندێشە بە مانای وشەیی ئەو شوێنکاریەیە کە هەموو پلانەکانی مرۆڤی تێدا ساز دەکرێت. ترپەکە، ئارەزوویەک، شێوەی پێدەدرێت، ساز دەکرێت و چالاکی پێدەدرێت بە یاریدەی هێزی ئەندێشەی هزر.

دەگوترێتاکە مرۆ دەتوانێت هەموو ئەو شتانە دروست بکات کە دەتوانێت وێنای بکات.

لە هەموو سەردەمەکانی شارستانیەتدا، ئەم سەردەمە باشترین سەردەمە بۆ گەشەپێدانی ئەندێشە، چونکە سەردەمی گۆڕانکاری خێرایە. لەسەر هەر دەستێك دەشێت پەیوەندیەک بوروژێنرێت کە ئەندێشە گەشە پێبدات.

لە ڕێی یارمەتی توانای ئەندێشەگەریەوە، مرۆڤ لەم پەنجا ساڵەی ڕابردوودا بەراورد بە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی زیاتر هێزی سروشتی کۆنترۆڵکردووە و دۆزیوەتەوە، پێش ئەوکاتە. بە جۆرێك ئاسمانی داگیرکردبوو، کە باڵندەکان هاوتایەکی داماو بوون بۆ فڕین لە چاویدا،

ئەسیری کۆنترۆلکردوو وکردیە هۆکارێك بۆ پەیوەندی گرتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموو بەشەکانی دونیا. لە دووری ملیۆنان مایلەوە خۆری کێشانەکردووە و لێیکۆڵیوەتەوە، وە لە ڕێی یاریدەی ئەندێشەوە توانیویەتی پێکهاتەکانی ناوی ئاشکرا بکات. ئەوەی دۆزیوەتەوەکە مێشکی خۆی وێستگەی گەیاندن و وەرگرتنی لەرەلەری بیرە، وە ئێستا دەستیکردووە بە فێربوونی بەکارهێنانی کرداری ئەو دۆزینەوانە، خێرایی هێڵەکانی گواستنەوەی زیادکردووە، هەتا ئاستێك کە لەوانەیە لەمەودوا بە خێرایەکی زیاتر لە سێ سەت مایل لەکاژێرێکدا گەشت بکات.

ئەوکاتە زوو دێت کە ڕەنگە مرۆڤ لە نیۆرك نانی بەیانی بخوات و لە سان فرانسیسکۆ نانی نیوەڕۆ بخوات.

تاکە سنووردارێتی مرۆڤ، لە نێو هزریدایە، لە نێو گەشەکردن و بەکارهێنانی ئەندێشەیدایە. هێشتا نەگەیشتۆتە لوتکەی گەشەکردن لە بەکارهێنانی توانای ئەندێشەی. زۆر بە ئاستەم درکی بەوەکردووە کە ئەندێشەی هەیە، وە تازە دەستیکردووە بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی.

## دوو شێوەی ئەندێشە

توانای ئەندێشە لە دوو شێوەدا کار دەکات. یەکێکیان ناسراوە بە " ئەندێشەی لاسایکەرەوە،" ئەوەی تریان پێی دەگوترێت" ئەندێشەی داهێنەرانە." ئەندێشەی لاسایکەرەوە: لە ڕێی ئەم توانایەوە، دەکرێت چەمك، بیرۆکە یان پلانی کۆن بۆکۆکراوەی نوێ ڕێکبخرێت. ئەم توانایە هیچ دروست ناکات. بە سادەیی ئەم توانایە کار لەگەڵ ئەزموونی ماددی، پەروەردە و تێڕامان دەکات و بەوانە گەشە دەکات. ئەو توانایەیکە بە

زۆری لەلایەن داهێنەرەکەوە بەکاردێت، بێجگە لەوانەیکە ئەندێشەی داهێنەرانە بەکار دەهێنن،کاتێک ناتوانن لە ڕێگەی ئەندێشەی لاسایکەرەوەکێشەکانیان چارەسەر بکەن. ئەندێشەی داهێنەرانە: لە ڕێگەی توانای ئەندێشەی داهێنەرانەوە، هێزی سنووورداری مرۆڤ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ زیرەکی بێسنوور. ئەوە توانایەکەکە لە ڕێیەوە "بیرۆکە" و "سرووش" وەردەگیرێت. بە هۆی ئەو توانایەوە هەموو بیرۆکە تازە و بنچینەیەکان دەدرێنە دەست مرۆڤ.
لە ڕێگەی ئەم توانایەوە لەڕەلەری بیرەکانی هێزی کەسانی تر وەردەگیرێت. لە ڕێگەی ئەم توانایەوەیەکە هەرکەس دەتوانێت لەگەڵ هۆشی نائاگای کەسانی تر پەیوەندی بگرێت.

ئەندێشەی داهێنەرانە خودکارانە کار دەکات، بەو شێوازەی لە لاپەڕەکانی دواتری ئەم کتێبەدا باسدەکرێت. ئەم توانایە تەنها کاتێک کار دەکات کە هۆشی نائاگا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەلەرێتەوە، بۆ وێنە،کاتێک هۆشی نائاگا لە ڕێی سۆزێکی بەهێزی ئارەزوویەکەوە دنە دەدرێت.

توانای داهێنەرانە زیاتر چالاك دەبێت، زیاتر لەڕەلەری ئەو سەرچاوانە وەردەگرێت کە باسکران، وەك بەشێك لە گەشەکردنی لە ڕێی بەکارهێنانەوە. ئەم ڕستەیە زۆر گرنگە! بەرلەوەی بەسەریدا تێبەڕیت بیری لێ بکەرەوە.

کاتێك شوێن ئەم بنەمایانە دەکەویت لەبیرتبێت،کە تەواوی چیرۆکی ئەوەی چۆن کەسێك دەکرێت ئارەزوو بۆ پارە بگۆڕێت ناکرێت لە یەك ڕستەدا گوزارشتی لێ بکرێت. چیرۆکەکە کاتێك پڕ و تەواو دەبێت کە

کەسێك تەواو شارەزایی بوو، تێیگەیشت و دەستیکرد بە بەکارهێنانی بنەماکان.

سەرکردە مەزنەکانی بازرگانی، پیشەسازی، دارایی، هونەرمەندە مەزنەکان، میوزیکژەنەکان، هۆزانڤانان و نووسەران مەزن دەبن، چونکە گەشەیان بە توانای ئەندێشەی داهێنەرانەیان داوە.

هەردوو جۆری ئەندێشە، لاساییکەرەوە و داهێنەرانە، بە بەکارهێنان زۆر چالاکتر دەبن، هەر وەك هەر ماسولکە و ئەندامێکی جەستەکە بە بەکارهێنان گەشە دەکەن.

ئارەزوو تەنها بیرێکە، ترپەیەکە. تێکچڕژاو وکورتخایەنە، رووتە و هیچ نرخێکی نییە، هەتا ئەوکاتەی نەگۆردرێتە سەر هاوتا بەرجەستەکەی. لەکاتێدا ئەندێشەی لاساییکەرەوە ئەو جۆرەیەکە زۆرتر بەکاردەهێنرێت، پرۆسەی گۆڕینی ترپە ئارەزووەکەدا بۆ پارە، دەبێت ئەو راستییە لەبەرچاو بگرێت،کە رەنگە رووبەڕووی بارودۆخ و حاڵەتگەلێك ببێتەوەکە پێویست بکات ئەندێشەی داهێنەرانەش بەکاربهێنێت.

رەنگە توانای ئەندێشەگەرانەت بە هۆی ناچالاکیەوە لاواز بێت. دەکرێت زیندوو بکرێتەوە و چالاك بکرێتەوە لە رێی بەکارهێنانەوە. ئەم توانایە نامرێت، هەرچەندە رەنگە ناچالاك بێت بە هۆی بەکارنەهێنانەوە.

لەمکاتەی ئێستادا، هۆشت چڕبکەرەوە لەسەر گەشەپێدانی ئەندێشەی لاساییکەرەوە، چونکە ئەمە ئەو توانایەیەکە زۆرتر بەکاریدەهێنیت لە پرۆسەی گۆڕینی ئارەزوو بۆ پارەدا.

گۆڕینی ترپەیەکی نابەرجەستەی ئارەزوو، بۆ بەرجەستەیەکی راستەقینەی پارە، پێویستی بە بەکارهێنانی پلانێك یان چەند پلانێکە.

ئەم پلانانە پێویستە بە هاوکاری ئەندێشە دابڕێژرێن، وە بە شێوەیەکی سەرەکی، لە لایەن ئەندێشەی لاسایکەرەوەوە.

هەموو کتێبەکە بخوێنەرەوە، دواتر بگەڕێرەوە سەر ئەم بەشە، وە یەکسەر دەست بکە بە بەکارهێنانی ئەندێشەت بۆ داڕشتنی پلانێك، یان چەند پلانێك، بۆ گۆڕینی ئارەزووتەکەت بۆ پارە. ڕێنمایی ورد بۆ داڕشتنی پلانەکان بە گشتی لە نزیکەی هەموو بەشەکاندا باسکراوە. ئەو ڕێنمایانە جێبەجێبکە کە باشتر دەگونجێن لەگەڵ پێویستیەکانتدا، پلانەکانت بکە بە نووسین، ئەگەر تا ئێستا نەتکردووە. ئەو ساتەی ئەمە تەواو دەکەیت، بە دڵنیایەوە شێوەیەکی بەرجەستە دەددەیت بە ئارەزووە نابەرجەستەکە. ئەو ڕستانەی پێشوو جارێکی تر بخوێنەوە. بە دەنگی بەرز بیخوێنەوە، زۆر بە خاوی، وە کە ئەوەت کرد، لەبیرتبێت ئەو ساتەی کە گوزارشت لە ئارەزووەکەت دەکەیت، وە پلانێك دادەنێیت بۆ بەدیهێنانی و دەیکەیتە نووسین، لە ڕاستیدا یەکەم هەنگاوی زنجیرە هەنگاوێکت هەڵێناوە،کە بەهۆیانەوە دەتوانیت بیرەکەت بۆ هاوتا بەرجەستەکەی بگۆڕیت.

ئەو زەویەی کە لەسەری دەژیت، تۆ، خۆت، وە هەموو شتەکانی تر بەرهەمی گۆڕانکاریە پەرەسەندووەکانن، کە بەهۆیەوە ماددەی مایکرۆسکۆبی بچووك ڕێکدەخرێن و ڕیز دەکرێن بە شێوەیەکی گونجاو.

دەربارەی ئەوە ـ ئەم ڕستەیە گرنگیەکی زۆری هەیە ـ ئەم زەویە، هەریەکە لەو ملیاران خانانەی جەستەت، وە هەموو گەردیلەکانی ماددە، وەك شێوەیەکی نابەرجەستەی ووزە دەستپێدەکات. ئارەزوو ترپە بیرێکە! ترپە بیرەکان شێوەیەکی ووزەن.کاتێك بە ترپە بیرێك، ئارەزوویەك

دەستپێدەکەیت بۆکۆکردنەوەی پارە، ئاوا تۆ هەمان " شت" دەخەیتە خزمەتتەوەکە سروشت لە دروستکردنی ئەم زەویەدا بەکاری هێناوە، وە لە هەموو تەنێکی ئەم گەردوونەدا بەکارهاتووە، بەو جەستە و مێشکەشەوەکە ترپە بیرەکان تێیداکار دەکەن.

ئەوەندەی کە زانست توانیویەتی دەریبخات، تەواوی گەردوون تەنها لە دوو شت پێکهاتووە، مادده و ووزە. لە ڕێی یەکگرتنی مادده و ووزەوە، هەموو شتێکی بەرجەستەی دروستکردووە، لە گەورەترین ئەستێرەوە لە بۆشایدا مەلە دەکات هەتا خوارەوە بە مرۆڤ خۆشیەوە.

تۆ ئێستا خەریکە بە هەمان میتۆدی سروشت قازانج دەکەیت. تۆ (ڕاستگۆیانە و لە دڵەوە هیوادارین)، هەوڵدەدەیت کە لەگەڵ یاساکانی سروشتدا خۆت بگونجێنیت، بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئارەزوو بۆ هاوتا بەرجەستە یان داراییەکەی. دەتوانیت ئەنجامی بدەیت! چونکە پێشتر ئەنجامدراوە.

دەتوانیت سامانێك پێکەوە بنێت بە یاریدەی ئەو یاسایانەی کە ناگۆڕدرێن. بەڵام سەرەتا دەبێت شارەزای ئەو یاسایانە بیت، وە فێری بەکارهێنانیان بیت. لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەوە، وە لە ڕێی باسکردنی هەر یەکێك لەو بنەمایانەوە لە هەر گۆشەیەکی گونجاوەوە، نووسەر هیوا دەخوازێت ئەو نهێنیەتان بۆ ئاشکرا بکات کە بەهۆیەوە هەموو سەروەت و سامانەکانکۆکراونەتەوە. ڕەنگە نامۆ و دژیەك دەرکەوێت، " نهێنی"ەکە نهێنی نییە. سروشت خۆی لەو زەویەدا بانگەشەی بۆ دەکات کە لەسەری دەژین، لە ئەستێرەکاندا، ئەو هەسارانەی لە بەردەم ڕوانینماندا هەڵواسراون، لە پێکهاتەی ئاسمانەکان و دەوروبەرماندا، لە

هـەر پنچـکە گیایەکـدا، وە لـە هـەر شـێوەیەکی ژیانێکـدا کـە دەبیـنین بانگەشەی بۆ دەکات.

سروشت بانگەشەی ئەم " نهێنیە" دەکات لە زاراوەکـانی زیندەزانیـدا، لـە پرۆسەی گۆڕینی خانەیەکی بچووکدا، هێندە بچووکە ڕەنگە لەسەر نـووکی دەرزیلۆیەك دیار نەبێت، بۆ مرۆڤێك کـە ئێسـتا ئـەم دێـڕە دەخوێنێتـەوە. گـۆڕینی ئـارەزوو بـۆ هاوتـا بەرجەسـتەکەی بەدڵنیاییـەوە لـەوە پـەرجوو ئاساتر نییە !

ساردمەبەرەوە ئەگەر بە تەواوی لەو شتانە تێنەگەیشتوویت کە تـا ئێسـتا باسـکراوە. مەگـەر ئـەوەی خوێنـدکارێکی لـە مێژینـەی هـزر بیـت، دەنـا چاوەڕێی ئەوەت لێناکرێت کە هەموو ئەو شتانەی لـەم بەشـەدا باسـکراون بە یەکەم خوێندنەوە تێبگەیت.

بەڵام بـە تێپـەڕینی کـات، پێشدەکەویت. ئـەو بنەمایانـەی کـە دێـن ڕێگـا دەکەنـــەوە بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە ئەندێشـــە، وەرگـــرتنی ئـــەوەی کـــە تێیگەیشـتوویت،کاتێك بـۆ یەکـەمجار ئـەم فەلسـەفەیە دەخوێنیـەوە، دواتر،کاتێـــك دووبـــارە دەیخوێنیتـــەوە و لێـــی دەکۆڵیتـــەوە، بـــۆت دەردەکەوێت کـە شـتێك ڕوویداوە بۆ ڕوونکردنـەوەی، وە تێگەیشـتنێکی فـراوانترت پێـدەدات دەربـارەی هـەموو بابەتەکـە. لـە سـەرووی هـەموو شتێکەوە، نە وازبهێنـە، نـە دوودڵبـە لـە لێکۆڵینـەوە لـەو بنەمایانـە هـەتا ئەوکاتەی بەلایەنی کەمەوە کتێبەکە سێ جار نەخوێنیتـەوە، دوای ئـەوە، ئیتر خۆت ناتەوێت بوەستیت.

## چۆن بە شێوەیەکی کرداری ئەندێشە بەکاردەهێنیت

بیرۆکەکان خاڵی دەستپێکی سەروەت و سامانە. بیرۆکەکان بەرهەمی ئەندێشەن. با هەندێك بیرۆکەی بەناوبانگ شیکار بکەین کە سامانی مەزنیان بۆ خاوەنەکەی هێناوە، بەو هیوایەی کە ئەم نموونانە زانیاریەکی روون دەربارەی ئەو میتۆدە بگەیەنن کە بە هۆیەوە دەکرێت ئەندێشە لەکۆکردنەوەی ساماندا بەکاربهێنرێت.

## کەتری تەلیسمکراو

پەنجا ساڵ لەمەوبەر، پیرە دکتۆرێکی لادێ، ئەسپەکەی تاودا و بەرەو شار ڕۆیشت، بە هێواشی لە دەرگای دواوەوە خۆیکرد بەکۆگایەکی دەرماندا، دەستیکرد بە مامەڵەکردن لەگەڵ کارمەندێکی لاوی دەرماندا.

ئەرکەکەی لە چارەی نووسرابوو کە سامانێکی مەزن بۆ خەڵکانێکی زۆر دەستەبەر بکات. لە چارەی نووسرابوو دانسقەترین دەست کەوت لە سەردەمی جەنگی ناوخۆوە بۆ باشور بهێنێت. دوای زیاتر لەکاتژمێرێك، وەستان لە پشتی ئەو مێزی ڕێنمایکردنەوە، پیرە دکتور وکارمەندەکە بە دەنگی نزم قسەیانکرد، دواتر دتۆرەکە ڕۆیشت. ڕۆیشت بۆ لای عەرەبانۆچکەکەی وکەتریەکی مۆدێلکۆنی گەورە،کەوگێرێکی تەختەی گەورەی هێنان ( بەکاریدەهێنا بۆ تێکوەردانی ناوەڕۆکی کەتریەکە)، وە لە پشتی کۆگاکە داینا.

کارمەندەکە کەتریەکەی پشکنی، دەستی خستە گیرفانی بەرباخەڵی، تۆپەڵێك پسووڵەی دەرهێنا و دایە دەست دکتۆرەکە. تۆپەڵەکە ڕێك ٥٠٠ دۆلاری تێدابوو - تەواوی پاشەکەوتی کارمەندە! دکتۆرەکە پارچەیەك کاغەزی بچووکی دایە دەست کارمەندەکەکە ڕەچەتەیەکی نهێنی لەسەر

نووسرابوو. وشەکانی سەر ئەوکاغەزە بچووکە نرخی پارەکانی پاشایەکی هەبوو! بەڵام بۆ دکتۆرەکە نا! ئەو وشە جادوویانە پێویست بوون بۆ ئەوەی کەتریەکە بوکڵێت، بەڵام نە دکتۆرکە و نەکارمەندە لاوەکە نەیاندەزانی کە چی گەنجینەیەکی نایاب لە کەتریەکەوە دێتە دەر.

دکتۆرەکە دڵخۆش بوو بە فرۆشتنی کەتریەکە بە ٥٠٠ دۆلار، پارەکە قەرزەکانی دەدایەوە، وە ئازادی هزری پێدەبەخشی.کارمەندەکە هەلێکی گەورەی وەرگرت بە دانانی تەواوی پاشەکەوتەکەی ژیانی لەسەر پارچەکاغەزێکی سادە و کەتریەکی کۆن! هەرگیز خەونی بەوەوە نەبینیبوو کە وەبەرهێنانەکەی وا لەکەتریەکە دەکات کە سەررێژ بێت لە زێرکە کارە جادوویەکانی چراکەی عەلادین تێپەڕێنێت. ئەوەی کەکارمەندەکە بە ڕاستی کڕی بیرۆکەیەك بوو!کەتریە کۆنەکە و کەوگیرە تەختەکە، وە پەیامە نهێنیەکەی سەر پارچە کاغەزەکە تەنها ڕێکەوت بوون. کردارە سەیرەکانی کەتریەکە کاتێك ڕوویدا کە خاوەنە نوێیەکەی لەگەڵ پێکهاتەیەکی نهێنیدا تێکەڵیکرد کە دکتۆرەکە هیچی دەربارە نەدەزانی.

ئەم چیرۆکە بە وریایەوە بخوێنەوە، ئەندێشەت تاقیبکەرەوە! بزانە دەتوانی ئەو شتە بدۆزیتەوە کە کارمەندە لاوەکە لەگەڵ پەیامە نهێنیەکەدا تێکەڵیکرد، کە بووە هۆی ئەوەی کەتریەکە سەررێژ بێت بە زێڕ. لەکاتی خوێندنەوەدا لەبیرتبێت،کە ئەمە چیرۆکێك نییە لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوە. لێرە چیرۆکێکی ڕاستەقینە هەیە، سەیرتر لە خەیاڵ، ڕاستییەك کە لە شێوەی بیرۆکەیەکدا دەستی پێکرد.

با سەیرێکی ئەو سامانە زۆرەی زێڕ بکەین کە ئەم بیرۆکەیە بەرھەمی ھێنا. سامانێکی زۆری بەخشیوە، ھێشتاش ھەر سامانێکی زۆر بە ژن و پیاوانێکی تەواوی دونیا دەبەخشێت، کە ناوەڕۆکی کەتریەکە بەسەر ملیۆنان کەسدا دابەش دەکەن.

کەتریە کۆنەکە ئێستا یەکێکە لە گەورەترین بەکارھێنەرانی شەکر، کە کاری ھەمیشەیی بۆ ھەزاران کەس دابینکردووە کە خەریکی چاندی قامیشی شەکر و پوختەکردن و فرۆشتنی شەکرن.

کەتریە کۆنەکە ساڵانە ملیۆنان بوتڵە شووشە بەکاردەھێنێت، کە کاری بۆ ژمارەیەکی زۆر کرێکاری شووشە دابینکردووە.کەتریە کۆنەکە کاری بۆ سوپایەك کارمەند، بنوس، کارمەندی کۆپیکەری نووسین و شارەزایانی گەنگەشەی بازرگانی لە سەرانسەری وڵاتدا دابینکردووە. ناوبانگ و داھاتێکی گەورەی بۆکۆمەڵێك نیگارکێش دابینکردووەکە وێنەگەلی نایابیان دروستکردووە کە پەسەنی بەرھەمەکان دەکەن.

کەتریە کۆنەکە شارۆچکەیەکی بچووکی باشووری گۆڕی بۆ پایتەختی بازرگانی باشوور، کە ئێستا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، سوود بە ھەموو دانیشتوانی شارەکە دەگەیەنێت.

کاریگەری ئەم بیرۆکەیە ئێستا سوود بە ھەموو وڵاتە شارستانیەکانی دونیا دەگەیەنێت. جۆگەیەکی بەردەوامی زێڕ ھەڵدەڕێژێت بۆ ھەموو ئەوانەی دەستی لێ دەدەن. زێڕی کەتریەکە یەکێك لە گرنگترین زانکۆکانی باشووری بنیاتنا، کە تێیدا ھەزاران خوێندکاری لاو ڕاھێنانێك وەردەگرن کە بنچینەیە بۆ سەرکەوتن.

کەتریە کۆنەکە شتگەلی مەزنتری کردووە. لە نێو ئەو هەموو گرانی و قەیرانی دارایەدا،کاتێك کارگەکان، بانکەکان و خانە بازرگانیەکان خۆیان کۆکردەوە و بە هەزارانیان دەخران، خاوەنی ئەم کەتریە تەلیسمکراوە پێشڕەویکرد،کاری هەمیشەیی بۆ سوپایەك ژن و پیاو لە تەواوی دونیادا دابینکرد، وە بەشێکی زیادەی لە ژێر بەخشی بەوکەسانی کە زۆر لەمەوپێش باوەڕیان بە بیرۆکەکە هەبوو. ئەگەر بەرهەمەکانی ئەو کەتریە حەوجۆشە کۆنە قسەی بکردایە، ئەوا چیرۆکگەلی وروژێنەری ڕۆمانسی بە هەموو زمانێك دەگێڕایەوە. چیرۆکی ئەویندارى، چیرۆکی بازرگانی، چیرۆکی ژن و پیاوە پیشەگەرەکان کە ڕۆژانە بە هۆیەوە دەوروژێن و هاندەدرێن.

نووسەر بە لایەنی کەمەوە دڵنیایە لە یەکێك لەو چیرۆکە ڕۆمانسیانە، چونکە خۆی بەشێك بووە لێی. وە هەموو باتەکە زۆر نزیك لە هەمان ئەو شوێنەوە دەستی پێکرد کە کارمەندی دەرمانەکە کەتریە کۆنەکەی کڕی. لێرە بووکە نووسەر هاوسەرەکەی بینی، هەر ئەویش بووکە سەرەتا باسی کەتریە تەلیسمکراوەکەی بۆکرد.

ئەوە بەرهەمی ئەوکەتریە بوو کە دەیانخواردەوە کاتێك داوای لێکرد وەك هاوسەر پەسەندی بکات" بۆ باشتر یان خراپتر".

ئێستا کە دەزانن ناوەڕۆکی کەتریە تەلیسمکراوەکە خواردنەوەیەکی بەناوبانگی دونیایە، کاتێکی گونجاوەکە نووسەر ددان بەوەدا بنێت کە شاری دایکی خواردنەوەکە هاوسەرێکی پێبەخشی، هەروەها خواردنەوەکە خۆی دنەی بیریدا بە بێ ئەوەی سەرخۆشی بکات.

بەوجۆرە مزری ساز و خاوێنکردەووە کە دەبێت نووسەرێك هەیبێت هەتا باشترین کاری بکات.

هەرکەسێکیت، لە هەر شوێنێك دەژیت، خەریکی هەر پیشەیەکیت، لە داهاتوودا لەبیرتبێت، هەر جارێك کە وشەکانی "کۆکاکۆلا" ت بینی، ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنەی سامان و دەسەلات کە لە تاکە بیرۆکەیەکەوە گەشەیکرد، وە ئەو پێکهاتە پزدارەی کەکارمەندی دەرمانەکە ــ ئەساکاندلەر ـ لەگەڵ ڕەچەتە نهێنیەکەدا تێکەڵیکرد... ئەندێشە بوو!

بۆ ساتێك بوەستە و بیر لەوە بکەرەوە. هەروەها لەبیرتبێت، کە سیانزە هەنگاوەکەی بەرەو سامانداری ،کە لەم کتێبەدا باسکراون، نێوەندێك بوونکە بە هۆیەوەکاریگەری کۆکاکۆلا هەموو شار و شارۆچکە و گوند و چوار قوڕنەی دونیای گرتەوە، وە هەر بیرۆکەیەك کە دروستی دەکەیت، وەك ئەوەی کۆکاکۆلا پتەو و بەسوود ، ئەگەری دووبارەکردنەوەی ئەو ڕیکۆردە مەزنەی ئەم تینوێتی شکێنە جیهانیەی هەیە.

لە ڕاستیدا، بیرەکان شتن، وە گۆڕەپانی کارەکانی دونیا خۆیەتی.

## چیم دەکرد ئەگەر خاوەنی ملیۆنێك دۆلار بوومایە

ئەم چیرۆکە ڕاستی ئەو پەندە کۆنە دەسەلمێنێت، " ئەگەر ویستت هەبێت، ڕێگەیەك هەر دەبێت." پیاوی ئاینی و پەروەردەکاری خۆشەویست، فرانك و. گونساولوس بۆی گێڕاومەتەوە،کە دەستی بەکاری وتاردان کرد لە ستۆکیاردی باشووری شیکاگۆ.

کاتێك د. گونساولوس لە زانکۆ دەیخوێند، چەندین هەڵەی لە سیستەمی پەروەردەیماندا دۆزیەوە، هەڵەگەلێك کە باوەڕی وابوو دەیتوانی ڕاستی

بکاتەوە، ئەگەر سەرۆکی زانکۆ بووایە. قووڵترین ئارەزووی ئەوە بوو ک
ببێتە بەڕێوەبەری دامەزراوەی پەروەردەیی کە تێیدا ژن و پیاوانی گەنج
فێر دەکرێن "بە کرداری فێربن".

بڕیاریدابوو کە زانکۆیەکی نوێ ڕێکبخات کە بە هۆیەوە بیرۆکەکانی
جێبەجێ بکات، بە بێ ئەوەی بە میتۆدە کۆنەکانی پەروەردە لەنگ
بکرێت.

پێویستی بە ملیۆنێك دۆلار هەبوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی! لەکوێ
ئەو بڕە پارە زۆرەی دەست کەوێت؟ ئەوە ئەو پرسیارە بووکە زۆرینەی
بیرکردنەوەی ئەو وتاربێژە لاوەی داگیرکردبوو.

بەڵام پێدەچوو هیچ بەرەوپێشچوونێك بە خۆیەوە نەبینیبێت. هەموو
شەوێك بیرەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبردە جێگاوە. بەیانیان پێیەوە
هەڵدەستا. بۆ هەر شوێنێك بچووایە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، بەردەوام لە
هزری خۆیدا دەیبرد و دەیهێنا هەتا بووە سەوداسەریەك. ملیۆنێك دۆلار
بڕە پارەیەکی زۆرە. ئەو ڕاستییەی دەزانی، بەڵام هەروەها ئەو
ڕاستییەشی دەزانی کە تاکە سنووردارێتی ئەوەیە کە کەسەکە لە هزری
خۆیدا دایدەنێت.

هەروەك چۆن وتاربێژ بوو فەیلەسوفیش بوو، د. گونسوالوس دەیزانی
وەك چۆن هەموو ئەوانەی لە ژیاندا سەرکەوتوو بوون، ڕوونی ئامانج ئەو
خاڵی دەستپێکەیە کە پێویستە هەرکەسێك لێیەوە دەستپێبکات.
هەروەها درکی بەوەشکرد کە ڕوونی ئامانج دەکەوێتە جووڵە و ژیان و
هێز پەیدا دەکات کاتێك پاڵپشتی دەکرێت بە ئارەزوویەکی سووتێنەر بۆ
گۆڕینی ئەو ئامانجە بۆ هاوتا بەرجەستەکەی.

هەموو ئەو ڕاستییە مەزنانەی دەزانی، بەڵام هێشتا نەیدەزانی لەکوێوە، چۆن دەستی بکاتە ملیۆنێك دۆلار. ڕێکارە سروشتیەکە ئەوە بووکە وازبهێنیت بە گوتنی، " ئێ چاکە، بیرۆکەکەم زۆر باشە، بەڵام ناتوانم هیچی دەربارە بکەم، چونکە هەرگیز ناتوانم ئەو ملیۆن دۆلارە پێویستە بەدەستبهێنم." ئەوە ڕێك ئەوەیەکە زۆربەی خەڵکی دەیڵێن، بەڵام د.گونسوالوس وای نەگوت. ئەوەی گوتی و ئەوەی کردی هێندە گرنگ بوو کە من لێرەدا پێتانی دەناسێنم و ڕێگەدەدەم خۆی قسە بکات.

"دوانیوەڕۆیەکی شەممە لە ژوورەکەمدا دانیشتبووم بیرم لە ڕێگایەك و شێوازێك دەکردەوە بۆ پەیداکردنی پارە هەتا پلانەکانم جێبەجێ بکەم. بۆ ماوەی دوو ساڵ بوو بیرم دەکردەوە. بەڵام جگە لە بیرکردنەوە هیچم نەکردبوو!

"کاتی ئەوە هاتبوو بەکرداری دەستپێبکەم"!

"بڕیاری خۆمدا، کە لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەو بڕە پارەیەی پێویستمە بەدەستی دەهێنم. چۆن؟ ئەوەم بەلاوە گرنگ نەبوو چۆن. گرنگترین شتی سەرەکی بڕیاردانەکە بوو بۆ بەدەستهێنانی پارەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، وە دەمەوێت پێت بڵێم کە ئەو ساتەی گەیشتمە بڕیارێکی یەقین بۆ بەدەستهێنانی پارەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، هەستێکی سەیری دڵنیایی بەسەرمدا هات، کە پێشتر لەو جۆرەم ئەزموون نەکردبوو، لەوەدەچوو شتێك لە ناخمدا بڵێت، " بۆچی ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش بەم بڕیارە نەگەیشتی؟ ئەو هەموو ماوەیە پارەکە چاوەڕێت بووە"!

" شتەکان بە خێرایی دەستیان بە ڕوودانکرد، پەیوەندیم بە ڕۆژنامەکانەوە کرد و ڕامگەیاند کە سبەی وتارێکی ئایینی پێشکەش دەکەم، بە ناونیشانی، " چیم دەکرد ئەگەر ملیۆنێك دۆلارم هەبووایە".

"یەکسەر دەستمکرد بەکارکردن لەسەر وتارەکە، بەڵام دەبێت بە ڕاشکاوی پێت بڵێم، کارەکە هیچ سەخت نەبوو، چونکە بۆ نزیکەی دوو ساڵ دەبوو خەریکی ئامادەکردنی ئەو وتارە بووم. ڕۆحیەتی پشتی کارەکە ببوە بەشێك لە من!

" زۆر زووتر بەر لە نیوە شەو لە نووسینی وتارەکە بوومەوە، ڕۆیشتمە سەر جێخەوەکەم و بە هەستێکی متمانەبەخۆبوونەوە خەوتم، چونکە دەمتوانی هەر لەو ساتەوە خۆم لە خاوەندارێتی ملیۆنان دۆلاردا ببینم.

"بۆ بەیانیەکەی زوو لە خەو هەڵسام، ڕۆیشتمە گەرماو، وتارەکەم خوێندەوە، دواتر کەوتمە سەر ئەژنۆ و داوامکرد کە وتارەکەم سەرنجی کەسێك ڕابکێشێت کە بتوانێت بڕی پارە پێویستە لە ئەستۆ بگرێت.

"لەکاتێکدا خەریکی نزاکردن بووم دووبارە هەستێکی دڵنیاکەرانەم هەبوو کە پارەکە بەڕێوەیە. لە خۆشحاڵیدا، بە بێ وتارەکەم ڕۆیشتمە دەرەوە، وە ئەوەم نەزانی هەتا ئەو ساتەی نەچوومە سەر مینبەر بۆ خوێندنەوەی وتارەکە.

"زۆر درەنگ بوو بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ تێبینیەکانم، ئەی چی بەخششێك بوو کە نەمتوانی بگەڕێمەوە! لەبری ئەوە، هۆشی نائاگام ئەو شتانەی پێبەخشیم کە پێویستم بوو. کاتێك هەڵسام بۆ خوێندنەوەی وتارەکەم، چاوەکانم داخست و لە قوڵایی دڵم و ڕۆحی خەونەکانمەوە دەستم بە قسەکرد. تەنها قسەم بۆ گوێگرەکانم نەدەکرد، بەڵکو وێنامکرد

کە قسە بۆ خوداش دەکەم. ئەوەم باسکرد کە چیم دەکرد لە ملیۆنێك دۆلار ئەگەر بکەوتایەتە دەستم. باسی ئەو پلانەم کرد کە لە هزرمدا بوو بۆ ڕێکخستنی ناوەندێکی پەروەردەیی مەزن، کە تیایدا خەڵکانی لاو فێری شتگەلی کرداری بن، لە هەمانکاتیشدا گەشە بە هزریان بدات.

"کاتێك تەواو بووم و دانیشتم، پیاوێك بە هێواشی لەسەر جێگەکەی هەڵسا، نزیکەی سێ ڕیز پێش ڕیزی کۆتایی و بەرەو مینبەرەکە هات. لەوە ڕامام کە دەیەوێت چی بکات. هاتە ناو مینبەرەکە و دەستی درێژکرد و گوتی، " باوکە، وتارەکەتم بەدڵ بوو. باوەڕم وایە دەتوانی هەموو ئەو شتانە بکەیت کە گوتت دەیکەیت، ئەگەر ملیۆنێك دۆلارت هەبووایە. بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بڕوام بە خۆت و وتارەکەت هەیە، ئەگەر سبەی بەیانی بێیتە نووسینگەکەم، ئەو ملیۆن دۆلارەت پێدەبەخشم. ناوم فلیپ د. ئارمۆورە".

گونسوالوسی لاو ڕۆیشت بۆ نووسینگەکەی بەڕێز ئارمۆور و ملیۆنێك دۆلاری پێبەخشرا. بەو پارەیە ، پەیمانگای ئارمۆوری بۆ تەکنەلۆژیا دامەزراند.

ئەوە پارەیەکی زۆر زیاتر بوو لەوەی زۆرینەی وتاربێژەکان لە تەواوی ژیانیاندا دەیبینن، بەڵام تریەی بیرەکەی پشتی پارەکە هزری وتاربێژە لاوەکەی لە خولەکێکدا دروستکرد. ملیۆن دۆلارە پێویستەکە وەك دەرئەنجامێك هات بۆ بیرۆکەیەك. لە پشتی بیرۆکەکەوە ئارەزوویەك هەبووکە گونسوالوسی لاواز بۆ ماوەی دوو ساڵ لە هزریدا ناریکێشابوو.

سەرنجی ئەم ڕاستییە گرنگە بدە... پارەکەی بەدەستهێنا لە ماوەی سی و شەش کاتژمێردا دوای ئەوەی لە هزری خۆیدا گەیشتە بڕیارێکی ڕوون و

ڕەوان بۆ بەدەستهێنانی، وە بڕیاریدا لەسەر پلانێکی ڕوون بۆ بەدەستهێنانی!

هیچ شتێکی نوێ و ناوازە لە بیرکردنەوە ناڕوونەکەی گونسوالوسی لاودا دەربارەی ملیۆنێك دۆلار لە ئارادا نەبوو، تەنانەت هیوایەك کەمیش. خەڵکانی پێش ئەو، وە خەڵکانێکی زۆری سەردەمەکەی خۆی، بیرۆکەی هاوشێوەیان هەبووە. بەڵام شتێکی زۆر ناوازە و جیاواز هەبوو لەو گەیشتنە بڕیاردانەدا لەو یەکشەممە لە یادنەکراوەدا، کاتێك ناڕوونی خستە پشتەوە و بە ڕوونی گوتی، " لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەو پارەیە بەدەستدەهێنم"!

وادیارە خودا دەچێتە بەرەی ئەوکەسەی کە کتومت دەزانێت چی دەوێت، ئەگەر بڕیاریدابێت کە تەنها ئەوە بەدەستبهێنێت! سەرباری ئەوەش، ئەو بنەمایەی بەهۆیەوە د. گونسوالوس ملیۆن دۆلارەکەی پێ بەدەستهێنا هێشتا زیندووە! بەردەستە بۆت! ئەم یاسا گەردوونیە هێشتا وەك ئەوکاتە کار دەکات کە وتاربێژە لاوەکە سەرکەوتووانە بەکاریهێنا. ئەم کتێبە هەنگاو بە هەنگاو، باسی سیانزە بنەماکەی ئەم یاسایە دەکات، وە پێشنیاری چۆنێتی بەکارهێنانیان دەکات. سەرنجی ئەوە بدە ئەساکاندلەر و د. گونسوالوس یەك تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە. هەردووکیان ئەو ڕاستییە مەزنەیان دەزانی کە دەکرێت بیرۆکەکان بگۆڕدرێن بۆ پارە لە ڕێگەی هێزی ئامانجێکی ڕوونەوە، هاوشان لەگەڵ پلانێکی ڕووندا.

ئەگەر تۆ یەکێکی لەوانەی کە بڕوایان وایەکاری سەخت و دڵسۆزی بە تەنها دەوڵەمەندت دەکات، ئەو بیرکردنەوەیە لەناوبیە، ڕاست نییە!

سامان کاتێك بە ڕێژەیەکی زۆر دێت، هەرگیز بەرهەمی کاری سەخت نییە! سامان دێت، ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا بێت، لە وەڵامی داواکاری ڕووندا، لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی بنەما ڕوونەکان، نەك لە ڕێی بەختەوە. بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، بیرۆکەیەك ترپەی بیرێکە کە کردار بەگەڕ دەخات، بە داواکردنی لە ئەندێشە. هەموو فرۆشیارە مەزنەکان دەزانن کە دەکرێت بیرۆکەکان لە شوێنێکدا بفرۆشرێت کە هیچ کەلوپەلێکی تری تێدا نافرۆشرێت. فرۆشیارە ئاساییەکان ئەمە نازانن ـ هەر لەبەر ئەوەیەکە " ئاسایی"ن.

بلاوکارێکی کتێبان، شتێکی دۆزیەوە کە دەبێت زۆر بەنرخ بێت بۆ هەموو بلاوکارەکان. بۆی دەرکەوت کە خەڵکانێکی زۆر ناونیشان دەکڕن نەك ناوەڕۆکی کتێبەکان. بە گۆڕینی ناوی کتێبێك کە سەرنجڕاکێش نەبوو، فرۆشی ئەوکتێبە بۆ زیاتر لە ملیۆنێك کۆپی بەرزبۆوە. ناوەڕۆکی کتێبەکە بە هیچ جۆرێك دەستکاری نەکرا. بە سادەیی ئەو بەرگەی دڕاند کە ناونیشانێکی لەسەر بوو کە نەدەفرۆشرا، وە بەرگێکی نوێی بۆ دانا بە ناونیشانێکەوەکە نرخی " بۆکس ـ ئۆفیس" ی هەبوو.

ئەوە هەرچەندە ڕەنگە سادە دیار بێت، بەڵام بیرۆکەیەك بوو! ئەندێشە بوو.

هیچ نرخێکی ستاندارد لەسەر بیرۆکەکان نییە، دروستکەری بیرۆکەکان خۆی نرخەکەی دیاریدەکات، وە ئەگەر زیرەك بێت بەدەستی دەهێنێت. پیشەسازی سینەما دەستەیەك ملیۆنەری دروستکرد. زۆربەیان کەسانێك بوون کە نەیاندەتوانی بیرۆکە دروست بکەن ـ بەڵام ـ ئەندێشەی ناسینەوەی بیرۆکەکانیان هەبوو کاتێك دەیانبینین. دەستەی دووەمی

ملیۆنەران لە پیشەسازی ڕادیۆوە دروستبوون،کە تازە بوو و کەسانی ئەندێشە ڕوونی زۆر تێدا نەبوو. پارەکە لە لایەن ئەوکەسانەوە قازانجکرا کە بەرنامەگەلی شایستەی ڕادیۆیان دروستدەکرد و ئەندێشەیان هەبوو بۆ ناسینەوەی کاری باش، وە پێدانی دەرفەت بە گوێگرانی ڕادیۆ هەتا سوودی لێوەرگرن.

سپۆنسەرەکە، ئەو قوربانیە بەدبەختەی کە ئێستا تێچووی هەموو ئەو " سەرگەرمی" یە ڕادیۆیانە دەدات، زوو دەبێتە ئاگامەندی بیرۆکە و داوای شتێك دەکات لە بەرامبەر پارەکەیدا. ئەوکەسەی کە دەبێتە سپۆنسەر، دەبێتە هۆی ئەوەی بەرنامەکان خزمەتێکی بەسوود پێشکەش بکەن، ئەو کەسەیە کە دەوڵەمەند دەبێت لەم پیشەسازیە نوێیەدا.

چاوەشان و هونەرمەندانی گوتەبێژ کە ئێستا هەوایان بە قسەی بێتام و گۆرانی ئاست نزم پیسکردووە، شوێنیان لێ دەگیرێت، شوێنەکانیان بە هونەرمەندانی ڕاستەقینە دەگیرێتەوەکە بە وریایەوە بەرنامەی پلان بۆ دانراو پێشکەش دەکەن کە دروستکراون بۆ خزمەتکردنی هزری مرۆڤ، لە هەمانکاتدا دابینکردنی سەرگەرمیش.

لێرەدا مەیدانێکی فراوانی دەرفەت هەیە کە لە دژی سەربڕینی هاوار دەکات، بە هۆی نەبوونی ئەندێشەوە، وە هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدات بە هەر نرخێك بێت. لە سەروو هەموو شتێکەوە، ئەوەی ڕادیۆ پێویستی پێیەتی بیرۆکەگەلی نوێیە !

ئەگەر ئەم مەیدانە نوێیەی دەرفەت سەرنجت ڕادەکێشێت، ڕەنگە سوود لەو پێشنیارە وەربگریت کە بەرنامەداڕێژە سەرکەوتووەکانی داهاتووی ڕادیۆ گرنگیەکی زیاتر دەدەن بە دروستکردنی گوێگری "کڕیار"، وە

گرنگی کەمتر دەدەن بە گوێگرانی ئاسایی. ئەگەر بە ڕوونتر دەریببڕین، دانەری پرۆگرامە ڕادیۆیەکان کە لە داهاتوودا سەرکەوتوو دەبێت، دەبێت ڕێگاگەلی کرداری بدۆزێتەوە بۆ گۆڕینی " گوێگران" بۆ "کڕیار".

سەرباری ئەوەش، بەرهەمهێنەری سەرکەوتووی بەرنامە ڕادیۆیەکان لە داهاتوودا، بە جۆرێك تایبەتمەندیەکەی بسازێنێت کە بە دڵنیاییەوە کاریگەریەکەی لەسەر گوێگران دەرکەوێت.

سپۆنسەرەکان کەمێك ماندوو دەبن لەکڕینی گفتوگۆی بریقەداری ناڕاست، لەسەر بنەمای ئەو گوزارشتانەی کە لە خۆوە و لە هەواوە وەرگیراون. دەیانەوێت، وە لە داهاتوودا داوای بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر دەکەن کە بەرنامەی سەرگەرمی نەك تەنها گەمژانەترین پێکەنین بە ملیۆنان کەس دەدات، بەڵکو ئەو گەمژەیەش کە پێدەکەنێت دەتوانێت بەهۆیەوە شمەك بفرۆشێت!

شتێکی ترکە ڕەنگە ئەوانە تێبیگەن کە ڕاماون بچنە نێو ئەم مەیدانە نوێیەی دەرفەتەوە. گەنگەشەی ڕادیۆیی لە لایەن گروپێکی تەواو نوێی شارەزایانی گەنگەشەوە بەڕێوە دەبرێت، جیابۆوە و جیاواز لە گەنگەشکارانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جاران. خەڵکانی پێشووی گەمەی گەنگەشە ناتوانن سکریپتی مۆدێرنی ڕادیۆ بخوێننەوە، چونکە فێرکراون کە بیرۆکەکان ببینن. تەکنیکی نوێی ڕادیۆ داوای کەسانێك دەکات کە بتوانن لە ڕێگەی دەنگەوە بیرۆکەی دەستنووسێکی نووسراو دەردەبڕن! ساڵێکی پڕکاری سەخت و هەزاران دۆلاری تێچوو هەتا نووسەر ئەمە فێربوو.

ڕادیۆ لە ئێستادا، لەو ئاستەدایە کە سینەمای تێدابوو، کاتێک ماری پیکفۆرد و قژە لوولەکی بۆ یەکەمجار لەسەر شاشە دەرکەوتن.
دەرفەتێکی فراوان هەیە لە ڕادیۆدا بۆ ئەوانەی کە دەتوانن بیرۆکەکان بەرهەم بهێنن یان بیانناسنەوە. ئەگەر ئەو سەرنجەی پێشوو دەربارەی دەرفەتەکانی ڕادیۆ نەبووە هۆی بەگەڕخستنی کارگەی بیرۆکەکانت، ئەوا باشترە لە بیری بکەیت. دەرفەتی تۆ لە بوارێکی تردایە، ئەگەر سەرنجەکە بە ڕێژەیەکی کەم سەرنجی ڕاکێشای،کەواتە زیاتر لەگەڵیدا بڕۆ، ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە بدۆزیتەوەکە پێویستە بۆ تۆکمەکردنی پیشەکەت.

ڕێگەمەدە نەبوونی ئەزموون لە ڕادیۆدا ساردت بکاتەوە. ئەندریو کارنیج هیچی وای نەدەزانی دەربارەی دروستکردنی ستیل - قسەی کارنیج خۆیم لایە دەربارەی ئەمە - بەڵام بەکرداری دوو لە بنەماکانی نێو ئەم کتێبەی بەکارهێنا، وای لە بازرگانی ستیل کرد کە سەروەت و سامانی پێببەخشێت.

چیرۆکی کرداری هەموو سامانێکی مەزن ئەو ڕۆژە دەستپێدەکات کە دروستاکەری بیرۆکەکان و فرۆشەری بیرۆکەکان یەک دەگرن و بە تەبایی کار دەکەن. کارنێج چواردەوری خۆی بەوکەسانە تەنیبوو کە دەیانتوانی هەموو ئەو شتانە بکەن کە خۆی نەیدەتوانی بیکات. کەسانێک کە بیرۆکەیان دروستدەکرد، کەسانێکیش کە بیرۆکەکانیان دەخستە بواری جێبەجێکردنەوە، بەو جۆرە خۆی و ئەوانەی چواردەوریشی دەوڵەمەندکرد.

ملیۆنان کەس ژیانیان بەسەر دەبەن بە هیوای ئەوەی کە دەرویەکی خێریان لێ بکرێتەوە. ڕەنگە دەرویەکی خێر بتوانێت دەرفەتێک بۆکەسەکە بێنێتە پێش، بەڵام پارێزراوترین پلان ئەوەیە کە پشت بە بەخت نەبەسترێت. ئەوە دەرویەکی خێر بو وکە گەورەترین دەرفەتی ژیانی پێبەخشیم ـ بەڵام ـ دەبووایە بیست و پێنج ساڵ هەوڵی بێ وچان تەرخان بکەم بۆ ئەو دەرفەتە بەرلەوەی ببێتە سەرمایە و دەستاکەوت.

ئەو دەرووە خێرەم لێکرایەوە لەبەختی باشی خۆمدا بۆ بینین و گەیشتن بەکۆمپانیاکەی ئەندریو کارنیج. لەو بۆنەیەدا کارنیج بیرۆکەی ڕێکخستنی بنەمەکانی بەدەستهێنانی فەلسەفەی سەرکەوتنی لە هزرمدا چاند. هەزاران کەس سوودیان بینیوە لەو دۆزینەوانەی لەم بیست و پێنج ساڵەی توێژینەوەدا دۆزراونەتەوە، وە چەندین سەروەت و سامان کۆکراونەتەوە لە ڕێی جێبەجێکردنی ئەم فەلسەفەیەوە. دەستپێکەکەی سادە بوو. بیرۆکەیەك بوو کە هەرکەس دەیتوانی گەشەی پێبدا.

دەرووە خێرە دڵخوازەکەم لە لایەن کارنیجەوە هات، بەڵام ئەی چی دەربارەی مکووڕی لە بڕیاردان، ڕوونی ئامانج و ئارەزووی بەدیهێنانی ئامانج و هەوڵی کۆڵنەدەرانەی بیست و پێنج ساڵ؟ ئەوە ئارەزوویەکی ئاسایی نییە،کە لە بێ هیوابوون، ساردکردنەوە، کەوتنی کاتی، تانە و تەشەر و بیرخستنەوەی بەردەوامی " بەفیڕۆدانی کاتە" ڕزگاری بووە. ئەوە ئارەزوویەکی سووتێنەر بوو! سەوداسەری بوو!

کاتێك بیرۆکەکە سەرەتا لە لایەن بەڕێز کارنیجەوە لە هزرمدا چێنرا، مەرایی بۆکرا، پەروەردەکرا و دنەدرا هەتا بە چالاکی بمێنێتەوە. پەیتا پەیتا، بیرۆکەکە بووە دێوێك لە ژێر هێزی خۆیدا، وە ڕازیکردم و

پەروەردەیکردم و هانیدام. بیرۆکەکان بەوجۆرەن. سەرەتا ژیان و جوڵ و ڕێنمایی بە بیرۆکەکان دەدەیت. دواتر خۆیان دەسەڵات دەگرنە دەست و هەموو بەربەستێك ڕادەماڵن.

بیرۆکـەکان هێزگـەلی نابەرجەسـتەن، بـەڵام هێزیـان لـەو مێشـک بەرجەستەیە زیاترە کـە ژیانی پـێ بەخشیوون. هێزیان هەیـە لـە ژیان بەردەوام بن، لە دوای ئەوەی ئەو مێشکەی دروستی کردوون دەبێتەوە بە خۆڵ. بۆ وێنە، هێزی ئاینی مەسیحیەت وەربگرە. بـە بیرۆکەیـەکی سادە دەستپێکرد، لە مێشکی عیسای مەسیحدا لـەدایکبوو. باوەڕی سـەرەکی ئەمە بوو، " بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تر بکات کە خۆت پێتخۆشە ئاوا مامەڵەت لەگەڵدا بکەن." مەسیح گەڕایەوە بـۆ ئـەو سەرچاوەیەی کە لێوەی هاتبوو، بەڵام بیرۆکەکانی بەردەوام بوون لە ژیانکردن.

ڕەنگە ڕۆژێك گەشە بکات، وە بکەوێتـە سـەر پێـی خـۆی، دواتـر قـوڵترین ئارەزووی مەسیحی بـەدیهێنا. بیرۆکەکـە تـەنها دوو هـەزار ساڵ گەشـەی پێدرا. تۆش کاتی پێبدە !

سەرکەوتن پێویستی بە هیچ ڕوونکردنەوەیەك نییە
شکست ڕێگە بە هیچ بیانوویەك نادات.

بەشی ٧

# پلاندانانی ڕێکخراو : بە بلووربوونی ئارەزووبۆ کردار

--------

## هەنگاوی شەشەم بەرەو سامان

فێری ئەوە بوویت کە هەر شتێك مرۆڤ دروستی دەکات یان بەدەستی دەهێنێت، لە شێوەی ئارەزوودا دەستپێدەکات، ئەو ئارەزووە یەکەمین هەنگاوی گەشەکەی دەهاوێت، لە نابەرجەستەوە بۆ بەرجەستە، بەرەو شوێنکاری ئەندێشە، کە تێیدا پلانگەل بۆ گۆڕینی دروست دەکرێن و ڕێکدەخرێن.

لە بەشی دوودا، ڕێنمایی کرداریت کە شوێن شەش هەنگاوی ڕون و کرداری بکەویت، وەك یەکەم هەنگاو بۆ گۆڕینی ئارەزووی پارە بۆ هاوتا بەرجەستەکەی. یەکێك لەو هەنگاوانە دارشتنی پلان یان پلانگەلی ڕوون و دیاریکراون، کە دەکرێت بە هۆیانەوە ئەم گۆڕانکاریە ئەنجام بدرێت. ئێستا ڕێنماییت پێدەدرێت چۆن پلانگەلێکی کرداری دابڕێژیت، بەم شێوەیە

١ _هاوپەیمانی ببەستە لەگەڵ ئەو کەسانەی پێویستتن بۆ دارشتن و جێبەجێکردنی پلانەکەت یان پلانەکانت بۆ کۆکردنەوەی پارە ـ بنەمای "

هۆشی باڵا " بەکاربهێنە کە لە بەشی دواتردا باسدەکرێت.(جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە بە تەواوەتی بنچینەیی و گرنگە، فەرامۆشی مەکە).

٢ _ بەرلەوەی هاوپەیمانی " هۆشی باڵا "کەت ببەستیت، بڕیار بدە چی سوود و قازانجێك پێشکەشی هەر تاکێکی گروپەکەت دەکەیت، لە بەرامبەر هاوکاریەکانیاندا. هیچ کەسێك بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ هیچ جۆرە پاداشتێك کار ناکات. هیچ کەسێکی ژیریش داوا یان پێشبینی ئەوە لە کەسێك ناکات کە بەبێ پاداشتێکی شایستە کاری بۆ بکات. هەرچەندە مەرج نییە ئەمە هەمیشە لە شێوەی پارەدا بێت.

٣ _ بەلایەنی کەمەوە هەفتەی جارێك، ئەگەر گونجا لە جارێك زیاتر لەگەڵ گروپی " هۆشی باڵا " کەت کۆبوونەوە بکە، هەتا ئەو کاتەی پێکەوە پێویستیەکانی پلانەکە، یان پلانەکان تەواو دەکەن بۆ بەدەستهێنانی پارە.

٤ _ هاوئاهەنگی و تابەیەکی تەواوەتی فەراهەم بکە لە نێوان خۆت و هەر ئەندامێکی گروپی "هۆشی باڵا " کەت. ئەگەر شکست بهێنیت لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییەدا، دەکرێت چاوەڕێی شکست بیت. بنەمای "هۆشی باڵا " ناتوانرێت فەراهەم بکرێت ئەگەر هاوئاهەنگیەکی تەواوەتی مەیسەر نەبێت.

**ئەم ڕاستیانە لە هزردا هەڵبگرە:**

**یەکەم: تۆ سەرقاڵی ئەنجامدانی کارێکی کە زۆر گرنگە بۆت. بۆ ئەوەی لە سەرکەوتن دڵنیا بیت، پێویستە پلانگەلێکی بێ هەڵە و کەموکوڕیت هەبێت.**

دووەم: پێویستە سوود لە ئەزموون، خوێندن، توانای سروشتی و ئەندێشەی کەسانی تر وەربگریت. ئەمە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو میتۆدانەی کە هەموو ئەو کەسانە شوێنی کەوتوون کە سامانێکی مەزنیان پێکەوەناوە.

هیچ کەسێك ئەزموون، خوێندن، توانای سروشتی و زانیاری تەواوەتی نییە بۆ ئەوەی دڵنیای بکاتەوە لە پێکەوەنانی سامانێکی مەزن، بەبێ هاوکاری کەسانی تر. هەر پلانێك کە دەیخەیتە کار، لە هەوڵەکانتدا بۆ کۆکردنەوەی پارە، پێویستە خاڵی دروستکردنی خۆت و هەموو ئەندامانی تری گروپی " هۆشی باڵا " کەت بێت. ڕەنگە خۆت بناغەی پلانەکانت دابڕێژیت، بە گشتی یان بەش بەش، بەڵام دڵنیابەرەوە کە ئەو پلانانە پشکنراون و پەسەندکراون لە لایەن ئەندامانی هاوپەیمانی " هۆشی باڵا " کەت.

ئەگەر یەکەم پلان بە سەرکەوتووی کاری نەکرد، بە پلانێکی نوێ جێگەی بگرەوە، ئەگەر ئەم پلانە نوێیەش کاری نەکرد، بەو شێوەیە بەردەوامبە، هەتا ئەو کاتەی پلانێك دەدۆزیتەوە کە کار بکات. ڕێك ئێرە ئەو خاڵەیە کە زۆربەی خەڵکی شکست دەهێنن، بەهۆی نەبوونی مکووڕی لە داڕشتنی پلانگەلێك بۆ شوێنگرتنەوەی ئەوانەی شکستیان هێناوە.

ژیرترین کەس ناتوانێت سەرکەتوو بێت لە کۆکردنەوەی پارەدا ـ وە لە هیچ بوار و کارێکی تردا ـ بەبێ پلانگەلێك کە کرداری بن و کار بکەن. ئەم ڕاستییەت لەبیربێت، وە لەبیرتبێت کاتێك پلانەکانت شکست دەهێنن، کە کەوتنێکی کاتی شکستێکی هەمیشەیی نییە. تەنها ڕەنگە مانای ئەوە

بێت کە پلانەکانت گونجاو نین. پلانگەلی تر دابرێژە، سەرلەنوێ دەستپێبکەرەوە.

تۆماس ئەدیسۆن دە هەزار جار شکستی هێنا بەرلەوەی سەرکەوتوو بێت لە دروستکردنی گڵۆپی کارەبایدا. بەو جۆرە - دە هەزار جار دووچاری کەوتنی کاتی بۆوە، بەرلەوەی هەوڵەکانی بە سەرکەوتن کۆتایی بێت.

کەوتنی کاتی دەکرێت تەنها یەك واتای هەبێت، ئەوەی کە شتێك هەڵەیە لە پلانەکەتدا. ملیۆنان کەس بە ژیانێکی پڕ ناسۆر و هەژاریدا تێدەپەڕن، لەبەرئەوەی پلانێکی گونجاویان نییە بۆ پێکەوەنانی سامان.

هێنری فۆرد سامانێکی پێکەوەنا، بەهۆی هزرە باڵاکەیەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی بەکارهێنانی و شوێنکەوتنی پلانێکەوە بوو کە گونجاوی و کارکردنی سەلمێنرابوو. دەکرێت ئاماژە بە هەزار کەس بدرێت، هەریەکەیان بە خوێندەوارییەکی بەرزتر و باشترەوە لە فۆرد، بەڵام هەموویان لە هەژاریدا دەژین، لەبەرئەوەی پلانێکی دروستیان نەبووە بۆ کۆکردنەوەی پارە.

دەسکەوتەکانت ناکرێت لە گونجاوی پلانەکانت مەزنتر بن. ڕەنگە ئەم گوزارشتێکی دژیەك بێت، بەڵام ڕاستە. سامۆیل ئنسولّ سامانەکەی کە زیاتر لە سەت ملیۆن دۆلار بوو لەدەستدا.

سامانەکەی ئنسولّ بە پلانگەلێکی گونجاو کۆکرابۆوە. قەیرانی بازرگانی بەڕێز ئنسولّی ناچارکرد پلانەکانی بگۆڕێت" گۆڕانکارییەکەش بووە هۆی " کەوتنێکی کاتی،" چونکە پلانە تازەکانی گونجاو نەبوون. ئێستا بەڕێز ئنسولّ پیاوێکی پیرە، ڕەنگە لە ئەنجامدا شکست پەسەند بکات لە بری

کەوتنی کاتی. بەڵام ئەگەر ئەزموونەکەی بە شکست کۆتایی بێت، لەبەر ئەو هۆکارە بووە کە ئاگری مکووڕی نەبووە بۆ داڕشتنەوەی پلانەکانی.

هیچ کەسێک شکست ناهێنێت، هەتا ئەو کاتەی واز دەهێنێت ـ لە مێشکی خۆیدا. ئەم ڕاستییە چەندین جار دووبارە دەکرێتەوە، چونکە زۆر ئاسانە لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم نیشانەی شکست بڕوخێیت.

جەمیس ج. هیلْ دووچاری کەوتنی کاتی بوو کاتێک سەرەتا هەولیدا سەرمایەی پێویست کۆبکاتەوە بۆ دروستکردنی هێڵی ئاسن لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا ( ئەمریکا)، بەڵام لە ڕێی پلانگەلی نوێوە شکستی بۆ سەرکەوتن گۆڕی.

هێنری فۆرد دووچاری شکستی کاتی بوو، نەک تەنها لە سەرەتایی کاری ئۆتۆمۆبێل دروستکردنەکەیدا، بەڵکو دوای ئەوەی کە بەرەو لوتکەش ڕۆیشتبوو. پلانگەلی نوێی داڕشت و سەرکەوتنی دارایی بەدەستهێنا.

کەسانێکی زۆر دەبینین کە سامانێکی مەزنیان پێکەوەناوە، بەڵام زۆربەی جار تەنها سەرکەوتنەکانیان دەبینین، ئەو شکستە کاتیانە لەبەرچاو ناگرین کە دەبێت سەرکەون بەسەریدا بەرلەوەی بە ئامانجەکانیان بگەن.

هیچ شوێنکەتوویەکی ئەم فەلسەفەیە ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکات بەبێ ئەزموونکردنی کەوتنی کاتی سامان پێکەوە بنێت. کاتێک شکست دێت، وەک ئامازەیەک بۆ نەگونجاوی پلانەکانت پەسەندی بکە، ئەو پلانانە دابڕێژەرەوە، دووبارە بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکەت بڕۆ. ئەگەر بەر لە گەیشتن بە ئامانجەکەت وازبهێنیت، ئەوسا تۆ " وازهێنەریت".

## وازهێنەر هەرگیز نایباتەوە - براوەش هەرگیز وازناهێنێت

ئەم ڕستەیە دەربهێنە، لەسەر پارچە کاغەزێك بە پیتی گەورە بینووسە، وە لە شوێنێك دایبنێ کە بتوانیت هەموو شەوێك بەر لە خەوتن ببینیت هەموو بەیانیەکیش بەرلەوەی بچیتە سەر کار.

کاتێك دەست بە هەڵبژاردنی ئەندامانی گروپی " هۆشی باڵا "کەت دەکەیت، هەوڵبدە ئەوانە هەڵبژێریت کە شکست زۆر هەتەرانە وەرناگرن. هەندێك کەس گەمژانە پێیانوایە کە تەنها پارە دەتوانێت پارە پێکەوە بنێت. ئەوە ڕاست نییە ! ئارەزوو، گۆڕاو بۆ هاوتا داراییەکەی، لەڕێی ئەو بنەمایانەوە کە لێرەدا باسکراون، ئاوەندێکە کە بەهۆیەوە پارە پەیدا دەکرێت. پارە خۆی هیچ نییە جگە لە شتێکی بێ گیان. ناتوانێت بجوڵێت، بیربکاتەوە یان قسە بکات، بەڵام دەتوانێت ببیستێت کاتێك ئەو کەسەی ئارەزووی دەکات داوای هاتنی دەکات.

## پلاندانان بۆ فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکان

ئەوەی ماوە لەم بەشە تەرخان دەکرێت بۆ باسکردنی شێواز و ڕێگاکانی بازارگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکان. ئەو زانیاریانەی لێرەدا دەگەیەنرێن یارمەتیەکی کرداری هەر کەسێك دەدات کە هەر خزمەتگوزریەکی کەسی هەبێت بۆ بازاڕ، بەڵام قازانجێکی بێسنووری دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە پیشە هەڵبژێردراوەکەی خۆیاندا ببنە سەرکردە و پێشەنگ. پلانی ژیرانە بنچینەیە بۆ سەرکەوتن لە هەر کارێکدا بۆ کۆکردنەوەی سامان. لێرەدا ڕێنمایی ورد دەدۆزرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستە دەست بە کۆکردنەوەی سامان بکەن بە فرۆشتنی خزمەتگوزاری کەسی.

دەشێت زانینی ئەمە هاندەرانە بێت کە لە ڕووی کرداریەوە کە هەموو سامانە مەزنەکان لە شێوەی پاداشتێك بۆ خزمەتگوزاریە کەسیەکانەوە دەستپێکردووە، یان لە ڕێی فرۆشتنی بیرۆکەکانەوە. چیتر، جگە لە بیرۆکەکان و خزمەتگوزاریە کەسیەکان، کەسەکە خاوەنیەتی بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ساماندا ببەخشێت؟

بە گشتگیری قسە بکەین، دوو جۆر کەس هەن لە دونیادا. جۆرێکیان بە سەرکردەکان ناسراون، ئەوانی تریش بە شوێنکەتووەکان. هەر لە سەرەتاوە بڕیار بدە کە تۆ مەبەستە ببیتە سەرکردە لە بوارە هەڵبژێردراوەکەی خۆتدا، یان وەك شوێنکەوتوویەك بمێنیتەوە. جیاوازیان لە پاداشتدا زۆر مەزنە. شوێنکەوتوویەك ناکرێت چاوەڕێی ئەو پاداشتە بێت کە بۆ سەرکردەیەك دانراوە، هەرچەندە هەندێك شوێنکەوتوو ئەو هەڵەیە دەکەن و چاوەڕێی پاداشتێکی لەو چەشنەن.

شوورەیی نییە ببیتە شوێنکەوتوو. لە لایەکی ترەوە، مانای ئەوە نییە هەر بە شوێنکەوتووی بمێنیتەوە. زۆربەی سەرکردە مەزنەکان بە توانای شوێنکەوتوویەکەوە دەستیان پێکردووە. بوونە سەرکردەی مەزن لەبەرئەوەی شوێنکەوتووی زیرەك بوون. جگە لە چەند نموونەیەکی دەگمەن، ئەو کەسەی کە نەتوانێت ژیرانە شوێن سەرکردەیەك بکەوێت، ناتوانێت ببێتە سەرکردەیەکی تەواوەتی. ئەو کەسەی کە زۆر بە باشی شوێن سەرکردەیەك دەکەوێت، بە گشتی ئەو کەسەیە کە زۆر خێراتر بۆ سەرکردەیی گەشە دەکات. شوێنکەتوویەکی زیرەك گەلێك قازانج دەکات، لە نێوانیاندا هەلی وەرگرتنی زانیاری لە سەرکردەکەیەوە.

## تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی سەرکردە

ئەمانەی خوارەوە فاکتەرە گرنگەکانی سەرکردایەتین:

١ _ بوێریەکی پتەو لەسەر بنەمای ناسینی خوود و پیشەی کەسەکە. هیچ شوێنکەوتوویەك نایەوێت لە لایەن سەرکردەیەکەوە کۆنترۆڵ بکرێت کە متمانە بەخۆبوون و بوێری نەبێت. هیچ شوێنکەتوویەکی ژیر بۆ ماوەیەکی درێژ لە لایەن سەرکردەیەکی لەو چەشنەوە کۆنترۆڵ ناکرێت.

٢ _ کۆنترۆڵی خوود. ئەو کەسەی کە ناتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بکات، هەرگیز ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەوانی تر بکات. کۆنترۆڵی خوود دەبێتە نموونەیەکی بەهێز بۆ شوێنکەتووەکانی کەسەکە، کە زیرەکەکان لاسایی دەکەنەوە.

٣ _ هەستی بەهێزی دادپەروەری. بەبێ هەستی دادپەروەری و یەکسانی، هیچ سەرکردەیەك ناتوانێت فەرمان بکات و ڕێزی لای شوێنکەتووەکانی بهێڵێتەوە.

٤ _ ڕوونی لە بڕیارداندا. کەسێك کە لە بڕیارەکانیدا ناڕوون و لەرزۆکە، ئەوە پیشان دەدات کە دڵنیا نییە لە خۆی. ناتوانێت بە سەرکەوتووی سەرکردایەتی کەسانی تر بکات.

٥ _ ڕوونی لە پلاندا. سەرکردەی سەرکەوتوو دەبێت پلان بۆ کارەکەی دابنێت و کار بە پلانەکەی بکات. سەرکردەیەك کە بە گریمانە کار دەکات، بەبێ پلانگەلی ڕوون و کرداری، وەك کەشتیەکی بێ سوکانە. زوو یان درەنگ دەکەوێتە سەر تاوێرەکان.

٦_ خووی زیاتر کارکردن له‌و بڕه‌ پاره‌یه‌ی وه‌ریده‌گریت. یه‌کێك له‌ سزاکانی سه‌رکردایه‌تی پێویستی ئاماده‌بوونه‌ له‌ لایه‌ن سه‌رکرده‌که‌وه‌، بۆ ئه‌نجامدانی له‌وه‌ زیاتری که‌ له‌ شوێنکه‌تووه‌کانی چاوه‌ڕێ ده‌کات.

٧_ که‌سایه‌تیه‌کی سه‌رنجڕاکێش. هیچ که‌سێکی که‌مته‌رخه‌م و شێواو ناتوانێت ببێته‌ سه‌رکرده‌یه‌کی سه‌رکه‌وتوو. سه‌رکردایه‌تی داوای ڕێز ده‌کات. شوێنکه‌وتووان ڕێز له‌ سه‌رکرده‌یه‌ك ناگرن که‌ ئاستێکی به‌رزی نه‌بێت له‌ هه‌موو تایبه‌تمه‌ندیه‌کانی که‌سایه‌تیه‌کی سه‌رنجڕاکێشدا.

٨_ هاوسۆزی و تێگه‌یشتن. سه‌رکرده‌ی سه‌رکه‌وتوو پێویسته‌ هاوسۆز بێت له‌گه‌ڵ شوێنکه‌وتووه‌کانی. سه‌رباری ئه‌وه‌ش، پێویسته‌ له‌ خۆیان و کێشه‌کانیان تێبگات.

٩_ لێهاتووی له‌ ورده‌کاریدا. سه‌رکردایه‌تی سه‌رکه‌وتوو داوای لێهاتووی له‌ ورده‌کاری پێگه‌ی سه‌رکرده‌که‌دا ده‌کات.

١٠_ ئاماده‌یی بۆ له‌ ئه‌ستۆگرتنی به‌رپرسیارێتی ته‌واو. سه‌رکرده‌ی سه‌رکه‌وتوو پێویسته‌ ئاماده‌یی هه‌ڵگرتنی به‌رپرسیارێتی بێت بۆ ئه‌و هه‌ڵه‌ و که‌موکورییه‌کانی شوێنکه‌وتووه‌کانی. ئه‌گه‌ر هه‌وڵی لابردنی به‌رپرسیاریه‌تیه‌که‌ی له‌سه‌ر خۆیدا، چیتر وه‌ك سه‌رکرده‌ نامێنێته‌وه‌. ئه‌گه‌ر یه‌کێك له‌ شوێنکه‌وتووه‌کانی هه‌ڵه‌یه‌کی کرد، یان ناشاره‌زایی خۆی پیشاندا، سه‌رکرده‌ ده‌بێت وا هه‌ژمار بکات که‌ خۆی شکستی هێناوه‌.

١١_ گیانی هاوکاری. سه‌رکرده‌ی سه‌رکه‌وتوو پێویسته‌ له‌ کاری پێکه‌وه‌یی تێبگات و جێبه‌جێی بکات، وه‌ له‌ توانایدا بێت شوێنکه‌وتووه‌کانیشی قایل بکات هه‌مان شت بکه‌ن. سه‌رکردایه‌تی هێزی ده‌وێت، هێزیش کاری پێکه‌وه‌یی ده‌وێت. دوو جۆر سه‌رکردایه‌تی هه‌یه‌.

یەکەمیان و هەتا ئێستا کاریگەرترینیان سەرکردایەتیە بە ڕەزامەندی شوێنکەوتووان و هاوسۆزبوون لەگەڵیان. دووەمیان سەرکردایەتیە بەزۆر، بەبێ ڕەزامەندی و هاوسۆزی لەگەڵ شوێنکەتووان.

مێژوو پڕە لە بەڵگەی ئەوەی کە سەرکردایەتی بەزۆر ناتوانێت بەرگە بگرێت. کەوتن و دیارنەمانی "دیکتاتۆر" و پاشاکان بەرچاو و گرنگە. مانای ئەوەیە کە خەڵکی بۆ ماوەیەکی زۆر شوێن سەرکردایەتیەکی زۆردار ناکەون.

دونیا چۆتە سەردەمێکی نوێی پەیوەندی نێوان سەرکردە و شوێنکەتوو، کە زۆر بە ڕوونی داوای سەرکردەی نوێ دەکات، وە جۆرێکی نوێی سەرکردایەتی لە بازرگانی و پیشەسازیدا.ئەوانەی سەر بە ڕێبازی کۆنی سەرکردایەتی بە زۆرن، پێویستە یان تێگەشتنێك بەدەستبهێنن لەسەر شێوازی نوێی سەرکردایەتی ( کاری پێکەوەیی) یان واز لە پێگەکەیان بهێنن و بێنە نێو شوێنکەوتووان. هیچ ڕێگا چارەیەکی تریان نییە.

پەیوەندی کارمەند و خاوەنکار، یان سەرکردە و شوێنکەوتوو، لە داهاتوودا دەبێتە کاری پێکەوەی، لەسەر بنەمایی بەشە قازانجی دادپەروەرانە لە بازرگانییەکەدا. لە داهاتوودا، پەیوەندی نێوان کارمەند و خاوەنکار زیاتر لە هاوبەشییەك دەچێت بەراورد بەوەی ڕابردوو.

ناپۆلیۆن، قەیسەر ویلهێلمی ئەڵمانیا، قەیسەری ڕوسیا و پاشای ئیسپانیا نموونەی سەرکردایەتی بە زۆرن. سەرکردایەتیەکەیان تێپەڕێنرا. بەبێ هیچ زەحمەتیەك، دەکرێت کەسێك ئاماژە بەم جۆرە کۆنەی سەرکردە بکات لە نێو سەرکردە بازرگانی و دارایی و خاوەنکارەکانی ئەمریکادا کە لەسەر تەخت لادراون یان ناچار کراون وازبهێنن. سەرکردایەتی بە

ڕەزامەندی شوێنکەوتووەکان تاکە جۆری سەرکردایەتیە کە بتوانێت بمێنێتەوە!

خەڵکی ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کات شوێن سەرکردایەتی بەزۆر بکەون، بەلام بە ویستی خۆیان ئەوە ناکەن.

جۆری نوێی سەرکردایەتی ئەو یانزە تایبەتمەندیەی سەرکردایەتی لەخۆ دەگرێت کە لەم بەشەدا باسکراون، لەگەڵ هەندێك تایبەتمەندی تر. ئەو کەسەی ئەمانە دەکاتە بنچینەی سەرکردایەتیەکەی، دەرفەتگەلی بێشومار دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە هەر بوارێکی ژیاندا پێشرەوی بکات.

گرانیەکە درێژەی کێشا، هۆکارە سەرەکیەکەی ئەوە بوو کە دونیا سەرکردەی جۆری نوێی نەبوو. لە کۆتایی گرانی و قات و قریەکەدا، داواکاری لەسەر سەرکردەگەلێك کە لێهاتوون لە جێبەجێکردنی میتۆدە نوێکانی سەرکردایەتی زۆر زیاتر بوو لە سەرکردە بەردەستەکان. هەندێك لە سەرکردەکانی جۆری کۆن چاکسازی دەکەن وخۆیان دەگونجێنن لەگەڵ جۆری نوێی سەرکردایەتی. بەلام بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، دونیا دەبێت لە ماددەیەکی نوێ بگەرێت بۆ سەرکردایەتیەکەی. ئەم پێویستیە ڕەنگە دەرفەتی تۆ بێت!

## دە هۆکاری سەرەکی شکست لە سەرکردایەتیدا

ئێستا دێینە سەر سەرەکیترین ئەو هەڵانەی کە ئەو سەرکردانە دەیکەن کە شکست دەهێنن، چونکە زانینی ئەوەی چی نەکەیت هێندەی ئەوە گرنگە کە دەبێت چی بکەیت.

١ — بێتوانایی لە ڕێکخستنی وردەکاریەکاندا. سەرکردایەتی لێهاتوو داوای توانای ڕێکخستن و لێهاتووی لە وردەکاریدا دەکات. هیچ

سەرکردەیەکی بلیمەت " زۆر سەرقاڵ " نییە بۆ ئەنجامدانی هەر شتێك کە دەشێت وەك سەرکرەیەك داوای لێ بکرێت. کاتێك کەسێك، جا ئەگەر سەرکردە بێت یان شوێنکەوتوو، ددانی بەوەدانا کە زۆر سەرقاڵە و ناتوانێت پلانەکانی بگۆڕێت، یان سەرنج بخاتە سەر هەر بارێکی لەناکاو، ئەوا ددان بە نەشیاوی خۆیدا دەنێت. سەرکردەی سەرکەوتوو پێویستە لێهاتوو بێت لە هەموو وردەکاریەکانی پەیوەست بە پێگەکەیەوە. بێگومان ئەمە مانای ئەوەیە کە پێویستە خووی پێدانی وردەکاری بە یاریدەدەرە بەتواناکانی فێربێت.

٢ _ ئانامادەیی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی خاکەڕایانە. سەرکردە مەزنە ڕاستەقینەکان ئامادەگیان تێدایە، ئەگەر بارودۆخ بخوازێت هەر جۆرە کارێك بکەن کە داوا لە ئەوانی تر دەکەن ئەنجامی بدەن. " مەزنترینی نێو ئێوە دەبێت خزمەتکاری هەموان بێت" ڕاستییەکە کە هەموو سەرکردە بەتواناکان سەرنجی دەدەن و ڕێزی لێدەگرن.

٣ _ چاوەڕوانی وەرگرتنی پارە لە بەرامبەر ئەوەی " دەیزانن" لەبری ئەوەی ئەنجامی دەدەن بەوەی کە دەیزانن. دونیا پارە بە خەڵکی نادات لە بەرامبەر ئەوەی کە دەیزانن، بەڵکو لە بەرامبەر ئەوەدا پارەیان پێدەدات کە ئەنجامی دەدەن، یان ئەوانی تر قایل دەکەن بە ئەنجامدانی.

٤ _ ترس لە کێبڕکێی شوێنکەوتووەکان لەگەڵیدا. ئەو سەرکردەیی ترسی ئەوەی هەیە یەکێك لە شوێنکەوتووەکانی پێگەکەی بگرێت بە کرداری با دڵنیابێت کە درەنگ یان زوو ئەو ترسەی دەبێتە ڕاستی. سەرکردەی بەتوانا مەشق بەو شوێنکەوتوانەی دەکات کە دەشێت جێگەی بگرنەوە

وردەکاری پێگەکەی فێری ئەوان دەکات. تەنها بەم ڕێگەیە سەرکردە دەتوانێت خۆی چەندجارە بکات و خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە چەند شوێنێك بێت، وە سەرنجی بخاتە سەر چەندین شت لە یەك کاتدا. ئەوە ڕاستییەکی گەردوونییە کە مرۆڤەکان پارەی زیاتر وەردەگرن بەهۆی توانایانەوە بۆ بەگەڕخستنی ئەوانی تر، بەراورد بەوەی کە دەشێت لە ڕێی هەوڵەکانی خۆیانەوە بەدەستی بهێنن. سەرکردەیەکی لێوەشاوە ڕەنگە لە ڕێی زانیاری لەسەر کارەکەی و سەرنجڕاکێشی کەسایەتیەوە، بە شێوەکی بەرچاو شارەزایی و کاری ئەوانی تر زیاد بکات، وە قابلیان بکات خزمەتگوزاریەکی زیاتر و باشتر پێشکەش بکەن بەراورد بەوەی کە بەبێ یارمەتی ئەو پێشکەشی دەکەن..

٥_ نەبوونی ئەندێشە. بەبێ ئەندێشە، سەرکردە ناتوانێت ڕووبەڕووی بارە لەناکاوەکان ببێتەوە، وە ناتوانێت پلانگەلێك دابڕێژێت کە بەهۆیەوە شوێنکەوتووەکانی بۆ لێوەشاوەیی ڕێبەری بکات.

٦ _ خودپەسەندی. ئەو سەرکردەیی بانگەشەی هەموو شانازیەکانی شوێنکەوتووەکانی بۆ خۆی دەکات، با دڵنیا بێت کە ڕووبەڕووی کینە و ڕق دەبێتەوە. سەرکردەی مەزنی ڕاستەقینە بانگەشەی هیچ شانازیەك ناکات. دڵخۆش دەبێت بە بینینی شانازیەکانی شوێنکەوتووەکانی، ئەگەر هەبێت، چونکە دەزانێت زۆربەی خەڵکی باشتر و سەختتر کاردەکەن بۆ ستایش و پێزانین بەراورد بەوەی تەنها کار بۆ پارە بکەن.

٧ _ نەبوونی ئارامی و خوود کۆنتڕۆڵی. شوێنکەوتووان ڕێز لە سەرکردەیەکی تووڕە و تۆسن ناگرن. سەرباری ئەوەش، نائارامی لە

هەموو شێوەکانیدا، مانەوە و چالاکی هەموو ئەوانە لەناودەبات کە چێژی لێوەردەگرن.

٨ ــ نادڵسۆزی. لەوانەیە پێویست بووایە ئەمە لە سەرەتای لیستەکەدا بهاتایە، سەرکردەیەک کە دڵسۆز نییە بۆ کۆمپانیا، هاوکار و ئەوانەی کە لە سەرووی خۆیەوەن و ئەوانەی لە خوار خۆیەوەن، ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر سەرکردە بمێنێتەوە. نادڵسۆزی کەسەکە دەکاتە کەمتر لە خۆڵ، وە ئەو بێنرخیە بەسەر کەسەکە دەهێنێت کە شایەنێتی. نەبوونی دڵسۆزی یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی شکست لە هەر بوارێکی ژیاندا.

٩ ــ جەختکردنەوە لەسەر " دەسەڵات"ی سەرکردایەتی. سەرکردەی تەواوەتی بە هاندان سەرکرایەتی دەکات، نەک لەڕێگەی هەوڵدان بۆ چاندنی ترس لە دڵی شوێنکەوتووەکانیدا. ئەو سەرکردەیەی کە هەوڵدەدات بە " دەسەڵات"ی کاریگەری بکاتە سەر شوێنکەوتووەکانی دەچێتە پۆلێنکاری سەرکردایەتی بەزۆرەوە. ئەگەر سەرکردە سەرکردەیەکی ڕاستەقینە بێت، پێویست ناکات ڕیکلام بۆ ئەو ڕاستییە بکات بێجگە بە ڕەفتارەکانی ـ هاوسۆزی، تێگەیشتن، دادپەروەری و پیشاندانی ئەوەی کە کارەکەی خۆی دەزانێت.

١٠ ــ جەختکردنەوە لەسەر ناونیشان. سەرکردەی لێهاتوو پێویستی بە هیچ " ناونیشان"ێك نییە پێی بدرێت بۆ ئەوەی شوێنکەوتووەکانی ڕێزی بگرن. ئەو کەسەی زۆر بە شان و باڵی ناونیشانەکەیدا هەڵدەدات بە گشتی هیچ تری نییە هەتا جەختی لەسەر بکاتەوە. دەروازەکانی نووسینگەی سەرکردەی ڕاستەقینە بەڕووی ئەوانەدا کراوەتەوە کە

ئارەزوو دەکەن بچنە ناوی، وە هەموو کاتەکانی کارکردنی بەدەرە لە نەرمی بوون و خۆ هەڵتان.

ئەمانە لە نێوانی باوترین هۆکارەکانی شکستن لە سەرکردایەتیدا. هەر یەک لەم هەڵانە بەسە بۆ هێنانی شکست. بەوریایەوە لە لیستەکە بکۆڵەرەوە، ئەگەر ئارەزووی سەرکردایەتی دەکەیت، دڵنیابەرەوە کە هیچ لەو کەموکورییانەت تێدانییە.

چەند بوارێکی بە پیت و فەڕ کە تێیدا جۆری نوێی سەرکردایەتی خوازراوە

بەرلەوەی ئەم بەشە جێبهێڵن، سەرنجتان ڕادەکێشرێت بۆ چەند بوارێکی بە پیت و فەڕ کە سەرکردایەتی تێدا نامێنێت، وە جۆری نوێی سەرکردە دەشێت دەرفەتەگەلێکی بێشوومارى هەبێت.

یەکەم: لە بواری ڕامیاریدا داواکاریەکی مکووڕ هەیە لەسەر سەرکردە نوێکان. داواکاریەك کە جگە لە بارێکی لەناکاو پیشاندەری هیچی تر نییە. زۆربەی سیاسەتمەدرەکانی ئەمڕۆ بوونە تەڵەکەچی یاسایی زیرەك. باجەکانیان زیادکردووە و پێکهاتەی پیشەسازی و بازرگانیان لە کارخستووە بۆ ئەوەی خەڵکی چیتر نەتوانن بەرگەی ئەو بارە بگرن کە کەوتۆتە سەر شانیان.

دووەم: بازرگانی بانك چاکسازی تێدا دەکرێت، سەرکردەکانی بوارەکە بەتەواوەتی متمانەی خەڵکیان لەدەستداوە. لە ئێستاوە بانکەوانکان هەستیان بە پێویستی چاکسازی کردووە و دەستیانپێکردووە.

سێیەم: پیشەسازی داوای سەرکرەی نوێ دەکات. جۆری کۆنی سەرکردە لەسەر بنەمای بەشەکان بیردەکەنەوە و کار دەکەن لەبری ئەوەی لەسەر بنەمای هاوکێشە مرۆییەکان بیربکەنەوە و کاربکەن! سەرکردەی

داهاتووی پیشەسازی، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، دەبێت خۆی بە نیمچە فەرمانبەرێکی حکومی بزانێت کە ئەرکەکەی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەیەتی بە جۆرێک کە نەبێتە نارەحەتی بۆ هیچ کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک. مامەڵەکردنی نادادپەروەرانە لەگەڵ کارمەندان بوو بە شتێکی ڕابردوو. با ئەو کەسەی هیوای بوون بە سەرکردەی هەیە لە بواری بازرگانی و پیشەسازی و کاردا ئەمەی لەبیربێت.

چوارەم: سەرکردەی داهاتووی ئاینی ناچار دەبێت سەرنجێکی زیاتر بخاتە سەر پێویستیە کاتیەکانی شوێنکەوتووەکانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەسی و ئابووریەکانی ئێستایان، کەمتر سەرنج بخاتە سەر ڕابردووی مردوو، یان داهاتووی هێشتا لەدایکنەبوو.

پێنجەم: لە پیشەکانی یاسا، پزیشکی، پەروەردە، جۆری نوێی سەرکردایەتی و لە هەندێک شوێندا سەرکردەی نوێش دەبێتە پێویستی. ئەمە بە تایبەتی دروستە لە کەرتی پەروەردەدا. سەرکردەکانی ئەو کەرتە پێویستە لە داهاتوودا، شێواز و هۆکارگەلێک بدۆزنەوە بۆ فێرکردنی خەڵکی کە چۆن ئەو زانیاریانە بکەنە کرداری کە لە خوێندن فێری دەبن. پێویستە مامەڵەیەکی زیاتر لەگەڵ پراکتیکدا بکات نەک تیۆری.

شەشەم: سەرکردەی نوێ پێویست دەبن لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، ڕۆژنامەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی بەسەرکەوتووی کاری خۆیان بکەن، پێویستە جیابکرێنەوە لە "مافی تایبەت" و ببخشرێن لە ئابوونەی ڕیکلامکردن. پێویستە وازبهێنن لە بوون بە بەشێک لە پڕوپاگەندە بۆ قازانج کە هەموو ستوونی ڕیکلامکردنەیانی داگیرکردووە. ئەو جۆرە

ڕۆژنامەیەی کە ئابڕووچوون و وێنەکەلی سێکسی و ڕووت بلاودەکاتەوە دواجار هاوتەریب دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەی هزری مرۆڤ لەناودەبەن.

ئەمانە تەنها کەمێك لەو بوارانەن کە تێیاندا دەرفەت بۆ سەرکردەی نوێ و جۆری نوێی سەرکردایەتی ئێستا بەردەستە. دونیا بە گۆڕانکایەکی خێرادا تێدەپەڕێت. ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ناوەندەی کە لەڕێیەوە گۆڕانکاری لە خووی مرۆڤەکانی پێدەکرێت، پێویستە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا بگونجێندرێت. ئەو ناوەندەی لێرەدا باسکراوە، ئەوەیە کە لە هەموو ئەوانی تر زیاتر ڕەچاوی ڕەوتی شارستانیەتی کردووە.

## کەی و چۆن داواکاری پێشکەش دەکەیت بۆ پۆستێك

ئەو زانیاریانەی لێرەدا باسکراون پوختەی ئەنجامی چەندین ساڵ ئەزموونە کە لەو ماوەیەدا هەزاران ژن و پیاو هاوکاری کراون بۆ فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکانیان بە سەرکەوتووی. کەواتە، دەکرێت پشت پێببەسترێت وەك زانیاریەکی دروست و کرداری.

## ئەو ناوەندەی دەکرێت لە ڕێگەیەوە بازاڕگەری بە خزمەتگوزاریەکان بکرێت

ئەزموون سەلماندویەتی کە ئەم ناوەندەی خوارەوە ڕاستەوخۆترین و کاریگەرترین میتۆدەکانی پێکەوە گرێدانی کڕیار و فرۆشیاری خزمەتگوزاریە کەسیەکان پێشکەش دەکات.

١ ـ نووسینگەکانی دامەزراندن: دەبێت بە ئاگاییەوە تەنها ئەو نووسینگانە هەڵبژێردرێن کە ناویان باش هاتووە. بەڕێوەبردنێك کە

بتوانێت تۆمارێکی قابلکەری سەرکەوتن بە ئەنجامگەلی قابلکەرەوە پیشان بدات. بە بەراوردکاری نووسینگەی لەو چەشنەزۆر کەمە.

٢ ـ ریکلامکردن لە ڕۆژنامەکان، هەفتەنامە بازگانیەکان، گۆڤارەکان و ڕادیۆدا. ریکلامی پۆلێنکراو بەگشتی دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ دەست کەوتنی ئەنجامێکی قابلکەر بۆ ئەو کاسانەی کە داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ کار نووسینگە یان پۆستە مووچە ئاساییەکان. ریکلامی پیشاندراو زیاتر ئارەزووکراوە لەلایەن ئەو کەسانەوە کەبەدوای پەیوەندی کاریگەرەوەن، کۆپیەك کە لەو بەشەی ڕۆژنامەکەدا دەربکەوێت کە زیاتر ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت سەرنجی ئەو جۆرە خاوەنکارانە ڕابکێشێت کە پێشتر بیریان لێکراوەتەوە. دەبێت لە لایەن شارەزایەکەوە ئامادە بکرێت، کە تێبگات چۆن کوالێتی باشی فرۆشتن تێدا بنووسێت بۆ ئەوەی وەلامبدرێتەوە.

٣ ـ نامەی کەسیی داواکاری کار. ئاڕاستەکراو بۆ کۆمپانیایەکی دیاریکراو یان کەسانێك کە دەکرێت زیاتر پێویستیان بەو جۆرە خزمەتگوزاریە بێت. نامەکان دەبێت بە ڕێکوپێکی نووسراین و هەمیشە بە دەست واژۆ بکرێن. لەگەڵ نامەکەتدا، دەبێت " پوختە"ی ئەزموون و بڕوانامەکانی کەسی داواکار بنێردرێت. هەم نامەی داواکاری کارەکە و هەم پوختەی ئەزموون و بڕوانامەکانی کەسەکە دەبێت لە لایەن شارەزاییەکەوە ئامادە بکرێن. ( لە ڕێنمایی ئەو زانیاریانە بڕوانە کە دەبێت ئامازەی پێبدرێت).

٤ ـ دامەزراندن لە ڕێی ناسیاوەوە. ئەگەر گونجا داواکار پێویستە هەوڵبدات لە ڕێی ناسیاوی هاوبەشەوە لە خاوەنکاری دیاریکراو

نزیکبێتەوە. ئەم میتۆدی نزیکبوونەوەیە بە تایبەتی سوودی بۆ ئەو کەسانە هەیە کە بە شوێن پەیوەندی کاریگەردا دەگەڕێن و حەزناکەن وا دەربکەون کە " مامەڵە" بە خۆیانەوە دەکەن.

٤ _ داواکاری ڕاستەوخۆی کەسی. لە هەندێك حاڵەتدا، ڕەنگە زۆر کاریگەرتر بێت ئەگەر کەسەکە ڕاستەوخۆ خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشی خاوەنکارەکە بکات، لەو کاتەدا دەبێت نووسراوێکی تەواوەتی ئەزموون و بڕوانامەکانی پەیوەست بە پۆستەکە پێشکەش بکرێت، لەبەر ئەو هۆکارەی خاوەنکارەکان حەز دەکەن تۆماری کەسەکە لەگەڵ هاوکارەکانیان باس بکەن.

## ئەو زانیاریانەی کە دەبێت لە " پوختە"کەدا بنووسرێن

ئەم پوختیە دەبێت هێندە بە وریایەوە ئامادە بکرێت هاوشێوەی پارێزەرێك کە پەڕاوی کەیسێکی دادگا ئامادە دەکات. مەگەر ئەوەی داواکارەکە ئەزموونی هەبێت لە ئامادەکردنی ئەو چەشنە ڕاپۆرتە، دەنا دەبێت ڕاوێژ بە پسپۆڕێك بکرێت، وە ڕەچاوی خزمەتەکانی بکرێت بۆ ئەم مەبستە. بازرگانە سەرکەوتووەکان کەسانێك دادەمەزرێنن کە لە هونەر و سایکۆلۆژیەتی ڕیکلام تێدەگەن بۆ پیشاندانی جۆرێتی کاڵاکانیان. ئەو کەسەی کە خزمەتگوزاری کەسی هەیە بۆ فرۆشتن دەبێت هەمان شت بکات. ئەم زانیاریانەی خوارەوە دەبێت لە پوختەکەدا هەبن:

١ـ بڕوانامە. بە کورتی بەڵام بە ڕوونی ئاماژە بە ئاستی خوێندنت بکە، وە تایبەتمەندیت لە چی بابەتێکدا هەیە، باسی هۆکارەکانی ئەو تایبەتمەندیە بکە.

٢ _ ئەزموون. ئەگەر ئەزموونت هەیە لەگەڵ پۆستی هاوشێوەی ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێت، بە چڕوپڕی باسی بکە، ناو و ناونیشانی خاوەنکارەکانی پێشووت بنووسە. دڵنیابەرەوە لەوەی بە ڕوونی باسی هەر ئەزموونێکی تایبەت بکەیت کە دەشێت هەتبووبێت و پرچەکت بکات بۆ ئەو پۆستەی بەدوایدا وێڵیت.

٣ _ پاڵپشت و سەرچاوە. لەڕووی کردارییەوە هەموو کۆمپانیایەکی بازرگانی ئارەزوو دەکات هەموو تۆماری ڕابردوو و ڕووداوەکانی ژیانی....هتد ئەو کەسانە بزانێت کە داوای پۆستی بەرپرسیارێتی دەکەن. وێنەیەکی کۆپیکراوی نامەی ئەم کەسانەی خوارەوە بە پوختەکەوە پەیوەست بکە:

إ _ خاوەنکارانی پێشووت.

ب _ ئەو مامۆستایانی لە لایان خوێندووتە.

ج_ کەسانی گرنگ کە دەکرێت قسەکانیان پشتی پێ ببەسترێت.

٤ _ وێنەیەکی کەسی. وێنەیەکی ڕوون و نوێی خۆت بە ڕاپۆرتەکەوە پەیوەست بکە.

٥ _ داواکاری بۆ پۆستێکی تایبەت پێشکەش بکە. دووربکەرەوە لە پێشکەشکردنی داواکاری کار بەبێ باسکردنی کتومتی ئەوەی بەشوێن چی پۆستێکدا دەگەڕێیت. هەرگیز داوا بۆ " هەر پۆستێك" پێشکەش مەکە کە نەبوونی شایستەیت بۆ پۆستەکە پیشان بدات.

٦ _ بڕوانامە و ئەزموونەکانی پەیوەست بەو پۆستە دیاریکراوە بنووسە کە داوای دەکەیت. وردەکاری تەواو بدە لەسەر ئەو هۆکارانەی کە بۆچی

پێتوایە شیاوی بۆ ئەو پۆستە. ئەمە داواکاریە. لە هەموو شتێك زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر ئەو خوێندنەوەیەی بۆت دەکرێت.

٧ _ پێشنیاری کارکردن بکە بە خۆڕایی وەك تاقیکردنەوەیەك. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەگەر ویستی وەرگرتنی ئەو پۆستەت هەبێت کە بۆی دەگەڕێیت، زۆر کاریگەر دەبێت ئەگەر پێشنیاری کارکردن بکەیت بە خۆڕایی بۆ هەفتیەك، یان مانگێك، یان بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو بۆ ئەوەی خاوەنکاری داهاتووت بتوانێت هەڵسەنگاندنت بۆ بکات. ئەمە ڕەنگە پێشنیارێکی ڕادیکالانە دەربکەوێت، بەلام ئەزموون ئەوەی سەماندووە کە بە دەگمەن جارێك شکستی هێنابێت بە لایەنی کەمەوە لە تاقیکردنەوەیەك. ئەگەر دڵنیای لە شیاویت، هەموو ئەوەی پێویستتە تاقیکردنەوەیەکە.

سەرباری ئەوەش، پێشنیارێکی لەو چەشنە دەرخەری ئەوەیە کە متمانەت بە توانای خۆتە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستەی خوازیاریت. قابلکەرترین دەبێت. ئەگەر پێشنیارەکەت پەسەند بکرێت و بە باشی ئەنجامی بدەیت، ئەگەری زۆرە بۆ ماوەی تاقیکاریەکەشت مووچەت پێبدرێت. دڵنیابەرەوە کە پێشنیارەکەت لەسەر ئەم بنەمایانە بێت:

أ _ متمانەت بە توانای خۆت بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکە.

ب_ متمانەت بە بڕیاری خاوەنکاری داهاتووت کە دادەمەزرێنێت دوای تاقیکاریەکە.

ج_ تۆکمەیی و سووربوونت لەسەر وەرگرتنی ئەو پۆستەی کە بەدوایدا دەگەڕێیت.

٨ _ زانیاری لەسەر بازرگانییەکەی خاوەنکاری داهاتووت. بەرلەوەی داواکاری بۆ پۆستێك پێشکەش بکەیت، لێکۆڵینەوەیەکی تەواوەتی بکە لەسەر کارەکە هەتا ئاشنایەتیەکی گشتگیرت لەسەر ئەو کارە هەبێت، وە لە پوختەکەتدا ئاماژە بەو زانیاریانە بدە کە لەو بوارەدا بەدەستتهێناوە. ئەمە سەرسامکەرە، هەروەها ئەوە دەردەخات کە ئەندێشەت هەیە و ئارەزوویەکی ڕاستەقینەت هەیە بۆ ئەو پۆستەی دەتەوێت. لەبیرتبێت ئەوە پارێزەرە نایباتەوەکە زۆربەی یاسا دەزانێت، بەڵکو ئەو کەسەی کە کەیسەکەی بە باشترین شێوە ئامادە دەکات دەیباتەوە. ئەگەر کەیسەکەت بە باشی ئامادە بکرێت و پێشکەش بکرێت، هەر لە سەرەتاوە ئەگەری بردنەوەت لە نیوە زیاترە.

لەوە مەترسە کە پوختەکەت بە درێژی بنووسیت. خاوەنکارەکان حەزیان لە کڕینی خزمەتگوزاری داوکارو شیاوەکانە هەروك چۆن تۆ خوازیاری مسۆگەرکردنی دامەزراندنیت. لەڕاستیدا، هۆکاری سەرکەوتنی زۆرینەی خاوەنکارە سەرکەوتووەکان بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ توانایان لە هەڵبژاردنی یاریدەدەری شایستەدا. هەموو ئەو زانیاریانەیان دەوێت کە بەردەستە.

شتێکی تریشت لەبیربێت بەوردی و بە سەلیقەیی لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەتدا ئەوە دەردەخات کە کەسێکی گرنگیپێدەر و بیرتیژیت. یارمەتی چەند کەسێکم داوە لە ئامادەکردنی پوختەکانیاندا کە هێندە سەرنجڕاکێش و نائاسایی بوون کە بەبێ چاوپێکەوتنی کەسی.

کاتێك کە پوختەکەت تەواو بوو، با لە لایەن پێچەرەوەیەکی بە ئەزموونەوە بپێچرێتەوە، هاوشێوەی ئەمەی خوارەوە لە لایەن خۆشنووسێك یان ئامێرێکی چاپەوە بنووسرێت:

پوختی بڕوانامە و ئەزموونەکانی

ڕۆبێرت ك. سمیس

داواکاری پێشکەش دەکات بۆ پۆستی

سکرتێری تایبەتی

سەرۆکی

کۆمپانیای بلانك

هەرجارێك پوختەکە پیشاندرا ناوەکان بگۆڕە.

ئەم دەستکاریە کەسیە بەدڵنیاییەوە سەرنج ڕادەکێشێت. با پوختەکەت لەسەر باشترین کاغەز بنووسرێت کە دەتوانی دەستی بخەیت، وە بە کاغەزێکی جۆری بەرگی کتێب بیپێچەرەوە، پێچەرەوەکە دەبێت بگۆڕدرێت، وە ناوی تەواوەتی کۆمپانیاکە دەبێت زیاد بکرێت ئەگەر پیشانی زیاتر لە کۆمپانیایەك بدرێت. وێنەکەت دەبێت لە یەکێك لە لاپەڕەکانی ڕاپۆرتەکە بدرێت. شوێن تەواوی ئەم ڕێنمایانە بکەوە، لە هەر شوێنێکدا ئەندێشەت پێشنیاری کرد باشتری بکە.

فرۆشیارە سەرکەوتووەکان بە ئاگایەوە خۆیان پێدەگەیەنن. لەوە تێدەگەن یەکەم دەرکەوتن هەتا کۆتایی دەمێنێتەوە. پوختەکەت فرۆشیارەکەتە. قاتێکی جوانی لەبەربکە، بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو شتانە

قەشەنگتر دەریکەویت کە خاوەنکارەکەت هەتا ئێستا بینیویەتی، لە بابەتی داواکاری کاردا. ئەگەر ئەو پۆستەی بە شوێنیەوەیت شایەنی دەستخستنە، شایەنی ئەوەیە بە ئاگایەوە بەدوایدا بڕۆیت. سەرباری ئەوەش، ئەگەر بە شێوازێت خۆت بە خاوەنکارەکەت بفرۆشیت کە بە تاکایەتیت سەرسامی بکەیت، ئەگەری هەیە پارەی زیاتر وەرگریت بۆ خزمەتەکانت هەر لە سەرەتاوە، بەراورد بەوەی بە شێوەی باو و ئاسایی داواکاری کار پێشکەش بکەیت.

ئەگەر لەرێی ئاوەندێکی ڕیکلامەوە، یان ئاوەندێکی دامەزراندنەوە بە شوێن کاردا دەگەڕێیت، با دەزگاکە پوختەکەت بەکاربهێنێت لە بازارگەری خزمەتگوزاریەکانت. ئەمە یارمەتیت دەدات هەلێکی زیاترت هەبێت، هەم لەگەڵ بریکارەکە و هەم لەگەڵ خاوەنکاری داهاتووت.

## چۆن کتومت ئەو پۆستە بەدەستبهێنیت کە ئارەزووی دەکەیت

هەموو کەسێك ئارەزوو دەکات ئەو کارە بکات کە باشترین شێوە لەگەڵیدا دەگونجێت. وێنەکێشێك ئارەزوو دەکات کار بە بۆیە بکات، نووسەرێك ئارەزوو دەکات بنووسێت، دەستڕەنگینێك ئارەزوو دەکات کار بە دەستەکانی بکات. ئەوانەی کە بەهرەیەکی کەمتر ڕوون و دیاریکراویان هەیە مەیلیان لە چەند بوارێکی دیاریکراوی بازرگانی و پیشەسازیە.ێ ئەگەر ئەمریکا شتێکی باشی کردبێت، ئەوا دابینکردنی پیشەگەلی زۆر و هەمەچەشنە، کێڵان و چاکردنی زەوی، کارگەسازی، بازارگەری و پیشەکانی دیکە.

یەکەم: بڕیاربدە کتومت کام جۆری پیشەیەت دەوێت، ئەگەر کارەکەت ئێستا بوونی نییە، ڕەنگە بتوانیت خۆت دروستی بکەیت.

دووەم: ئەو کۆمپانیا یان کەسە هەڵبژێرە کە دەتەوێت کاری بۆ بکەیت.

سێیەم: لە خاوەنکاری داهاتووت بکۆڵەرەوە، شێوازی کارکردنی، کەسایەتی و دەرفەتی بەرەوپێشچوون.

چوارەم: بە وردبوونەوە لە خۆت، بەرە و تواناکانت، بزانە دەتوانیت چی پێشکەش بکەیت، پلان رێگا و هۆکارەکانی گەیاندنی قازانج، خزمەتگوزاری، گەشەپێدان و ئەو بیرۆکانەی کە بڕوات وایە دەتوانی سەرکەوتووانە بیانگەیەنیت.

پێنجەم: " کارێك" لەبیربکە. ئەوە لەبیربکە کە کرانەوەیەك دەبێت یان نا. ئەو رۆتینە باوەی " ئایا کارێکت هەیە بۆ من؟" لەبیر بکە. بیرت بخە سەر ئەوەی دەتوانیت چی ببەخشیت.

شەشەم: هەر کە پلانەکانت لە هزردا بوون، لەگەڵ نووسەرێکی بە ئەزموندا رێك بکەوە با بە شێوەیەکی رێك و جوان بیخاتە سەر کاغەز، بە تەواوی وردەکاریەکانەوە.

حەوتەم: بیدە بە کەسێکی خاوەن دەسەلات و ئەویش ئەوەی ماوە ئەنجامی دەدات. هەموو کۆمپانیاکان لە کەسێك دەگەرێن کە بتوانێت شتێکی بەنرخ ببەخشێت، جا ئەگەر بیرۆکە، یان خزمەتگوزاری یاخود پەیوەندی لەگەڵ کەسانی گرنگ. هەموو کۆمپانیایەك شوێنی هەیە بۆ کەسێك کە پلانێکی روونی کرداری هەبێت کە لە قازانجی کومپانیاکە بێت.

ئەم کۆمەڵە رێکارە رەنگە چەند رۆژێك یان چەند هەفتەیەك بخایەنێت. بەلام جیاوازی لە داهات، بەرەوپێشچوون، بەدەستهێنانی پێزانین و ناسراوی سالانێکی زۆری کاری قورست بۆ دەگەرێنێتەوە بە مووچەیەکی

کەم. گەلێك قازانجی هەیە، سەرەکیترینیان ئەوەیە کە زۆرجار ساڵێك بۆ پێنج ساڵت بۆ کەمدەکاتەوە لە گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکەت.

هەموو کەسێك کە دەستپێدەکات، یان هەتا نیوەی پەیژەکە دەڕوات، بە پلاندانانی ورد و زیرەکانە ئەوە دەکات، ( بێگومان جگە لە کوڕی سەرۆك).

شێوازی نوێی بازاڕگەری خزمەتگوزاریەکان "کارەکان" ئێستا هاوبەشێتیە.

ئەو ژن و پیاوانەی کە دەیانەوێت خزمەتگوزاریەکانیان بە باشترین قازانج بفرۆشن لە داهاتوودا، پێویستە درك بەو گۆڕانکاریە گەورەیە بکەن کە پەیوەست بە پەیوەندی نێوان خاوەنکار و کارمەند ڕوویداوە.

لە داهاتوودا، "یاسای زێڕین" نەك "یاسای زێر" دەبێتە هۆکاری سەرەکی لە بازاڕگەری کاڵاکان و خزمەتگوزاریە کەسیەکانیشدا. لە داهاتوودا پەیوەندی خاوەنکار بە کارمەندەکانیەوە زیاتر سروشتێکی هاوبەشی دەبێت پێکدێت لە:

ا _ خاوەنکار

ب _ کارمەند

ج _ ئەو خەڵکەی خزمەتی دەکەن

ئەم شێوازە نوێیەی بازاڕگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکان لەبەر چەندین هۆکار پێی دەگوترێت نوێ، یەکەم، کارمەند و خاوەنکاری داهاتوو وەك دوو کارمەند هەژمار دەکرێن کە کارەکەیان بە سەرکەوتووی خزمەتکردنی خەڵکیە. لە ڕابردوودا، خاوەنکار و کارمەند لە نێوان خۆیاندا مامەڵەیان دەکرد، باشترین سەودایان دەکرد کە لە توانایاندا بوو پێکەوە، بیریان

لەوە نەدەکردەوە کە لە کۆتایدا و لە ڕاستیدا، لەسەر هەژماری لایەنی سێیەم مامەڵە دەکەن، ئەو خەڵکەی خزمەتیدەکەن.

گرانیەکە وەك بەرهەڵستەکی گەورە ڕۆڵی گێڕا لە لایەن خەڵکە بریندارەکەوە، کە لە هەموو لایەکەوە مافەکانیان پێشێل دەکرا لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بانگەشەی سوود و قازانجی تاکەکەسیان دەکرد.

کاتێك پاشماوەکانی گرانیەکە پاککرانەوە، وە بازرگانی جارێکی تر گەڕێنرایەوە باری هاوسەنگی، خاوەنکار و کارمەندەکان درکیان بەوە کرد کە چیتر ماف ئەوەیان نییە لەسەر هەژمارەی ئەو کەسانەی خزمەتیان دەکەن مامەڵە بکەن. خاوەنکاری ڕاستەقینەی داهاتوو خەڵکی دەبن.

دەبێت ئەمە لە سەری سەرەوەی مزری هەموو ئەو کەسانەدابێت کە دەیانەوێت سەرکەوتووانە خزمەتگوزاریە کەسیەکانیان بفرۆشن.

بە نزیکەی هەموو هێڵە ئاسنینەکانی ئەمریکا لە قەیراتی دارایدان. کێ ئەو ڕۆژانەی بیر نییە کە هاوڵاتیەك لای بلیتفرۆشەکە پرسیاری کاتی دەرچوونی شەمەندەفەرەکەی دەکرد، یەکسار دەنێردرا بۆ لای بۆردی ئاگاداریەکان لەبری ئەوەی بەڕێزەوە زانیاریەکەی پێبدرێت؟

کۆمپاکانی ترامیش بە هەمان شێوە ئەزموونی " گۆڕانی کات"یان کردووە. زۆر لەمەوبەر نییە کە جابیەکانی نێو ترامەکان شانازیان بە سازدانی شەڕە قسە دەرکرد لەگەڵ سەرنشینەکان. زۆرێك لە هێڵکانی ترام لابراون وسەرنشینان بە پاس هاتوچۆ دەکەن، کە شۆفێرەکەی " کۆتا وشەی ڕەوشتە".

لە سەرتاسەری ولاتدا هێڵەکانی ترام ژەنگیان هەڵهێنا بەهۆی بەکارنەهێنانیانەوە، یان هەڵگیراونەتەوە. لە هەر شوێنێك کە هەتا ئێستا

ترامــەکان کــار دەکــەن، سەرنشــینەکان نــاتوانن بــەبێ شــەڕە قســە سـەربکەون. وە ڕەنگـە سەرنشـینێك لـە نیـوەی ڕێگـا دەسـت ڕاگرێـت و لێخوورەکەش خۆویستانە هەڵی بگرێت.

کات چۆن گۆڕاوە! ئـەوە ئـەو خاڵـە بـوو کـە دەمویسـت جەختی لەسـەر بکەمەوە. کات زۆر گۆڕاوە! سەرباری ئەوەش، گۆڕانارییەکـە بـە تـەنیا لـە نووسینگەکانی هێڵـی ئاسـن و ترامەکانـدا ڕەنگـی نەداوەتـەوە، بـەڵکو لـە بوارەکـانی تـری ژیانیشـدا. سیاسـەتی " خـەڵکی بەنـەفرەت بـن" ئێسـتا بەسەرچووە. ئێسـتا بـە سیاسـەتی " بـە خۆشـحاڵیەوە لە خزمەتتـدایـن، بەڕێز." جێگەی گیراوەتەوە.

بانکەوانەکان یەك دوو شت فێربوون لە مـاوەی ئـەو گۆڕانکاریـە خێرایـەیی لەم چەند ساڵەدا ڕوویداوە. بێڕێزی لەلایـەن فەرمانبـەرێکی بانـك هێنـدەی ڕێزگرتنەکـەی دوانـزە سـاڵ لەمەویـەر دەگمەنـە. لـە سـاڵانی ڕابـردوودا، هەنـدێك لـە بانکەوانـەکان ( بێگومـان هـەموویان نـا)، کەشـێکی هێنـدە ناهەمواریان سازاندبوو کە گیانی هەر کەسێکی دەخستە لەرزە کە کاتێك تەنانەت بیریشی لەوە دەکردەوە بچێتە لای بانکەوانەکـەی بـۆ داواکردنـی قەرزێك.

شکستی هەزاران بانك لە ماوەی گرانیەکەدا بووە هۆی لاردنـی ئـەو دەرگا ماهەگۆنییانەی کە پێشتر بانکەوانەکان لـە پشـتیەوە خۆیـان جیاکردبۆوە. ئێستا لە شوێنێکی کراوەدا لەسەر مێز دادەنیشـن، بـۆ ئـەوەی ببینـرێن و بە ئاسانی قەرزوەرگرەکان لێیان نزیکببنەوە، یان هەر کەسێك حەز بکـات بیانبینێت، وە تەواوی کەشی بانکەکە پڕە لە ڕێز و تێگەیشتن.

کاتی خۆی نەریت بوو کە دەبوو کڕیارەکان بوەستن و چاوەڕێ بکەن لە فرۆشگای سەری کۆڵانەکە هەتا ئەو کاتەی کارمەندەکان کاتەکانی خۆیان لەگەڵ هاوڕێکانیان بەسەر دەبرد، وە خاوەنکارەکە خەریکی دروستکردنی پسووڵەی بانکەکە دەبوو. بەرلەوەی چاوەڕێی بکرێت. زنجیرە فرۆشگاکان، کە لە لایەن کەسانی بەرەوشتەوە بەڕێوەدەبرێن کە هەموو شتێك دەکەن لە مەسەلەی خزمەتگوزاریدا، جگە لە سڕینەوەی پێڵاوەکانی کڕیارەکە، جۆری کۆنی بازرگانەکانی خستۆتە دواوە. کات لە رۆیشتندایە! ئەمڕۆ "ڕێز" و "خزمەت" وشە باوەکانی بازرگانیە. وە تەنانەت زۆر ڕاستەوخۆتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بازاڕگەری بە خزمەتگوزاریە کەسیەکانەوە دەکەن، بەراورد بەو خاوەنکارەی خزمەتی دەکەن، لەبەرئەوەی دواجار، خاوەنکار و کارمەندەکان لە لایەن ئەو خەڵکەوە دادەمەزرێنرێن کە خزمەتیان دەکەن. ئەگەر شکست بێنن لە خزمەتکردن بە باشی، باجەکەی بە لەدەستدانی ماف خزمەتکردن دەدەن.

هەمووممان دەتوانین ئەو کاتە بیر خۆمان بهێنینەوە کە کاتێك خوێنەرەوەی پێوەری گاز هێندە بە توندی لە دەرگای دەدا کە خەریکبوو دەیشکاند. کاتێك دەرگاکە دەکرایەوە، بەبێ بانگهێشتن، خۆی دەکرد بە ژووردا، بە گوزارشتێکی تۆسنانەوە لەسەر ڕووخساری کە بە ڕوونی دەیگوت، " لەبەر چی دۆزەخیەك منت لەبەر دەرگا چاوەڕوان ڕاگرتووە؟" هەموو ئەوانە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. پێوەر خوێنەکە ئێستا وەك پیاوماقوڵێك ڕەفتار دەکات کە "خۆشحاڵم لە خزمەتتدا بێت، بەڕێزم" لەسەر زمانیەتی. بەرلەوەی کۆمپانیاکانی گاز بزانن کە پێوەر

خوێنە تۆسنەکانیان قەرزگەلێکیان کەڵکە کردووە کە هەرگیز نادرێنەوە، فرۆشیارە بەڕێزەکانی ئامێرە نەوتیەکان هاتن و نووسینگەی بازرگانیەکیان کردەووە.

لە کاتی گرانیەکەدا، چەند مانگێکم لە ناوچەی خەڵووزی بەردینی پەنسلڤانیا بەسەربرد، لەو هۆکارانەم کۆڵیەوە کە بووە هۆی لەناوبردنی پیشەسازی خەڵووز. لە نێو چەند دۆزینەوەی گرنگدا، ئەو ڕاستییە بوو کە چاوچنۆکی بەڕێوەبەرەکان و کارمەندەکان هۆکاری سەرەکی لەدەستدانی بازرگانییەکە بووە لە لایەن بەڕێوەبەرەکانەوە، وە لەدەستدانی کاری کرێکارانی کانەکان.

لە ڕێگەی فشاری گروپێك سەرکردەی فرە بەپەرۆشی کرێکارانەوە، بە نوێنەرایەتی کرێکارەکان و چاوچنۆکی لە لایەن بەڕێوەبەرەکانەوە، بازرگانی خەڵووزی بەردین لەپڕ کەوت. بەڕێوەبەرانی کانەکان و کارمەندەکان مامەڵەیەکی گەورەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، تێچووی مامەڵەکانیان دەخستە سەر نرخی خەڵووز، هەتا لە کۆتایدا بۆیان دەرکەوت کە بازرگانیەکی نایابیان بۆ دروستکارانی ئامێرە نەوتیەکان و بەرهەمهێنەرانی نەوتی خاو بنیاتناوە.

" کرێی گوناه مەرگە! " زۆرێك ئەمەیان لە ئینجیلدا خوێندۆتەوە، بەڵام کەم کەس ماناکەی بۆ دەرکەوتووە. ئێستا، بۆ چەندین ساڵە تەواوی دونیا بە ناچاری گوێ بۆ وتارێکی ئاینی دەگرن کە دەشێت پێی بگوترێت " مرۆڤ هەرچییەك بچێنێت، هەر ئەوە دەدورێتەوە".

هەرگیز شتێکی بەربلاو و کاریگەری وەك گرانیەکە ناکرێت تەنها ڕێکەوتێك بووبێت. لە پشتی گرانیەکەوە هۆکارێك هەیە. هیچ شتێك

هەرگیز بێ هۆکار ڕوونادات. بە شێوەیەکی سەرەکی، هۆکاری گرانیە مەزنەکە دەکرێت ڕاستەوخۆ بگەڕێندرێتەوە بۆ خووی جیهانی هەوڵدان بۆ دورینەوە بەبێ چاندن.

ئەمە نابێت بەو شێوە هەڵەیە لێکبدرێتەوە کە گرانیەکە بەروبومێکە کە دونیا بەناچاری دوریویەتەوە بەبێ ئەوەی بیچێنێت. کێشەکە ئەوەیە دونیا جۆرێکی هەڵەی تۆوی چاندووە. هەموو جوتیارێك دەزانێت کە ناکرێت تۆوی گوڵە بەیبون بچێنێت و دانەوێڵە بدورێتەوە. لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی، خەڵکی دەستیانکرد بە چاندنی تۆوی خزمەتگوزاریەك کە لە ڕووی چەندێتی و جۆرێتیەوە ناتەواو بوو. لە ڕابردوودا زۆرینەی خەڵکی سەرقاڵی هەوڵدان بوون بۆ بەدەستهێنان بەبێ بەخشین.

ئەم نموونانە هێنراون بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو کەسانە ڕابکێشێت کە خزمەتگوزاری کەسیان هەیە بۆ فرۆشتن، بۆ پیشاندانی ئەوەی لە کوێداین و چین، بەهۆی ڕەفتاری خۆمانەوە! ئەگەر بنەمای هۆکار و ئەنجام هەبێت، کە کۆنترۆڵی بازرگانی و دارایی و هۆکارەکانی گواستنەوە بکات، ئەوا هەمان ئەو بنەمایە کۆنترۆڵی تاکەکان دەکات و پێگەی ئابووریان دیاریدەکات.

## ڕێژەی " چۆنێتی و چەندێتی و ڕۆحیەتت" چەندە؟

هۆکارەکانی سەرکەوتن لە بازاڕگەری خزمەتگوزاریەکان کاریگەرانە و هەمیشیانە، بە ڕوونی باسکراون. مەگەر ئەو هۆکارانە لێیان بکۆڵدرێتەوە، شیکار بکرێن و بفامرێن و جێبەجێ بکرێن، دەنا هیچ کەسێك ناتوانێت کاریگەرانە و هەمیشەیانە بازاڕگەری بە خزمەتگوزاریەکانیەوە بکات.

هەموو کەسێك دەبێت فرۆشیاری خزمەتگوزاریە کەسیەکانی خۆی بێت. چۆنێتی و چەندێتی پێشکەشکردنیان و ئەو ڕۆحیەتەی بە هۆیەوە پێشکەش دەکرێن، هەتا ڕێژەیەکی زۆر نرخ و ماوەی کارکردنی کەسەکە دیاریدەکات. بۆ فرشتنی سەرکەوتووانەی خزمەتگوزاریە کەسیەکان، (واتە بازاڕێکی هەمیشەی، بە نرخێکی دڵخوازەوە، لە ژێر چەند هەلومەرجێکی دڵخۆشکەردا)، پێویستە کەسەکە شوێن هاوکێشەی "چ ج ڕ" بکەوێت واتە چەندێتی و چۆنێتی و ڕۆحیەتێکی کاری پێکەوەیی تەواوەتی، هاوتەریب بە فرۆشیاریەکی ئایابی خزمەتگوزاریەکە.
هاوکێشەی "چ ج ڕ" ت لەبیربێت، بەڵام زیاتر- بیکە بە خوویەك!
با هاوکێشەکە شی بکەینەوە بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە کە بە تەواوەتی لە واتاکەی تێگەیشتووین.

١ _ جۆرێتی خزمەتگوزاریەکە دەبێت لێکبدرێتەوە بۆ تێگەیشتن لە هەموو وردەکاریەکان، پەیوەست بە پۆستەکەتەوە، بە باشترین شێوازێك کە لەتوانادایە.

٢ _چەندێتی خزمەتگوزاریەکە دەبێت فام بکرێت بۆ تێگەیشتن لە خووی پێشکەشکردنی هەموو ئەو خزمەتگوزاریەی لەتواناتدایە، لە هەموو کاتێکدا، بە مەبەستی زیادکردنی ڕێژەی ئەو خزنەتگوزاریەی پێشکەش دەکرێت لە ڕێی گەشەپێدانی شارەزاییەکی باشتر لەڕێی پراکتیك و ئەزموونەوە. دووبارە جەختەکە لەسەر وشەی خووە.

٣ _ ڕۆحیەتی خزمەتگوزاریەکە دەبێت لێکبدرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی خووی ڕەفتارێکی دڵخواز و باش کە ببێتە هۆی قایلکرنی هاوکار و کارمەندەکان بۆ کاری پێکەوەیی. بوونی جۆرێتی و چەندێتی بەس نییە

بۆ مسۆگەرکردنی بازاڕێکی هەمیشەیی بۆ خزمەتگوزاریەکانت. هەڵسوکەوت یان ئەو ڕۆحیەتەی کە خزمەتگوزریەکەی پێ دەگیەنیت، فاکتەرێکی بەهێزە لە دیاریکردنی ئەو نرخەی کە وەریدەگریت، وە ماوەی کارکردنیشت.

ئەندریو کارنیج لە هەموون جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەکردەوە لە کاتی باسکردنی ئەو هۆکارانەی بەرەو سەرکەوتنت دەبەن لە بازاڕگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکاندا، بەردەوام لەسەریەك جەختی دەکردووە لەسەر گرنگی هاوڕایی و تەبایی. جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە دەکردەوە کە هیچ کەسێك لای خۆی ناهێڵێتەوە، گرنگ نییە چەندێتیەکی چەند مەزن و جۆرێتیەك چەند تەواوی هەیە لە کاردا، مەگەر ئەوەی بە ڕۆحیەتی تەبایی و پێکەوەیی کار بکات. بەڕێز کارنیج سوور بوو لەسەر ئەوەی کە خەڵکی تەبا بن.

بۆ سەلماندنی ئەوە نرخێکی بەرزی لەسەر ئەم تایبەتمەندیە دانا، بووە هۆی دەوڵەمەندبوونی گەلێك کەس کە پەیڕەوی ستانداردەکانی ئەویان کرد. ئەوانەی کە پەیڕەویان نەکرد، دەبوو شوێن بۆ ئەوانی تر بکەنەوە.

گرنگی کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێش جەختی لەسەر کراوەتەوە، لەبەرئەوەی ئەو فاکتەرەیە کە توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزریەکە بە ڕۆحیەتێکی تەواوەتیەوە بە کەسەکە دەدات. ئەگەر کەسێك کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێشی هەبێت، وە بە ڕۆحیەتێکی هاوسەنگ و کۆکەوە خزمەتگوزاریەکەی پێشکەش بکات، ئەم سەرمایانە زۆربەی جار هیچ کەموکوڕیەك لە چەندێتی و جۆرێتی خزمەتگوزاری پێشکەشکراودا

ـــامێڵن. هەرچــەندە، هــیچ شــتێك ناتوانێــت ســـەرکەوتووانە جێگـەی کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێش بگرێتەوە.

## نرخی سەرمایەگوزاری خزمەتگوزاریەکانت

ئـەو کەسـەی کـە تـەواوی داهاتەکـەی لەسـەر فرۆشتنی خزمەتگوزاریـە کەسیەکانە هیچی کـەمتر نییـە لـەو بازرگانـەی کـە شمـەك و کەرەستە دەفرۆشێت، هەروەها دەکرێت ئەوەشی بخرێتـە سـەر، کـە کەسێکی لـەو چەشـنە دەکەوێتـە ژێـر سایەی هـەمان ئـەو یاسـا هەڵسوکەوتیانەی کـە بەسەر بازرگانێکی شمەکەدا دەسەپێت

جەخت لەمـە کراوەتـەوە، چونکە زۆرینـەی ئـەو کەسـانەی بـە فرۆشتنی خزمەتگوزاریە کەسیەکان دەژین هەڵەیەك دەکەن و پێیانوایە کـە ئـازادن لە یاسا ئاکاریەکان و بەرپرسیارێتیەکانی لکاو بەو کەسانەوە کە سەرقاڵی فرۆشتنی کەلوپەل و شمەکن.

شێوازی نوێی بازاڕگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکان بە کرداری خاوەنکار و کارمەندانی ناچار کردووە کە پـەیمانی هاوبەشـی ببەسـتن، کـە بەهۆیـەوە هـەردوولا مافـەکانی لایـەنی سـێیەم، ئـەو خەڵکـەی خزمـەتیان دەکـەن لەبەرچاو بگرن.

ڕۆژانی "برۆ - بەدەستی بهێنە" تێپەڕین. بە "برۆ - ببەخشـە" جێگـەی گیراوەتەوە. میتۆدگەلی فشار بەهێز لە بازرگانیدا دواجار سـەر قاپەکـەی فڕێدا. هـەرگیز پێویسـت ناکـات دووبـارە سـەرقاپەکەی سـەر بنرێتـەوە، لەبەرئـەوەی لـە داهـاتوودا، بازرگـانی میتۆدگـەلێك ڕێککـدەخرێت کـە پێویستی بە هیچ فشارێك نابێت.

نرخی ڕاستەقینەی سەرمایەگوزاری مێشکەکانتان دەشێت بەهۆی ڕێژەی ئەو داهاتەوە کە بەرهەمی دەهێنێت دیاریبکرێت ( بە فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکانت). خەمڵاندنێکی دادپەروەرانەی نرخی سەرمایەگوزاریی خزمەتکانت دەکرێ لە ڕێی چەندجارەکردنی ساڵانە داهاتەکەتەوە بکرێت بە ڕێژەی شانزە و دوو لەسەر سێ، وەك چۆن زیرانەیە ئەوە بخەملێنیت کە دهاتە ساڵانەکەت لە سەتا شەشی نرخی سەرمایەکەت بێت.

پارە لە مێشك بەنرختر نییە. زۆربەی جار نرخی زۆر کەمتریشە. مێشکەیلی لێهاتوو، ئەگەر سەرکەوتووانە بفرۆشرێن، نوێنەرایەتی شێوەیەکی زۆر دڵخوازتری سەرمایە دەکەن بەراورد بەوەی پێویستە بۆ سازدانی مامەڵەیەك لە بازرگانی کڕین و فرۆشتنی شمەکدا، چونکە " مێشکەکان" جۆرێك لە سەرمایەن کە ناتوانرێ لە ڕیی گرانی و قەیرانەوە بۆ هەمیشە لەناوببرێن، وە ناشتوانرێت ئەم چەشنە سەرمایەیە بدزرێت یان بەفیڕۆ بدرێت و خەرج بکرێت.

سەرباری ئەوەش، ئەو پارەیەی کە بنچینەیە بۆ مامەڵەی بازرگانی وەك تەپۆلکەیەکی لمینی بەر با بێنرخە، هەتا ئەو کاتەی لەگەڵ " مێشکە" نایابەکان تێکەڵاو دەکرێت.

## سێ هۆکاری سەرەکی شکست

چەندێك لەمانە ڕووبەڕووت بوونەتەوە؟

گەورەترین تراژیدیای ژیان پێکدێت لە ژن و پیاوانێك زۆر ڕاستگۆیانە هەوڵدەدەن و شکست دەهێنن! تراژیدیاکە لە ڕێژەی زۆری ئەو کەسانەدایە کە شکست دەهێنن، بەراورد بەو ژمارە کەمەی سەرکەوتوو

دەبن. ماف و شانازی لێکۆڵینەوە لە چەند هەزار ژن و پیاوێکم هەبووە، لە ٪٩٨ یان بە " شکستخواردوو" پۆلێنکران. شتێکی تەواو هەڵە هەیە لە شارستانیەکدا و سیستەمێکی پەروەردەدا، کە ڕێگە دەدات لە ٪٩٨ ی خەڵکی وەك شکستخواردوویەك بژین. بەڵام ئەم کتێبەم نەنووسیوە بە مەبەستی جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەکانی دونیا" ئەوە کتێبێکی دەوێت کە قەبارەکەی سەت ئەوەندەی ئەم کتێبە بێت.

کاری شیکاریەکەم سەلماندی کە سی هۆکاری سەرەکی شکست هەیە، وە سیانزە بنەمای سەرەکیش هەیە کە خەڵکی بەهۆیەوە سامان کۆدەکەنەوە. لەم بەشەدا، باسی سی هۆکارە سەرەکیەکەی شکست دەکرێت. کە بەسەر لیستەکەدا دەڕۆیت، خاڵ بە خاڵ، خۆتی پێ بپشکنە، بە مەبەستی زانینی ئەوەی چەند لەو هۆکاری شکستانە لە نێوان تۆ و سەرکەوتندا وەستاوە.

١ ــ پاشخانێکی نەخوازاوی بۆماوەیی : هیچ شتێکی وا لەگەڵ ئەو کەسانەدا ناکرێت کە بە کەموکوڕی لە توانای مێشکەوە لەدایکبوون. ئەم فەلسەفەیە تەنها پێشنیاری یەك میتۆد دەکات بۆ داپۆشینی ئەم لاوازیە ــ لە ڕێی گروپی هۆشی باڵاوە. هەرچەندە، ئەگەر سەرنج بدەیت، ئەمە تاکە هۆکارە لە سی هۆکارەکەی شکست کە ڕەنگە نەتوانرێت بە ئاسانی لە لایەن کەسەکەوە ڕاستبکرێتەوە.

٢ ــ نەبوونی ئامانجێکی ڕوون لە ژیاندا: هیچ هیوایەکی سەرکەوتن نییە بۆ کەسێك کە ئامانجێکی سەرەکی نییە، یان ئامانجێکی ڕوونی نییە کە بەشوێنیدا بگەڕێت. نەوەت و هەشت لە هەر سەت کەس لەوانەی لێکۆڵینەوەم لێ کردوون، ئامانجێکی لەو چەشنەیان نەبووە.

٣ _ نەبوونی ئارەزوو بۆ ئامانجێکی سەروو ئاستی ئاسایی: هیچ هیوایەك نابەخشین بەو کەسەی کە هێندە بێباکە نایەوێت لە ژیاندا بەرەو پێش بچێت، وە ئەوانەی کە نایانەوێت نرخەکەی بدەن. .

٤ _ پەروەردەی ناتەواو : ئەمە کەموکورییەکە کە دەکرێت بە هێمنیەکی ڕێژەیی بەسەریدا زاڵببین. ئەزموون سەلماندویەتی کە کەسە زۆر خوێندەوارەکان زۆربەی جار ئەوانەن بە " خۆ پێگەیەنەر" یان خۆ پەروەردەکەر ناسراون. لە بڕوانامەیەکی زانکۆ زیاتری دەوێت هەتا کەسێکی ڕۆشنبیر و پەروەردەکراو دروست بکەیت. هەرکەسێك کە پەروەردە کرابێت ئەو کەسەیە کە فێربووە ئەو شتە بەدەستبهێنێت کە لە ژیاندا دەیەوێت بەبێ ئەوەی ماڧ کەسانی تر پێشێل بکات. خوێندن بەزۆری بریتی نیە لە زانیاری، بەڵکو زانیاریەك کە کاریگەرانە و مکووڕانە جێبەجێ بکرێت. مرۆڤەکان تەنها لەبەر ئەو شتانەی دەیانزانن پارە وەرناگرن، بەڵکو بە تایبەتی پارە لە بەرامبەر ئەوەدا وەردەگرن کە ئەنجامی دەدەن بە هۆی ئەو شتانەوە کە دەیزانن.

٥ _ نەبوونی دیسپلینی خوودی : دیسپلین لە کۆنترۆڵی خوودیەوە دروست دەبێت. ئەمە مانای ئەوەیە کەسەکە دەبێتە هەموو ڕەفتارە نەرێنیەکانی کۆنترۆڵ بکات. بەرلەوەی بتوانیت حاڵەتەکان کۆنترۆڵ بکەیت، پێویستە سەرەتا خۆت کۆنترۆڵ بکەیت. زاڵبوون بەسەر خوودا سەخترین کارێکە هەتا ئێستا ئەنجامت دابێت. ئەگەر بەسەر خوودا زاڵنەبیت، خوود بەسەرتدا زاڵ دەبێت، ڕەنگە لە هەمانکاتدا و وەك یەك باشترین هاوڕێت و گەورەترین دوژمنت ببینیت، بە چوونە بەردەم ئاوێنە.

٦ _ تەندروستی خراپ : ڕەنگە هیچ کەسێك چێژ لە سەرکەوتنێکی گەورە وەرنەگرێت بەبێ تەندروتیەکی باش. زۆرێك لە هۆکارەکانی تەندروستی خراپ دەشێت کۆنترۆڵ بکرێن و زاڵبین بەسەریاندا، ئەمانە سەرەکیەکانن:

ا _ زۆر خواردنی ئەو خۆراکانەی خراپن بۆ تەندروستی

ب_ خووگەلی هەڵەی بیرکردنەوە" گوزارشتدان بە نەرێنیەکان

ج _ خراپ بەکارهێنان و ئەنجامدانی لەڕادەبەدەری سێکس

د_ نەبوونی ڕاهێنانی تەواوەتی جەستەیی

ە _ کەموکوڕی لە دابینکردنی هەوای پاك، بەهۆی هەناسەدانی ناتەواو و نادروستەوە.

٧_ کاریگەریە ژینگەیە نەخوازاوەکانی منداڵی : " کە لقەکە چەمایەوە، درەختەکەش دەچەمێتەوە." زۆربەی ئەوانەی مەیلی تاوانکاریان هەیە لە دەرئەنجامی ژینگەی خراپ و هاوڕێی خراپی کاتی منداڵیەوە تێیاندا دروست بووە.

٨_ دواخستن : ئەمە یەکێکە لە باوترین هۆکارەکانی شکست. " پیرە پیاوی دواخستن" لە نێو سێبەری هەموو کەسێکدا وەستاوە، چاوەڕێی هەلێکە هەتا ئەگەرەکانی سەرکەوتنی کەسەکە لەناوبەرێت. زۆربەمان وەك شکستخواردوویەك ژیان بەسەر دەبەین، لەبەرئەوەی چاوەڕێی ئەوەین " کاتەکە گونجاو بێت" بۆ دەستکردن بە ئەنجامدانی شتێکی شایستە. چاوەڕێ مەکە. کاتەکە هەرگیز گونجاو نابێت. لە شوێنی خۆتەوە دەستپێبکە و بە هەر کەرەستەیەك کە لەبەردەستایە کاربکە، وە کەرەستەی باشتر پەیدا دەبێت لەگەڵ بەردەوامیتدا.

٨ _ نەبوونی سووربوون و مکووڕی : زۆربەمان " دەستپێکەر" ێکی باشین، بەڵام " تەواوکەر" ێکی باشی ئەو شتانە نین کە دەستمانپێکردووە. سەرباری ئەوەش، خەڵکی بە گشتی وازدەهێنن لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم نیشانەی شکست. هیچ جێگرەوەیەك بۆ مکووڕی نییە. ئەو کەسەی کە مکووڕە لەسەر کارەکانی، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە لە کۆتایدا " پیرە پیاوی شکست" ماندوو دەبێت و دەڕوات. شکست ناتوانێت لەگەڵ مکووڕیدا هەڵکات.

١٠ _ کەسایەتیەکی نەرێنی : هیچ هیوایەکی سەرکەوتن نییە بۆ ئەو کەسەی کە لەڕێی کەسایەتیەکی نەرێنییەوە بە خەڵکیەوە دەدات. سەرکەوتن لەڕێی جێبەجێکردنی دەسەڵاتەوە دێت، دەسەڵاتیش لەڕێی کاری پێکەوەیی کەسانی ترەوە بەدەستدهێنرێت. کەسایەتیەکی نەرێنی دنەی کاری پێکەوەیی نادات.

١١ _ نەبوونی کۆنترۆڵی ئارەزووی سێکسی : ووزەی سێکسی بەهێزترینی هەموو ئەو هاندەرانەیە کە خەڵکی بۆ کردار هاندەدات. لەبەرئەوەی بەهێزترینی نێو هەموو غەریزەکانە، پێویستە کۆنترۆڵ بکرێت، لەڕێی گۆڕین و هەڵگێڕانەوەی بۆ نێو ناوەندەکانی تر.

١٢ _ ئارەزوویەکی کۆنترۆڵنەکراو بۆ " شتێك بێ بەرامبەر" : غەریزەی قومارکردن ملیۆنان کەس بەرەو شکست دەبات. دەشێت بەڵگەی ئەمە لە هارەکردنی بازاڕی واڵ ستریتدا ببینرێتەوە لە ساڵ ١٩٢٩ دا، کە لەو ماوەیەدا ملیۆنان کەس هەوڵیاندا پارە پەیدا بکەن لەڕێی قومارکردن لەسەر گۆزمەی بۆرسەوە.

١٣ _ نەبوونی توانایەکی ڕوونی بڕیاردان : ئەو کەسانەی سەرکەوتوو بوون بە خێرایی و ڕاستەوخۆ بڕیاریاداوە، وە بێ پەلەپەل گۆڕانکاریان تێدا کردوون، ئەگەر پێویستی کردبێت. ئەو کەسانەی کە شکست دەهێنن، زۆر بە خاوی دەگەنە بڕیار، ئەگەر بگەن، وە بەردەوام و بە خێرایی دەیانگۆڕن. دواخستن و بێتوانایی لە بڕیارداندا برای دووانەن. لە هەر کوێ یەکێکیان بینرا، بە گشتی دەکرێت ئەوەی تریشیان بدۆزرێتەوە. ئەم جووتە بکوژە بەرلەوەی بە تەواوەتی " بتبەستنەوە " بە ڕەوڕەوی شکستەوە.

١٤ _ یەکێك یان چەند دانەیەك لە شەش ترسە بنەڕەتیەکە: ئەم ترسانە لە بەشێکی دواتردا بۆت ڕوونکراوەتەوە. پێویستە کۆنترۆڵ بکرێن بەرلەوەی بتوانیت سەرکەوتووانە بازاڕگەری بە خزمەتگوزاریەکانتەوە بکەیت.

١٥ _ هەڵبژاردنی هەڵەی هاوسەر: ئەمە یەکێکە لە باوترین هۆکارەکانی شکست. پەیوەندی هاوسەرگیری بە چڕوپڕی خەڵکی پەیوەستی یەکتر دەکات. مەگەر ئەوەی ئەم پەیوەندیە تەبا و هاوسەنگ بێت، دەنا ئەگەری شکست زۆرە. سەرباری ئەوەش، دەبێتە شێوەیەکی شکست کە بە ناسۆر و دڵتەنگی و لەناوبردنی هەموو نیشانەکانی حەز و ئارەزوو جیادەکرێتەوە.

١٦ _ خۆپارێزی زیادە : ئەو کەسەی کە هیچ هەلێك ناقۆزێتەوە، بە گشتی دەبێت ئەو شتانە ببات کە ماونەتەوە لە دوای ئەوەی خەڵکی شتەکانی خۆیان هەڵبژاردووە. خۆپارێزی زۆر هێندەی خۆنەپارێزی زۆر

خراپە. هەردووکیان ئەوپەڕن و دەبێت خۆیان لێ بپارێزرێت. ژیان خۆی پڕە لە دەرفەت.

١٧ _ هەڵە لە دیاریکردنی هاوبەش لە بازرگانیدا: ئەمە یەکێکە لە باوترین هۆکارەکانی شکست لە بازرگانیدا. لە بازاڕگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکاندا، کەسەکە دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە خاوەنکارێك هەڵبژێرێت کە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام، وە خۆی زیرەك و سەرکەوتوو بێت. ئێمە لاسایی ئەو کەسانە دەکەینەوە کە زۆر لێمان نزیکن. خاوەنکارێك هەڵبژێرە کە شایستەی ئەوە بێت لاسایی بکەیتەوە.

١٨ _ خورافیات و پێشداوەری: خورافیات شێوەیەکی ترسە، هەروەها نیشانەی نەزانیشە. ئەو کەسانەی کە سەرکەوتوو بوون هزر کراوە بوون و لە هیچ نەترساون.

١٩ _ هەڵبژاردنی هەڵەی کار و پیشە: هیچ کەسێك ناتوانێت لە مەیلێکی تێکۆشاندا سەرکەوتوو بێت ئەگەر حەزی لێی نەبێت. بنچینەیترین هەنگاو لە بازاڕگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکاندا هەڵبژاردنی پیشەیەکە کە لە ناخی دڵەوە خۆتی بۆ تەرخان بکەیت.

٢٠ _ هۆش چڕنەکردنەوە لەسەر هەوڵدان. "یارۆی هەماکارە" بە دەگمەن لە شتێکدا باشە. هەموو هەوڵەکانی خۆت لەسەر یەك ئامانجی پوون چڕبکەرەوە.

٢١ _ خووی هەڕەمەکی لە خەرجکردندا: دەست قوچاو ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی بۆ هەمیشە لە ترس لە هەژاریدا وەستاوە. لە ڕێی پاشەکەوتکردنێکی سیستەماتیکەوە و وەلانانی ڕێژەیەکی دیاریکراوی داهاتەکەت. پارەی ناو بانك بناغەیەکی

سەلامەتی بوێری بە کەسەکە دەدات لە کاتی مامەڵەکردنی بە خزمەتگوزاریە کەسیەکانیەوە. بەبێ پارە، کەسەکە پێویستە ئەوە وەرگرێت کە پێشکەشی دەکرێت، خۆشحاڵ بێت بە بەدەستهێنانی.

٢٢ _ نەبوونی پەرۆشی: بەبێ پەرۆشی کەسەکە ناتوانێت قایلکەر بێت. سەرباری ئەوەش، پەرۆشی دەگوازرێتەوە، وە ئەو کەسەی کە هەیەتی، کۆنترۆڵی دەکات، بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن هەموو کۆمەڵە کەسێکەوە بەخێرهاتنی دەکرێت.

٢٣ _ پەسەندنەکردنی بیروڕای جیاواز: کەسی هزر داخراو لە هەر بوارێکدا بە دەگمەن پێشدەکەوێت. پەسەندنەکردنی بیروڕای جیاواز مانای ئەوەیە کەسەکە چیتر زانیاری وەرناگرێت. خراترین جۆریشی ئەوانەن کە پەیوەستن جیاوازی لە بیر و بۆچوونی ئاینی، ڕەگەزی و سیاسی.

٢٤ _ بێئارامی: وێرانکەرترین شێوەکانی نائارامی پەیوەستن بە خواردن، خواردنەوەی بە هێز و چالاکیە سێکسیەکانەوە. نقومبوونە هەریەک لە ئەمانەدا کوشندەیە بۆ سەرکەوتن.

٢٥ _ بێتوانایی لە کارکردن و گونجان لەگەڵ ئەوانی تردا: خەڵکانێکی زیاتر پۆست و دەرفەتە گەورەکانی ژیانیان لەدەستدەدەن، بەهۆی ئەم هەڵەیەوە، بەراورد بە کۆی هەموو هۆکارەکانی تر. ئەمە هەڵەیەکە کە هیچ بازرگانێکی شارەزا، یان سەرکردەیەك ڕێگەی پێنادات.

٢٦ _ خاوەنداریتی هێزێك کە لە ڕێی هەوڵەکانی کەسەکەوە بەدەست نەهاتبێت: ( کوڕ و کچانی کەسە دەوڵەمەندەکان، وە ئەو کەسانەی کە پارەیەکیان بە میرات بۆ ماوەتەوە و خۆیان پەیدایان نەکردووە). هێز لە

دەستی کەسێکدا کە هەنگاو بە هەنگاو بە دەستی نەهێنابێت، زۆرجار کوشندەیە بۆ سەرکەوتن. سامانی خێرا زۆر ترسناکترە لە هەژاری.

٢٧ _ ناڕاستگۆیی ئەنقەست : هیچ جێگرەوەیەکی ڕاستگۆیی نییە. کەسەکە دەکرێت بۆ ماوەیەکی کاتی ناڕاستگۆ بێت بە هۆی بارودۆخێکەوە کە کەسەکە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریدا ناشکێت، بەبێ زیانێکی گەورە و هەمیشەیی. بەڵام، هیچ هیوایەك بۆ ئەو کەسە نییە کە بە هەڵبژاردنی خۆی ناڕاستگۆیە. زوو یان درەنگ، کردارەکانی دەیگرنەوە، بە ناوزڕاندنی کەسایەتی باجەکەی دەدات، وە ڕەنگە ئازادیشی لەدەست بدات.

٢٨ _ فیز و لوتبەرزی : ئەم سیفەتانە ڕۆڵی گڵۆپی سوور دەبینن کە ئەوانی تر بۆ دوورکەوتنەوە ئاگادار دەکاتەوە. کوشندەن بۆ سەرکەوتن.

٢٩ _ گریمانە کردن لەبری بیرکردنەوە: زۆربەی خەڵکی زۆر لەوە بێباکتر یان تەمبەڵترن بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بەدەستبهێنن هەتا بەهۆیانەوە بە دروستی بیربکەنەوە. پێیان باشترە کار لەسەر " بیروڕا" یەك بکەن لە ڕێی گریمانەکردن و داوەری کردنی هەڕەمەکیانەوە و سەرپێیەوە دروستکرابێت.

٣٠ _ نەبوونی سەرمایە : ئەمە هۆکارێکی باوی شکستە لە نێو ئەوانەدا کە تازە دەست بە بازرگانی دەکەن، بەبێ سەرمایەیەکی پێویست بۆ قەرەبووی شۆکی هەڵەکانیان، وە گەیاندیان هەتا ئەو جێگایەی کە ناوێك بۆ خۆیان پەیدا دەکەن.

٣١ _ لە ژێر ئەمەدا، هەر هۆکارێکی شکست بنووسە کە خۆت تووشی بوویت و لەو لیستەدا نەبوو کە باسکرا.

لەم سێ هۆکارە سەرەکیەی شکستدا باسی تراژیدیای ژیان دەبینرێت، کە لە ڕووی کرداریەوە بەسەر هەموو ئەوانەدا دەچەسپێت کە هەوڵیانداوە و شکستیان هێناوە. زۆر یارمەتیدەر دەبێت، ئەگەر کەسێك قایل بکەیت کە بەباشی دەتناسێت بۆ ئەوەی لیستەکە بخوێنێتەوە، وە یارمەتیت بدات لە شیکاری کەسایەتیت بە پێی سێ هۆکارەکە. ڕەنگە بەسوود بێت کە بەتەنها ئەمە بکەیت. زۆربەی خەڵکی ناتوانن بەو جۆرە خۆیان ببینن کە خەڵکی تر دەیانبینن. ڕەنگە تۆ ئەو کەسە بیت کە ناتوانیت.

کۆنترینی فەرمانەکان " ئەی مرۆڤ، خۆت بناسە! " یە ئەگەر سەرکەوتووانە شمەك بفرۆشیت، پێویستە شمەکە بناسیت. هەمان شت دروستە لە فرۆشتنی خزمەتگوزاریە کەسیەکاندا. پێویستە هەموو خاڵە لاوازیەکانت بزانیت لە پێناوی ئەوەی بەسەریاندا زاڵبیت یان بەتەواوەتی نەیانهێڵیت. پێویستە خاڵە بەهێزەکانت بزانیت بۆ ئەوەی لە کاتی فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکانتدا سەرنجیان بخەیتە سەر. تەنها دەتوانیت لە ڕێگەی شیکاری ڕاست و دروستەوە خۆت بناسیت.

گەمژەیی نەزانی پەیوەست بە خودەوە لە ڕێی پیاوێکی گەنجەوە پیشاندراوە کە داواکار کار پێشکەشی بەڕێوەبەری کارێکی بەناوبانگ دەکات. زۆر بە باشی خۆی پیشان دەدات هەتا ئەو کاتەی بەڕێوەبەرەکە پرسیاری لێ دەکات چاوەڕێ دەکەیت مووچەکەت چەند بێت، وەڵامدەداتەوە کە هیچ بڕە پارەیەکی لە مزریدا دیارینەکردووە ( نەبوونی ئامانجێکی ڕوون). دواتە بەڕێوەبەرەکە دەڵێت: " ئەوەندەت پێدەدەین کە شایەنتە، دوای ئەوەی بۆ هەفتەیەك تاقیت دەکەینەوە. " داواکارەکە

وەڵامدەداتەوە، " من ئەوە پەسەند ناکەم چونکە من زۆر لەوە زیاتر وەردەگرم لەو شوێنەی کاری لێدەکەم".
بەرلەوەی تەنانەت دەست بکەیت بە گفتوگۆ لەسەر ڕێکستنی مووچەکەت لەم پۆستەی ئێستاتدا، یان گەڕان بەدوای دامەزراندندا لە شوێنێکی تر، دڵنیابەرەوە کە شایەنی زۆر زیاتر لەوەی کە ئێستا وەریدەگریت.
هەمووی یەك شتە ئەگەر پارەت بوێت ـ هەمووان زیاتریان دەوێت ـ بەڵام شتێکی تەواو جیاوازە ئەگەر بتەوێت شایستەی زیاتر بیت! زۆرکەس خواستەکانیان لەگەڵ مووچەکانیان لێ تێکەڵ دەبێت. پێویستیە داراییەکانت یان خواستەکانت هیچ پەیوەندیەکیان نییە بە نرخ و شایستەیتەوە. نرخت بە تەواوەتی بەهۆی تواناتەوە دیاریدەکرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانت یان توانات بۆ قایلکردنی ئەوانی تر بۆ پێشکەشکردنی ئەو چەشنە خزمەتگوزاریانە.

## توێشووی خۆت بپێچەرەوە

٢٨ پرسیار کە دەبێت وەڵامیان بدەیتەوە:

خوود شیکاری ساڵانە بنچینەیەکە لە بازارگەریەکی کاریگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکاندا، هەروەها توێشوو هەڵگرتنێکی ساڵانەی شمەك و کەرەستەش. سەرباری ئەوەش، شیکاری ساڵانە دەبێت کەمبوونەوەی هەڵەکان و زیادبوونی باشیەکان دەربخات. کەسەکە پێش دەکەوێت، لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، یان لە ژیاندا بۆ دواوە دەگەڕێتەوە. بێگومان، دەبێت ئامانجی کەسەکە پێشکەوتن بێت. خوود شیکاری ساڵانە دەریدەخات کە ئایا پێشکەوتن ڕوویداوە، ئەگەر ڕوویداوە، چەندێکە. هەروەها هەر هەنگاوێکی گەڕانەوەش دەردەخات کە ڕەنگە

کەسەکە ئەنجامی دابێت. بازاڕگەریەکی کاریگەری خزمەتگوزاریە کەسیەکان پێویستی بەوەیە کە کەسەکە بەرەو پێش بچێت تەنانەت ئەگەر بە خاویش بێت.

خوود شیکاریە ساڵانەیەکەت دەبێت لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا بێت، بۆ ئەوەی بتوانیت هەموو ئەو چاکسازیانەی ساڵی نوێی تێبکەیت کە شیکاریەکە دەریدەخات دەبێت ئەنجام بدرێن. ئەم تێشووە بخە بە پرسینی ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە خۆت، وە بە پشکنینی وەڵامەکانت بە هاوکاری کەسێك کە ڕێگە نەدات خۆت بخەڵەتێنیت لە بە هەڵە وەڵامدانەوەیاندا.

پرسیارەکانی خوود شیکاری بۆ تێشووی کەسایەتی

١ـ ئایا ئەو ئامانجەم بەدەستهێناوە کە دیاریم کردووە بۆ ئەمساڵ؟ (پێویستە کار بۆ ئامانجێکی ساڵانەی ڕوون بکەیت هەتا بەدەستی بهێنیت وەك بەشێك لە ئامانجی سەرەکی ژیانت).

٢ـ ئایا خزمەتگوزاریەکەم پێشکەشکردووە بە باشترین جۆرێتی کە لە توانامدا بووە؟ یان ئایا دەتوانم هەر بەشێکی ئەم خزمەتگوزاریە باشتر بکەم؟

٣ـ ئایا خزمەتگوزاریەکەم بە گەورەترین چەندێتی گەیاندووە کە لە توانامدا بووە؟

٤ـ ئایا ڕۆحیەتی کارکردنم هاوسەنگ و پێکەوەیی بووە لە هەموو کاتێکدا؟

٥ـ ئایا ڕێگەم بە خووی دواخستن داوە هەتا لە کارامەیم کەم بکاتەوە، ئەگەر وایە، هەتا چی ئاستێك؟

٦_ ئایا کەسایەتیم باشتر کردووە، ئەگەر وایە، بە چی شێوازێك؟

٧_ ئایا مکوڕ بووم لە شوێنکەوتنی پلانەکانمدا هەتا کۆتایی؟

٨ _ ئایا بە خێرایی و بە ڕوونی گەیشتومەتە بڕیار لە هەموو حاڵەتەکاندا؟

٩ _ ئایا ڕێگەم بە هیچ کام لە شەش ترسە بنەڕەتیەکە داوە لە کارامەیم کەم بکاتەوە؟

١٠_ ئایا فرە خۆپارێز یان زۆر خۆنەپارێز بووم؟

١١ _ ئایا پەیوەندیم لەگەڵ هاوکارەکانم خۆش بووە یان ناخۆش؟ ئەگەر ناخۆش بووە، ئایا هەڵەکە بەشێکی، یان بەتەواوەتی لە منەوە بووە؟

١٢ _ ئایا هیچ وزەیەکم بەهەدارداوە بەهۆی هۆش چڕنەکردنەوە لەسەر هەوڵەکانم؟

١٣ _ ئایا بیروڕای جیاوازم پەسەند کردووە لەمەڕ هەموو بابەتەکان؟

١٤ _ بە چی شێوازێك توانام بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان باشتر کردووە؟

١٥ _ ئایا بێ ئارامیم هەبووە لە هیچ کام لە خوو ڕەفتارەکانمدا؟

١٦ _ ئایا بە نهێنی و ئاشکرا، هیچ شێوەیەکی خۆویستی و لوتبەرزیم گوزارشت کردووە؟

١٧ _ ئایا ڕەفتارم بەرامبەر هاوکارەکانم بەو چەشنە بووە کە قایلیان بکەم ڕێزم بگرن؟

١٨ _ ئایا بۆچوون و بڕیارەکانم لەسەر بنەمای گریمانە بووە، یان لەسەر بنەمایوردی لە شیکاری و بیرکردنەوە بووە؟

١٩ _ ئایا شوێن خووی بودجەسازی کەوتوم لە کات و خەرجی و داهاتەکەمدا، وە ئایا کۆنەپەرست بووم لەو بودجەسازیەدا؟

٢٠ _ چەندێك کاتم تەرخان کردووە بۆ هەوڵدانێکی لێنەبڕاوانە کە بۆ سوودی خۆم بەکارمهێناوە؟

٢١ _ دەشێت چۆن کاتەکانم ڕێکبخەم و خووەکان بگۆڕم، بۆ ئەوەی زۆر سەرکەوتووتر بم لە ساڵی داهاتوودا؟

٢٢ _ ئایا بە هیچ ڕەفتارێك تاوانبارم کە ویژدانم پەسەندی نەکات؟

٢٣ _ بە چی شێوازێك خزمەتگوزاریەکی زیاتر و باشترم پێشکەش کردووە بەراورد بەو پارەیەی پێمدراوە بۆ پێشکەشکردنی؟

٢٤ _ ئایا لەگەڵ هیچ کەس نادادپەروەر بووم، ئەگەر وایە، بە چی شێوازێك؟

٢٥ _ ئەگەر بۆ ماوەی ساڵێك کڕیاری خزمەتگوزاریە کەسیەکانی خۆم بم، ئایا ئاسوودە دەبم بەو کڕینە؟

٢٦ _ ئایا من لە پیشەیەکی دروستدام، ئەگەر وانییە، بۆچی؟

٢٧ _ ئایا کڕیاری خزمەتگوزاریەکانم ڕازیە لە پێشکەکردنی خزمەتگوزاریەکانم، ئەگەر وانییە، بۆچی؟

٢٨ _ ئاستی ئێستام چەندە دەربارەی بنەما بنچینەیەکانی سەرکەوتن؟

( ئەم دەنگپێدانە دادپەروەرانە و ڕاشکاوانە ئەنجامبدە، وە با کەسێك بیپشکنێت کە هێندە بوێر بێت بە دروستی ئەوە بکات).

بە خوێندنەوە و تێگەیشتن لەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا باسکران، ئێستا ئامادەیت بۆ داڕشتنی پلانێکی کرداری بۆ فرۆشتنی خزمەتگوزاریە کەسیەکان. لەم بەشەدا باسی چڕوپڕی هەریەکە لە بنەما بنچینەکانی

پلاندان بۆ فرۆشتنی خزمەتگوزاریە کەسیەکان دەدۆزیتەوە، بە سەرەکیترین فاکتەرەکانی سەرکردایەتی" باوترین هۆکارەکانی شکست لە سەرکردایەتیدا، باسی دەرفەتەکانی سەرکردایەتی" هۆکارە سەرەکیەکانی شکت لە هەموو بوارەکاندا، وە ئەو پرسیارە گرنگانەی کە دەبێت لە خوود شیکاریدا بەکاربهێنریێن. ئەم پێشکشکردنە ورد و گشتگیرەی زانیاری دروست نووسراوە، لەبەرئەوەی پێویستە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت دەست بە کۆکردنەوەی سامان بکەن لە ڕێی فرۆشتنی خزمەتگوزریە کەسیەکانەوە. ئەوانەی کە سامانەکەیان لەدەستداوە، وە ئەوانەی کە تازە دەست بە کۆکردنەوەی سامان دەکەن، هیچیان نیە جگە لە خزمەتگوزاریە کەسیەکان هەتا لە بەرامبەر ساماندا پێشکەشی بکەن، هەر بۆیە گرنگە کە زانیاری کرداری پێویستیان لەبەردەست بێت بۆ فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکان بە باشترین قازانج.

ئەو زانیاریانەی لەم بەشەدان نرخێکی زۆی دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە هیوای ئەوە دەخوازن ببنە سەرکردە لە هەر بوارێکدا. بە تایبەتی یارمەتیدەرە بۆ ئەو کەسانەی ئامانجیانە خزمەتگوزاریەکەیان وەك توانایەکی بازرگانی و پیشەسازی بفرۆشن.

تێگەیشتنی تەواوەتی لەو زانیاریانەی لێرەدا باسکراوە یارمەتیدەر دەبێت لە فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکانی کەسەکە، هەروەها یارمەتی کەسەکە دەدات زیاتر شیکاری بێت و توانای داوەری کەسانی تری هەبێت. زانیاریەکان زۆر بەنرخن بۆ بەڕێوبەریە کەسیەکان، بەڕێوەبەرانی دامەزراندن و ئەو شوێنانەی تر کە فەرمانبەری لێ هەڵدەبژێردرێت و لێهاتووی ڕێکخراوەکان دەمەزەرد دەکرێتەوە. ئەگەر گومانت لەم قسەیە

هەیە، ڕاستی و دروستی تاقی بکەرەوە بە وەڵامدانەوە بە نووسینی ٢٨ پرسیارەکەی خوود شیکاری. ئەمە دەشێت سەرنجڕاکێش و بەسوود بێت، تەنانەت ئەگەر گومانیش نەبێت لە ڕاستی و دروستی گوزارشتەکە.

لە کوێ و چۆن کەسێك دەتوانێت دەرفەتەکانی کۆکردنەوەی سامان بدۆزێتەوە

ئێستا کە ئەو بنەمایانەمان شیکردەوە کە دەکرێت بەهۆیانەوە سامان کۆبکرێتەوە، بە سروشتی دەپرسین، "لە کوێ دەکرێت کەسەک دەتوانێت دەرفەتگەلی دڵخواز بدۆزێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە؟" زۆرباشە، با توێشوو بپێچینەوە و بزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چی پێشکەشی ئەو کەسە دەکات کە بە شوێن سامانەوەیە.

لە سەرەتادا، با بیر هەمووانی بهێنمەوە کە ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کە هەموو هاونیشتمایەکی گوێڕایەڵی یاسا چێژ لە ئازادی بیرکردنەوە و کار دەبینێت کە هاوتای نییە لە هیچ شوێنێکی تری دونیادا. زۆربەمان توێشووی سوود وەرگرتن لەم ئازادییەمان نەخستووە. هەرگیز ئازادییە بێسنوورەکەی خۆمانمان بەراورد نەکردووە بە ئازادییە سنووردارەکەی وڵاتانی تر.

لێرە ئازادی بیرکردنەوەمان هەیە، ئازادی لە هەڵبژاردن و چێژبینین لە خوێندنمان هەیە، ئازادی لە ئاین، ئازادی لە سیاسەت، ئازادی لە هەڵبژاردنی کار و پیشە، ئازادی لە کۆکردنەوە و خاوەندارێتی بەبێ هەراسانکردنی هەموو ئەو موڵك و سامانەمان هەی کە دەتوانین کۆی بکەینەوە، ئازادی لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونمان، ئازادی لە هاوسەرگیریدا، ئازادی لە فەراهەمکردنی هەلی یەکسان بۆ هەموو ڕەگەز و

نەژادەکان، ئازادی گەشتکردن لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی تر، ئازادی لە هەڵبژاردنی خواردنەکانمان، ئازادی بۆ بە ئامانجگرتنی هەر وێستگەیەکی ژیان کە خۆمانمان بۆ ئامادە کردووە، تەنانەت بۆ سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش.

شێوەگەلی دیکەی ئازادیمان هەیە، بەڵام ئەم لیستە دیمەنێکی سەرپێی هەرە گرنگەکانیان پیشان دەدات، کە پێکدێت لە دەرفەتی بەرزترین ئاستی داواکاری. ئەم سوودەی ئازادی زۆر دیار و بەرچاوە چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکان تاکە وڵاتە کە گەرەنتی لیستێکی فراوان و هەمەچەشنی ئازادی بە هەر هاونشتیمانیەك دەدات، جا ئەگەر دانیشتووی ڕەسەن بێت یان ڕەگەزنامەی وەرگرتبێت.

دواتر، با هەندێك لەو بەخششانە بژمێرینەوە کە ئازادیە بەرفراوانەکەمان بۆی فەراهەم کردووین، خێزانێکی ئاست مامناوەندی ئەمریکی بە نموونە وەرگرە ( مەبەست لە خێزانێکی مامناوەندە لە ڕووی داهاتەوە) و ئەو سوودانە کۆبکەرەوە کە بەردەستن بۆ هەریەکە لە ئەندامانی خێزانەکە، لەم خاکیی دەرفەت و پڕ پیت و فەڕە!

ا _ خواردن: دوای ئازادی بیر و ڕا و ڕەفتار خواردن و جلوبەرگ و شوێنی مانەوە دێن، سێ پێویستی بنچینەی ژیان. بەهۆی ئازادییە گەردوونیەکەمانەوە خێزانێکی مامناوەندی ئەمریکی لە بەردەمی ماڵەکەیدا، باشترین جۆر خواردەمەنی دونیای لەبەرەستە، بە نرخێك کە لەگەڵ توانا داراییەکەیدا بگونجێت. خێزانێکی دوو کەسی کە لە ناوەڕاستی گەرەکی تایمسی شاری نیۆرك بژین، دوور لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی

خواردەمەنیەکان، تێشوویەکی وردی نانخواردنێکی سادەی بەیانی بکەن، بەم دەرئەنجامە سەرسامکەرە:

کەرەستە خۆراکیەکان:

تێچووەکانی مێزی نانی بەیانی:

شەربەتی سندی ( لە فلۆریداوە)..........٠٢

خواردنی بەیانیانی لە گەنم دروستکراو ( کێڵگەی کانساس.................. ٠٢

چا ( لە چینەوە) ..................... ٠٢

مۆز ( لە ئەمریکای باشوورەوە) .......... ٠٢ / ١:٢

نانی برژاو ( لە کێڵگەی کانساسەوە) ......... ٠١

هێلکەی تازەی لادێ ( لە ویلەیەتی ئوتاوە) ..... ٠٧

شەکر ( لە کوبا، یان ئوتاوە) .......... ٠٠ /١:٢

کەرە و کرێم ( لە بەریتانیای نوێوە " ئوستراليا")........... ٠٣

کۆی گشتی .....٢٠

دەستاکەوتنی خواردن زۆر سەخت نییە لە وڵاتێکدا کە دوو کەس دەتوانن ژەمێکی بەیانی بخۆن کە پێکهاتبێت لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیانەوێت یان پێویستیانە تەنها بە دە سەنتیەك! سەرنجی ئەوە بدەن کە ئەم ژەمە سادەیەیی بەیانی، بە جۆرێکی سەیری جادوو کۆکرایەوە، لە چین و ئەمریکای باشوور و ئوتا و کانساس و ئوستراليا‌وە و خرایە سەر مێزی نانخواردن، ئامادە بۆ خواردن، لە چەقی قەرەباڵغترین شاری ئەمریکادا، بە تێچوویەك لە چوارچێوەی توانای دارایی سادەترین کرێکار.

تێچووەکە هەموو باجەکانی شار و ویلایەت و هەرێمە فیدراڵەکان دەگرێتەوە! (ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە سیسیەکان باسی ناکەن کاتێک هاوار بۆ دەنگدەران دەکەن بۆ ئەوەی دژەکانیان لەسەر کار لابەن چونکە هەتا ڕادەی مردن باجیان خستۆتە سەر خەڵکی).

ب _ شوێنی مانەوە : ئەم خێزانە لە شووقەیەکی خۆشدا دەژین، بە هەڵم گەرمکراوە، بە کارەبا ڕووناکراوەتەوە. گازی تێدایە بۆ چێشت لێنان، هەمووی مانگی تەنها بە ٦٥ دۆلار، لە شارێکی بچووکتر، یان لە بەشێکی دانیشتوان کەمتری نیۆرکدا، دەکرێت هەمان شووقە بە کەمتر لە ٢٠ دۆلار بۆ مانگێک بەکرێ بگیرێت.

ئەو نانەی کە بەیایان دەیخۆن وا خەملێنراوە بە فڕنی کارەبایی برژێنرابێت، کە تەنها چەند دۆلارێکی تێدەچێت، شووقەکە بە گسکی کارەبایی پاکدەکرێتەوە. لە هەموو کاتێکدا ئاوی سارد و گەرم هەیە، لە ناندێن و لە گەرماویش. خواردن لە تێکچوون دەپارێزرێت بە هەڵگرتنی لە بەفرگرەدا کە بە کارەبا کار دەکات. خاتوون قژی لول دەکات، جلەکانی دەشوات و ئتوویان دەکات بە ئامێری کارەبایی ئاسان بۆ بەکارهێنان، کە ووزەی کارپێکردنەکەی لە پلاکێکی سەر دیوارەوە دابین دەکرێت. مێردەکەی بە مەکینەیەکی کارەبایی ڕیشی دەتاشێت، وە لە تەواوی دونیاوە بەرنامە و کەیفسازیان پێدەگات، ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، ئەگەر بیانەوێت، بەبێ هیچ تێچوویەک، تەنها بە سوڕاندنی خلۆکی ڕادیۆکەیان. چەندین کارئاسانی تر لەم شووقەیەدا هەیە، بەڵام ئەو لیستەی باسمانکرد بیرۆکەیەکی باش دەدات دەربارەی بەڵگەی بەرجەستەی بۆ

ئەو ئازادییەی ئێمەی ئەمریکی چێژی لێدەبینین. ( وە ئەمە نە بانگەشەیەکی سیاسیە نە ئابووری).

٣ _ جلوبەرگ : لە هەر شوێنێکی ئەمریکدا، ژنانی ئاست مامناوەند دەتوانن زۆر بە ئاسوودەیی و ڕێك و شیکی جلوبەرگ بپۆشن بە کەمتر لە ٢٠٠ دۆلار لە ساڵێکدا، وە پیاوێکی ئاست مامناوەندیش بە هەمان نرخ یان کەمتر دەتوانێت جلوبەرگ بکڕێت.

تەنها سێ پێویستە بنەڕەتیەکانی خۆراك و شوێنی مانەوە و جلوبەرگ باسکران. هاونیشتیمانیەکی ئەمریکی ئاست مامناوەند ماف و قازانجی زیاتری هەیە لەبەرامبەر هەوڵ و کاری سادە و ئاساندا، کە ڕۆژانە لە هەشت کاتژمێر زیاتر کارکردن تێناپەڕێت. لە نێوانیاندا مافی گواستنەوە و هاتوچۆ بە بە ئۆتۆمۆبێل، کە کەسەکە دەتوانێت بەدڵی خۆی بێت و بڕوات، بە تێچوویەکی زۆر کەم.

ئەمریکیەکی ئاست مامناوەند مافی پاراستنی موڵك و ماڵی هەیە کە لە هیچ شوێنێکی دونیا هاوتای نادۆزرێتەوە. دەتوانێت پارە زیادەکەی بخانە بانکەوە بەو دڵنیایەوە کە حکومەتەکەی بۆی دەپارێزێت. وە ئەگەر بانکەکە مایەپووچ بوو قەرەبوو دەکرێت. ئەگەر هاولاتیەکی ئەمریکی بیەوێت لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی تر گەشت بکات نە پێویستی بە پاسپۆرتە، نە پێویستی بە مۆڵەتی هیچ کەسێکە. دەتوانێت بۆ هەر شوێنێك بڕوات و بێت کە پێی خۆشە. سەرباری ئەوەش، دەتوانێت بە شەمەندەفەر، ترومبێلی کەسی، پاس، فڕۆکە یان کەشتی هاتوچۆ بکات. لە ئەلمانیا، ڕووسیا، ئیتالیا، وە زۆربەی وڵاتە ئەورووپی و ڕۆژهەلاتیەکانی

تر، خەڵکی ناتوانن هێند بە ئازادانە گەشت بکەن، بە تێچوویەکی هێندە کەم.

## ئەو " دەرئاسا"یەی کە ئەم بەخششانەی پێ دابینکراوە.

زۆرجار دەبیستین سیاسەتمەداران بانگەشەی ئازادی ئەمریکا دەکەن، کاتێك داوای دەنگ لە خەڵکی دەکەن، بەڵام بە دەگمەن کاتی پێویست تەرخان دەکەن یان هەوڵی هەتەرانە دەدەن بۆ شیکاری سەرچاوە یان سروشتی ئەو " ئازادی" ە. هیچ تەوریکیان نییە بۆ بڕین، هیچ نارەزایەتیەکیان نییە دەریببڕن. هیچ هاندەریکیان لە پشتەوە نییە بۆ جێبەجێکردن. هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە شیکاریەکی ڕاشکاوانەی ئەو شتە ڕازئامێز و نابەرجەستەیە بکەم کە زۆر بە هەڵە لێی تێگەیشتووین، کە بەخششێکی زیاتر و دەرفەتگەلی زیاتری کۆکردنەوەی سامان و ئازادی زیاتر بە هەموو شێوەیەك بە هاوڵاتیانی ئەمریکا دەدات، بەراورد بەوەی لە هەر وڵاتێکی تردا هەیە.

مافی شیکارکردنی سەرچاوە و سروشتی ئەو هێزە نادیارەم هەبوو، چونکە بۆ ماوەی زیاتر لە چارەکە سەتەیەك زۆرێك لەو کەسانەم ناسیوە کە ئەم هێزەیان ڕێکخستووە، وە زۆرێك لەوانەی کە ئێستا بەرپرسن لە چاککردنەوەی. ناوی ئەم قەرزدەرە ڕازئامێزەی مرۆڤایەتی سەرمایەیە !

سەرمایە تەنها بریتی نییە لە پارە، بەڵکو زیاتر لە کۆمەڵێك کەسی زیرەك و باش ڕێکخراو پێکدێن کە پلان و ڕێگەچارەی بەکارهێنانی پارە بە لێهاتووی بۆ سوودی خەڵکی و قازانجی خۆیان دادەنێن. ئەم گروپانە پێکدێن لە زانا، پەروەردەکار، کیمیاگەر، داهێنەر، شیکەرەوەی بازرگانی، ڕاگەیاندنکار، پسپۆڕانی گواستنەوە، ژمێریار، پارێزەر،

پزیشك، هەروەها ژن و پیاوانێك كە زانیاریەكی تایبەتمەندی زۆریان هەیە لە هەموو بوارەكانی پیشەسازی و بازرگانیدا.

ئەوان پێشەنگ و تاقیكار و گرێ بوارە نوێكانی هەوڵدانن. پاڵپشتی زانكۆكان، نەخۆشخانەكان، خوێندنگا حكومیەكان، بنیاتنانی ڕێگاوبانی باش، بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامەكان دەكەن، پارەی زۆربەی تێچووەكانی حكومەت دەدەن و گرنگی بەو هەموو وردەكاریە زۆرانە دەدەن كە بنچینەیین بۆ پێشكەوتنی مرۆڤ.

بە كورتی و پوختی، سەرمایەدارەكان مێشكی مرۆڤایەتین، چونكە تەواوی ئەو قوماشە دابین دەكەن كە هەموو پەروەردە و ڕووناكبوونەوە و پێشكەوتنی مرۆڤی لێ پێكدێت.

پارە بەبێ مێشك، هەمیشە ترسناكە. ئەگەر بە باشی بەكاربێت، گرنگترین بنچینەی شارستانیەتە. ئەو ژەمە سادەیەی بەیانی نەدەكرا بگەیەنرێتە ئەو خێزانەی نیۆرك بە دە سەنتیەك، یان بە هەر نرخێكی تر، ئەگەر سەرمایەی ڕێكخراو ئامێر و كەشتی و هێڵی ئاسن و سوپایەك لە كەسانی مەشق پێكراوی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شتانە دابین نەكردایە.

ڕەنگە تۆزێك لە بیرۆكەی گرنگی سەرمایەی ڕێكخراو بزانرێت لە ڕێی وێناكردنی خۆتەوە كە بەرپرسیارێتی كۆكردنەوە و گەیاندنی ئەو ژەمە سادەیەی بەیانیانت بۆ خێزانێكی نیۆرك لەسەرە كە باسكرا، بەبێ یارمەتی سەرمایە.

بۆ دابینكردنی چا، دەبێت گەشت بكەیت بۆ چین یان هیندستان، هەردووكیان زۆر دوورن لە ئەمریكاوە. مەگەر ئەوەی مەلەوانێكی زۆر

لێهاتوو بیت، دەنا ماندوو دەبیت بەرلەوەی دووبارە بێیتەوە. دواتر، کێشەیەکی ترت ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

چی وەك پارە بەکاردەهێنیت، تەنانەت ئەگەر توانای جەستەیشت هەبێت بۆ بڕینی زەریا بە مەلەکردن؟

بۆ داینکردنی شەکر، دەبێت جارێکی تر و بۆ ماوەیەکی زۆر بە مەلە بچیت بۆ کوبا، یان ڕێگایەکی دوور ببڕیت بۆ کێڵگەکانی چەوەندەری شەکر لە ئوتا. بەڵام تەنانەت ئەوساش، ڕەنگە بەبێ شەکر بگەڕێیتەوە، لەبەرئەوەی پلانی ڕێکخراو و پارە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی شەکر، ئەوە باسی ئەوە هەر ناکەین کە پێویستە بۆ پوختەکردن، گواستنەوە و گەیاندنی بۆ سەر مێزی نانی بەیانی هەر شوێنێکی ئەمریکا.

هێلکەکان، دەتوانی بە ئاسانی لە کۆگاکانی دەوروبەی نیۆرکەوە بیهێنیت، بەڵام گەشتێکی دوور و درێژت دەبێت بۆ چوونە فلۆریدا و گەڕانەوە، بەرلەوەی بتوانیت دوو پەرداخ شەربەتی سندی پێشکەش بکەیت. هەروەها گەشتێکی درێژی تریشت دەبێت بۆ کانساس، یان هەر ویلایەتێکی تر کە گەنمی تێدا دەچێنرێت، کاتێك بەدوای چوار پارچە نانی گەنمدا دەچیت.

پسکیتی لە گەنم دروستکراو دەبێت لە لیستەکەدا بسڕدرێتەوە، لەبەرئەوەی بەردەست نابێت بەبێ کاری کۆمەڵەیەك کەسی مەشقپێکراو و ئامێری گونجاو، کە هەموویان سەرمایەیان دەوێت.

لە کاتێکدا کە پشوو دەدەیت، دەتوانی گەشتێکی تری بچووکی مەلەوانی بکەیت بۆ ئەمریکای باشوور، بۆ لێکردنەوەی چەند مۆزێك، وە لە گەڕانەوەتدا، دەتوانی گەشتێکی کورت بکەیت بۆ نزیکترین کێڵگە کە

کۆگـای شـیرەمەنی هـەبێت و هەنـدێك کـەرە و کـرێم بهێنێـت. دواتـر خێزانەکەی نیۆرك ئامادە دەبن دابنیشن و چێژ لە ژەمـی بەیانی وەرگرن و دوو دە سەنتیەکەت وەگری لە بەرامبەر خزمەت و ماندوو بوونەکەت!

بێمانا دیارە، وانییە؟ چاکە، ئەو ڕێکارەی باسکرا تاکە شێوازی شیاوە کە بتوانرێت بەهۆیەوە ئـەو کەرەسـتە سادانەی خـۆراك دابـین بکـرێن بۆ چەقی شاری نیۆرك، ئەگەر سیستەمی سەرمایەداریمان نەبێت.

ئە برە پارەیەی پێویستە بـۆ دروسـتکردنی ئـەو هێڵـی ئاسـن و کەشتیە هەڵمیانەی کە بەکاردێن لە گەیاندنی ئەو ژەمە سادەیەی بەیانیـدا، هێنـدە زۆرە کـە ئەندێشـەی مـرۆڤ پەسـەندی ناکـات. هـەتا سـەتان ملیـۆن دۆلار دەڕوات، ئەوە باسی ئەو سوپا گەورەیەی کارمەنـدانی مەشقپێکراو هـەر ناکەین کە پێویستن بۆ کارپێکردنی کەشتی و شەمەندەفەرەکان. بەلام، گواستنەوە تـەنها بەشـێکی پێویستیەکانی شارستانیەتێکی مۆدێرنـە لـە ئـەمریکای سـەرمایەداریدا. بەرلـەوەی بتوانرێـت شـتێك دەربکێشـرێت، پێویستە شتێك لە زەویەکەوە گەشە بکات، یان دروست بکرێت و ئامـادە بکرێـت بـۆ بـازاڕ. ئەمـەش پێویسـتی بـە ملیۆنـان دۆلاری زیـاترە بـۆ کەرەسـتە، ئـامێر، پێچـانەوە و بازاڕگـەری و کرێـی کـاری ملیۆنـان ژن و پیاو.

کەشتی هەڵمی و هێڵی ئاسـن لـە زەویـەوە دەرنـاتۆقن و خوودکارانە کـار ناکەن. بۆ وەلامدانەوەی داواکاریەکانی شارسانیەت دێن، لە ڕێگەی کـار و زیرەکی و توانای ڕێکخراوی کەسانێکەوەکە ئەندێشە و باوەڕ و پەرۆشی و بڕیار و مکووڕیان هەیە! ئـەم کەسـانە بـە سـەرمایەدارەکان ناسـراون. بـە ئـارەزوو هانـدراون بـۆ بنیاتنـان و دروسـتکردن و بەدەسـتهێنان و

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەسوود و قازانج کردن و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان. وە لەبەرئەوەی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن کە بەبێ بوونیان هیچ شارستانیەتێک بوونی نابێت، خۆیان دەخزێنە ڕیزەوەی سەروەت و سامانی مەزنەوە.

تەنها لەبەرئەوەی تۆمارەکە سادە بکەمەوە و لێی تێبگەن، ئەوەی بۆ زیاد دەکەم کە ئەم سەرمایەدارانە خوودی هەمان ئەو کەسانەن کە زۆربەمان بیستوومانە وتاربێژانی سەر مینبەر باسیان کردوون. هەمان ئەو کەسانەن کە سیاسیە فێڵباز و نادڵسۆز و توندڕەوەکان و سەرکردە بەرتیلخۆرەکانی کرێکاران وەك " ئاژەڵە درندە بەرژەوەندخوازەکان"، یان " واڵ ستریت" ئاماژەیان پێدەدەن.

هەوڵی ئەوە نادەم پشتگیری یان دژایەتی هیچ گروپێك یان سیستەمێکی ئابووری بکەم. هەوڵی ئەوە نادەم مامەڵەی بەکۆمەڵ ئیدانە بکەم کاتێك ئاماژە بە " سەرکردە بەرتیلخۆرەکانی کرێکاران" دەدەم، نە ئامانجم ئەوەشە پسووڵەیەکی خاوێنی تەندروستی بدەم بە هەموو ئەو کەسانەی کە پێیان دەگوترێت سەرمایەدار.

ئامانجی ئەم کتێبە ـ ئامانجێك کە دڵسۆزانە چارەکە سەدەیەکم بۆ تەرخان کردووە ـ پێشکەشکردنی پشتپێبەستراوترین فەلسەفەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە زانیاریان دەوێت، هەتا لە ڕێگەیەوە تاکەکان سامان کۆبکەنەوە بە هەر ڕێژەیەك کە ئارەزووی بکەن.

لێرەدا سوودە ئابوورییەکانی ئەم سیستەمە سەرمایەدارییەم لەبەر دوو ئامانج شیکردەوە:

١ـ هەموو ئەوانەی بەدوای ساماندا دەگەڕێن و پێویستە خۆیان بگونجێنن و درك بە سیستەمێك بکەن کە هەموو ڕێگاکان بەرەو سامانی کۆنترۆڵکردووە، بە گەورە و بچووکەوە.

٢ــ بۆ پیشاندانی ئەو لایەی تری وێنەکە پێچەوانەی ئەوەی لە لایەن سیاسەتمەدارەکانەوە پیشاندەدرێت و بە مەبەستەوە ئەو بابەتانە ئاڵۆز و ناڕوون دەکرێن کە باسیان دەکەن، بە ئاماژەکردن بە سەرمایەی ڕێکخراو وەك ئەوەی شتێکی ژەهراوی بێت.

ئەمە وڵاتێکی سەرمایەدارییە. لەڕێگەی بەکارهێانی سەرمایەوە گەشەی پێدراوە، وە ئێمە کە داوای مافی بەشداری دەکەین لە بەخششی ئازادی و دەرفەتدا، ئەوانەمان کە لێرە بە شوێن سامانەوەین، باشترە ئەوە بزانین کە نە سامان نە دەرفەت بەردەست نابن ئەگەر سەرمایەی ڕێکخراو ئەم قازانجانەمان بۆ دابین نەکات.

بۆ زیاتر لە بیست ساڵە بەجۆرێك کاتی گەشەکردن و بەناوبانگبوونی ڕادیکاڵ، سیاسی بەرژەوەندخواز، تەڵەکەباز، سەرکردەی نادڵسۆزی کرێکاران و لە هەندێك حاڵەتدا سەرکردەیی ئاینی بووە، هەتا هەڕەمەکیانە هێرش بکەنە سەر "واڵ ستریت، پارە گۆڕەوەکان و بازرگانی گەورە".

کارەکە هێندە گشتگیر بوو کە لە کاتی گرانیە مەزنەکەدا، شایەتحاڵی ئەو دیمەنە باوەڕپێنەکراوە بووین کە کاربەدەستانی باڵای حوکمەت لەگەڵ سیاسەتمەدارە ترۆ و سەرکردەکانی کرێکاراندا ڕیزیان بەستوو بە مەبەستی ئاشکرای دەستگرتن بەسەر ئەو سیستەمەی کە ئەمریکای پیشەسازی کردبووە دەوڵەمەندترین وڵاتی سەر زەوی. ڕیزەکە هێندە

کشتگیر و بە باشی ڕێکخراو بوو کە خراپترین قەیرانی دارایی درێژەپێدا کە ئەمریکا لە مێژوودا دووچاری ببوو. بووە هۆی لەدەستدانی کاری ملیۆنان کەس، لەبەرئەوەی ئەو کارانە بەشێکی جیانەکراوەی سیستەمی پیشەسازی و سەرمایەداری بوو کە بڕبڕەی پشتی وڵاتەکەی پێکهێنابوو.

لە ماوەی ئەو هاوپەیمانێتیە نائاساییەی نێوان کاربەدەستانی میری و کەسایەتیە بەرژەوەندخوازەکان کە هەوڵیاندەدا قازانج بکەن بە ڕاگەیاندنی " وەرزی کراوە" لەسەر سیستەمی پیشەسازی ئەمریکا، جۆرێکی دیاریکراوی سەرکردەی کرێکاران پەیوەندیان لەگەڵ سیاسیەکان بەست و پێشنیاریان کرد کە دەنگدەریان بۆ پەیدا بکەن لەبەرامبەر یاسایەك کە ڕێگە بەخەڵکی بدات سامان لە پیشەسازیدا ببات لە ڕێی هێزێکی ڕێکخراوی ژمارەکانەوە، لەبری ئەوەی پێشنیاری میتۆدێکی باشتر بکەن بۆ پێدانی کارێکی ڕۆژانەی دادپەروەرانە لە بەرامبەر مووچەیەکی ڕۆژانەی دادپەروەرانە.

ملیۆنان ژن و پیاو لە سەرانسەری وڵاتدا هێشتا سەرقاڵی ئەو شتە بەسەرچووەن و هەوڵدەدەن بەبێ هیچ بەرامبەرێك پارە قازانج بکەن. هەندێکیان لەگەڵ یەکێتیەکانی کرێکاران ڕیزیان بەستووە و داوای کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کار و زیادکردنی مووچە دەکەن! ئەوانی تر تەنانەت زەحمەتی ئەوەش ناکێشن کە کار بکەن. داوای دڵنیایی لە حکومەت دەکەن بەدەستی دەهێنن. بیرۆکەکانیان دەربارەی مافی ئازادی لە شاری نیۆرك خۆی دەرخستووە، کە سکاڵای توند لەسەر بەڕێوەبەری پۆستە تۆمارکراوە، لە لایەن گروپێکی " هەڵپەرست"، لەبەرئەوەی گوایە پۆستەچی لە کاتژمێر ۷:۳۰ ی بەیانیدا خەبەریان دەکاتەوە، بۆ گەیاندنی

پســووڵەکانی دڵنیــای حکومــەت. داوای ئــەوەیان دەکــرد کــە کــاتی گەیاندنەکە بخرێتە کاتژمێر ١٠ ی بەیانی.

ئەگەر یەکێکی لەو کەسانەی کە باوەڕت وایە کە دەکرێت سامان لە رێی کردەیـەکی سـادەی ئـەو کەسـانەوە کـە خۆیـان لـە کۆمەڵـە گروپێکـدا رێکدەخەن و داوای مووچەیەکی زیاتر دەکەن بەرامبەر خزمەتگوزاریەکی کەمتر کۆبکەیتەوە، ئەگەر تـۆ یـەکێکی لەوانـەی داوای دڵنیـای حکومـەت دەکـەیت بـە بـێ ئـەوەی بـەیانیان زوو لـە کـاتی هێنـانی پارەکـەدا بێزار بکرێن، ئەگەر یەکێکیت لەو کەسانەی کە دەنگی خۆیان بە سیاسیەکان دەفرۆشن لە بەرامبەر دەرکردنی یاسایەك کە ڕێگـەیان پێبـدا خەزێنـەی خەڵکی تاڵان بکەن، دەشێت بە دڵنیایەوە لەسەر باوەڕەکـەت بمێنیتـەوە، بە زانینی ئەوەی کە هیچ کەسێك بێزار ناکات، لەبەرئەوەی ئێرە وڵاتێکی ئـازادە کـە هەرکـەس بـەو جـۆرە بیردەکاتـەوە کـە پێـی خۆشـە، کە بـە نزیکەیی هـەموو کەسێك دەتوانێـت بـە هـەوڵێکی کـەم بـژی، وڵاتێك کە ڕەنگە زۆرێك بە خۆشی تێیدا بژین بەبێ ئەنجامدانی هیچ کارێك.

هەرچەندە، دەبێت ڕاستی تەواوەتی پەیوەست بەو ئازادیـەوە بزانیـت کـە هـەموو خـەڵکی شـانازی پێـوە دەکـات، وە زۆر کـەمیان لێـی تێدەگـەن. چەندێك مەزنە، هەتا کوێ درێژ دەبێتـەوە، چـەندێك مـاف دابـین دەکات، ناتوانێت و ناکرێت بەبێ هەوڵدان سامانت بۆ بهێنێت.

تـەنها یـەك میتـۆدی پشتپێبەستراو هەیـە بـۆ کۆکردنـەوە و بـە یاسـایی دەسـتکەوتنی سـامان، ئـەویش لـەڕێی پێشکەشـکردنی خزمـەتگوزاری بەسوودەوە. هەتا ئێستا هـیچ سیسـتەمێك دروستنەکراوە کـە مرۆڤـەکان بەهۆیەوە بتوانن بەشێوەیەکی یاسایی سامان بەدەسـتبهێنن تـەنها لـەڕێی

مێزی ژمارەکانەوە، یان بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا شتێکی هاوشێوە بە هەمان نرخ پێشکەش نەکات.

پرەنسیپێك هەیە ناسراوە بە یاسای ئابوریانە! ئەمە لە تیۆریەك زیاترە. ئەوە یاسایەکە کە هیچ کەسێك ناتوانێت لێی بەربێتەوە. بە باشی ناوی ئەم پرەنسیپە نیشانە بکە و لەبیرت بێت. چونکە زۆر بەهێزترە بەراورد بە هەموو سیاسیەکان و ئامرازە سیاسیەکان.

لە سەروو توانا و کۆنترۆڵی هەموو یەکێتیە کرێکاریەکانەوەیە. ناتوانرێت ئاراستە بکرێت یان کاری تێبکرێت یاخوود بەرتیلی پێبدرێت لە لایەن سەرکردە فێڵباز و بەرژەوەندخوازەکانی هەر بوارێك. سەرباری ئەوەش، چاوێکی هەموو بینی هەیە، لەگەڵ سیستەمێکی تۆکمەی تۆمارکردن، کە تیایدا زانیاری دروستی دەربارەی مامەڵەکانی هەر کەسێك هەڵگرتووە کە لە کاری وەرگرتن بەبێ بەخشین تێوەگلاوە. زوو یان درەنگ فەرمانبەرەکانی پەیدا دەبن، لە تۆماری هەموو کەسێکی گەورە و بچووك دەڕوانن و دوای ژمێرکاری دەکەن.

"واڵ ستریت، بازرگانی گەورە، درندە بەرژەوەندخوازەکانی سەرمایە" یان هەر ناوێك کە بۆ ئەو سیستەمەی هەڵدەبژێریت کە ئازادی ئەمریکی پێبەخشیوین، بە نوێنەرایەتی گروپێك کە تێیدەگەن، ڕێزی دەگرن و خۆیان گونجاندووە لەگەڵ یاسای بەهێزی ئابووریانە! بەردەوامی داراییان بەندە لەسەر ڕێزگرتنیان لە یاساکە. زۆربەی ئەوانەی لە ئەمریکا دەژین حەزیان لەم وڵاتە و سیستەمە سەرمایەداریەکەی و هەموو شتێکیتی. دەبێت ددان بەوەدابنێم کە هیچ وڵاتێکی باشتر نازانم، کە کەسێك بتوانێت دەرفەتگەلی مەزنتر بدۆزێتەوە بۆ کۆکردەوەی سامان.

بەپێی کار و کردەوەکانیان، هەندێك کەس هەیە لەم وڵاتـدا کە حەزی لە وڵاتەکە نییە. بێگومـان ئـەوە مـافی خۆیانـە" ئەگـەر کـەیفیان بـەم وڵاتـە و سیسـتەمە سـەرمایەدارییەکەی و بەخششـە بێسـنوورەکانی نـەیات. مـافی ئەوەیان هەیە بچنە دەرەوە! هـەردەم وڵاتـانی تـر هـەن، وەك ئـەڵمانیا و ڕوسیا و ئیتاڵیا کە کەسێك دەتوانێت بە بڕینی دەستی ئەوی تر چێژ لە ئازادیەکـەی ببینێـت، وە سـامانێك کۆبکاتـەوە کـە کەسـەکە زۆر تایبـەت ناکات.

ئەمریکا هەموو ئازادی و دەرفەتەکانی بۆ کۆکردنـەوەی سـامان فەراهـەم کردووە کە هەر کەسێکی ڕاستگۆ داوای دەکـات. کاتێـك کەسـێك دەچێتە ڕاوشکار بە دوای نێچیردا، کەسەکە ئەو ناوچەی ڕاوکردنە دیاریـدەکات کـە نێچیری زۆرە. کاتێـك بـەدوای سـاماندا دەگـەڕێت، بـە سروشـتی هـەمان یاسا جێبەجێ دەبێت.

ئەگـەر بـە دوای سـاماندا دەگـەڕێت، بەسـەر ئەگـەرەکانی وڵاتێکـدا تێمەپەڕە کە هاوڵاتیەکانی هێندە دەوڵەمەندن بـە تـەنها ژنـەکانی سـاڵانە زیاتر لە دوو سەت ملیۆن دۆلار خەرج دەکەن لە کڕینی سووراو، سپیاو و بابـەتی جوانکاریـدا. دوو جـار بیربکـەرەوە، ئـەی ئـەوەی بـەدوای سامانەوەیت، بەرلـەوەی هـەوڵی لـەناوبردنی سیسـتەمی سـەرمایەداری وڵاتێك بیت کە هاوڵاتیـەکانی ساڵانە زیـاتر لـە پـەنجا ملیـۆن دۆلار خـەرج دەکەن لە کڕینی کارتی سڵاوکردن، کە بەهۆیەوە گوزارشت لە پێزانینیـان دەکەن بۆ ئازادیەکەیان!

ئەگەر بەدوای پارەوەیت، بە وریایەوە بیر لە وڵاتێك بکـەرەوە کـە ساڵانە سەتان ملیۆن دۆلار خەرج دەکات لە کڕینی جگەرەدا. زۆرینـەی داهاتەکە

تەنها بۆ چوار کۆمپانیای سەرەکی دەچێت کە خەریکی دابینکردنی ئەم بنیاتنەرە نەتەوەییەن. بە هەموو شێوازێك بیرێکی باش لە وڵاتێك بکەرەوە کە خەڵکەکەی ساڵانە زیاتر لە پانزە ملیۆن دۆلار خەرج دەکەن بۆ بینینی فیلمی سینەمایی، وە هەندێکی تریشی لە شەراب و ماددەی نەشەکەر و خواردنەوە ئاسایی و گازیەکاندا خەرج دەکەن.

مێندە بە پەلە مەبە بۆ بەجێهێشتنی وڵاتێك کە خەڵکەکەی بە ویستی خۆیان، تەنانەت بە پەرۆشیشەوە، ساڵانە ملیۆنان دۆلار خەرج دەکەن لە تەمشاکردنی تۆپی پێ و بەیسبۆڵ و بۆکسێن. وە بە هەر رێگایەك بێت خۆت بەو وڵاتەوە بلکێنە کە دانیشتوانەکەی ملۆنێك دۆلار زیاتر دەدەنە بنێشت، ملیۆنێکی تریش بە گوێزانی ریشتاشین دەدەن.

ئەوەشت لەبیربێت کە ئەمە تەنها سەرەتایەکی سەرچاوە بەردەستەکانە بۆ کۆکردنەوەی سامان. تەنها کەمێك لە کەلوپەلەکانی خۆشگوزەرانی و ناگرنگەکان باسکراون. بەڵام لە بیرتبێت کە بازرگانی بەرهەمهێنان، گواستنەوە و بازارگەری ئەم چەند شمەکە کەمە چەند ملیۆن ژن و پیاوێك بە دامەزراوەکە دەدات، کە مانگانە لە بەرامبەر خزمەتەکانیان چەندین ملیۆن دۆلار وەردەگرن و ئازادانە خەرجی دەکەن لە خۆشگوزەرانی و پێداویستیەکاندا.

بە تایبەتی ئەوەت لەبیربێت کە لە پشت هەموو ئەو ئاڵوگۆڕی شمەك و خزمەتگوزاریە کەسیانەوە ڕەنگە دەرفەتی بێشومار بدۆزرێنەوە بۆ کۆکردنەوەی سامان. لێرەدا ئازادیە ئەمریکیەکەمان بە هانای کەسەکەوە دێت. هیچ شتێك نییە یان هیچ کەسێك نییە بتوەستێنێت لە هەوڵدانی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەم بازرگانیانە. ئەگەر کەسەکە بەهرەیەکی

ئاوازە، ڕاهێنان و ئەزموونی هەبوو، ئەوسا دەتوانێت بە ڕێژەیەکی زۆر سامان کۆبکاتەوە. ئەوانەی زۆر بەخت یاوەریان نابێت، ڕێژەیەکی کەمتر سامان کۆدەکەنەوە. زۆرێك دەتوانن بژێوی خۆیان دابین بکەن لە بەرامبەر ڕێژە کارێکی زۆر کەم و ئاسایدا.

کەواتە ـ تۆ لێرەیت!

دەرفەت کاڵاکانی لەبەردەمت بڵاوکردۆتەوە. هەنگاو بهاوە بۆ پێشەوە و ئەوە هەڵبژێرە کە دەتەوێت، پلانەکەت دابڕێژە و بیخەرە بواری جێبەجێکردنەوە و بە مکوورییەوە شوێنی بکەوە. "ئەمریکای سەرمایەداری" ئەوەی ماوە بۆت ئەنجام دەدات. دەتوانی پشت بەوە ببەستیت کە ئەمریکای سەرمایەداری دڵنیایی بە هەموو کەسێك دەدات لەمەڕ دەرفەت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەسوود، وە کۆکردنەوەی سامان لە بەرامبەر خزمەتەکەدا.

سیستەمەکە نکوڵی لە مافی هیچ کەسێك ناکات، بەڵام ناتوانێت و بەڵێن بە کەس نادات شتێك لە بەرامبەر هیچدا ببەخشێت. لەبەرئەوەی سیستەمەکە خۆی چەسپاوانە کۆنترۆڵکراوە لە لایەن یاسا ئابوورییەکانەوە کە نە ڕێگە بە وەرگرتن بەبێ بەخشین دەدات بۆ ماوەیەکی زۆر نە دەشیناسێت.

یاسا ئابوورییەکان لە لایەن سروشتەوە گەیەنراوە! هیچ دادگایەکی باڵا نییە کە پێشێلکارانی ئەم یاسایە دادگای بکات. یاساکە هەم سزای داناوە بۆ ئەو کەسانەی پێشێلی دەکەن، هەم پاداشتی داناوە بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵی دەبن، بەبێ نێوانگیری یان ئەگەری نێوانگیری لە لایەن هیچ مرۆڤێکەوە. ناتوانرێت یاساکە هەموار بکرێتەوە. وەك ئەستێرەکانی

ئاسمـان جـێگیرە، وە بەشـێکە لـە هـەمان سیسـتەم کـە کـۆنترۆڵی ئەستێرەکان دەکات. دەکرێت کەسێك ڕەتی بکاتەوە کە خۆی لەگەڵ یاسای ئابووریانە بگونجێنێت؟ بەدڵنیاییەوە! ئێرە وڵاتێکی ئازادە، کە هـەموو مرۆڤـەکان بـە مـافی یەکسـانەوە تێیـدا لـەدایکبوون، بـە مـافی فەرامۆشکردنی یاسای ئابووریانەشەوە. ئەی دواتر چی ڕوودەدات؟

دەی، هـیچ شـتێك ڕوونـادات هـەتا ئـەو کاتـەی ژمارەیـەکی زۆر خـەڵکی پێکەوە یەکدەگرن بۆ ئامانجێکی ئاشکرای فەرامۆشکردنی یاساکە، وە بە تۆپزی ئەوە دەبەن کە دەیانەوێت.

دواتر دیکتاتۆر دێت، بە سوپای تفەنگ بەدەستی ڕێکخراو و دۆشکەوە! هێشتا نەگەیشـتووینەتە ئـەو قۆناغـە لـە ئـەمریکا! بـەڵام هـەموو ئـەو شتانەمان بیستووە کە دەمانەوێت بیزانین دەربارەی چۆنێتی کارکردنی سیستەمەکە. ڕەنگە بە ئەندازەی پێویست بە بەبەخت بین کە داوای زانیاری کەسی ناکەین دەربارەی ڕاستەقینەیەکی هێندە ترسناك. گومانی تێدا نییە کە پێمان باشترە بەردەوام بین لە ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ڕەفتـار و ئـازادی پێشکەشـکردنی خزمـەتگوزاری بەسـوود لـە بەرامبـەر دەستکەوتنی ساماندا!

کردەی کاربەدەستانی میری بۆ پێدانی مافی تاڵانکردنی خەزێنـەی گشتی بە خەڵکی لە بەرامبەر دەنگەکانیاندا، هەندێك جار بە هەڵبژاردن کۆتایی دێت، بەڵام وەك چۆن دوای شەو ڕۆژ دەبێتەوە، باجی کۆتایی دەدرێت" کاتێك بە هەڵە هەموو کەسێك بەکارهێنرا، دەبێت باجی دووانە بە دووانە بدرێتـەوە. ئەگـەر ئەوانـەی خەزێنەکـەیان بـردووە ناچـار نـەکرێن بیگەڕێننـەوە، بارەکـە دەکەوێتـە سـەر شـانی منداڵـەکانیان و منداڵی

منداڵەکانیان، " تەنانەت دەچێتە سەر شانی نەوەی سێیەم و چوارەمیشیان. " هیچ ڕێگایەك نییە بۆ قوتاربوون لە قەرزەکە. خەڵکی هەندێك جار دەتوانن بە گروپ کۆببنەوە بە مەبەستی زیادکردنی مووچە و کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن. خاڵێك هەیە کە ناتوانن لەوە زیاتر بڕۆن. ئەو خاڵەیە کە یاسای ئابووریانە دێتە ناوەوە و ئەفسەر و فەرمانبەر و خاوەنکاریش دەستگیر دەکات.

بۆ ماوەی شەش ساڵ، لە ١٩٢٩ بۆ ١٩٣٥، خەڵکی ئەمریکا، بە دەوڵەمەند و هەژارەوە، بە دەگمەن بینینی ئەوەیان لەدەستچووە کە پیرە پیاوی ئابووری هەموو بازرگانی و پیشەسازی و بانکەکان بداتە دەست ئەفسەر. ئەوە دیمەنێکی لەبەردڵان نەبوو! ڕێزی ئێمەی زیاتر نەکرد بۆ سایکۆلۆژیای جەماوەری کە بەهۆیەوە خەڵکی هۆکاریان دادەتاشی بۆ وەرگرتن بەبێ بەخشین.

ئەوانەمان کە بەو شەش ساڵە بێزارکەرەدا تێپەڕیوین، کاتێك ترس لەسەر زین بوو، باوەڕیش لەسەر زەوی، ناتوانین ئەوەمان بیربچێتەوە کە چۆن یاسای ئابووریانە قەرەبووی خۆی لە هەژار و دەوڵەمەند، بەهێز و لاواز، پیر و گەنج ساندەوە. خۆزگەی ئەوە ناخوازین بە ئەزموونێکی تری لەو جۆرە بنەزموین.

ئەم سەرنجانە بە ئەزموونی ماوە کورت نەهاتوونەتە بەرهەم. بەڵکو دەرئەنجامی بیست و پێنج ساڵ شیکاری وردی ئەو میتۆدانەیە کە سەرکەوتووترین و شکستخواردووترین کەسانی ئەمریکا زانیویانە.

بەشی ٨

# بڕیاردان: لێهاتووی لە دواخستندا

------------

## هەنگاوی حەوتەم بەرەو سامان

شیکردنەوەی وردی ٢٥٠٠٠ ژن و پیاو کە ئەزموونی شکستیان کردووە، ئەو ڕاستیەی دەرخست کە نەبوونی بڕیار نزیک لە سەرووی لیستی سی هۆکارە سەرەکیەکەی شکستە. ئەمە تەنها دەربڕینی سادەی بیردۆزەیەک نیە – بەڵکو ڕاستییە. ڕاڕایی دژەکەی بڕیاردان، دوژمنێکی هاوبەشە کە دەبێت هەموو مرۆڤێك بەسەریدا زاڵ بێت.

دەرفەتت هەیە کە توانات تاقی بکەیتەوە بۆ گەیشتن بە بڕیارگەلی خێرا و ڕوون کاتێك لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بوویتەوە، وە ئامادە بوویت ئەو بنەمایانە بخەیتە کار کە کتێبەکە باسی دەکات.

لێکۆڵینەوە لە چەند سەت کەسێك کە سەروەت و سامانێکیان کۆکردۆتەوە کە ملیۆنان دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە هەریەکەیان خووی گەیشتنە بڕیاریان هەبووە بە خێرایی، وە گۆڕینی ئەو بڕیارانە بەلەسەرخۆی، ئەگەر کاتێك گۆڕدران. ئەو کەسانەی کە شکست

دەهێنن لە کۆکردنەوەی پارەدا، بەبێ هیچ جیاکارییەك، خووی گەیشتن بە بڕیارین هەیە بە خاوی، ئەویش ئەگەر بگەنە بڕیار، هەروەها خووی گۆڕینی بڕیارەکانیان هەیە بە خێرایی و بەردەوامی.

یەکێك لە دانسقەترین تایبەتمەندییەکانی هێنری فۆرد خووی بە خێرایی و ڕوونی گەیشتنە بڕیار بوو، وە گۆڕینیان بە لەسەرخۆیی. ئەم تایبەتمەندییە هێندە ئاشکرا بوو لە بەڕێز فۆرددا، کە نازناوی چەقبەستوویان پێدابوو. ئەو تایبەتمەندییە بوو کە بووە هۆی ئەوەی بەڕێز فۆرد بەردەوامبێت لە دروستکردنی مۆدێلە بەناویانگەکەی "تی" (ناشرینترین ئۆتۆمۆبێلی جیهان)، کاتێك هەموو ڕاوێژکارەکانی، وە زۆرێك لە کڕیارەکانی ئۆتۆمۆبێلەکە، داوایانکرد بیگۆڕێت.

ڕەنگە بەڕێز فۆرد گۆڕانکارییەکەی زۆر دواخستبێت، بەڵام لایەنەکەی تری چیرۆکەکە ئەوەیە، کە تۆکمەی لە بڕیاردانی بەڕێز فۆردا سامانێکی مەزنی پێبەخشی، بەرلەوەی گۆڕانکاری لە مۆدێلەکەدا ببێتە پێویستی. گومانێکی کەم هەیە کە خووی ڕوونی بڕیاردانی بەڕێز فۆرد بەڵگە بێت لەسەر چەقبەستوویەکەی، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە باشترە لە بە لەسەرخۆیی گەیشتن بە بڕیار و بەخێرایی گۆڕینیان.

زۆرینەی ئەو کەسانەی شکست دەهێنن لە کۆکردنەوەی ئەو پارەیەدا کە پێویستیانە، بەشێوەیەکی گشتی بە ئاسانی بیروڕایی کەسانی تر کاریان تێدەکات. ڕێگە بە ڕۆژنامەکان و دراوسێ پڕ قسەلۆکەکانیان دەدەن لەبری ئەوان بیربکەنەوە. " بیروڕا هەرزانترین شتی سەر زەوییە، هەموان کۆمەڵێك بیروڕایان هەیە کە ئامادەن بەسەر ئەو کەسەیدا بدەن کە پەسەندیان دەکات. ئەگەر لە کاتی بڕیارداندا " بیر و ڕاکان" کاریگەریان

هەبێت لەسەرت، لە هیچ کارێکدا سەرکەوتوو نابێت، هەروەها لە گۆڕینی ئارەزووەکەی خۆشتدا بۆ پارە سەرکەوتوو نابێت.

ئەگەر بیر و بۆچونی کەسانی تر کارت تێبکات، هیچ ئارەزوویەکی خۆتت نابێت. بەردەوام ڕاوێژ لەگەڵ خۆتدا بکە، کاتێک دەستتکرد بە پراکتیککردنی ئەو بنەمایەی لێرەدا باسکراوە، بە گەیشتنە بڕیار و کارپێکردنیان. کەس مەهێنە نێو بازنەی متمانەتەوە، جگە لە ئەندامانی گروپی " هۆشی باڵا"ت، هەروەها زۆریش دڵنیابەرەوە لە هەڵبژاردنی ئەم گروپە، بە جۆرێک تەنها ئەوانە هەڵبژێرە کە بەتەواوەتی هاوسۆز و گونجاون لەگەڵ ئامانجەکەتدا.

خزم و هاوڕێ نزیکەکان، لە کاتێکدا کە مەبەستیشیان نییە وا بکەن، زۆرجار لەڕێی " بۆچونەکان"یانەوە کەسەکە دەخەن یان هەندێك جار لەڕێی گاڵتەپێکردنەوە، کە لە بنچینەدا بۆ کەیفخۆشی بووە. هەزاران ژن و پیاو هەستی خۆ بەکەمزانینیان لەگەڵ خۆیان هەلگرتووە بە درێژایی هەموو ژیانیان، چونکە چەند کەسانێکی نیاز باش بەلام نەزان متمانەبەخۆبوونیان لە ڕێی بیر و بۆچوون یان گاڵتەکانیانەوە لەناو دەبەن.

تۆ مێشك و مزری خۆت هەیە. بەکاری بهێنە و بگەرە بڕیارەکانت. ئەگەر ڕاستی و زانیاریت دەوێت لە کەسانی ترەوە، بۆ ئەوەی بتوانی بەهۆیەوە بکەیتە بڕیار، کە ڕەنگە لە زۆر باردا پێویست بکات، ئەو ڕاستی و زانیاریانە بە هێمنی بەدەستبهێنە، بەبێ ئەوەی ئامانجەکەت ئاشکرا بکەیت.

ئەو کەسانەی کە تەنها تۆزە زانیارییەکیان هەیە سیفەتی ئەوەیان هەیە کە وا خۆ دەردەخەن کە زانیارییەکی زۆریان هەیە. ئەو جۆرە کەسانە بە شێوەیەکی گشتی قسە زۆر دەکەن، زۆر کەمیش گوێدەگرن. چاو و گوێیەکانت بە کراوەیی بهێڵەرەوە - دەمیشت بە داخراوی، ئەگەر دەخوازیت خووی گەیشتنە بڕیاری تەواوەتی فێرببیت. ئەوانەی زۆر قسە دەکەن کرداریان زۆر کەمە، ئەگەر لە گوێگرتن زیاتر قسە بکەیت، تەنها خۆت بێبەش ناکەیت لە دەرفەتەکانی بەدەستهێنانی زانیاری بەسوود، بەڵکو پلان و ئامانجەکانیشت بۆ کەسانێك ئاشکرا دەکەیت کە چێژێکی زۆر وەردەگرن لە شکستپێهێنانت، چونکە ئیرەیت پێدەبەن.

هەروەها لەبیرت بێت، هەر کاتێك لە ئامادەبوونی کەسێکی شارەزا و پڕ زانیاریدا قسەت کرد، خەزێنەی کت و متی زانیاری خۆت یان بەتاڵی خەزێنەی زانیاری خۆت پیشان دەدەیت! دانایی بلیمەتانە بەگشتی لە ڕێی سادەیی و بێدەنگیەوە دەردەکەوێت.

ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرە کە هەموو ئەو کەسانەی بەرکەوتنت هەیە لەگەڵیاندا، هەر وەك خۆت، بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن بۆ کۆکردنەوەی پارە. ئەگەر زۆر ئازادانە باسی پلانەکانت بکەیت، ڕەنگە سەرسام بیت کاتێك بۆت دەردەکەوێت تاکە هەندێك کەسی تر گرەویان ئامانجەکەتیان لێ بردوویتەتەوە بە خستنە کاری لەپێش تۆوەی ئەو پلانانەی هێندە نەدانانە باستدەکردن.

با یەکێك لە یەکەمین بڕیارەکانت هێشتنەوەی دەمت بە داخراوی و گوێ و چاوەکانت بە کراوەی. وەك بیرخەرەوەیەك بۆ خۆت بۆ شوێنکەوتنی

ئەم ئامۆژگاریە، پارمەتیدەر دەبێت ئەگەر ئەم نووسراوەی خوارەوە بە پیتی گەورە کۆپی بکەیت و لە شوێنێك دایبنێیت کە ڕۆژانە بیبینیت.

"بە دونیا بڵێ کە مەبەستە چی بکەیت، بەڵام لە پێشدا پیشانی بدە".

ئەمە هاوتای ئەو پەندەیە کە دەڵێت، " کردار، نەك گوفتار، زیاتر هەژماری بۆ دەکرێت".

## ئازادی یان مردن لەسەر بڕیارێك

بەهای بڕیارەکان بەندە لەسەر ئەو بوێریەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنیان، بڕیارە مەزنەکان، کە وەك بناغەی شارستانیەت ڕۆڵیان گێڕاوە، دەرچوون بە ئەنجامدانی سەرکێشی گەورە، کە زۆرجار بە واتای ئەوە بوو کە ئەگەری مردن لە ئارادایە.

بڕیارەکەی لینکۆڵن بۆ ڕاگەیاندنی یاسای ئازادکردنە بەناوبانگەکەی، کە ئازادی بەخشی بە خەڵکانی ڕەشپێستی ئەمریکا، کاتێك ئەنجامیدا کە تێگەیشتنێکی تەواوەتی هەبوو دەربارەی ئەوەی ئەم کارەی هەزاران هاوڕێ و پشتیوانی سیاسی لە دژی هەڵدەگەڕێنێتەوە. هەروەها دەشیزانی جێبەجێکردنی بڕیارەکە بە واتای مردنی هەزاران کەسە لە گۆڕەپانی جەنگدا. لە کۆتاییدا لینکۆڵن ژیانی خۆی لەسەر دانا. ئەوە پێویستی بە بوێریە.

بڕیارەکەی سوکرات بۆ خواردنەوەی کوپێك ژەهر، لەبری ئەوەی سازش بکات لە بیر و باوەڕەکانی خۆی، بڕیارێکی بوێرانە بوو. کاتی هەزاران ساڵ پێشخست، وە مافی ئازادی بیر و ڕای بە خەڵکانی هێشتا لەدایکنەبوو بەخشی.

بڕیارەکەی گێن. ڕۆبێرت ئی. لی، کاتێک جیابۆوە لە یەکێتیەکە، وە دژی باشووری لە ئەستۆ گرت، بڕیارێکی بوێرانە بوو، چونکە باش دەیزانی کە دەکرا بە ژیانی خۆی باجەکەی بدات، کە بەدڵنیاییەوە ژیانی هەزاران کەس دەکاتە قوربانی.

بەڵام، مەزنترین بڕیاری مێژوو، پەیوەست بە هەر تاکێکی ئەمریکیەوە، لە فیلادیلفیا دەرکرا لە ٤ی تەموزی ١٧٧٦دا، کاتێک پەنجا و شەش کەس واژۆی خۆیان خستە سەر بەڵگەنامەیەک، کە بە باشی دەیانزانی ئازادی دەهێنێت بۆ هەموو تاکێکی ئەمریکی، یان دەبێتە هۆی لەسێدارەدانی هەر پەنجا و شەش کەسەکە!

دەربارەی ئەم بەڵگەنامە بەناوبانگەت بیستووە، بەڵام ڕەنگە ئەو وانە مەزنەت لێوە وەرنەگرتبێت کە بە ڕوونی دەربارەی سەرکەوتنی کەسی پێشکەشی دەکات.

هەموان ڕێکەوتی ئەم بڕیارە مێژوویە دەزانین، بەڵام کەمێکمان درک بەوە دەکەین کە ئەو بڕیارە پێویستی بە چی بوێریەکە. مێژووی خۆمانمان لەبیرە، هەروەک چۆن باسکراوە" ڕێکەوتەکانمان لەبیرە، لەگەڵ ناوی ئەو کەسانەی جەنگاون" دۆڵی فۆرگ و یۆرکتاونمان لەبیرە" جۆرج واشینگتۆن و لۆرد کۆرنوەیلسمان لەبیرە. بەڵام هیچی وا نازانین دەربارەی هێزی پشت ئەم ناو و ڕێکەوت و شوێنانە. هێشتا کەمتر دەزانین دەربارەی ئەو هێزە نابەرجەستەیەی، کە ئازادی بۆ مەیسەر کردین زۆر پێش ئەوەی سوپاکەی واشینگتۆن بگاتە یۆرکتاون.

مێژووی شۆڕشمان خوێندۆتەوە، وە بەهەڵە وا وێنای دەکەین کە جۆرج واشینگتۆن باوکی ئەم وڵاتەی ئێمەیە، کە ئەو بوو ئازادی بۆ

بەدەستهێنانین، لە کاتێکدا ڕاستییەکە ئەوەیە ـ واشینگتۆن تەنها زیادکراوێکی دوای ئەو ڕاستییەیە، لەبەرئەوەی سەرکەوتنی سوپاکانی زۆر بەر لە خۆبەدەستەوەدانی لۆرد کۆرنوەلیس مسۆگەر ببوو. مەبەست لەمە بێبەشکردنی واشنگتۆن نییە لە هەر شکۆیەیەك کە شایستەیەتی. مەبەست لێی، سەرنج خستە سەرێکی مەزنتری ئەو هێزە ناوازەیەیە کە هۆکاری سەرەکی ئەم سەرکەوتنە بوو. هیچی لە تراژیدیا کەمتر نییە کە مێژوونووسان بە تەواوەتی لەبیریان کردووە کە تەنانەت ئاماژەیەکی بچووکیش بەو هێزە بدەن، کە بووە هۆی لەدایکبوون و ئازادی وڵاتێك کە لە چارەی نووسرابوو ستانداردێکی نوێی سەربەخۆیی بۆ تەواوی خەڵکانی سەر زەوی دابنێت. دەڵێم ئەوە تراژیدیە، لەبەرئەوەی ئەو هێزە هەمان ئەو هێزەیە کە دەبێت لە لایەن هەر کەسێکەوە بەکاربهێنرێت کە بیەوێت بەسەر گرفت و ناڕەحەتیەکانی ژیاندا زاڵ بێت، وە ژیان ناچار بکات ئەو نرخە بدات کە داوای دەکات.

با بە کورتی بەو ڕووداوانەدا بچینەوە کە بوونە هۆی لەدایکبوونی ئەم هێزە. چیرۆکەکە دەستپێدەکات بە ڕووداوێك لە بۆستۆن، لە پێنجی ئازاری ١٧٧٠. سەربازە بەریتانییەکان لەسەر شەقامەکان مانۆڕیان ئەنجامدەدا، بە بوونیان، بەئاشکرا هەڕەشەیان لە هاوڵاتیان دەکرد. خەڵکانی کۆلۆنیەکە بەداخ بوون لەو سەربازە چەك بەدەستانەی بە نێویاندا دەگەڕان، دەستیانکرد بە ئاشکرا گوزارشتکردن لە ڕقەکەیان، بەرد و پلاریان لە سەربازەکان دەگرت، هەتا ئەو کاتەی ئەفسەری بەرپرس فەرمانی کرد، " چەکەکانتان سوارکەن... هێرش بکەن" !

شەڕ دەستی پێکرد، بووە هۆی مردن و برینداربوونی چەندین کەس. ڕووداوەکە ڕق و کینەیەکی وای دروستکرد کە نوێنەرایەتی ویلایەتەکە، پێکهاتبوو لە چەند کۆلۆنینشینێکی گرنگ و ناسراو)، کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری پێویست. دوو ئەندامی نوێنەرایەتیەکە، جۆن هانکۆك و ساموێل ئادەمس بوون - ناویان هەردەم بەرز و شکۆدار بێت! بوێرانە قسەیان کرد، وە ڕایانگەیاند کە پێویستە کار بکرێت بۆ وەدەرنانی هەموو سەربازە بەریتانیەکان لە بۆستۆن.

ئەمەت لەبیر بێت - بڕیارێك، لە مێزی دوو کەسدا، دەکرێت پێی بگوترێت دەستپێکی ئەو ئازادیەی کە ئێمە ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا چێژی لێ دەبینین.

ئەمەشت لەبیر بێت، کە بڕیاری ئەم دوو کەسە پێویستی بە باوەڕ و بوێری هەیە، لەبەرئەوەی زۆر مەترسیدار بوو.

بەرلەوەی کۆبوونەوەکە تەواو بێت، ساموێل ئادەمس دیاریکرا بۆ ڕۆیشتنە لای فەرمانڕەوای ویلایەتەکە، هەچینسۆن، وە داواکردنی کشانەوەی سەربازە بەریتانیەکان. داواکاریەکە جێبەجێکرا، سەربازەکان لە بۆستن نەمان، بەڵام ڕووداوەکە دانەخرا. بووە هۆی بارودۆخێك کە لە چارەی نووسرابوو تەواوی ڕەوتی شارستانیەت بگۆڕێت. سەیر نیە کە چۆن گۆڕانکاریە مەزنەکان، وەك شۆڕشی ئەمریکا و جەنگی جیهانی، زۆرجار دەستپێکەکەیان بە ڕووداوگەلێك دەستپێدەکات کە وا دەردەکەوێت بێ ئەرزش بن؟ هەروەها سەرنجڕاکێشە، سەرنجی ئەوە بدەیت کە ئەم گۆڕانکاریە گرنگانە بەگشتی لە شێوەی بڕیارێکی ڕووندا دەستپێدەکەن لە مێزی ڕێژەیەکی زۆر کەمی خەڵکدا. تەنها کەمێکمان

هێندە باش مێژووی وڵاتەکەمان دەزانین کە درك بەوە بکەین جۆن هانکۆك، ساموێل ئادەمس و ڕیچارد هێنری لی( لە ویلایەتی ڤێرجینیا)، باوکە ڕاستەقینەکانی وڵاتەکەمانن.

ڕیچارد هێنری لی بووە هۆکارێکی گرنگ لەم چیرۆکەدا بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە بەردەوام لەگەڵ ساموێل ئادەمسدا لە پەیوەندیدا بووە (لەڕێی نامەگۆڕینەوەوە)، ئازادانە ترس و هیواکانیان هاوبەشی پێکردووە دەربارەی ژیان و گوزەرانی خەڵکانی ویلایەتەکانیان. لەڕێی ئەم کارەوە، ئادەمس ئەو بیرۆکەیەی بۆ هات کە نامەگۆڕینەوەی هاوبەش لە نێوان سیانزە کۆلۆنیەکەدا ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ کاری پێکەوەیی کە زۆر پێویست بوو پەیوەست بە چارەسەرکردنی گرفتەکانیانەوە. دوو ساڵ دوای ڕووداوەکەی بۆستن ( ئازاری ۱۷۷۲)، ئادەمس ئەم بیرۆکەیەی پێشکەش بە نوێنەرایەتیەکە کرد، بە شێوەیەك کە کۆمیتەی نامەگۆڕینەوە دابمەزرێنرێت لە نێو کۆلۆنیەکاندا، لەگەڵ دیاریکردنی نامەنووسێك بۆ هەر کۆلۆنیەك، " بە مەبەستی کاری پێکەوەیی دۆستانە بۆ باشتربوونی کۆلۆنیەکانی ئەمریکای بەریتانی.

ئەم ڕووداوە باش دیاری بکە! ئەمە سەرەتای ڕێکخستنی هێزێکی لەبن نەهاتوو بوو کە لە چارەی نووسرابوو ئازادی بە من و تۆ ببەخشێت. دەستەی هۆشی باڵا ڕێکخرا، پێکهاتبوو لە ئادەمس، لی و هانکۆك، " با پێتان بڵێم، کە ئەگەر دووان لە ئێوە هاوڕا بوون دەربارەی داواکردنی هەر شتێك لەسەر زەوی، لە لایەن باوکمەوە بۆتان دێت، کە لە ئاسمان نیشتەجێیە".

کۆمیتەی نامەگۆڕینەوە ڕێکخرا. سەرنج بدە ئەم کارە بووە هۆی دابینکردنی شێوازێك بۆ زیادکردنی هێزی هۆشی بالاّ بە زیادکردنی کەسانێك لە هەموو کۆلۆنیەکانەوە. تێبینی ئەوە بکە کە ئەم ڕێکارە پێکهاتبوو لە یەکەم پلانی ڕێکخراوی کۆلۆنینشینە تووڕەکان.

هێز لە یەکێتیدایە ! هاولاّتیانی کۆلۆنیەکان جەنگێکی ڕێکنەخراویان لە دژی بەریتانیەکان دەستپێکردبوو، لە ڕێگەی ڕووداوگەلی هاوشێوەی ئەوەی بۆستن، بەلاّم هیچ قازانجێکی لێوە بەدەستنەهێنرابوو. بەرەنگاریەکانیان پتەو نەکرابوو لەژێر یەك هۆشی بالاّدا. هیچ گروپێك دلّ، هزر و ڕۆح و جەستەیان تێکەلّی یەکتر نەکردبوو لە بڕیارێکی ڕوون و دیاریکراودا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان لەگەلّ بەریتانیا بە یەکجاری و بۆ هەتاهەتایە، هەتا ئەو کاتەی ئادەمس و لی و هانکۆك پێکەوە یەکیانگرت.

لە هەمان کاتدا، بەریتانیەکانیش بێ کار دانەنیشتبوون. ئەوانیش لای خۆیانەوە هەندێك پلاندانان و " هۆشی بالاّ " دروسکردنیان ئەنجامدابوو، بەو قازانجەوە کە پالّپشتی دارایی و سوپای ڕێکخراویان هەبوو. خاوەنشکۆ گەیجی دیاریکرد بۆ شوێنگرتنەوەی هەتچینسۆن وەك حاکمی ماساچوستیس. یەکێك لە یەکەمین کارەکانی حاکمە نوێیەکە ناردنی پەیکێك بووە بەدوای ساموێل ئادەمسدا، بەمەبەستی هەولّدان بە وەستاندنی بەرەنگاریەکەی بەهۆی هەڕەشەوە.

دەتوانین بە باشترین شێوە تێبگەین لە ڕۆحیەتی ئەوەی چی ڕوویدا بە دانانەوەی قسەکانی نێوان کۆلۆنێل فینتۆن، ( پەیکەکەی کە لە لایەن گەیجەوە نێردرابوو) و ئادەمس.

کۆل. فێنتۆن،" به‌ڕێز ئاده‌مس، له‌ لایه‌ن گه‌یجه‌وه‌ ده‌سه‌ڵاتی ئه‌وه‌م پێدراوه‌ که‌ دڵنیات بکه‌وه‌، که‌ حاکم له‌ توانایدایه‌ که‌ هێنده‌ قازانجت پێببه‌خشێت که‌ ده‌ته‌وێت، ( هه‌وڵدان بۆ کڕینی ئاده‌مس به‌ به‌ڵێنی به‌رتیل)، به‌و مه‌رجه‌ی که‌ ئیتر ده‌ستبه‌رداری به‌ره‌نگاری بیت دژی ده‌سکه‌وته‌کانی حکومه‌ت. ئه‌وه‌ ئامۆژگاری حاکمه‌ بۆ تۆ، قوربان، که‌ چیتر نه‌بیته‌ هۆی ناڕه‌حه‌تی خاوه‌نشکۆ. کاره‌که‌ت به‌ جۆرێکه‌ که‌ شایسته‌ی سزای خاوه‌نشکۆت ده‌کات، که‌ به‌هۆیه‌وه‌ ده‌کرێت بنێردرێیت بۆ ئینگلته‌را بۆ دادگایکردنت به‌ تۆمه‌تی ناپاکی، یان به‌ گومانی ناپاکی، له‌سه‌ر خواستی حاکمی ویلایه‌ته‌که‌. به‌ڵام، به‌گۆڕینی ڕه‌وتی سیاسیت، نه‌ته‌نها ده‌سکه‌وتی که‌سی مه‌زن به‌ده‌ستناهێنیت، به‌ڵکو له‌گه‌ڵ پاشاشدا ئاشت ده‌بیته‌وه‌".

ساموێل ئاده‌مس بژارده‌ی دوو بڕیاری له‌به‌رده‌مدا بوو. ده‌یتوانی واز له‌ به‌ره‌نگاری بهێنێت و به‌رتیل وه‌ربگرێت، یان ده‌یتوانی به‌رده‌وامبێت و سه‌رکێشی له‌سێداره‌دان بکات!

ڕوونه‌ که‌ ئه‌و کاته‌ هات ساموێل ئاده‌مس ناچاربوو ڕاسته‌وخۆ بگاته‌ بڕیارێك که‌ ده‌کرا به‌ ژیانی خۆی باجه‌که‌ی بدات. زۆرینه‌ی خه‌ڵکی به‌لایانه‌وه‌ سه‌خته‌ گه‌یشتنه‌ بڕیارێکی له‌و چه‌شنه‌. زۆرینه‌ وه‌ڵامێکی خۆ ڕزگارکه‌ریان ده‌ناردەوه‌، به‌ڵام ئاده‌مس نا! به‌ به‌ڵێنی شه‌ره‌ف کۆلۆنێل فێنتۆنی ناچارکرد، که‌ کۆلۆنێل کتومت ئه‌و وه‌ڵامه‌ بگه‌یه‌نێته‌ حاکم که‌ ئاده‌مس پێی ده‌دات. وه‌ڵامه‌که‌ی ئاده‌مس ئه‌مه‌ بوو، " که‌واته‌ ده‌توانی به‌ حاکم گه‌یج بڵێیت که‌ پێمواپه‌ له‌مێژه‌ ئاشتیم له‌گه‌ڵ پاشای پاشاکان گرێداوه‌. هیچ به‌رژه‌وه‌ندیه‌کی که‌سی قایلم ناکات که‌ واز له‌ دۆزه‌

ڕەواکەی ولاتەکەم بەێنم. وە بە حاکم گەیج بڵێ ئەوە ئامۆژگاری سامویل ئادەمسە بۆی، کە چیتر سوکایەتی بە هەستەکانی خەڵکانێکی بێزارکراو نەکات".

قسەکردن لەسەر کەسایەتی ئەم پیاوە پێویست ناکات، دەبێت ئاشکرا بێت لە لای ئەو کەسانەی کە ئەم پەیامە دەخوێننەوە کە نێرەرەکەی خاوەنی دڵسۆزیەکە لە بەرزترین ئاستدا. ئەمە زۆر گرنگە. ( سیاسیە ناپاك و فێڵبازەکان ئەو شەرەفەیان ئەتك کرد کە پیاوانی وەك ئادەمسی لەسەر مرد).

کاتێك حاکم گەیج وەلامە پلاراویەکەی ئادەمسی پێگەیشت، گرِی گرت، وە بڕیارێکی دەرکرد بەم جۆرە، " من لێرەدا بە ناوی خاوەنشکۆوە، بەڵێنی لێبووردن دەردەکەم بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ چەکەکانیان دادەنێن، وە دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەرکەکانیان وەك هاولاتیەکی باش، بەلام ئەم لێبووردنە تەنها سامویل ئادەمس و جۆن هانکۆك ناگرێتەوە، کە هەڵەکانیان سروشتێکی هێندە تاوانکارانەی هەیە کە هیچ شتێکی تر هەڵناگرێت جگە لە سزایەکی شایستە".

هەروەك دەکرێت بگوترێت بە زمانی بازاڕی مۆدێرن، ئادەمس و هانکۆك " لێیان قەوما ! " هەڕەشەی پارێزگارە بێزارەکە ئەو دوو پیاوەی ناچارکرد کە بگەنە بڕیارێکی تر، کە ئەویش بە هەمان شێوە مەترسیدار بوو. بە پەلە داوای کۆبوونەوەیەکی نهێنی شوێنکەوتووە دڵسۆزەکانیان کرد. (لێرەدا هۆشی بالا دەستی بە جووڵە کرد.) دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە ڕێکخرا، ئادەمس دەرگاکەی کلیلدا و کیلەکەی خستە گیرفانیەوە، وە بە هەموو ئامادەبووانی ڕاگەیاند کە دەبێت کۆنگریسی کۆلۆنیینشینەکان

ڕێکبخرێت، وە هیچ کەسێك نابێت ژوورەکە جێبهێڵێت هەتا ئەگەنە بڕیارێك لەسەر کۆنگرێسێکی لەو چەشنە.

خۆشحاڵیەکی مەزن بە شوێنیدا هات. هەندێك ئەگەرەکانی دەرئەنجامەکانی ڕادیکالیزمێکی لەو چەشنەیان پێوانە دەکرد. (پیرە پیاوی ترس). هەندێك گومانی هەتەرانەیان دەردەبڕی لە هەمبەر شیاوی بڕیارێکی وا ڕوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی پاشا. لەو ژوورە داخراوەدا دوو کەس هەبوون کە بەرەنگاری ترس دەبوونەوە، کوێربوون لە هەمبەر ئەگەری شکست. هانکۆك و ئادەمس. لەڕێی کاریگەری هزریانەوە، ئەوانی تر قایلبوون کە لەڕێی کۆمیتەی نامەگۆڕینەوەوە، ئامادەکاری بکرێت بۆ سازدانی کۆبوونەوەی یەکەم کۆنگرەی کۆلۆنیەکان لە فیلادیلفیا، لە پێنجی ئەیلولی ١٧٧٤. ئەم ڕێکەوتەت لەبیر بێت. زۆر گرنگترە لە چواری ئەیلولی ١٧٧٦. ئەگەر هیچ بڕیارێك نەدرایە بۆ بەستنی کۆنگرەی کۆلۆنیەکان، دەکرا هیچ واژۆکردنێکی ڕاگەیاندی سەربەخۆیی نەبوایە.

بەر لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆنگرێسە نوێیەکە، سەرکردەیەکی تر، لە بەشێکی جیاوازی وڵاتدا بە هەتەری لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی " کورتەیەك دەربارەی مافەکانی ئەمریکای بەریتانی" دا بوو. ئەو تۆماس جیفەرسۆن بوو، لە ویلایەتی ڤێرجینیا، کە پەیوەندی لەگەڵ لۆرد دەنمۆر، ( نوێنەری پاشا لە ڤێرجینیا)، هاوشێوەی ئەوەی نێوان ئادەمس و هانکۆك لەگەڵ پارێزگارەکەیان گرژ و ئاڵۆز بوو.

ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی کورتەی مافەکانی بڵاوبۆوە. بە جیفەرسۆن ڕاگەیەنرا کە تۆمەتبارە بە ناپاکی مەزن دژی حکومەتی خاوەنشکۆکەی. ئیلهام بە هەڕەشەکە، یەکێك لە هاوکارەکانی جیفەرسۆن، پاتریك هێنری،

بوێرانە قسەی خۆی کرد، سەرنجەکانی لە ڕستەیەکدا کۆکردەوە کە دەکرێت بۆ هەمیشە لەبیر بمێنێت، " ئەگەر ئەمە ناپاکی بێت، دەی با زۆرترینی لێ ئەنجام بدەین".

کەسانێکی زۆری هاوشێوەی ئەمانە هەبوون ، کە بەبێ هێز، بەبێ پارە، بەبێ دەسەلآت بە بێ هێزی سەربازی، لە ڕامانێکی هەتەرانەدا بوون دەربارەی چارەنووسی کۆلۆنیەکان، سەرەتا بە سازدانی یەکەم کۆنگرەی کۆلۆنیەکان دەستیانپێکرد، بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوون - هەتا لە حەوتی حوزەیرانی ١٧٧٦ دا، ڕیچارد هێنری لی هەڵسا، ڕووی کردە کورسیەکە و ئامادەبووە ڕاچڵەکیوەکان و پێشنیاری خۆی کرد:

" بەڕێزان، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەم کۆلۆنیە یەکگرتووانە، مافی خۆیانە ببنە دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازاد، کە ئازاد بن لە هەموو وابەستەبوون و گوێڕایەڵیەك بۆ پاشای بەریتانیا، وە هەموو پەیوەندیەکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیای مەزن پێویستە بپچڕێنرێت".

پێشنیارە ناوازەکەی لی بە پەرۆشەوە تاوتوێکرا، بۆ ماوەیەکی هێندە زۆر کە ئارامی لەدەستدا، دواجار، دوای چەندین ڕۆژ مشتومڕ، دووبارە هەڵسا و بە دەنگێکی ڕوون و پتەو ڕایگەیاند، " بەڕێز سەرۆك، ئێمە بۆ چەندین ڕۆژ تاوتوێی ئەم بابەتەمان کرد. تاکە ڕێگایە بۆ ئەوەی شوێنی بکەوین. کەواتە قوربان بۆچی زیاتر دوای بخەین؟ بۆچی هێشتا بیری لێدەکەینەوە؟ با ئەم ڕۆژە خۆشە ببێتە ڕۆژی لەدایکبوونی کۆماری ئەمریکا. با بەرزببێتەوە، نەك بۆ لەناوبردن و داگیرکاری، بەڵکو بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئاشتی و یاسا. چاوەکانی ئەورووپا لەسەر ئێمەیە. داوای نموونەیەکی زیندووی ئازادیمان لێ دەکەن، کە دەکرێت

شتێکی جیاوازتر پیشان بدات، لە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی هاونیشتیمانیاندا، بە بەراورد بە دیکتاتۆریەتێکی هەردەم پەرەسەندوو".

بەرلەوەی ئەم پێشنیارە لە کۆتایدا دەنگی لەسەر بدرێت، لی بانگکرابەوە بۆ ڤێرجینیا، بەهۆی نەخۆشیەکی توندی خێزانیەوە، بەڵام بەر لە ڕۆیشتن، دۆزەکەی بە هاوڕێکەی سپارد، تۆماس جیفەرسۆن، کە بەڵێنیدا بجەنگێت هەتا هەنگاوی خوازراو دەنرێت. کەمێك دوای ئەوە سەرۆکی کۆنگرەکە (هانکۆك)، جیفەرسۆنی دیاریکرد وەك سەرۆکی کۆمیتەیەك بۆ نووسینی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.

کۆمیتەکە بۆ ماوەیەکی زۆر و بە سەختی کاری کرد، لەسەر بەڵگەنامەیەك کە ئەگەر کۆنگرێس پەسەندی بکات، واتای ئەوەیە هەر کەسێك واژۆی بکات ئەوا واژۆ لەسەر بەڵگەنامەی مردنی خۆی دەکات، کە دەبێت کۆلۆنیەکان جەنگ لە دژی بەریتانیەکان بەرپا بکەن، کە گومان لە ڕوودانی نەبوو.

بەڵگەنامەکە نووسرا، وە لە ٢٨ی حوزەیراندا، ڕەشنووسەکەی لەبەردەم کۆنگرێسدا خوێندرایەوە. بۆ چەندین ڕۆژ مشتومڕی دەربارە کرا، گۆڕانکاری تیاکرا و ئامادەکرا. لە ٤ی تەموزی ١٧٧٦دا، تۆماس جیفەرسن لەبەردەم کۆبوونەوەکەدا وەستا و بوێرانە گرنگترین بڕیاری خوێندەوە کە هەتا ئێستا خرابێتە سەر کاغەز.

" کاتێك بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکانی مرۆڤایەتی پێویستە خەڵکانێك ئەو کۆت و بەندە سیاسیەکانە بپچڕێنن کە پەیوەستیان دەکات بە خەڵکانی ترەوە، وە بۆ ئەوەی دڵنیاببنەوە کە بەشێکن لە بەهێزەکانی سەر زەوی، ئەو پێگە جیا و یەکسانەی کە یاساکانی سروشت، یان خودای

سروشت پێیداون، ڕێزێکی شایستە لە بیروڕاکانی مرۆڤایەتی داوایان لێدەکات کە ئەو هۆکارانە ڕابگەیەنن کە هانیاندەدا بۆ جیابوونەوە...

کاتێك جێفەرسۆن تەواو بوو، بەڵگەنامەکە دەنگی لەسەر درا، پەسەندکرا و واژۆکرا لە لایەن پەنجا و شەش کەسەکەوە، هەریەکەیان گرەوی بە ژیانی خۆیەوە دەکرد بە بڕیاری نووسینی ناوی لەسەری بەڵگەنامەکە.

بەو بڕیارە وڵاتێك هاتە بوون کە لە چارەی نووسرابوو بۆ هەمیشە ماف چارەی خۆنووسین بۆ مرۆڤایەتی بهێنێت.

بە بڕیارەکان ڕۆحیەتێکی باوەڕی هاوشێوە دروست دەکرێت، وە تەنها بەو چەشنە بڕیارانە، مرۆڤ دەتوانێت کێشە تایبەتیەکانی چارەسەر بکات، وە ڕێژەیەکی بەرزی سامانی دونیایی و ڕۆحی بۆ خۆیان بەدەستبهێنن، با ئەوەمان لەبیرنەچێت!

بە لێکۆڵینەوەی ئەو ڕووداوانەی کە بووە هۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەوە پەسەند دەکەین کە ئەم گەلە، کە ئێستا پێگەی سەروەری و ڕێزی هەیە لە نێو دەوڵەتە بەهێزەکانی دونیادا، بەهۆی بڕیارێکەوە دروستکرا لە لایەن هۆشی باڵاوە، کە پێکهاتبوو لە پەنجا و شەش کەس. بە باشی تێبینی ئەو ڕاستییە بکە کە ئەوە بڕیارەکەی ئەوان بوو سەرکەوتنی سوپاکەی واشنتۆنی مەیسەر کرد، لەبەرئەوەی ڕۆحیەتی بڕیارەکە لە دڵی هەموو ئەو سەربازانەدا بوو کە شەریان دەکرد لەگەڵیدا، وە وەك هێزێکی ڕۆحی ڕۆڵی گێڕا کە شتێك بە ناوی شکست ناناسێت.

هەروەها تێبینی ئەوەش بکە، ( بە دەسکەوتێکی مەزنی کەسیەوە)، کە ئەو هێزەی ئازادی بەم گەلە بەخشیوە، هەمان ئەو هێزەیە کە پێویستە بەکاربهێنرێت لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بیر لە خۆیان دەکەنەوە.

ئەو هێزە بەو بنەمایانە درووستکراوە کە لەم کتێبەدا باسکراون. زانینی ئەوە زۆر دژوار نییە، لە چیرۆکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیدا، بەلایەنی کەمەوە شەش لەو بنەمایانە بەکارهاتوون" ئارەزوو، بڕیار، باوەڕ، مکووڕی، هۆشی باڵا و پلانی ڕێکخراو.

لە تەواوی ئەم فەلسەفەیەدا ئەو پێشنیارە دەدۆزیتەوە کە بیر، پاڵپشت بە ئارەزوویەکی بەهێز، مەیلی گۆڕینی خۆی هەیە بۆ هاوتا بەرجەستەکەی. بەرلەوەی ئەم بابەتە تێپەڕێنین، حەز دەکەم ئەو پێشنیارەتان بۆ بەجێبەێڵم کە دەکرێت لەم چیرۆکەدا و لە چیرۆکی دامەزراندنی کۆمپانیای ستیلی ئەمریکادا بدۆزرێتەوە، باسێکی تەواوەتی ئەو میتۆدەیەک کە بەهۆیەوە بیر ئەم شێوە گۆڕینە ناوازەیە ئەنجام دەدات.

لە گەڕانتدا بەدوای نهێنی میتۆدەکەدا، بەدوای دەرئاسادا مەگەڕێ، لەبەرئەوەی نایدۆزیتەوە. تەنها یاسا جاویدانیەکانی سروشت دەبینیتەوە. ئەم یاسایانە بەردەستن بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان هەیە و بوێریان هەیە بۆ بەکارهێنانیان. ڕەنگە بەکاربهێنرێن بۆ ئازادکردنی نەتەوەیەک، یان بۆ کۆکردنەوەی سامان. هیچ نرخێکیان لەسەر نییە جگە لەو کاتەی کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لێیان. ئەوانەی بە ڕوونی و خێرایی دەگەنە بڕیار، دەزانن کە چیان دەوێت و بە گشتیش بە دەستی دەهێنن. سەرکردەکانی هەر بوارێکی ژیان بە خێرایی و تۆکمەیی بڕیار دەدەن. ئەوە هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە بۆچی سەرکردەن. دونیا خووی شوێنکردنەوەی ئەو کەسانەی هەیە کە ڕەفتار و گوفتارەکانیان وا پیشانی دەدات کە دەزانن چی دەکەن.

بێتوانایی لە بڕیارداندا خوویەکە کە بەگشتی لە لاویدا دروست دەبێت. خووەکە دەبێتە هەمیشەیی کاتێک لاوەکە خوێندنگای ناوەندی و ئامادەیی دەبڕێت، تەنانەت زانکۆش، بەبێ ئەوەی ئامانجێکی ڕوونی هەبێت. خاڵی لاوازی سەرەکی هەموو سیستەمە پەروەردەییەکان ئەوەیە کە نە خووی بڕیاردانی ڕوون دەڵێنەوە و نە هانیشی دەدەن.

زۆر بەسوود دەبێت کە هیچ زانکۆیەک هیچ خوێندکارێك وەرنەگرێت، هەتا ئەو کاتەی خوێندکارەکە ئامانجی سەرەکی خۆی لە خوێندن ڕانەگەیەنێت. هێشتا سوودێکی مەزنتری دەبێت، ئەگەر هەر خوێندکارێك کە دەچێتە خوێندنگای ناوەندی، ناچار بکرێت ڕاهێنان لەسەر خووی بڕیاردان وەرگرێت، وە ناچار بکرێن لە تاقیکردنەوەیەکی قایلکەردا دەربچن لەسەر ئەم بابەتە بەرلەوەی ڕێگەیان پێبدرێت پۆلەکان ببڕن.

خووی بێتوانایی لە بڕیارداندا وەرگیراوە بەهۆی کەموکوڕی لە سیستەمەکانی خوێندنماندا، لەگەڵ ئەو پیشەیدا دەڕوات کە خوێندکارەکە هەڵی دەبژێرێت... ئەگەر ... لە ڕاستیدا، ئەگەر خۆشی هەڵی بژێرێت. بەگشتی، کاتێك لاوێك خوێندن تەواو دەکات بەدوای هەر کارێکدا دەگەڕێت کە دەکرێت بدۆزرێتەوە. یەکەم شوێن وەردەگرێت کە دەیدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی کەوتۆتە نێو خووی بێتوانایی لە بڕیاردانەوە. ئەمڕۆ نەوەد و هەشتی هەر سەت کەسێك کە بۆ مووچە کاردەکەن، لەو پێگەیەی ئێستایاندان، چونکە توانای بڕیاردانی ڕوونیان نییە بۆ ئەوەی پلان بۆ پێگەیەکی دیاریکراو داڕێژن، وە زانیاریان نییە لەسەر ئەوەی چۆن خاوەنکارێك هەڵبژێرن.

ڕوونی لە بڕیارداندا هەمیشە پێویستی بە بوێری هەیە، هەندێک کات بوێرییەکی زۆر مەزن. پەنجا و شەش کەسەکەی کە بەڵگەنامەی سەربەخۆیان واژۆ کرد ژیانی خۆیان خستە گرەوەوە لەسەر بڕیاری دانانی واژۆکانیان لەسەر بەڵگەنامەکە. ئەو کەسەی کە دەگاتە بڕیارێکی ڕوون بۆ بەدەستهێنانی کارێکی دیاریکراو، وە ناچارکردنی ژیان بە پێدانی ئەوەی داوای دەکات، ژیانی ناخاتە گرەوەوە لەسەر ئەو بڕیارە بەڵکو ئازادی ئابووری خۆی دەخاتە گرەوەوە. سەربەخۆیی ئابووری، سامان، بازرگانییەکی ئارەزووکراو و پێگەگەلی پیشەگەرانە بۆ ئەو کەسە بەردەست نین کە فەرامۆشی دەکات یان ڕەتیدەکاتەوە چاوەڕێ، داوای ئەو شتانە بکات و پلانیان بۆ دابنێت. ئەو کەسەی ئارەزووی سامان دەکات بە هەمان ئەو ڕۆحیەتەی ساموێل ئادەمس ئارەزووی ئازادی دەکرد بۆ کۆڵۆنیەکان، بە دڵنیایەوە سامان کۆدەکاتەوە.

لە بەشی تایبەت بە پلانی ڕێکخراودا، ڕێنمایی تەواو دەدۆزیتەوە دەربارەی بازارگەری هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزارییە کەسیەکان. هەروەها زانیاری ورد دەدۆزیتەوە دەربارەی ئەوەی چۆن ئەو خاوەنکارە هەڵبژێریت کە پێت باشە، وە ئەو کارە دیاریکراوەی کە ئارەزووی دەکەیت. ئەم ڕێنماییانە هیچ نرخێکی نابێت بۆت هەتا بە ڕوونی بڕیار نەدەیت لە پلانێکدا ڕێکیان بخەیت و نەیکەیتە کردار.

بەشی٩

# مکووڕی[1] : هەوڵدانی بەردەوام پێویست بۆ قایلکردنی باوەڕ

---------

## هەنگاوی هەشتەم بەرەو سامان

مکووڕی فاکتەرێکی بنچینەییە لە ڕێکاری گۆڕینی ئارەزوو بۆ هاوتا داراییەکەی. بنچینەی مکووڕی هێزی ویستە.

توانای ویست و ئارەزوو، کاتێك بە چاکی تێکەڵ دەکرێن، دووانەیەکی سەرنجڕاکێش پێکدێنن. ئەو کەسانەی کە سامانێکی زۆر کۆدەکەنەوە بەگشتی ناسراون بە خوێن سارد و بێ بەزەیی. زۆر جار بە هەڵە لێیان تێدەگەن. ئەوەی هەیانە هێزی ویستە، کە لەگەڵ مکووڕیان تێکەڵیان کردووە، وە خستوویانەتە سەر ئارەزووەکانیان بۆ دڵنیابوونەوە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

---

[1] مکووڕی: سووربوون لەسەر کارێك، یان شتێك.

بە گشتی خەڵکی وا لە هێنری فۆرد تێگەیشتبوون کە بێباك و بێ بەزەییە. ئەم هەڵە تێگەیشتنە لەو خووەی هێنری فۆردەوە چەکەرەی کرد کە لە هەموو بارودۆخەکاندا بە مکووڕییەوە شوێن پلانەکانی دەکەوت. زۆرینەی خەڵکی ئامادەن کە ئامانج و مەبەستەکانیان فڕێبدەنە نێو دەریاوە، لەگەڵ بینینی یەکەم نیشانەی بەرەنگاری یان بەدبەختی واز دەهێنن. کەسانێکی کەم سەرەڕایی هەموو بەربەست و بەرەنگاریەکان هەر بەردەوام دەبن، هەتا ئەو کاتەی ئامانجەکانیان بەدەست دەهێنن. ئەم کەسانە فۆرد، کارنیج، ڕۆکفیلەر و ئەدیسۆنن.

ڕەنگە هیچ مانایاکی پاڵەوانانە بۆ وشەی "مکووڕی" نەبێت، بەڵکو ئاکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی کەسەکە کە کاریۆن بۆ ستیلە. بە گشتی، پێکەوەنانی سامان تەواوی ئەو سیانزە بنەمایەی ئەم فەلسەفەیەی پێویستە. ئەم بنەمایانە دەبێت فام بکرێن، پێویستە بە مکووڕیەوە جێبەجێ بکرێن لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دەیانەوێت پارە پەیدا بکەن.

ئەگەر بەو مەبەستە لەگەڵ ئەم کتێبەدا هاتوویت کە ئەو زانیاریانە جێبەجێ بکەیت کە باسی دەکات، یەکەم تاقیکاری مکووڕیت دەردەکەوێت کاتێك دەست دەکەیت بە شوێنکەوتنی ئەو شەش هەنگاوەی لە بەشی دووەمدا باسکراون. مەگەر ئەوەی لەو یەك یان دوو کەسە بیت لە هەر سەت کەسێکدا کە هەر لە سەرەتاوە ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراویان هەیە و پلانێکی ڕوونیان هەیە بۆ ئەوەی شوێنی بکەون بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت، دەنا ڕەنگە ڕێنماییەکان بخوێنیتەوە، دواتر

بەردەوام بیت لەسەر ڕۆتینی ڕۆژانەت و هەرگیز بەگوێرەی ئەو ڕێنمایانە کار نەکەیت.

نووسەر لەم خاڵەدا تاقیتان دەکاتەوە، چونکە نەبوونی مکووڕی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکست. سەرباری ئەوەش، ئەزموون لەگەڵ هەزاران کەس ئەوەی سەلماندووە کە نەبوونی مکووڕی لاوازییەکی باوە لە نێو زۆرینەی خەڵکیدا.لاوازییەکە کە دەکرێت بە هەوڵدان بەسەریدا زاڵ بێت. ئەو شێوازەی کە دەکرێت بەهۆیەوە بەسەر نەبوونی مکووڕیدا زاڵبیت بە تەواوەتی بەندە لەسەر بەهێزی ئارەزووەکانی کەسەکە.

خاڵی دەستپێکی هەموو سەرکەوتنەکان ئارەزووە. بەردەوام با ئەمە لە هزرتدا بێت. ئارەزووگەلی لاواز ئەنجامی لاواز دەهێنێت، وەك چۆن ئاگرێکی بچووك گەرمییەکی کەم دەبەخشێت. ئەگەر پێتوایە مکووڕیت نییە، دەکرێت ئەم لاوازییە بە کردنەوەی ئاگرێکی بەهێزتر لە ژێر ئارەزووەکانتدا چارەسەر بکرێت.

بەردەوامبە لە خوێندنەوە هەتا کۆتایی، دواتر بگەڕێرەوە بۆ بەشی دووەم و یەکسەر دەستبکە بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی پەیوەست بە شەش هەنگاوەکە. ئەو پەرۆشییەی کە بەهۆیەوە شوێن ئەو ڕێنماییانە دەکەویت، بە ڕوونی ئەوە پیشان دەدات کە چەند زۆر، یان چەند کەم، بە ڕاستی ئارەزووی کۆکردنەوەی سامان دەکەیت. ئەگەر بۆت دەرکەوت بێباکیت، دەکرێت دڵنیابیت کە هێشتا ئەو " بەئاگایی ـ پارە" یەت بەدەستنەهێناوە کە پێویستە هەتبێت، بەرلەوەی دڵنیابیتەوە لە کۆکردنەوەی سامان.

سامان بۆ ئەو کەسانە دێت کە هزریان ئامادە کردووە کە " ڕاکێشن"، هەروەک چۆن ئاو بۆ زەریا ڕادەکێشرێت. لەم کتێبەدا دەکرێت هەموو ئەو وروژێنەرانە بدۆزرێنەوە کە پێویستن بۆ " سازاندن"ی هەر هزرێک بۆ لەرەلەرێک کە ئامانجی ئارەزووەکانی کەسەکە ڕادەکێشێت.

ئەگەر بۆت دەرکەوت لاوازی لە سووربوون و مکووڕیدا، هۆشت لەسەر ئەو ڕێنماییانە چڕ بکەرەوە کە لە بەشی تایبەت بە " هێز" دا پێتدراون، چواردەوەری خۆت بگرە بە گروپی " هۆشی باڵا"، وە لەڕێی هەوڵی پێکەوەیی ئەندامانی ئەم گروپەوە، دەتوانی گەشە بە مکووڕی بدەیت. ڕێنمایی زیادە دەدۆزیتەوە بۆ گەشەپێدانی مکووڕی لە بەشەکانی تایبەت بە خوود پێشنیاری و هۆشی نائاگا. شوێن ڕێنماییەکانی ئەم بەشانە بکەوە هەتا ئەو کاتەی سروشتی خووەکانت وێنەیەکی ڕوونی ئامانجی ئارەزووەکانت دەداتە هۆشی نائاگات، لەو خاڵە بەدواوە، چیتر لاوازی مکووڕیت نامێنێت.

هۆشی نائاگات بە بەردەوامی کار دەکات، لە کاتێکدا کە بە ئاگاییت و لە کاتێکدا کە خەوتویت. هەوڵی جار جار یان کورت بۆ جێبەجێکردنی یاساکان هیچ نرخێکی نابێت بۆت. بۆ بەدەستهێنانی ئەنجام، پێویستە هەموو یاساکان جێبەجێ بکەیت هەتا ئەو کاتەی جێبەجێکردنیان وەک خوویەکی لێدێت. بە هیچ ڕێگەیەکی تر ناتوانیت " بەئاگایی - پارە" گەشە پێبدەیت.

هەژاری بۆ ئەو هزرە ڕادەکێشرێت کە دڵخوازێتی، وەک چۆن پارە بۆ ئەو هزرە ڕادەکێشرێت کە بە مەبەستەوە ئامادەکراوە بۆ ڕاکێشانی، وە لە ڕێی هەمان یاساوە. بەئاگایی هەژاری خۆبەخشانە ئەو هزرانە کەمارۆ

دەدات کە بە بەئاگایی پارە پڕنەکراون. بەئاگایی هەژاری بەبێ جێبەجێکردنی بەئاگایانەی ئەو خووانە گەشە دەکات کە دڵخوازن بەلایەوە. بەئاگایی پارە پێویستە دروست بکرێت، مەگەر ئەوەی کەسەکە خۆی بەو ئاگاییەوە لەدایکبوو بێت.

گرنگی تەواوەتی ئەو گوزارشتەی پەرەگراف پێشوو بزانە، ئەوسا لە گرنگی مکووڕی تێدەگەیت لە کۆکردنەوەی ساماندا. بەبێ مکووڕی، شکست دەهێنیت، تەنانەت بەرلەوەی دەستپێبکەیت. بە مکووڕیەوە سەرکەوتوو دەبیت.

ئەگەر هەتا ئێستا ئەزموونی دێوەزمەت کردووە، ئەوا درک بە نرخی مکووڕی دەکەیت. لە جێخەودا ڕاکشاویت، نیوە خەوتوو، بە هەستێکەوە کە پێتوایە خەریکە دەخنکێیت. ناتوانیت بسوڕێیت، یان ماسولکەیەك بجوڵێنیت. درك بەوە دەکەیت کە پێویستە کۆنترۆڵی ماسولکەکانت بکەیتەوە. لە ڕێی هەوڵی مکوڕانەی هێزی ویستەوە، دواجار دەتوانی پەنجەکانی دەستێکت بجوڵێنیت. بە بەردەوام بوون لە جوڵاندنی پەنجەکانت، کۆنترۆڵت بۆ سەر ماسولکەکانی قۆڵێکیشت درێژ دەکەیتەوە، هەتا ئەو کاتەی دەتوانیت بەرزی بکەیتەوە. دواتر قۆڵەکەی تریشت بە هەمان شێواز کۆنترۆڵ دەکەیت. لە کۆتایدا کۆنترۆڵی ماسولکەکانی قاچێکت دەکەیت، دواتر دەیگەیەنیتە قاچەکەی ترت، دواتر بەهۆی هەوڵێکی گەورەی ویستەوە ـ بە تەواوەتی کۆنترۆڵی سیستەمی ماسولکەکانت دەکەیتەوە و دێوەزمەکەت لەسەر لادەچێت.

ڕەنگە بەلاتەوە پێویست بێت کە نەگۆڕی هزریت نەهێڵیت. لە ڕێی ڕێکارێکی هاوشێوەوە. لە سەرەتادا بە خاوی جوولە بکەیت، دواتر

خێرایەکـەت زیـاد بکـەیت، هـەتا ئـەو کاتـەی کـۆنترۆڵی تـەواوەتی بەدەستدەهێنیت بەسـەر ویستتدا. مکوڕیـە گـرنگ نییـە لـە سـەرەتادا چەندێك خاو دەجولێیت.

## بە مکووڕی سەرکەوتن بەدەستدێت

ئەگەر بە وریایەوە گروپـی " هۆشـی بـالا " هەلبـژێریت، کـە بەلایـەنی کەمەوە کەسێکی تێدا بێت یارمـەتیت بدات لـە گەشـەپێدانی مکووڕی. هەندێك لـەو کەسـانەی کـە سـامانێکی مـەزنیان کۆکردۆتـەوە، بـەهۆی پێویستیەوە ئەوەیان کردووە. گەشەیان بە خووی مکووڕی داوە، چونکە هێندە لە نزیکەوە بە بارودۆخەکان ناچارکراون، هەر دەبوو مکووڕبن.

هـیچ جێگرەوەیـەکی مکووڕی نییـە! ناکرێـت بـە هـیچ خاسـیەتێکی تـر جێگـەی بگیرێتـەوە! هـەر لـە سـەرەتاوە ئەمـەت لـەبیربێت، متمانەبـەخۆبوونت زیـاد دەکـات، کاتێـك بەرەوپێشچـوون خـاو و سـەخت دەردەکەوێت. ئەوانەی کـە خـووی مکووڕیـان چاندووە وابیـارە کـە چێـژ لەوە دەبینن کە دڵنیاییان لە دژی شکست هەیـە. گـرنگ نییـە چەند جار شکست دەهێنن، دواجار هەر دەگەنە ترۆپکی پلیکانەکە..

هەنـدێکجار وا دەردەکـەوێت ڕێبـەرێکی شـاراوە هـەبێت کـە ئـەرکی تاقیکردنەوەی خەڵکیە لەڕێی هەموو جۆرە ئـەزموونێکی ساردکەرەوەوە. ئەوانەی کە لە دوای شکست خۆیان ڕێکدەخەنەوە و لە هەوڵدان بـەردەوام دەبـن، دەگەنـەوە دونیـا هـاوار دەکـات، " هەربـژی! دەمزانـی دەتـوانی ئەنجامی بدەیت! " ڕێبەرە شاراوەکە ڕێگـە نـادات هـیچ کەسێك چێژ لە دەسـکەوت و سـەرکەوتنێکی مـەزن ببینێـت بـەبێ دەرچـوون لـە تاقیکردنەوەی مکووڕیدا.

- ئەوانەی کە دەتوانن وەربیگرن بێشومار خەڵات دەکرێن لە بەرامبەر مکووڕیەکەیاندا. وەك پاداشتێك ئەو ئامانجە بەدەستدەهێنن کە بە شوێنیدا وێڵن. ئەوە هەمووی نییە! شتێك وەردەگرن کە بێ ئەندازە گرنگترە لە پاداشتی دارایی - ئەو زانیاریەی کە " هەموو شکستێك لەگەڵ خۆیدا تۆووی سەرکەوتنێکی هاوتا دەهێنێت".

ئەم یاسایە هەندێك کەس ناگرێتەوە" کەسانێکی کەم لەڕێی ئەزموونەوە گرنگی مکووڕی دەزانن. ئەوانەن کە جگە لە شتێکی کاتی شکستیان وەك هیچی تر پەسەند نەکردووە.

ئەو کەسانەن کە ئارەزووەکانیان هێندە مکوڕانە جێبەجێکردووە کە لە کۆتایدا شکستیان بۆ سەرکەوتن گۆڕیوە. ئەوانەمان کە لە لێواری ژیان وەستاوین کەسانێکی وێجگار زۆر دەبینین کە بە شکست کەتوون و هەرگیز هەڵناستنەوە. کەسانێکی کەم دەبینین کە سزای شکست وەك بەهانەیەك بۆ هەوڵدانی زیاتر بەکاردەهێنن. خۆشبەختانە، ئەمانە هەرگیز فێرنابن گێڕی گەڕانەوە دواوەی ژیان پەسەند بکەن. بەڵام ئەوەی کە ئێمە نایبینین، ئەوەی کە کەسمان گومانی ئەوە ناکەین کە بوونی هەبێت، هێزێکی بێدەنگ بەڵام بەهێزە کە بە هانای ئەو کەسانەوە دێت کە شەڕ لەگەڵ ساردبوونەوەدا دەکەن. ئەگەر قسە لەسەر ئەم هێزە بکەین پێی دەڵێین مکووڕی و بەو شێوەیە وازی لێدەهێنین. شتێك کە هەموومان دەیزانین، ئەوەیە کە ئەگەر کەسەکە خاوەنی مکووڕی نەبێت، ئەوا کەسەکە سەرکەوتنێکی شایستە بەدەستناهێنێت لە هیچ بوارێکدا.

کە ئەم دێڕانە نووسران، سەر لەسەر کارەکەم هەڵدەگرم، کەمتر لە بینایەك لە خۆم دوور شەقامی مەزنە ڕازئامێزەکەی " برۆدوەی، "

گۆڕستانی هیوا مردووەکان،" هەیوانی پێشەوەی دەرفەیت" دەبینم. لە سەرانسەری دونیاوە خەڵکی هاتوون بۆ برۆدوەی، بەدوای ناوبانگ، سامان، هێز، ئەوین، یان هەر شتێك کە مرۆڤ پێی بڵێت سەرکەوتن دەگەڕێن. هەر جارە و لە ماوەیەکی زۆردا کەسێك لە ڕیزی ئەو کەسانەدا دێتەدەرێ، وە دونیا دەبیستێت کە کەسێکی تریش برۆدوەی کۆنترۆڵ کرد. بەڵام برۆدوەی بە ئاسانی و خێرایی کۆنترۆڵ ناکرێت. تەنها کاتێك ددان بە بەوەدا دەنێت، بلیمەتی دەناسێتەوە، پارە دەبەخشێت، کە کەسەکە وازهێنان ڕەتبکاتەوە.

دواتر دەزانین کە نهێنی داگیرکردنی برۆدوەی دۆزیوەتەوە. نهێنیەکە هەمیشە بە جیانەکراوەیی لکاوە بە یەك وشەوە، مکووڕی!

نهێنیەکە باسکراوە لە کۆششی فانیی هورست کە مکووڕیەکەی ڕێگای سپی مەزنی داگیرکرد. لە ١٩١٥ هاتە نیۆرك، بۆ گۆڕینی نووسین بە سامان. گۆڕینەکە بە خێرایی ڕوویندا، بەڵام دواجار هەر ڕوویدا. بۆ ماوەی چوار ساڵ خاتوو هورست دەربارەی " شۆستەکانی نیۆرك" فێردەبوو لە ئەزموونی ڕاستەوخۆوە. ڕۆژەکانی بە کارکردن و شەوەکانی بە هیواخواستنەوە بەسەر دەبرد. کاتێك هیوا کز دەبوو، نەیدەگوت، " زۆرباشە برۆدوەی، تۆ برتەوە!" بەڵکو دەیگوت، " زۆر چاکە، برۆدوەی، ڕەنگە بتوانیت هەندێك کەس بخەیت، بەڵام من نا. وات لێ دەکەم کە ناچار بیت وازبهێنیت".

یەکێك لە ناوەندەکانی بلاوکردنەوە ( ساتردەی ئیڤنینگ پۆست) سێ نامەی ڕەتکردنەوەی بۆ نارد، بەرلەوەی " سەهۆڵەکە بشکێنێت و چیرۆکێك بنێرێت. نووسەرێکی ئاسایی، وەك هەر کەسێکی " ئاسایی" لە

هەموو بوارەکانی تری ژیاندا، لەگەڵ هاتنی یەکەم نامەی ڕەتکردنەوەدا وازی لە کارەکە دەهێنا. چوار ساڵ شۆستەکانی کوتا بۆ ئەوەی " نەخێر"ی بڵاوکارەکە بگۆڕێت، چونکە سووربوو لەسەر ئەوەی کە سەربکەوێت.

دواتر قوربانیدانەکە هات. تەلیسمەکە شکا، ڕێبەرە نادیارەکە فانی هورستی تاقیکردەوە. لەو کاتە بەدواوە بڵاوکارەکان ڕێچکەیان دەبەست بەرەو دەرگای ماڵەکەی. پارە هێندە بە خێرایی هات کە بە ئاستەم پێرادەگەیشت بیژمێرێت. دواتر خەڵکانی فلیمساز دۆزیانەوە، ئەوسا پارە بە بڕی کەم نەدەهات، بەڵکو وەك لافاو. ماف فیلمکردنی تازەترین ڕۆمانی " پێکەنینی مەزن" ۱ ملیۆن دۆلاری بۆ دەستەبەرکرد، بووە زۆرترین نرخ کە هەتا ئێستا بە چیرۆکێك درابێت بەر لە بڵاوبوونەوەی. دەسکەوتەکانی فرۆشی کتێبەکەی ڕەنگە زۆر لەوەش زیاتر بێت.

بە کورتی باسی ئەوەت بۆ کرا کە مکووڕی لە تواناتدایە چیت بۆ بەدەستبهێنێت. فانی هورستیش لەوە بەدەر نییە. هەرکاتێك ژنان و پیاوان سامانێکی زۆریان کۆکردەوە، دڵنیابە سەرەتا مکووڕیان بەدەستهێناوە. بڕۆدوەی کوپێك قاوە و لەفەیەك دەدات بەهەر دەرۆزەکەرێك، بەڵام داوای مکووڕی دەکات لەوانەی بەدوای دەسکەوتی مەزنەوەن.

کەیت سمیس دەڵێت " ئامین" کاتێك ئەمە دەخوێنێتەوە. بۆ چەندین ساڵ گۆرانی چڕی، بەبێ پارە و بێ هیچ نرخێك، بەرلەوەی بتوانێت بە مایکریفۆنێك بکات. بڕۆدوەی پێیگوت، " وەرە و بەدەستی بهێنە، ئەگەر توانیت بەدەستی بهێنیت." بەدەستی هێنا هەتا لە ڕۆژێکی خۆشدا

بڕۆدوەی ماندوو بوو و گوتی، " ئۆو، سوودی چییە، تۆ نازانیت کاتێک شکست دەهێنیت، بۆیە نرخی خۆت بڵێ و ڕاستگۆیانە دەست بکە بە کار." خاتوو سمیس نرخی خۆی دیاریکرد!

فرە زۆر بوو. بە جۆرێك کە مووچەی هەفتەیەکی بەرزتر بوو لە مووچەی ساڵێکی تەواوی زۆربەی خەڵك.

## بەدڵنیاییەوە نرخی خۆی دەوێت مکوڕ بێت!

لێرەدا گوزارشتێکی هاندەرانە هەیە کە پێشنیارێکی گرنگی لە خۆیدا هەلگرتووە - هەزاران گۆرانیبێژ کە زۆر لە کەیت سمیس بەتواناتر بوون بە بڕۆدوەیدا دەهاتن و دەچوون لە چاوەڕوانی دەروویەکی خێردا ـ بەبێ ئەوەی سەرکەوتوو بن. ڕێژەیەکی بێشوماریش هاتن و ڕۆیشتن، زۆرێکیان زۆر بە باشی گۆڕانیان دەچڕی، بەڵام شکستیان هێنا لەوەی سەرکەوتوو بن چونکە بوێری بەردەوامبوونیان نەبوو، هەتا ئەو کاتەی بڕۆدوەی ماندوو بوو لە سازاندنیاندا. مکووڕی دۆخێکی هزرییە، هەر لەبەرئەوە دەتوانرێت پەروەردە بکرێت.

وەك هەموو دۆخە هزرییەکان، مکووڕیش بەندە لەسەر هۆکارگەلی دیاریکراو، لە نێویاندا ئەمانە:-

أ ـ ڕوونی لە ئامانجدا: زانینی ئەوەی کەسەکە چی دەوێت لە سەرەتاوە، وە دەشێ گرنگترین هەنگاوی بەرەو گەشەپێدانی مکووڕی بێت. هاندەرێکی بەهێز کەسەکە دنەدەدات بەسەر گەلێك ئاستەنگدا سەربکەوێت

ب _ ئارەزوو: بە ڕێژەیەکی زۆر ئاسانترە مکووڕی بەدەستبهێنێت بە شوێنکەوتنی مەبەستەکەت بە ئارەزوویەکی بەهێزەوە.

ج _ پشت بەخۆبەستن: باوەڕبوون بەتوانای خۆت بۆ جێبەجێکردنی پلانێک هانت دەدات بۆ شوێنکەوتنی پلانەکە بە مکووڕییەوە. (پشت بەخۆبەستن دەشێت گەشەی پێبدرێت لەڕێی ئەو بنەمایەوە کە لە بەشی خورد پێشنیاریدا باسکراوە.)

د _ پلانگەلی ڕوون: پلانگەلی ڕێکخراو، کە هەرچەندە ڕەنگە لاواز و ناکرداریش بن، مکووڕی دنە دەدەن.

ت _ زانیاری دروست: زانینی ئەوەی کە پلانەکانت کار دەکەن، لەسەر بنەمای ئەزموون و ڕامان، دنەی مکووڕی دەدەن "گریمانە کردن" لەبری "زانین" مکووڕی لەناودەبات.

ی _ کاری پێکەوەیی: هاوسۆزی، تێگەیشتن و کاری پێکەوەیی هاوسەنگ لەگەڵ ئەوانی تر مکووڕی گەشە پێدەدات.

و _ هێزی ویست: خووی هۆشچڕکردنەوە لەسەر داڕشتنی پلانگەلێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بەرەو مکووڕیت دەبات.

ف _ خوو: مکووڕی ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی خووە. هزر تێکەڵ دەبێت و دەبێتە بەشێکی ئەزموونی ڕۆژانە لەسەر بنەمای ئەوەی چی پێدەدرێت. ترس، خراپترینی هەموو دوژمنەکان، دەکرێت سەرکەوتووانە چارەسەر بکرێت بە بەهێز دووپاتکردنەوەی بوێری. هەموو ئەوانەی لە جەنگدا خزمەتیان کردووە ئەوە دەزانن.

بەرلەوەی بابەتی مکووڕی بەجێبهێڵین، توێشووی خۆت بخە، وە بزانە لە چی خاسیەتێکدا کەموکوڕیت هەیە، ئەگەر هەبێت. بوێرانە خۆت

هەڵبسەنگێنە، خاڵ بە خاڵ، وە بزانە چەندێك لە هەشت هۆكارەكەی مكووڕیت تێدا نییە. ئەم شیكاریە دەشێ هەندێك شتت بۆ دەربخات كە ببێتە هۆی ئەوەی دەستگرێكی نوێت پێبدات.

## نیشانەكانی نەبوونی مكووڕی

لێرەدا ئەو دوژمنانە دەبینیت كە لە نێوان تۆ و سەركەوتندا وەستاون. لێرەد تەنها ئەو نیشانانە باسنەكراون كە دەخەری لاوازین لە مكووڕیدا. بەڵكو هۆكارە قوڵەكانی نێو هۆشی نائاگای ئەم لاوازیانەش باسكراوە. بەوردی لە لیستەكە بكۆڵەرەوە، وە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خۆت بەرەوە ئەگەر بە ڕاستی ئارەزوو دەكەیت بزانیت كە كێیت، وە لە تواناتدایە چی بكەیت.

ئەمانە ئەو لاوازیانەن كە پێویستە هەموو ئەوانەی سامانێكی مەزن كۆدەكەنەوە كۆنترۆڵیان بكەن.

١ ـ شكستهێنان لە درككردن یان بە ڕوونی دیاریكردنی ئەوەی كە كەسەكە چی دەوێت.

٢ ـ دواخستن بە هۆكارێك و بەبێ هۆكار ( بەگشتی پاڵپشتی دەكرێت بە كۆمەڵێك بیانو و پاساوی نابەجێ).

٤ ـ نەبوونی ئارەزوو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری تایبەتمەند.

٥ ـ بێتوانایی لە بڕیارداندا، خووی " خۆلادان لە بڕیاردان" لە هەموو دۆخەكاندا، لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مەسەلەكان ببیتەوە.(ئەمەش بە پاساوەكان پاڵپشتی دەكرێت.)

٦ _ خوود قایلکردن، دەرمانێکی وا نییە بۆ ئەم شتە، وە هیچ هیوایەك نییە بۆ ئەوانەی بەدەستیەوە دەناڵێنن.

٧ _ بێباکی، بەگشتی لە ئامادەیی قایلبوونی کەسەکەدا ڕەنگدەداتەوە لە هەموو بارودۆخەکاندا، لەبری ئەوەی بەرەنگاربێتەوە و شەڕی لەگەڵدا بکات.

٨ _ خووی لۆمەکردنی ئەوانی تر بۆ هەڵەکانی خۆی، وە پەسەندکردنی بارودۆخە نەخوازراوەکان وەك دۆخێکی حەتمی.

٩ _ لاوازی ئارەزوو، بەهۆی فەرامۆشکردنی هەڵبژاردنی ئەو هاندەرانەی کە کردار بەگەڕدەخەن.

١٠ _ ئامادەیی، تەنانەت پەرۆشیش، بۆ وازهێنان لەگەڵ بینینی یەکەم نیشانەی شکستدا. ( لەسەر بنەمای یەکێك یان چەند دانەیەك لە شەش ترسە بنەڕەتیەکە.)

١ _ نەبوونی پلانگەلی ڕێکخراو، کە نووسرابن و بتوانرێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.

١٢ _ خووی فەرامۆشکردنی کارکردن بە بیرۆکەکان، یان نەقۆستنەوەی دەرفەتەکان کاتێك دەرەخسێن.

١٣ _خۆزگە خواستن لەبری کار بۆ کردن.

١٤ _خووی ڕازیبوون بە هەژاری لەبری بە ئامانجگرتنی دەوڵەمەندی. نەبوونی ویستی گشتی بۆ بوون، ئەنجامدان و خاوەندارێتی.

١٥ _گەڕان بەدوای قەدبڕ بۆ گەیشتن بە سامان، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنان بەبێ بەخشینی هاوتایەکی دادپەروەرانە. بەگشتی لە

خووەکانی قومارکردن و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی نەشیاودا خۆی دەبینێتەوە.

١٦_ ترس لە ڕەخنە، شکستهێنان لە دروستکردن و بەگەڕخستنی پلانەکان، بەهۆی ئەوەوە کە خەڵکانی تر چۆن بیردەکەنەوە و چی دەکەن و چی دەڵێن. ئەم دوژمنە لە سەری سەرەوەی لیستەکەدایە، لەبەرئەوەی بە گشتی لە هۆشی نائاگای کەسەکەدا بوونی هەیە، لە کاتێکدا کە درك بە بوونی ناکرێت. ( لە شەش ترسە بنەڕەتیەکە بڕوانە لە بەشی دواتردا.)

با هەندێك لە نیشانەکانی ترس لە ڕەخنە باس بکەین. زۆرینەی خەڵك ڕێگە بە خزم و هاوڕێ و خەڵکی بە گشتی دەدەن کە هێندە کاریگەریان لەسەر دابنێن کە نەتوانن بە ویستی خۆیان بژین، لەبەرئەوەی لە ڕەخنە و تانە دەترسن.

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەڵە دەکەن لە هاوسەرگیریدا، لەو بارەدا دەمێننەوە و ژیانیان بە ناسۆر و ناخۆشی تێدەپەڕێنن، چونکە لەو تانانە دەترسن کە ڕەنگە لێیان بگیرێت ئەگەر هەڵەکە ڕاست بکەنەوە.

(هەر کەسێك کە ڕێگەی بەم جۆرە ترسە دابێت دەزانێت کە چی زیانێکی وێرانکەرت لێ دەدات، بە لەناوبردنی حەز و ئارەزوو، پشت بەخۆبەستن و ئارەزووی سەرکەوتن.)

ملیۆنان کەس بەدەستهێنانی خوێندنی دەرەکی فەرامۆش دەکەن، دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکەن، لەبەرئەوەی لە ڕەخنە دەترسن. ڕێژەیەك بێشوومار ژن و پیاو، بە گەنج و پیرەوە، ڕێ بە خزمەکانیان دەدەن بە ناوی ئەرکی سەرشانەوە ژیانیان لێ وێران بکەن، لەبەرئەوەی لە تانە

دەترسن. ( بەهۆی ئەرکەوە پێویست بەوە ناکات کەسەکە ڕێگە بە لەناوبردنی حەز و ئارەزووە کەسیەکانی و ماڵ ژیانکردن بەو شێوازەی کە خۆی دەیەوێت بدات.)

خەڵکی ڕەتیدەکەنەوە بەختی خۆیان لە کاردا تاقی بکەنەوە، چونکە لەو ڕەخنانە دەترسن کە ڕەنگە ئەگەر شکست بهێنن لێیان بگیرێت. لەو جۆرە دۆخانەدا ترس لە ڕەخنە زۆر لە ئارەزووی سەرکەوتن بەهێزترە.

خەڵکانێکی زۆر ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە ئامانجێکی باڵا بۆ خۆیان دابنێن، یان تەنانەت هەڵبژاردنی کارێکیش فەرامۆش دەکەن. چونکە لە تانە خزم و هاوڕێکانیان دەترسن کە دەڵێن " هێندە بەرز مەفڕە، خەڵکی وا دەزانن شێتی".

کاتێک ئەندریو کارنیج پێشنیاری کرد کە بیست ساڵی تەمەنم تەرخان بکەم بۆ ڕێکخستنی فەلسەفەیەك دەربارەی سەرکەوتن، یەکەم ترپە بیرم ئەو ترسە بوو کە خەڵکی دەبێت چی بڵێن. پێشنیازەکە ئامانجێکی بۆ دانام، زۆر گەورەتر لەوەی کە هەتا ئەو کاتە ئەزموون کردبوو. خێرا وەك بروسکە، مێزرم دەستی کرد بە دروستکردنی پاساو و بیانو، هەر هەموویان بەهۆی ترس لە ڕەخنەکردنەوە. شتێك لە ناخمدا دەیگوت، "ناتوانیت ئەنجامی بدەیت - ئەم کارە زۆر گەورەیە، وە پێویستی بە کاتێکی زۆرە - خزمەکانت چۆن بیرت لێ دەکەنەوە؟ - چۆن بژێوی ژیانت پەیدا دەکەیت؟ - هەتا ئێستا هیچ کەسێك فەلسەفەی سەرکەوتنی ڕێکنەخستووە، بە چی مافێك باوەڕت وایە تۆ دەتوانی ئەنجامی بدەیت؟ - تۆ کێیت، کە ئەوەندە بەرز نیشانە بگریتەوە؟ - ژیانە سادەکەی خۆتت بیربێت - چی دەربارەی فەلسەفە دەزانیت - خەڵکی وا بیردەکەنەوە کە

شێتیت ـ ( هەر واشیان کرد) ـ بۆچی هەتا ئێستا هیچ کەسێکی تر کارێکی لەو جۆرەی نەکردووە؟"

ئەمانە و چەندان پرسیاری تر لە هزرمدا چەخماخەیدا و داوای ڕامانیان دەکرد. وا دەردەکەوت لە پڕدا تەواوی دونیا سەرنجیان خستبێتە سەر من بە مەبەستی گاڵتەپێکردم بۆ ئەوەی واز لە ئارەزووەکەم بهێنم بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکەی بەڕێز کارنیج.

ئەوسا دەرفەتێکی باشم بۆ ڕەخسا بوو، کە ئارەزوەکەم بکوژم بەرلەوەی کۆنترۆڵم بکات. دواتر لە ژیانمدا، دوای ئەوەی لە هەزاران کەسم کۆڵیەوە، بۆم دەرکەوت زۆربەی ئەو بیرۆکانەی هێشتا لەدایک نەبوون، وە پێویستیان بە هەناسەی ژیانە کە لەڕێگەی پلانگەلی دیاریکراوی کرداری یەکسەریەوە پێیان بدرێت. کاتی نازکێشان و بەخێوکردنی بیرۆکەیەک لە کاتی لەدایکبوونیدایە. هەر خولەکێك کە دەژی، هەلێکی باشتری مانەوەی پێدەدرێت. ترس لە ڕەخنە لەناوبەری هەموو ئەو بیرۆکانەیە کە هەرگیز ناگەنە قۆناغی پلاندانان و کردار.

زۆرێك لە خەڵکی باوەڕیان وایە کە سەرکەوتنی دارایی دەرئەنجامی "دەرویەکی خێری" خوازراوە. هۆکارێکی دروست هەیە بۆ ئەم باوەڕە، بەڵام ئەوانەی بە تەواوەتی پشت بە بەخت دەبەستن، بە گشتی زۆرینەی کات نائومێد دەبن، لەبەرئەوەی هۆکارێکی گرنگی تریان فەرامۆش کردووە کە پێویستە ئامادەیی هەبێت پەرلەوەی کەسەکە بتوانێت لە سەرکەوتن دڵنیابێت. ئەو زانیاریەیە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت "دەروویەکی خێری" ی دڵخواز داوا دەکرێت.

له ماوەی گرانیەکەدا، و. ك فیلدسی ئەکتەری کۆمیدی، هەموو پارەکانی لەدەستدا، خۆی بە بێ سەرچاوەی داهات و کار بینیەوە، وە هۆکارەکانی پەیداکردنی بژێوی ژیانی ( ڤۆیدڤیل ) چیتر بوونی نەما. سەرباری ئەوەش، شەست ساڵی تێپەڕاندبوو، تەمەنێك کە زۆربەی خەڵکی خۆیان بە " پیر" هەژمار دەکەن. هێندە بە پەرۆش بوو کە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی کە داوای کرد بە بێ مووچە کار بکات. لە بوارە تازەکەدا ( فیلم)، سەرباری کێشەکانی تری، کەوت و ملی زیانی پێکەیشت. بۆ زۆر کەس ئەوە ئەو شوێنەیە کە دەبێت وازبهێنێت. بەڵام فیلدز مکووڕ بوو. دەیزانی کە ئەگەر بەردەوام بێت زوو یان درەنگ "دەروویەکی خێر" ی لێ دەکرێتەوە، هەر واش بوو، بەڵام بەهۆی بەختەوە نەبوو.

ماری درێسلەر بێ پارە و بێ کار خۆی بینیەوە، کاتێك کە خەریکبوو دەبووە شەشت ساڵ، ئەویش شوێن " دەرووە خێر" ەکان کەوت و بەدەستی هێنان. مکووڕیەکەی سەرکەوتنێکی ناوازەی بۆ هێنا لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا، زۆر لە دوای ئەو کاتەوە کە زۆربەی ژنان و پیاوان ئارەزووی سەرکەوتنیان نامێنێت و لێ دەبنەوە.

ئیدی کانتۆر لە هارەکردنەکەی ١٩٢٩ی بازاڕی ستۆکدا پارەکانی لەدەستدا، بەڵام هێشتا مکووڕی و بوێری مابوو. بە ئامانە و دوو چاوی بەناوبانگەوە، خۆی گەڕاندەوە بۆ داهاتێکی هەفتانەی ١٠ هەزار دۆلاری ! بەڕاستی، ئەگەر کەسێك مکووڕی هەبێت، دەتوانێت زۆر بە باشی بیهێنێت بەبێ هەبوونی هیچ تایبەتمەندیەکی تر. تاکە " دەرووی خێر" کە دەشێت کەسێك پشتی پێ ببەستێت " دەروویەکی خێر"ە کە خۆی

ڕەخساندبێتی. ئەمەش لەڕێی جێبجێکردنی مکووڕییەوە دەکرێت. خاڵی دەستپێک ڕوونی و دیاریکراوی ئامانجە.

لێکۆڵینەوە لەو سەت کەسە بکە کە سەرەتا دەیانبینیت، لێیان بپرسە کە چی شتێکیان دەوێت لە ژیانیاندا، لە سەتا نەوەت و هەشتیان ناتوانن پێت بڵێن، ئەگەر فشاریان لێ بکەیت کە وەڵامێکت پێ بدەن، هەندێکیان دەڵێن پارێزراوی، زۆرێك دەڵێن پارە، کەمێکیشیان دەڵێن بەختەوەری، ئەوانی تر دەڵێن هێز و ناوبانگ، هەندێکی تریشیان دەڵێن پێگەی کۆمەلایەتی، ژیانێکی ئارام، توانای گۆڕانی چڕین، سەما، یان نووسین، بەڵام کەسیان ناتوانن پێناسەی ئەم زاراوانە بکەن، یان بەشێکی بچووکی پالانێك پیشان بدەن کە بەهۆیەوە هیوای بەدەستهێنانی ئەم خۆزگە ئاڵۆز گوزارشتکراوانەیان بەدی بهێنن. سامان وەڵامی خۆزگەکان ناداتەوە. تەنها وەڵامی پلانگەلی باش ڕێکخراو و ڕوون دەداتەوە، پاڵپشت بە ئارەزوویەکی ڕوون و لەڕێی مکووڕیەکی بەردەوامەوە.

## چۆن گەشە بە مکووڕی دەدەیت

چوار هەنگاوی سادە هەن کە بەرەو مکووڕیت دەبەن. پێویستیان بە ڕێژەیەکی زیرەکی زۆر، بڕوانامەی بەرز، هەوڵ و کۆششێکی زۆر نییە. هەنگاوە پێویستەکان ئەمانەن:

١ ــ ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراو پاڵپشت بە ئارەزوویەکی سووتێنەر بۆ بەدیهێنانی.

٢ ــ پلانێکی دیاریکراو، کە بە زنجیرەیەکی بەردەوامی کرداری گوزارشتی لێ بکرێت.

٣ _ بە توندی داخستنی هزر بەرامبەر هەموو کاریگەریە نەرێنی و ساردکەرەوەکان، بە پێشنیارە نەرێنیەکانی خزم و هاوڕێ و ناسیاوەکان.

٤ _هاوپەیمانیەتیەکی دۆستانە لەگەڵ کەسێك یان کەسێك کە هانی کەسەکە دەدەن کە شوێن پلان و ئامانجێك بکەون.

ئەم چوار هەنگاوە بنچینەین بۆ سەرکەوتن لە هەر بوارێکی ژیاندا.

ئامانجی تەواوی ئەم فەلسەفە سیانزە بنەمایە بۆ ئەوەیە کە کەسەکە ئەم چوار هەنگاوە بکاتە خوویەك. ئەمانە ئەو هەنگاوانەن کە کەسەکە دەتوانێت بەهۆیانەوە کۆنترۆڵی چارەنووسی دارایی بکات. ئەو هەنگاوانەن کە دەتبەن بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی بیر. ئەو هەنگاوانەن کە بەرەو سامانت دەبەن، بەڕێژەی کەم یان زۆر. بە ڕێگای دەسەلات و ناوبانگ و پێگەی دونیایتدا دەبەن. ئەو چوار هەنگاوەن کە گرەنتی "دەرووی خێر"ی دڵخواز دەدەن. ئەو هەنگاوانەن کە خەونەکان دەگۆڕن بۆ ڕاستییەکی بەرجەستە.

هەروەها پێشڕەویشت دەکەن بەرەو زاڵبوون بەسەر ترس، دڵساردی، بێباکیدا.

پاداشتێکی بەرچاو و گرنگ هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە فێردەبن ئەم چوار هەنگاوە بنێن. ئەوە مافی نووسینی بلیتی کەسەکە خۆیەتی، وە بەخشینی هەر نرخێك کە داوا دەکرێت.

هیچ ڕێگایەکی ترم نەبوو بۆ زانینی ئەم ڕاستیانە، جگە لەوەی سەرکێشی ئەو بۆچوونە بکەم کە ئەوینی مەزنی خاتوو وەیلس سیمپسۆن بۆ پیاوێك بە ڕێکەوت نەبووە. وە بەتەنهاش دەرئەنجامی " دەرووە خێر" ە دڵخوازەکان نەبووە. بەڵکو ئارەزوویەکی سووتێنەر هەبووە، لەگەڵ

لێکۆڵینەوە و گەڕانێکی وردا لە هەر هەنگاوێکی ڕێگاکە. یەکەم ئەرکی خۆشویستن بوو. مەزنترین شتی سەر زەوی چییە؟ مامۆستای مەزن وەڵامی دایەوە ئەوین - نە یاسا مرۆڤ کردەکان، ڕەخنەگرتن، زمانزبری، جنێو، یان "هاوسەرگیری"سیاسی، بەڵکو ئەوین.

دەیزانی چی دەوێت، نەك دوای ئەوەی شازادەی وێلزی بینی، بەڵکو زۆر بەرلەوەش. دوو جار شکستی هێنا لە دۆزینەوەی، بوێری بەردەوامیدان بە گەڕانەکەی هەبوو. " لەگەڵ ناخی خۆتدا ڕاستگۆبە، وە پێویستە شوێنی بکەویت، وەك چۆن شەو شوێن ڕۆژ دەکەوێت، ئەوسا هەرگیز چەوت نابێت لەگەڵ هیچ کەسێکدا".

بەرزبوونەوەی لە نەناسراویەوە هێواش، قۆناغدار و مکووڕی خواز بوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە ڕویدا! باوەڕنەکروانە سەرکەوت بەسەر چەندین ئەگەری درێژدا وە گرنگ نییە تۆ کێیت، یان دەشێت چۆن بیر لە وەیلس سیمپسۆن بکەیتەوە، یان ئەو پاشایەی کە وازی لە تاجەکەی هێنا بۆ ئەوینی ئەو، ئەمە نموونەیەکی نایابی جێبەجێکردنی مکووڕیە، فێرکارێکی یاساکانی خوود تۆکمەکردندا، کە دەشێت لە ڕێگەیەوە تەواوی دونیا وانە وەرگرێت.

کاتێك بیر لە وەیلس سیمپسۆن دەکەیتەوە، بیر لەوە بکەرەوە کە دەیزانی چی دەوێت، وە مەزنترین ئیمپراتۆریەتی دونیای لەرزاند بۆ بەدەستهێنانی. ئەو ژنانەی کە سکاڵای ئەوە دەکەن کە ئەمە دونیای پیاوانە، کە ژنان دەرفەتێکی یەکسانیان نییە بۆ بردنەوە، قەراری خۆیانی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردی ژیانی ئەم ژنە ناناساییە، کە لە تەمەنێکدا کە

زۆربەی ژنان بە " پیر" هەژمار دەکرێن، دڵی دڵخواخترین ڕەبەنی دونیای داگیر کرد.

ئەی چی دەربارەی پاشا ئێدوارد؟ دەشێت چی وانەیەک فێربین لێیەوە وەک بەشێك لە مەزنترین دراماي ئەم دواییانەی دونیا؟ ئایا قوربانیەکی زۆریدا لە پێناو ئەوینی دولبەرە دڵخوازەکەیدا؟

بەدڵنیاییەوە جگە لە خۆی کەس ناتوانێت وەڵام بداتەوە. ئەوانی ترمان تەنها دەتوانین گریمانە بکەین. ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بیزانین، کە پاشا هاتە دونیایەوە بەبێ ڕەزامەندی خۆی. بە دەوڵەمەندیەکەوە لەدایکبوو، کە داوای نەکردبوو. مکووڕانە و بەردەوام بەدوای هاوسەرگیریدا دەگەڕا. سیاسەتمەدار و سەرکردەکانی تەواوی ئەوروپا بە سانایی خانمانی شکۆمەند و شازادە خاتوونەکانیان دەخستە بەر پێی. لەبەرئەوەی یەکەم منداڵی دایك و باوکی بوو، دەبوو میراتگری تاج، کە ئەم بە شوێنیەوە نەبوو، وە ڕەنگە ئارەزووشی نەکردبێت. بۆ زیاتر لە چل ساڵ کەسێکی ئازاد نەبوو، نەیدەتوانی بە شێوازی خۆی بژی، هیچ پارێزراوی و تایبەتمەندیەکی نەبوو، دواجاریش دەبووایە ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتیانە لە ئەستۆ بگرێت کە دوای چوونە سەر تەختی دەهاتنە سەر شانی.

هەندێك دەڵێن، " لەگەڵ هەموو ئەو بەخششانەدا، پاشا ئێدوارد دەبووایە ئارامی هزر و بەختەوەری و خۆشی ژیانی بدۆزیایەتەوە. " ڕاستییەکە ئەوەیە لە پشت هەموو ئەو ماف و دەستکەوتانەی تاج، پارە و ناوبانگ و دەسەلاتەی بۆ پاشا ئێدوارد بە میرات مابۆوە، بەتاڵاییەك هەبوو کە دەکرا تەنها لەڕێی ئەوینەوە پڕ بکرێتەوە.

مەزنترین ئارەزووی بۆ ئەوین بوو، زۆر پێش ئەوەی وەیلس سیمپسۆن ببینێت، بەبێ گومان هەستی بەم غەریزە گەردوونیە مەزنە کردووە کە پیشاڵەکانی دڵی راکێشاوە، لە دەرگای رۆحی داوە، وە هاواری شێوازێکی گوزارشتی کردووە. وە کاتێك رۆحێکی بەسۆزی بینی، کە هەڵوەدای هەمان شایستەیی پیرۆزی گوزارشت بوو. رێکی خستەوە، بەبێ ترس و پۆزش، دڵی کردەوە بانگەێشتی کرد. هەموو چنەرانی ئابڕووچوونی دونیا ناتوانن جوانی ئەم دراما نێودەوڵەتیە، کە بەهۆیەوە دوو کەس ئەوینیان دۆزیەوە، وە بوێریان هەبوو بەرەنگاری رەخنە و تانە و تەشەر ببنەوە، واز لە هەموو ئەوانی تر بهێنن بۆ ئەوەی گوزارشتێکی پیرۆزی پێبدەن.

بڕیاری پاشا ئێدوارد بۆ دەستبەردابوونی تاجی مەزنترین ئیمپراتۆریەتی دونیا، وەك بیرخەرەوەیەك بۆ بەسەربردنی ژیان لەگەڵ خاتوونی دڵخوازی خۆیدا، بڕیارێکە کە پێویستی بە بوێریە. هەروەها ئەو بڕیارە قوربانی خۆی هەیە، بەلام کێ مافی ئەوەی هەیە کە بڵێت کە قوربانیەکە زۆر مەزنە؟ بێگومان مافی ئەو کەسە نییە کە دەڵێت، " کێ لە نێو ئێوەدا هیچ گوناهێکی نییە، با یەکەم بەردی تێبگرێت".

وەك پێشنیارێك بۆ هەر مزرێکی شەرەنگێز کە هەڵە لە دوکی ویندسۆردا دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی ئارەزووەکەی بۆ ئەوین بووە، هەروەها لەبەرئەوەی راشکاوانە ئەوینی خۆی بۆ وەیلس سیمپسۆن راگەیاندوە، وە دەستبەرداری تاجەکەی بووە لە پێناویدا، با بیری بهێندرێتەوە کە راگەیاندنی راشکاوانە بنچینەیی نییە. دەیتوانی شوێن دابی پەیوەندی نهێنی بکەوتایە کە بۆ چەندین سەدە لە ئەوروپادا باو بوو، بەبێ ئەوەی نە دەستبەرداری تاجەکەی بێت، نە خاتوونی دڵخوازی، ئەوسا هیچ

گازندەیەك نەدەبوو لە لایەن کڵێسا یان پیاوانی ئاینیەوە. بەڵام ئەم پیاوە نائاساییە لە شتێکی هەتەرتر و تۆکمەتر دروست ببوو. ئەوینەکەی پاك بوو. قووڵ و ڕاستگۆیانە بوو. گوزارشتی لەو تاکە شتە دەکرد کە لە سەروو هەموو شتێکەوە بە دڵ ئارەزووی دەکرد، هەر بۆیە، ئەوەی وەرگرت کە دەیویست، وە ئەو قوربانیەشی بەخشی کە داوای دەکرد لە بەرامبەردا.

ئەگەر ئەوروپا بە فەرمانڕەواگەلی زیاتری دڵ مرۆڤ و دڵسۆزی وەك پاشا ئێدوارد بەخشش بکرایە، لە سەتەی ڕابردوودا، ئەوە ئەو بەشە بەدبەختەی دونیا ئێستا پڕ نەدەبوو لە چاوچنۆکی، ڕق، هەوا و هەوەس، پێشێلکاری سیاسی و هەڕەشەی جەنگ، چیرۆکێکی جیاواز و باشتری دەبوو بۆ گێڕانەوە. کە تێیدا خۆشەویستی نەك ڕق فەرمانڕەوایی دەکرد.

لەگەڵ گوتەکانی ستیوارت ئۆستن ویر پێکەکانمان بەرز دەکەینەوە و بە خۆشی پاشا ئێدواردی پێشوو و وەیلس سیمپسۆنەوە دەخۆینەوە : " پیرۆز بێت ئەو کەسەی کە دەزانێت بیرە کپکراوەکانمان شیرینترین بیرەکانمانن" . " پیرۆز بێت ئەو کەسەی لە تاریکترین قوڵاییەوە، دەتوانێت شێوەی پرشنگداری ئەوین ببینێت، دەیبینێت و گۆرانی دەچڕێت گۆرانیەکەشی دەڵێت: 'شیرینتر لە گوزارشتە دەربڕاوەکان ئەو بیرانەن کە دەربارەی تۆ هەمن'.

لەم گوتانەدا ڕێز و پێزانینی خۆمان پێشکەشی دوو کەس دەکەین، کە زیاتر لە هەموو خەڵکانی تری ئەم سەردەمی مۆدێرنەیە، قوربانی دەستی تانە و تەشەر بوون و سوکایەتیان پێکراوە، لەبەرئەوەی مەزنترین

گەنجینەی ژیانیان دۆزیـەوە و داوایـان کـرد. خـاتوو سیمپسـۆن ئـەم شیکاریەی خوێندۆتەوە و پەسەندی کردووە.

زۆرینـەی دونیـا دوکـی ویندسـۆر و وەیلس سیمپسـۆنیان ستایش کـرد، بـەهۆی مکووڕیانـەوە لـە گەڕانـدا هـەتا ئـەو کاتـەی مـەزنترین پاداشـتی ژیانیـان دۆزیـەوە. هـەموومان دەتـوانین سـوودمەند بـین بـە کردنیـان بـە پێشەنگ لە گەڕانەکەماندا بۆ ئەو شتەی لە ژیانمان دەوێت.

چی هێزێکی ئەفسانەیی دەدرێت بە کەسانی مکووڕ هەتا توانـای زاڵبوون بەسـەر نارەحـەتی و ئاسـتەنگەکانیاندا هـەبێت؟ ئایـا خاسیەتی مکـووڕی چەشنێك چالاکی رۆحی، هزری یان کیمیـایی لـە هـزری کەسـەکەدا بەگـەڕ دەخات کە دەرچـەیەکی پێدەدات بـۆ هێـزە سـەروو سروشـتیەکان؟ ئایا زیرەکی بێسنوور خۆی هەڵدەداتـە لای ئـەو کەسـەی کـە مێشـتا لـە شـەڕ بەردەوامـە، دوای ئـەوەی جەنگەکـەی دۆڕانـدووە، وە تـەواوی دونیـا لـە بەرەی دژیەتی؟

ئەمانـە و چـەندان پرسـیاری هاوشـێوە بـە هزرمـدا دێـن لـە کاتێکـدا لـە کەسانی وەك هێنری فۆردم دەکۆڵیەوە، کە لە سفرەوە دەسـتیان پێکـرد و ئیمپراتۆریەکی پیشەسازی مەزنیان بنیاتنا، کە جگە لە مکـووڕی هیچـی وایان نەبوو. یان تۆماس ئەدیسۆن، کە کەمتر لە سـێ مـانگ خوێنـدبووی، بووە داهێنـەری پێشـەنگی دونیا و مکووڕی گـۆڕی بـۆ ئـامێری قسـەکردن، ئامێری بەگەڕخەری فیلمی سینەما و گڵۆپی کارەبایی، ئـەوە باسـی ئـەو چەندان داهێنانە بەسوودانەی تر هەر ناکەین.

شانازی ئـەوەم پێـبڕا کـە لێکۆڵینـەوە لـە بـەڕێز ئەدیسۆن و بـەڕێز فـۆرد بکـەم، سـاڵ لـەدوای سـاڵ، بـۆ ماوەیـەکی زۆر، هـەر بۆیـە دەرفـەتی

لێکۆڵینەوەم هەبوو لێیان لە مەودایەکی نزیکەوە، هەر بۆیە لە زانیاری ڕاستەقینەوە قسە دەکەم کاتێك دەڵێم جگە لە مکووڕی هیچ خاسیەتێکی ترم لە هیچ کامیاندا نەدۆزیەوە، کە تەنانەت دووراو و دووریش بووبێتە سەرچاوەی سەرەکی سەرکەوتنە مەزنەکانیان.

ئەگەر کەسێك لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە لەسەر پەیامبەرەکان، فەیلەسوفەکان، پیاوانی " دەرئاسا" و سەرکردە ئاینیەکانی ڕابردوو ئەنجام بدات، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە مکووڕی، چڕکردنەوەی هەوڵەکان و ڕوونی لە ئامانجدا سەرچاوە سەرەکیەکانی سەرکەوتنەکانیانن.

بۆ نموونە، بیر لە چیرۆکی سەیر و سەرنجڕاکێشی موحەمەد بکەرەوە شیکاری بۆ ژیانی بکە، بەراوردی بکە بە پیاوانی سەرکەوتووی ئەم سەردەمەی پیشەسازی و بازرگانی، وە سەرنج بدە کە چۆن خاسەتێکی نایابی هاوبەشیان هەیە، مکووڕی!

ئەگەر بە ڕاستی ئارەزووی لێکۆڵینەوە لەو هێزە سەیرەت هەیە کە کاریگەری بە مکووڕی بەخشیوە، ژیاننامەی موحەمەد بخوێنەرەوە، بە تایبەتی ئەوەیان کە لە لایەن ئەسەد بەگەوە نووسراوە. ڕاناێکی کورتی ئەو کتێبە، لە لایەن تۆماس سوگروەوە، لە ڕۆژنامەی تریبوندا، دیمەنێکی باشی لە خەزنەدایە بۆ ئەو کەسانەی کە کات تەرخان دەکەن بۆ خوێندنەوەی تەواوی چیرۆکی یەکێك لە مەزنترین نموونەکانی هێزی مکووڕی کە شارستانیەت ناسیبێتی.

کۆتا پەیامبەری مەزن

لە لایەن تۆماس سوگروەوە نێردراوە

"موحەمەد پەیامبەر بوو، بەڵام هەرگیز دەرئاسایەکی ئەنجام نەداوە. عارف نەبوو" هیچ خوێندەوارییەکی فەرمی نەبوو" دەستی بە ئەرکەکەی نەکرد هەتا ئەو کاتەی نەبووە چل ساڵ. کاتێك ڕایگەیاند کە پەیامبەری خودایە و ئاینی ڕاستەقینەی هێناوە، گاڵتەی پێکرا و ناتۆرەی شێتی پێدرا. منداڵان قاچیان بەر دەخست و ژنان خۆڵیان پێدا دەکرد. لە شارەکەی خۆی " مەککە" وەدەرنرا، وە دەست بەسەر ماڵ و کەلوپەلی شوێنکەوتووەکانیدا گیرا و بەدوای ئەودا ڕەوانەی نێو بیابان کران. کاتێك بۆ ماوەی دە ساڵ وتاری دەدا جگە لە شاربەدەرکردن و هەژاری و گاڵتەپێکردن هیچی تری پیشان نەدرا. بەڵام بەرلەوەی دە ساڵی تر تێپەڕێت، بووە فەرمانڕەوای هەموو نیمچە دوورگەی عەرەب، فەرمانڕەوایی مەککە و سەرۆکی ئەو ئاینە نوێیەیی کە هەتا دانووب و زنجیرە چیاکانی پیرێنز درێژبووە بەرلەوەی ئەو ووزە بکوژێتەوە کە پێی بەخشیبوو. ئەو ووزەیە سێ چین بوو، هێزی وشەکان، هێزی نوێژ و پاڕانەوە و پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خودا.

"تێگەیشتن لە کارەکەی هیچ بە دەستەوە نادات، موحەمەد لە خێزانێکی هەژاری سەر بە بنەماڵەی فەرمانڕەوای مەککە لەدایکبوو. لەبەرئەوەی مەککە، چواڕیانی دونیا بوو، نیشتیمانی بەردێکی جادووی بوو بە ناوی کەعبە، شارێکی مەزنی بازرگانی و چەقی ڕێگا بازرگانییەکان بوو، ناتەندروست بوو، منداڵەکانیان دەنارد بۆ بیابان بۆ ئەوەی لە لایەن بەدەوییەکانەوە بەخێو بکرێن. موحەمەد بەو چەشنە بەخێوکرا، بەهێز و

تەندروست بوو بەهۆی شیری دایکە ئەندێشە فراوان و کۆچەریەکانەوە. شوانی مەڕ و ماڵاتی دەکرد و هەر زوو لە لایەن بێوەژنێکی دەوڵەمەندەوە بەکرێ گیرا وەك سەرۆکی کاروانەکانی. گەشتی بۆ هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵات کرد، گفتوگۆی لەگەڵ چەندین کەسی باوەڕ جیاوازدا کرد و تێبینی دابەشبوونی مەسیحیەتی کرد بۆ دوو بەرەی ناکۆك. کاتێك بیست و هەشت ساڵان بوو، خەدیجەی بێوەژن کەوتە بەر دڵی و هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد. باوکی خەدیجە ناڕەزایی دەربڕی لەسەر ئەو هاوسەرگیریە. هەربۆیە سەرخۆشی کرد و بەرزی کردەوە لە کاتێکدا کە پیرۆزی باوکایەتی پێدەبەخشی. بۆ دوانزە ساڵی داهاتوو موحەمەد وەك دەوڵەمەندێکی ڕێزلێگیراو و بازرگانێکی زۆر کاریگەر ژیا. دواتر وێڵی نێو بیابان بوو، وە ڕۆژێك بە یەکەم ئایەتی قورئانەوە گەڕایەوە و بە خەدیجەی گوت کە جوبرائیلی سەرداری فریشتەکان خۆی پیشانداوە و پێیگوتووە کە دەبێتە پەیامبەری خودا.

"قورئان، گوتەی ئاشکرای خودا، نزیکترین شتە لە دەرئاساوە لە ژیانی موحەمەددا. شاعیر نەبووە" هیچ بەهرەیەکی ڕەوانبێژی نەبووە، کەچی ئایەتەکانی قورئان کە بۆی دابەزیون و بۆ بڕواداراانی خوێندوٚتەوە، باشتر بوون لە هەر شیعرێك کە شاعیرە پیشەگەرەکانی خێڵەکان توانیویانە بینووسن. ئەمە بۆ عەرەب دەرئاسا بووە. بۆ ئەوان بەهرەی ڕەوانبێژی مەزنترین بەهرە بووە، شاعیرەکان زۆر بەتوانا و بەهێز بوون. سەرباری ئەوەی قورئان دەڵێت هەموو مرۆڤەکاندا لە لای خودا یەکسانن، کە دەبێت دونیا ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی ئیسلامی. ئەم کوفرە سیاسیە بوو، لەگەڵ ئارەزووی موحەمەد بۆ لەناوبردنی ئەو ٣٦٠ بتەی نێو کەعبە،

کە بوونە هۆی شاریەدەرکردنی. بتەکان خێڵەکانی بیابانیان دەهێنایە مەککە، ئەوەش واتە بازرگانی، بۆیە بازرگانەکانی مەککە، سەرمایەدارەکان، کە خۆشی یەکێك بوو لەوان، بەرەنگاری موحەمەد بوونەوە. دواتر بەرەو بیابان پاشەکشەی کرد و داوای فەرمانڕەوایی کرد بەسەر دونیادا.

" گەشەکردنی ئیسلام دەستی پێکرد. لە بیابانەوە گرێك هات کە نەدەکوژێنرایەوە - سوپایەکی دیموکرات وەك یەکەیەك شەڕیا دەکرد و ئامادەی مردن بوون بە بێ ئەوەی چاو بترووکێنن. موحەمەد جوولەکەکان و مەسیحیەکانی بانگهێشت کرد کە بچنە پاڵی" چونکە ئەو ئاینێکی نوێی دروست نەکردووە. بانگهێشتی هەموو ئەوانەی کرد کە باوەڕیان بە یەکتاپەرستی هەیە بۆ ئەوەی لە یەك ئاینیدا کۆیانبکاتەوە. ئەگەر جوولەکە و مەسیحیەکان بانگهێشتەکەیان پەسەند بکردایە، ئیسلام دونیای داگیر دەکرد. بەڵام پەسەندیان نەکرد. تەنانەت بیرۆکە نوێگەرانەکەی موحەمەدیشیان پەسەند نەکرد بۆ شەڕ لە پێناو مرۆڤایەتیدا. کاتێك کە سوپاکەی موحەمەد چووە نێو ئۆرشەلیمەوە هیچ کەسێك نەکوژرا بەهۆی باوەڕەکەیەوە، چەند سەدەیەك دواتر، کە خاچپەرستان چوونە شارەکەوە، یەك پیاو، ژن و منداڵی موسڵمانیان بە زیندوویی نەهێشتەوە. بەڵام مەسیحیەت یەك بیرۆکەی موسڵمانانی پەسەند کرد - شوێنی فێربوون، زانکۆ"

بەشی ١٠

# دەسەڵاتی هۆشی باڵا : هێزی بەگەڕخەر

---

هەنگاوی نۆیەم بەرەو سامان

هێز بنچینەیە لەکۆکردنەوەی ساماندا. پلانەکان لاواز و بێسوودن، بەبێ هێزێك بۆ گۆڕینیان بەکردار. ئەم بەشە باسی ئەو میتۆدە دەکات کە بەهۆیەوە تاك دەتوانێت هێز بەدەستبهێنێت وکاری پێبکات.

هێز دەشێت وا پێناسە بکرێت " زانیاری ڕێکخراو و زیرەکانە ئاڕاستەکراو." هێز، کە لێرەدا بەکارهێنراوە، ئاماژەیە بۆ هەوڵدانی ڕێکخراو، پێویست و تەواو بۆ ئەوەی بەهۆیەوەکەسەکە ئارەزوو بگۆڕێت بۆ هاوتا داراییەکەی. هەوڵی ڕێکخراو لە ڕێی هەوڵی یەکخراوی دوو یان کۆمەڵێ کەسەوە مەیسەر دەبێت. کە بەرەو کۆتاییەکی ڕوون و دیاریکراو دەڕۆن، بە ڕۆحیەتێکی هاوسەنگ و تەباوە.

هێز پێویستە بۆکۆکردنەوەی سەروەت و سامان!

هێز پێویستە بۆ هێشتنەوەی پارە وکۆنترۆڵکردنی دوای ئەوەی کۆکرایەوە!

با بزانین چۆن هێز بەدەستدەهێنرێت. ئەگەر هێز " زانیاری ڕێکخراو بێت" با سەرچاوەکانی زانیاری بپشکنین:

١_ زیرەکی بێسنوور : دەکرێت پەیوەندی لەگەڵ ئەم سەرچاوەی زانیاریە بگیرێت لە ڕێی ئەو ڕێکارەوە کە لە بەشێکی تردا باسکراوە، بە یارمەتی ئەندێشەی داهێنەرانە.

٢_ چنینەوەی ئەزموون : ئەزموونەکانی مرۆڤ، ( یان ئەو بەشانەی کە ڕێکخراون و تۆمارکراون)، دەکرێت لە هەر کتێبخانەیەکی گشتیدا بدۆزرێنەوە. بەشێکی گرنگی ئەم ئەزموونە تۆمارکراوانە لە زانکۆ و خوێندنگا حکومیەکاندا دەگوترێتەوە، بە ڕێکخراوی و پۆلێنکراوی.

٣_ تاقیکاری و توێژینەوە : لە بواری زانستیدا، وە لە هەموو بوارەکانی تری ژیاندا، ڕۆژانە مرۆڤەکان ڕاستی و دۆزینەوەی نوێ کۆدەکەنەوە و پۆلێن دەکەن و ڕێکدەخەن. ئەمە ئەو سەرچاوەیەیە کە دەبێت کەسەکە بگەڕێتەوە سەری کاتێک زانیاری بەردەست نەبوو لەڕێی " ئەزموونە تۆمارکراوەکانەوە." لێرەشدا، پێویستە ئەندێشەی داهێنەرانە بەکاربهێنرێت.

دەکرێت زانیاری لە هەر یەکێك لەو سەرچاوانەوە بەدەستبهێنرێت کە باسکران. دەکرێت بگۆڕدرێت بۆ هێز بە ڕێکخستنی لە نێو پلانگەلێکی ڕووندا و بەکردار گوزارشتکردن لەو پلانانە. تاقیکردنەوەی سێ سەرچاوە سەرەکیەکەی زانیاری ئەو ئاستەنگانە دەردەخات کە ڕەنگە کەسەکە دووچاریان بێت، ئەگەر بە تەنها پشت بە هەوڵەکانی خۆی ببەستێت، لەکۆکردنەوە و گوزارشتکردن لە زانیاری لە ڕێی پلانگەلی کرداریەوە. ئەگەر پلانەکانی ڕوون بن، وە ئەگەر مەودایەکی فراوان بگرێتەوە،

بەگشتی پێویستە ئەوانی تر قایل بکات کاری لەگەڵدا بکەن، بەرلەوەی بتوانێت هێزی پێویست بەکاربهێنێت بۆ بەگەڕخستنیان.

## بەدەستهێنانی هێز لەڕێی " هۆشی باڵا"وە

" هۆشی باڵا " دەکرێت ئاوا پێناسە بکرێت : " تێکەڵەی زانیاری و هەوڵدان، بە ڕۆحیەتی هاوسەنگی و پێکەوەیی، لە نێوان دوو یان چەند کەسێکدا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراو"

میچکەسێك ڕەنگە هێزێکی مەزنی نەبێت بەبێ سوود وەرگرتن لە "هۆشی باڵا." لە بەشی پێشوودا، ڕێنمایی دراوە دەربارەی دروستکردنی پلان بە مەبەستی گۆڕینی ئارەزوو بۆ هاوتا داراییەکەی. ئەگەر بە زیرەکی و مکوڕییەوە ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکەیت، وە زیرەکی بەکاربهێنیت لە هەڵبژاردنی گروپی " هۆشی باڵا "کەت، هەر لە سەرەتاوە نیوەی ئامانجەکەت بەدەستهێناوە، تەنانەت بەرلەوەی درکی پێ بکەیت.

کەواتە باشترە لە ئەو توانا " نابەرجەستانە" ی ئەو هێزە تێبگەیت کە لە بەردەستتدایە، لە ڕێگەی بە باشی هەڵبژاردنی گروپی " هۆشی باڵا"کەتەوە، لێرەدا دوو تایبەتمەندی بنەمای هۆشی باڵا ڕووندەکەینەوە، یەکێکیان سروشتێکی ئابووریانەی هەیە، ئەوی دیکەیان دەروونی. تایبەتمەندیە ئابووریەکە ڕوون و ئاشکرایە. دەکرێت قازانجی ئابووری بکرێت لە لایەن کەسێکەوە کە چواردەوری خۆی پڕکردووە لە ئامۆژگاری، ڕاوێژ وکاری پێکەوەیی کەسی لەگەڵ گروپێکدا کە ئامادەن لە ناخی دڵەوە یارمەتی بدەن، بە ڕۆحیەتی کاری پێکەوەیەکی تەواوەتی. ئەم چەشنە کاری پێکەوەییە بنچینەی نزیکەی هەموو

سامابێکی مەزنە. تێگەیشتنت لەم ڕاستییە مەزنە بەدڵنیاییەوە پێگەی دارابیت دیاریدەکات.

دۆخی دەروونی بنەمای هۆشی باڵا زۆر نابەرجەستەترە، زۆر ئاڵۆزترە بۆ تێگەیشتن لێی، چونکە ئاماژەیە بۆ ئەو هێزە ڕۆحیانەی کە ڕەگەزی مرۆڤ بە گشتی، بە باشی ئاشنا نییە پێیان. دەکرێت پێشنیارێکی گرنگ لەم گوزارشتەوە وەرگریت : " هیچ دوو هزرێك ناتوانن پێکەوەکۆببنەوە بەبێ دروستکردنی هێزی نابەرجەستەی نەبینراوی سێیەم کە دەکرێت نوێنەرایەتی هزری سێیەم بکات.

ئەو ڕاستییە بخەرە هزرتەوە کە تەنها دوو شتی زانراو هەیە لە تەواوی گەردووندا، مادده و ووزە. ئەوە ڕاستییەکی زانراوەکە دەکرێت مادده دابەش بکرێت بۆ گەرد، گەردیلە و ئەلکترۆنەکانی. هەندێك یەکەی مادده هەن کە دەکرێت جیابکرێنەوە، شیکار بکرێن.

بەهەمان شێوە، یەکەی ووزە هەن. هزری مرۆڤ شێوەیەکی ووزەیە، بەشێکی سروشتێکی ڕۆحی هەیە.کاتێك هزری دووکەس بە ڕوحیەتی تەبایی پێکەوە کاردەکەن، یەکە ڕۆحیەکانی ووزەی هەر هزرێکیان ڕایەڵەك دروست دەکەن،کە بەشێکە لە دۆخی دەروونی هۆشی باڵا.

بنەمای هۆشی باڵا، یان خاسیەتی ئابووریەکەی، یەکەمجار لە لایەن ئەندریو کارنیجەوە سەرنجم بۆی ڕاکێشرا. بیست و پێنج ساڵ لەمەوپێش. دۆزینەوەی ئەم بنەمایە بەرپرسیارە لە هەڵبژاردنی کاری ژیانم.

گروپی هۆشی باڵاکەی بەڕێز کارنیج بە نزیکەیی لە پەنجاکەس پێکهاتبوو،کە لە دەوری خۆی کۆیکردبوونەوە، بۆ ئامانجی دیاریکراوی

دروستکردن و فرۆشتنی ستیل. تەواوی سەروەتەکەی دەگەڕاندەوە بۆ ئەو هێزەی کە بەدەستی هێنابوو لە ڕێی ئەو گروپی هۆشی بالآیەوەوە.

لە تۆماری ژیانی هەرکەسێك بکۆڵیتەوە کە سامانێکی مەزنی کۆکردۆتەوە، وە زۆرێك لەوانەی کە سامانێکی ئاساییان کۆکردۆتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە ئاگایانە، یان نائاگایانە بنەمای هۆشی بالآیان بەکارهێناوە.

هێزێکی مەزن کە ناکرێت بە هیچ بنەمایەکی تر پەیدا بکرێت.

ووزە دەستەی گەردوونی بلۆکەکانی سروشتە،کە بەهۆیەوە هەموو شتێکی ماددی نێو گەردوون درووستکراوە، بە مرۆڤ و هەموو جۆرە ژیانێکی ڕووەکی و ئاژەڵی. لە ڕێی پرۆسەیەکەوەکە تەنها سروشت بە تەواوەتی لێی تێدەگات، ووزە بۆ مادده دەگۆڕێت. بلۆکەکانی بیناکردنی سروشت بۆ مرۆڤ بەردەستە، لەو ووزەیەی کە پەیوەندی بە بیرکردنەوەوە هەیە! دەکرێت مێشکی مرۆڤ بە پاتریەکی کارەبایی بەراورد بکرێت. ووزە لە ئەسیرەوە ڕادەکێشێت،کە هەموو گەردیلەکانی مادده بلآودەکاتەوە و تەواوی گەردوون پردەکاتەوە.

ڕاستییەکی زانراوە کە کۆمەڵێك پاتری کارەبایی ووزەیەکی زۆر زیاتر دابین دەکەن لەچاو یەك پاتریدا. هەروەها ئەوەش ڕاستییەکی زانراوە کە پاتریەك بەگوێرەی ژمارە و توانای خانەکانی ناوی دەتوانێت ووزە دابین بکات.

مێشکیش بە شێوازێکی هاوشێوە کاردەکات. ئەمەش دەرخەری ئەوەیەکە بۆچی هەندێك مێشك باشتر کاردەکەن بەراورد بە ئەوانی تر، وە دەمانبات بۆ ئەم گوزارشتە گرنگە ـ کۆمەڵێك پێکەوەکاربکەن ( یان

پێکەوە بەستراون) بە ڕۆحیەتی تەبایی، بیر - ووزەیەکی زیاتر دابین دەکەن بەراورد بە تاکە مێشکێك، هەروەك چۆن کۆمەڵە پاتریەکی کارەبایی ووزەی زیاتر دابین دەکەن بەراورد بە تاکە پاتریەك.

بەهۆی ئەم خوازەیەوە یەکسەر ڕووندەبێتەوەکە بنەمای هۆشی باڵا ڕازی ئەو هێزەی لەخۆگرتووە کە بەکاردەهێنرێت لە لایەن ئەوکەسانەوەکە چواردەوری خۆیان پڕکردووە لە مێشکی کەسانی تر. لێرەدا گوزارشتێکی تر دێت کە زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لە تێگەیشتنی دۆخی دەروونی بنەمای هۆشی باڵا:کاتێك کە کۆمەڵێك مێشك بە ڕۆحیەتی تەباییەوە کاردەکەن، ئەو ووزە زیادەی لەو یەکگرتنەوە دروست دەکرێت، بۆ هەریەکە لە مێشکەکانی تری گروپەکە بەردەست دەبێت.

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هێنری فۆرد لەژێر باری هەژاری، نەخوێندەواری و نەزانیییەوە دەستی بە پیشە بازرگانییەکەی کرد. ئەوەش زانراوە کە، لە ماوەیەکی باوەڕپێنەکراوی کورتی دە ساڵیدا، بەڕێز فۆرد زاڵبوو بەسەر هەر سێ ناڕەحەتیەکەیدا، وە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا خۆیکردە یەکێك لە دەوڵەمەندترین کەسەکانی ئەمریکا. پەیوەست بەم ڕاستییەوە، هۆکاری ئەوەی هەنگاوە خێراکانی بەڕێز فۆرد هێندە تێبینیکراو بوون، ئەوە بوو کە لەو کاتەدا ببووە هاوڕێی تۆماس ئەدیسۆن، بەو جۆرە تێدەگەیت کە کاریگەری مێزێك لەسەر مێزێکی تر دەتوانێت چی بەدەستبهێنێت. هەنگاوێك زیاتر بڕۆ و بیر لەو ڕاستییە بکەرەوەکە مەزنترین سەرکەوتنی بەڕێز فۆرد ئەوکاتە دەستیپێکرد کە ئاشنایەتی لەگەڵ هارڤی فایەرستۆن، جۆن بۆروگ، لوتەر بوربانکدا دروستکرد، ( هەریەکەیان خاوەنی توانایەکی مێزی مەزن بوون)، بەو

جۆرە بەڵگەیەکی زیاترت هەیە کە دەکرێت هێز بەرهەم بهێنرێت لەڕێی یەکگرتنی دۆستانەی هزرەکانەوە.

هیچ گومانێکی تێدا نییە کە هێنری فۆرد یەکێکە لە داناترین کەسەکانی دونیای پیشەسازی و بازرگانی، مەسەلەی سامانەکەی هیچ گفتوگۆیەک هەڵناگرێت. لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی بەڕێز فۆرد بکۆڵەرەوە،کە هەندێکان پێشتر ناویان هێنراوە، ئەوسا ئامادە دەبیت بۆ تێگەیشتن لەم گوزارشتەی خوارەوە: " خەڵکی خوو و سروشت و هێزی بیرکردنەوەی ئەوکەسانە وەردەگرن کە پێیانەوە پەیوەستن بە ڕۆحیەتی هاوسۆزی و تەبایی".

هێنری فۆرد شکستی بە هەژاری و نەخوێندەواری و نەزانی هێنا بە یەکگرتنی لەگەڵ هزرە مەزنەکان،کە لەرەلەری بیرەکانیانی بۆ نێو هزری خۆی کێشکرد. لە ڕێگەی هاوڕێیەتی ئەدیسۆن، بوربانک، بۆرۆگ و فایەرستۆنەوە، بەڕێز فۆرد گیراوەی زیرەکی، ئەزموون، زانیاری، هێزە ڕۆحیەکانی ئەو چوارکەسەی بۆ توانای مێشکی خۆی زیاد کرد. سەرباری ئەوەش، بنەمای هۆشی باڵای گونجاند و بەکاریهێنا لەڕێی ئەو میتۆدانەوەکە لەم کتێبەدا باسکراون.

ئەم بنەمایە بەردەستە بۆت! پێشتر ناوی مەهاتما گاندیمان هێناوە. ڕەنگە زۆرینەی ئەوانەی دەربارەی گاندیان بیستووە، وەک پیاوێکی بچووکی لانەواز سەیری بکەن،کە بەبێ لەبەرکردنی جلوبەرگی فەرمی دێت و دەچێت، وەکێشە بۆ حکومەتی بەریتانیا دروست دەکات.

لەڕاستیدا، گاندی لانەواز نییە، بەڵکو بەهێزترین پیاوی سەر زەویە کە ئێستا لە ژیاندا بێت.

(بە خەملاندنی ژمارەی شوێنکەوتووەکانی و باوەڕیان بە سەرکردەکەیان.) سەرباری ئەوەش، ڕەنگە بەهێزترین کەسی تەواوی مێژووی دونیا بێت. هێزەکەی نایارە، بەڵام ڕاستەقینەیە.

یا لەو میتۆدە بکۆڵینەوەکە بەهۆیەوە ئەو هێزە مەزنەی بەدەستهێناوە، دەکرێت بە چەند وشەیەك ڕوونبکرێتەوە. ئەو هێزەی پەیداکرد لەڕێی قایلکردنی دوو سەت ملیۆن کەس بۆکاری پێکەوەیی، بە هزر و بە جەستە، بە ڕۆحیەتی تەباییەوە، بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.

بەکورتی، گاندی دەرئاسایەکی ئەنجامدا، چونکە ئەوە دەرئاسایە کاتێك بتوانرێت دوو سەت ملیۆن کەس قایل بکرێن - نەك بە زۆر - بۆکاری پێکەوەیی بە ڕۆحیەتی تەبایی، بۆکاتێکی ناکۆتا. ئەگەر گومانت هەیە ئەمە دەرئاسا بێت، هەوڵی قایلکردنی هەر دو وکەسێك بدە کە بە ڕۆحیەتی تەبایی بۆ ماوەیەکی زۆ رکاری پێکەوەیی بکەن.

هەرکەسێك کە بازرگانیەك بەڕێوەدەبات دەزانێت کە چەند زەحمەتە کارمەندانێك پەیدا بکات کە بەڕۆحیەتێکی تەنانەت تۆزێك نزیکیش لە تەبایی پێکەوەکاربکەن.

لیستی سەرەکیترین ئەو سەرچاوانەی کە دەکرێت هێزی لێوە وەرگیرێت، هەروەك بینیوتە، بە زیرەکی بێسنوور دەستپێکردووە. کاتێك دووکەس یان زیاتر بە ڕۆحیەتی تەبایی کاری پێکەوەیی دەکەن، بەرەو ئامانجێکی ڕوون، بەهۆی ئەو یەککگرتنەوە دەچنە پێگەیەکەوە،کە ڕاستەوخۆ هێز لەکۆگای مەزنی گەردوونی زیرەکی بێسنوورەوە وەردەگرێت. ئەمە مەزنترینی سەرچاوەکانی هێزە. ئەمە ئەو سەرچاوەیە کە بلیمەت بۆی

دەگەڕێتەوە. ئەوە سەرچاوەیەکە هەموو سەرکردەیەکی مەزن بۆی دەگەڕێتەوە، ( جا ئەگەر ئاگاداری ئەم ڕاستییە بێت یان نا).

ئەو دوو سەرچاوەیەی تر کە دەکرێت زانیاری پێویستی لیّ وەربگیرێت بۆ بەدەستهێنانی هێز، چیتر لە پێنج هەستەکە زیاتر پشتیان پێنابەسترێت. هەستەکانیش هەمیشە پشتپێبەستراو نین. زیرەکی بێسنوور هەڵە ناکات.

لە بەشەکانی دواتردا، ئەو میتۆدانەی کە بەهۆیەوە دەکرێت زۆر بە باشی لەگەڵ زیرەکی بێسنووردا پەیوەندی پیّ بگریت باسدەکرێن. ئەمە کۆرسێك نییە لەسەر ئایین. هەر بنەمایەکی بنچینەیی لەم کتێبەدا باسکراوە نابێت بەو جۆرە لێکبدرێتەوە کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مەبەست لێی وازهێنانە لە ڕەفتار و خووە ئاینییەکانی کەسەکە. ئەم کتێبە تایبەتمەندکراوە بۆ ڕێنماییدان بە خوێنەر کە چۆن ئامانجێکی دیاریکراوی ئارەزوو بۆ پارە، دەگۆڕێت بۆ هاوتا داراییەکەی.

بخوێنەوە، بیربکەرەوە، وە لەکاتی خوێندنەوەدا ڕابمێنە. هەروو تەواوی بابەتەکە خۆی والا دەکات، وە تۆ بەو گۆشەنیگایە دەیبینیت. ئەوسا تۆ وردەکاری هەر بەشێك دەبینیت.

پارە شەرمن و نەگیراوە هەروەك کیژۆڵەکانی سەردەمانی کۆن. دەبێت بەدەستبهێنرێت و ببرێتەوە بە میتۆدگەلێك کە جیاواز بێت لەوانەی لە لایەن عاشقێکەوە بەکاردێت، بە مەبەستی ڕۆیشتن بەدوای ئەوکچەدا کە هەڵیبژاردووە، یان بە ڕێکەوت بووە، ئەو هێزەی کە بەکاردێت بۆ بەدەستهێنانی پارە هێندە جیاواز نییە لەوەی کە بەکاردێت بۆ بەدەستهێنانی کچێك. ئەو هێزە، کاتێك بە سەرکەوتوویی بەکارهات بۆ

بەدەستهێنانی پارە پێویستە لەگەڵ باوەڕدا تێکەڵ بکرێت. پێویستە تێکەڵی ئارەزوو بکرێت. پێویستە تێکەڵی مکوڕی بکرێت. پێویستە لە ڕێگەی پلانێکەوە جێبەجێ بکرێت، وە دەبێت ئەو پلانە بخرێتە کار.

کاتێك پارە بە ڕێژەیەك دێت کە پێی دەگوترێت "پارەی گەورە"، بەسەر ئەوکەسەدا دەڕژێت کە کۆی دەکاتەوە، هەروەك چۆن ئاو بەسەر گردێکدا دێتە خوارەوە. تەوژمێکی نەبینراوی هێز هەیە،کە دەکرێت بە ڕووبارێك بەراورد بکرێت" جگە لەوەی کە لایەکی بە یەك ئاراستەدا دەڕژێت، هەموو ئەوانە لەگەڵ خۆی دەبات کە دەکەونە بەر ئەو لایەی چەمەکە، بەرەو سەرەوە و بەرەو سامان ـ وە لایەکەی تری بە ئاڕاستەی پێچەوانەدا دەڕژێت، ئەوانە دەبات کە هێندە بەختیان نەبووە بچنە ناوی ( وە نەیانتوانیوە خۆیان ئازاد بکەن لێی)، بۆ خوارەوە بەرەو ناسۆر و هەژاری.

هەموو ئەوکەسانەی کە سامانێکی مەزنیان کۆکردۆتەوە، درکیان بە بوونی ئەم ڕووباری ژیانە کردووە. پێکدێت لە پرۆسەی بیرکردنەوەی کەسەکە. سۆزە ئەرێنیەکانی بیرکردنەوە لەو لایەی ڕووبارەکەن کە کەسەکە بەرەو سامان دەبات. سۆزە نەرێنیەکان لەو لایەن کە کەسەکە بەرەو هەژاری دەبات. ئەمە بیرێك هەڵدەگرێت کە گرنگیەکی مەزنی هەیە بۆ ئەوکەسەی کە بە مەبەستی کۆکردنەوەی سامان شوێن ئەم کتێبە دەکەوێت.

ئەگەر لەو لایەی ڕووباری هێزی کە بەرەو هەژاری دەڕوات، ئەمە دەکرێت وەك سەوڵێك ڕۆڵ بگێڕێت،کە بەهۆیەوە دەکرێت خۆت بگەیەنیتە لایەکەی تری ڕووبارەکە. تەنها لە ڕێی جێبەجێکردن و بەکارهێنانەوە دەتوانێت

خزمەتت بکات. بە سادەیی خوێندنـەوە، داوەریکردن لەسـەری، بـە هـەر شێوازێك، بە هیچ شێوازێك سوودت پێناگەیەنێت.

هەندێك کەس ئەزموونی ئاڵوگۆڕ لە نێوان لای ئەرێنی و نەرێنی ڕووبارەکە دەکەن، هەندێك کات لە لای ئەرێنیەوەن، هەندێك کاتیش لە لای نـەرێنین. هاڕەکردنی واڵ ستریت لە ١٩٢٩دا ملیۆنان کەسی لە لای ئەرێنیـەوە بۆ لای نـەرێنی ڕامـاڵی، ئـەو ملیۆنـان کەسـە پەلەقاژەیانـە، هەنـدێکیان لـە بێهیوایی و ترسدا، بۆ گەڕانەوە بۆ لای ئەرێنی ڕووبارەکە. ئـەم کتێبـە بـە تایبەتی بۆ ئەو ملیۆنان کەسە نووسراوە.

هـەژاری و دەوڵەمەنـدی زۆرجـار شـوێنەکانیان دەگـۆڕن. هاڕەکردنـە ئـەم ڕاستییەی فێری جیهـان کـرد، هەرچـەندە جیهـان بـۆ ماوەیـەکی زۆر ئـەم وانەیەی بیرنامێنێت. هەژاری بـە گشـتی خۆڕسـکانە شـوێنی دەوڵەمـەندی بگرێتـەوە.کاتێـك دەوڵەمەنـدی شـوێنی هـەژاری دەگرێتـەوە، بـە گشـتی گۆڕانکاریەکە لە ڕێی پلانگەلی قایلکەر و بە وردی داڕێژراوە دێتە بەرهەم. هەژاری پێویستی بە هیچ پلانێك نییە. پێویستی بە یارمـەتی کـەس نییـە، لەبەرئـەوەی بێچـاوڕوو و بێبـەزەییـە. دەوڵەمـەنـدی شـەرمن و ترسـنۆکە. دەبێت سەرنجی ڕابکێشرێت.

هەمووکەسێك دەتوانێت خۆزگە بۆ سامان بخوازێـت، وە زۆربـەی خـەڵکی وا دەکەن، بەڵام تەنها کەمێکیان دەزانـن کـە پلانێکـی ڕوون و دیاریکراو، لەگەڵ ئارەزوویـەکی سوتێنەر بۆ سامان، تاکە ڕێگای پشتپێبەستراوە بۆکۆکردنەوەی سامان.

بەشی ١١

# ڕازی سێکس: شێوە گۆڕین

## هەنگاوی دەیەم بەرەو سامان

مانای وشەی " شێوە گۆڕین" بە زمانێکی سادە واتە، " گۆڕین یان شێوە گۆڕینی ماددەیەك، یان شێوەییەکی وزە، بۆ شێوە و دۆخێکی تر". غەریزەی سێکس دۆخێکی هزرییە. بەهۆی نەزانییەوە لەسەر بابەتەکە، بەگشتی ئەم دۆخە هزرییە پەیوەست کراوە بە جەستەوە، بەهۆی کاریگەری ناتەواوەوە، کە بەر زۆربەی خەڵکی کەوتووە، لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی سێکس، ئەو شتانەی لە ڕووی بنچینەوە جەستەین هزریان پێشداوەر لایەنگیر کردووە.

غەریزەی سێکس لە پشتیەوە ئەگەری سێ تایبەتمەندی دروستاکەر هەیە، کە ئەمانەن:

١_ هێشتنەوەی ڕەگەزی مرۆڤ.

٢_ چاکردنەوە و گێرانەوەی تەندروستی ( هیچ هاوتایەکی نییە.(

٣ ــ گۆڕینی کەسێتیەکی ئاسایی بۆ بلیمەت لە ڕێی گۆڕینی غەریزەی سێکسەوە

گۆڕینی غەریزەی سێکس بە سانایی و بە سادەیی ڕوونکراوەتەوە. مانای گۆڕینی مزرە لە بیرکرنەوەی گوزارشتی جەستەییەوە بۆ بیرکردنەوە بە شێوە و سروشتگەلێکی جیاوازتر.

ئارەزووی سێکسی بەهێزترینی ئارەزووەکانی مرۆڤە. کاتێک مرۆڤ بەم ئارەزووە هاندەدرێت ئەندێشەیەکی فراوان، بوێری، هێزی ویست، مکوڕی و توانایەکی داهێنەرانەی وا گەشە پێدەدات کە پێشتر نەناسراو بووە لای. ئارەزووی کردەی سێکسی هێندە بەهێز و بەگەڕخەرە کە مرۆڤەکان بێباکانە سەرکێشی بە ژیان و ئابڕوویانەوە دەکەن و تێیدا نقووم دەبن. کاتێک کۆنترۆڵکرا و ئاڕاستەکرایەوە لەگەڵ هێڵەکانی دیکەدا، ئەم هێزە هاندەرە هەموو تایبەتمەندیەکانی وەک ئەندێشە فراوانی، بوێری... هتد فەراهەم دەکات، کە دەکرێت وەک هێزێکی داهێنەرانەی بەهێز بەکاربهێنرێت لە وێژە، هونەر و هەر پیشە یان بوارێکی تردا، بێگومان بە کۆکردنەوەی سامانیشەوە.

گۆڕینی ووزەی سێکسی پێویستی بە ڕاهێنانە لە هێزی ویستدا، بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە، بەڵام پاداشتەکە شایەنی هەوڵدانە. ئارەزوو بۆ گوزارشتی سێکسی زگماك و سروشتیە. ناتوانرێت و نابێت ئارەزوو کپ بکرێت یان نەهێڵدرێت. بەڵام دەبێت دەربخرێت لە ڕێی شێوەیەکی گوزارشتکردنەوە کە جەستە و مزر و ڕۆحی کەسەکە دەوڵەمەند بکات. ئەگەر ئەم شێوە دەرەکیەی پێنەدرێت لەڕێی شێوەگۆڕینەوە، هەوڵی دۆزینەوەی دەرچەیەك دەدات لە ڕێی کەناڵە جەستەیەکانەوە.

دەکرێت بەنداوێك لەسەر ڕووبارێك دروست بکرێت، وە بۆ ماوەیەك ئاوەکەی کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا، بە هێز دەرچەیەك دەکاتەوە. هەمان شت ڕاستە دەربارەی غەریزەی سێکس. ڕەنگە بۆ ماوەیەك کپ بکرێت و کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام سروشتی خۆی هۆکارە بۆ ئەوەی بەردەوام بەدوای شێوازێکی گوزارشتدا بگەڕێت. ئەگەر بۆ هەوڵێکی داهێنەرانە نەگۆڕدرێت ئەوا دەرچەیەکی کەمتر شایستە دەدۆزێتەوە بۆ گوزارشت.

لە ڕاستیدا، بەختەوەر ئەو کەسەیە کە ئەوەی دۆزیوەتەوە چۆن شێوەیەکی دەرەکی بە غەریزەی سێکس بدات لە ڕێی هەوڵی داهێنەرانەوە، چونکە بە ئەو دۆزینەوەیە پێگەی خۆی بۆ بلیمەت بەرز دەکاتەوە.

توێژینەوەی زانستی ئەم ڕاستییە گرنگانی دەرخستووە:

١ _ ئەو کەسانەی سەرکەوتنی مەزنیان بەدەستهێناوە، کەسانێکن کە سروشتێکی گەشەپێدراوی باڵای سێکسیان هەیە" کەسانێك کە فێری گۆڕینی غەریزەی سێکس بوون.

٢ _ ئەو پیاوانەی کە سامێکی مەزنیان پێکەوە ناوە و ئەوانەش کە بوونەتە ناوێکی دیار لە دونیای وێژە، هونەر، پیشەسازی، تەلارسازی و پیشەکانی تر، بەهۆی کاریگەری ژنێکەوە هاندراون.

ئەو توێژینەوەیەی ئەم ڕاستییە ناوازانەی تێدا دۆزراوەتەوە، لە ڕێی لاپەڕەکانی مێژوو و یاداشتنامەکانەوە گەڕاوەتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر. لە هەر کوێ بەڵگە بەردەست بێت پەیوەندیدار بە ژیانی پیاوان

و ژنانی خاوەن دەستاکەوتی مەزن، زۆر قابلیکەرانە دەریخستووە کە خاوەنی غەریزەی سێکسی گەشەپێدراوی بالاَ بوون.
غەریزەی سێکس " هێزێکی بەرگەنەگیراوە"، دژی ئەوەی کە دەکرێت هیچ بەرهەڵستیەکی وەك " جەستەیەکی نەجوولاو" بوونی نەبێت. کاتێك مرۆڤ بەم غەریزەیە جۆش دەدرێت، بەهرەدار دەبن بە توانایەکی سەروو سروشتی بۆ چالاکی. لەم ڕاستییە تێبگە، ئەوسا لەگرنگی گوزارشتی غەریزەی سێکس کە کەسەکە بۆ پێگەی بلیمەتی بەرز دەکاتەوە تێدەگەیت.
غەریزەی سێکس نهێنی توانای داهێنەرانەی لە خۆی گرتووە. ڕژێنەکانی سێکس لەناوبەرە جا لە مرۆڤدا بێت یان ئاژەڵ، ئەوسا سەرچاوەیەکی سەرەکی چالاکیت لابردووە. بۆ سەلماندنی ئەمە، سەرنجی ئەوە بدە چی بەسەر هەر گیاندارێکدا دێت دوای ئەوەی دەخەسێنرێت. گایەك وەك مانگایەك سەلار و دەستەمۆ دەبێت دوای ئەوەی لە ڕوو سێکسیەوە گۆڕدرا. لابردنی سێکس هەموو توانایەکی شەڕ و بەرەنگاری لە نێردا ناهێڵێت، جا نێرەی مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ. لابردنی سێکس لە مێینەشدا هەمان کاریگەری هەیە.

## دە وروژێنەری هزر

هزری مرۆڤ وەڵامی وروژێنەرەکان دەداتەوە، کە لەڕێگەیانەوە دەکرێت بۆ لەرەلەرێکی ڕێژە بەرز جۆش بدرێت، ناسراو بە پەرۆشی، ئەندێشەی داهێنەرانە، ئارەزووی بەهێز، ...هتد .
ئەو وروژێنەرانەی کە هزر زۆر ئازادانە وەڵامیان دەداتەوە ئەمانەن:
١ ـ ئارەزووی گوزارشتی سێکسی

٢_ ئەوین

٣_ ئارەزوویەکی سوتێنەر بۆ ناوبانگ، دەسەلاّت، یان دەستاکەوتی دارایی، پارە.

٤_ میوزیك

٥_ هاوڕێیەتی لە نێوان یەك ڕەگەز، یاخود ڕەگەزی بەرامبەر.

٦_ هاوپەیمانی مۆشی بالاّ لەسەر بنەمای کاری پێکەوەیی دوو کەس یان زیاتر کە پێکەوە هاوپەیمانێتی دەبەستن بۆ بەرەوپێشچوونی کاتی یان ڕۆحی.

٧_ ئازار و ئەشکەنجەی هاوبەش، وەکو ئەو کەسانەی ئەزموونی چەوساندنەوەیان هەیە.

٨_ خورد پێشنیاری.

٩_ ترس.

١٠_ کحول و ماددە سڕکەرەکان.

ئارەزوو بۆ گوزارشتی سێکسی لە سەرەتای لیستی وروژێنەرەکاندا هاتووە، کە زۆر کاریگەرانە لەرەلەرەکانی هزر ڕێکدەخات و ڕەوڕەوەی جوولەی جەستەی بەگەڕ دەخات. لەم وروژێنەرانە هەشتیان سروشتی و بنیاتنەرن، دوانیان لەناوبەرن. ئەم لیستە لێرەدا پێشکەشکراوە بە مەبەستی ئەوەی یارمەتیت بدات لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری بکەیت لەسەر سەرچاوە سەرەکیەکانی وروژێنەرەکانی هزر. بەهۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە بە جوانی دەبینرێت کە غەریزەی سێکس، بە ڕێژەیەکی زۆر بەهێزترینی نێو هەموو وروژێنەرەکانە.

ئەم بەراوردە پێویستە وەك بناغەیەك بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەی کە گۆڕینی ووزەی سێکسی پێگەی کەسەکە بۆ بلیمەتی بەرز دەکاتەوە. با ئەوە بدۆزینەوە کە چی بلیمەت پێکدێنێت. هەندێك دانا دەڵێن بلیمەت کەسێکە کە قژێکی درێژی هەیە، خواردنی سەیر دەخوات، بەتەنها دەژی و ئامانجی نوکتەی نوکتەبازانە. " پێناسەیەکی باشتری بلیمەت ئەمەیە، " کەسێکە ئەوەی دۆزیوەتەوە کە چۆن لەرەلەرەکانی بیرکردنەوە بۆ ئاستێك زیاد بکات کە بتوانێت ئازادانە پەیوەندی لەگەڵ ئەو سەرچاوەی زانیاریانە ببەستێت کە بەردەست نین لە رێگەی رێژەی لەرەلەری ئاسایی بیرکردنەوەوە".

ئەو کەسەی کە بیر دەکاتەوە دەیەوێت هەندێك پرسیار بکات دەربارەی ئەم پێناسەیەی بلیمەتی. یەکەم پرسیاری ئەمە دەبێت، " چۆن کەسێك دەتوانێت پەیوەندی بگرێت لەگەڵ ئەو سەرچاوەی زانیاریانەی کە بەردەست نین لە رێی لەرەلەری ئاسایی بیرکردنەوەوە؟"

پرسیاری دواتر ئەمە دەبێت، " ئایا سەرچاوەگەلی زانیاری هەن کە تەنها بۆ بلیمەت بەردەست بن، ئەگەر وایە، ئەو سەرچاوانە چین و چۆن دەکرێت پێیان بگەیت؟"

دەبێت دروستی چەند گوزارشتێکی گرنگی ئەم کتێبە بسەلمێنین ـ یان بەلایەنی کەمەوە بەڵگە پێشکەش بکەین لەو رێگەیە کە بتوانیت سەلماندنەکەی خۆت لە رێگەی ئەزموونگەریەوە دڵنیا بکەیتەوە، وە بۆ کردنی ئەمە، دەبێت وەڵامی هەردوو پرسیارەکە بدەینەوە.

"بلیمەتی" لە رێی هەستی شەشەمەوە گەشەی پێدەدرێت

ڕاستەقینەی " هەستی شەشەم" بە تەواوەتی چەسپاوە. ئەم هەستی شەشەمە " ئەندێشەی داهێنەرانەیە." توانای ئەندێشەی داهێنەرانە ئەو جۆرەیە کە زرینەی خەڵکی لە تەواوی ژیانیاندا هەرگیز بەکاریناهێنن، وە ئەگەر جارێکیش بەکاری بەێنن، بە گشتی بە ڕێکەوت ڕوودەدات. ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی، بە ئامانجێکی ماوە درێژ و پێشتر بیرلێکراوەوە توانای ئەندێشەی داهێنەرانە بەکاردەهێنن. ئەوانەی کە خۆکردانە ئەم توانایە بەکاردەهێنن، وە لە ئەرکەکانی تێدەگەن، بلیمەتن.

توانای ئەندێشەی داهێنەرانە بەستەری ڕاستەوخۆی نێوان هزری سنووردار و زیرەکی بێسنوورە. هەموو ئەوانەی پێی دەگوترێت شۆڕش، کە ئاماژەی بۆ دەکرێت لە دونیای ئایندا، وە هەموو دۆزینەوە بنەڕەتیەکان یان بنەما نوێیەکانی بواری داهێنان، لە ڕێی توانای ئەندێشەی داهێنەرانەوە ڕوودەدەن.

کاتێك بیرۆکەکان و چەمکەکان دێنە هزری کەسەکەوە، لەڕێی ئەوەی کە خەڵکی پێی دەڵێن " بروسکە" لە ڕێی یەکێك یان هەموو ئەم سەرچاوانەی خوارەوە دێت:

١ ـــ زیرەکی بێسنوور

٢ ـــ هۆشی نائاگای کەسەکە، کە هەموو هەست و ترپە بیرێکی تێدا پارێزراوە کە هەتا ئێستا گەیشتۆتە مێشك لە ڕێی هەریەکە لە پێنج هەستەکەوە.

٣ ـــ لەڕێی هزری کەسانی ترەوە کە تازە بیرەکەی بەڕەلا کردووە، یان وێنەی بیرۆکەیەك یان چەمکێکەوە، لە ڕێی بیری بەئاگاوە.

٤ ــ لەڕێی خەزێنەی هۆشی نائاگای کەسانی ترەوە. هیچ سەرچاوەیەکی تری زانراو نییە کە ئیلهامی بیرۆکە یان بروسکەکانی لێوە وەرگیرێت.

ئەندێشەی داهێنەرانە بە باشترین شێوە کار دەکات کاتێک هزر دەلەرێتەوە ( بەهۆی جۆرێکی وروژێنەری هزرەوە) بە لەرەلەرێکی زۆر بەرز. ئەوە کاتێکە کە هزر بە لەرەلەرێك کار دەکات کە لە لەرەلەری ئاسایی بیرێکی ئاسایی بەرزترە.

کاتێك کاری مێشك وروژێنرا لە لایەن یەکێك لە دە وروژێنەرەوەکەوە، کاریگەری بەرزکردنەوەی کەسەکەی هەیە زۆر بەرزتر لە ئاسۆی ئاسایی بیر، وە ڕێگەی پێدەدات وێنای دووری و پێوانە و جۆرێتی ئەو بیرانە بکات کە لە ڕووتەختی خوارتردا بەردەست نین. وەکو ئەوانەی بەکاردێن کاتێك کەسەکە خەریکی چارەسەرکردنی کێشە ڕۆتینیەکان بازرگانی و پیشەسازیە.

کاتێك کەسەکە لەڕێی هەر شێوەیەکی وروژێنەری هزرییەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەم ئاستە، دەچێتە هەمان پێگەی ئەو کەسەی دەبێت کە لە فڕۆکە دادەبەزێتە سەر بەرزاییەك کە لێیەوە دەتوانێت پشتی ئەو هێڵی ئاسۆیە ببینێت کە بینینی سنووردار کردووە، لە کاتێکدا کە لەسەر زەویە. سەرباری ئەوەش، کاتێك لەم ئاستە بەرزەی بیرکردنەوەدایە، کەسەکە بە هیچ وروژێنەرێك دەورە نەدراوە یان لەمپەر نەکراوە کە مەودای بینین و سنووردار بکات کاتێك زۆرانبازی لەگەڵ کێشەکانی دەستاکەوتنی سێ پێویستیە بنەڕەتیەکەی خواردن، جلوبەرگ و شوێنی مانەوە دەکات. لە دونیای بیردایە کە بیرەکانی ڕۆژانە کار بکە وەك گردو

بۆل و بەربەستە بەرجەستەکانی تر سڕاونەتەوە، کاتێك لە فرۆکەکەدا بەرزدەبێتەوە.

کاتێك لەم ئاستە بەرزەی بیردایت، توانای داهێنەرانی هزر ئازادی کارکردنی پێدەدرێت. ڕێگاکە پاککراوەتەوە بۆ هەستی شەشەم بۆ کارکردن. وەرگر دەبێت بۆ بیرۆکەگەلێك کە کەسەکە ناتوانێت پێیان بگات لە هیچ بارودۆخێکی تردا. " هەستی شەشەم" ئەو توانایەیە کە جیاوازی نێوان کەسێکی بلیمەت و کەسێکی ئاسایی دیاریدەکات.

توانای داهێنەرانە چالاکتر و وەرگرتر دەبێت بۆ لەرەلەرەکان، کە لە دەرەوەی مۆشی ئاگای کەسەکەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەتا زیاتر ئەم توانایە بەکاربهێنرێت کەسەکە زیاتر پشتی پێ ببەستێت، وە داوای تریە بیری لێ دەکات. ئەم توانایە تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە دەتوانرێت گەشەی پێبدرێت.

وەك زانراوە کە " تەواوی ویژدانی کەسەکە لە ڕێی توانای هەستی شەشەمەوە کاردەکات. نیگارکێش، نووسەر، میوزیسیان و شاعیرە مەزنەکان بەهۆی ئەوەوە مەزن بوون خووی پشتبەستن بە " دەنگە بچووکە نزمە"ی کە لە ناخیاندا دەدوێ پەرەپێداوە. لە ڕێی توانای ئەندێشەی داهێنەرانەوە. ئەوە ڕاستییەکە زۆر باش زانراوە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە ئەندێشەیەکی هێند ورد و فراوانیان هەیە کە باشترین بیرۆکەکانیان لە ڕێی ئەو شتەوە بۆ دێت کە پێی دەڵێن " چەخماخە بروسکە.

وتاربێژێکی مەزن هەیە کە مەزنی بەدەستنەهێنا، هەتا ئەو کاتەی چاوەکانی دانەخست و بە تەواوتی دەستی نەکرد بە پشتبەستن بە

توانـای ئەندێشـەی داهێنەرانـە. کاتێـك پرسـیاری لێکـرا بۆچـی ڕێـك لـە گەرمـەی وتارەکەیـدا چـاوەکانی دادەخـات، وەڵامـی دایـەوە، " بۆیـە وا دەکەم، چونکە دواتر لە ڕێی ئەو بیرۆکانەوە قسە دەکەم کە لـە ناخمەوە بۆم دێن".

یەکێك لە سەرکەوتووترین و بـەناوبانگترین پارەدارەکانی ئـەمریکا شـوێن خووی داخستنی چاوەکانی کەوتووە بـۆ دوو یـان سـێ خولـەك بەرلـەوەی بڕیارێك بدات

کاتێـك لێیـان پرسـی بۆچـی ئـەوەی کـرد، وەڵامـی دایـەوە،" بـە چاوی داخراوەوە، دەتوانم لە سەرچاوەیەکی زیرەکی باڵاوە زانیاری هەڵێنجم".

د. ئیلمێر ر. گەیتسی کۆچکردووی چیڤی چاس، ماریلاند، زیاتر لـە ۲۰۰ داهێنـانی کـردووە، زۆربـەیان سـادەن، لـە ڕێـی پرۆسـەی ئامادەکردن و بـەکارهێنانی توانـای داهێنەرانـە. میتۆدەکـەی هـەم گرنگـە و هـەم سەرنجڕاکێشە بۆ ئەو کەسانەی کە مەیلی گەیشتن بە پێگەی بلیمەتیان هەیە، کـە بـەبێ گومـان د. گـەیتس خـۆی یەکێکـە لـە بلیمەتـەکان. د. یەکێکە لە زانا هەرە مەزنەکانی دونیا، هەرچەندە هێنـدە ناسراو نییـە لـە نێو خەڵکیدا.

لـە تاقیگەکەیـدا، ئـەوەی هـەبوو کـە خـۆی پێـی دەگـوت، " ژووری پەیوەندیگرتنی کەسی." لە ڕووی پراکتیکیەوە دەنـگ نەدەهاتـە نـاوەوە، وە بە جۆرێك ڕێکخرابوو کە بتوانرێت هـەموو ڕووناکیـەکان بکوژێنرێنـەوە. مێزێکی تێدابوو کە پارچەیەك کاغەزی نووسینی لەسەر دانابوو. لەبەردەم مێزەکە، لەسـەر دیوارەکـە، دوگمەیـەکی کارەبایی هـەبوو. کـە کۆنترۆڵی گڵۆپـەکانی دەکـرد. کاتێـك د. گـەیتس ئـارەزووی بکردایـە زانیـاری لـەو

مێزانەوە وەرگرێت کە بەردەست بوون بۆی لە ڕێی ئەندێشەی داهێنەرانەیەوە، دەچووە ئەو ژوورەوە، لەسەر مێزەکە دادەنیشت، گڵۆپەکانی دەکوژاندەوە، وە هۆشی چڕدەکردەوە لەسەر فاکتەرە زانراوەکانی ئەو داهێنانەی کە کاری لەسەر دەکرد، لەو دۆخەدا دەمایەوە مەت ئەو کاتەی بیرۆکەکانی پەیوەست بە فاکتەرە نەزانراوەکانی داهێنانەکە لە هزریدا " چەخماخە" یان لێدەدا.

جارێکیان، بیرۆکەکان هێندە بە خێرایی هاتن کە ناچار بوو بۆ نزیکەی سێ کاتژمێر بنووسێت. کاتێک بیرەکان لە هەڵقوڵان وەستان، وە تێبینیەکانی پشکنی، بۆی دەرکەوت کە پێکدێن لە خولەکێک باسی بنەماگەلێك کە هاوتەریب نییە لەگەڵ هیچ زانیاریەکی زانراوی دونیای زانستی.

سەرباری ئەوەش، وەڵامی کێشەکەی زیرەکانە لە تێبینیەکانی بەردەمیدا پێشکەشکرابوو. بەم شێوازە د. گەیتس زیاتر لە ٢٠٠ داهێنانی تەواو کرد، کە دەستیێ پێکرابوو، بەڵام تەواو نەکرابوون ، لە لایەن مێشکە سستەکانەوە. بەڵگەی ڕاستی ئەم قسەیە لە نووسینگەی داهێنانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە.

د. گەیتس بژێوی خۆی بە " دانیشتن بۆ بیرۆکەکان" پەیدا دکرد بۆ خەڵکی و کۆمپانیاکان. هەندێك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی ئەمریکا کرێیەکی زۆریان پێدەدا، بە کاتژمێر، بۆ " دانیشتن بۆ بیرۆکەکان".

زۆر جار توانای ژیربێژی هەڵە دەکات، چونکە زۆر بە فراوانی لە ڕێی ئەزموونی کۆکراوەوە ڕێبەری دەکات. هەموو ئەو زانیاریانەی کە کەسەکە لەڕێی ئەزموونەوە کۆیکردونەتەوە مەرج نییە ڕاستبن. ئەو بیرۆکانەی لە

ڕێی توانای داهێنەرانەوە وەردەگیرێن زۆر ڕاست و دروستن، لەبەر ئەو هۆکارەی لە سەرچاوەگەلێکەوە دێن کە زۆر پشتپێبەستووترن بەراورد بەوانەی بەردەستن بۆ یەکەی ژیربێژی هزر.

جیاوازیە سەرەکیەکانی نێوان داهێنەرێکی بلیمەت و داهێنەرێکی ئاسایی، ڕەنگە لەو ڕاستییەدا بدۆزرێتەوە کە بلیمەت لەڕێی ئەندێشەی داهێنەرانەوە کار دەکات، لە کاتێکدا کەسێکی ئاسایی هیچ نازانێت دەربارەی ئەم توانایە. داهێنەری زانستی( وەك بەڕێز ئەدیسۆن و د. گەیتس)، هەردوو جۆری ئەندێشەی داهێنەرانە و ئەندێشەی لاسایکەرەوە بەکاردەهێنێت.

بۆ نموونە، داهێنەرێکی زانستی، یان بلیمەتێك دەست دەکات بە داهێنانێك بە ڕێکخستن و پێکەوەبەستنی بیرۆکە زانراوەکان، یان ئەو بنەمایانەوە کە بەهۆی ئەزموونەوە کۆکراونەتەوە، لە ڕێی ئەندێشەی لاسایکەرەوەوە ( یەکەی ژیربێژی هزر). ئەگەر بۆی دەرکەوت ئەو زانیاریە کۆکراوەیە بەس نییە بۆ تەواوکردنی داهێنانەکەی، ئەوسا لەڕێی ئەندێشەی داهێنەرانەیەوە زانیاری لەو سەرچاوانەی بەردەستی ڕادەکێشێت. ئەو میتۆدەی کە کاری پێدەکات بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت، بەڵام ئەم کۆکراوە و پوختەی ڕێکارەکەیە:

١ _ مێشکی دەوروژێنێت بۆ ئەوەی لە ڕێژەی لەرەلەری ئاسایی بەرزتر بلەرێتەوە، یەکێك یان چەند دانەیەك لە دە وروژێنەرەکەی هزر یان هەندێك وروژێنەرێکی هەڵبژێردراوی خۆی بەکاردەهێنێت.

٢ _ هۆشی چڕدەکاتەوە لەسەر فاکتەرە زانراوەکان( بەشە تەواوکراوەکان)ی داهێنانەکەی، وە لە هزریدا وێنەیەکی تەواوەتی

فاکتەرە نەزانراوەکانی ( بەشە تەراونەکراوەکان)ی داهێنانەکەی دەکێشێت. ئەم وێنەیە لە مزریدا ڕادەگرێت هەتا دەبرێت بەرەو هۆشی نائاگایی، دواتر خۆی هێمن دەکاتەوە بە بەتاڵکردنەوەی مزری لە هەموو بیرێك و چاوەڕێی وەڵامەکە دەکات لە مزریدا چەخماخە لێبدات.

هەندێك جار ئەنجامەکان ڕوون و یەکسەرین. لە کاتەکانی تردا، دەرئەنجامەکان نەرێنین، بەپێی باری گەشەکردنی " هەستی شەشەم" یان یەکەی داهێنەرانەی مزر. بەڕێز ئەدیسۆن زیاتر لە ١٠٠٠ کۆکراوەی بیرۆکەی جیاوازی تاقی کردەوە لە ڕێی یەکەی لاسایکەرەوەی ئەندێشەیەوە، بەرلەوەی ئەندێشەی داهێنەرانەی بەکاربەرێت، وە ئەو وەڵامە وەرگرێت کە بووە هۆی دروستبوونی گڵۆپی کارەبایی. ئەزموونەکەی هاوشێوەی ئەوە بوو کاتێك ئامێری قسەکردنی دروستکرد.

بەڵگەگەلی زۆر پشتپێبەستراو هەن کە بوونی یەکەی ئەندێشەی داهێنەرانە پشتڕاست دەکەنەوە. ئەم بەڵگانە بەردەستن لەڕێی شیکردنەوەی وردی ئەو کەسانەی کە بوونە سەرکردە لە بوارە تایبەتیەکەی خۆیاندا، بەبێ ئەوەی خاوەنی خوێندن و بڕوانامەی بەرزبن. لینکۆڵن نموونەیەکی بەرچاوی سەرکردەیەکی مەزنە کە مەزنێتی بەدەستهێناوە، لەڕێی دۆزینەوە و بەکارهێنانی ئەندێشەی داهێنەرانەوە. ئەم توانایەی دۆزیەوە و بەکاریهێنا لە دەرئەنجامی ئەو ڕوژانی ئەوینەوە کە ئەزموونی کرد دوای ئەوەی ئان ڕتلیجی بینی، گوزارشتێکی زۆر گرنگ، پەیوەست بە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی بلیمەتی.

لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لە تۆماری ئەو سەرکردە مەزنانەی کە دەکرێت سەرکەوتنەکانیان ڕاستەوخۆ بگەڕێنرێنەوە بۆ کاریگەری ژنێك کە یەکەی

داهێنەرانەی هزریانی بەرزکردۆتەوە، بەهۆی وروژاندنی ئارەزووی سێکسەوە. ناپۆلیۆن بۆناپارت یەکێکە لەوانە.
کاتێک لە لایەن یەکەم هاوسەریەوە، جۆزفین، ئیلهامی پێدرا کە بەرگەنەگیراو و بەتوانایە. کاتێک " داوەریە باشتر"ەکەی یان یەکەی ژیربێژی هزری جۆزفینی وەلانا، وردە وردە کەمبۆوە. شکستەکەی لە ست.هێلینا زۆری نەبرد ڕوویدا.
ئەگەر ئارەزوومان ڕێگە بدات، دەکرێت بە ئاسانی ناوی چەندان کەسی بەناوبانگی ئەمریکا بهێنین،کە بۆ لوتکەی بەرزی سەرکەوتن سەرکەوتوون، لەژێر کاریگەری وروژاندنی هاوسەرەکانیاندا، وە دواتر کەوتونەتە خوار و تێکشکاون دوای ئەوەی پارە و دەسەڵاتیان کەوتۆتە دەست و هاوسەرەکەیان بۆ دانەیەکی تازە وەلاناوە.
ناپۆلیۆن تاکە کەس نییە کە ئەو کاریگەریەی سێکسی بۆ دەرکەوێت، لە سەرچاوەیەکی دروستەوە، بەراورد بە هەر جێگرەوەیەکی تر، کە دەکرێت بە ژیری ئاسایی دروست بکرێت.
هزری مرۆڤ وەڵامی وروژێنەرەکان دەداتەوە! لە نێوان مەزنترین و بەهێزترینی ئەم وروژێنەرانەدا ئارەزووی کردەی سێکس هەیە. کاتێک جڵەو دەکرێت و شێوەی دەگۆڕدرێت، ئەم هێزە بەگەڕخەرە لە توانایدایە کەسەکان بۆ ئاستێکی بەرزتری بیرکردنەوە بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن زاڵبن بەسەر سەرچاوەی نیگەرانی و بێزارکردنە بچووکەکاندا کە لە ئاستی خوارتدا ڕێگەکەیانی گرتووە.
بەداخەوە، تەنها بلیمەت ئەمەی دۆزیوەتەوە. ئەوانی تر ئارەزووی کردەی سێکسیان پەسەند کردووە، بەبێ دۆزینەوەی یەکێک لە

سەرەکیترین توانا شاراوەکانی - ئەو ڕاستییەی کە دەرخەری ئەو ژمارە زۆرەی " ئەوانی ترە" بەراورد بەو ژمارە کەمەی بلیمەت.

بەمەبستی تازەکردنەوەی یادەوەری، پەیوەست بەو ڕاستیانەی لە ژیاننامەی کەسانی ناسراودا هەن، لێرەدا ناوی چەند کەسێکتان پێشکەش دەکەم کە دەسکەوتی ناوازەیان بەدەستهێناوە، کە هەریەکەیان بەوە ناسراون سروشتێکی بەرزی سێکسیان هەبووە. ئەو بلیمەتانەی کە بەدڵنیاییەوە سەرچاوەی هێزیان دۆزیوەتەوە لە ووزەی گۆڕدراوی سێکسدا:

جۆرج واشینگتن

ناپۆلیۆن پۆناپارت

ولیام شەیکسپیر

ئەبراهام لینکۆڵن

ڕاڵف واڵدۆ ئیمیرسۆن

ڕۆبێرت بورنس

تۆماس جیفەرسۆن

ئەلبێرت هوبارد

ئەلبێرت ه. گاری

ئۆسکار وایڵد

ودرۆو ویلسۆن

جۆن ه. پاتێرسۆن

ئەندریو جاکسۆن

ئنریکۆ کاروسۆ

زانیاری خۆت دەربارەی ژیاننامە دەتوانی بۆ ئەم لیستە زیاد بکەیت.
ئەگەر دەتوانی لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا کەسێک بدۆزەرەوە، کە سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنابێت لە هەر بوارێکدا، کە بە سروشتێکی گەشەپێدراوی سێکس دنە نەدرابێت.
ئەگەر ئارەزووی ئەوە ناکەیت پشت بە ژیاننامەی ئەو کەسانە ببەستیت کە لە ژیاندا نەماون، لەو کەسانە بکۆڵەرەوە کە دەزانیت کەسانی خاوەن سەرکەوتنی مەزنن، بزانە دەتوانیت کەسێك بدۆزیتەوە لە ناویاندا کە ئاستێکی سێکسی بەرزی نەبێت. ووزەی سێکسی ووزەی داهێنەرانەی هەموو بلیمەتەکانە. هەرگیز نەبووە و هەرگیزیش نابێت سەرکردەیەکی مەزن، بنیاتنەرێك، یان نیگارکێشێك ئەم هێزە بەگەرخەرەی سێکسی نەبێت.
بەدڵنیاییەوە کەس بە هەڵە لەم قسەیە تێناگات کە وا لێکی بداتەوە هەموو ئەوانەی کە ئارەزوویەکی سێکسی گەورەیان هەیە بلیمەتن! مرۆڤ تەنها کاتێك بۆ پێگەی بلیمەت بەرز دەبێتەوە کە ئەگەر هزری بوروژێنێت بۆ ئەوەی لە هێزە بەردەستەکان زانیاری وەرگرێت لە رێی یەکەی داهێنەرانەی ئەندێشەیەوە. سەرەکیترینی ئەو وروژێنەرانە کە دەکرێت لەرێیەوە ئەم بەرزبوونەوەی لەرەلەرە بەرهەم بێت ووزەی سێکسە. تەنها خاوەنداریتی ئەم ووزەیە بەس نییە بۆ بەرهەمهێنانی بلیمەت. ووزەکە دەبێتە لە ئارەزووەوە بگۆردرێت بۆ یەککگرتنی جەستەیی، بۆ هەندێك شێوەی تری ئارەزوو و کردار، بەرلەوەی کەسەکە بۆ پێگەی بلیمەت بەرزبکاتەوە.

دوور لە بوون بە بلیمەت، بەهۆی ئارەزووی مەزنی سێکسەوە، زۆینەی خەڵکی ئاستی خۆیان دادەبەزێنن بۆ ئاستی ئاژەڵە نزمترەکان، بەهۆی تێنەگەیشتن و خراپ بەکارهێنانی ئەو هێزە مەزنە.

## بۆچی خەڵکی بە دەگمەن بەر لە چل ساڵی سەرکەوتوو دەبن

لە ڕێی لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ٢٥ هەزار کەس، بۆم دەرکەوت کە ئەو کەسانەی بە شێوازێکی ناوازە سەرکەوتوو بوون، بەدەگمەن بەر لە چل ساڵی ئەوەیان کردووە، وە زۆبەی جار هەتا دوای پەنجا ساڵی گورزی ڕاستەقینەی خۆیان ناوەشێنن. ئەم ڕاستییە هێندە سەرسامکەر بوو کە دنەیدام زۆر بە وریایەوە بە شوێن هۆکارەکانیدا بگەڕێم، لێکۆڵینەوەیەکم ئەنجامدا کە زیاتر لە دوانزە ساڵی خایاند.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەی دەرخست کە هۆکاری سەرەکی ئەوەی زۆرینەی ئەو کەسانەی سەرکەوتوو دەبن ناتوانن بەر لە چل یا پەنجا ساڵی ئەوە بکەن، مەیلیانە بۆ بەهەدەردانی ووزەیانە لەڕێی وابەستەبوونێکی زۆرەوە بە گوزارشتی جەستەیی غەریزەی سێکس. زۆربەی خەڵکی هەرگیز فێرنابن کە ئارەزووی سێکسی شێوازی گوزارشتی تری هەیە، کە زۆر گرنگترن، لە بەتەنها گوزارشتی جەستەیی. زۆربەی ئەوانەی ئەمەیان بۆ دەردەکەوێت، دوای ئەوەی چەندین ساڵیان بەفیڕۆداوە لە تەمەنێکدا کە ووزەی سێکس لە بەرزترین ئاستدا بووە، بەر لە تەمەنی چل و پێنج بۆ پەنجا ساڵی. بە گشتی ئەمە سەرکەوتنێکی بێبایەخی بەدوادا دێت.

ژیانی زۆرێک لە خەڵکی هەتا چل ساڵی، هەندێک جار سەروتریش، ڕەنگدانەوەی بەهەدەردانی بەردەوامی ووزەیە، کە دەکرێت سوودی

لێوەربگیرێت بە گۆڕینیان بۆ کەناڵێکی باشتر. غەریزە باش و بەهێزەکانیان شێتانە دەدەنە بەر هەر چوار بایەکە. لەم خورەی نێرینەوە، دەستەواژەی،" ڕەنجی خۆی بەبا دەکات" دروستبووە.

ئارەزووی گوزارشتی سێکس هەتا ئێستا بەهێزترین و بەگەرخەرترین نێو غەریزەکانی مرۆڤە، هەر لەبەر ئەم هۆکارە، کاتێک ئەم ئارەزووە جڵەو دەکرێت و دەگۆڕدرێت بۆ کردار، بەدەر لە گوزارشتی جەستەیی، دەکرێت کەسەکە بۆ پێگەی بلیمەت بەرز بکاتەوە.

یەکێك لە بەتواناترین بازرگانەکانی ئەمریکا ڕاشکاوانە ددانی بەوەداناوە کە سکرتێرە سەرنجڕاکێشەکەی هۆکاری زۆربەی ئەو پلانانە بووە کە دایڕشتوون. ددانی بەوەدانا ئامادەبوونی سکرتێرەکەی بەرەو لوتکەی ئەندێشەی داهێنەرانە بەرزکردۆتەوە، بەجۆرێك کە نەیتوانیوە لە ژێر هیچ ورووژێنەرێکی تردا ئەزموونی بکات.

یەکێك لە سەرکەوتووترین کەسەکانی ئەمریکا زۆربەی سەرکەوتنەکەی بە قەرزارباری کاریگەری خانمێکی گەنجی شۆخ دەزانێت، کە سەرچاوەی ئیلهامی بووە بۆ زیاتر لە دوانزە ساڵ.

هەموو کەسێك ئەو پیاوە دەناسێت کە ئەم ئاماژەیە دەیگرێتەوە، بەڵام هەموو کەسێك نازانێت سەرچاوەی ڕاستەقینەی سەرکەوتنەکانی چییە.

مێژوو نموونەی زۆری ئەو کەسانەی تێدایە کە پێگەی بلیمەتیان بەدەسهێناوە، لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی ورووژێنەری دەستکردی هزر لە شێوەی کحول و ماددەی نەشەکەردا. ئێدگار ئالان پۆ کاتێک " قەلەڕەش" ی نووسی لەژێر کاریگەری شەرابدا بوو و مەست بوو، " خەونگەلێك دەبینم کە هیچ فانیەك پێشتر نەوێراوە بیانبینێت." جەیمس

واینکومب ریلی باشترین نووسینەکانی کاتێك نووسی کە لەژێر کاریگەری کحولدا بوو. ڕەنگە لەو کاتەدا " تێکەڵەی ڕێکخراوی ڕاستی و خەون، ئاشەکەی سەر ڕووبارەکە، وە هەڵمی سەر چەمەکە"ی بینیبێت، ڕۆبەرت بێرنس باشترینی نووسینەکانی بە نەشەیی دەنووسی،" بۆ ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش، ئازیزم، هێشتا پێکی میهرەبانی دەخۆینەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش." بەڵام با بەبیرتان بهێنمەوە کە ئەو چەندین لەو کەسانە لە کۆتایدا خۆیان لەناوبرد. سروشت دەرمانی خۆی دروستکرد کە بەهۆیەوە خەڵکی بە سەلامەتی هزریان بوروژێنن هەتا لە ڕووتەختێکدا بلەرێتەوە کە بۆ وەرگرتنی ئەو بیرە باش و دەگمەنانەی کە کەس نازانێت لە کوێوە دێن! هەتا ئێستا هیچ جێگرەوەیەکی قایلکەر بۆ وروژێنەرەکانی سروشت نەدۆزراوەتەوە.

ڕاستییەکی زانراوە لای دەروونناسەکان کە پەیوەندیەکی زۆر نزیك هەیە لە نێوان ئارەزووی سێکسی و پێویستیە ڕۆحیەکاندا ـ ڕاستییەك کە هۆکاری ڕەفتاری نامۆی ئەو کەسانەیە کە بەشداری لەو سێکسی بەکۆمەڵەدا دەکەن کە ناسراوە بە " چالاککردن"ی ئاینی، کە زۆر باوە لە ئاینە سەرەتاییەکاندا.

دونیا فەرمانڕەوایی دەکرێت و چارەنووسی شارستانیەتێك دیاریدەکرێت، لە ڕێی غەریزەکانی مرۆڤەوە. خەڵکی بە هەستەکان کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانیان دادنرێت زۆر زیاتر لە ژیریان. یەکەی داهێنەرانەی هزر بەتەواوەتی بەهۆی غەریزەکانەوە دەخرێتەکار، نەك بە ژیری سارد و سڕ. بەهێزترینی نێو هەموو غەریزەکانی مرۆڤ سێکسە. وروژێنەری دیکەی هزریش هەن، کە هەندێکیان لیستە کراون، بەڵام هیچیان، تەنانەت ئەگەر

هەمووشیان پێکەوە کۆبکرێنەوە، ناتوانن هاوتای هێزی بەگەڕخەری سێکس بن.

وروژێنەری هزر بە هەر کاریگەریەك دەگوترێت کە بە شێوەیەکی کاتی، یان هەمیشەیی، لەرەلەری بیرەکان زیاد دەکات. ئەو دە وروژێنەرەی باسکران، ئەوانەن کە بەکارهێنانیان زۆر باوە.

لەڕێگەی ئەم سەرچاوانەوە کەسەکە دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ زیرەکی بێسنووردا ببەستێت، یان بە دڵی خۆی بچێتە خەزێنەی هۆشی نائاگاوە، جا هی خۆی بێت، یاخوود هی کەسێکی تر، هەموو ئەو ڕێکارانەی لەوێدان هی بلیمەتن.

مامۆستایەك کە مەشق و ڕێنمایی بە زیاتر لە ۳۰ هەزار فرۆشیار بەخشیوە، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە پیاوانێك بە ئارەزووی سێکسی بەرزەوە لێهاتووترینی فرۆشیارەکانن. ڕوونکردنەوەکە بەم جۆرەیە، کە هۆکاری کەسایەتی ناسراو بە "ڕاکێشەری کەسایەتی" هیچ نییە جگە لە وزەی سێکسی. کەسانی سێکسی هەمیشە ڕێژەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی کەسایەتیان هەیە. لە ڕێی ڕێخۆشکردن و تێگەیشتنەوە، دەکرێت ئەم هێزە گرنگە ڕابکێشرێت و بەکاربهێنرێت سوودی زۆری هەبێت بۆ پەیوەندیەکانی نێوان خەڵکی. دەکرێت ئەم وزەیە لە ڕێگەی ئەم نێوەندانەی خوارەوە پەیوەندی پێبگیرێت لەگەڵ ئەوانی تردا:

١ ــ تۆقەکردن: بەرکەوتنی دەستەکان، یەکەر هەبوون یان نەبوونی ڕاکێشەری دەردەخات.

٢ _ تۆنی دەنگ : سەرنجڕاکێشی، یان ووزەی سێکسی، هۆکارێکە کە دەشێت بەهۆیەوە دەنگ هەمەچەشن بێت، یان سەرنجڕاکێش و میوزیکی بێت.

٣ _ بار و زمانی جەستە : کەسانی سێکسی چالاك و بە جموجۆڵن، بە هێمنی و لەسەرخۆیەوە.

٤ _ لەرەلەری بیر : کەسانی سێکسی غەریزەی سێکس تێکەڵاوی بیرەکانیان دەکەن، یان ڕەنگە بە خواستی خۆیان ئەوە بکەن، وە بەو شێوازە دەشێت کاریگەری بخەنەسەر ئەو کەسانەی لە چواردەوریانن.

٥ _ ڕازاندنەوەی جەستە : کەسانی سێکسی بە گشتی زۆر ئاگاداری ڕواڵەتیانن. بە گشتی ستایلێکی جلوبەرگێك هەڵدەبژێرن کە لەگەڵ کەسایەتی و جەستە و ڕەنگی پێستیاندا بگونجێت.

لە کاتی دامەزراندنی فرۆشیاردا، بەڕێوەبەرە بەتواناکانی فرۆشتن بەدوای خاسیەتی سەرنجڕاکێشی کەسایەتیدا دەگەڕێن وەك یەکەم تایبەتمەندی فرۆشیار. ئەو کەسانەی کە ووزەی سێکسیان نییە هەرگیز بە پەرۆش نابن و نابنە سەرچاوەی ئیلهام بۆ پەرۆشی کەسانی تر، وە بەپەرۆشی یەکێکە لە گرنگترین پێویستیەکانی فرۆشیاری، گرنگ نییە کەسەکە چی دەفرۆشێت.

ئەو وتاربێژ، پارێزەر، یان فرۆشیارەی کە ووزەی سێکسی نییە شکستخواردووە، لە هەر بابەتێکدا کە پەیوەندی بە کاریگەری خستنەسەر ئەوانی ترەوە هەبێت. سەرباری ئەو ڕاستییەی، کە زۆربەی خەڵکی دەتوانرێت تەنها لە ڕێی جولاندنی غەریزەکانیانەوە دەکرێت کاریان تێبکرێت، ئەوسا لە گرنگی ووزەی سێکسی تێدەگەیت وەك

بەشێك لە توانای سروشتی فرۆشیار. فرۆشیاری لێهاتوو پێگەی کارامەیی بەدەستدەهێنێت لە فرۆشتندا، لەبەرئەوەی هۆشیارانە، یان نائاگایانە، وزەی سێکسی دەگۆڕێت بۆ پەرۆشی فرۆشتن! لەم گوزارشتەدا دەکرێت پێشنیارێکی زۆر کرداری بدۆزرێتەوە بۆ مانای ڕاستەقینەی شێوەگۆڕینی سێکس.

ئەو فرۆشیارەی کە دەزانێت چۆن هزری لەسەر بابەتی سێکس لاببات، وە ئاڕاستەی بکات لە هەوڵەکانی فرۆشتندا بەهەمان پەرۆشی و جۆش چڕکردنەوەوە کە بەکاری دەهێنێت بۆ مەبەستە سەرەکیەکەی سێکس، ئەوا هونەری گۆڕینی سێکس بەدەستدەهێنێت. جا خۆی بزانێت یان نا. زۆربەی فرۆشیارەکانی کە وزەی سێکسیان دەگۆڕن ئەوە دەکەن بەبێ ئەوەی ئاگاداری بن، یان بزانن چۆن دەیکەن.

گۆڕینی وزەی سێکسی پێویستی بە هێزێکی ویستی زیاتر هەیە لەوەی کە کەسێکی ئاسایی دەیەوێت بۆ ئەم مەبەستە بەکاریبهێنێت. ئەوانەی بەلایانەوە سەختە کە هێزی ویستی پێویست بۆ گۆڕانکاریەکە بانگ بکەن، ڕەنگە وردە وردە ئەو توانایە بەدەستبهێنن. هەرچەندە ئەمە پێوستی بە هێزی ویستە، پاداشتی پراکتیککردنەکە زۆر لە هەوڵدانەکە بەنرخترە. ئەواوی بابەتی سێکس لەو جۆرەیە کە زۆرینەی خەلکی وادەردەکەون بێباکانە نەزانین دەربارەی. ئارەزووی سێکسی زۆر بەهەڵە لێکدەدرێتەوە، دەربارەی دەگوترێت و گەپجاڕی پێ دەکرێت لە لایەن هزرە نەزان و شەڕەنگێزەکانەوە، بۆ ماوەیەکی هێندە زۆرە کە تەنانەت خوودی وشەی سێکس زۆر بەدەگمەن لە کۆمەڵگا بەڕەوشتەکاندا بەکاردەهێنرێت. ئەو ژن پیاوانەی کە بەوە ناسراون بەخششیان پێدراوە

- بەڵێ - بەخششی سروشتێکی سێکسی بەرز، بەگشتی کەس حەز بە بینیان ناکات، لەبری ئەوەی پێیان بگوترێت بەهرەیان پێدراوە، بەگشتی پێیان دەگوترێت نەفرەتلێکراو.

تەنانەت لەم سەردەمی پێشکەوتنەشدا، ملیۆنان کەس هەستی خۆبەکەمزانینیان گەشەپێداوە بەهۆی ئەو باوەڕە ناڕاستەوە کە سروشتێکی سێکسی بەرز نەفرەتە. ئەم گوزارشتانە دەربارەی باشیەکانی ووزەی سێکس، نابێت وەك پاساوهێنانەوە بۆ بەدڕەوشتی لێکبدرێنەوە. غەریزەی سێکس تەنها کاتێك چاکە کە زیرەکانە بەکاربهێنرێت. ڕەنگە هەڵە بەکاربهێنرێت، وە زۆربەی جاریش وایە، بە ڕادەیەك کە لەبری ئەوەی جەستە و هزر دەوڵەمەند بکات، لەناویان دەبات. بەکارهێنانێکی باشتری ئەم هێزە بارێکی تری ئەم بەشەیە.

بەلای نووسەرەوە زۆر گرنگ بوو، کە بۆی دەرکەوت لە ڕووی کرداریەوە هەموو ئەو سەرکردە مەزنانەی، کە شانازی لێکۆڵینەوە لێیانی هەبووە، کەسانێك بوون کە سەرکەوتنەکانیان بەهۆی ژنێکەوە ئیلهامکراون. لە زۆربەی جارەکاندا، ژنەکان کەسانێکی سادە و هاوسەرانێکی خۆنەویست بوون کە خەڵکی هیچی وایان دەربارە نەزانیون. هەندێك جاریش، سەرچاوەی ئیلهامەکە دەکرێت ببرێتەوە سەر " ژنێکی تر". ڕەنگە ئەو حاڵەتانە زۆر نەناسراو نەبن لات.

نەبوونی جڵەوگیری لە خووە سێکسیەکاندا هێندەی نەبوونی جڵەوگیری لە خواردن و خواردنەوەدا زیانبەخشە. لەم سەردەمەی کە تێیدا دەژین، سەردەمێك کە بە جەنگی جیهانی دەستیپێکرد، نەبوونی جڵەوگیری لە خووە سێکسیەکاندا شتێکی باوە. ئەم خۆ نقومکردنە لە سێکسدا ڕەنگە

دەرخەری نەبوونی سەرکردەی مەزن بێت. هیچ کەسێك ناتوانێت سوود لە هێزەکانی ئەندێشەی داهێنەرانەی وەرگرێت، کاتێك کە بەهەدەریان بدات. مرۆڤ تاکە بوونەوەری سەر زەویە کە پێشێلی ئامانجی سروشت دەکات پەیوەست بەم بابەتەوە. هەموو گیاندارانی تر سروشتی سێکسیان بەبێ پێشێلکردن بەکاردەهێنن، وە بە ئامانجێك کە کۆکە لەگەڵ یاسای سروشت. هەموو گیاندارەکانی تر تەنها لە "وەرزی زاوزێ"دا وەڵامی بانگی سێکس دەدەنەوە. مەیلی مرۆڤ بۆ ڕاگەیاندنی "وەرزی کراوە"یە.

هەموو کەسێکی زیرەك دەزانێت کە وروژاندنی لەڕادەبەدەر، لەڕێی خواردنەوە کحولیەکان و دەرمانە سڕکەرەکانەوە، شێوەیەکی بێ کۆنترۆڵیە کە ئەندامە گرنگەکانی جەستە لەناودەبات، بە مێشکیشەوە. هەرچەندە، هەموو کەسێك نازانێت کە زیادەڕەوی لە گوزارشتی سێکسدا دەکرێت ببێتە خوویەکی هێندەی خواردنەوە و دەرمانی سڕکەر وێرانکەر و زیانبەخش بۆ هەوڵی داهێنەرانە.

کەسێکی ئالوودەی سێکس هیچ جیاوازیەکی بنچینەیی نییە لەگەڵ کەسێکی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر! هەردووکیان کۆنترۆڵیان بەسەر یەکەی ژیری و هێزی ویستیاندا لەدەستداوە. ئالوودەبوون بە سێکسەوە ڕەنگە بەتەنها ژیری و هێزی ویست لەناونەبات، بەڵکو ڕەنگە کەسەکە بەرەو شێتبوونی کاتی، یان هەمیشەیی ببات. زۆرێك لە هایپۆکۆندریاکان (نەخۆشی ئەندێشەیی) لە خووی گەشەپێدراوی نەزانی دەربارەی ئەرکی ڕاستەقینەی سێکسەوە گەشیان کردووە.

لەڕێی ئەم نموونە بچوکانەوە لەسەر بابەتەکە، زۆر بە ڕوونی دەبینرێت کە نەزانی لە بابەتی شێوەگۆڕینی سێکسدا، لە لایەکەوە سزایەکی قورسی نەزانەکان دەدات، لە لایەکی تریشەوە لە قازانجگەلی مەزن بێبەشیان دەکات.

نەزانیەکی سەرتاسەری دربارەی بابەتی سێکس دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە بابەتەکە بە ڕازگەلٚ دەورەدراوە و لە ڕێی بێدەنگیەکی ڕەشەوە داپۆشراوە. پلانگێڕی ڕاز و بێدەنگی هەمان کاریگەری سایکۆلوژیای قەدەغەکردنی هەیە لەسەر هزری کەسانی لاو. ئەنجامەکە کونجکۆڵی و ئارەزووی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەم بابەتە "قەدەغەکراوە" وە مایەی شەرمەزاری هەموو یاسادانەر زۆریەی دکتۆرەکانە ـ لە دابینکردنی گونجاوترین شێواز بۆ پەروەردەکردنی لاوان دەربارەی بابەتەکە ـ زانیاریەکان بە ئاسانی بەردەست نین.

بەدەگمەن کەسێك دەست بە هەوڵێکی داهێنەرانەی بەرز دەکات لە هەر بوارێکدا پێش چل ساڵی. کەسێکی ئاسایی لە تەمەنی نێوان چل بۆ شەشت ساڵی دەگاتە مەزنترین توانای دروستکردن. ئەم گوزارشتانە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی وردی هەزاران ژن و پیاوەوە وەرگیراوە کە بە وردی سەرنجدراون. دەبێت هاندەربن بۆ ئەوە کەسانەی کە شکستیان هێناوە بە گەیشتن بەو ئاستە بەر لە چل ساڵی، وە ئەو کەسانەش کە تۆقیون لە نزیکبوونەوەی "پیری،" لە دەوروبەری چل ساڵیدا. ساڵانی نێوان چل بۆ شەشت ساڵی، وەك یاسایەك، بەپیترین ساڵانی تەمەنە. خەڵکی پێویستە بە ترس و لەرزەوە بەرەو ئەو تەمەن نەڕۆن، بەڵکو بە هیوا و پەرۆشیەوە بڕۆن.

ئەگەر بەلگەت دەوێت دەربارەی ئەوەی زۆربەی خەلکی باشترین کارەکانیان بەر لە چل سالی ئەنجام نادەن، لە تۆماری سەرکەوتووترین ئەو کەسانە بکۆڵەرەوە کە لای خەلکی ئەمریکا ناسراون، ئەوسا دەیدۆزیتەوە.

هێنری فۆرد نەگەیشتە ترۆپکی سەرکەوتن هەتا چل سالی تێنەپەڕاند.

ئەندریو کارنیج زۆر لە چل سالی تێپەڕیبوو بەرلەوەی دەستبکات بە چنینەوەی پاداشتی هەوڵەکانی.

جەیمس ج. هیل هەتا تەمەنی چل سالی تەلەگرافی بەڕێوەدەبرد. سەرکەوتنە مەزنەکەی لەدوای ئەو تەمەنەوە ڕوویدا. ژیاننامەی پیشەساز و کەسە دەرامەتدارەکانی ئەمریکا پڕە لە بەلگەگەلی ئەوەی کە سالانی نێوان چل بۆ شەست سالی تەمەن پڕ بەرهەمترین سالانی تەمەنی مرۆڤە.

لەنێوان تەمەنی سی بۆ چل سالی مرۆڤ دەستدەکات بە فێربوونی هونەری شێوەگرینی سێکس، (ئەگەر هەر فێریش ببێت.) بەشێوەیەکی گشتی ئەم دۆزینەوەیە بە ڕێکەوتە، وە زۆر جاریش بە پێچەوانەوەیە، ئەو کەسەی کە ئەم کارە دەکات بە تەواوەتی نائاگایانە دەیکات. ڕەنگە تێبینی ئەوە بکات کە هێزی سەرکەوتنەکانی لە دەوروبەری سالانی سی وپێنج بۆ چل سالیدا زیادی کردووە، بەلام لە زۆربەی حالەتەکاندا ئاشنا نییە بە هۆکاری ئەو گۆڕانکاریە" سروشت دەستدەکات بە کۆککردنی غەریزەی ئەوین و سێکس لە تاکەکاندا، لە نێوانی سالانی سی بۆ چلی تەمەندا، بۆ ئەوەی لە هێزە مەزنەکانەوە هێز وەرگرێت و پێکەوە بەکاریان بهێنێت وەك ورووژێنەرێك بۆ کردار.

سێكس بەتەنها هاندەرێكی بەتوانایە بۆ كردار، بەڵام هێزەكانی وەك گێژەڵوكەیەك وایە - زۆر جار كۆنترۆڵنەكراون. كاتێك غەریزەی ئەوین تێكەڵ بە غەریزەی سێكس دەبێت، ئەنجامەكەی هێمنیە لە ئامانج، سەرنجراكێشی، وردی لە داوەری و هاوسەنگی. چی كەسێك، كە گەیشتووەتە ئەم تەمەنە و هێندە بێبەختە كە ناتوانێت ئەم گوزارشتانە شی بكاتەوە، وە ناتوانێت بە ئەزموونی خۆی پاڵپشتیان بكات؟

كاتێك پیاوێك تەنها لەسەر بنەمای غەریزەی سێكس دنە دەدرێت بۆ ئارەزووی ڕازیكردنی خانمێك، وەك چۆن بە گشتی وایە، لە توانایدا سەركەوتنی مەزن بەدەستبهێنێت، بەڵام دەشێت كردارەكانی ڕێكنەخراو، شێواو و بەتەواوەتی وێرانكەربن. كاتێك پیاو بە تەنها لەسەر بنەمای دنەدانی سێكس ئارەزووی قایلكردنی خانمێك دەكات، دەشێت دزی بكات، فێڵ بكات و تەنانەت تاوانی كوشتنیش ئەنجام بدات. بەڵام كاتێك غەریزەی ئەوین تێكەڵی غەریزەی سێكس دەكرێت، هەمان پیاو كردارەكانی بە ژیری و هاوسەنگی و دركێك زیاترەوە ڕێبەری دەكات.

تاوانناسەكان بۆیان دەركەوتووە كە دەكرێت دڵڕەقترین تاوانبار دەكرێت لەڕێگەی كاریگەری ئەوینی ژنێكەوە ڕاستبكرێنەوە. هیچ تۆمارێك نییە كە تاوانبارێك بەتەنها لەڕێی كاریگەری سێكسەوە ڕاستكرابێتەوە. ئەم ڕاستیانە لای هەموان ئاشكرایە، بەڵام هۆكارەكانی نا. ڕاستكردنەوە و چاكسازی دەكرێت، ئەگەر هەر بكرێت، لە ڕێگەی دڵەوە، یان لایەنی سۆزداری كەسەكە، نەك لەڕێی مێشكەوە، یان لایەنی عەقڵانی كەسەكەوە.

چاکسازی واتـه " گۆڕانکـاری لـه دڵـدا." مانـای "گۆڕانکـاری نیـه لـه مێشـکدا." مـرۆڤ دەشـێت بـەهۆی ژیریـەوە هەنـدێك گۆڕانکـاری لـە هەڵسوکەوتی کەسیدا بکات، بۆ خۆپاراسـتن لـە دەرئـەنجامی کاریگەریـە نەخوازراوەکان، بەڵام چاکسازی ڕاستەقینە تـەنها لـەڕێی گـۆڕینی دڵـەوە دەکرێت ـ لەڕێی ئـارەزووەوە بـۆ گـۆڕان، ئـەوین و سـێکس و هـەموو ئـەو غەریزانەی کە لەتواناياندایە مرۆڤ بەرەو لوتکەی سەرکەوتن بەرن. ئـەوین ئـەو غەریزەیەیـە کـە وەك پارێزگارێـك ڕۆڵ دەگێڕێـت، وە دڵنیـایی دەدات لەسەر هاوسەنگی، سەرنجراکێشـی و هـەوڵی بونیادنـەر. کاتێـك ئـەم سـێ غەریزەیـە پێکـەوە دەبەسـترێن، دەشـێت کەسـەکە بـۆ پێگـەی بلیمـەت بەرزبکەنـەوە. هەرچـەندە، چـەندین بلیمـەت هـەن، کـە هیچـی وا نـازانن دەربارەی غەریزەی ئەوین. زۆربەیان ڕەنگە لە کردارێکدا خۆیـان ببینـەوە کە وێرانکەر، یان بە لایەنی کەمەوە، لەسەر بنەمای دادپەروەری و ویژدان نەبێت بەرامبەر خـەڵکانی تـر. ئەگـەر مهیلمـان لـێ بێـت، دەتـوانین نـاوی دەیـان بلیمـەت بـەێنین لـە بـواری پیشەسـازی و دارایـدا، کـە بێشـەرمانە پێشـیلی مـاف مرۆڤـەکانی تریـان کـردووە. وا دەردەکـەوێت کـە هـیچ ویـژدانێکیان نـەبێت. خوێنـەر زۆر بـە ئاسـانی دەتوانێـت لیسـتی خـۆی دەربارەی ئەو جۆرە کەسانە ئامادە بکات.

غەریزەکان دۆخی هزرین. سروشت " پێکهاتەی کیمیایی هزر" ی بە مرۆڤ بەخشیوە، کە بە شـێوازێکی ەاوشـێوەی بنـەماکانی پێکهاتـەی کیمیایی مـاددە کـار دەکـات. ڕاسـتییەکی زانـراوە کـە، بـە یارمـەتی پێکهاتـەی کیمیایی ماددەوە، کیمیاگەر دەتوانێت ژەهرێکی کوشندە دروست بکات بە تێکەڵکردنی چەند توخمێکی دیاریکراو، کە هیچیان بـە تـەنیا خۆیـان د

شێوەی سروشتی خۆیاندا زیانبەخش نین. غەریزەکانیش بە هەمان شێوە دەکرێت تێکەڵ بکرێن بۆ دروستکردنی ژەهرێکی کوشندە. غەریزەکانی سێکس و ئیرەیی، کاتێک تێکەڵ دەکرێن، ڕەنگە کەسەکە بگۆڕن بۆ درندەیەکی شێت.

ئامادەیی یەکێك یان زیاتر لە یەکێکی غەریزە وێرانکەرەکان لە هزری مرۆڤدا، لە ڕێی کارلێکی کیمیایی هزرەوە، ژەهرێك دروست دەکات کە ڕەنگە هەستی دادپەروەری و داوەری کەسەکە لەناوبەرێت. لە حاڵەتە زۆر پەرگیرەکاندا، ئامادەیی هەر تێکەڵەیەکی ئەم غەریزانە دەکرێت ژیری کەسەکە لەناوببات.

ڕێگای بەرەو بلیمەتی پێکدێت لە گەشەپێدان، کۆنترۆڵکردن و بەکارهێنانی سێکس و ئەوین و خۆشەویستی. بە کورتی، دەکرێت پرۆسەکە بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشتی لێ بکرێت:

هاندانی ئامادەیی ئەم غەریزانە وەك بیری زاڵ لە هزری کەسەکەدا، وە ڕێگەنەدان بە هەبوونی هەموو غەریزە وێرانکەرەکان. هزر بونەوەری خووە. لەسەر بنەمای ئەوە گەشە دەکات کە بیری زاڵ پێیدەدات. لە ڕێگەی یەکەی هێزی ویستەوە، کەسەکە دەتوانێت هەر غەریزەیەك سست بکات، وە هەر غەریزەیەکی تر لە بری هان بدات. کۆنترۆڵکردنی هزر، لە ڕێگەی هێزی ویستەوە زۆر سەخت نییە. کۆنترۆڵ بەهۆی مکووڕی و خووەوە مەیسەر دەبێت.نهێنی کۆنترۆڵکردن لە تێگەیشتن لە پرۆسەی شێوەگۆڕیندایە. کاتێك هەر غەریزەیەکی نەرێنی لە هزری کەسەکەدا خۆی دەردەخات، دەتوانرێت بۆ غەریزەیەکی ئەرێنی، یان دروستاکەر بگۆڕدرێت، بە ڕێکاری سانای گۆڕینی بیرەکانی کەسەکە.

هیچ ڕێگەیەکی تر نییە بەرەو بلیمەتی جگە لە هەوڵدانی خۆکرد ڕەنگە کەسێك بگاتە لوتکەی سەرکەوتن لە بواری دارایی و بازرگانیدا، بە تەنها بە هێزی بەگەڕخەری ووزەی سێکس، بەڵام مێژوو پڕە لە بەڵگەی ئەوەی کە ڕەنگە، بە گشتیش وا دەکات، هەڵگری چەند خاسیەتێکی دیاریکراوی کەسایەتی بێت کە بێبەشی دەکەن لەوەی بتوانێت دەست بە سامانەکەیەوە بگرێت، یان چێژی لێ ببینێت. ئەمە شایەنی لێکۆڵینەوە، بیرکردنەوە و تێڕامانە، چونکە ڕاستییەك دەردەبڕێت، زانیاریەك کە دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ ژنان و پیاوانش. بێئاگایی و نەزانی دەربارەی ئەمە بووەت هۆی لە دەستدانی مافی بەختەوەربوونی هەزاران کەس، هەرچەندە تەنانەت خاوەن سامانیش بوون.

غەریزەکانی ئەوین و سێکس بەدڵنیاییەوە نیشانەی خۆیان جێدەهێڵن لەسەر ئاکارەکان. سەرباری ئەوەش، ئەم نیشانانە هێندە ڕوون و بینراون، کە هەموو ئەوانەی کە خۆزگەی بۆ دەخوازن دەتوانن بیانخوێننەوە. ئەو کەسەی بە تەوژمێکی هەست و سۆز بەگەڕ دەخرێت، بەتەنها لەسەر بنەمای ئارەزووی سێکسی، بە ڕوونی ئەو ڕاستییە بۆ تەواوی دونیا ئاشکرا دەکات، لە ڕێی گوزارشتی چاوەکانیەوە و هێڵەکانی ڕووخساریەوە. ئەوین کاتێك لەگەڵ غەریزەی سێکس تێکەڵ دەکرێت، گوزارشتە ڕوخسارەکان دەگۆڕێت و نەرم و جوانیان دەکات. پێویستت ب هیچ شیکەرەوەیەکی کەسایەتی نییە هەتا ئەمەت پێبڵێت ـ دەتوانیت بۆ خۆت تێبینی بکەیت.

غەریزەی ئەوین، سروشتی هونەری و جوانیناسی مرۆڤ بەدەر دەخات و گەشە پێدەدات. کاریگەری خۆی لەسەر ڕۆحی کەسەکە بەجێدەهێڵێت،

تەنانەت دوای ئەوەی ئاگری ئەوینەکە بەهۆی کات و بارودۆخەوە دەکوژێنەوە.

یادگاریەکانی ئەوین هەرگیز تێناپەڕن. دەمێننەوە، ڕێبەریت دەکەن و کاریگەریان دەبێت زۆر دوای کاڵبوونەوەی سەرچاوەی ورووژانەکە. ئەمە هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە. هەموو مرۆڤێك کە ئەوینێکی ڕاستگۆیانە جوڵێنرا بێت، دەزانێت کە شوێنەواری ماوە درێژ لەسەر دڵی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت. کاریگەری ئەوین دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوین سروشتێکی ڕۆحی هەیە. ئەو کەسەی کە ناتوانرێت بوروژێنرێت بەرەو ترۆپکی سەرکەوتن بەهۆی ئەوینەوە، لێ بۆتەوە ـ مردووە. هەرچەندە ڕەنگە زیندوو دەرکەوێت.

تەنانەت یادەوەریەکانی ئەوین بەسن بۆ ئەوەی کەسەکە بەرز بکەنەوە بۆ ڕوونەختێکی بەرزتری هەوڵی داهێنەرانە. هێزی سەرەکی ئەوین ڕەنگە خۆی بە هەدەر بدات و تێپەڕێت، وەك ئاگرێك کە خۆی دەسوتێنێت، بەڵام نیشانەگەلی نەسڕاوە بەجێدەهێڵێت کە ببنە بەڵگە لەسەر ئەوەی بەو شوێنەدا تێپەڕیوە. ڕۆیشتنی زۆرجار دڵی مرۆڤ ئامادە دەکات بۆ ئەوینێکی مەزنتر. هەندێك جار، بگەڕێرەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، وە هزرت نوقمی یادەوەریەکانی ئەوینی ڕابردووت بکە. کاریگەری خەم و بێزاریەکانی کاتی ئێستات هێور دەکاتەوە. سەرچاوەیەکی هەڵاتنت پێدەدات لە ڕاستییە تاڵ و ناخۆشەکانی ژیانت، وە لەوانەیە ـ کێ دەزانێت؟ ـ لە ماوەی ئەم پاشەکشە کاتییەدا بۆ نێو دونیای ئەندێشەی خۆت، هزرت بیرۆکەگەل، یان پلانگەلت پێدەدات، کە دەکرێت تەواوی پێگەی دارایی و ڕۆحی کەسەکە بگۆڕێت.

ئەگەر بڕوات وابێت کە بێ بەختیت، لەبەرئەوەی " ئەویندایت کردووە و لە دەستداوە" ئەو بیرەت لەناوبەرە. ئەو کەسەی کە بەڕاستی ئەوینداری کردبێت، هەرگیز بە تەواوەتی لەدەستنەچووە. ئەوین مگێز گۆڕاو و شێوە گۆڕاوە. سروشتێکی کورتخایەن و کاتی هەیە. کاتێك دێت کە خۆی حەز بکات، وە بەبێ ئاگادارکردنەوە دەڕوات. پەسەندی بکە و چێژی لێ ببینە لە کاتێکدا کە هەیە، بەڵام هیچ کات بەهەدەر مەدە لە خەم خواردن بۆ ڕۆیشتنی. خەم هەرگیز نایگەڕێنێتەوە.

هەروەها ئەو بیرەش فڕێبدە کە ئەوین هەرگیز لە جارێك زیاتر نایەت. ئەوین دەکرێت بێت و بڕوات، بەبێ شومار، بەڵام هیچ دوو ئەزموونێکی ئەوین نییە کە بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر کەسەکە هەبێت. ڕەنگە، وە بەگشتیش وایە، ئەزموونێکی ئەوین شوێن پەنجەیەکی قووڵتر لەسەر دڵی کەسەکە بەجێدەهێڵێت بەراورد بە ئەزموونەکانی تری ئەوین، بەڵام هەموو ئەزموونەکانی ئەوین بەسوودن، بێجگە بۆ ئەو کەسەی کە بەداخ و خۆپەرستە کاتێك ئەوین بەجێیان دەهێڵێت.

نابێت هیچ بێ هیوابوونێك هەبێت دەربارەی ئەوین، وە هەرگیز نابێت ئەگەر خەڵکی لە جیاوازی نێوان غەریزەکانی ئەوین و سێکس تێبگەن. سەرەکیترین جیاوازی ئەوەیە کە ئەوین کردەیەکی ڕۆحیە، سێکس کردەیەکی بایەلۆجیە( جەستەیی). هیچ ئەزموونێك نییە کە بە هێزێکی ڕۆحی بەر دڵی مرۆڤ بکەوێت، کە بتوانێت زیانی هەبێت. مەگەر بەهۆی نەزانی، یان ئیرەییەوە بێت.

ئەوین بەبێ هیچ گومانێك، مەزنترین ئەزموونی ژیانە. کەسەکە پەیوەست دەکات بە زیرەکی بێسنوورەوە. کاتێك لەگەڵ غەریزەکانی سێکس و

ڕۆمانس تێکەڵ دەکرێت، دەکرێت کەسەکە بەرەو سەرەوەی پلیکانەی هەوڵی دامێنەرانە ببات. غەریزەکانی ئەوین، سێکس و ڕۆمانس، لایەکانی سێگۆشەی ئەمری سەرکەوتن ـ دروستکردنی بلیمەتن. سروشت بێجگە لەم ڕێگایە بە هیچ ڕێگەیەکی تر بلیمەت دروست ناکات.

ئەوین غەریزەیەکە بە چەندین ڕوو، سێبەر و ڕەنگەوە. ئەو ئەوینەی کە هەستی پێدەکەیت بەرامبەر دایک و باوک، یان بەرامبەر منداڵان، ئەوینێکی تەواو جیاوازە بەراورد بەو ئەوینەی کە بەرامبەر خۆشەویستەکەت هەستی پێدەکەیت. ئەمەیان تێکەڵە لەگەڵ غەریزەی سێکس، لە کاتێکدا ئەوەی تریان وانییە. ئەو ئەوینەی کە کەسێك هەستی پێدەکات لە هاوڕێیەتیەکی ڕاستەقینەدا، هەمان ئەو ئەوینە نییە کە کەسەکە هەستی پێدەکات بەرامبەر خۆشەوست، دایك و باوك، یان منداڵان. بەڵام ئەوەش شێوازێکی ئەوینە. دواتر، ئەوین بۆ شتگەلی بێگیان، وەك ئەوینی دروستراوەکانی دەستی سروشت. بەڵام بەهێزترین و سووتێنەرترینی نێو ئەم ئەوینانە، ئەو جۆرەیە کە بەهۆی تێکەڵکردنی غەریزەکانی سێکس و ئەوینەوە ئەزموون دەکرێت. هاوسەرگیەك، ئەگەر پیرۆز نەکرابێت بە سۆزی ئەمری ئەوین، بە تەواوەتی هاوسەنگ و یەکانگیر نەبێت لەگەڵ سێکسدا، ناکرێت بەختەوەری بهێنێت، بە دەگمەنیش هەتا سەر دەبێت. ئەوین بە تەنها بەختەوەری مەیسەر ناکات لە هاوسەرگیریدا، سێکسیش بەتەنها ناتوانێت ئەوە بکات. کاتێك ئەم دوو غەریزە جوانە تێکەڵ دەکرێن، دەکرێت هاوسەرگیری دۆخێکی هزری بێنێتە کایەوە، کە نزیکترین بێت لەو ڕۆحانیەتەی کە هەتا ئێستا مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەی زەویە ناسیبێتی.

کاتێک غەریزەی ڕۆمانسی زیاد دەکرێت بۆ ئەوین و سێکس، بەربەستەکانی نێوان هەزری سنووورداری مرۆڤ و زیرەکی بێسنوور نامێنن، دواتر بلیمەتێک لەدایک دەبێت! ئەم چی چیرۆکێکی جیاوازە، بەراورد بەوانەی بەگشتی دەربارەی سێکس باس دەکرێن. ئەمە لێکدانەوەی غەریزەیەکە کە لە شێوەی ئاسایی خۆی دەرەێنراوە، وە لە دەستی خودا دا قوڕی گڵکاری لێ دروست دەکرێت، کە بەهۆیەوە هەموو ئەو شتانە دروست دەکات کە جوان و ئیلهامبەخشن. ئەمە لێکدانەوەیەکە کە ئەگەر باش فام بکرێت، تەبایی و هارمۆنی لە ئاژاوەوە مەیسەر دەکات کە لە زۆرینەی هاوسەرگیریەکاندا بوونی هەیە. ناتەبایی زۆر جار لە شێوەی بۆڵەبۆڵدا گوزارشت دەکرێت، بەگشتی دەکرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ نەبوونی زانیاری دەربارەی بابەتی سێکس. لە هەر شوێنێک کە ئەوین و ڕۆمانس و تێگەیشتنی تەواوەتی هەبوو لە غەریزە و ئەرکی سێکس، هیچ ناتەبایی و گرفتێک نابێت لە نێوان هاوسەرەکان. بەبەختە ئەو پیاوەی هاوسەرەکەی لە پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان ئەوین ، سێکس و ڕۆمانسی تێدەگات. کاتێک بەم سێینە پیرۆزە دنە دەدرێن، هیچ کارێک بارگرانی نابێت، لەبەرئەوەی تەنانەت نزمترین شێوەی هەوڵدان سروشتی کاری ئەوین وەردەگرێت. پەندێکی زۆر کۆن هەیە دەڵێت، " هاوسەری پیاو یان پیاو دروست دەکات یان تێکیدەشکێنێت،" بەڵام هەمیشە هۆکارەکەی فام نەکراوە. " دروست کردن" یان " تێکشکاندن" دەرئەنجامی تێگەیشتن، یان تێنەگەیشتنی ژنەکەیە لە غەریزەکانی ئەوین، سێکس و ڕۆمانس. سەرەڕایی ئەو ڕاستییەیی کە پیاوان فرەژنخوازن، بەهۆی سروشتی بۆماوەیی بایەلۆجیانەوە، ئەوە ڕاستە کە هیچ ژنێک هێندەی

هاوسەرەکەی کاریگەریەکی هێندە مەزنی نییە، مەگەر ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکدا کردبێت کە بەتەواوەتی نەگونجاو بێت لەگەڵ سروشتیدا. ئەگەر ژنێک ڕێگە بە هاوسەرەکەی بدات چیتر مەیلی لێ نەمێنێت، وە زیاتر مەیلی لە ژنانی تر بێت، بەگشتی بەهۆی نەزانیانەوەیە، یان بێباکیانەوەیە دەربارەی بابەتەکانی سێکس، ئەوین و ڕۆمانس. بێگومان ئەم گوزارشتە ئەوە دەردەخات، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوینێکی ڕاستەقینە لە نێوان پیاوێك و هاوسەرەکەیدا هەبووە.

ئەو ڕاستیانە بەهەمان شێوە بەسەر ئەو پیاوەشدا جێبەجێ دەبێت کە ڕێگە دەدات هاوسەرەکەی مەیلی بۆی نەمێنێ. هاوسەرەکان زۆر جار لەسەر دەیان شتی پڕوپوچ دەمەقاڵێ دەکەن. ئەگەر ئەمانە بە دروستی لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێت، هۆکاری ڕاستەقینەی کێشەکە زۆرجار لە بێباکی، یان نەزانی لە مەڕ ئەو بابەتانەدا دەدۆزرێتەوە. مەزنترین هێزی هاندەری پیاو ئارەزویەتی بۆ ڕازیکردنی ژنێك! ئەو ڕاوکەرەی کە زۆر لێهاتووە بووە لە ماوەی سەتەکانی پێش مێژوو، بەر لە کازیوەی شارستانیەت، بۆیە وا لێهاتوو بووە، لەبەرئەوەی ئارەزووی هەبووە لەبەر چاوی ژنان مەزن دەربکەوێت. لەم ڕووەوە سروشتی پیاو نەگۆڕاوە. " ڕاوچی" ئەمڕۆ پێستی ئاژەڵە کێویەکان ناهێنێتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵکو ئارەزووی خۆی پیشان دەدات لەڕێی دابینکردنی جلوبەرگی باش، ئۆتۆمۆبێل و سامانەوە. پیاو هەمان ئارەزووی ڕازیکردنی ژنی هەیە کە بەر لە کازیوەی شارستانیەت هەیبووە. تاکە شت کە گۆڕاوە، میتۆدی ڕازیکردنەکەیە. ئەو پیاوانەی کە سامانێکی گەورە کۆدەکەنەوە، وە دەگەنە لوتکەی دەسەڵات و ناوبانگ، بەشێوەیەکی سەرەکی، لەڕێی

تێرکردنی ئارەزوویانەوە بۆ ڕازیکردنی ژنێك ئەوە دەکەن. ژنان لە ژیانیان دەریەێنە، ئەوسا سامانی مەزن بۆ زۆربەی پیاوان بێنرخ دەبێت. ئەو ئارەزووە بۆماوەیەی پیاوە بۆ ڕازیکردنی ژن، کە هێزی بە ژنان داوە بۆ دروستکردن یان تێکشکاندنی پیاوان.

ئەو ژنەی کە لە سروشتی پیاو تێدەگات و زیرەکانە خواردنی پێدەدات، پێویست ناکات لە پێشبڕکێی ژنانی تر بترسێت لەگەڵیدا. پیاوان دەشێن " زەبەلاح" بن بە هێزێکی ویستی تێکنەشکاوەوە کاتێك مامەڵە لەگەڵ پیاوانی تردا دەکەن، بەڵام بە ئاسانی بەڕێوە دەبرێن لە لایەن خاتوونی دڵخوازیانەوە.

زۆربەی پیاوان ددان بەوەدا نانێن کە بە ئاسانی کاریان تێدەکرێت لە لایەن ژنی دڵخوازیانەوە، لەبەرئەوەی ئەوە لە سروشتی نێرینەدایە کە دەیانەوێت وەك بەهێزترینی جۆرەکان بناسرێت. سەرباری ئەوەش، ژنی زیرەك درك بەم " خاسیەتە نێرینەیە"ی پیاو دەکات و ژیرانە هیچ هەرایەکی لەسەر نانێتەوە. هەندێك لە پیاوان دەزانن کە کاریگەریان دەکرێتە سەر لە لایەن ژنی دڵخوازیانەوە ـ هاوسەرەکانیان، خۆشەویستەکانیان، دایکەکانیان و خوشکەکانیان ـ بەڵام زیرەکانە وازدەهێنن لە یاخیبوون لەو کارتێکردنە، لەبەرئەوەی هێندە زیرەکن کە ئەوە بزانن کە هیچ پیاوێك بەختەوەر نابێت یان تەواو ناکرێت بە بێ کارتێکردنی گۆڕەری ژنێکی گونجاو. ئەو پیاوەی کە درك بەم ڕاستییە گرنگە ناکات خۆی بێبەش دەکات لەو هێزەی کە زۆری کردووە لە یارمەتیدانی ئەو پیاوانەی کە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە بەراورد بە هەموو هێزەکانی تر پێکەوە.

بەشی ١٢

# هۆشی نائاگا : بەستەری پێکەوەگرێدان

---

هەنگاوی پانزەیەم بەرەو سامان.

هۆشی نائاگا پێکدێت لە کێڵگەیەك ئاگایی، کەتێیدا هەموو ترپە بیرەکان کە دەگەنە هزر لە رێی هەریەکە لە پێنج هەستەکەوە، پۆلێن دەکرێت و تۆمار دەکرێت، وە دەکرێت بەهۆیەوە بیرەکان بهێنرێن یان فەرامۆش بکرێن وەك دۆلابی دۆسیەی فەرمانگەکان.

وەریدەگرێت، دەیانکاتە دۆسیە، درك بە بیر و هەستەکان دەکات، بەبێ رەچاوکردنی سروشتیان. رەنگە خۆرسکانە هەر پلان، بیرۆکە یان ئامانجێك لە هۆشی نائاگاتدا بچێنیت کە ئارەزوو دەکەیت بۆ هاوتا بەرجەستەکەی یان داراییەکەی بگۆڕیت. هۆشی نائاگا سەرەتا کار لەسەر ئەو ئارەزووە سەرەکیانەدا دەکات کە لەگەڵ هەستێکی سۆزاوی وەك باوەڕ تێکەڵکراون.

بیر لە ئەمە بکەرەو پەیوەست بەو رێنمایانەوە کە لەبەشی ئارەزوودا پێدرا، بۆ ئەنجامدانی ئەو شەش هەنگاوەی لەوێ باسکراون، وە ئەو

ڕێنمایانەی لە بەشی تایبەت بە داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانەکان پێتدرا، ئەوسا لە گرنگی گەیاندنی بیر دەگەیت.

## هۆشی نائاگا شەو و ڕۆژ کار دەکات

لە ڕێی میتۆدێکی ڕێکارییەوە، نەزانراو لای مرۆڤ، هۆشی نائاگا هێزێک لە هێزەکانی زیرەکی بێسنوورەوە دەردەکێشێت کە بەهۆیەوە خۆڕسکانە ئارەزووەکانی کەسەکە بۆ هاوتا بەرجەستەکەیان دەگۆڕێت، هەمیشە کرداریترین نێوەند بەکاردەهێنێت بۆ دەستبەرکردنی ئەم دەرئەنجامە.
ناتوانیت بە تەواوەتی کۆنترۆڵی هۆشی نائاگات بکەیت، بەڵام دەتوانی خۆڕسکانە بیدەیتە دەست هەر پلانێک، ئارەزوویەک، یان ئامانجێک کە ئارەزوو دەکەیت بۆ شێوەیەکی بەرجەستەی بگۆڕێت. دووبارە ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی هۆشی نائاگا بخوێنێنەوە، لە بەشی تایبەت خوود پێشنیاری.
بەڵگە گەلێکی زۆر هەیە کە پاڵپشتی ئەو باوەڕە دەکات کە هۆشی نائاگا بەستەری پێکەوەگرێدانی نێوان هزری سنوورداری مرۆڤ و زیرەکی بێسنوور. بەستەرێکە کە کەسەکە دەتوانێت بە ویستی بەسەر هێزەکانی زیرەکی بێسنووریدا بهێنێت. بەتەنها پرۆسەیەکی نهێنی تێدایە کە ترپە هزرییەکان دەگۆڕدرێن بۆ هاوتا ڕۆحییەکانیان. بە تەنها ناوەندێکە کە دەتوانرێت نزایەک بگۆڕدرێت بۆ سەرچاوەیەک کە توانای وەڵامدانەوەی نزاکانیان هەبێت.
ئەگەرەکان هەوڵی داهێنەرانە پەیوەستە بە سەختی هەڵسەنگاندن و توانای هۆشی نائاگاوە، کە کەسەکە دووچاری ترس دەکەن.

هەرگیز خۆم لە باسی هۆشی نائاگا نەداوە بەبێ هەستکردنێك بە بارسووکی و خۆبەکەمزانی، ڕەنگە بەهۆی ئەو ڕاستییەوە بووبێت کە تەواوی خەزێنەی زانیاری مرۆڤ لەسەر ئەم بابەتە هێندە سنووردارە کە شایەنی بەزەییە. هەر ئەو ڕاستییەی کە هۆشی نائاگا ناوەندی پەیوەندیگرتنی نێوان هزری بیرکەرەوەی مرۆڤ و زیرەکی دەستکرد، خۆی لە خۆیدا بیرێکە کە ژیری کەسەکە لە پەلوپۆ دەخات.

دوای ئەوەی وەك ڕاستییەك بوونی هۆشی نائاگات پەسەند کرد و لە ئەگەرەکانی تێگەیشتیت، وەك ناوەندێك بۆ گۆڕینی ئارەزووەکانت بۆ هاوتا بەرجەستە یان داراییەکانیان ، ئەوسا لە گرنگی تەواوەتی ئەو ڕێنماییانە تێدەگەیت کە لە بەشی ئارەزوودا پێتدراوە. هەروەها لەوەش تێدەگەیت کە بۆچی بە بەردەوامی ئاگادار دەکرایتەوە کە ئارەزووەکانت بە ڕوونی دیاریبکە و لە نووسینێکدا پوختیان بکەرەوە.

هەروەها لە پێویستی مکوڕبوون لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانیشدا تێدەگەیت.

سیانزە بنەماکە وروژێنەرێکە کە بەهۆیەوە توانای گەیشتن و کاریگەری دانان لەسەر هۆشی نائاگات بەدەستدەهێنیت. ساردمەبەرەوە ئەگەر نەتتوانی لە یەکەم هەوڵدا ئەمە بکەیت. ئەوەت بیربێت هۆشی نائاگا ڕەنگە تەنها لە ڕێی خووەوە خۆڕسکانە ئاراستە بکرێت، لەڕێی ئەو ڕێکارانەوە کە لە بەشی تایبەت بە باوەڕ دراون. هەتا ئێستا کاتت نەبووە بۆ کۆنترۆڵکردنی باوەڕ، ئارام بگرە، مکوڕبە.

چەند گوزارشتێکی چاکی بەشەکانی باوەڕ و خوود پێشنیاری لێرەدا دووبارە دەکرێنەوە، بۆ سوودی هۆشی نائاگات. لەبیرتبێت، هۆشی

ئاگات خۆرسکانە کار دەکات. جا ئەگەر هەر هەوڵێك بدەیت بۆ کارتێکردنی یان نا. بە شێوەیەکی سروشتی، ئەمە پێتدەڵێت کە بیرەکانی ترس و هەژاری و هەموو بیرە نەرێنییەکان وەك وروژێنەرێك کار دەکەن بۆ هۆشی نائاگات، مەگەر ئەوەی ببێتە سەروەری ئەم ترپە بیرانە و خۆراکێکی ئارەزووکراوتری پێدەیت لەسەر بنەمای ئەوەی دەشێت چی پێبدرێت.

هۆشی نائاگا بێکار دانانیشێت! ئەگەر شکست بهێنیت لە چاندنی ئارەزوو لە هۆشی نائاگاتدا، ئەو بیرانەی پێدەدرێت کە پێی دەگات لە دەرئەنجامی فەرامۆشکردنەکەت. پێشتر ترپە بیرەکانمان ڕوونکردەوە، ئەرێنی و نەرێنی بە بەردەوامی دەگەنە هۆشی نائاگا، لەو چوار سەرچاوەیەوە کە لە بەشی گۆڕینی سێکسدا ناوەێنراون.

بۆ ئێستا، ئەوەندە بەسە کە بیرتبێت ڕۆژانە لە نێوەندی هەموو چەشنە ترپە بیرێکدا دەژیت کە دەگەنە هۆشی نائاگات، بەبێ ئەوەی خۆت پێی بزانیت. هەندێك لەم ترپانە نەرێنین، هەندێکیان ئەرێنین. ئێستا تۆ لە هەوڵی ئەوەدایت بەنزین لە ترپە نەرێنەکان ببڕیت، وە خۆرسکانە یاریدەی کارکردنە سەر هۆشی نائاگات بدەیت، لە ڕێی ترپە ئارەزووی ئەرێنییەوە.

کاتێك ئەمە بەدەست دەهێنیت، ئەو کلیلە بەدەستدەهێنیت کە دەرگای هۆشی نائاگات دەکاتەوە. سەرباری ئەوەش، هێندە بە تەواوی دەرگاکە کۆنترۆڵ دەکەیت، کە ڕەنگە هیچ بیرێکی نارەزوونەکراو کار لە هۆشی نائاگات نەکات.

هەموو شتێك كە مرۆڤ دروستی دەكات، لە شێوەی ترپە بیردا دەستپێدەكات. مرۆڤ ناتوانێت هیچ شتێك دروست بكات ئەگەر پێشتر لە هزردا دروستی نەكات. لەڕێی یارمەتی ئەندێشەوە، دەكرێت ترپە بیرەكان كۆبكرێنەوە بۆ دروستكردنی پلانەكان. ئەندێشە، كاتێك لەژێر كۆنترۆڵدایە، دەشێت بەكاربهێنرێت بۆ دروستكردنی پلانگەل و ئامانجگەلێك كە كەسەكە بەرەو سەركەوتن ببات لە بوارەكەی خۆیدا.

هەموو ترپە بیرەكان، بەنیازی گۆڕینیان بۆ هاوتا بەرجەستەكانیان، خۆڕسكانە لە هۆشی نائاگادا بچێنرێن، پێویستە بە ئەندێشەدا تێپەڕێت و لەگەڵ باوەڕ تێكەڵ بكرێت. تێكەڵاوكردنی باوەڕ لەگەڵ پلانێك یان ئامانجێك، بەمەبەستی پێدانی بە هۆشی نائاگا، ڕەنگە تەنها لەڕێی ئەندێشەوە بكرێت.

لەڕێی ئەم گوزارشتانەوە، تێبینی ئەوە دەكەیت كە بەكارهێنانی خۆڕسكانەی هۆشی نائاگا داوای ڕێكستن و جێبەجێكردنی هەموو بنەماكان دەكات.

ئێلا ویلەر ویلكۆكس بەڵگە دەدات لەسەر تێگەیشتنی لە هێزی هۆشی نائاگا كاتێك دەنووسێت:

" هەرگیز ناتوانیت بزانیت بیرێك چیت بۆ دێنێت لە هێنانی خۆشەویستی و ڕقدا - چونكە بیرەكان شتن، باڵە هەواییەكانیان خێراترن لە باڵی كۆترە نامەبەرەكان.

شوێن یاسای گەردوون دەكەون - هەر شتێك جۆری خۆی هەڵدەگرێت، وە بە خێرایی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بۆت بهێننەوە ئەوەی لە هزری خۆت ڕۆشتووە".

خاتوو ویلکۆکس لەو ڕاستە تێگەیشتووە، کە ئەو بیرانەی لە مێزی کەسێکەوە دەردەچێت، بە هەمان شێوە بە قووڵی لە هۆشی نائاگای کەسەکەدا خۆی حەشارداوە، کە وەك موگناتیسێك، نەخشەڕێگایەك یان مۆدێلێك ڕۆڵ دەگێڕێت کە بەهۆیەوە کار لە هۆشی نائاگا دەکرێت لە کاتێکدا دەیانگۆڕێت بۆ هاوتا جەستەیەکانیان. بیرەکان هەر بەڕاستی شتن، لەبەر ئەو هۆکارەی کە هەر شتێکی بەرجەستە لە شێوەی بیرە ووزەدا دەستپێدەکات.

هۆشی نائاگا ئەگەری کارتێکردنی زیاترە بە ترپە بیرەکانی تێکەڵ بە هەستەکان یان سۆزەکان، بەراورد بەو ترپە بیرانەی کە بنچینەکەیان بەتەنها لە بەشی ژیری مێزدایە. لەڕاستیدا، بەڵگەیەکی زۆر هەیە کە پاڵپشتی ئەم تیۆریە دەکات. کە تەنها بیرە سۆزاویەکان کاریگەری کرداری هەیە لەسەر هۆشی نائاگا.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە سۆز یان هەست، زۆرینەی خەڵکی بەڕێوە دەبات. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە هۆشی نائاگا خێراتر وەڵامدەداتەوە و کاریتێدەکرێت بە ئەو ترپە بیرانەی کە بەباشی لەگەڵ سۆزدا تێکەڵ کراون، گرنگە کە ئاشناتر بین بە سۆزە زۆر گرنگترەکان. حەوت جۆر سۆزی سەرەکی ئەرێنی هەن، حەوت جۆر سۆزی نەرێنیش. نەرێنیەکان خۆڕسکانە خۆیان دەخزێننە نێو ترپە بیرەکانەوە، کە ڕێڕەوێکی دڵنیایە بۆ هۆشی نائاگا. ئەرێنیەکان دەبێت تێ بکرێن، لە ڕێی بنەمای خوود پێشنیاریەوە، بۆ ناو ئەو ترپە بیرانەی کە کەسەکە دەیەوێت بۆ هۆشی نائاگایان بگوازێتەوە.( ڕێنمایی دراوە لە بەشی تایبەت بە خوود پێشنیاری).

ئەم سۆزانە، یان ترپە بیرانە، دەکرێت وەک خومرەی هەڵهاتنی هەویری نان هەژمار بکرێن، چونکە هەڵدەستن بە بەشە کرداریەکە، کە گۆڕینی ترپە بیرەکانەوە لە دۆخی ناچالاکەوە بۆ چالاک. بەو جۆرە ڕەنگە کەسەکە تێبگات کە بۆچی ئەو ترپە بیرانەی کە بە باشی لەگەڵ سۆزدا تێکەڵکراون. زیاتریان کاریان پێدەکرێت بەراورد بەو ترپانەی کە تەنها لە " ژیری سارد" وە سەرچاوە دەگرن. خۆت ئامادە دەکەیت بۆ کاریگەری دانان و کۆنترۆڵکردنی " بینەری ناوەکی" هۆشی نائاگات، بۆ ئەوەی ئارەزووتی بۆ پارە بدەیتە دەست، کە دەتەوێت بۆ هاوتا داراییەکەی بگۆڕیت. کەواتە، ئەوە بنچینەیە کە تێبگەیت لە میتۆدی نزیکبوونەوە لە " بینەری ناوەکی." پێویستە بە زمانی ئەو قسە بکەیت، دەنا گوێ بە داواکەت نادات بە باشترین شێوە لە زمانی سۆز یان هەستەکان تێدەگات. کەواتە، با لێرەدا حەوت جۆرە سۆزە ئەرێنیەکە، لەگەڵ حەوت جۆرە نەرێنیەکە باس بکەین، بۆ ئەوەی ئەرێنیەکان بەکاربهێنیت و خۆت لە نەرێنیەکان بپارێزیت، کاتێك ڕێنمایی بە هۆشی نائاگات دەدەیت.

حەوت جۆرە سەرەکیەکەی سۆزی ئەرێنی:

سۆزی ئارەزوو

سۆزی باوەڕ

سۆزی ئەوین

سۆزی سێکس

سۆزی پەرۆشی

سۆزی ڕۆمانس

سۆزی هیوا

سۆزگەلی ئەرێنی دیکەش هەن، بەڵام ئەمانە حەوت بەهێزترین و باوترین سۆزن لە هەوڵ داهێنەرانەدا. ئەم حەوت سۆزە کۆنترۆڵ بکە ( تەنها دەکرێت لەڕێی بەکارهێنانەوە کۆنترۆڵ بکرێن)، وە سۆزە ئەرێنیەکانی تر لە ژێر فەرمانتدا دەبن کاتێك پێویستت پێیان بوو. لەبیرتبێت، پەیوەست بەمە، کە تۆ کتێبێك دەخوێنیتەوە کە مەبەستێتی یارمەتیت بدات لە گەشەپێدانی " ئاگایی پارەیی" بە پڕکردنی هزرت بە سۆزگەلی ئەرێنی. هیچ کەسێك نابێتە هۆشیار بە پارە بە پڕکردنی هزری بە سۆزگەلی نەرێنی.

حەوت جۆرە سەرەکیەکەی سۆزی نەرێنی

(دەبێت خۆیان لێ بپارێزرێت).

سۆزی ترس

سۆزی ئیرەیی

سۆزی ڕق

سۆزی تۆڵە

سۆزی چاوچنۆکی

سۆزی خورافیات

سۆزی تووڕەیی

سۆزە ئەرێنی و نەرێنیەکان ناتوانرێت لە هەمان کاتدا هزر داگیر بکەن. دەبێت یەکێکیان زاڵ بێت. ئەوە بەرپرسیارێتی تۆیە کە دڵنیابیتەوە کە سۆزە ئەرێنیەکان بەشی کاریگەری هزرت پێکبهێنن. لێرە یاسای خوو بە هاناتەوە دێت.

لە ڕێی خووی جێبەجێکردن و بەکارهێنانی سۆزە ئەرێنییەکانەوە! دواجار هێندە بە تەواوەتی هزرت داگیر دەکەن کە، کە ئەرێنییەکان ناتوانن بێنە ناوەوە.

تەنها بە شوێنکەوتنی تەواوەتی و وردی ئەم ڕێنماییانە، دەتوانی کۆنترۆڵی هۆشی نائاگات بکەیت. بوونی تاکە سۆزێکی ئەرێنی لە هۆشی بەئاگاتدا بەسە بۆ لەناوبردنی هەموو دەرفەتەکانت بۆ یارمەتی بنیاتنەرانە لە هۆشی نائاگاتەوە.

ئەگەر کەسێکی بەسەرنج بیت، پێویستە تێبینی ئەوەت کردبێت کە زۆربەی خەڵکی تەنها کاتێك پەنا بۆ نزا دەبەن کە لە هەموو شتێکی تردا شکست دەهێنن! یان بە سروتێکی پڕ وشەی بێمانا نزا دەکەن. لەبەرئەوەی ئەمە ڕاستییەکە کە زۆربەی ئەو کەسانەی نزا دەکەن، تەنها دوای شکستهێنانی هەموو شتێك ئەوە دەکەن، دەست بە نزا دەکەن بە هزری پڕ لە ترس و گومانەوە، کە ئەو سۆزانەن هۆشی نائاگا کاریان لەسەر دەکات، وە بۆ زیرەکی بێسنوور دەگوازرێنەوە.

بە هەمان شێوە، ئەوە ئەو سۆزەیە زیرەکی بێسنوور وەریدەگرێت، کاری لەسەر دەکات.

ئەگەر نزا بۆ شتێك بکەیت، بەڵام بە ترسەوە نزا بکەیت، ڕەنگە نزاکەت پەسەند نەکرێت، یان نزاکەت کاری لەسەر ناکرێت لە لایەن زیرەکی بێسنوورەوە، نزاکەت لە پێناو هیچدا دەبێت.

هەندێك جار، نزا دەبێتە هۆی هێنانەدی ئەوەی نزای بۆ کراوە. ئەگەر هەتا ئێستا ئەزموونی وەرگرتنی ئەوەت هەبووە کە نزات بۆ کردووە، بە یادەوەریتدا بچۆرەوە، دۆخی ڕاستەقینەی هزریت بەبیر خۆت بهێنەرەوە،

لە کاتی نزاکردنەکەدا، وە بە دڵنیایەوە دەزانێت کە ئەم تیۆریەی لێرەدا باسکراوە لە تیۆریەك زیاترە.

ئەو کاتە دێت کە خوێندنگا و ناوەندە پەروەردەییەکانی وڵات " زانستی نزاکردن" دەڵێنەوە. " سەرباری ئەوەش، ڕەنگە نزا دواتر ببێتە زانست. کاتێك ئەو کاتە هات، ( کاتێك دێت کە مرۆڤایەتی ئامادەبێت بۆی، وە داوای بکات)، هیچ کەسێك لە دۆخی ترسدا لە هێزی گەردوونی نزیك نابێتەوە، لەبەرئەو هۆکارە باشەی کە هیچ سۆزێکی وەك ترس بوونی نابێت. نەزانی، خورافیات و فێرکردنی هەڵە نامێنن، مرۆڤیش پێگەی ڕاستەقینەی خۆی بەدەستدەهێنیت وەك منداڵی زیرەکی بێسنوور. هەندێك لە ئێستاوە ئەو بەخششەیان وەرگرتووە.

ئەگەر باوەڕت وایە ئەم پێشبینە زۆر دوورە لە بەدیهاتنەوە. سەیرێکی تۆماری ژیانی ڕەگەزی مرۆڤ بکە. کەمتر لە سەت ساڵ لەمەوبەر، مرۆڤ باوەڕی وابوو کە هەورە بروسکە نیشانەی تووڕەیی خودایە و لێی دەترسا. ئێستا سوپاس بۆ هێزی باوەڕ، مرۆڤ بروسکەی کۆنترۆڵکرد و وایکرد ڕەوڕەوی پیشەسازی بسوڕێنێتەوە. زۆر کەمتر لە سەت ساڵ لەمەوبەر، مرۆڤ باوەڕی وابوو کە بۆشایی نێوان هەسارەکان هیچ نییە جگە لە بەتاڵایەکی مەزن، درێژبوونەوەکی هیچێکی مردوو. ئێستا سوپاس بۆ هەمان هێزی باوەڕ، ئێستا مرۆڤ زۆر زیاتر لە مردووی یان بەتاڵی ئەسیر زیاتر دەزانێت، بۆشایی نێوان هەسارەکان زۆر زیندوو و چالاکە. ئەوە بەرزترین ئاستی لەرەلەرە هەتا ئێستا زانرابێت، ڕەنگە تەنها جگە لە لەرەلەری بیر. سەرباری ئەوەش، مرۆڤ دەزانێت کە ئەم ووزە بە لەرەلەرە زیندووە فراوانبووە کە هەموو گەردیلەیەکی ماددە

بڵاودەکاتـەوە و هـەموو پنتێکی بۆشایی پردەکاتـەوە، مێشکی هـەموو مرۆڤێك بە مێشکی مرۆڤەکانی ترەوە دەبەستێت.

چی هۆکارێك هەیە باوەڕ بە مرۆڤ بهێنێت کە هەمان ئەم وزەیە مێشکی هەموو مرۆڤێك بە زیرەکی بێسنووریشەوە نابەستێت؟ هیچ بەربەستێك نییـە لـە نێـوان هـزری سـنووورداری مـرۆڤ و زیرەکـی بێسـنووردا. پەیوەندیگرتنـە هیچی تێناچێت جگـە لـە پشـوودرێژی، مکوڕی، باوەڕ، تێگەیشـتن و ئارەزوویـەکی ڕاسـتگۆیانە بـۆ پەیوەنـدیگرتن. سـەرباری ئـەوەش، نزیکبوونەوەکـە تـەنها لـە ڕێـی کەسـەکە خۆیـەوە دەتوانرێـت ئەنجام بدرێت. نزای کرداو هیچی سوودی نییـە. زیرەکی بێسـنوور کـار لەگـەڵ بریکـاردا ناکـات. یـان ڕاسـتەوخۆ دەیکـەیت، یـان ئـەوەی هـەر پەیوەندی ناکەیت.

دەکرێـت کتێبگـەلی نـزا بکرێـت هـەتا ئـەو ڕۆژەی دەمریـت دووبـارەی بکەیتەوە، بـەبێ هـیچ سـوودێك. بیرگـەلێك کـە دەتـەوێت لەگـەڵ زیرەکی بێسنووردا هاوبەشی پـێ بکـەیت. ئـەو بیرانـەی ئارەزوو دەکـەیت لەگـەڵ زیرەك دەستکردا پەیوەندی پـێ ببەستیت، پێوسـتە بـە ژێـر گۆڕانکاریـدا بـڕۆن، ئـەوەش تـەنها دەکرێـت لـە ڕێـی هۆشـی نائاگـاوە بکرێـت. ئـەو میتۆدەی کـە دەکرێـت بەهۆیـەوە لەگـەڵ زیرەکی بێسنووردا پەیوەنـدی بگرێت زۆر لەو میتۆدە دەچێت کە بەهۆیەوە لەرەلەری دەنـگ لـە ڕادیـۆدا دەگوێزرێتەوە. ئەگەر لە بنەماکانی کاری ڕادیۆ تێبگـەیت، بـە دڵنیایـەوە دەزانیت کە ناکرێت دەنگ لـەڕێی ئەسیرەوە بگوازرێتـەوە بەرلـەوەی کـە ڕێکبخرێت یان بگۆڕدرێت بۆ ئاستێکی لەرەلـەر کـە گـوێی مـرۆڤ بتوانێـت درکی بکات.

وێستگەی ناردنی ڕادیۆ دەنگی مرۆڤ هەڵدەگرێت و دەیگۆڕێت بە ڕێکخستنەوەی لەرەلەرەکە ملیۆنان جار. تەنها بەم ڕێگایە، دەکرێت دەنگی ڕادیۆ بە هۆی ئەسیرەوە بگوازرێتەوە. دوای ئەوەی ئەم گۆڕانکاریە ڕوویدا، ئەسیر ووزەکە وەردەگرێت (کە لە بنەڕەتدا لە شێوەی لەرەلەری دەنگدا بووە)، ئەو ووزە دەگوازێتەوە بۆ وێستگەکانی وەرگرتن، ئەو وێستگانەی وەرگرتنیش ووزەکە بۆ ئاستی لەرەلەرە بنەڕەیەکە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی وەك دەنگ درك بکرێت.

هۆشی نائاگا ناوەندێکە، کە نزاکانی کەسێك بۆ شتگەلێك دەگۆڕێت کە زیرەکی بێسنوور بتوانێت بیناسێتەوە، پێشکەشی بکات و وەڵامەکەی وەردەگرێتەوە لە شێوەی پلان یان بیرۆکەیەکی ڕوون بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی نزاکە.

لەم بنەمایە تێبگە، ئەوسا دەزانی بۆچی خوێندنەوەی سادەی نزا لە کتێبەکانی نزاوە هەرگیز ناتوانێت وەك ناوەندێکی پەیوەندی لە نێوان هزری مرۆڤ و زیرەکی بێسنووردا کار بکات.

بەرلەوەی نزاکانت بگەنە زیرەکی بێسنوور ( گوزارشتێکی تایبەتی نووسەری تیۆریەکە)، ئەگەری هەیە لە لەرەلەری بنچینەی بیرەکەوە بگۆڕێت بۆ لەرەلەری ڕۆحی. باوەڕ تاکە ناوەندی زانراوە کە سروشتێکی ڕۆحی بە بیرەکانت دەدات. باوەڕ و ترس دانویان پێکەوە ناکوڵێت. لە شوێنێك کە یەکێکیان هەیە، ئەوی تریان بوونی نییە.

بەشی ١٣

# مێشك : وێستگەی ناردن و وەرگرتنی بیر

---------

## هەنگاوی دوانزەیەم بەرەو سامان

دوانزە ساڵ زیاتر لەمەوبەر، نووسەر لەگەڵ د. ئەلکساندەر گراهامبێلی کۆچکردوو و د. ئیلمێر ر. گەیتس کاری دەکرد. تێبینی ئەوەی کرد کە مێشکی هەموو مرۆڤێك وێستگەیەکی وەرگرتن و ناردنی لەرەلەری بیرە. لە رێی نێوەندی ئەسیرەوە، بە میتۆدێکی هاوشێوەی پرەنسیپی پەخشی رادیۆ، مێشکی هەر مرۆڤێك لە توانایدایە کە ئەو لەرەلەری بیرانە هەڵبگرێتەوە کە لە لایەن مێشکەکانی ترەوە بەردەدرێن.
پەیوەست بەو گوزارشتەی پەرەگرافی پێشوو، بەراوردی بکە و ئەو باسی ئەندێشەی داهێنەرانەیە رەچاو بکە کە لە بەشی تایبەت بە ئەندێشە باسکراوە. ئەندێشەی داهێنەرانە بەشی وەرگرتنی مێشکە، کە ئەو بیرانە وەردەگرێت کە لایەن مێشکی ئەوانی ترەوە بەردەدرێن. ناوەندێکی پەیوەندیگرتنە لە نێوان هۆشی بەئاگا، یان توانای ژیری کەسەکە لەگەڵ

چوار سەرچاوەکە کە دەکرێت کەسەکە لێیانەوە وروژاندنی هێزی بەدەست بهێنێت.

کاتێك بۆ ئاستێکی بەرزی لەرەلەر وروژێنرا، هزر ئامادەتر دەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو ترپە بیرەی کە لە سەرچاوەیەکی دەرەکی و بەهۆی ئەسیرەوە پێیدەگات. ئەم پرۆسەی وروژاندنە لە ڕێی سۆزگەلی ئەرێنییەوە ڕوودەدات، یان لە ڕێی سۆزگەلی نەرێنییەوە. لە ڕێی هەست و سۆزەوە، دەکرێت لەرەلەری بیر زیاد بکرێت.

لەرەلەری زۆر بەرز تاکە لەرەلەرێکە کە لە لایەن ئەسیرەوە هەڵدەگیرێتەوە و دەگوازرێتەوە لە مێشکێکەوە بۆ مێشکێکی تر. بیر وزەیەکە کە بە لەرەلەرێکی زۆر بەرزەوە گەشت دەکات. بیر کە گۆڕاوە یان " وروژێنراوە " لە لایەن هەریەکە لە سۆزە سەرەکییەکانەوە. بە ڕێژەیەکی بەرزتر دەلەرێتەوە بەراورد بە بیرێکی ئاسایی، وە ئەمە ئەو چەشنە بیرەیە کە لە مێشکێکەوە بۆ مێشکێکی تر دەگوازرێتەوە، لەڕێی دەزگای پەخش و وەرگرتنی مێشکی مرۆڤەوە.

غەریزەی سێکسی لە سەرووی لیستەی غەریزەکانی مرۆڤەوەیە، لە ڕووی توندی و دنەدانەوە. مێشکێك کە بە سۆزی سێکسی وروژێنراوە، بە لەرەلەرێکی زۆ خێراتر دەلەرێتەوە بەراورد بەو کاتەی ئەو سۆزە نزمە یاخوود هەر نییە.

ئەنجامی گۆڕینی سێکس، زیادبوونی ئاستی لەرەلەری بیرەکەیە بۆ ئاستێکی وا کە ئەندێشەی داهێنەرانە زۆر چالاك دەبێت بۆ وەرگرتنی بیرۆکەکان، کە لە ئەسیرەوە وەردەگیرێن.

لە لایەکی ترەوە، کاتێك مێشك بە ڕێژەیەکی خێرا دەلەرێتەوە، تەنها ئەو بیرۆکە و بیرانە وەرناگرێت کە لە لایەن مێشکەکانی ترەوە لە ڕێی ناوەندی ئەسیرەوە ئازاد دەکرێن، بەڵکو هەستێکیش دەدات بە بیرەکانی کەسەکە خۆی کە بنچینەیە بەرلەوەی ئەو بیرانە وەربگیرێن و کاریان لەسەر بکرێت لە لایەن هۆشی نائاگای کەسەکەوە.

بەوجۆرە، دەبینیت کە پرەنسیپی پەخشکردن ئەو هۆکارەیە کە بەهۆیەوە هەستەکانت، یان سۆزەکانت لەگەڵ بیرەکانت تێکەڵ دەکەیت و بۆ هۆشی نائاگاتی دەنێریت.

هۆشی نائاگا وێستگەی ناردنی مێشکە، کە بەهۆیەوە لەرەلەری بیر پەخش دەکرێت. ئەندێشەی داهێنەرانە دەزگای وەرگرتنە کە بەهۆیەوە لەرەلەرەکای بیر لە ئەسیرەوە وەردەگیرێن.

لەگەڵ هۆکارە گرنگەکانی هۆشی نائاگا، وە توانای ئەندێشەی داهێنەرانە کە پێکدێت لە یەکەی ناردن و وەرگرتنی دەزگای پەخشی هزریتە، ئێستا بنەمای خوود پێشنیاری ڕەچاو بکە، کە ناوەندێکە کە دەکرێت بەهۆیەوە وێستگەی پەخشکردنت بخەیتە کار.

لەڕێی ئەو ڕێنماییانەوە کە لە بەشی تایبەتی خوود پێشنیاریدا باسکراون، بە دڵنیایەوە زانیاریت لەسەر ئەو میتۆدە پێدەدرێت کە بەهۆیەوە دەکرێت ئارەزوو بۆ هاوتا داراییەکەی بگۆڕدرێت.

کارپێکردنی وێستگەی پەخشکردنی هزریت بە بەراوردکارانە ڕێکارێکی سادەیە. تەنها سێ بنەمات هەیە کە جێبەجێیان بکەیت، کاتێك ئارەزوو دەکەیت وێستگەی پەخشکردنت بەکاربهێنیت - هۆشی نائاگا، ئەندێشەی داهێنەرانە و خوود پێشنیاری. ئەو وروژێنەرەی کە بەهۆیەوە ئەم سێ

بنەمایــەی پــێ دەخەیتــە کــار باســکراوە ــ ڕێکارەکــە بــە ئــارەزوو دەستپێدەکات.

## مەزنترین هێزەکان نابەرجەستەن

گرانیەکە دونیای بردە سەر هێڵی سنووری تێگەیشتن لەو هێزانەی کە نابەرجەستە و نەبینراون. بەدرێژایی ئەو سەردەمانەی کە تێپەڕیوون، مـرۆڤ زۆر پشـتی بـە هەسـتە بەرجەسـتەکانی بەسـتووە، وە زانیاریشـی سـنووردار کـردووە لـە شـتە بەرجەسـتەکاندا، کـە دەتوانێـت بیبینێـت، دەستی لێدات، کێشانە و پێوانەی بکات.

ئێستا پێ دەخینەوە ناوازەترینی هەموو سەردەمەکان ـ سەردەمێك کە شـتێکمان فێردەکـات دەربـارەی هێـزە نابەرجەسـتەکانی دەوروبـەرمان، ڕەنگە بـە تێپـەڕین بـەم سـەردەمەدا فێـرین، کـە " خوودەکـەی تـر" زۆر بـەتواناترە لـە و خـوودە بەرجەسـتەیی دەیبینیـن کاتێـك سـەیری ئاوێنـە دەکەین.

هەندێك جار مرۆڤەکان بە نەرمی دەربارەی شتە نابەرجەستەکان دەدوێن ـ ئەو شتانەی کە ناتوانن لەڕێی هیچ یـەکێك لـە پێنج هەستەکەوە درکی پێ بکەن، وە کاتێك گوێمان لێیـان دەبێـت، دەبێـت بیرمـان بخاتـەوە کـە هــەمووومان کــۆنترۆڵکراوین لەلایــە هێزگەلێکــەوە کــە نــەبینراو و نابەرجەستەن.

هەموو مرۆڤایەتی ناتوانن هەولکەن یان کۆنترۆڵی ئەو هێزە نابەرجستەبە بکەن کە خۆی لە شەپۆلە لولدەرەکانی زەریاوە پێچاوە. مرۆڤ توانای تێگەیشـتن لـە هێـزی نابەرجەسـتەی ڕاکێشـانی زەوی نیـیە، ئـەم زەویـە بچووکەی لـە ناوەڕاسـتی هـەوادا ڕاگرتـووە، وە مرۆڤیشـی ڕاگرتـووە لـە

کەوتنە خوارەوە لێی، کەمتریش لە کۆنترۆڵکردنی ئەو هێزە تێدەگات. مرۆڤ بە تەواوەتی خزمەتکاری ئەو هێزە نابەرجەستەیە کە بە بروسکەی گەردەلولەوە دێت، بەهەمان شێوەش بێتوانایە لە بەرامبەر هێزی نابەرجەستەی کارەبا، نەخێر، تەنانەت نازانێت کارەباش چییە، لە کوێوە دێت و بە چی مەبەستێك!

تەنها ئەمە کۆتایی نەزانی مرۆڤ نییە پەیوەندیدار بە شتە نەبینراو نابەرجەستەکانەوە. لەو هێزە نابەرجەستەیە تێناگات ( وە زیرەکیش) کە لە خۆڵی زەویەوە پێچراوە ـ ئەو هێزەی کە هەموو ئەو ژەمە خۆراکانەی بۆ دابین دەکات کە دەیخوات، هەموو ئەو پارچە جلانەی لەبەری دەکات، وە هەموو ئەو دۆلارانەی لە گیرفانیدا هەولی دەگرێت.

## چیرۆکی دراماتیکی مێشك

کۆتا بەلام نەك کەمترین مرۆڤ، بە هەموو کلتوری گەشەسەندوو خوێندیەوە، شتێکی ئەوتۆ لە هێزی نابەرجەستەی بیر (مەزنترینی هموو نابەرجەستەکان) تێناگات. شتێکی ئەوتۆ دەربارەی مێشکی بەرجەستە نازانێت، وە هیچ نازانێت دەربارەی تۆڕی زەبەلاحی ئالۆزی ئامێری مێشك کە بەهۆیەوە هێزی بیر دەگۆڕدرێت بۆ هاوتا بەرجەستەکەی، بەلام ئێستا پێ دەخاتە سەردەمێکەوە کە دەشێت بەرچاوڕوونی لەسەر بابەتەکە ببەخشێت. هەر لە ئێستاوە زانایان سەرنجیان خستۆتە سەر لێکۆڵینەوەی ئەو شتە مەزنەی پێی دەگوترێت مێشك، لە کاتێکدا لە قۆناغی باخچەی ساوایاندان لە لێکۆڵینەوەکەیاندا.

بەشی ١٤

# شەش هەستەکە: دەروازەی پەرستگای دانایی

## هەنگاوی سیانزەیەم بەرەو سامان

بنەمای سیانزەیەم ناسراوە بە شەش هەستەکان، کە لەرێگەیانەوە زیرەکی بێسنوور دەکرێت خۆڕسکانە بەرهەمبێت، بەبێ هیچ هەوڵ و داوایەکی کەسەکە.

ئەم بنەمایە لوتکەی ئەم فەلسەفەیەیە. دەکرێت وەربگیردرێت، لێی تێبگەیت و جێبەجێی بکەیت تەنها بە شارەزابوون لە دوانزە بنەماکەی تر.

شەش هەستەکە ئەو بەشەی هۆشی نائاگایە کە وەك ئەندێشەی داهێنەرانە ئاماژەی پێکرا. هەروەها وەك " بەشی وەرگرتن" یش ئاماژەی پێدەکرێت، کە بەهۆیەوە بیرۆکەکان، پلانەکان و بیرەکان لە مێزردا چەخماخە دەدەن. چەخماخەکان زۆر جار پێیان دەگوترێت " هەستەکان" یان " ئیلهامەکان".

شەش هەستەکە باسناکرێن! ناتوانرێت بۆ کەسێك باس بکرێت کە کۆنترۆڵی بنەماکانی تری ئەم فەلسەفەیەی نەکردبێت چونکە کەسێکی ئاوا هیچ زانیاریەکی نییە، وە هیچ ئەزموونێکی نییە هەتا شەش هەستەکەی پێ بەراورد بکرێت. تێگەیشتن لە شەش هەستەکە تەنها بە رامان لە گەشەکردنی هزر لە ناوەوە مەیسەر دەبێت. شەش هەستەکە ئەگەری هەیە ناوەندی پەیوەندی نێوان هزری سنوورداری مرۆڤ و زیرەکی بێسنوور بێت، لەبەر ئەم هۆکارە، تێکەڵەیەکی هزری و رۆحیە. باوەڕ وایە کە ئەو خاڵ بێت کە هزری مرۆڤ بەهۆیەوە لەگەڵ هزری گەردوونیدا پەیوەندی دەگرێت.

دوای ئەوەی شارەزابوویت لەو بنەمایانەی لەم کتێبەدا باسکراون، ئامادە دەبێت بۆ پەسەندکردنی وەك ڕاستەکی گوزارشتێك، کە ڕەنگە بەبێ ئەوە مەحاڵ بێت بەلاتەوە، وەکو:

لە ڕێگەی یاریدەی شەش هەستەکەوە، ئاگادار دەکرێیتەوە لە مەترسیە چاوەڕوانکراوەکان لە کاتی خۆیدا بۆ خۆپارستن لێیان. وە ئاگادار دەکرێیتەوە لە دەرفەتەکان بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا بیانقۆزیتەوە.

لەوێ دەبن بۆ یارمەتیدانت، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانت، بە گەشەپێدانی شەش هەستەکە، " فریشتەیەکی پارێزەر" لە هەموو کاتەکاندا دەروازەی پەرستگای دانایت بۆ دەکاتەوە.

ئەمە ئەگەر گوزرشتێکی ڕاست بێت یان نا، هەرگیز نازانیت، جگە لە بە شوێنکەوتنی ئەو ڕێنماییانەی لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا باسکراون، یان میتۆد و ڕێکارێکی هاوشێوە.

نووسەر نە بڕوای بە " دەرئاسا" هەیە و نە داکۆکیکارە لێی، لەبەرئەوەی زانیاری پێویستی هەیە لەسەر سروشت کە هەرگیز سروشت لە یاسا چەسپاوەکانی لانادات.

هەندێك لە یساکانی هێندە ئەستەم تێگەیشتنیان کە شتێك بەرهەم دێنن وەك" دەرئاسا" دەردەکەوێت. شەش هەستەکە هێندەی هەموو ئەو شتانەی هەتا ئێستا ئەزموونم کردوە نزیکە لە دەرئاسا، هەروەها ئاواش دەردەکەوێت، تەنها لەبەرئەوەی ئەو میتۆدە نازانم کە بەهۆیەوە ئەم بنەمایە کاردەکات.

ئەوەندەی نووسەر دەیزانێت ـ ئەوەیە کە هێزێك هەیە، یان هۆکاری یەکەم، یان زیرەکیەك، کە هەموو گەردیلەکانی ماددە بڵاودەکاتەوە، وە هەموو یەکەیەکی ووزە لە خۆدەگرێت کە ئاشکرایە لای مرۆڤ ـ ئەم زیرەکیە بێسنوورە تۆووی بەڕوو دەگۆڕێت بۆ دار بەڕوو، دەبێتە هۆی هەڵڕژانی ئاو لە سەرەوەی گردێکەوە بۆ خوارەوە بە هۆی هێزی کێشکردنی زەویەوە، شەو بەدوای ڕۆژدا دەهێنێت، وە زستانیش لەگەڵ هاویندا، هەریەکەیان شوێنی تەواوەتی خۆی و پەیوەندی لەگەڵ ئەوی تردا دەگرێت. دەکرێت ئەم زیرەکیە، لەڕێی بنەماکانی ئەم فەلسەفەیەوە، قایل بکرێت بۆ یارمەتیدان لە گۆڕینی ئارەزووەکان بۆ شێوەیەکی بەرجەستە و بارستەدار. نووسەر ئەم زانیاریەی هەیە، چونکە تاقیکردۆتەوە، وە ئەزموونی کردووە.

هەنگاو بە هەنگاو، لە ڕێی بەشەکانی پێشترەوە، بۆ ئێرە ڕێبەری کراویت، کۆتا بنەما. ئەگەر هەموو بنەماکانی پێشتر فێربوویت، ئێستا ئامادەی بۆ پەسەندکردن، بەبێ هیچ گومانکاریەك، ئەو بانگەشە

گەورانەی لێرەدا دەکرێن. ئەگەر بنەماکانی تر فێرنەبوویت، پێویستە ئەوە بکەیت بەرلەوەی بڕیار بدەیت ئە بانگەشانەی لەم بەشەدا دەکرێن ڕاستین یان خەیاڵ.

کاتێك بە نێو چاخی " پاڵەوان - پەرستی" یدا تێدەپەڕیم. خۆم بینیەوە لە لاسایکردنەوەی ئەوانەی کە زۆر پێیان سەرسام بووم. سەرباری ئەوەش، بۆم دەرکەوت کە باوەڕ، کە بەهۆیەوە هەوڵمدەدا لاسایی پاڵەوانەکانم بکەمەوە، توانایەکی مەزنی پێدام بۆ ئەنجامدانی ئەوە زۆر بە سەرکەوتووی.

هەرگیز بەتەواوەتی خۆم بێبەش نەکردووە لەم خووی پاڵەوان پەرستیە، هەرچەندە ئەو تەمەنەم تێپەڕاندووە کە بە شێوەیەکی باو ئەوەی تێدا دەکرێت. ئەزموونەکەم فێری کردم کە دووەم شت کە بەڕاستی مەزن بێت، هاوتای مەزنەکان بیت لە ڕووی هەست و کردارەوە هەرچەندێك توانیت.

زۆر بەرلەوەی یەك دێڕ بنووسم بۆ بلاوکردنەوە، یان هەوڵی وتاردان بدەم لە ناو خەڵکدا، شوێن خووی شێوەگرتنی خۆم کەوتم، بە لاسایکردنەوەی نۆ کەس کە ژیان و کارەکانیان زۆر مایەی سەرسامی بوو بەلامەوە. ئەو نۆ کەسە ئەمانە بوون، ئیمیرسۆن، پاین، ئەدیسۆن، داروین، ئەبراهام لینکۆڵن، بوربانك، ناپۆلیۆن، فۆرد و کارنیج.

بۆ چەندین ساڵی دوور و درێژە، هەموو شەوێك، کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری ئەندێشەی لەگەڵ ئەم گروپەدا ڕێکدەخەم کە پێیان دەڵێم " ڕاوێژکارە نادیارەکانم".

ڕێکارەکە بەم جۆرەیە. ڕێك بەر لە خەوتن، چاوەکانم دادەخەم و دەبینم، لە ئەندێشەمدا ئەم گروپە لەسەر مێزی ئەنجومەنەکەم بە چواردەورمدا دانیشتوون. لێرەدا تەنها هەلی ئەوەم نییە کە لەگەڵ ئەوانەدا دانیشم کە کە پێموایە مەزنن، بەڵکو کۆنترۆڵی گروپەکە دەکەم، چونکە سەرۆکم.

ئامـانجێکی زۆر ڕوونم هـەبوو لـە بـەکارهێنانی ئەندێشـەم لـەڕێی ئـەم کۆبوونەوە شەوانەیانەوە. ئامانجەکەم بنیاتنانەوەی کەسایەتیم بوو هەتا نوێنەرایەتی تێکەڵەیەك لە کەسایەتی ڕاوێژکارە خەیاڵیـەکانم بکـەم. لـەگڵ ئەنجامـدانی ئەمـەدا، هـەرزوو بـۆم دەرکـەوت، کـە دەبێـت زاڵبم بەسەر کـەموکوڕی لـەدایکبوون لـە ژینگەیـەکی پـڕ نـەزانی و خورافیـات، بـە مەبەستەوە خۆم تەرخانکرد بۆ ئەرکی لەدایکبوونـەوەی خۆڕسکانە لـەڕێی ئەو میتۆدەوە کە لێرەدا باسکراوە.

## بنیاتنانی کەسایەتی لەڕێی خوود پێشنیاریەوە

وەك خوێندکارێکی ڕاستگۆی دەروونزانی، بـە دڵنیایـەوە دەمزانـی، هـەموو مرۆڤـەکان دەبـن بـەوەی کـە هـەن، بـەهۆی بـیر و ئـارەزووە سەرەکیەکانیانەوە. دەمزانـی کـە هـەموو ئارەزووە قوڵـەکان کاریگـەری لەسەر کەسەکە هەیە بۆ گەڕان لە دوای گوزارشتکردنی دەرەکی کە لە ڕێگەیەوە بکرێت ئەو ئارەزووە بگۆڕدرێت بۆ ڕاستی. دەمزانـی کـە خـوود پێشنیاری هۆکارێکی گرنگە بۆ بنیاتی کەسایەتی، لە ڕاستیدا ئـەوە تاکە بنەمایە کە بەهۆیەوە کەسایەتی بنیات دەنرێت.

بـەهۆی ئـەم زانیاریانـەوە لەسـەر بنـەماکانی کـارکردنی هـزر، بـە باشـی پڕچەك بووم بەو شتانەی کە پێوستبوون لـە بنیاتنانـەوەی کەسایەتیمدا. لەم کۆبوونەوە ئەندێشەیانەی ئەنجومەندا، داوام لـە ئەنـدامانی کابینەکـەم

دەکرد ئەو زانیاریانم پێبدەن کە ئارەزووم دەکرد، بە دەنگێکی بیستراو بەم جۆرەی خوارەوە ئارەزووی خۆم بە هەریەکە لە ئەندامەکان ڕادەگەیاند:

"بەڕێز ئیمیرسۆن، ئارەزوو دەکەم کە تێگەیشتی نایابت دەربارەی سروشت لێوە فێربم کە ژیانی تۆی جیاکردۆتەوە. داوات لێدەکەم کاریگەری بکەیتە سەر هۆشی نائاگام، بە هەر تایبەتمەندیەک کە هەتە، کە بۆتە هۆی ئەوەی لە سروشت تێبگەیت و خۆت لەگەڵ یاساکانی بگونجێنیت. داوات لێدەکەم یارمەتیم بدەیت لە گەیشتن بە ئەو سەرچاوانەی زانیاری کە بەردەستن بۆ ئەم کارە".

"بەڕێز بوربانك، داوا دەکەم کە ئەو زانیاریەم پێبدەیت کە وای کردووە هێندە تەبا بیت لەگەڵ یاساکانی سروشتدا کە وات لە کاکتۆس کردووە کە درکەکانی سێبەریان هەبێت و ببێتە ڕووەکێکی شیاو بۆ خواردن. دەروازەی ئەو زانیاریەم بۆ بکەرەوە کە وایکردووە بتوانی دوو پنچکە گیا لە شوێنێکدا بڕوێنیت کە پێشتر تەنها یەك پنچکە گیای لێ دەڕوا، وە یارمەتیداویت ڕەنگی گوڵەکان تێکەڵاو بکەیت بە شێوویەکی زۆر ناوەزە و قەشەنگ، چونکە تەنها تۆ توانیت بە سەرکەوتوویی ڕەنگی گوڵە شلێر بۆ ئاڵتونی بگۆڕیت".

"ناپۆلیۆن، ئارەزوو دەکەم توانای ورە بەخشین بە سەربازەکانت و هاندانیان بۆ ڕۆحیەتێکی مەزنتری چالاکی لە تۆوە وەرگرم. هەروەها دەمەوێت ڕۆحیەتی باوەڕی مکوڕت لێوەربگرم،کە وایکرد شکست بۆ سەرکەوتن بگۆڕیت، وە بەسەر بەربەستەکاندا سەرکەویت. ئیمپراتۆری قەدەر پاشای هەل، پیاوی چارەنووس، سڵاوت لێدەکەم"!

"بەڕێز پاین، ئارەزوو دەکەم لە تۆوە ئازادی بیر و بوێری و ڕوونی فێربم بۆ گوزارشتکردن لە بیر و بۆچوون، کە هێندە تۆی جیاواز کردبوو".

"بەڕێز داروین، دەمەوێت ئەو پشوودرێژیە ناوازەیەت وەربگرم، وە توانای لێکۆڵینەوەت لە هۆکار و دەرئەنجام، بەبێ هیچ لایەنگری و پێشداوەریەك، تۆ چەند نموونەیەکی بێوێنەیت لە زانستی سروشتیدا".

"بەڕێز لینکۆڵن، دەمەوێت کەسایەتی بنیات بنێم بە هەستی تیژی دادپەروەری، ڕۆحیەتی ماندوونەناسی ئارامگرتن، خۆش مەشرەبی، لە مرۆڤ تێگیشتن و ڕێزگرتن لە فرە ڕەنگی، کە هەموویان تایبەتمەندی جیاکەرەوەی تۆن".

"بەڕێز کارنیج، من دەمێکە قەرزاری تۆم لە هەڵبژاردنی کاری ژیانم، کە بەختەوەریەکی مەزن و ئارامی هزری بۆ هێنام. ئارەزوو دەکەم تێگەیشتنێك وەربگرم لەمەڕ بنەماکانی هەوڵدانی ڕێکخراو، کە تۆ زۆر کاریگەرانە بەکارتهێنا لە بنیاتنانی پرۆژەیەکی پیشەسازی مەزندا".

"بەڕێز فۆرد، تۆ لە نێوان باشترینی ئەو کەسانەدا بوویت کە یارمەتیاندام بۆ دابینکردنی زۆربەی ئەو کەرەستانەی بنچینە بوون بۆ کارەکەم. دەمەوێت لە تۆوە ڕۆحیەتی مکوڕی، هۆش چڕکردنەوە، شکۆی کەسایەتی و متمانەبەخۆبوون بەدەست بهێنم کە وایکرد زاڵبیت بەسەر هەژاریدا و لێهاتوو بیت لە ڕێکخستن و یەکخستن و ئاسانکردنەوەی هەوڵەکانی مرۆڤ، بۆ ئەوەی یارمەتی ئەوانی تر بدەم بە شوێن هەنگاوەکانی تۆدا بڕۆن".

"بەڕێز ئەدیسۆن، لە نزیك خۆمەوە شوێنم بۆ داناویت، لە لای ڕاستمەوە، بەهۆی ئەو هاوکاریە کەسیەی پێتبەخشیم لە ماوەی

لێکۆڵینەوەکەم دەربارەی هۆکارەکانی سەرکەوتن و شکست، ئارەزوومە لە تۆوە ڕۆحیەتی نایابی باوەڕ وەرگرم، کە بەهۆیەوە چەندین ڕازی سروشتت ئاشکرا کردووە، هەروەها ڕۆحیەتی ماندوونەناسی کاریش کە بەهۆیەوە چەندین جار سەرکەوتنت بەسەر شکستدا هێناوە".

میتۆدەکانی گفتوگۆکردنم لەگەڵ ئەندامانی کابینە خەیاڵیەکەمدا جیاواز بوون، بەپێی ئەو تایبەتمەندیە کەسایەتیە ك لەو ساتەدا زیاتر مەبەستم بەدەستهێنانی بوو. بە وریایەکی لەڕادەبەدەرەوە لە تۆماری ژیانیانم کۆڵیەوە. دوای چەند مانگێك لەم ڕێکارە شەوانەیە، سەرسام بووم بەو دۆزینەوەیەی کە ئەم کەسایەتیە خەیاڵیانە بوونە ڕاستی.

هەریەکە لەو نۆ کەسە تایبەتمەندیەکی کەسیان پەرەپێدا، کە سەری سوڕماندم. بۆ وێنە، لینکۆڵن خووی هەمیشە درەنگ گەیشتنی پەرەپێدا، دواتر پیاسە کردن لە شێوەی ڕێکردنێکی فەرمیدا، کاتێك دەهات، زۆر بە خاوی ڕێیدەکرد، دەستەکانیشی لە پشتەوە لێك گرێدەدا، وە هەر ماوەیەك و جارێك دەوەستا و بۆ ساتێك دەستی دەخستە سەر شانم. هەمیشە گوزارشتێکی هەتەرانە لەسەر ڕووخساری بوو. بەدەگمەن دەمبینی زەردەخەنە بکات. گرنگیدان بە کاروبارەکانی وڵاتە بەشبەشبووەکە هۆن و تۆسنی کردبوو.

ئەوە دەربارەی ئەوانی تر ڕاست نەبوو. بوربانك و پاین زۆرجار لە دەکەوتنە گفتوگۆی فەلسەفیانەوە کە هەندێك جار لەوە دەچوو ئەندامانی تری کابینەکەی شۆك کردبێت. شەوێکیان پاین ڕایگەیاند کە وانەیەك ئامادە دەکەم لەسەر " چاخی ژیری. " وە لەسەر مینبەری ئەو کەنیسەیە پێشکەشی دەکەم کە پێشتر سەردانم دەکرد. زۆربەی ئەوانەی

دەوری مێزەکە لە دڵەوە بە ڕاگەیاندنەکە پێکەنین. بەڵام ناپۆلیۆن نا! دەمی لە سووچەکانەوە خوار کردەوە و هێندە بە بەرزی گوڕاندی کە هەمووان بە سەرسامیەوە ئاوڕیان دایەوە و سەیریان کرد. بەلای ئەوەوە کەنیسە تەنها داشێکی دەوڵەتە، نابێت چاکسازی تێدا بکرێت، بەڵکو دەبێت بەکاربهێنرێت. وەك جۆشدەرێکی گونجاوی چالاکیەکانی خەڵکی.

جارێکیان بوربانك دواکەوت، کاتێك هات، شاگەشکە ببوو، ڕوونی کردەوە لەبەرئەوە دواکەتووە کە خەریکی تاقیکاریەك بووە، کە هیوادارە بەهۆیەوە بتوانێت سێو لە هەموو جۆرە دارێکەوە بەرهەم بهێنێت. پاین پلاری لێ گرت بە بیرخستنەوەی ئەوەی کە سێوێك بوو سەرەتایی هەموو کێشە و گرفتەکانی نێوان ئادەم و حەوا. داروین لەدڵەوە قاقا پێکەنی لە کاتێکدا پێشنیاری بۆ پاین کرد کە پێویستە ئاگاداری مارە بچووکەکان بێت، کاتێك چووە ناو دارستان بۆ کۆکردنەوەی سێو، چونکە خووی ئەوەیان هەیە کە بۆ ماری گەورە پەرەبستێنن. ئیمێرسۆن تێبینیدا، " ئەگەر مار نەبێت، سێویش نابێت،" ناپۆلیۆنیش گوتی، " ئەگەر سێو نەبێت، دەوڵەتیش نابێت!"

لینکۆڵن خوویەکی پەرەپێدابوو کە دواهەمین کەس بوو لەسەر مێزەکە هەڵدەستا دوای کۆتایی هاتنی هەر کۆبوونەوەیەك. جارێکیان سەری کردبووە سەر کۆتایی مێزەکە و دەستەکانی لێك گرێدابوو، بۆ چەندین خولەك لەو بارەدا مایەوە. هیچ هەوڵێکی بێزارکردنیم نەدا. لە کۆتایدا، بە هێواشی سەری بەرز کردەوە، هەڵسا و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، پاشان وەرسوڕا، گەڕایەوە و دەستی خستە سەر شانم و گوتی، " کوڕم، پێویستت بە بوێریەکی زیاتر دەبێت ئەگەر بتەوێت بە تۆکمەیی

بمێنیتەوە لە بەدیهێنانی ئامانجی ژیانت. بەلام لەبیرتبێت، کاتێک ناڕەحەتیت بەسەردا دێت، کەسانی ئاسایی هەستی ئاسیان هەیە، ناڕەحەتی گەشەی پێدەدات". ئێوارەیەکیان ئەدیسۆن لە پێش هەموویانەوە گەیشت، هات و لە لای چەپەوە دانیشت، ئەو شوێنەی بەردەوام ئیمێرسن لێی دادەنیشت، گوتی،" تۆ لە چارەت نووسراوە گەواهیدەری دۆزینەوەی ڕازی ژیان بیت. کاتێك کاتی خۆی هات، تێبینی ئەوە دەکەیت کە ژیان لە تەوژمگەلی مەزنی ووزە ، یان تەنۆچکە پێکهاتووە. هەریەکەیان زیرەك بە ئەندازەی ئەوەی مرۆڤەکان پێیان وایە زیرەکن. ئەم یەکانەی ژیان پێکەوە یەکدەگرن وەك شانەی هەنگ، وە پێکەوە دەمێننەوە هەتا ئەو کاتەی لێکدەترازێن، بەهۆی نەبوونی هارمۆنیەوە.

ئەم یەکانە جیاوازن لە بیر و بۆچووندا، بە هەمان شێوەی مرۆڤەکان، وە زۆر جار لە نێوان خۆیاندا شەڕ دەکەن. ئەم کۆبوونەوانەی کە تۆ سازیان دەکەیت زۆر یارمەتیدەر دەبێت بۆت. هەندێك لەو یەکانی ژیانت بە فریا دەخەن کە خزمەتی ئەندامانی کابینەکەتیان کردووە، لە ماوەی ژیانیاندا. ئەم یەکانە نەمرن. هەرگیز نامرن! بیر و ئارەزووەکانی خۆت وەك موگناتیسێك وان کە یەکەکانی ژیان ڕادەکێشن، لە زەریای مەزنی ژیانەوە. تەنها یەکە ئاشتیخوازەکان ڕادەکێشرێن ـ ئەوانەی کە کۆکن لەگەڵ سروشتی ئارەزووەکانتدا".

ئەندامانی تری کابینەکە هاتنە ژوورەوە. ئەدیسۆن هەولسا و بە هێواشی ڕۆیشت بۆ جێگاکەی خۆی. ئەدیسۆن هێشتا لە ژیاندا بوو کە ئەمە ڕوویدا. هێندە سەرسامی کردم کە ڕۆیشتم بۆ بینینی و باسی

ئەزموونەکەم بۆ کرد، زەردەخەنەکی گەورەی کرد و گوتی، " خەونەکەت زۆر ڕاستەقینەترە لەوەی کە وێنای دەکەیت." هیچ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتری نەدا لەسەر ئەو قسەیەی. ئەم کۆبوونەوانە هێندە بۆ ڕاستەقینە گۆڕابوون کە لە دەرئەنجامەکانیان دەترسام، بۆ ماوەی چەند مانگێك وازم لێیان هێنا. ئەزموونەکان هێندە نامۆ بوون، ترسام ئەگەر بەردەوامبم لێیان درك کردن بەو ڕاستییە لە دەست دەدەم کە کۆبوونەوەکان ئەزموونی پەتی ئەندێشەمن.

شەش مانگێك دوای ئەوەی وازم لە کۆبوونەوەکان هێنا، شەوێکیان خەبەرم بۆوە، یان پێموابوو خەبەرم بۆتەوە، کاتێك لینکۆڵنم بینی لە تەنیشت جێخەوەکەم وەستاوە. گوتی، " بەمزوانە دونیا پێویستی بە خزمەتگوزاریەکانت دەبێت. خەریکە بە قۆناغێکی پڕ لە ئاژاوەدا تێدەپەڕێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان و پیاوان بڕوا لە دەست بدەن و بتۆقن. لە کارەکەت بەردەوامبە و فەلسەفەکەت تەواو بکە. ئەوە ئەرکی تۆیە لە ژیاندا. ئەگەر فەرامۆشی بکەیت، جا بە هەر هۆکارێك بێت، دەبیتەوە بە بوونەوەرێکی سەرەتایی و ناچار دەکرێت ئەو خولە دووبارە بکەیتەوە کە لە ماوەی هەزاران ساڵدا بڕیوتە". بۆ بەیانیەکەی، نەمدەزانی خەونم بینیوە، یان بەڕاستی بەئاگا بوون، لەوکاتەشەوە نازانم کە کامیان بووە. بەڵام دەزانم کە خەونەکە، ئەگەر خەون بووبێت، هێندە زیندوو بوو لە هزرمدا بۆ بەیانیەکەی کە یەکسەر بۆ شەوی دواتر دەستم بە کۆبوونەوەکانم کردەوە.

لە کۆبوونەوەی دواترماندا، ئەندامانی کابینەکەم هەموویان پێکەوە هاتنە ژوورەوە و لە شوێنەکانی تایبەت بە خۆیان وەستان ، لە کاتێکدا لینکۆڵن

پەرداخێکی بەرزکردەوە و گوتی، " بەڕێزان، با بخۆینەوە بە خۆشی هاوڕێیەکەوە کە گەڕایەوە بۆ کۆمەڵەکە".

دوای ئەوە دەستم کرد بە زیادکردنی ئەندامی نوێ بۆ کابینەکەم، ئێستا پێکدێت لە زیاتر لە پەنجا کەس، لە نێوانیاندا مەسیح، قەشە پاوڵ، گالیلۆ، کۆپەرنیکۆس، ئەرستۆ، ئەفلاتوون، سوکرات، هۆمێر، ڤۆلتێر، برۆنو، سپیۆنزا، درومۆند، کانت، شۆپنهاوەر، نیوتن، کۆنفۆشیوس، ئەلبێرت هەیوبارد، بران، ئینگێرسۆل، ویلسۆن و ولیام جەیمس هەن.

ئەمە یەکەمجارە بوێری ئەوەم هەبێت باسی ئەمە بکەم، لەوەوپێش، بە بێدەنگی ماومەتەوە دەربارەی ئەم بابەتە، چونکە دەزانم، بە هۆی بۆچوون خۆمەوە پەیوەست بەو بابەتانە، کە بە هەڵە لێم تێدەگەن ئەگەر ئەگەر باسی ئەو ئەزموونە نائاساییەم بکەم. ئێستا بوێریم پێدراوە بۆ پوختەکردنی ئەزموونەکەم بۆسەر پەرەی چاپکراو، چونکە کەمتر گوێ بەوە دەدەم کە دەیڵێن بەراورد بەو ساڵانەی کە تێپەڕین. یەکێك لە بەخششەکانی پێگەیشتوویی ئەوەیە کە زۆر جار بوێریەکی مەزنت پێدەدات بۆ ڕاستگۆ بوون، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەو کەسانەی کە تێناگەن، چۆن بیردەکەنەوە و چی دەڵێن.

بۆ ئەوەی کەمتر بە هەڵە لێم تێبگەن، حەز دەکەم لێرەدا زۆر بە ڕوونی بڵێم کە هێشتا کۆبوونەوەکانی کابینەکەم بە ئەندێشەیەکی ڕووت هەژمار دەکەم، بەڵام هەست دەکەم کە پێویستە ئەوە ڕابگەیەنم ، لە کاتێکدا کە ڕەنگە ئەندامانی کابینەکەم خەیاڵێکی ڕووت بن، وە کۆبوونەوەکان تەنها لە ئەندێشەی مندا بوونیان هەبێت، بەرەو ڕێگاکەلی شکۆداری سەرکێشیان بردووم. پێزانینیان بۆ مەزنی ڕاستەقینە نوێکردۆتەوە، هانی

هەوڵی دامێنەرانەیان داوە، وە بوێریان پێداوم بۆ گوزارشتکردن لە بیری راست.

لە شوێنێکدا لە پێکهاتەیی خانەیی مێشکدا، ئەندامێك هەیە کە بە شێوەیەکی رێکخراو لەرەلەری بیرەکن وەردەگرێت کە پێیان دەگوترێت " هەستەکان. " هەتا ئێستا، زانست شوێنی ئەو ئەندامەی نەدۆزیوەتەوە کە شەش هەستەکەی تێدایە، بەلام ئەوە گرنگ نییە. ئەو راستییە دەمێنێتەوە کە مرۆڤ زانیاری ورد و راستی پێدەگات، لە سەرچاوەگەلی بەدەر لە هەستە جەستەیەکان. زانیاریەکی ئاوا، بە شێوەیەکی گشتی، کاتێك وەردەگیرێت کە مزر لە ژێر کاریگەری ورووژێنەرێکی دەرئاساییدایە. هەر بارێکی لەناکاو کە هەست و سۆز دەجولێنێت، وە دەبێتە هۆی ئەوەی دڵ زۆر بە خێراتر لێ بدات، رەنگە، وە بە شێوەیەکی گشتی شەش هەستەکە کارا دەکات. هەر کەسێك کە ئەزموونی نزیکە رووداوی کردبێت لە کاتی شۆفێریدا، دەزانێت کە لەو حاڵەتانەدا، زۆر جار هەستی شەشەم دێت بە هاناتەوە و یارمەتیت دەدات بە چەند چرکەیەك بۆ خۆلادان لە رووداوەکە.

ئەم راستیانە وەك پێشەکیەك باسکران بۆ ئەو راستییەی کە ئێستا دەمەوێت باسی بکەم، لە ماوەی کۆبوونەوەکانم لەگەڵ " راوێژکارە نادیارەکان" بۆم دەرکەوت کە مزرم ل بسترین حاڵەتدایە بۆ وەرگرتنی بیرۆکەکان، بیرەکان و زانیاری کە بەهۆی شەش هەستەکەوە پێمدەگات. دەتوانم راستگۆیانە بڵێم کە بەتەواوەتی قەرزاری " راوێژکارە نەبینراوەکان" مم بۆ ئەو بیرۆکە، راستی و زانیاریانەی لە رێگەی " ئیلهام"ەوە پێمدەگەیشت.

هەندێك جار، كە دووچاری باری لەناكاو دەبووم، هەندێكیان هێندە ناخۆش بوون، كە ژیانم كەوتبووە مەترسیەوە، دەرئاسایانە بەهۆی كاریگەری " ڕاوێژكارە نەبینراوەكان" ەوە، ئەو ناڕەحەتیانەم تێدەپەڕاند.

ئامانجی بنچینەیم لە سازدانی كۆبوونەوە لەگەڵ بوونەوەری خەیاڵیدا، تەنها كاركردنە سەر هۆشی نائاگام بوو، لەڕێی بنەمای خوود پێشنیاریەوە، بە چەند تایبەتمەندیەك كە دەمویست بەدەستیان بخەم. لەم چەند ساڵەی دوایدا، ئەزموونەكەم ڕێڕەوێكی تەواو جیاوازی وەرگرت. ئێستا بە هەموو ئەو كێشە و گرفتە قورسانەوە دەچمە لای ئەنجوومەنە خەیاڵیەكەم كە دووچاری خۆم و كڕیارەكانم دەبنەوە. زۆر جار ئەنجامەكان سەرسامكەرن. هەرچەندە بە تەواوەت پشت نابەستم بەم شێوازەی ڕاوێژ. بەڵێ، درك بەوە دەكەیت كە ئەم بەشە باسی بابەتێك دەكات كە لای زۆرینەی خەڵكی ئاشنا نییە. شەش هەستەكە بابەتێكە كە دەبێتە مایەی سەرنج و سوودێكی زۆر بەو كەسە دەبەخشێت كە ئامانجی كۆكردنەوە سامانێكی مەزنە، بەڵام پێویست ناكات داوای سەرنجی ئەو كەسانە بكا كە ئارەزووەكانیان سنووردارترە.

هێنری فۆرد، بەبێ گومان لە هەستی شەشەم تێگەیشتووە بە بە كرداری بەكاریهێناوە. بازرگانیە گەورەكەیی و كردە داراییەكانی پێویستی كردووە لە سەری كە لەم بنەمایە تێبگات بەكاری بهێنێت. تۆماس ئەدیسۆن لە هەستی شەشەم تێدەگەشت و بەكاریدەهێنا پەیوەست بە گەشەپێدانی داهێنانەكان، بەتایبەتی ئەوانەی كە دەركەوتەیەكی بنەڕەتیان هەبوو، پەیوەست بە هیچ ئەزموونێكی مرۆیی یان زانیاریەكی

بەدەستخراوی نەبوو لەسەری هەتا ڕێنمایی بکات، وەك لە نموونەی دروستکردنی ئامێری قسەکردن، وە دروستکردنی ئامێری کارپێکەری فیلمی جوڵاو.

بە نزیکەیی هەموو پێشەوا مەزنەکان، وەك ناپۆلیۆن، بیسمارك، جۆنی ئارك، مەسیح، بودا، کۆنفۆشیوس و موحەمەدی پەیامبەر لە هەستی شەشەم تێگەشتوون و ڕەنگە بە بەردەوامیش بەکاریان هێنابێت. بەشی سەرەکی مەزنیەکەیان پێکدێت لە زانیاریان دەربارەی ئەم بنەمایە.

هەستی شەشەم شتێك نییە کە هەر کەسە و بە ویستی خۆی کەی ویستی لەبەری بکات یان دایبنێت. توانا بۆ بەکارهێنانی ئەم هێزە مەزنە بە هێواشی دێت، لەڕێی جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەی ترەوە کە لەم کتێبەدا باسکراون. بەدەگمەن کەسێك بەر لە چلساڵی زانیاریەکی کارپێکراوی لەسەر بەکارهێنانی هەستی شەشەم دەستدەکەوێت. وە زۆرجار ئەو زانیاریە بەردەست نابێت هەتا کەسەکە پەنجا ساڵی تێنەپەڕێنێت، ئەمەش لەبەر ئەو هۆکارەی هێزە ڕۆحیەکان کە هەستی شەشەم زۆر پەیوەستە پێیانەوە. پێناگەن و ناکرێت بەکاربهێنرێن جگە لەوەی چەندین ساڵ تێرامان، خوود تاقیکاری و بیرکردنەوەی جدیان لەسەر بکرێت.

گرنگ نییە تۆ کێیت، یان دەشێت ئامانجەکەت چی بووبێت لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە. دەتوانی سوودی لێوەربگریت بەبێ تێگەیشتن لەو بنەمایەی لەم بەشەدا باسکراوە. ئەمە دروستە بە تایبەتی ئەگەر ئامانجی سەرەکیت کۆکردنەوەی پارە یان شتێکی بەرجەستەی تر بێت.

ئەم بەشەی تایبەت بە هەستی شەشەم خرایە ئەم کتێبەوە، چونکە کتێبەکە بە ئامانجی پێشکەش کردنی فەلسەفەیەکی تەواوەتی نووسراوە کە بەهۆیەوە تاکەکان بتوانن ڕێبەری خۆیان بکەن بۆ بەدەستهێنانی هەر شتێك کە داوای دەکەن لە ژیاندا. خاڵی دەستپێکی هەموو سەرکەوتنەکان ئارەزووە. خاڵی کۆتایی ئەو مەعریفە ناوازەیەیە کە بەرەو تێگەیشتن دەبات - تێگەیشتن لە خوودت دەبات، تێگەیشتن لە ئەوانی تر، تێگەیشتن لە یاساکانی سروشت، ناسینەوە و تێگەیشن لە بەختەوەری. ئەم جۆرە تێگەیشتنە تەنها لە ڕێی ئاشنایەتی بە بنەمای هەستی شەشەم و بەکارهێنانیەوە چڕ و پڕ دەبێت، بەو هۆیە دەبێت ئەم بنەمایە وەك بەشێك لەم فەلسەفەیە دابنرێت. بۆ سوودی ئەوانەی لە پارە زیاتر داوا دەکەن.

ئەگەر ئەم بەشەت خوێندبێتەوە، پێویستە لە کاتی خوێندنەوەیدا تێبینی ئەوەت کردبێت کە بەرزکراویتەوە بۆ ئاستێکی باڵای کاردانەوەی هزری، درەوشاوەیە! دوای مانگێکی تر وەرە بۆ ئەم بەشە، جارێکی تر بیخوێنەوە، تێبینی ئەوە بکە کە هێشتا هزرت لە کاردانەوەیەکی بەرزدا مەلە دەکات. ماوە ماوە ئەم ئەزموونە دووبارە بکەرەوە، زۆر گرنگی بەوە مەدە چەندێك زۆر یان کەم فێردەبیت، لە کۆتایدا دەبیتە خاوەنی هێزێك کە وادەکات سارکردنەوەکان فرێبدەیت، بەسەر ترسدا زاڵبیت، بەسەر دواخستندا زاڵبیت و بە ئازادی ئەندێشەت بنەخشێنیت. دواتر هەست بە بەرکەوتەی ئەو " شتە" نەناسراوە دەکەیت کە ڕۆحیەتی بزوێنەری هەموو سەرکردەیەك، شێوەکارێك، میوزیسیانێك، نووسەر و سیاسیەکی مەزنی ڕاستەقینە بووە. ئەوسا لە پێگەیەکدا دەبیت بۆ

گۆڕینی ئارەزووەکانت بۆ هاوتا بەرجەستە یان داراییەکان هێندە بە سانایی وەك ئەوەی پاڵبکەویت و لەگەڵ یەکەم نیشانەی بەرەنگاری وازبهێنیت.

## باوەڕ و ترس!

لە بەشەکانی پێشتردا باسی ئەوە کرا چۆن گەشە بە باوەڕ بدرێت، لە ڕێی خوود پێشنیاری، ئارەزوو و هۆشی نائاگاوە. بەشی دواتر ڕێنمایی ورد پێشکەش دەکات دەربارەی بۆ زاڵبوون بەسەر ترسدا.

لێرەدا باسکردنێکی تێر و تەسەلی ئەو شەش ترسە دەکرێت کە هۆکارن بۆ ساردکردنەوەکان، ترسنۆکی، دواخستن، بێباکی، بێتوانایی لە بڕیاردانda، وە نەبوونی خواست، پشت بەخۆبەستن، کۆنترۆڵی خوود، توانای دەستپێکردن و پەرۆشی.

لە کاتێکدا لەم شەش دوژمنە دەکۆڵیتەوە بە وریایەوە خۆت بپشکنە، چونکە ڕەنگە تەنها لە هۆشی نائاگاتدا هەبن، کە بوونیان قورسە درکی پێ بکرێت.

لەبیریشت بێت، کە شیکاری بۆ " شەش خێوەکەی ترس" دەکەیت، کە هیچ نین جگە لە خێوگەلێك چونکە تەنها لە مێشکی کەسەکەدا بوونیان هەیە.

هەروەها لەبیرتبێت، کە خێوەکان دروستکراوی ئەندێشەیەکی کۆنترۆڵنەکراون - هۆکاری زۆربەی ئەو زیانانەن کە خەڵکی بەسەر مێشکی خۆیانی دەهێنن، کەواتە، خێوەکانیش دەکرێت ترسناك بن هاوشێوەی ئەوەی بژین و لە شێوەیەکی بەرجەستەدا بەسەر زەویدا ڕێبکەن.

خێوی ترس لە هەژاری، کە هزری ملیۆنان کەسی گەمارۆدا بوو لە ساڵی ١٩٢٩ دا، هێندە ڕاستەقینە بوو کە بووە هۆی خراپترین قەیرانی بازرگانی کە ئەم وڵاتە بەسەریدا هاتبێت. سەرباری ئەوەش، هێشتا ئەو خێوە دیاریکراوە هەندێکمان وا دەتۆقێنێت کە ژیری لە دەست دەدەین.

بەشی ١٥

# چۆن زاڵ بین بەسەر شەش خێوەکەی ترسدا

خۆت پڕچەك بکە و پێویستیەکانت هەڵگرە، کە ئەم بەشەی کۆتایی دەخوێنیتەوە، وە بزانە چەند خێو لەسەر ڕێگات وەستاون بەرلەوەی کە بتوانیت هیچ بەشێکی فەلسەفەکە بە سەرکەوتوویی بەکار بهێنیت، پێویستە مزرت ئامادەبێت بۆ وەرگرتنی. ئامادەکاریەکە قورس نییە. بە لێکۆڵینەوە و شیکاری و تێگەیشتن لەو سێ دوژمنە دەست پێدەکات کە دەبێت لە کۆڵیان بکەیتەوە.

ئەوانە بێتوانایی بڕیاردان، گومان و ترسن!

هەستی شەشەم هەرگیز کار ناکات لە کاتێکدا ئەم سێ نەرێنیە، یان هەریەکێکیان لە مزردا بمێنەوە. ئەندامەکانی ئەم سێیانە ناپیرۆزە پەیوەندیەکی نزیکیان پێکەوە هەیە کاتێك دانەیەکیان دۆزرایەوە: دوانەکەی تر زۆر نزیکن.

بێتوانایی بڕیاردان نەمامی ترسە! ئەمەت بیربێت، لە کاتێکدا دەخوێنیتەوە. بێتوانایی بڕیاردان دەبێتە گومان، ئەو دوانە تێکەڵ دەبن و دەبنە ترس! زۆربەی جار پرۆسەی "تێکەڵبوونەکە" خاوە. ئەمە

هۆکارێکە بۆ ئەوەی بۆچی ئەم سێ دوژمنە هێندە ترسناکن. چەکەرە دەکەن و گەشە دەکەن بەبێ ئەوەی تێبینی بوونیان بکرێت.

ئەوەی ماوەتەوە لەم بەشەدا باسی کۆتاییەك دەکات کە پێویستە بەدەستبهێنرێت بەر لە فەلسەفەکە، کە بە گشتی، دەکرێت لە ڕووی کرداریەوە بەکاربهێنرێت. هەروەها لەو حاڵەتە دەکۆڵێتەوە کە هەر لەم ماوەیەی دوایدا، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەژار خست، وە باسی ڕاستییەك دەکات کە دەبێت هەموو ئەوانە لێی تێبگەن کە دەیانەوێت سامان کۆبکەنەوە. جا ئەگەر بە پێوەری پارە یان دۆخی هزرییەکی نۆد زۆر بەنرختر لە پارە پێوانە بکرێت. ئامانجی ئەم بەشە تیشك خستنە سەر هۆکار و چارەسەری شەش ترسە بنەڕەتیەکەیە. بەرلەوەی بەسەر دوژمنێکدا زاڵبین، پێویستە ناو، خووەکانی و شوێنی نیشتەجێبوونی بزانین. لە کاتی خوێندنەوەدا، بە هۆشیاریەوە لە خۆت بکۆڵەوە. وە بزانە کامەیان، ئەگەر هەبێت، لەم شەش ترسە باوە خۆیان بەتۆوە لکاندوە.

بە خووەکانی ئەم دوژمنە بە سەلیقانە هەوڵمەخەڵەتێ. هەندێك جار بە شاراوەیی دەمێنەوە لە هۆشی نائاگادا، کە قورسە دەستنیشانکردنی شوێنەکەیان، وە زۆر قورستریشە لەناوبردنیان.

## شەش ترسە بنەڕەتیەکە

شەش ترسی بنەڕەتی هەن، بە ڕێژەیەك کە هەموو مرۆڤێك گیرۆدەیانە. زۆربەی خەڵکی بەختەوەرن ئەگەر بە دەست هیچ لەو شەش ترسەوە نەناڵێنن.

بەپێی دەرکەوتە باوەکانیان بەم جۆرەی خوارەوە و بە ڕیز ناویان دەهێنن:

ترس لە هەژاری

ترس لە ڕەخنە

ترس لە تەندروسی خراپ

ترس لە لەدەستدانی خۆشەویستی کەسێك

ترس لە پیری

ترس لە مەرگ

ترسەکانی تر گرنگیەکی کەمتریان هەیە، دەکرێت لە ژێر ئەو شەشەی سەرەوەدا ڕێز بکرێن.

باوێتی ئەم ترسانە، وەك نەفرەتێك بۆ دونیا، بازنەیی خول دەخوات. بۆ نزیکەی شەش ساڵ، کاتێك گرانی بوو، لە بازنەی ترس لە هەژاریدا پەلەقاژەمان بوو. لە ماوەی جەنگی جیهانیدا، لە بازنەی ترس لە مەرگدا بووین. ڕێك دوای جەنگەکە، لە بازنەی ترس لە تەندروستی خراپدا بووین. کە بەڵگە بۆ ئەوەش ئەو نەخۆشیە گوێزراوەیە بوو کە بە تەواوی دونیادا بڵاوبۆوە.

ترسەکان هیچ نین جگە لە دۆخی مزری. هەر دۆخێکی مزری ئەگەری کۆنترۆڵ کردن و ئاراستەکردنی هەیە. وەك هەمووان دەزانن، دکتۆرەکان، لە کەسانی ئاسایی کەمتر ئەگەری نەخۆش کەوتنیان هەیە، لەبەر ئەو هۆکارەی کە دکتۆرەکان لە نەخۆشی ناترسن. دکتۆرەکان، بەبێ ترس و دوودڵی ، ناسراون بەوەی کە ڕۆژانە بەرکەوتنی جەستەییان هەیە لەگەڵ سەدان نەخۆشدا هەیە کە بەدەست نەخۆشی گوازراوەی وەك سمۆڵ

پۆکسەوە دەنالێنن، بەبێ ئەوەی خۆیان بیگرنەوە. بەرەنگاریان دژی ناخۆشیەکە، بەزۆری، ئەگەر بەتەنها هەر ئەوەش نەبێت، بریتیە لە نەبوونی تۆزقاڵێك ترس.

مرۆڤ ناتوانێت هیچ دروست بکات ئەگەر سەرەتا لە شێوەی ترپە بیرێکدا دروستی نەکات. لە دوای ئەم گوزارشتەوە، دانەیەکی تر دێت کە زۆر گرنگترە، ترپە بیرەکانی مرۆڤ ڕاستەوخۆ دەست دەکەن بە گۆڕینی خۆیان بۆ هاوتا بەرجەستەکەیان، جا ئەگەر ئەو بیرانە خۆکرد بن یان نا. ترپە بیرەکان کە لە ئەسیرەوە وەردەگیرێن، بە هۆی بەختێکی پەتیەوە (بیرگەلێك لە لایەن هزری کەسانی ترەوە ئازاد کراون) ڕەنگە چارەنووسی دارایی، بازرگانی، پیشەیی و کۆمەڵایەتی کەسەکە دیاریبکەن وەك هەر ترپە بیرێك کە بە مەبەستەوە لە لایەن کەسێکەوە دروست دەکرێت.

لێرەدا بناغە بۆ پێشکەشکردنی ڕاستییەك دادەڕێژین کە گرنگیەکی مەزنی هەیە بۆ ئەو کەسەی کە لەوە تێناگات بۆچی هەندێك کەس و دەردەکەون کە "بەبەخت" بن لەکاتێکدا ئەوانی تر کە توانا، ئەزموون، ڕامێنان و توانایەکی مێشکی یەکسان و مەزنتریشیان هەیە، لەوە دەچێت کە بێبەخت بن. ئەم ڕاستییە دەکرێت بەو گوزرشتە ڕوونبکرێتەوە کە هەموو مرۆڤێك توانای هەیە بە تەواوەتی هۆشی خۆی کۆنترۆڵ بکات. وە ئاشکرایە بەم کۆنتڕۆلکردنە، دەکرێت هەموو مرۆڤێك هزری بکاتەوە بۆ ئەو ترپە بیرە وێلگەردەی لە لایەن مێشکەکانی ترەوە بەڕەلا کراوە، یان دەرگا بە توندی دابخات و تەنها دان بە ترپە بیرە دڵخوزەکانی خۆیدا دابنێت.

سروشت کۆنترۆڵی تەواوەتی داواتە مرۆڤ لە یەک شتدا، ئەویش بیرە. لە ڕاستیدا، جووتە لەگەڵ ئەو ڕاستییە سەربارەی کە هەر شتێك مرۆڤ دروستی دەکات، لە شێوەی بیرێکدا دەستپێدەکات، کەسەکە زۆر لەو پرەنسیپە نزیك دەکاتەوە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت کۆنرۆڵی ترس بکرێت.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە هەموو بیرێك مەیلی دەرکەوتنی هەیە لە هاوتا بەرجەستەکەیدا ( ئەمە ڕاستە، بە بێ هیچ گومانێك)، بە هەمانشێوەش ڕاستییە کە ترپە بیرەکانی ترس و هەژاریش ناتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ زاراوەکانی بوێری و دەستاکەوتی دارایی.

خەڵکی ئەمرکا دوای هارەکردنی بازاڕی واڵ ستریت لە ساڵی ١٩٢٩ دا، دەستیانکرد بە بیرکردنەوە لە هەژاری. بە لەسەرخۆیی، بەڵام بەدڵنیاییەوە بیری جەماوەر گۆڕا بۆ هاوتا بەرجەسەکەی، کە بە " گرانیە مەزنەکە" ناسراوە. ئەمە دەبوایە ڕووبدات، هاوتەریب بوو لەگەڵ یاساکانی سروشت.

## ترس لە هەژاری

دەکرێت هیچ ڕێککەوتنێك نەبێت لە نێوان هەژاری و ساماندا! ئە دوو ڕێگایەی کە بەرە و هەژاری و سامان دەچن بە دوو ئاڕاستەی دژیەکدا دەڕۆن. ئەگەر سامانت دەوێت، دەبێت ڕەتکدنەوەی هەر باوروبۆخێك پەسەند بکەیت کە بەرەو هەژاریت دەبات. ( وشەی سامان لێرەدا بە مانا فروانەکەی بەکارهاتووە بە مانای دارایی، ڕۆحی، هزری و سەروەت و سامانی دونیایی). خاڵی دەستپێکی ئەو ڕێگایەی بەرەو سامان دەچێت ئارەزووە. لە بەشی یەکدا، ڕێنمایی تەواوەتیت وەرگرت بۆ بەکارهێنانی

دروستی ئارەزوو. لەم بەشەی تایبەت بە ترسدا، رێنمایی تەواوەتیت پێدەدرێت بۆ ئامادەکردنی هزرت بۆ بەکارهێنانی کرداری ئارەزوو.

لێرەدا، شوێنی پێدانی کێبڕکێیەکە بە خۆت کە بەدڵنیاییەوە ئەوە دەردەخات کە چەندێك لەم فەلسەفەیە تێگەیشتووی. ئێرە ئەو خاڵەیە کە دەتوانی ببیتە پێشگۆییکار و پێشبینی بکەیت، بە ورد و دروستی کە سروشت لە داهاتوودا چی بۆ هەڵگرتووی. ئەگەر دوای خوێندنەوەی ئەم بەشە، ئامادەی پەسەندکردنی هەژاری بوویت، دەشێت بە هەمان شێوەش بڕیار بدەیت کە هەژاری وەربگریت. ئەمە بڕیارێکە کە ناتوانیت خۆتی لێ لادەیت.

ئەگەر داوای سامان دەکەیت، ئەوە دیارییکە کە کامە چەشن و چەندێك پێویستە بۆ ئەوەی قایلت بکات. ئەو رێگایە دەزانیت کە دەڕواتە سەر سامان. نەخشەی رێگایەکت پێدەدرێت، کە ئەگەر شوێنی کەویت، لەسەر ئەو رێگایە دەتهێڵێتەوە. ئەگەر دەستپێکردن فەرامۆش بکەیت، یان بەر لە گەیشتن بوەستیت، جگە لە خۆت، کەس شایەنی لۆمە نییە. ئەمە بەرپرسیارێتی تۆیە. هیچ بیانوییەك ڕزگارت ناکات لە پەسەندکردنی بەرپرسیاریەتیەکە ئەگەر ئێستا شکست بهێنیت یان داواکردنی خەزێنەکانی ژیان ڕەتبکەیتەوە. چونکە پەسەندکردن تەنها یەك شتی دەوێت - یاخوود تەنها شتێك کە دەتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت - ئەوەش دۆخی هزرییە. دۆخی هزری شتێکە کە کەسەکە بەدەستی دەهێنێت. ناتوانرێت بکڕدرێت، دەبێت دروست بکرێت.

ترس لە هەژاری دۆخێکی هزرییە، هیچی تر نییە! بەڵام بەسە بۆ لەناوبردنی دەرفەتەکانی کەسەکە بۆ سەرکەوتن لە هەر بوارێکدا. ڕاستییەک ئازاردەرانە لە کاتی گرانیەکەدا خۆی پیشان دەدا.

ترس توانای ژیری لەکار دەخات، توانای ئەندێشەکردن لەکار دەخات، پشت بەخۆبەستن دەکوژێت، پەرۆشی دەپوکێنێتەوە، لە دەستبەکاربوون ساردت دەکاتەوە، بەرەو ناڕوونی ئامانج دەتبات، دنەی دواخستن دەدات، پەرۆشی دەسڕێتەوە و خوود کۆنترۆڵی ئاستەم دەکات. سەرنجڕاکێشی لە کەسایەتی کەسەکەدا نامێڵێت، ئەگەری بیرکردنەوەی ورد لەناودەبات. هۆش لەسەر هەوڵدان پەرت دەکات، دەبێتە سەروەری مکوڕی، هێزی ویست بۆ هیچ دەگۆڕێت، خواستن لەناودەبات، یادەوەری دادەپۆشێت و بە هەموو چەشنێك بانگهێشتی شکست دەکات ئەوین دەکوژێت و هەست و سۆزە باشترەکانی دڵ تیرۆر دەکات، لە هاوڕێ گرتن ساردت دەکاتەوە و بە سەد شێوە کارەسات دەهێنێت، بەرەو بێخەوی، ناسۆر و غەمباریت دەبات سەرەڕایی ئەو ڕاستییەی ئاشکرایەی کە ئێمە لە دونیایەکدا دەژین کە پڕ و بێشومار هەموو ئەو شتانەی تێدایە کە دڵ دەتوانێت ئارەزووی بکات، کە هیچ شتێك لە نەبۆتە بەربەست لە نێوان ئێمە و ئارەزووەکانماندا، جگە لە نەبوونی پلانێکی ڕوون.

بەبێ گومان ترس لە هەژاری، وێرانکەرترینی شەش ترسەکەیە. لە سەرەوەی لیستەکەدا دانراوە، چونکە کۆنترۆڵکردنی لە هەموویان سەختترە. بوێرییەکی باش پێویستە بۆ گوتنی ڕاستی دەربارەی بنەچەی ئەم ترسە، وە بوێرییەکی مەزنتریش پێویستە بۆ پەسەندکردنی

ڕاستییەکە دوای گوزارشت لێکردنی. ترس لە هەژاری لە مەیلی بۆماوەیی مرۆڤەوە بۆ بە نێچیر کردنی هاوڕێ مرۆڤەکەیەوە لە ڕووی ئابوورییەوە گەشە دەکات. بە نزیکەی هەموو ئەو گیاندارانەی لە خوار مرۆڤەوەن بە غەریزە دنە دەدرێن، بەڵام توانای بیرکردنەوەیان سنووردارە. هەر بۆیە، لە ڕووی جەستەیەوە یەکتری دەکەنە نێچیر. مرۆڤ بەهۆی توانا باڵاکەی تێگەیشتنیەوە، لەگەڵ توانای بیرکردنەوە و ژیربێژی، لە ڕووی جەستەیەوە هاوڕێ مرۆڤەکەی ناخوات. قابلبوونێکی زیاتر بە چنگ دەخات لە ڕێی خواردنی لە ڕووە داراییەکەیەوە. مرۆڤ هێندە چاوچنۆکە کە هەموو یاسایەکی ڕێتێچوو تێدەپەڕێنێت بۆ خۆپارێزی لە هاو چەشنەکانی.

لە ناو هەموو چاخەکانی دونیادا، کە هەموو شتێکیان دەربارە دەزانین، ئەم سەردەمەی ئێستا تێیدا دەژین لەوە دەچێت ناوازەکە بێت بە هۆی شێتی - پارە بوونی مرۆڤەوە. مرۆڤێک کەمتر لە مشتێ خۆڵی سەرزەوی هەژماری بۆ دەکرێت، مەگەر ئەوەی هەژمارێکی بانکی پڕ پیشان بدات" بەڵام ئەگەر پارەی هەبێت - گرنگ نییە چۆنی پەیدا کردووە - ئەوسا " پاشا" یە یان کەسێکی خاوەن پایە و گرنگە" لە سەرووی یاساوەیە، لە سیاسەتدا ڕۆڵی هەیە، بازرگانی قۆرخ کردووە، وە تەواوی دونیا سەر دادەنەوێنن بۆ ڕێزگرتنی کاتێک تێدەپەڕێت.

هیچ شتێک هێندەی هەژاری ئەشکەنجە و سوکایەتی بۆ مرۆڤ ناهێنێت! تەنها ئەوانەی ئەزموونی هەژاریان کردووە لە واتای تەواوەتی ئەمە دەگەن.

هیچ مایەی سەرسامی نییە کە مرۆڤ لە هەژاری دەترسێت. لە ڕێگەی هێڵێکی درێژی ئەزموونی بۆماوەییەوە مرۆڤ بە دڵنیاییەوە فێربووە، کە هەندێک مرۆڤ نابێت متمانەیان پێبکرێت، کاتێک دێینە سەر بابەتی پارە و موڵک و ماڵی دونیایی. ئەمە تۆمەتبارکردنێکی پێوەدەرە، خراپترین بەشی بوونیەتی ئەوەیە کە ڕاستە.

زۆربەی هاوسەرگیرییەکان بەهۆی سەروەت و سامانی یەکێک، یان هەردوو لایەنەکەوە دنە دەدرێت. هەر لەبەر ئەوەیە، هیچ مایەی سەرسامی نییە، کە دادگاکانی جیابوونەوە بەر ناکەون.

مرۆڤ هێندە بەپەرۆشە بۆ ساماندارێ کە بەدەستی دەهێنێت بە هەر شێوازێك کە بتوانێت ـ لە ڕێگەی میتۆدە یاساییەکانەوە ئەگەر بگونجێت ـ لە ڕێی میتۆدەیلی دیکەوە ئەگەر پێویست بکات.

شیکاری خوودی ڕەنگە لاوازیگەلێك دەرخات کە کەسەکە حەز ناکات بیانزانێت. ئەم شێوازی تاقیکاریە بنچینەیە بۆ ئەوانەی کە داوای ژیانێکی زۆر زیاتر لە هەژاری یان ئاسایی دەکەن. کاتێك خاڵ بە خاڵ لە خۆت دەکۆڵیتەوە، لەبیرت بێت، کە خۆت ە دادگایت و دەستەی سوێندخۆرانیش، پارێزەری تاوانبارەکەیت و پارێزەری مافخوراوەکەشی، هەروەها خۆت تاوانبار و سکاڵاکارەکەشی. وە دادگایش دەکرێت. ڕاست و ڕەوان ڕووبەڕووی ڕاستییەکان ببەرەوە. پرسیارگەلی ڕوون لە خۆت بکە و داوای وەڵامی ڕاست و ڕەوان بکە. کاتێك تاقیکردنەوەکە کۆتایی هات، زیاتر دەربارە خۆت دەزانیت. ئەگەر وا هەست ناکەیت کە دادوەرێکی کرداری بیت لەم خوود تاقیکاریەدا، بانگی کەسێك بکە کە بە باشی بتناسێت بۆ ئەوەی ببێتە دادوەرت لە کاتێکدا کە خۆت

تاقیدەکەیتەوە. تۆ بەدوای ڕاستییەوەیت. بەدەستی بهێنە، گرنگ نییە بە چی نرخێك بێت هەرچەندە تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش هەستی شەرمەزاری داتبگرێت!

زۆربەی خەڵکی ئەگەر لێیان بپرسی، کە زیاتر لە چی دەترسن، وەڵامدەدەنەوە و دەڵێن، " لە هیچ ناترسم." ئەو وەڵامە دروست نییە، چونکە کەسانێکی کەم دەزانن کە بە یەکێك لە جۆرەکانی ترس، دەورەدراون، لەپەلوپۆخراون یان لە ڕووی ڕۆحی و جەستیەیەوە زامدار بوون. هەستی ترس هێندە ورد و قووڵ جێگیر دەبێت کە ڕەنگە کەسێك بۆ تەواوی ژیانی هەوڵی بگرێت و هەرگیز هەست بە بوونی نەکات. تەنها خورد شیکاریەکی بوێرانە ئەم دوژمنە گەردونی بەدەردەخات. کاتێك دەست دەکەیت بەم چەشنە خورد شیکاریە، بە قوڵی بە ناو کەسایەتیدا بگەڕێ. ئەمە لیستی ئەو نیشانانەیە کە دەبێت بۆی بگەڕێیت:

## نیشانەکانی ترس لە هەژاری

بێباکی _ بە شێوەیەکی باو لە ڕێگەی نەبوونی خواستەوە گوزارشتی لێ دەکرێت ئامادەیی بۆ ڕێگەدان بە هەژاری پەسەندکردنی هەر شتێك کە ڕەنگە ژیان پێشکەشی بکات بە بێ هیچ ناڕەزاییەك تەمبەڵی هزری و جەستەیی نەبوونی توانای دەستپێکردن، ئەندێشە، پەرۆشی و خۆ کۆنترۆڵ کردن.

بێتوانایی لە بڕیارداندا _ خووی ڕێگەدان بە ئەوانی تر هەتا لەبری تۆ بیربکەنەوە. مانەوە لە " لەسەر پەتەکە".

گومان _ بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی پاساو و بیانووەوە گوزارشتی لێ دەکرێت کە دروستکراون بۆ داپۆشین، ڕوونکردنەوە و پۆزش بۆ

شکستەکانی کەسەکە، هەندێك جاریش لە شێوەی ئیرەی بردن بەو کەسانەی کە سەرکەوتون گوزارشتی لێ دەکرێت، یان بە ڕەخنە گرتن لێیان.

دڕدۆنگی _ بە شێوەیەکی گشتی گوزارشتی لێ دەکرێت لە ڕێگەی دۆزینەوەی هەڵە و کەموکوڕی لە کەسانی تردا، مەیل بۆ دەستبلاوی لە سەروو داهاتی کەسەکەوە، فەرامۆشکردنی ڕووکاری کەسەکە، تووڕەیی و گرژ و مۆنی" خوو گرتن بە خواردنەوە کحولیەکان، هەندێك جاریش بەهۆی مادده سڕکەرەکانەوە" وە نیگەرانی، نەبوونی ویقار، خوود ئاگایی و نەبوونی پشت بەخۆبەستن.

فرە خۆپارێزی _ خووی گەڕان بۆ لایەنی نەرێنی هەموو بارودۆخێك، بیرکردنەوە و قسە کردن دەربارەی ئەگەری شکست لەبری وردبوونەوە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن. زانینی هەموو ڕێگاکانی بەرەو شکست، بەڵام هەرگیز نەگەڕان لە پلانگەلێك بۆ خۆ لادان لە شکست. چاوەڕوانکرنی " کاتی گونجاو" بۆ بەگەڕخستنی کرداری بیرۆکە و پلانەکان، هەتا چاوەڕانکردن دەبێتە خوویەکی هەمیشەیی. لەبیربوونی ئەوانەی شکستیان هێناوە، وە لەبیرکردنی ئەوانەی سەرکەوتوو بوون. بینینی کونی کولیچەکە، بەڵام سەرنجنەدان لە کێکەکە. ڕەشبینی، دەبیات بەرەو بەد هەرسی، سەرخۆشی خودکار، تەنگەنەفەسی و خراپی حاڵەتی مزری.

دواخستن _ خووی دواخستن بۆ سبەی کارێك کە دەبووایە ساڵی پار ئەنجام بدرایە. بەفیڕۆدانی کاتی زۆر بۆ دروستکردنی پاساو و بیانوو بۆ ئەنجامدانی کارەکە. ئەم نیشانەیە زۆر پەیوەستە بە فرە خۆپارێزی،

گومان و دڕدۆنگیەوە. ڕەتکردنەوەی پەسەندکردنی بەرپرسیارێتیەك لە کاتێکدا دەتوانرێت خۆی لێ لابدرێت. ئامادەیی ڕێککەوتن لەبری ئەوەی بۆی بجەنگێت. ڕێکەوتن لەگەڵ ناڕەحەتیەکان لەبری کۆنترۆڵکردن و بەکارهێنانیان وەك بەردی بناغەی بەرەوپێشچوون. مامەڵە کردن لەگەڵ ژیاندا بۆ فلسێك، لەبری داواکردنی خۆشگوزەرانی، گەوهەر، سەروەت و سامان، دڵخۆشی و بەختەوەری. پلان دانان بۆ ئەوەی چی بکرێت ئەگەر تووشی شکست بوو، لەبری ئەوەی هەموو پردەکان بسوتێنێت و پاشەکشە مەحاڵ بکات. لاوازی یاخوود نەبوونی تەواوەتی متمانەبەخۆبوون، ڕوونی ئامانج، کۆنترۆڵی خودی، توانای دەستپێکردن، پەرۆشی، خواست، توانای بەکاربردنی پارە و توانایەکی ژیرانە.

چاوەڕوانکردنی هەژاری لەبری داواکردنی سامان _ تێکەڵاوی لەگەڵ ئەوانەی کە هەژاری پەسەند دەکەن لەبری گەڕان لەدووی دۆستایەتی ئەو کەسانەی کە داوای سەروەت و سامان دەکەن و وەریدەگرن.

## پارە قسە دەکات!

هەندێك دەپرسن، " بۆچی کتێبێکت دەربارەی پارە نووسیووە؟ بۆچی سەروەت و سامان تەنها بە دۆلار دەپێویت؟" هەندێك باوەڕیان وایە، کە بێگومان ڕاستیشە، کە چەند جۆرێکی تری سامان هەیە کە زۆر زیاتر لە پارە خواستیان لەسەرە.

بەڵێ، سامانگەلێك هەن کە ناتوانرێت بە دۆلار بپێورێت، بەڵام ملیۆنان کەس هەن کە دەڵێن، " هەموو ئەو پارەیەم بەرێ کە پێویستمە، منیش هەموو ئەو شتانەی تر دەدۆزمەوە کە دەمەوێت".

هۆکاری سەرەکی ئەوەی بۆچی ئەم کتێبەم نووسی دەربارەی چۆنێتی بەدەستهێنانی پارە ئەو ڕاستییەیە کە جیهان لەم دوایانەدا ملیۆنان ژن و پیاوی بەنێو ئەزموونێکدا برد کە بە ترس لە هەژاری لەپەلوپۆی خستن. ئەم جۆرە ترسە چی لە کەسەکە دەکات زۆر بە باشی لە لایەن وێستبرووک پێگلەر، لە تێلیگرامی جیهانی نیۆرکدا باسکراوە، بەم جۆرە:

"پارە تەنها قاوغی گوێچکە ماسیەکە یان دیسکی کانزایی یان پارچە کاغەزێکە، وە خەزێنەگەلێکی دڵ هەن کە پارە ناتوانێت بیانکڕێت، بەلام زۆربەی خەڵکی، مایەپووچن، ناتوانن ئەمە لە مزریاندا هەولگرن و ڕۆحیەتیان بەهێز بکەن. کاتێک کەسێك لەسەر شەقام دەمێنێتەوە، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت کارێك دەستبخات، شتێك بەسەر ڕۆحیدا دێت کە دەتوانێت لە داتەپینی شانەکانیدا، شێوازی کلاوەکەیدا، ڕێکردن و ڕوانینیدا تێبینی بکرێت. ناتوانێت هەوڵبێت لە هەستی خۆ بەکەمزانین بەراورد بەو کەسانەی کە کارێکی ئاساییان هەیە. هەرچەندە تەنانەت بە دڵنیایشەوە دەزانێت کە لە کەسایەتی و زیرەکی و تواناادا هاوتای ئەم نین.

" ئەم کەسانە ـ تەنانەت هاوڕێکانشیان ـ لە لایەکی ترەوە، هەست بە خۆ گەورە دانان دەکەن لەهەمبەریدا، ڕەنگە نائاگایانە، وەك کاریگەرییەك. ڕەنگە بۆ ماوەیەك پارە قەرز بکات، بەلام هێندە نا کە بتوانێت پێی بەردەوام بێت لەسەر ئەو شێوازەی پێی ڕاهاتووە، وە ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر پارە قەرز بکات.

بەلام قەرزکردن خۆی لە خۆیدا، کاتێك مرۆڤ پارە قەرز دەکات تەنها بۆ ئەوەی نەمرێت، ئەزموونێکی خەمنەنگێزە، وە پارەکە هێزی پارەی

بەدەستهێنراوی نیە بۆ بوژاندنەوەی ڕۆحیەتی. بێگومان، هیچ یەکێك لەم نیشانانە بەسەر کەسانی تەمبەڵ و سەر سواڵکەردا جێبەجێ نابن، بەڵکو تەنها بەسەر کەسانی خواست ئاسایی و خوود ڕێزگرتنی ئاساییدا جێبەجێ دەبێت.

## ژنان نائومێدی دەشارنەوە

"ژنان پێویستە لە هەمان دۆخی سەخت و دژواردا جیاواز بن. بە جۆرێك ئێمە بە هیچ شێوەیەك بیر لە ژنان ناکەینەوە لە مەسەلەکانی بێ پارەیی و بێکاریدا. ئەوان دەگمەنن لە ڕیزەکانی ناندا. بە دەگمەن دەبینرێن لەسەر شەقامەکان سواڵ بکەن، وە لە ناو خەڵکیدا ناناسرێنەوە بە هەمان ئەو نیشانانەی کە پیاوە مایەپووچەکانی پێدەناسرێنەوە. بێگومان، مەبەستم ئەوە نییە کە سواڵکەرە خشۆکە پیرەژنەکانی شەقامەکانی شار پێچەوانەن لە ژمارەدا لەگەڵ پیاوە سواڵکەرەکاندا. بەڵکو مەبەستم لە خانمێکی گەنج، خانەدان و زیرەکە. دەبێت زۆرێك لەوانە هەبن، بەڵام نائومێدیەکەیان دیار نییە. ڕەنگە خۆیان بکوژن.

کاتێك پیاوێك بێ کار و بێ پارەیە کاتی لەبەردەستە بۆ پیشاندانی دڵتەنگیەکی قووڵ. ڕەنگە چەندین مایل گەشت بکات بۆ بینینی کەسێك کە کاری هەبێت و بۆی دەرکەوێت کە کارەکە وەرگیراوە یان یەکێکە لەو کارانەی کە مووچەیەکی جێگیری نییە و تەنها ڕێنمایی وەرگرتنێکە لەسەر فرۆشتنی هەندێك شتکەلی بێنرخ کە هیچ کەسێك نایانکڕێت، مەگەر لە ڕووی بەزەییەوە. بە ڕەتکردنەوەی ئەوە، خۆی لەسەر شەقام دەبینێتەوە و هیچ شوێنێکی نابێت بۆی بچێت جگە لە هەموو شوێنێك. بۆیە هەمیشە هەر ڕێدەکات و ڕێدەکات. لە پەنجەرەی ئەو فرۆشگای

خۆشگوزەرانیانە دەڕوانێت کە بۆ ئەو نین، وە هەست بە کەمی دەکات و ڕێگە بۆ ئەو کەسانە دەکاتەوە کە دەوەستن و بە سەرنجێکی پەرۆشەوە سەیر دەکەن. بە وێستگەکانی شەمەندەفەردا دەسوڕێتەوە یان خۆی لە کتێبخانەیەك دەخزێنێت بۆ پشودان بە قاچەکانی و تۆزێك گەرم بوونەوە، بەلاّم ئەوە لە کار گەڕان نییە، بۆیە دووبارە دەست بە ڕۆیشتن دەکاتەوە. ڕەنگە نەزانێت، بێ ئامانجیەکەی بەڕێی دەکات تەنانەت ئەگەر هێڵەکانی شێوەشی نەیانکردبێت. ڕەنگە جل و بەرگێکی شیکی لەبەر بێت کە لەو ڕۆژانەوە بۆی ماوەتەوە کە کارێکی جێگیری هەبووە، بەلاّم جلوبەرگەکانی ناتوانن چەمانەوەکەی بشارنەوە.

## پارە جیاوازی دروست دەکات

هەزاران کەسی تر دەبینێت، بنووس یان فەرمانەر یان کیمیاگەر و کرێکاری شەمەندەفەر، کە سەرقاڵن لە کارەکانیاندا و لە قوڵایی ڕۆحیەوە ئیرەییان پێدەبات. سەربەخۆیی خۆیان، ڕێزی خودی و پیاوەتی خۆیان هەیە، وە ناشتوانێت باوەڕ بە خۆی بهێنێت کە پیاوێکی باشە، هەرچەندە کاتژێر دوای کاتژێر مشتومڕ دەکات و دەگاتە بڕیارێکی خوازراو.

تەنها پارەیە کە ئەم جیاوازیە لەودا چێدەکات. بە پارەیەکی کەم دووبارە دەبێتەوە بە خۆی.

هەندێك لە خاوەنکارەکان سوودێکی خراپی تاسێنەر لەو کەسانە وەردەگرن کە بێ کار و بێ پارەن. دەزگاکان کارتی ڕەنگاوڕەنگ هەڵدەواسن و مووچەی کەم پێشنیار دەکەن بۆ کەسانی تێکشکاو - هەفتەی ١٢ دۆلار یان ١٥ دۆلار.

کارێك بە هەفتانەیەکی ١٨ دۆلاریەوە کارێکی خوازراوە، وە هەر کەسێك کە پێشنیاری کارێکی بۆ بکرێت هەفتانە بە ٢٥ دۆلار ئەو کارە هەولنابژێرێت کە لەسەر کارتێکی ڕەنگاوڕەنگ لەبەردەم دەزگایەکدا هەولواسراوە. ڕیکلامێکی کارم هەیە کە لە یەکێك لە ڕۆژنامە ناوخۆیەکانەوە بڕیومە کە داوای کارمەندێکی شارەزا و باشی نووسین دەکات بۆ وەلأمدانەوەی داواکاریە تەلەفۆنیەکانی لەفەخانەیەك لە ١١ی بەیانیەوە بۆ ٢ی پاشنیوەڕۆ بە مانگانەی ٨ دۆلار ـ نەك هەفتانەی ٨ دۆلار بەلکو مانگانەی ٨ دۆلار.

هەروەها ڕیکلامەکە دەلێت "ئاینەکەت ڕابگەیەنە." دەتوانی وێنای ڕەفتاری دلڕەقانەی هەر کەسێك بکەیت کە داوای کارمەندێکی نووسینی باش و شارەزا دەکات بۆ ١١ سەنت لە هەر کاژێرێکدا و لە ئاینی قوربانیەکە بپرسێت؟ بەلأم ئەوە ڕێك ئەوەیە کە بۆ کەسە تێکشکاوەکان پێشنیار دەکرێت".

### ترس لە ڕەخنە

چۆن مرۆڤ لە بنچینەدا ئەم ترسەی بۆ دروست بووە، هیچ کەس بە دلنیایەوە ناتوانێت دیاری بکات، بەلأم شتێك ڕوونە ـ بە شێوەیەکی بەرز گەشەپێدراو هەیەتی. هەندێك باوەڕیان وایە ئەم ترسە لە دەورووبەری ئەو کاتەدا دەرکەوتووە کە سیاسەت بووە بە "پیشە." ئەوانی تر بڕوایان وایە دەکرێت ئاسەواری بۆ ئەو کاتە بگەڕێتەوە کە ژنان سەرەتا دەستیانکرد بە گرنگیدان بە "ستایلی" خۆیان لە ڕێی بەکارهێنانی خشلەوە.

ئەم نووسەرە، چونکە نە گاڵتەبازە نە پێغەمبەرە، وای دادەنێت کە ترسی بنەڕەتی لە ڕەخنە بگەڕێتەوە بۆ بەشێك لە سروشتی بۆماوەیی مرۆڤ کە تەنها دنەی نادات بۆ کە لە باشی و شمەکەکانی مرۆڤەکانی تر دوورکەوێتەوە، بەڵکو بڕیار لەسەر کارەکانی دەدات لەسەر بنەمای کەسایەتی مرۆڤەکانی تر. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە دز ڕەخنە لەو کەسە دەگرێت کە دزیەکەی لێ دەکات ــ کە سیاسەتمەدارەکان بەهۆی باشی و شایستەی خۆیانەوە داوای پۆست ناکەن، بەڵکو لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ ئابڕووبردنی دژەکانیان ئەوە دەکەن.

ترس لە ڕەخنە چەندین شێوە وەردەگرێت، کە زۆرینەیان پووچ و بێنرخن. بۆ وێنە، کەسانی کەچەڵ، کەچەڵن تەنها بە هۆکاری ئەوەی لە ڕەخنە دەترسن. سەرەکان کەچەڵ دەبن بەهۆی چوارچێوەی تەنگی ئەو کڵاوانەی کە سوڕانەوەی ڕەگی تاڵە قژەکان دەبڕێت. مرۆڤەکان کڵاو لەسەر دەکەن، نەك لەبەرئەوەی پێویستیان پێیەتی، بەڵکو بەزۆری لەبەرئەوەی " هەموو کەسێك ئەوە دەکات".

تاکەکان دەچنە ڕیزەوە و هەمان شت دەکەن، بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لە ڕەخنەی ئەوانی تر. ژنان بە دەگمەن کەچەڵ دەبن، یان تەنانەت قژیان تەنك دەبێت، چونکە کڵاوێلێك لەسەر دەکەن کە بە شلی لەگەڵ سەریاندا دەگونجێت. تاکە مەبەستی کڵاوەکان تەنها بۆ ڕازاندنەوەیە.

بەڵام، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ژنان ترسی ڕەخنە لێگرتنیان نییە. ئەگەر هەر ژنێك بانگەشەی ئەوە بکات کە لەم ترسەدا لە سەرووی پیاوانەوەیە، داوای لێبکە بە شەبقەیەکی ساڵی ١٨٩٠ وە بە سەر شەقامەکاندا بگەڕێت.

دروستاکەرە بەتواناکانی جلوبەرگ خێرا بوون لە بە سەرمایکردنی ئەم ترسە بنەڕەتیە لە ڕەخنە، کە هەموو مرۆڤایەتی پێ تەلیسم کراوە. هەموو وەرزێك زۆربەی شێوازەکانی جۆە جیاوازەکانی خشڵ دەگۆڕێت. کێ ستایلەکانی دانا؟ بە دڵنیایەوە کڕیارەکانی جلوبەرگەکان نەبوون، بەلکو دروستکارەکانیان بوون. بۆچی هێندە زوو زوو ستایلەکان دەگۆڕێت؟ وەڵامەکەی ئاشکرایە. ستایلەکان دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت جلوبەرگی زیاتر بفرۆشێت.

لەبەر هەمان هۆکار دروستکارانی ئۆتۆمۆبێل ( بەدەر لە هەندێك دانەی دەگمەن) هەموو وەرزێك شێوازی مۆدێلەکان دەگۆڕن. هیچ کەسێك نایەوێت ئۆتۆمۆبێلێك لێ بخوڕێت کە نوێترین مۆدێل نەبێت، هەرچەندە کە ڕەنگە مۆدێلە کۆنترەکان ئۆتۆمۆبێلێکی باشتریش بن. باسی ئەو ڕەفتارەمان کردووە کە خەڵکی لەژێر کاریگەری ترس لە ڕەخنەدا ئەنجامی دەدەن کە جێبەجێ دەبێت بەسەر شتە بچووك و پرووچەکانی ژیاندا. با ئێستا ڕەفتاری مرۆڤ بپشکنین کاتێك ئەم ترسە کاردکاتە سەر کەسانێك پەیوەست بە هەندێك ڕووداوی گرنگتری پەیوەندیەکانی مرۆڤ. بۆ نموونە هەر کەسێك وەرگرە کە گەیشتۆتە تەمەنی "پێگەیشتووی مزری" ( لە نێوان ٣٥ بۆ ٤٠ساڵی، وەك تێکڕایەك)، وە ئەگەر بتوانی بیرە ئەرێنیەکانی مزری بخوێنیتەوە، ناباوەڕیەکی بڕیارلێدراو دەبینیتەوە بەرامبەر زۆرینەی ئەو داستانانەی کە لە لایەن دۆگمایی و ئایندارەکانی چەند دەیەیی ڕابردووەوە دەگوترانەوە.

هەرچەندە، زۆر جار کەسێك نادۆزیتەوە کە بوێوری ئەوەی هەبێت بە ڕاشکاوی باوەڕی خۆی دەربارەی ئەو بابەتە دەربڕێت. زۆربەی خەڵکی

ئەگەر زۆر فشاریان بۆ بهێنرێت، درۆ دەکەن لەبری ئەوەی دان بەوەدا بنێن کە باوەڕیان بە چیرۆکەکانی پەیوەندیدار بەو جۆرە ئاینەوە نییە کە خەڵکی لە کۆیلایەتی بەر لە دۆزینەوەی زانستی و پەروەردەیدا دەهێڵنەوە.

بۆچی کەسێکی ئاسایی، تەنانەت لەم سەردەمی پێشکەوتن و بوژانەوەیەدا، شەرم دەکات لە نکۆڵیکردن لە باوەڕی بەو داستانانەی کە بنچینی زۆربەی ئاینەکان بوون چەند دەیەیەك لەمەوبەر؟ وەڵامەکە ئەمەیە، " بەهۆی ترس لە ڕەخنەوە." ژن و پیاوانێك لەسەر لیژنە دار سوتێنراون بەهۆی ئەوەی وێراویانە بێباوەڕی خۆیان بۆ هەبوونی خێوەکان دەرببڕن. مایەی سەرسامی نییە کە ئاگایەکمان بۆ بە میرات ماوەتەوە کە وامان لێدەکات لە ڕەخنە بترسین. هێندە لە مێژ نییە، کاتێك ڕەخنەگرتن سزای توندی لەسەر بوو ـ هێشتا لە هەندێ وڵات هەمان شت هەیە.

ترس لە ڕەخنە توانای دەستپێکردن لە مرۆڤدا ناهێڵێت، توانای ئەندێشەکردنی لەناو دەبات، ئاگایەتیەکەی سنووردار دەکات، پشت بەخۆبەستنی لێ دەستێنێت، وە بە سەتان شێوەی تر زیانی پێدەگەیەنێت. دایك و باوکان زۆرجار زامی ساڕێژنەکراو لە منداڵەکانیاندا دروست دەکەن بە ڕەخنە لێگرتنیان. دایکی یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی کوڕێنیم ڕاهاتبوو کە نزیکەی هەموو ڕۆژێك بە پارچە دارێك سزای بدات، هەمیشە بەم قسەیە کارەکەی بە کۆتا دەهێنا، " دەچیتە زیندانەوە بەرلەوەی ببیتە بیست ساڵان." لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا نێردرا بۆ چاکسازی نەوجەوانان. ڕەخنەگرتن جۆرە خزمەتێکە، کە هەموو کەسێك

ڕێژەیەکی زۆری هەیە. هەمووان خەزێنەیەکی پڕیان هەیە کە بە خۆڕایی دەیبەخشن، جا ئەگەر داوا بکرێت یان نا. زۆربەی جار خزمە نزیکەکانی کەسەکە خراپترین ئازاردەرن. دەبێت وەك تاوانێك بناسێنرێت ( لە ڕاستیدا تاوانێکە لە خراپترین جۆرەکانی تاوان)، بۆ هەر باوانێك کە باڵەخانەی خۆبەکەمزانین لە مێزی منداڵەکەیدا بنیات دەنێت، لەڕێی ڕەخنەی ناپێویستەوە. ئەو خاوەنکارانەی لە سروشتی مرۆڤ تێدەگەن، باشترینی ناخی کەسەکە بەدەستدەهێنن، نە بە ڕەخنەگرتن، بەڵکو لە ڕێگەی پێشنیاری دروستکارەوە. ڕەنگە دایك و باوکانیش هەمان ئەنجام بەدەستبهێنن لەگەڵ منداڵەکانیان. ڕەخنە ترس لە دڵی مرۆڤدا دەچێنێت، یاخوو کینە و بوغز چێدەکات، بەڵام سۆز و خۆشەویستی بنیات نانێت.

## نیشانەکانی ترس لە ڕەخنە

ئەم ترسەش وەك ترس لە هەژاری گەردوونیە. کاریگەریەکەشی هێندەی ئەوە کوشندەیە بۆ سەرکەوتنە کەسیەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی ئەم ترسە توانای دەستپێکردن لەناو دەبات و کەسەکە لە بەکارهێنانی ئەندێشەی سارد دەکاتەوە.

نیشانە سەرەکیەکانی ترس لە ڕەخنە ئەمانەن:

ئاگایی خوودی ــ بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی دڕدۆنگی و متمانەبەخۆنەبوون لە گفتوگۆ و بینینی کەسانی نامۆ، جووڵەی نارێکی دەست و قاچ، بزێوی و جموجۆڵی چاوەکان.

نەبوونی ئارامی - گوزارشتی لێ دەکرێت لە ڕێگەی نەبوونی کۆنترۆڵی دەنگ، دردۆنگی لە ئامدەیی کەسانی تردا، شێوەی وەستانی لاوازی جەستە و خراپی یادگە.

کەسایەتی - نەبوونی تۆکمەیی و جێگیری لە بڕیارداندا، سەرنجڕاکێشی کەسایەتی و توانای بە ڕوونی دەربڕینی بیر و بۆچوون. خووی خۆ لادان لە مەسەلەکان لەبری ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان. هاوڕێبوون لەگەڵ کەسانی تر بە بێ تاقیکاری و پشکنینی وردی بیر و بۆچوونەکانیان.

هەستی خۆبەکەمزانین – خووی دەربڕینی خورد پەسەندی بە وشە و کردار، وەک ئامرازێك بۆ داپۆشینی هەستی خۆبەکەمزانین. بەکارهێنانی " وشەی گەورە" بۆ سەرسامکردنی ئەوانی تر، ( زۆربەی جار بەبێ زانینی مانای ڕاستەقینەی وشەکە.) لاسایکردنەوەی کەسانی تر لە جلوبەرگ پۆشین، قسەکردن و هەڵسوکەوتدا. خاوەنداریتی دەستاکەوتی ئەندێشەیی. ئەمە هەندێك جار ڕووکارێکی دەرەکی هەستی خۆ بەگەورە زانین پیشان دەدات.

دەستبڵاوی - خووی هەوڵدان بۆ " ڕێکردن لەگەڵ بنەماڵەی جۆنس[1] " خەرجکردن لە سەروو داهاتی کەسەکەوە.

نەبوونی توانای دەستپێکردن - شکستهێنان لە قۆستنەوەی هەلەکانی خۆ پێشخستن، ترس لە دەربڕینی بیر و بۆچوون. نەبوونی متمانە بە بیرۆکەکانی خۆی، پێدانی وەڵامگەلی ناڕاستەوخۆ بۆ پرسیارەکانی

---

[1] ئیدیەمێکی ئنگلیزیە بۆ کاتێك بەکاردێت کە کەسێك لاسایی کەسێك بکاتەوە لە کارێکدا لە ئیرەیدا بێت یان وەك خوویەك.

کەسانی سەروو خۆی، ڕاڕایی لە قسە و ڕەفتاردا، هەوڵخەڵەتاندن لە ڕەفتار و گوفتاریاندا.

نەبوونی خواست ـ تەمبەڵی هزری و جەستەیی، نەبوونی متمانە بە ئارەزوو و بۆچوونەکانی خۆی، خاوی لە گەیشتنە بڕیاردا، بە ئاسانی کارتێکران لە لایەن کەسانی ترەوە. خووی ئانە دان لە کەسانی تر لە پاشەملە مەرایی بۆ کردنیان ڕووبەڕوو، خووی پەسەندکردنی شکست بەبێ نارەزایی، وازهێنان لە کارەکەی کاتێک ئەوانی تر بەرەنگاری دەبنەوە. بەگومانی لە کەسانی تر بێ هیچ هۆکارێك. نەبوونی پاراوی لە گوفتار و نەرمی لە ڕەفتاردا، نائامادەیی بۆ پەسەندکردنی لۆمەی هەڵەکانی.

## ترس لە تەندروستی خراپ

دەکرێت بنچینەی ئەم ترسە بگەڕێندرێتەوە بۆ بۆماوەیی جەستەیی و کۆمەڵایەتی. زۆر بە نزیکی پەیوەندیدارە، وەك بنچینەکەی، لەگەڵ هۆکارەکانی ترس لە پیری و ترس لە مەرگ، چونکە مرۆڤ بەرەو نزیکی سنووری " دونیاگەلی ترسناک" دەبات کە مرۆڤ هیچی دەربارە نازانێت، تەنها ئەو چیرۆکە ترسناکانە نەبێت کە فێرکراوە. بۆچوونەکە بە جۆرێك گشتیە، هەروەها هەندێك کەسی بەدڕەوشت کە سەرقاڵی کاری " فرۆشتنی تەندروستی" ین، هیچ پەیوەندیەکیان نییە بە هێشتنەوە بە چالاکی ترس لە تەندروستی خراپ.

بە شێوەیەکی سەرەکی، مرۆڤ لە تەندروستی خراپ دەترسێت بەهۆی ئەو وێنە ترسناکانەوە کە لە هزریدا چێنراون دەربارەی ئەوەی کە دەشێت

ڕوویدات ئەگەر مەرگ بەسەریدا زاڵبێت، هەروەها لەبەر ئەو بارگرانی ئابووریەش لێی دەترسێت کە ڕەنگە پێویستی پێی هەبێت.

پزیشکێکی بەناوبانگ خەملاندویەتی کە لە ٧٥٪ ی ئەو کەسانەی کە سەردانی پزیشکەکان دەکەن بۆ خزمەگوزاری پیشەگەرانە بەهەست هایپۆکۆندریاوە دەناڵێنن ( نەخۆشی خەیاڵی)، زۆر بە ڕوونی ئەوە دەرخراوە کە ترس لە نەخۆشی، تەنانەت ئەگەر بچووکترین هۆکاریش بۆ ترسان بوونی نەبێت، زۆرجار نیشانە جەستەیەکانی ئەو نەخۆشیە دروست دەکات کە مایەی ترسە.

هزری مرۆڤ زۆر بەتوانا و بەهێزە ! دروست دەکات یان لەناودەبات. کار لەسەر ئەم لاوازیە باوەی ترس لە تەندروستی خراپ دەکات. دابەشکردنی مۆڵەتی دەرمان سامانگەلێکی زۆی دورییەوەتەوە. ئەم شێوازە لە قۆرغکاریەی باوەڕی مرۆڤایەتی هێندە بەربڵاو بووە کە بیست ساڵێك لەمەوبەر گۆڤاری هەفتانەی کۆلیەر کامپینێکی لە دژی هەندێك لەو خراپەکارانەی بازرگانی مۆڵەتی پزیشکی ئەنجامدا.

لە ماوەی ئەو ئەنفلۆزا گواستراوەی کە لە جەنگی جیهانیدا بڵاوبۆوە، سەرۆك شارەوانی شاری نیۆرك چەند هەنگاوێکی بوێرانەی نا بۆ نەهێشتنی ئەو زیانانەی خەڵکی بە خۆیانی دەگەیەنن لەڕێی ترسی بۆماوەییانەوە لە تەندروستی خراپ. بانگی ڕۆژنامەنووسانی کرد و پێیگوتن، " بەڕێزان، هەست دەکەم کە پێویستە داواتان لێ بکەم هیچ مانشێتێکی ترسێنەر بڵاومەکەنەوە دەربارەی ئەنفلۆنزا گواستراوەکە، مەگەر ئەوەی ڕاوێژم پێبکەن، ئێمە بارودۆخێکمان هەیە کە ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین." ڕۆژنامەکان بڵاوکردنەوەی چیرۆککەلیان دەربارەی

ئەنفلۆنزاکــە وەســتاند، وە لــە مــاوەی مانگێکــدا نەخۆشــیەکە بــە سەرکەوتوویی وەستێندرا.

لـە ڕێـی هەنـدێك تاقیکاریـەوە کـە چـەند سـاڵێك لەمەوبـەر ئەنجامـدرا، سەلمێنرا کە دەکرێت مـرۆڤ بـەهۆی پێشنیارەوە نـەخۆش بکـەوێت. ئـەم تاقیکردنەوەیـەمان ئەنجامـدا بـە سـەردانکردنی سـێ ناسـیاو بـۆ لای " قوربانیەکان" هەر یەکێکیان ئەم پرسیارەی کرد، " چی گرفتێکت هەیـە؟ وادیارە زۆر خراپ نەخۆش کەوتویت." بە گشتی یەکەم پرسـیارکەر بـووە هۆی بزەیەك، وەڵامێکی هێمنانە لە قوربانیەکـەوە" ئۆە، هـیچ نییـە، مـن باشم." پرسیارکەری دووەم بە گشتی بەم گوزارشتە وەڵامـی دەدرایـەوە، " ڕێك نازانم چیمە، بەڵام هەست بە خراپی دەکەم." پرسـیارکەی سـێیەم بە گشتی گوێی لە ددانپێدانانی ڕاشکاوانەی قوربانیەکـە دەبـوو کـە گوایـە بەڕاستی نەخۆشە.

ئەمە لەگەڵ ناسـیاوێکتا تـاقی بکەرەوە ئەگـەر گومانـت لـەوە هەیـە کـە ناڕەحەتی دەکات، بەڵام ۆر دوور مەڕۆ لە تاقیکاریەکەدا. هەنـدێك گروپـی ئاینی دیاریکراو هەن کە ئەندامەکانی تۆڵە لە دوژمنەکانیان دەکەنـەوە بـە میتۆدی " تەلیسم." پێی دەڵێن " تەلیسم دانان " لەسەر قوربانیەکە.

بەڵگەگەلی ەێجگار زۆر هەن کە نەخۆشی هەنـدێك جـار لـە شـێوەی ترپـە بیرێکـی نەرێنیدا دەسـت پێدەکات. ترپەیـەکی لـەو چەشـنە دەشـێت لـە مزرێکەوە بۆ مزرێکی تر بگوازرێتەوە، بـە پێشـنیار کـردن. یـان لـە لایـەن کەسەکەوە لە مزری خۆیدا دروست بکرێت.

کەسێك کە زۆر زیاتر دانایی پێبەخشراوە بەراورد بەوەی ئەم ڕووداوە دەری دەخات، جارێکیان گوتی، " هەر کاتێك کەسێك لێم دەپرسێت هەستم چۆنە، هەمیشە دەمەوێت بە بە عەرزدادانی وەڵامی بدەمەوە.

پزیشکەکان نەخۆشەکان بۆ کەش و هەوای نوێ دەنێرن لەبەر تەندروستیان، چونکە گۆڕانکاری لە " ڕەوشی هزریاندا" پێویستە. تۆوی ترس لە تەندروستی خراپ لە هزری هەموو مرۆڤێکدا دەژی. نیگەرانی، ترس، ساردبوونەوە، بێهیوابوون لە ئەوین و کاری بازرگانیدا، دەبێتە هۆی چەکەرە کرنی تۆوەکە و گەشەکردنی. ئەم قەیرانە بازرگانیەی ئەم دواییانە کاری پزیشکەکانی باش کرد، چونکە هەموو چەشنە بیرکدنەوەیەکی نەرێنی دەشێت ببێتە هۆی نەخۆشی.

بێهیوابوون لە بازرگانی و ئەویندا لە سەرەوەی لیستی هۆکارەکانی ترس لە نەخۆشیدان. پیاوێکی گەنج بە دەست دڵشکاویەوە لە ئەویندا دەینالاند کە ناردیە نەخۆشخانە. بۆچەندین مانگ لە نێوان ژیان و مەرگدا دەسوڕایەوە، پزیشکێکی تایبەتمەندی دەروونی بانگکرا. تایبەتمەندەکە پەرستارەکانی گۆڕی، خستیە ژێر چاودێری کچێکی زۆر سەرنجڕاکێش و جوانەوە کە دەستی کرد ( بە ڕێککەوتنی پێشوەختە لەگەڵ پزیشکەکەدا) خۆشەویستی کردن لەگەڵیدا لە یەکەم ڕۆژی کارەکەیەوە. لە ماوەی سێ هەفتەدا نەخۆشەکە لە نەخۆشخانە دەرکرا، هێشتا دەینالاند، بەڵام بەدەست دەردێکی تەواو جیاوازەوە. دووبارە ئەویندار بۆوە. چارەسەرەکە گاڵتینە و فێڵ بوو، بەڵام نەخۆشەکە و پەرستارەکە دواتر هاوسەرگیریان کرد. هەردووکیان لە تەندروستیەکی باشدان لە کاتی ئەم نووسینەدا.

## نیشانەکانی ترس لە تەندروستی خراپ

نیشانەکانی ئەم ترسە گەردوونیە ئەمانەن:

خوود پێشنیاری _ خووی بەکارهێنانی نەرێنی خوود پێشنیاری بە گەڕان و پێشبینیکردنی نیشانەکانی هەموو جۆرە نەخۆشیەك. "چێژ وەرگرتن" لە نەخۆشی ئەندێشەیی و باسکردنی بە جۆرێك وەك ئەوەی ڕاستی بێت.

خووی تاقیکردنەوەی هەموو ئەو پێشنیار و فەلسەفانەی کە خەڵکانی تر پێشنیاری دەکەن وەك توانای دەورکردنەوەیان هەبێت. قسەکردن بۆ کەسانی تر دەرباری نەشتەرگەری، ڕووداو و شێوازەکانی تری نەخۆشی.

تاقیکردنــەوەی خواردەمــەنی، ڕاهێنــانی جەســتەیی، سیســتەمەکانی کەمکردنەوە، بە بێ ڕێنمایی پیشەگەرانە، هەوڵدانی چارەسەر لە ماڵـەوە، مۆڵەتی پزیشکی و چارەسەری ناڕاست.

هایپۆکۆنـدریا _ خـووی قسـەکردن لەسـەر نەخۆشـی، چڕکردنەوەی هـزر لەسـەر نەخۆشـی، چـاوەڕوانکردنی ڕوودانـی هـەتا دارمـانێکی دەمـاری ڕوودەدات. هیچ شتێك ناو شووشە دەرمانەکان ناتوانێت چارەسـەری ئـەم حاڵەتە بکات. لە ڕێی بیرکردنەوەی نەرێنیـەوە دەهێنرێـت و هـیچ شـتێك جگە لە بیری ئەرێنی ناتوانێت چارەسەری بکات.

هایپۆکۆندریا، ( زاراوەیەکی پزیشـکیە بـۆ نەخۆشـی خـەیاڵی) دەگوترێـت هەندێك جار هێندەی ئەو نەخۆشیەی کەسـەکە لێـی دەترسـێت زیـان بـە کەسـەکە دەگەیـەنێت. زۆربـەی ئـەو کەیسـانەی پێیـان دەگـوترێـت " دەماری" بەهۆی نەخۆشی خەیاڵیەوە دروست بوون.

ڕاهێنـان _ زۆر جـار تـرس لـە تەندروسـتی خـراپ ڕێگـرە بـۆ ئەنجامـدانی ڕاهێنـانی جەسـتەیی تـەواوەتی، دەرئەنجامەکـەی قەڵەویـە، بـە هۆکـاری

ئەوەی وا لە کەسەکە دەکات خۆی لە چوونە دەرەوە لە ماڵ دوور بخاتەوە.

هەستی شکستەیی _ ترس لە تەندروستی خراپ سروشتی بەرگری جەستە دادەڕمێنێت، وە دۆخێکی لەبار بۆ هەر جۆرە نەخۆشییەك دەسازێنێت کە رەنگە کەسەکە دووچاری بێت. زۆر جار ترس لە تەندروستی خراپ پەیوەستە بە ترس لە هەژاریەوە، بە تایبەتی لە حاڵەتی کەسی هایپۆکۆندریاکیدا، کە بەردەوام نیگەرانە دەربارەی ئەگەری پێدانی پارەی پسووڵەکانی پزیشك و نەخۆشخانە، هتد. ئەم جۆرە کەسە کاتێکی زۆر بەسەر دەبات لە خۆ ئامادەکردندا بۆ نەخۆشی، قسە کردن لەسەر مەرگ، پارە پاشەکەوت کردن بۆ شمەکەکانی گۆڕ و تێچووەکانی ناشتن، هتد.

فرە خۆپارێزی _ خووی پێشکەشکردنی هاوسۆزی، بەکارهێنانی نەخۆشی ئەندێشەیی وە هێورکەرەوە. (زۆر جار خەڵکی بۆ ئەم فێڵە دەگەڕێنەوە بۆ خۆدزینەوە لە کار). خووی وا خۆدەرخستن کە نەخۆشە بۆ داپۆشینی تەمبەڵیەکی ئاشکرا، یان وەك بیانوویەك بۆ نەبوونی خواست.

نائارامی _ خووی بەکارهێنانی کحول و ماددەی هۆشبەر بۆ لەناوبردنی ئازارگەلی وەك سەرئێشە، دەماری، هتد لەبری لەناوبردنی هۆکارەکەی. خووی خوێندنەوە دەربارەی نەخۆشی و نیگەران بوون دربارەی ئەگەری تووشبوون پێی. خووی خوێندنەوەی ریکلامی مۆڵەتە پزیشکیەکان.

## ترس لە لەدەستدانی خۆشەویستی

سەرچاوەی بنچینەیی ئەم ترسە بۆماوەییە پێویستی باسکردنێکی ئەوتۆ نییە. چونکە ئاشکرایە کە لە خووی فرەژنی مرۆڤەوە بۆ دزینی ئەوینداری هاوڕێ مرۆڤەکەیەوە گەشەی کردووە، وە خووی سوود وەرگرتن لێی هەرکاتێك بیەوێت.

ئیرەیی و جۆری هاوشێوەی نەخۆشی هزری لە ترسی بۆماوەیی مرۆڤەوە بۆ لەدەستدانی خۆشەویستی کەسێکەوە گەشە دەکات. ئەم ترسە بە ئازارترینی هەر شەش ترسە بنەڕەتیەکەیە، ئەگەری هەیە وێرانکاریەکی زیاتر لە جەستە و هزردا دروست بکات لەچاو ترسە بنەڕەتیەکانی تردا، کە زۆر جار کەسەکە بۆ شێتی هەمیشەیی دەبات.

ترس لە لەدەستدانی خۆشەویستی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردین، کاتێك پیاوان بە هێزێکی دڵڕەقانەوە ژنانیان دەدزی. بەردەوام بوون لە دزینی مێینە، بەڵام تەکنیکەکانیان گۆڕاون. لەبری بەکارهێنانی هێز، ئێستا ڕازیکردن بەکار دەهێنن، بەڵێنی جلوبەرگی قەشەنگ، ئۆتۆمۆبێل، هەروەها " چەشە" گەلی دیکەی زۆر کاریگەرتر لە هێزی جەستەیی. خووەکانی مرۆڤ هەمان ئەو خووانەیە کە لە بەرەبەیانی شارستانیەتەوە هەیەتی، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز گوزارشتیان لێ دەکات.

لێکۆڵینەوەی ورد پیشانی داوە کە ژنان ئەگەری هەبوونی ئەم ترسەیان زیاترە لەچاو پیاواندا. ئەم ڕاستییە بە ئاسانی ڕوونکراوەتەوە. ژنان بەهۆی ئەزموونەوە فێربوون، کە پیاوان بە سروشت فرەژن خوازن، کە نابێت متمانەیان پێبکرێت لە نێو دەستی دژەکانیاندا.

## نیشانەکانی ترس لە لەدەستدانی خۆشەویستی

نیشانە جیاکەرەوەکانی ئەم ترسە ئەمانەن:

ئیرەیی _ خووی بەگومان بوون لە هاوڕێ و کەسە ئازیزەکان بەبێ هەبوونی هیچ بەلگەیەکی ژیرانەی سەلمێنەر. ( ئیرەیی جۆرێکە لە نەخۆشی هزری کە هەندێجار زۆر بەهێز دەبێت بەبێ بچووکترین هۆکار). خووی تۆمەتبارکردنی ژن یان مێرد بە ناپاکی بێ هیچ بەلگەیەک. گومانکردن لە هەموو کەسێك، نەبوونی متمانەی تەواوەتی بە هیچ کەسێك.

هەڵە دۆزینەوە _ خووی دۆزینەوەی هەڵە لە هاوڕێ، خزم، هاوڕێی کار و خۆشەویست لەسەر بچووکترین شت، یان هەر بە بێ هیچ هۆکارێك.

قومارکردن _ خووی قومارکردن، دزی، فێڵکردن. وە ڕێگاکانی تر کە دەرفەتگەلی مەترسیدار دەڕەخسێنێت بۆ دابینکردنی پارە بۆ کەسە خۆشەویستەکان. بەو باوەڕەی کە دەتوانرێت خۆشەویستی بکڕدرێت. خوویی خەرجکردنی پارە لە سەروو توانایی دارایی کەسەکە، یان خۆ خستنە ژێر قەرزەوە، بۆ ئەوەی دیاری بۆ کەسە خۆشەویستەکان دابین بکات، بە شتێك کە ببێتە هۆی دەرکەوتنێکی دڵخواز. خەوزڕان، دڕدۆنگی، نەبوونی مکوڕی، لاوزی ویست ( ئیرادە)، نەبوونی خۆ کۆنترۆڵکردن، نەبوونی پشت بەخۆ بەستن، مگێزی خراپ.

## ترس لە پیری

بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم ترسە لە دوو سەرچاوەوە گەشە دەکات، یەکەم، ئەو بیرەی کە ڕەنگە پیری هەژاری لەگەڵ خۆی بهێنێت. دووەم،

وە باوترین سەرچاوەی بنچینە، فێرکردنە چەوت و دڵڕەقانەکانی ڕابردووە کە زۆر بە باشی لەگەڵ " گڕی ئاگری دۆزەخ" تێکەڵ کراوە، هەروەها شتگەلی ترسێنەری تر کە زیرەکانە دروستکراون بۆ کۆیلەکردنی مرۆڤ لە ڕێی ترسەوە.

لە ترسی بنەڕەتی لە پیریدا، مرۆڤ دوو هۆکاری باشی هەیە بۆ ئەم ترسەی ـ یەکێکیان لە متمانەنەبوونی بە مرۆڤەکانی ترەوە گەشە دەکات، کە ڕەنگە هەموو موڵك و ماڵە دونیایەکەی بۆ خۆیان بەرن، وە ئەوەی تریان لە وێنە ترسناکەکانی جیهانی نەناسراوی دوای مردنەوە گەشە دەکات. کە لەڕێی بۆماوەیی کۆمەڵایەتیەوە لە مزریدا چێنراون، بەرلەوەی ببێتە خاوەنی تەواوەتی مزری خۆی.

ئەگەری تەندروستی خراپیش، کە لەگەڵ هەولکشانی تەمەندا زیاتر دەبێت، هۆکارێکە بۆ ئەم ترسە باوە لە پیری. ئیرۆتیزمیش (سێکسی بوون) هۆکارێکی تری ترس لە پیریە، چونکە هیچ مۆڤێك چێژ لە بیرۆکەی نەمانی ئارەزووی سێکسی نابینێت.

باوترین هۆکاری ترد لە پیری پەیوەستە بە ئەگەری هەژاریەوە. " ماڵە هەژار" وشەیەکی زۆر جوان نییە. تەزوو بە مزری هەموو ئەو کەسانەدا دەهێنێت کە ڕووبەڕووی ئەگەری بەسەربردنی ئەو ساڵانەی لە ژیانمدا ماویانە لە کێلگەیەکی هەژارنەدا دەبنەوە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ترس لە پیری، ئەگەری لەدەستدانی ئازادی و سەربەخۆییە، چونکە ڕەنگە پیری نەمانی ئازادی جەستەیی و ئابووری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت.

## نیشانەکانی ترس لە پیری

باوترین نیشانەکانی ئەم ترسە ئەمانەن:

مەیلی خاوبوونەوە و گەشەپێدانی هەستی خۆبەکەمزانین لە تەمەنی پێگەیشتوویی هزریدا، لە دەوروبەری چل ساڵیدا، بە هەڵە باوەڕکردن بەوەی کە بەهۆی تەمەنەوە کەسەکە بەرەو کۆتایی دەڕوات.(ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەسوودترین ساڵەکانی تەمەنی مرۆڤ، لە ڕووی هزری و ڕۆحییەوە، ساڵانی نێوان چل بۆ شەست ساڵین).

خووی بە پۆزشەوە قسەکردن لەسەر خۆی وەك " پیرێك" تەنها لەبەرئەوەی گەیشتۆتە چل یان پەنجا ساڵی، لەبری ئەوەی یاساکە هەولگێڕێتەوە و سوپاسگوزار بێت کە گەیشتۆتە تەمەنی دانایی و تێگەیشتووی.

خووی کوشتنی توانای دەستپێکردن، ئەندێشە و پشت بەخۆبەستن بەهۆی بە هەڵە باوەڕبوون بەوەی کە زۆر لەوە پیرترە هەتا ڕاهێنان بەم تایبەتمەندیانە بکات.

خووی ژن یان پیاوێکی چل ساڵان لە لەبەرکردنی جل و بەرگێکدا کە وا پیشانی بدات کە زۆر گەنجترە، هەروەها کاریگەری ڕەفتاری گەنجانەی بەسەرەوە بەم جۆرە دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی ئاشنا و بێگانە.

## ترس لە مەرگ

بۆ هەندێك کەس ئەم ترسە ناڕەحەترینی ترسە بنەڕەتییەکانە. هۆکارەکەی ئاشکرایە. شەپۆلە خراپەکانی ترس پەیوەست بە مەرگەوە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ڕەنگە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی دەمارگیری ئاینی

بکرێتەوە. ئەوانەی پێیان دەگوترێت " بت پەرست" کەمتر دەترسن لە مەرگ بەراورد بەوانەی کە شارستانیترن. بۆ سەدان ملیۆن ساڵە مرۆڤ پرسیارگەلی هێشتا وەڵامنەدراوەی " لە کوێوە هاتووین" و " بۆ کوێ دەڕۆین" دەکات.

لەکوێوە هاتووم، وە بەرەو کوێ دەڕۆم؟ لە ماوەی سەدە تاریکترەکانی ڕابردوودا، فێڵباز و لێزانەکان خاوە خاویان نەکردووە لە پێشکەشکردنی وەڵام گەلێك بۆ ئەو پرسیارانە، لە بەرامبەر نرخێکدا. ئێستا گەواهی بنچینەی ترس لە مەرگ دەبینن.

سەرۆکی کۆمەڵە ئاینیەکە هاواری دەکرد، " وەرە خێمەکەمەوە، ئامێز بۆ ئیمانەکەم بکەرەوە، بیر و باوەڕەکانم پەسەند بکە، منیش بلیتێکت پێدەدەم کە ڕاستەوخۆ دوای مردن دەتباتە بەهەشت." سەرۆکە دەیگوت، " لە دەرەوەی خێمەکەم بمێنیتەوە، ڕەنگە شەیتان بتبات و بۆ هەتاهەتایە بسوتێیت."

هەتاهەتایە کاتێکی دوور و درێژە. ئاگر شتێکی ترسناکە. بیری سزادانی هەتاهەتایی بە ئاگر تەنها وا لە مرۆڤ ناکات لە مەرگ بترسێت، بەڵکو زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی ژیریشی لەدەستبدات. ئارەزووی ژیان لەناو دەبات و بەختەوەری مەحاڵ دەکات.

لەکاتی لێکۆڵینەوەکەمدا، ڕانانم بۆ کتێبێك کرد بە ناونیشانی " کەتەلۆگی خوداکان،" کە تێیدا ٣٠ هەزار خودا لیستەکرابوون کە مرۆڤ پەرستوونی. بیری لێبکەرەوە! سی هەزار دانە، کە نمایندەی هەموو شتێك بوون هەر لە ماسیەوە هەتا مرۆڤ. هێندە مایەی سەرسامی نییە کە مرۆڤ دەتۆقێت لە نزیکبوونەوەی مەرگ.

له کاتێکدا که سەرکردە ئاینیەکە ڕەنگە نەتوانێت ڕێبەریەکی سەلامەت بۆ بەهەشت دابین بکات، نە بە نەبوونی کارێکی لەو چەشنەوە، ڕێگە بە هیچ بەدبەختێك بدات بۆ دۆزەخ دابەزێت، ئەگەری ڕوودانی ئەوەی دووەمیان هێندە ترسناك دەردەکەوێت کە تەنها بە بیرکردنەوە لێی بە شێوەیەکی هێندە ڕاستەقینە دەست بەسەر ئەندێشەدا دەگرێت کە زیری لە پەلوپۆ دەخات، وە ترس لە مەرگ جێگیر دەکات.

لە ڕاستیدا، هیچ کەسێك نازانێت، وە هیچ کەسێکیش هەتا ئێستا نەیزانیوە، کە بەهەشت و دۆزەخ چۆنن، وە کەسیش نازانێت کە ئایا بە ڕاستی بوونیان هەیە یان نا. ڕێك ئەم نەبوونی زانیاری ئەرێنیە دەرگای هزری مرۆڤی بۆ فێڵبازان کردۆتەوە بۆ ئەوەی بچنە نێو هزرییەوە و کۆنترۆڵی بکەن بە لە ڕێی فرت و فێڵ و باوەڕی درۆوە.

ترس لە مەرگ هێندەی ئەو کاتە باو نییە کە هیچ خوێندنگا و زانکۆیەك بوونی نەبوو. زانستگەراکان تیشکی ڕاستیان خستۆتە سەر دونیا، ئەم ڕاستییەش بە خێرایی ژن و پیاوان لە ترسی خراپی مەرگ ئازاد دەکات. کوڕ و کچانی گەنج کە لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەخوێنن بە ئاسانی بە هۆی " گڕ و ئاگری دۆزەخەوە " کاریان تێناکرێت.

لە ڕێگەی یارمەتی زیندەزانی، گەردوونناسی، زەویناسی و زانستە پەیوەندیدارەکانی ترەوە، ترسەکانی چاخە تاریکەکان کە چنگی بە هزری خەڵکیدا کردبوو و زیری لەناوبردبوون لەکارخراون.

شێتخانەکن پڕن لە کەسانێك کە بەهۆی ترس لە مەرگەوە شێتبوون.

ئەم ترسە بێسوودە. مەرگ هەر دێت، گرنگ نییە کەسەکە چۆن بیری لێ دەکاتەوە. وەك پێویستیەك پەسەندی بکە و ئەو بیرە لە هزری خۆت

دەریکە. دەبێت پێویستی بێت، دەنا بۆ هەمووان نەدەهات. ڕەنگە هێندە خراپ نەبێت کە وێناکراوە.

تەواوی دونیا تەنها لە دوو شت درووستکراوە، ووزە و بارستە. لە فیزیای سەرەتایدا فێردەبین کە نە بارستە و نە ووزە ( تاکە دوو ڕاستەقینە کە لەلایەن مرۆڤەوە ناسراون) ناتوانرێت دروست بکرێن یان لەناوببرێن. هەردووکیان دەکرێت بگۆڕدرێن، بەڵام ناتوانرێت هیچیان لەناو ببردرێت. ژیان ووزەیە، ئەگەر شتێك بێت. ئەگەر ووزە و بارستە هیچیان نەتوانرێت لەناوببرێن، بێگومان ناتوانرێت ژیان لەناوببردرێت. ژیان وەك چەشنەکانی تری ووزە، ڕەنگە بە چەند پرۆسەیەکی گۆڕانکاری جۆراوجۆردا بڕوات، بەڵام ناتوانرێت لەناوببردرێت. مەرگ گۆڕانکاریەکی بچووکە.

ئەگەر مەرگ گۆڕانکاریەکی بچووك نەبێت، ئەوسا هیچ شتێك لەدوای مەرگەوە نەدەهات جگە لە خەوێکی قووڵ و ئارامی هەمیشەیی، خەویش شتێك نییە لێی بترسیت. بەم جۆرە دەشێت بۆ هەمیشە ترس لە مەرگ بسڕیتەوە.

## نیشانەکانی ترس لە مەرگ

نیشانە گشتیەکانی ئەم ترسە ئەمانەن:

خووی بیرکردنەوە دەربارەی مردن لەبری بیرکردنەوە لە ژیان، بەزۆری بەهۆی نەبوونی ئامانجەوە، یان نەبوونی کارێکی گونجاو. ئەم ترسە بەربڵاوترە لە نێو بەتەمەنەکاندا، بەڵام هەندێك جار هەرە لاوەکانیش دەبنە قوربانی. مەزنترین دەرمان بۆ ترس لە مەرگ ئارەزوویەکی سووتێنەرە بۆ سەرکەوتن. پشت ئەستوور بە خزمەتگوزاری بەسوود بۆ ئەوانی تر. مرۆڤی سەرقاڵ بە دەگمەن کاتی هەیە بۆ بیرکردنەوە لە

مەرگ. ژیانی زۆر لا سەرنجڕاکێشترە لەوەی نیگەرانی مردن بێت. هەندێك جار ترس لە مەرگ پەیوەستە بە ترس لە هەژارییەوە، کە مەرگی کەسەکە دەبێتە هۆی هەژار کەوتنی کەسە ئازیزەکانی کەسەکە. لە حاڵەتەکانی تردا، ترس لە مەرگ بەهۆی نەخۆشی و کەمبوونەوەی بەردەوامی بەرگری جەستە دروست دەبێت. باوترین هۆکارەکانی ترس لە مەرگ ئەمانەن: تەندروستی خراپ، هەژاری، نەبوونی کارێکی شایستە، بێهیوابوون لە ئەوین، شێتێتی، دەمارگیری ئاینی.

## پیرە پیاوی نیگەرانی

نیگەرانی دۆخێکی هزرییە لەسەر بنەمای ترس. بە خاوی کار دەکات، بەڵام بە مکوڕی و پێداگرییەوە، ورد و ترسناکە. هەنگاو بە هەنگاو خۆی دەخزێنێتە ناوەوە هەتا ئەو کاتەی توانای ژیری کەسەکە لە پەلوپۆ دەخات، متمانەبەخۆبوون و توانای دەستپێکردن لەناودەبات. نیگەرانی جۆرە ترسێکی بەردەوامە کە بەهۆی نەبوونی توانای بڕیاردانەوە دروست دەبێ، هەر لەبەرئەوە دۆخێکی هزرییە کە دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. هزرێکی ناجێگیر هیچی لەگەڵدا ناکرێت. نەبوونی توانای بڕیاردان هزرێکی ناجێگیر دروست دەکات. زۆربەی تاکەکان هێزی ویستیان نییە بۆ بەباشی بڕیاردان، وە لە پشت وەستانیان هەر کاتێك بڕیاریاندا. تەنانەت لە ماوەی بارودۆخە ئاساییەکانی کاریشدا. لە کاتی ناجێگیری ئابووریدا (هاوشێوەی ئەوەی جیهان بەم دوایانە ئەزموونی کرد)، تاکەکان لە پەلوپۆ کەوتن، نەك بە تەنها بەهۆی ئەو سروشتە بۆماوەییەوە بۆ بەخاوی گەیشتنە بڕیار، بەڵکو کاری تێکرابوو بەهۆی نەبوونی توانای

بڕیاردانی ئەوانەی دەورویەری کە دۆخێکی " بێتوانایی لە بڕیاردانی بە کۆمەڵ" یان دروست کردبوو.

لە ماوەی گرانیە مەزنەکەدا، تەواوی کەشەکە لە دونیادا پڕ بوو لە "ترسەکان" و " نیگەرانیەکان،" میکرۆبەکانی دوو نەخۆشی مزری کە دەستیان بە بلاوبوونەوە کرد دوای هارەکردنی بازاڕی واڵ ستریت لە ساڵی ١٩٢٩دا. تەنها یەك دژە ژەهری زانراو هەیە بۆ ئەم میکرۆبانە" خووی بڕیاردانی تۆکمە و تەواوەتیە. سەرباری ئەوەش، ئەوە دژە ژەهرێکە کە هەموو تاکێك دەبێت بەسەر خۆیدا جێبەجێی بکات.

نیگەرانی بارودۆخەکان نابن، هەر هێندەی گەیشتنە بڕیارێك بۆ شووێنکەوتنی هێڵێکی ڕووی کار.

جارێکیان چاوپێکەوتنم لەگەڵ پیاوێکدا کرد کە دەبوو دوو کاژێر دواتر بە کورسی کارەبایی بکوژرایە. پیاوە حکومدراوەکە هێمنترینی ئەو نێوان ئەو هەشت کەسە بوون کە لە خانەی مەرگەکەدا لەگەڵیدابوون. هێمنیەکەی هانیدام لێی بپرسم هەستی چۆنە کە دەزانێت لە ماوەیەکی کورتدا دەچێتە هەتاهەتاییەوە. بە زەردەخەنەیەکی متمانەبەخۆبوونەوە لەسەر ڕووخساری، گوتی " هەست بە باشی دەکەم. تۆ بەس بیر بکەرەوە برام، بەمزوانە کێشەکانم لەکۆڵ دەبێتەوە. جگە لە کێشە و گرفت هیچی ترم نەبووە لە ژیاندا. ناڕەحەت بوو خواردەمەنی و جلوبەرگ بەدەستبهێنیت. بەمزووانە پێویستم بەو شتانە نابێت. لەو کاتەوەی کە بە دڵنیایەوە دەزانم کە پێویستە بمرم هەست بە باشی دەکەم. لەبەرئەوە بڕیارمدا کە بە گیانێکی وەرزشیەوە چارەنووسم پەسەند بکەم".

لەگـەڵ قسـەکردندا ژەمێکـی ئێـوارەی ماشـیەوە کـە بـۆ سـێ کـەس ئامادەکرابوو. هەموو ئەو خواردنەی خوارد کە بۆیان هێنـابوو، بـە جۆرێك چێژی لێ وەردەگرت وەك ئەوەی هیچ کارەساتێك چاوەڕێی نەکات.

بڕیاردان ڕازیبوون بە چارەنووسی بەم کەسە بەخشی! هەروەها بڕیاردان دەتوانێـت ڕێگـری لـە پەسـەندکردنی هەنـدێك دۆخـی ئارەزوونـەکراویش بکات. شەش ترسە بنەڕەتیەکە دەگۆڕدێن بـۆ دۆخـی نیگـەرانی، لـە ڕێـی بێتوانایی لە بڕیارداندا. بۆ هەتاهەتایە خۆت لە ترسـی مـەرگ ڕزگـار بکـە، بە گەیشتنە بڕیارێك بـۆ پەسـەندکردنی مـەرگ وەك ڕووداوێکـی لـێ دەباز نەبوو. ترس لە هەژاری بسڕەوە بـە گەیشـتنە بڕیارێـك بـۆ بـە هـەولکردن لەگەڵ هەر سامانێك کە دەتوانی کۆی بکەیتـەوە بـەبێ نیگـەرانی. قاچـت بخەرە سەر ملی ترس لە ڕەخنە بە گەیشتنە بڕیارێك بـۆ نیگـەران نـەبوون دەربارەی ئەوەی کـە خـەڵکی بـیری لێدەکەنـەوە، دەیکـەن یـان دەیڵێن. ترس لە پیری بنەبڕ بکە بە گەیشتنە بڕیارێك بۆ پەسەندکردنی، نـەك وەك کەم و کوڕیەك، بەڵکو وەك بەخششێکی گەورە کە لەگـەڵ خۆیـدا دانـایی، کـۆنترۆڵی خـوود و تێگەیشـتنێکی هـەڵگرتووە کـە گەنجـەکان هیچـی دەربارە نازانن.

ترس لە تەندروستی خراپ لـە خۆتـا مەمێڵـە بـە بڕیاردان بـۆ لـەبیرکردنی نیشـانەکان. ببـە سـەروەری تـرس لـە لەدەسـتدانی خۆشەویسـتی بـە گەیشتنە بڕیارێك بۆ ئەوەی بتوانیت بـە بـێ خۆشەویسـتیش هەڵبکـەیت، ئەگەر پێویست بکات.

خووی نیگەرانی بکوژە، بە هەموو جۆرەکانیەوە، بە گەشتنە بڕیارێکی گشتگیر کە هیچ شتێکی ئەم ژیانە شایەنی نیگەرانی نییە. لەگەڵ ئەم بڕیارەدا شکۆ، ئارامی هۆش و هێمنی بیر دێت کە بەختەوەری دەهێنن.

کەسێك کە هزری پڕە لە ترس تەنها هەلەکانی خۆی بۆ کارێکی زیرەکانە لەناونابات، بەڵکو ئەم لەرەلەرە وێرانکارانە بۆ هزری ئەوانە دەگوازێتەوە کە بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵی، دەرفەتەکانی ئەوانیش لەناودەبات.

تەنانەت سەگ یان ئەسپیش دەزانێت کەی خاوەنەکی بوێری نییە سەرباری ئەوەش، سەگ یان ئەسپ ئەو لەرەلەری ترسانە هەڵدەگرێتەوە کە لە لایەن خاوەنەکەیەوە بڵاودەکرێنەوە، وە لەسەر ئەو بنەمایە رەفتار دەکات. لە ئێلەکانی خوارتری زیرەکی لە شانشینی گیاندراندا، هەمان توانای هەڵگرتنەوەی لەرەلەری ترس دەبینێتەوە. هەنگ یەکسەر هەست بە ترس دەکات لە هزری کەسەکەدا ـ بە هۆکارێکی نەزانراو، هەنگ بەو کەسەوە دەدات کە هزری لەرەلەری ترس دەردەکات، زۆر ئامادەتر و خێراتر بەراورد بەو کەسەی کە هزری هیچ ترسێکی تێدا نییە.

لەرەلەرەکانی ترسی لە هزری کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە بە ئەندازەی دەنگی مرۆڤ لە وێستگەی بەخشەوە بۆ ڕادیۆی ماڵان خێرا و دڵنیابە ڕێی ئارەندێکی خورد ـ دروستاکەردا

هاوبیری هزری ( تێلەپاتی) ڕاستەقینەیە. بیرەکان لە هزرێکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ هزرێکی تر، خۆڕسکانە، جا ئەگەر ئەم ڕاستییە لە لایەن ئەو کەسەوە کە بیرەکان دەنێرێت، یان ئەو کەسانەی کە بیرەکان وەردەگرن زانراوبێت یان نا.

ئەو کەسەی کە گوزارشت دەکات، بە وشە یان بە دەم، بۆ بیرگەلی نەرێنی یان وێرانکەر لە ڕووی کردارییەوە با دڵنیابێت کە ئەزموونی دەرئەنجامی ئەو وشانە دەکات لە شێوەی " گەڕانەوە" یەکی وێرانکەردا.
بەڕەلاکردنی ترپە بیری وێرانکەر، بە تەنها، بەبێ هاوکاری وشەش، هەمان ئەنجامی دەبێت بە چەندین شێوە. لە سەرووی هەموویانەوە، وە ڕەنگە گرنگترینیان هەت بیر بمێنێت، ئەو کەسەی کە بیرگەلی سروشت وێرانکەر بەڕەلا دەکات، پێویستە بناڵێنێت بە دەست ئەو زیانانەوە کە لە دارمانی توانای ئەندێشەکردنەوە پێی دەگات.
دووەم، بوونی هەر سۆزێکی وێرانکەر لە هزردا کەسایەتیەکی نەرێنی گەشە پێدەدات کە پەلامری خەڵکی دەدات، وە زۆرجار دەیانگۆڕێت بۆ شەڕەنگێز. سێیەم سەرچاوەی زیان بۆ ئەو کەسەی کە چێژ لە بیرگەلی نەرێنی دەبینێت یاخود بەڕەلایان دەکات، لەو ڕاستییە گرنگەدایە کە ئەم ترپە بیرانە تەنها زیان بە کەسانی تر ناگەیەنێت، بەڵکو لە هۆشی نائاگای ئەو کەسەشدا خۆیان مەڵاس دەدەن کە بەڕەلایان دەکات، لەوێدا دەبنە بەشێك لە کەسایەتی.
یەکێك هەرگیز بیرێکی بە هزردا نایەت، تەنها بە ئازادکردنی. کاتێک بیرێک ئازاد دەکرێت، بەهەموو ئاڕاستییەکدا بڵاودەبێتەوە، لەڕێی ناوەندی ئەسیرەوە. بەڵام هەروەها بۆ هەمیشە خۆی لە هۆشی نائاگایی ئەو کەسەدا کە بیرەکەی ئازاد کردووە دەچێنێت.
کارەکەت لە ژیاندا، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن. بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، پێویستە ئارامی هزر بدۆزیتەوە، بەدەستهێنانی ئەو شمەکانەی بۆ ژیان پێویستن، وە لە سەرووی هەموو شتیکەوە، بەختەوەری

بەدەستبهێنێت. هەموو ئەم بەڵگانەی سەرکەوتن لە شێوەی ترپە بیردا دەست پێدەکات.

ڕەنگە کۆنترۆڵی مزری خۆت بکەیت، لە تواناتدایە خۆراکی ئەو ترپە بیرە بدەیت کە هەوڵی دەبژێریت. لەگەڵ ئەمەشدا بەرپرسیارێتی بەکارهێنانی بە شێوەی بنیاتنەرانەشی لەگەڵدایە. تۆ سەروەری چارەنووسی زەمینی خۆتی بە هەمان شێوەی کە توانات هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرەکانت. دەکرێت کاریگەری بخەیتە سەر ژینگەکەی خۆت و ئاراستەی بکەیت و دواجار کۆنترۆڵی بکەیت. ژیانت بەو جۆرە لێدەکەیت کە دەتەوێت ـ یان ڕەنگە ڕاهێنان کردن بەو مافە فەرامۆش بکەیت کە هی خۆتە، بۆ ڕێکخستنی ژیانت. بەو جۆرە خۆت دەخەیتە دەریای فراوانی " بارودۆخەکان" ەوە. کە بەملاو و ئەو لادا فڕێت دەدات، وەك تەنێکی بچووك لەسەر شەپۆلی زەریا.

شوێنکاری شەیتان : حەوتەمین ترسی بنەڕەتی

سەرباری شەش ترسە بنەڕەتیەکە، شەڕەنگێزیەکی تر هەیە کە خەڵکی پێیەوە دەتلێنەوە. دەبێتە بشێك لە زەویەکی بەپیت کە تۆوی شکست بێشومار تێیدا گەشە دەکات. هێندە وردکار کە زۆر هەست بە بوونی ناکرێت. ئەم دەردە ناتوانرێت بە تەواوەتی وەك ترسێك پۆلێن بکرێت. زۆر قوڵتر جێگیر دەبێت و زۆر کوشندەترە بەراورد بە شەش ترسەکە. بۆ ئەوەی ناوێکی باشتری لێ بنێین، با ئەم شەڕەنگێزیە ناوبنێین مەیل بۆ کاریگەری نەرێنی.

ئەو کەسانەی کە سامانی مەزن کۆدەکەنەوە هەمیشە خۆیان لەم شەڕەنگێزە دەپارێزن! کەسە هەژارەکان هەرگیز وا ناکەن! ئەوانەی کە

دەیانەوێت لە هەر بوارێکدا سەرکەتووبن پێویستە مزریان ئامادە بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم شەڕەنگێزە. ئەگەر ئەم فەلسەفەیە دەخوێنیتەوە بە ئامانجی کۆکردنەوەی سامان، پێویستە زۆر بە وریایەوە خۆت بپشکنیت، بۆ زانینی ئەوەی ئایا مەیلت هەیە بۆ کاریگەری نەرێنی. ئەگەر ئەم خوود شیکاریە فەرامۆش بکەیت، خۆت بێبەش دەکەیت لە بەدەستهێنانی ئەو شتانەی ئارەزوویان دەکەیت.

گەڕانێکی شیکاری ئەنجام بدە. دوای ئەوەی ئەو پرسیارانەت خوێندەوە کە ئامادەکراون بۆ ئەم خوود شیکاریە، بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە وەلامبدەرەوە. کارەکە هێندە بە وریایەوە بکە وەك ئەوەی بۆ هەر دوژمنێکی تر دەگەڕێیت کە دەزانی لە بۆسەدا چاوەڕێتە، وە بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ هەڵەکانتدا بکە وەك ئەوەی لەگەڵ دوژمنێکی بەرجەستەتردا دەیکەیت. دەتوانی بە ئاسانی خۆت لە دزەکانی سەر شەقامەکان بپارێزیت، چونکە یاسا لە بەرژەوەندی تۆ ڕێکاری داناوە، بەلام " شەڕەنگێزی بنەڕەتی حەوتەم" قورستر دەستی بەسەردا دەگیرێت، چونکە کاتێك هێرش دەکات کە تۆ ئاگاداری بوونی نیت، کاتێك خەوتوویت، وە لە کاتێکدا کە بەخەبەریت. سەرباری ئەوەش، چەکەکانی نابەرجەستەن، چونکە بە تەنها پێکدێن لە دۆخی مزری. ئەم شەڕەنگێزیە ترسناکیشە چونکە بە شێوەگەلێك بە ئەندازەی ئەزموونی مرۆڤەکان هێرش دەکات. هەندێك جار لە ڕێی وشەگەلی مەبەست باشی یەکێك لە خزمەکانتەوە دێتە مزرەوە، لە کاتەکانی تردا، لە ناوەوە لەدایکدەبێت، لەڕێی بیرۆکە مزرییەکانی کەسەکەوە. هەمیشە هێندەی ژەهرێك کوشندەیە، هەرچەندە ڕەنگە هێندە بە خێرایی کەسەکە نەکوژێت.

## چۆن خۆت لە کاریگەریە نەرێنییەکان دەپارێزیت

بۆ خۆ پاراستن لە کاریگەریە نەرێنیەکان، جا دروستکراوی خۆت بێت، یان دەرئەنجامی چالاکیەکانی کەسە نەرێنیەکانی دەوروبەرت بێت. درک بەوە بکە کە هێزی ویستت هەیە، وە بە بەردەوامی بەکاریبهێنە، هەتا ئەو کاتەی دیوارێکی بەرەنگاری لە دژی کاریگەریە نەرێنیەکانی نێو هزرت بنیات دەنێت.

درک بەو ڕاستییە بکە کە تۆ و هەموو کەسێکی تر بە سروشت تەمبەڵ، بێباکن و مەیلی کەوتنە ژێر کاریگەری هەموو ئەو پێشنیارانەیان هەیە کە لەگەڵ لاوازیەکانتدا تەبات دەکات.

درک بەوە بکە کە تۆ بە سروشتی ئەگەری کارتێکرانت هەیە بە هەر شەش ترسە بنەڕەتیەکە، هەروەها دەتوانیت خووگەلێک دامەزرێنیت بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی هەموو ترسەکان.

درک بەوە بکە کە کاریگەری نەرێنی زۆرجار لە ڕێگەی هۆشی نائاگاتەوە کار دەکات. کەواتە دیاریکردنیان سەختە، وە هزرت دابخە لە بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی بێتاقەت و ساردت دەکەنەوە بە هەر شێوەیەك بێت.

سندوقی پێداویستیە پزیشکیەکانت پاکبکەرەوە، هەموو شووشەی حەبەکان فڕێبدە و چیتر ڕێگا بە سەرما، ئازار و نەخۆشی ئەندێشەی مەدە.

بە مەبەستەوە بەدوای ئاشنایەتی ئەو کەسانەدا بگەڕێ کە کاریگەریان هەیە لەسەرت بۆ بیرکردنەوە و کارکردن بۆ خۆت.

چارەڕێی کێشەکان مەکە چونکە خۆیان مەیلی بێهیوا نەکردنیان هەیە.

هیچ گومانی تێدا نییە، باوترین لاوازی هەموو مرۆڤەکان خووی بە کراوەی هێشتنەوەی مزریانە بۆ کاریگەری نەرێنی کەسانی تر. ئەم لاوازیە زۆر وێرانکەرە، چونکە زۆربەی خەڵکی درك بەوە ناکەن کە بەر نەفرەتەکەی کەوتوون، وە زۆربەی ئەوانەی کە درکی پێدەکەن، ڕاستکردنەوەی ئەو شوڕەنگێزیە ڕەتدەکەنەوە یان فەرامۆشی دەکەن هەتا ئەو کاتەی کە دەبێتە بەشێکی کۆنترۆڵنەکراوی خووەکانی ڕۆژانەیان.

بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی ئارەزوو دەکەن خۆیان چۆنن ئاوا خۆیان ببینن، ئەم لیستی پرسیارانەی خوارەوە ئامادەکراوە. پرسیارەکان بخوێنەوە و بە دەنگەوە وەڵامیان بدەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانیت گوێت لە دەنگی خۆت بێت. ئەمە ئاسانتری دەکات ڕاستگۆ بیت لەگەڵ خۆت.

پرسیارەکانی تاقیکاری خوود- شیکاری

ئایا زۆرجار سکاڵای " هەست بە خراپی دەکەم" دەکەیت؟ ئەگەر وایە، هۆکارەکەی چییە؟

ئایا هەڵە لە کەسانی تردا دەبینیت لە بچووکترین کاردانەوەدا؟

ئایا زوو زوو لە کارەکەتدا هەڵە دەکەیت؟ ئەگەر وایە. هۆکارەکەی چییە؟

ئایا پلاردەر و قسە ڕەقی لە گفتوگۆکانتدا؟

ئایا بەمەبەست خۆت لە پێکەوەبوون لەگەڵ ئەوانی تر لادەدەیت، ئەگەر وایە بۆچی؟

ئایا زوو زوو دەناڵێنی بەدەست بەدهەرسیەوە، ئەگەر وایە هۆکارەکەی چییە؟

ئایا ژیان پوچ و داهاتوو بێ ئومێدکەرە لەلات؟ ئەگەر وایە بۆ؟

ئایا حەزت لە کارەکەتە؟ ئەگەر نا، بۆچی؟

ئایا زۆر جار هەست بە بەزەیی بەخۆداهاتنەوە دەکەیت، ئەگەر وایە، بۆ؟

ئایا ئیرەیی بەوانە دەبەیت کە لە تۆ باشترن؟

زۆربەی کاتت بۆ کامیان تەرخان کردووە، بیرکردنەوە لە سەرکەوتن، یان شکست؟

ئایا لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنتدا، متمانە بەخۆبوونت زیاد دەبێت یان کەم دەکات؟

ئایا هیچ شتێکی بەنرخ فێردەبیت لە هەموو هەڵەکانەوە؟

ئایا ڕێگە بەوە دەدەیت کە هەندێك خزم یان ناسیاو نیگەرانت بکەن؟ ئەگەر وایە بۆچی؟

ئایا هەندێك جار لە کەشکەلانی ئاسمانی لە خۆشیدا و کاتەکانی تریش لە قوڵایی بێهیوایدا؟

کێ زۆرترین کاریگەری ئیلهام بەخشی هەیە لەسەرت؟ هۆکارەکەی چییە؟

ئایا ڕێگە بە کاریگەری نەرێنی یان وروپوخێن دەدەیت لە کاتێکدا دەتوانی خۆتی لێ لادەیت؟

ئایا کەمتەرخەمی دەربارەی ڕووکاری دەرەوەی کەسایەتیت؟ ئەگەر وایە کەی و بۆچی؟

ئایا فێری ئەوە بوویت کە " گرفتەکانت بخنکێنیت" بە جۆرێك هێندە سەرقاڵ بیت کە نەتوانن بێزارت بکەن؟

ئایا بە خۆت دەڵێیت " لاوازێکی بێ ئامانج" ئەگەر ڕێگا بە ئەوانی تر بدەیت لە بری تۆ بیربکەنەوە؟

ئایا شۆرینی ناوەکی فەرامۆش دەکەیت هەتا ئەو کاتەی خوود هەستی مکیزت خراپ دەکات و بێزارت دەکات؟

چەند بێزارکردنــی خــۆ لێ لادراو بێــزارت دەکــەن، وە بۆچــی ڕێگــەیان پێدەدەیت؟

ئایا پــەنا بــۆ کحــول، دەرمــانی هێورکــەرەوە، یــان جگــەرە دەبــەیت بــۆ "هێورکردنەوەی دەمارەکانت"؟ ئەگەر وایە، بۆچی لەبری ئەوە هێزی ویست تاقی ناکەیتەوە؟

ئایا کەس بۆڵەبۆڵت بەسەردا دەکات، ئەگەر وایە، لەبەر چی هۆکارێك؟

ئایا ئامــانجێکی ڕوونــی ســەرەکیت هەیــە، ئەگــەر هەتــە، چییە، وە چی پلانێکت هەیە بۆ بەدیهێنانی؟

ئایا بــە دەســت هــیچ یــەکێك لــە شــەش ترســە بنەڕەتیەکــەوە دەناڵێنیــت؟ ئەگەر وایە، کامیانە؟

ئایا میتۆدێکت هەیە کە بەهۆیەوە بتوانی خۆتی پێ بپارێزیت لــە بەرامبــەر کاریگەری نەرێنی خەڵکی؟

ئایا بــە مەبەستــەوە خــوود پێشــنیاری بــەکاردەهێنیت بــۆ ئــەرێنیکردنی هزرت؟

کامیان بەنرخترینە لات، موڵکە کەسیەکانت، یان شایستەی کۆنترۆڵکردنی بیرەکانی خۆت؟

ئایا بە ئاسانی کارت تێدەکرێت ، دژی بیرکردنەوەی خۆت؟

ئایا ئەمڕۆ هــیچ شــتێکی بــەنرخی زیــاد کــرد بــۆ بــانکی زانیاریــەکانت یــان دۆخی هزریت؟

ئایــا ڕاســتەوخۆ ڕووبــەڕووی ئــەو بارودۆخانــە دەبیتــەوە کــە غــەمگینت دەکەن، یان خۆت لە بەرپرسیارێتی دەدزیتەوە؟

ئایا شیکاری بۆ هەموو هەڵە و شکستەکان دەکەیت و هەوڵدەدەیت سوودیان لێ وەرگریت، یان وا بیردەکەیتەوە کە ئەوە ئەرکی تۆ نییە؟

دەتوانی ناوی سێ لاوازی وێرانکەرت بێنیت؟

چی دەکەیت بۆ ڕاستکردنەوەیان؟

ئایا هانی خەڵکانی تر دەدەیت هەتا نیگەرانییەکانیان بۆت باس بکەن و دڵیان بدەیتەوە؟

ئایا لە ئەزموونەکانی ڕۆژانەتدا، ئەو وانە و کاریگەریانە هەڵدەبژێریت کە یارمەتیت دەدەن لە پێشکەوتنی کەسایەتیتدا؟

ئایا ئامادەبوونت کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە لەسەر کەسانی تر وەک یاسایەک؟

چی خوویەکی کەسانی تر زۆر بێزارت دەکات؟

ئایا خۆت بیر و بۆچوونەکانت ساز دەکەیت یان ڕێگە بە خۆت دەدەیت بۆچونی ئەوانی تر کارت تێبکات؟

ئایا فێری ئەوە بوویت کە دۆخێکی هزری دروست بکەیت کە بەهۆیەوە خۆت لە هەموو کارتێکردنە ساردکەرەوەکان بپارێزیت؟

ئایا پیشەکەت ئیلهامی باوەڕ و هیوات پێدەدات؟

ئایا هۆشیاری دەربارەی خاوەندارێتی هێزگەلی ڕۆحی بەهێز هەتا هزرت بە ئازادی بهێڵیتەوە لە هەموو شێوەکانی ترس؟

ئایا ئاینەکەت یارمەتیت دەدات هزرت بە ئەرێنی بهێڵیتەوە؟

ئایا هەست دەکەیت کە ئەوە ئەرکی تۆیە هاوبەشی نیگەرانی و خەمەکانی کەسانی تر بیت؟ ئەگەر وایە، بۆچی؟

ئەگەر بڕوات بەوەیە " باڵندەی هاوپەڕ لەگەڵ یەك دەفڕن" چی دەربارەی خۆت فێربووی بە لێکۆڵینەوە لەو هاوڕێیانەی سەرنجیان ڕاکێشاویت؟

چی پەیوەندیەك، ئەگەر هەبێت، دەبینی لە نێوان ئەو کەسانەی کە زۆر لێتەوە نزیکن و هەر خەمباریەك کە دەشێت ئەزموونی بکەیت؟

ئایا ڕێی تێدەچێت کە هەندێك لەو کەسانەی پێتوایە دۆستتن، لە ڕاستیدا، سەرسەختترین دوژمنت بێت، بەهۆی کاریگەریە نەرێنیەکەیەوە لەسەر هزرت؟

بە چی یاسایەك بڕیار دەدەیت کە کەسێك یارمەتیدەرتە و کەسێکیش زیانبەخشە؟

ئایا کەسە نزیکەکانت لە ڕووی هزرییەوە لە تۆ سەرترن یان نزمتر؟

چەندێکات لە ماوەی ٢٤ کشژێردا تەرخان دەکەیت بۆ:

ب. پیشەکەت

ج. خەو

د. یاری و پشوو

ح. دەستخستنی زانیاری بەسوود

خ. تێپەڕاندنی کات

کێ لە ناو ناسیاوەکانتدا،

ب. هانت دەدات

ج. ئاگادارت دەکاتەوە

ح. ساردت دەکاتەوە

خ. زۆر یارمەتیت دەدات بە شێوازی دیکە.

گەورەترین خەم و نیگەرانیت چییە؟ بۆچی ڕێگەی پێدەدەیت؟
کاتێك ئەوانی تر ئامۆژگاری خۆڕایی و داوانەکراوت پێشکەش دەکەن، ئایا بە بێ هیچ گومانێك پەسەندی دەکەیت، یان لە نیاز و پاڵنەرەکەیان دەکۆڵیتەوە؟
چی شتێك لە هەموو شتێك زیاتر، ئارەزووی دەکەیت؟ ئایا مەبەستە بەدەستی بهێنیت؟
ئایا ئامادەیت هەموو ئارەزووەکانی تر بۆ ئەم ئارەزووە بخەیتە لاوە؟
ڕۆژانە چەندێك کاتت تەرخان کردووە بۆ بەدەستهێنانی؟
ئایا زوو زوو بیرت دەگۆڕیت؟ ئەگەر وایە، بۆچی؟
ئایا بە گشتی هەموو ئەو شتانە بە کۆتا دەهێنیت کە دەستیان پێدەکەیت؟
ئایا بە ئاسانی سەرسام دەبیت بە ناونیشانی پیشەی یان بازرگانی، بڕوانامەی زانکۆ یان سورووەت و سامانی کەسانی تر؟
ئایا بە ئاسانی کارت تێدەکرێت بەوەی کە خەڵکی چۆن بیرت لێدەکەنەوە یان چی دەربارەت دەڵێن؟
ئایا پێویستیەکانی کەسانێك جێبەجێ دەکەیت بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و داراییانەوە؟
باوەڕت وایە مەزنترین کەسی زیندوو کێیە؟
لە چی بوارێکدا ئەو کەسە لە تۆ سەرترە؟
چەندێك کاتت تەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە؟
( بەلایەنی کەمەوە ڕۆژێك پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوەی تەواوی لیستەکە.)

ئەگەر ڕاستگۆیانە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەت دایەوە، لە زۆرینەی خەڵکی زیاتر دەربارەی خۆت دەزانیت. بە وریایەوە لە پرسیارەکان بکۆڵەوە، هەموو هەفتەیك یان چەند مانگ جارێك بەسەریان بکەرەوە، وە سەرسامبە بە ڕێژەی ئەو زانیاریە زیادە بەنرخەی کە بە هۆی میتۆدی سادەی وەڵامدانەوەی ڕاستگۆیانەی پرسیارەکانەوە وەریدەگریت. ئەگەر دڵنیا نیت لە وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکان، ڕاوێژ بەوانە بکە کە بە باشی دەتناسن، بە تایبەتی ئەوانەی کە هیچ پاڵنەرێکیان نییە بۆ ئەوەی مەرایت بۆ بکەن، وە خۆت لە ڕێی چاوی ئەوانەوە ببینە. ئەزموونەکە سەرسامکەر دەبێت.

تۆ تەنها کۆنترۆڵی تەواوەتیت بەسەر یەك شتدا هەیە، ئەو شتەش بیرەکانتە. ئەمە دیارترین و ئیلهامبەخشترینی ئەو ڕستیانەیە کە مرۆڤایەتی دەیزانێت! ڕەنگدانەوەی سروشتی ئیلاهیانەی مرۆڤە. ئەم مافە ئیلاهیە تاکە ئامرزە کە بەهۆیەوە بتوانیت چارەنووست دیاریبکەیت. ئەگەر لە کۆنترۆڵکردنی هزری خۆتدا شکست بهێنیت، دەکرێت دڵنیا بیت کە ناتوانیت کۆنترۆڵی هیچ شتێکی تر بکەیت.

ئەگەر پێویستە کەمتەرخەم بیت لەگەڵ موڵکەکانت، با پەیوەندیدار بێت بە شتە دونیایەکانتەوە. هزرت موڵکی ڕۆحیتە! بیپارێزە و بە وریایەوە بەکاری بهێنە بۆ ئەو دڵسۆزیە ئیلاهیەی بۆی نووسراوە.

توانای ویستت پێدراوە بۆ ئەم مەبەستە.

بەداخەوە هیچ پارێزگاریەکی یاسایی نییە دژی ئەوانەی بە پلان یان نەزانی، بە پێشنیاری نەرێنی هزری ئەوانی تر ژەهراوی دەکەن. ئەم شێوازی وێرانکاریە دەبێت بە سزایەکی یاسایی قورس سزا بدرێت، چونکە

دەکرێت وە زۆربەی جاریش هەڵەکانی کەسەکە لەناو دەبات بۆ بەدەستهێنانی شتگەلێك کە بە یاسا جێگیرکراوە. مرۆڤانی هزر نەرێنی هەوڵیاندا تۆماس ئەدیسۆن قایل بکەن کە ناتوانێت ئامێرێك دروست بکات کە دەنگی مرۆڤ تۆمار بکات و بەرهەمی بهێنێتەوە، دەیانگوت، "لەبەرئەوەی پێشتر هیچ کەسێك ئامێرێکی لەو چەشنەی دروست نەکردووە." ئەدیسۆن باوەڕی پێنەکردن. دەیزانی کە هزر دەتوانێت هەر شتێك دروست بکات کە هزر بتوانێت وێنای بکات و باوەڕی پێی هەبێت، ئەو مەعریفەیەش ئەدیسۆنی لە تەواوی گایەل جیاکردەوە.

مرۆڤانی هزر نەرێنی بە ف.و. وڵۆرسیان گوت مایەپووچ دەبێت ئەگەر فرۆشگایەك بکاتەوە و شمەك بە پێنج سەنت و دە سەنت بفرۆشێت. باوەڕی پێنەکردن. دەیزانی کە دەتوانێت لە چوارچێوەی ژێریدا هەموو شتێك بکات، ئەگەر پستی پلانەکانی بگرێت بە باوەڕ. بە دروستی ڕاهێنان بکات بۆ خستنەدەرەوەی پێشنیارە نەرێنیەکانی کەسانی تر لە هزری. سەروەت و سامانێکی زیاتر لەسەت ملیۆن دۆلاری پێکەوەنا.

مرۆڤانی هزر نەرێنی بە جۆرج واشنگتۆنیان گوت ناکرێت هیوای سەرکەوتن بەسەر هێزی مەزنتری بەریتانیادا بخوازێت، بەڵام ئەو ڕاهێنانی بە مافە ئیلاهیەکەی کردبوو کە باوەڕ بکات، هەربۆیە ئەم کتێبە لەژێر پارێزگاری ئەستێرە و هێڵەکاندا[1] بڵاوکرایەوە، لە کاتێکدا کە ناوی لۆرد کۆرنوالیس لەبیرکرا.

---

[1] مەبەست لە ئاڵای ئەمریکایە کە لە ئەستێرە و هێڵ پێکهاتووە.

تۆماسیەکی[1] گومانگەرا بە لاقرتێوە گاڵتەی بە هێنری فرد کرد کاتێک کە سەرەتا هەوڵیدا لەسەر شەقامەکانی دیترۆیت ئۆتۆمۆبێل دروست بکات. هەندێك دەیانگەت شتەکە هەرگیز کرداری نابێت. ئەوانی تر دەیانگوت کەس پارە نادات بە ئامێرێکی سەمەرەی لەو چەشنە.

فۆرد دەیگوت، " زەوی پڕ دەکەم لەئۆتۆمۆبێلی بزوێنەردار،" وە کردیشی!

بڕیارەکەی بۆ متمانە کردن بە بۆچونی خۆی سامانێکی بۆ هێنا زۆر مەزنتر لەوەی کە پێنج نەوەی دوالی خۆی بتوانن خەرجی بکەن. بۆ قازانجی ئەوانەی کە بەدوای سامانی گەورەوەن، با بیریان بخەینەوە کە لە ڕووی کرداریەوە تاکە جیاوازی نێوان هێنری فۆرد و زۆرینەی ئەو سەتان هەزار کەسەی کە کاریان بۆ دەکرد، ئەوەیە کە فۆرد هزرێکی هەبوو کە کۆنترۆڵی کردبوو، ئەوانی تر هزرێکیان هەبوو کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان نەدەدا.

ناوی هێنری فۆرد بە بەردەوامی لەم کتێبەدا دووبارە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی نموونەیەکی سەرسامکەرە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بە هزری خۆی و ویستی کۆنترۆڵکردنی دەتوانێت چی بکات. تۆمارەکەی بناغەی بیانوی ئەو سەردەمە ماندووەی ئەوسای هەڵتەکاند، " هەرگیز دەرفەتم بۆ نەڕەخسا." فۆردیش هەرگیز دەرفەتی بۆ نەڕەخسا، بەڵکو دەرفەتێکی دروست کرد و بە مکوڕییەوە لە پشتی وەستا هەتا ئەو کاتەی لە قارون دەوڵەمەندتر بوو.

---

[1] مەبەست لە شوێنکەوتووانی قەشە تۆماس ئەکویناسە

کۆنتڕۆڵی هزر دەرئەنجامی دیسپلینی خوود و خووە. یان تۆ هزرت کۆنتڕۆڵ دەکەیت یان ئەو کۆنتڕۆڵت دەکات. هیچ نێوەندگیریەک بوونی نییە. کرداریترینی ناو میتۆدەکان بۆ کۆنتڕۆلکردنی هزر خووی سەرقالکردنیەتی بە ئامانجێکی، پشت ئەستوور بە پلانێکی ڕوون. لە تۆماری ژیانی هەرکەسێك بکۆڵیتەوە کە سەرکەوتنێکی نایشەستەی بەدەستهێناوە، تێبینی ئەوە دەکەیت کە کۆنتڕۆڵی هەیە بەسەر هزری خۆیدا، سەرباری ئەوەش، ڕاهێنانی بەو کۆنتڕۆڵکردنە کردووە و ئاڕاستەی کردووە بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجگەلی ڕوون. بەبێ ئەم کۆنتڕۆلکردنە، سەرکەوتن مەحاڵە.

" پەنجا و حەوت " بیانووی بەناوبانگ لە نووسینی پیرە پیاو "ئەگەر"

ئەو کەسانەی کە سەرکەوتوو نەبوون یەك تایبەتمەندی جیاکەرەوەی هاوبەشیان هەیە. هەموو هۆکارەکانی شکست دەزانن، وە ئەوەی باوەڕیان پێیتی دەیکەنە بیانوویەکی توند بۆ داپۆشینی نەبوونی دەسکەوت و سەرکەوتنیان.

هەندێك لەو بیانووانە زیرەکانەن، وە کەمێکیشیان بە ڕاستی پاسادان کراون. بەڵام بیانوو ناتوانرێت بۆ پارە بەکاربهێنرێت. دونیا دەیەوێت تەنها یەك شت بزانێت — ئایا سەرکەوتنت بەدەستهێناوە؟

شیکەرەوەیەکی کەسایەتی لیستێکی بیانووە زۆر باوەکانی ئامادەکردووە، کە لیستەکە دەخوێنیتەوە، بە وریایەوە خۆت بپشکنە، وە بزانە چەندێك لەو بیانووانە، لە تۆدا هەیە، ئەگەر هەبێت.

ئەوەشت لەبیربێت، ئەو فەلسەفەیەی لەم کتێبەدا خراوەتەڕوو هەموو ئەو بیانووانە بنەبڕ دەکات.

ئەگەر هاوسەر و خێزانم نەبووایە...

ئەگەر "پشتێکم" دەبوو...

ئەگەر پارەم دەبوو...

ئەگەر بڕوانامەیەکی بەرزم هەبووایە...

ئەگەر بمتوانیایە کارێك بەدەستبهێنم...

ئەگەر تەندروستیەکی باشم هەبووایە...

تەنها ئەگەر کاتم هەبووایە...

ئەگەر کاتەکەی باشتر دەبوو...

ئەگەر خەڵکانی تر لێم تێدەگەیشتن...

ئەگەر بارودۆخی دەوروبەرم جیاوازتر بووایە...

ئەگەر بمتوانیایە جارێکی تر ژیانم دەستپێبکەمەوە...

ئەگەر لەوە نەترسامایە کە ئەوانی تر دەیڵێن...

ئەگەر دەرفەتێکم پێدەدرا...

ئەگەر ئێستا دەرفەتێکم بۆ دەڕەخسا...

ئەگەر خەڵکانی تر "کێبڕکێیان لەگەڵدا نەدەکردم..."

تەنها ئەگەر گەنجتر دەبووم...

ئەگەر بمتوانیایە ئەوە بکەم کە دەمەوێت...

ئەگەر بە دەوڵەمەندی لەدایکبومایە...

ئەگەر بمتوانیایە " خەڵکانی شیاو" ببینم...

ئەگەر ئەو بەهرەیەم هەبووایەکە هەندێك کەس هەیانە...

ئەگەر بمتوانیایە باوەڕ بەخۆم بهێنم...

تەنها ئەگەر بمتوانیایە هەلەکانی ڕابردووم بقۆزتایەوە...

ئەگەر خەڵکی مگێزیان تێك نەدامایە...

ئەگەر پێویست نەبووایە ماڵم هەبووایە و ئاگام لە منداڵەکانم بێت...

ئەگەر بمتوانیایە هەندێك پارە پاشەکەوت بکەم...

ئەگەر سەرۆك پێزانینی هەبووایە بۆم...

ئەگەر تەنها کەسێکم هەبووایە کە یارمەتی بدامایە...

ئەگەر بنەماڵەکەم لێم تێبگەیشتنایە...

ئەگەر لە شارێکی گەورە بژیامایە.

ئەگەر تەنها بمتوانیایە دەست پێبکەم...

تەنها ئەگەر کاتی زیادەم هەبووایە...

ئەگەر کەسایەتی هەندێك کەسم هەبووایە...

ئەگەر ئەوەندە قەڵەو نەبوومایە...

ئەگەر بەهرەکانم بزانرایە...

ئەگەر چارەنووس تەنها دەرووپەکی خێری لێ بکردمایەوە...

ئەگەر تەنها بمتوانیایە لە ژێر باری قەرز بێمە دەر...

ئەگەر شکستم نەهێنایە...

ئەگەر تەنها بمزانیایە چۆن...

ئەگەر هەمو وکەسێك دژم نەدەوەستا...

ئەگەر ئەوەندە خەم و نیگەرانیم نەبووایە...

ئەگەر بمتوانیایە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی گونجاودا بکەم...

ئەگەر خەڵکی ئەوەندە گەمژە نەبوونایە...

ئەگەر خێزانەکەم ئەوەندە دەستبڵاو نەبوونایە...

ئەگەر لە خۆم دڵنیابوومایە...

ئەگەر بەخت دژم نەدەبوو...

ئەگەر لەژێر ئەستێرەیەکی هەڵەدا لەدایك نەدەبووم...

ئەگەر ئەوە ڕاست نەدەبوو کە " هەر شتێك کە دەبێت ببێت دەبێت ببێت...".

ئەگەر پێویست نەدەبوو هێندە بە سەختی کار بکەم...

ئەگەر پارەکەمم لەدەستنەدایە...

ئەگەر لە گەڕەکێکی جیاوازتردا بژیامایە...

ئەگەر " ڕابردوو"م نەبووایە...

تەنها ئەگەر بازرگانی تایبەت بە خۆمم هەبووایە...

تەنها ئەگەر خەڵکانی تر گوێیان لێ دەگرتم...

ئەگەر ـ ئەمەیان لە هەموویان گەورەترە_ بوێری ئەوەم هەبووایە خۆم چۆنم ئاوا خۆم ببینیایە، ئاوا دەمزانی کە چی هەڵەیە لە مندا و ڕاستم دەکردەوە. دواتر هەلێکم دەبوو سوود لە هەڵەکانم وەرگرم و لە ئەزموونی کەسانی ترەوە شتێك فێربم، چونکە دەزانم شتێك هەڵەیە لە مندا، دەنا ئێستا لەو جێگەیە دەبووم کە دەبووایە لێی بم ئەگە رکاتێکی زیاترم بۆ لێکۆڵینەوە لە خاڵە لاوازەکانم تەرخان بکردایە، وە کەمتر خەریکی پاساو هێنانەوە بومایە بۆ داپۆشینیان.

پاساو هێنانەوە بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری شکست بابەتێکی ڕابردووە. ئەو خووە هێندەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی کۆنە، وە بکوژی سەرکەوتنە! بۆچی خەڵکی بە پاساوەکانیانەوە لکاون؟ وەڵامەکەی ئاشکرایە. بەرگری لە پاساوەکانیان دەکەن چونکە خۆیان دروستیان دەکەن! پاساوی مرۆڤ

منداڵی ئەندێشەی خۆیەتی. ئەوە سروشتی مرۆڤەکە بەرگری لە منداڵە مێشکیەکەی خۆی بکات.

پاساو هێنانەوە خوویەکی ڕەگ و ڕیشە قووڵە. خووەکان سەختە دەستبەرداریان بین، بە تایبەتی ئەگەر پاساومان پێبدەن بۆکردن و نەکردنی شتێك. پلەیتۆ ( ئەفلاتون) ئەم ڕاستییەی لە هزردا بووە کاتێك گوتویەتی، " یەکەم و باشترین سەرکەوتن زاڵبوونە بەسەر خوددا. لە نێو هەموو شتەکانی تردا، خوودت زاڵبێت بەسەردا، لە هەمووی شەرمهێنەرتر و نەگریستره".

فەیلەسوفێکی تر هەمان بیری لە هزردا بووە کاتێك گوتویەتی، " مایەی سەرسوڕمانم بوو کاتێك بۆم دەرکەوت کە زۆربەی ئەو ناشرینیەی لە خەڵکانی تردا دەمبینی، ڕەنگدانەوەی سروشتی خۆم بوو".

ئەلبێرت هوبارد دەڵێت، " هەردەم ئەوە ڕازێك بووە لام کە بۆچی خەڵکی کاتێکی زۆر بەسەردەبەن لە هەڵخەڵەتاندنی خۆیاندا بە دروستکردنی پاساو بۆ داپۆشینی لاوازیەکانیان. ئەگەر جیاوازتر بەکاری بهێنن، هەمان ئەو کاتە بەس دەبێت بۆ چارەسەری لاوازیەکان، ئەوسا هیچ پاساوێك پێویست نابێت". لە ماڵئاوایدا، بە بیرتان دەهێنمەوە کە " ژیان بۆردی شەترەنجە، وە یاریزانەکەی بەرامبەرت کاتە، ئەگەر بەر لە جووڵە دوودڵ بیت، یان خەمساردانە بجوڵێت، سەربازەکانت لە لایەن کاتەوە لەسەر بۆردەکە دەسڕدرێنەوە. لەگەڵ کەسێکدا یاری دەکەیت کە ڕێگە بە بێتوانایی لە بڕیارداندا نادات"!

ڕەنگە پێشتر بیانویەکی لۆژیکیت هەبووبێت بۆ ناچارنەکردنی ژیان کە لە ڕێگەی ئەو شتەوە بێت کە داواتکردووە، بەلام ئێستا ئەو پاساوە چیتر

ئاخوات، چونکە بویتە خاوەنی ئەو شا کلیلەی کە دەرگای گەوهەرە درەوشاوەکانی ژیان دەکاتەوە.

شا کلیلکە نابەرجەستەیە، بەلام زۆر بەتوانایە! ئەوە شایستەی دروستکردنە لە ناو هزرتدا، ئارەزوویەکی سووتێنەر بۆ جۆرێکی دیاریکراوی سامان. هیچ سزایەك نییە بۆ بەکارهێنانی کلیلەکە، بەلام باجێك هەیە دەبێت بیدەیت ئەگەر بەکاری نەهێنیت. باجەکە شکستە. پاداشتێکی مەزن هەیە ئەگەر کلیلەکە بەکاربهێنیت. جۆرە ڕازیبوونێك دێتە دەروونی ئەوکەسانەوە کە بەسەر خوودیاندا زاڵ دەبن و ژیان ناچار دەکەن ئەوەیان پێبدات کە داوای دەکەن.

پاداشتەکە شایستەی هەوڵەکانتە. ئایا دەست پێدەکەیت و ڕازی دەبیت؟

ئیمرسۆنی نەمر دەڵێت، " ئەگەر ئارام بین، دەکرێت یەکتر ببینین".

لەکۆتایدا، دەتوانم بیرەکەی ئەو وەربگرم و بڵێم،" ئەگەر ئارام بین، دەشێت لە ڕێی ئەم پەڕانەوە یەکتر ببینین".

# ناوەندی ڕاگەیاندنی سایە

جوانترین باشترین کتێبە نێودەوڵەتییەکان لە #سایە بڵاودەکرێتەوە

## ریچارد تێمپلار

# یاساکانی ژیان

# یاساکانی کار

# یاساکانی خۆشەویستی

# یاساکانی بەڕێوەبردن

# یاساکانی دەوڵەمەندی

# یاساکانی دایك و باوك

# یاساکان بۆ شکاندن

سایە

## ڕۆبێرت کیۆساکی

#باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژار

# منداڵی دەوڵەمەند منداڵی هەژار

## لیل لۆندز

#چۆن لەگەڵ خەڵی گفتوگۆ بکەین

# چۆن ڕاستەخۆ پەیوەندی ببەستین لەگەڵ خەڵکیدا

## بۆب پرۆکتەر

# تۆ بەدەوڵەمەندی لە دایك بوویت

THINK AND GROW RICH

NAPOLEON HILL



بیربکەرەوە و دەوڵەمەند بە

دەشێت خوێندنەوەی ئەم کتێبە چیت پێبدات، ئەوە بزانە کە دەتەوێت بۆ دابین دەکات. تەنانەت بەرلەوەی بە ژێر بیست ساڵ تاقیکاری کرداریدا تێپەڕێت، نهێنیەکە بە زیاتر لە سەت هەزار پیاو و ژن گەیەنراوە کە بۆ قازانجی کەسی خۆیان بەکاریان هێناوە، هەر وەك چۆن بەڕێز کارنیج پلانی بۆ دانابوو. هەندێکیان بەهۆیەوە سامانیان پێکەوەنا. ئەوانی تر سەرکەوتووانە بەکاریانهێنا لە بەرپاکردنی هاوسەنگیدا لە ماڵەکانیاندا. پیاوێکی ئاینی هێندە سەرکەوتووانە بەکاری هێنا کە ساڵانە داهاتێکی سەروو ٧٥ هەزار دۆلاری بۆ دەستەبەر دەکرد.

SAYA

چاپی دووەم

123456780012

7500 IQD